# زمان و زار

ساڵی چوارەم- ژمارە (٢٠) (بەفرانبار-٢٧٢٥) (زستانی-٢٠٢٥)

گۆڤارێکی زمانناسیی وەرزییە

خاوەن ئیمتیاز:

د. تەها رەسووڵ

سەرنووسەر:

فەرەیدوون سامان

سەرنووسەری فەخری:

تۆفیق وەهبی بەگ

# زمان و زار


**بەڕێوەبەری نووسین:**

**سالم سەلمان کوببەچی**

**دەستەی راوژێکاری:**

**د. وریا عومەر ئەمین**

**د. هۆگر مەحمود**

**د. مزگین چالی**

**د.بێستوون حەسەن ئەحمەد**

**کامران رەحیمی**



**لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە**

**بە سپۆنسەری دارایی بەڕێز**

**دکتۆر (تەها ڕەسووڵ) چاپ کراوە**



بۆ پەیوەندی بە گۆڤاری زمان و زار

fereydunsaman61@gmail.com

00964 750 448 0493

**راوێژکاری کارگێڕی:**
**ئەڤین ئەحمەد**

**دیزاین: ئومێد محەمەد**
**چاپ: ٢٠٢٥**
**تیراژ: ٥٠٠ دانە**
**نرخ: ٥٠٠٠ دینار**
**چاپ: چاپخانەی پاندا**

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:
گوزارشت لە راوبۆچوونی نووسەرەکەی دەکات

# پێڕست


- زمانی کوردی، زمانی پایتەخت، فرەکەلتووری.......................................................سەرنووسەر......................٧
- زمان وەکو ئامرازێکی نەتەوەسازی...........................فەرەیدوون سامان - د. شالاو سالح حمەغریب......٢٣
- شیکردنەوەی ڕەخنەیی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان لە دەقە چاپەمەنییەکانی...................د. عادڵ محەممەدی..........٤٩
- دەنگسازیی نافەرهەنگی لە زمانی کوردیدا. ......................د. عادل ڕەشید قادر - م. ڕێبین خالد خزر..............٧٧
- پێشگری مردووی «ئا» و لێکدانەوەی چەند وشەیەکی هەڵگری ئەو پێشگرە............د. محەممەد فروهەندە.....١٠٣
- هەوڵەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە بواری «فەرهەنگنووسیی کوردی»دا........................سەیید ئیسماعیل حوسەینی.....١٢١
- فەرهەنگی کوردستان و چیرۆکی چاپی ئەم فەرهەنگە..................................................د. ئەحمەد ئەحمەدیان.....١٣٧
- نێرو مێ لە کرمانجیی باکووردا .............................................................................فەیسەل مستەفا حاجی....١٤٥
- زمانی کەمینەکان..................................................................................................ڕەشاد بەکر حامید.......١٥٣
- پۆلینکردنی دەنگ لە زمانی کوردیدا........................................................................عەبدولوەهاب شێخانی.....١٥٧
- زمانی ئارامی لە کوردستان........................................................................................شاسوار هەرشەمی........١٧٩
- ڕۆڵی زمانی ئارامی (سریانی)، لە شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا........................................د. جەمیل عیسا...............١٨٧
- زمانی کوردی وەکو زمانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستاندا.............د. ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین........٢١٩
- بە مردنی زمانەکەمان چیمان بەسەر دێت؟...............................................................ڕۆس پێرلین..................٢٢٩
- کتێبی زمانی کوردی لە ئاستی مۆڕفۆلۆجیادا..............................................................پ. د. وریا عومەر ئەمین.....٢٤١
- بنەمای پراگماتیکی و فەلەسەفەی زمان- بە نموونەی زمانی ڕاگەیاندن................د. هیوا عەساف..............٢٤٥


## ((دۆسیەی زمان و پەروەردە))


- زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی باشووری کوردستاندا...........................سەرنووسەر...................٢٤٩
- ڕەوشی زمانی کوردی لە پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا........................................کازم عەباس زەندی........٢٥٩
- وەدەرنانی زمانی کوردی: ڕێگری لە ناسینی زمانەوانیی مێژوو..........................ئەحمەد غولامی...............٢٧١
- پێویستییەکانی زمانی کوردی لە سەردەمی مۆدێرندا.................................................نامدار جابری.................٢٧٥
- زمانی خوێندنی زانستی بە نموونە...........................................................................سەروەر پێنجوێنی.........٢٧٩
- ڕەوشی زمانی کوردی لە پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا..........................................دلۆڤان کەڵهوڕی............ ٢٨٥
- فێربوونی زمانێکی نوێ.............................................................................و/ د. سەرکەوت حاجی پیرە.......٢٩١

- پڕۆژە پێشنیازێک بۆ سەپاندنی ڕێنووس و خاڵبەندی لە زمانی کوردی.................سۆران تاودەر................٢٩٥
- بایۆسایکۆلۆژیای زمان.......................................................................................د. نەسرەدین ئیبراهیم گۆلی.........٢٩٩
- ڕۆڵی دەزگە فەرهەنگییەکانی کوردستان لە پەرەپێدانی زمانی کوردیدا......شوکر سلێمان..............................٣٠٩
ڕۆڵی خوێندنگە لە پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایک..........................................هەمزە عەباس فەقێ................٣١٩

## ڕانانی کتێب:

- (سیاسەتو پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لەڕۆژهەلاتی کوردستاندا)ا.........فازیل شەورۆ..................٣٤٣
- خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ «سیاسەت و پلاندانانی زمانی کوردی»................ئالان عومەرزادە.............٣٤٩

- THE PROCESS OF KURDISH LANGUAGE STANDARDIZATION.........Dr. Ali Mahmood Jukil.................5
- Hindek Peyvên Kurdî، li gel Hindek Ronîya Etîmolojî - Beşê yekem.....Emîna Emer (Keça Kurd).......49
- Zimanê Kurdî û zimanê paytextê, pirrengiya çandî.....................................Fereydun saman............57

# زمانی کوردی، زمانی پایتەخت، فرەکەلتووری

سەرنووسەر

یەکێک لە تیۆرەکانی زمانی پێوەر یان ستانداردی هەر نەتەوەیەک لە سەردەمی ئێستادا زمانی ئاخاوتنی پایتەختە، هەڵبەتە هۆکاریش زۆرن کە ئاماژەیان پێ بکرێت، وێڕای ئەوەی کە پایتەخت دەبێتە ناوەند بۆ بازاڕی ئابووری و سەنتەری بازرگانیی ئەو وڵاتە، ئەوا لە ئاکامدا بە حوکمی بەرژەوەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەش زمانێکی هاوبەش لە نێوان تاک و گرووپی ناوچە جیاوازەکان و هەروەها تەواوی زار و بنزارەکانی زمانی نەتەوەکە بە هەرێم و ناوچە جیاوازییەکانیانەوە کە هەر لەو پایتەختەدا کۆوە دەبن، بەرهەم دەهێنێت. بۆ نموونە زمانی ئاخاوتنی خەڵکی تاران بووەتە زمانی هاوبەشی تەواوی زار و بنزاری فارسەکانی ناوچە جیاوازەکانی ئیران و تەنانەت دەرەوەش، هەروەها زمانی ئاخاوتنی تورکی ئەستەنبۆل، لەندەن و پاریس و زۆرینەی زۆری پایتەختەکانی جیهان بووەتە زمانی هاوبەش و ستانداردی وڵاتەکەیان.

بۆیە ئاساییە لە داهاتوویەکی نزیکدا کاریگەریی زار یان بنزاری ئەو پایتەختە هەژموونی بەسەر تەواوی زارەکانی دیکەدا هەبێت، لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە زارەکە وەک خۆی بی هیچ گۆڕانکارییەک ببێتە زمانی ستانداردی ئەو وڵاتە، نەخێر، بەڵکو گەرەکە زمانی ئاخاوتنی پایتەخت کە لە ئەنجامدا ئاوێتە دەبێت بە زار و بنزارەکانی دیکە، و زمانێکی هاوبەش و پێوەر دەبێتە زمانی فەرمی ئەو وڵاتە، بێگومان

ئەمەش دەبێت بڕیارێکی سیاسی لە پشتەوە بێت، ئەگینا مەحاڵە ئەم پرۆسەیە سەر بگرێت.

بۆ ئێمەی کورد ڕۆژگارێک بنزاری بۆتانی کە سەر بە زاری کورمانجی ژووڕوو بووە، ببووە زمانی فەرمی و ئەدەبیاتی میرنشینی جزیرە و بۆتان و تەواوی باکووری کوردستان، نموونەی بنزاری سلێمانیش هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی میرنشینی بابان تا دەگات بە حکومڕانی ئینگلیز و دواتر شێخ مەحموودی نەمر، کە لەو شارەدا چاپەمەنی و ڕۆژنامە و گۆڤارو کتێب و هەروەها خوێندنی کوردی لە خوێندنگایەکاندا هەر بە دەڤۆکی سلێمانی بوو، گەرچی زمانە ئەدەبی و فەرمییەکە پتر خەسڵەتی تایبەتمەندێتی شێوەزاری سلێمانی پێوە دیاربوو، تا بە ئیستاش دەگات کاریگەری خۆی لەسەر زمانی ستانداردی کوردی ناوەند، یان کورمانجی ژێری بەجێ هشتووە، هەرچەند دەبینین زمانی نووسین لەگەڵ ئاخاوتنی هاووڵاتیانی شارەکەدا تا رادەیەکیش جیاواز بووە، جا گەر تەماشای نووسینەکانی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی ئەوسای بڵاوکراوەکانی پێشکەوتن و تێگەیشتنی ڕاستی و ڕۆژنامەی ژین و ژیان بکەین، دەگەینە ئەو ڕاستییە بەڵگەنەویستە، کە هەژموونی دەڤۆکی ئاخاوتنی ئەو شارە تەنانەت لە کایەکانی پەروەردە و فێرکردنیشدا چەند کاریگەری بەسەر تەواوی باشووری کوردستان هەبووە، بۆیەش پرسی زاری شار یان ناوچەیەک، فرەزاری و فرەیاسای مۆرفۆلۆجی و گۆڕانی واتاکانیان کاریگەری لەسەر زمانەکەدا هەیە.

لەم سەردەمەی شۆرشی زانیاری و تەکنەلۆژییەدا کاتێک بمانەوێ لە ڕێگەی ژێری دەسکردەوە زار و بنزارە کوردییەکان لە یەکتر نزیک بکەینەوە، کە قورسییەکانی مامەڵەکردنی زمانی پایتەخت کە زمانی فەرمی حکومەتە، لە ڕێگەی ژیریی دەستکرددا زیاد دەکات، ڕاستە هەر شێوەزارێک کەم و زۆر سیستەمی تایبەتی خۆی هەیە و هیچ ڕێککەوتنێکی ستانداردی لەسەر شێوازی نووسینی نییە، بەڵام دواجار زمانی باوی پایتەخت خۆی بەسەر زار و بنزارەکانی دیکەدا دەسەپێنێت.

باشە بۆچی؟

چونکە هەر لەم چوارچێوەیەدا، کە چەمکی زار «دیالێکت» لە کوردیدا جۆرێکە لە زمانی کوردی، نەک جۆرێک لە وتووێژ و ئاخاوتن، جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان واتای زارەکان یان بنزارەکان لە چەمک و واتای ئێستادا کە ئاماژە بە چەندان شێوەزاری کوردی دەکات.

زارە کوردییەکان وەک زمانی هەر نەتەوەیەکی سەر ڕووی زەوین، دیاردەیەکی زمانەوانین کە لە شیکردنەوە و ئاڵوگۆڕ و داڕشتنەوە بەشدارییان لە سیستەمی زمانەوانیدا کردووە، لەکاتێکدا کە لە گفتوگۆی ئێستادا هەریەکەیان پەیوەستن بە مەودایەکی جوگرافییەوە، کە تا رادەیـەک لەگەڵ ئەوی دیکەیان جیاوازە، بۆیەش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەتوانرێت زمانی گفتوگۆ بگەڕێندرێتەوە بۆ زمان پێوەری پایتەخت.

هەرچەند شێوازی دەربڕین و سیستەمی دەنگیی لە گفتوگۆیەکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە لە زاری دووەم یان سێیەم، کە یەکێکە لەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی زمانی ستاندارد یان پێوەر دەبنەوە، بەڵام دواجار زمانی پایتەخت خۆی بەسەر زارەکانی دیکەدا دەسەپێنێت.

زمانی دەسەڵات دەبێتە زمانی فەرمی پایتەخت و بە ئاوێتەبوونی لەگەڵ زارو بنزارەکانی دیکە، یەکە کارگێڕییەکانی شارو شارۆچکەکان ناچار دەکات هەر بەو زمانە پێوەرە- فەرمییە نامەو نامەکاری بکەن.

زمانی بازاڕ، ناوەند و سەنتەری ئابووری و بازرگانییە لە ناو پایتەختدا، دەبێتە زماتی هاوبەشی تەواوی هەرێم یان وڵاتەکە، زمانی دامەزراوە داوەری و یاساییەکانی پایتەخت هەر بەشێوەزاری ئاخاوتنی پایتەخت دەبێت. لەسەر ئەم بنەمایانە کە ئاماژەم پێکردن لە داهاتوودا ئەگەر تەمەنی ئەزموونی دەسەڵاترانی لە هەرێمی کوردستاندا بەردەوام بێت، کە هیوادارم بەردەوام دەبێت، ئەوا بە دڵنیایی زمانی پایتەخت دەبێتە زمانی فەرمی و پێوەری حکومەت و تەواوی زمانی کوردی لەو هەرێمەی باشووری کوردستانەدا.

### هەولێر وەک مۆزایکێکی کەلتووری

زمانی هەر نەتەوەیەک ناسنامە و کەسایەتیی کەلتووری ئەو نەتەوەیە، هەولێری پایتەختیش، هەر لە دێرزەماندا لە ڕابردووی پرشنگداریدا پایتەختی چەندان ئیمپراتۆریا و دەوڵـەت و میرنشینی بە دەسـەڵات بوو، ڕۆژگارێک ناوی هەولێر لە سەردەمی سۆمەرییەکان ئوربیلیۆم بووە، واتە شاری (خواوەندی بیل) و ناوەندێکی ئایینی پیرۆزی سۆمەرییەکان بووە، ئەربائیلۆش ڕۆژگارێک شاری چوارخواوەندی ئەشتاری ئاشوورییەکان بوو، دوای ڕووخانی ئاشوورییەکان و داگیرکردنی نەینەوا لە لایەن

میدییەکانەوە کە بە باووباپیرانی کوردی ئەمڕۆ ناسراون، هەولێر دەبێتەوە ناوەندێکی سیاسی و کارگێڕی میدییەکان، کوردنشین بووە، لەسەردەمی ئیمپراتۆریای ساسان، شاژنە یەزداندۆخت کە شاژنی ئەربیلا بووە، مێژووی ئەو شارە بۆمان دەگێڕێتەوە کە چۆن پێنجسەد هاوولاتی ئەو شارە لە ئایینی زەردەشتی هەڵدەگەڕێنەوە دەبن بە خریستان، لە ئەنجامدا بە فەرمانی شاساسان بڕیاری خنکاندنیان دەدرێت، بەڵام یەزداندۆختی میهرەبان بە نهێنی شاو دەرباری شاهانە ڕۆژانە ئاو و خۆراک بۆ ئەو زیندانییانە دابین دەکات، دوای پێزانینی هەواڵگری زیندان، هەر بە بڕیاری شاهانە زیندانییەکان لە سێدارە دەدرێن و ئەو ژنە میهرەبانەش دەبێتە قوربانی باوەڕ و ئایینە تازەکەی.

ڕۆژگارێک خەڵکی هەولێر کە سەر بە هۆزی گەورەی هۆزەبانی بوون و دەچنە سەر ئایینی موسایی و هەولێریش دەبێتەوە پایتەختی میرنشینی ئادیابین، شاژنە هێلینا فەرمانڕەوایی وڵاتی هەولێر و دەوروبەری دەکات، ئێستاش ئارامگەکەی لە ئوورشەلیمی پایتەختی ئیسرائیلە.

هەولێر خاوەنی دەیان زانای مەزنی وەک ئیبنوئادەمی باڵەکی و ئیبنوخەلەکان و ئیبنومستەوفی مێژوونووسی سەردەمی دەسەڵاتی حکومڕانی ئەیوبییەکان بوو، لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی سوڵتان موزەفەرەددینی گۆکبەری، کە مێژووی ئەو شارەی لە چەندان بەرگدا نووسیوەتەوە، بۆیە ئاسایی و سرووشتییە زمان و کەلتووری نەتەوەی ڕەسەنی شارەکە تێکەڵ بە زمان و کەلتووری نەتەوەی داگیرکار بووبێت، هەر کەسەو خۆی بە خاوەنی ئەو شارە دێرینە بزانێت.

هەولێر ئێستاش کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، لە هەناوی خۆیدا چەندان شارستانییەتی هەڵگرتووە، هەر لەسەردەمی سۆمەرییەکانەوە تا دەگات بە ئەمڕۆ بە چەندان قۆناغی گەشەسەندووی شارستانی و هەروەها داگیرکاری و وێرانکاریدا تێپەڕیوە، دواجار هاتووەتەوە سەرپێ و راساوە، هەر بۆیەش ئاساییە کە لە ئێستا و ڕابردووی شکۆداریدا چەندان نەتەوە و زمان و کەلتووری جیاوازی وەک زمان و کەلتووری هەخامەنشی و یۆنانی و ئاشووری و عەرەب و مەغۆل و تورکمان تێدا ئاوێتە بووبێت، نەریتەکەیان ئاوێتە بە زمان و کەلتووری کوردە ڕەسەنەکەی ئەو شارە دێرینە بێت، بۆیە دەبینین زمانی ئاخافتنی ئەو شارە کە لە بنەڕەتدا لە دوو زاری سەرەکی کورمانجی (سۆرانی و بادینی) پێکهاتووە، هاوکات چەندان دیمەنی

زمان و زاری وەک نەتەوەکانی کلدانی و تورکمانی و عەرەبیشی تێدایە، دواجاریش هەموو ئەو زمان و کەلتووری ئەو نەتەوانە مۆزایکێکی شارستانی و مرۆڤدۆستانە و دیموکراسی کۆمەڵگەی هەولێر و کوردستانن.

### دیاردەی نووسین بە شێوەزار و دەڤۆک

ڕۆشنبیر ئازادە زمانی ئاخاوتنی ناوچەیی بێت و چۆنی بوێت لە دەربڕیندا وشە و زاراوەی شارەکەی، گوندەکەی یان خێڵەکەی بەکار بهێنێت، بەڵام هەر نووسەرێک لە هەوڵی ئەوەدا بێت بە شێوەزار، بنزار یان دەڤۆکەکەی خۆی بنووسێت، پرسیارەکە ئەوەیە تاچەند خزمەت بە زمانی پێوەر- ستاندارد دەکات، هەڵبژاردنی ئەم ڕێبازی نووسینە هەرچەند دەوڵەمەند بێت بە فەرهەنگێکی وشە و زاراوەی ناوچەیی و خۆماڵی، بەڵام دواجار هۆکارێکە بۆ لێکترازان و دوورخستنەوەی زارو بنزارەکان لە زمانی پێوەر و ستانداردی کوردی، چونکە شێوەزاری لۆکاڵی فۆرمێکی زمانەوانییە تایبەتە بە ناوچەیەکی جوگرافیای دیارکراو، کە دانیشتوانەکەی میراتێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی هاوبەشیان هەیە، ئەمەش وا دەکات پەرەسەندنی زمانی دایک لە بەکارهێنانی ناوخۆییدا لە نێو ئەندامانی ئەم گرووپەدا تا ڕادەیەک جیاواز بێت.

زمان کە بەرهەمی یارییەکی یەکتری فاکتەری کولتووری، جوگرافی و مێژووییە کە زاری لۆکاڵی بەکارهێنراو پێکدەهێنن، ئەگەر بنەچەی زمانیش لە بنەڕەتدا لە مرۆڤەوە وەرگیرابێت و درێژ ببێتەوە بۆ نەوەکانیان، ئەم خولە بەردەوام دەبێت لە دووبارەبوونەوەی، لە دایکەوە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکان، کە زمانە میراتییەکانی خۆیان دەهێنن. ئەم خولە فراوانتر دەبێت و خێڵەکان دەگرێتەوە، پاشان شار و وڵاتان.

زمانەکان بەپێی بنەچەی ڕەسەنیان جیاوازن و زمانی نەوەکانی دواتر بەرهەمی تێکەڵبوونی ئەم زمانانە، پاشان زارە ناوخۆییەکان دروست دەبن، کە فۆرمێکی زمانەوانییە لە ناوچەیەکی جوگرافیدا پەرەی سەندووە، کە گرووپێک نیشتەجێی دەکەن کە بە شێوەزاری ناوخۆیی زمانێکی گەورەتر قسە دەکەن، وەک زمانی ئینگلیزی، کە ئەو ئینگلیزییەی ئەمڕۆی بەرهەم هێناوە کە ئینگلیزەکان قسەی پێدەکەن، ئەو ئینگلیزییەی کە ئەمریکییەکان قسەی پێدەکەن. جیاوازی نێوان ئەو دوو زارەش ئاشکرایە، هەروەک چۆن لە زمانی کوردی کە خەڵکی بادینان جیاوازتر لە خەڵکی سۆران قسەی پێدەکەن، تەنانەت لەوەپتر بچووکتر دەبێتەوە بۆ بنزارێکی لۆکاڵیتر

وەک جیاوازی نێوان دەڤۆکی سلێمانی و هەولێر، با کەمیش بێت، بەڵام جیاوازییەکی ڕوونی نێوان ئەو دوو دەڤۆکەیە، بۆیە هەوڵدان بۆ نووسین بەو بنزار و دەڤۆکە لۆکاڵییە نەک زمانەکەمان ستاندارد ناکات، بەلکو پتر لێکی دەترازێنێت.

ئەو توێژینەوەیانەی کە تیۆرییە زمانناسییەکانی وەک سەرچاوەی وشە و زاراوەکانی شێوەزاری ناوخۆیی لەخۆدەگرن، کە هەندێکیان هەوڵدەدەن ئەو زارانەی کە ئێستا بەکاردەهێنرێن بە زمانی دایکی ببەستنەوە و ڕەسەنایەتی ئەم زاراوەیە پشتڕاست بکەنەوە، هەندێکی تر ئامانجیان لە ئەنجامدانی توێژینەوە زانستییە ئەبستراکتەکانە، کە بە گشتی پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان زارە ناوخۆییەکان و زمانی دایکیدا پشتڕاست دەکەنەوە، بایەخی لێکۆڵینەوە لە زاری ئاخاوتن لە گرنگی لێکۆڵینەوە لە رادەی بەهێزی دەستێوەردانی کولتووری و کۆمەڵایەتی و کاریگەرییەکانی لەسەر گۆڕانی پێکهاتەی وشە و گەشەسەندنی واتاسازیی وشەسازی سەرچاوە دەگرێت.

بۆیە پێویستە، توێژەران سەرنجی خۆیان بۆ نووسینی کتێبێک تەرخان بکەن کە باس لە جیاوازییە شێوەزارییەکان دەکەن، کە ئامانجی سەرەکیان زارەکانی زمانەکە لەیەکتر نزیک بکەنەوە و پەیوەندیکردن بەو زمانە پێوەرە ئاسانتر بکەن.

زارە کوردییەکان - کە لکەکانی زمانی کوردین، پەنابردنە بەر ئەو شێوەزارە نووسینە، ئەو دەربڕینەیە کە خەڵکی گشتی (ڕەشۆک) لە بازاڕدا، لە جۆرەکانی تری پەیوەندی زارەکیدا پەیوەندی و گفتوگۆی پێدەکەن، لە کاتێکدا زمانی پێوەر، زمانی زانست و خوێندن و نامەنووسی فەرمییە، زمانی ئەفراندنی دەقێکی ئەدەبی یان هزری و فەلسەفییە، مخابن هەندێ نووسەر تێینەگەیشتوون و بانگەشە بۆ شێوەزارە لۆکاڵییەکەی خۆیانی بۆ دەکەن.

### فرەزمانی، فرە کەلتووری

کۆمەڵگەی کوردستان بە حوکمە گۆڕانکارییە دیمۆگرافی و مێژووییەکانی، کە تێکەڵەیەکە لە نەتەوەکانی غەیرەکوردی وەک عەرەب و تورک و فارس و ئەرمەن و کلدان و ئاشوور، زمان و کەلتووری ئەم نەتەوانەش کەم و زۆر کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەبووە، چۆن بە ناهەق جوگرافیای کوردستانی گەورە بەسەر دەوڵەت نەتەوەکان دابەشکرا، بۆیە بە دەگمەن نەبێت تاکێکی کورد نابینین، جگە لە زمانی دایک کە زمانی کوردییە، لە وڵاتەکەی خۆیدا زمانی دووەم یان سێیەمی نەزانێت،

هەر بۆ نموونە کوردەکانی باشووری کوردستان زۆرینەیان زمانی دووەم کە زمانی عەرەبی و زمانی فەرمی دەوڵەتی عیراقە دەیزانن، لە باکووری کوردستانیش هەروایە، بە دەگمەن نەبێت کوردێک نابینیت زمانی تورکی نەزانێت، تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەتایبەت لە ناوچەی موکریاندا زۆرینەیان وێڕای زمانی فەرمی دەوڵەت کە فارسییە، هاوکات بەحوکمی هاوسنوورییان لەگەڵ ئازەرییەکاندا زۆرینەیان زمانی تورکی ئازەری دەزانن، لەم ساڵانەی دواییش لە هەرێمی کوردستاندا بە حوکمی هەبوونی خویندنگە ئەهلی و تایبەتەکان تا رادەیەک زمانی ئینگلیزیشی هاتەسەر، نەوەیەک دروست بووە بەتایبەت نەوەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ زۆرینەیان ئینگلیزی ئاخێوەرن.

با بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی مەبەست، زمانەکان کە پایەی سەرەکی میراتی مرۆڤایەتین، نوێنەرایەتی ناسنامەی مرۆڤەکان دەکەن و ئامرازێکی پێویستن بۆ دامەزراندنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگەکەیان، زماننانسان پێیانوایە زمان بنەمای بیرکردنەوە و دەربڕینی جەوهەری مرۆڤە، زمان وەک ئامرازێک بۆ دەرخستنی جیهانبینی خۆیان دەزانن و دواجار پێیانوایە کە گوزارشت لە ئاوەزی ئاڵۆز و ناسنامەی مرۆڤەکان دەکەن، لە ڕاستیشدا زمان یەکێکە لەو توانایانەی کە جۆری مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی دیکە جیا دەکاتەوە و پەیوەندی بە تایبەتمەندییەکانی وەک زانین و ژیری و کۆمەڵایەتی و ناسنامەی کولتووری مرۆڤەوە هەیە.

### فرەزمانی وەک دیاردە

مرۆڤ بە کەڵک وەرگرتن لە سیستەمێکی کۆد کە پێی دەوترێت «زمان»، چەمکە خوازراوەکانی خۆی دەگوازێتەوە بۆ کەسانی دیکە، پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەکات و بە ئاسانی باسی ڕووداو و خەون و ئارەزوو و هەستەکانی دەکات (ئۆرتێگا، ٢٠٠٩: ١).

بە بەکارهێنانی زمان دەخوێننەوە و دەنووسن؛ زانست بەدەست دەهێنن و دەیگوازنەوە بۆ کەسانی دیکە، بۆیە کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت هەوڵی پەیوەندی کردن لەگەڵ دەوروبەریدا دەدات، سەرەتاش بە پشتبەستن بە ژینگەی ژیانی فێری زمانێک دەبێت، کە زمانی دایک یان زگماکی خۆیەتی، ڕەنگە لە تەمەنی منداڵیدا یان لە تەمەنی گەورەییدا بە هۆی هەلومەرج و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، زمانێکی

دیکە فێربێت، لێرەدا دیاردەی «دوو زمانی یان فرە زمانی» بەم شێوەیە ڕوودەدات.

بۆ پێناسەکردنی فرەزمانی، لە یەکەم نیگادا، بە ئاسانی دەردەکەوێت، کاتێک هەوڵ دەدەین بگەینە پێناسەیەکی هەمەلایەنە و بێلایەن کە هەموو ڕەهەند و ئاستەکانی لەخۆ بگرێت و سنوورەکانی دیار بکات، تێدەگەین کە ئەمە ئاسان نییە و کێشەی تایبەتی خۆی هەیە.

لە دنیای ئەمڕۆدا فرەزمانی دیاردەیەکی باوە و لە زۆرێک لە ناوچەکانی جیهاندا بەرچاو دەکەوێت، و بەشێک بووە لە ژیانی ڕۆژانەی ئاخێوەران لە زۆرێک لە کولتوور و کۆمەڵگە و ناوچەکاندا، فرەزمانەکان ئەو کەسانەن کە توانای پەیوەندی کردنیان هەیە بە دوو زمان یان پتر، لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێت پەیوەندی نێوان فرەزمانی مرۆڤ و لێهاتوویی مەعریفی، لەوانەش ژیری و تێگەیشتن و داهێنان ڕوون بکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەی ئەو توێژینەوەیە دەکرێت، کە لەم بوارەدا ئەنجام دەدرێن.

لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوانە، وەڵامی ئەو پرسیارە دەدرێتەوە: «ئایا فرەزمانی کارامەییەکانی وەک ژیری، تێگەیشتن و داهێنان زیاد دەکات؟»

فرەزمانی دیاردەیەکە کە هەرچەندە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەڵام ڕەوتی گەشەسەندنی لە سەدەی ڕابردوودا وای کردووە ئەم دیاردەیە ببێتە یەکێک لە ئاڵنگارییە سەرەکییەکانی سیاسەتی پەروەردەیی وڵاتان، زۆر کەس لە جیهاندا دوو زمانن یان فرەزمانن، جگە لە فێربوونی زمانی زگماکی خۆیان، ناچارن زمانی فەرمی وڵاتەکەیان یان زمانێکی نێودەوڵەتی فێربن، پرسی جیهانگیری پێویستیی ئەم دیاردەیەی زیاتر کردووە، ئەوەندە زۆرجار خۆیان بە پێویستی فێربوونی زمانی زیاتر دەزانن بۆ ئەوەی بتوانن لە پەیوەندی و خوێندن و بازرگانی و ژیانێکی باشتردا سەرکەوتوو بن.

پێناسەکانی فرەزمانی کە دراون لە چڕی و لاوازی و ئاستی دوو زمانیدا جیاوازن و پێیان دەوترێت «جیاواز». بۆ نموونە بە پێی فەرهەنگی وێبستەر (١٩٦١) کەسی دوو زمانە کەسێکە کە بتوانێت بە دوو زمان بەشێوەیەکی ڕەوان قسە بکات، وەک ئاخێوەرێکی ڕەسەن، بەپێی ئەم پێناسەیە دوو زمانی یەکسانە بە توانای قسەکردن بە دوو زمان بە شێوەیەکی ڕەوان و تەواو.

پەیوەندی نێوان توانا مەعریفییەکان و دوو زمانی بە نموونە یەکێک بووە لە بابەتە سەرنجڕاکێش و مشتومڕاوییەکانی دوو زمانی و بیروباوەڕی پسپۆڕان و تەنانەت ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا جیاوازن.

دەرفەتێکی باش بوو کە شاعیر و نووسەری ناوداری کوردی ڕۆژهەڵات و هاووڵاتی کەنەدی بەڕێز پرۆفیسۆر جەعفەری شیخولئیسلامی لە هەولێری پایتەخت لە ڕۆژانی کۆتایی مانگی گوڵانی ٢٠٢٥ میوانی کۆنفرانسی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین و دەزگای روانگە بوو، ڕاستییەکەی من هەر چەند لەسەر سەفەر بووم، بەڵام هەر لە دانی بەیانییەکەی لەبەر خاتری وتارەکەی ئەو مامەوە تا بزانم چی تازەیان لەسەر پرسی زمان و زمانی کوردی لە هەگبە و هزری ئەودایە، دکتور جەعفەر شیخولئیسلامی لەو ڕووناکبیرە کوردانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، چەندان جار بە نووسین و وتووێژەکانی هاوهزری وەک ئەمیری حەسەنپوور و میهرداد ئیزەدی و محەمەد موکری و ڕەشید یاسەمی بووە، لەو تێزەی کە پێیان وابووە شتێک نییە بەناوی زمانی کوردی، بەڵکو زمانە کوردییەکان هەن، خۆشبەختانە لەو سیمینارەیدا من سوودم لە بۆچوونە تازەکانی بەڕێزیان وەرگرت، بەتایبەتیش لەسەر تێزی فرەزمانی و فرەکەلتووری یان پلورالیزمی زمانی و کەلتووری لە کۆمەڵگەی کوردستاندا و بەتایبەتیش هەولێری پایتەخت وەک نموونە.

بە ڕای پرۆفیسۆر جەعفەر شیخولئیسلامی کەلتووری کوردی تەنیا کۆمەڵێک بیروباوەڕ نییە، بەڵکو ئاسۆی بوونە؛ شێوازێکە بۆ بوون لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، بۆ ژیان لەگەڵ جیهاندا، کە لە دڵی شاخە بەرزەکان و لە جەستەی خاکە بەپیتەکان و لە چرپەی هەزارساڵەی نیشتماندا سەریهەڵداوە، کەلتووری کوردی لە ناوەڕۆکی خۆیدا، گێڕانەوەیەکی ورد و قووڵی پێکەوەژیان و میهرەبانی و پەیوەندی مرۆڤایەتییە.

لە دنیای کەلتووری کوردیدا میهرەبانی تەنیا کارێکی چاک یان فەزیلەتێکی ئەخلاقی نییە؛ بەڵکو فۆڕمی ڕاستەقینەی بوونە لەگەڵ کەسێکی تردا، کورد ئەویتر وەک هەڕەشە نابینێت، بەڵکو وەک ئاوێنەیەک بۆ خۆی دەبینێت،. وەک چۆن منداڵ لە باوەشی دایکیدا واتا دەدۆزێتەوە، لە کەلتووری کوردیشدا، مرۆڤ لە باوەشی کۆمەڵگەدا، لە پەیوەندی لەگەڵ خێڵ، لەگەڵ دراوسێ، لەگەڵ کەسانی نامۆ و لەگەڵ ناسیاو، واتا دەدۆزێتەوە. ئەم میهرەبانییە نە دەستکردە و نە ئەنجامی فێرکارییە فەرمییەکانە، بەڵکو ئەوەندە بە قووڵی ژیاوە، کە بووەتە سروشتێکی دووەم، بەشێک لە کارەکتەری ئەوان.

خۆبەخشی کوردی لە چەمکی کۆنی «هاوڕێیەتی»ەوە سەرچاوە دەگرێت؛ هاوڕێیەتی لە خۆشی و ناخۆشیدا، وشەیەک کە لە پەیوەندییەکی تاکەکەسی تێدەپەڕێت و پێکهاتەیەکی بە کۆمەڵ دەگەیەنێت: باوەڕبوون بە چارەنووسی هاوبەش، لە کەلتوورێکدا کە چەندان سەدەی چەوساندنەوە و جیاکاری و شەڕ و نادادپەروەری تووشی بووە، خۆبەخشی بووەتە جۆرێک لە بەرخۆدان: بەرەنگاربوونەوە لە بەرانبەر تێکچوونی پەیوەندییەکان، بەرانبەر بە بچووک کردنەوەی مرۆڤ بۆ ئامرازێکی تاکەکەسی و پچڕاو.

کوردبوون واتە هاوبەش بوون، واتە پەناگەیەک بۆ ئەوانی تر، بەبێ ئەوەی پێویستی بە زمان هەبێت، بەبێ پێویستی بە گرێبەست، فەرهەنگ و کەلتووری کوردی، بە هەموو ئەزموونە مێژووییەکانی ئاوارەیی، چەوساندنەوە، سنووردارکردن و نکۆڵیکردن، هەمیشە ناوەکی مرۆیی، پڕ لە ژیان و شیعر پاراستووە، مۆسیقا و سەما و جل و بەرگی ڕەنگاوڕەنگ و زمانی دەنگدار و گێڕانەوەی دڵسۆزانە کە هەموویان وەک تاڵە فەرشێک تێکەڵاون، وێنەیەکی زیندوو لە مرۆڤێکی بەخشندە و خۆسەپێن دروست دەکەن، کەسێک کە سەرەڕای برینەکانی، هێشتا باوەڕی بە خۆر و بە ژیان و خۆشەویستی هەیە. ڕەنگە ئەمە نهێنی هەمیشەیی بوونی کوردبوون بێت لەو شوێنەی کە زۆرێک دەڕووخێن، کورد بە پشتبەستن بە هەمان ئەو سیفەتە مرۆڤایەتییانە، هەڵدەستێت، گۆرانی دەڵێت، نان هاوبەش دەکات و تەنانەت لە سەختترین بارودۆخیشدا سەربەرزانە دەژی.

**زمانی کوردی و ڕەگاژۆ مێژووییەکەی**

زمانناسان و مێژووناسان، زمانی میدییەکان لەگەڵ زمانی ئیلامیدا باوترین و زاڵترین زمان بووە لە سەردەمی ئێرانی دێریندا، واتە پێش هاتنی هەخامەنشییەکان و تەنانەت لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەواندا هەر ئەم زمانەی میدییەکان لەلایەن گەلانی ئێرانی دێریندا بەکاربردراون، هۆزە میدییەکان کە باڤ و کالی کوردەکانن، یەکەمین کەس بوون کە نیشتەجێی سەرزەوینی ئێران بوون و زمانیان بە گوێرەی هۆزە یەکگرتووەکان و پێش بڵاوبوونەوەیان تەواو و فرەشێوەزاری بوو، بەم هۆیەشەوە ئەم زمانە مایەوە و سەلمێندرا و دواتر بە زمانی پەهلەوی ناسراو و دانیشتوانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئێران قسەیان پێدەکرد.

زمانی میدییەکان کە دواتر بە زمانی پەهلەوی ناسرا، تەنانەت دوای هاتنی ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی هەر باو بووە، بۆیە لە سەردەمی خۆیاندا ناوی پەهلەوی ئەشکانی درا بەو زمانە، ئەشکانییەکان لە بنەچەدا لە ڕەسەنی میدییەکان بوون و لە ناوچەکانی دەریای قەزوین دەژیان.

میدیای پەهلەوی وەک زمانێک لە سەردەمی حوکمڕانی ساسانییەکاندا کە بە پێی زمانەوانان باووباپیرانی کوردە فەیلییەکانی ئەمڕۆن، تەنانەت لەو سەردەمەدا ئاوێستای کتێبی پیرۆزی زەردەشت وەرگێڕدرا بۆ زمانی پەهلەوی و بە تەفسیری(زەند) ناوبرا، بۆ ئەوەی زۆربەی خەڵک بیبینن کە لەو سەردەمەدا زمانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی بووە، ناوی (پەهلەوی ساسانی) درا بە زمانی دەوڵەت.

بە رای بەشێک لە زمانناساننی ئیرانی، زمانی فارسی شێوەزارێکە لە زمانی پەهلەوی میدی و هەر لەو زمانەیەوە وەرگیراوە، بەگوێرەی زمانەوانان فارسی زارێکی ناتەواوە ئەویش بە هۆی کەمی وشە و زاراوە و جێگرتنەوەی بە وشەی نافارسی.

ڕاستییەکەی زمانناسان و ڕۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی فارس ئەو زاراوانەی (فارسی کۆن) و (فارسی میانە–ناوەند) و (فارسی مۆدێرن) باسی لێوە دەکەن، بەم دواییانە لە زمانەکانی ئێرانی یان ڕۆژهەڵاتی بە فێڵێکی زۆرەوە بانگەشەی بۆ دەکەن و دەیخوێنینەوە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە: مێژوونووسان چۆن زانیویانە کە نامەکانی داریوش و کوروش بە فارسی نووسراون، نەک بە زمانی میدی یان پەهلەوی، کە بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان بەربڵاوترین زمان بوون، ڕۆژهەڵاتناسان و زمانەوانان لەوانە پرۆفیسۆری محەمەد تەقی بەهار کە هەوڵێکی زۆری داوە بۆ راستکردنەوەی زمان و ڕێزمانی فارسی، ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە ماد زمانی زاڵ بووە و هەروەها پێی دەگوترێت(پەهلەوییە) و زمانی زۆرترین خەڵک بووە لە ئێران و لە سەردەمی هەموو ئیمپراتۆرییەتەکانی حوکمڕانی ئێرانی کۆندا.

### لە بارەی کتێبی زمان و دەسەڵاتەوە

زمان وەک چەمکی دیالۆگ، وەک سەنتەرێکی دەربڕین تاقی دەکاتەوە کە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان تێیدا تێکەڵ دەبن. ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە زمان تەنیا

ئامرازی پەیوەندی نییە، بەڵکو ئامرازی زاڵبوون و کاریگەریشە، لە ڕێگای شیکردنەوەی دەق و وتووێژەکان، کە چۆن زمان بەکاردێت بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکی نایەکسان لەنێوان تاک و گرووپەکاندا و ئامرازی شیکاری پێشکەش دەکات کە یارمەتی خوێنەر دەدات تا تێبگات کە چۆن ماناکان لە ڕێگای زمانەوە دروست دەبن و چۆن ئەم مانایانە دەتوانرێت پڕ بکرێن لە ئایدیۆلۆژیای دیارکراو، هەروەها زمان لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژیاییەکان دەدوێت، کە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی هێز هەبووە و پێویستە هۆشیارییەکی ڕەخنەگرانە گەشەی پێبدرێت، کە تاکەکان بتوانن بەرگری لە زاڵبوونی زمانەوانی بکەن. ئەویش لە ڕێگای نمونەی ڕاستەقینە، نیشانی دەدات کە چۆن زمان دەتوانێت لە دەسەڵاتدا ڕەنگ بداتەوە و بەرهەم بهێنێتەوە.

ئەم هزرینە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ توێژەران لە بوارەکانی زمانەوانی و کۆمەڵناسیدا، بۆ تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە لە بەرانبەر زماندا، هەروەها بەهێزکردنی توانای تاکەکان بۆ تێگەیشتن و گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای دەسەڵاتدا، لەم ڕەوشەدا زمان و دەسەڵات تێڕوانینێکی گشتگیر بۆ ڕۆڵی گرنگی زمان لە شێوەی جیهانی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێشکەش دەکات و دەیکاتە کارێکی ئەکادیمی بەنرخ.

لێرەدا بایەخی زمان و دەسەڵات لە چوارچێوەیەکی مێژوویی ئاڵۆزدا دەردەکەوێت، کە تێیدا پەرەسەندنی هزری زمانەوانی لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەدەی بیستەم تێکەڵ دەبێت. بۆ نموونە بیرۆکەکانی ڤێرکلیف* زۆر کاریگەر بوون بە تیۆری ڕەخنەیی کە لە قوتابخانەی فرانکفۆرت پەرەی سەند، کە جەخت لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی کەلتوور و زمان وەک ئامرازی زاڵبوون دەکرا، ئەم خوێندنگایە هەوڵی ئەوەی دەدا کە چۆن ئایدیۆلۆژیاکان کاریگەرییان لەسەر هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەیە و چۆن زمان دەتوانێت ئەم ئایدیۆلۆژیانە بەرز بکاتەوە یان بەرگری بکات. ئەویش بە تێکەڵکردنی ئەم بیرۆکانە لەگەڵ چەمکەکانی بونیادگەرایی و پۆست ستراکتورالیزم، ڤێرکلیف چوارچێوەیەکی بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات پەرەپێدا.

جیهان لە دوایین دەیەکانی سەدەی بیستەم شۆڕشێکی تەکنەلۆژیای بەخۆوە بینی، کە چۆنیەتی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی زانیاری گۆڕی. لەگەڵ هاتنی میدیا و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵ، زمان زیاتر لە ئامرازێکی پەیوەندی نێوان تاکەکان، بۆتە

ئامرازێکی بەهێز بۆ دروستکردنی رای گشتی و بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵات، لەم چوارچێوەیەشدا، زمان و هێز وەک کارێک دەردەکەوێت کە چۆن زمان دەتوانێت ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان بێت کە لە ئەنجامی ئەم گۆڕانانەدا دەردەکەون.

لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، چەندان ئایدیۆلۆژیای سیاسی سەریان هەڵدا کە زمان وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتیان بەکاردەهێنا، بە شیکردنەوەی گوتاری سیاسی و میدیایی، ڤیرکلیف ئەوە دەردەخات کە چۆن زمان بەکاردەهێنرێت بۆ شێوەی تێگەیشتنی گشتی و بەهێزکردنی ناسنامەی کۆمەڵگا، ئەم شیکردنەوەیە سنووردار نییە بۆ چوارچێوەی ڕۆژئاوایی، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ کاریگەرییەکانی جیهانگیری و چۆنیەتی کاریگەری لەسەر ناسنامەی کەلتووری ناوخۆییدا.

کتێبی «زمان و دەسەڵات» بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ لە بوارەکانی زمانەوانیی و کۆمەڵناسی و ڕەخنەی ئەدەبیدا. بەشداری کردووە لە پەرەپێدانی چەمکی نوێ، سەبارەت بە شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی و کاریگەری لەسەر تێگەیشتن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەروەها هانی زۆرێک لە توێژەرانی دا بۆ دۆزینەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەرەنگاربوونەوەی زاڵبوون.

کتێبی (زمان و دەسەڵات)ی نۆرمان ڤیرکلیف تێڕوانینێکی قووڵ پێشکەش دەکات سەبارەت بەوەی کە چۆن زمان و دەسەڵات لە چوارچێوەیەکی مێژوویی و کەلتووری ئاڵۆزدا یەکتر دەبڕن. بە لێکۆڵینەوە لەم دینامیکیانە، کتێبەکە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانە لە زمان و ڕۆڵی گرنگی لە شێوەپێدانی جیهانی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

ئەو چوارچێوە مێژووییەی کە دەوری کتێبەکە دەدات، ڕەنگدانەوەی ئەو ئاستەنگ و بیرۆکەیە کە بیری ڕەخنەیی مۆدێرنیان پێکهێناوە و جەخت لەسەر بایەخی هۆشیاری ڕەخنەیی زمان دەکاتەوە وەک ئامرازێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زاڵبوونی کۆمەڵایەتی و کەلتووری.

لە زمان و دەسەڵاتدا، نۆرمان ڤیرکلیف پەیوەندی نێوان زمان و پەیوەندییەکانی هێز دەکۆڵێتەوە، بەڵام هەندێک بیرۆکەی نەگوتراو بەجێ دەهێڵێت، کە دەتوانرێت لە

ڕێگای شیکردنەوەکانییەوە هەستی پێبکرێت. ڤیرکلیف، سەرەڕای تەرکیزی لەسەر ڕۆڵی زمان لە پاراستن و گۆڕینی دەسەڵاتدا، وا دیارە دەیەوێت بایەخی هۆشیاری ڕەخنەیی وەک یەکەم هەنگاو بەرەو ئازادی تیشک بخاتە سەر.

خوێنەر لە نێوان دێڕەکاندا هەست دەکەن کە ڤێرکلیف داکۆکی لە پێویستی تێگەیشتن لە ئایدیۆلۆژیای پشت بەکارهێنانی زمان دەکات، چۆن ئەم ئایدیۆلۆژیایانە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر هۆشیاری تاکەکاندا هەبێت. هەروەها ئاشکرایە کە ئەو دەیەوێت خوێنەر هان بدات بیر لەوە بکاتەوە، کە چۆن زمان وەک ئامرازێکی زاڵبوون بەکار بهێنێت، نەک تەنیا وەک ئامرازێکی پەیوەندی.

سەرەڕای ئەوەش، دەبینرێت کە نووسەر ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە گرنگی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی دەکات لە داڕشتنی مانای زماندا، ئەمەش نیگەرانی خۆی دەردەخات سەبارەت بەوەی کە چۆن ئەم مانایانە دەتوانرێت سوود وەربگرن بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە نایەکسانەکانی هێز. هەروەها وادیارە ئاماژە بە پێویستی بەرەنگاربوونەوەی ئەم زاڵبوونە زمانەوانییە دەکات لە ڕێگای پەرەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و تواناکانی ڕەخنەگرتندا.

بەکورتی، ئەوەی ڤێرکلیف دەیەوێت بیڵێت ئەوەیە کە تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات تەنیا شیکردنەوەیەکی ئەکادیمی نییە، بەڵکو بانگەوازێکە بۆ بەکردارکردن بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادی لە زاڵبوونی زمانەواندا.

یەکێک لە دیارترین خاڵە بەهێزەکانی زمان و هێز ئەو چوارچێوە تیۆرییە پتەوەیە کە ڤێرکلیف پێشکەشی دەکات بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵگادا. نووسەر سوود لە چەمکەکانی مارکسیستی و پێکهاتەیی و پۆست ستراکتورالیزم وەردەگرێت بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان، وەک ئامرازێک بۆ زاڵبوونی ئایدیۆلۆژی. ئەوە ڕوونی دەکاتەوە کە گوتار تەنیا ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ بەرهەمهێنان و گۆڕینی ئەو ڕاستییە.

ڤێرکلیف ئامرازی شیکاری بەهێز پێشکەش دەکات بۆ تێگەیشتن لە دەق و گفتوگۆکان. چەمکەکانی وەک «ئینتەرتێکست» و بەکاردەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی پەیوەندیی تێکستەکان بە یەکتری و چۆنیەتی پێکهێنانی ماناکان لە دەقە جیاوازەکاندا. ئەم ئامرازانە لەم کتێبە زۆر بەنرخە بۆ توێژەران کە دەیانەوێت لە دینامیکی زمانەوانی ئاڵۆز تێبگەن.

زمان و دەسەڵات ناونیشانی کتێبەکی زمانناسییە بە توندی تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات، ئەوە نیشان دەدات کە چۆن زمان بەکاردەهێنرێت بۆ پەرەپێدانی زاڵبوونی کۆمەڵایەتی و کەلتووری. بۆ نموونە، ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن میدیا و سیاسەت زمان بەکاردەهێنن بۆ شێوەی رای گشتی و بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی نوخبەی فەرمانڕەوا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەروەها جەخت لەسەر ڕۆڵی شاراوەی زمان دەکاتەوە وەک ئامرازێک بۆ ئازادی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی.

سەرەڕای ئەو بەها زۆرەی کتێبەکە پێشکەشی دەکات، بێ خەوش نییە. یەکێک لە ڕەخنە سەرەکییەکان ئەوەیە کە چوارچێوەی تیۆری لەوانەیە زۆر ئاڵۆز بێت بۆ خوێنەرێکی ناشارەزا. سەرەڕای ئەوەش، کتێبەکە جەختێکی زۆر لەسەر ناوەڕۆکی ڕۆژئاوا دەکات، کە لەوانەیە کەمتر بۆ کۆمەڵگا نارۆژئاواییەکان جێبەجێ بکرێت.

بایەخی گەورەی کتێبی «زمان و دەسەڵات» لە بواری توێژینەوەی زمانەوانی و کۆمەڵایەتیدا نکۆڵی لێناکرێت. ئەو بەشدارییەکی بەرچاوی کردووە لە پەرەپێدانی بواری شیکردنەوەی وتاری ڕەخنەیی و بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژەران و خوێندکارانی ئەم بوارە. هەروەها هانی خوێنەران دەدات بۆ پەرەپێدانی هۆشیارییەکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە زمان و تێگەیشتن لە ڕۆڵی لە شێوەی کۆمەڵگادا.

کتێبی «زمان و دەسەڵات» بەشێکە لە بواری زمانی کۆمەڵایەتی. کتێبەکە پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات و چۆنیەتیی کاریگەریی زمان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکۆڵێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا، ڤێرکلیف جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن زمان وەک ئامرازێکی زاڵبوون بەکار دەهێنرێت و چۆن هەڵبژاردنی زمان ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای زاڵ لە کۆمەڵگادا دەکات. کتێبەکە هەروەها لێکۆڵینەوە دەکات کە چۆن گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان کاریگەری لەسەر زمان هەیە، وادەکات پەیوەندی بە توێژینەوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت کە پەیوەندی بە خوێندنی زمان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

هەروەها کتێبەکە نیشانی دەدات کە چۆن گوتار تەنیا دەربڕینی بیرۆکەکان نییە، بەڵکو توخمێکی چالاکە لە پێکهێنانی شوناس و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە لەگەڵ ئامانجە بنچینەییەکانی کۆمەڵناسی زمانەوانیدا دەگونجێت. کەواتە، دەتوانین بڵێین «زمان و دەسەڵات» خاڵی کۆبوونەوە لە نێوان زمانناسی کۆمەڵایەتی و شیکردنەوەی ڕەخنەیی گفتوگۆ دەنوێنێت.

لە کۆتاییدا، زمـان و هێزەکەی نۆرمان ڤێرکلیف کارێکی پێشکەوتووەیە کە تیۆری و پراکتیکی تێکەڵ دەکات بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات. سـەرەڕای هەندێک لەو ئاستەنگانەی کە لەوانەیە ڕووبەڕووی خوێنەری ناپسپۆر ببێتەوە، ئامرازەکانی شیکاری و تێڕوانینەکانی کتێبەکە وای لێدەکات کە زۆر بەنرخ بێت بۆ هەر کەسێک کە ئارەزووی تێگەیشتن لە جوڵەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری زمانەکە دەکات.

• نۆرمان ڤێرکلیف. زمانناسێکی بەریتانیایە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٤١ بووە و بە یەکێک لە دیارترین بیرمەندەکانی بواری شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی دادەنرێت، ئەو لە ژینگەیەکی ئەکادیمی گەورە بوو، لەوێ کاریگەری ئاڕاستەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بوو. ڤێرکلیف لە خێزانێکی خوێندەوار گەورە بوو، کە ئارەزووی سەرەتایی بۆ زمان و ئەدەب دروست کرد. لە ماوەی تەمەنی هەرزەکاریدا، دەستی کرد بە دۆزینەوەی حەزی خۆی بۆ زمانناسی، کە وای لێکرد سەرقاڵی خوێندنی قوڵتری زمان بێت. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی مانچستەر بەدەستهێناوە و پاشان خوێندنی باڵای لە زمانناسی تەواو کردووە.

**سەرچاوە:**

- کتێبی(شاعیرانی کوردی فارسی ئاخێوەر)، ص٤٦ - ٤٧

نووسەر سەید عەبدولحەمید حەیرت سەجادی

- پرۆفیسۆر محەمەد تاقی بەهار (ملک الشعراء)

# زمان وەکو ئامرازێکی نەتەوەسازی (پرسی زمان، پرسێکی نەتەوەسازییە)

فەرەیدوون سامان     د. شالاو صالح حمەغریب

**پوختە:**

لە دنیای ئێستادا دەکرێت زمانەکان وەکو ئامرازێکی کاریگەر بەکاربهێنرێن بۆ دروستکردنی بیری نەتەوەیی یاخود بە پێچەوانەوە دەکرێت نەتەوەسازی کەڵک لە زمان وەربگرێت بە لایەنی ئەرێنی یان نەرێنی، لەبەر ئەمەیە (زمان و بیری نەتەوەیی) بایەخی تەواویان هەیە لە توێژینەوە زمانەوانییەکان و دارشتنی سیاسەتی دەوڵەتان، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پرسی زمان، پرسێکی نەتەوەسازییە)، هەوڵدەدات باس لە پەیوەندی نێوان زمان و نەتەوەسازی لە چوارچێوەی زمانی کوردی بکات، بە تایبەتی لە دوو ڕەهەنددا:

**زمان وەک هێمای ناسنامەی نەتەوەیی.**

**٢. مەترسییەکانی بەرانبەر بە سیاسەتی جینۆسایدی کەلتووری.**

لەم توێژینەوەیەدا، فرەچەشنیی زارە کوردییەکان وەک نیشانەیەکی دەوڵەمەندی کەلتووری و مێژوویی شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، هەروەها، ڕۆڵی گوتاری ناسیۆنالیزم لە پاراستن یان لەناوبردنی زمانەکەش باس دەکرێت، بە واتایەکی دیکە توێژینەوەکە پرژاوەتە سەر بابەتێکی گرنگ و هەستیاری ئەم قۆناغەی زمانی کوردی کە بیری نەتەوەسازییە و مەبەستییەتی کاریگەری زمانی و جۆراوجۆرییەکەی لەسەر هەستی نەتەوایەتی و پێچەوانەکەی ڕوون بکاتەوە، تاکو بتوانێت، ببێتە روانگەیەک بۆ ئاراستەیەکی دروست بۆ دوارۆژی زمانی کوردی و نەتەوەسازی کوردی.

**وشە سەرەکییەکان**

زمانی کوردی، نەتەوەسازی، سیاسەتی زمانی، جینۆسایدی کەلتووری و زمانی، زار و بنزارە کوردییەکان.

**پێشەکی**

نەتەوەسازی (ناسیۆنالیزم) وەک شمشێرێکی دووسەر: ستەم و پاراستن لە چوارچێوەی مێژووییدا:

لەژێر پەردەی پاراستنی یەکپارچەیی خاک و یەکێتی نەتەوەییدا، حکومەتە پاوانخوازەکان لە سەدەی ڕابردوودا هزری ناسیۆنالیزمیان وەک ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی

بەکارهێناوە بۆ بەرگری کردن لە سەرکوت و تەنانەت بنبڕکردنی پێکهاتە نەتەوەیی و کولتووری و ئاییینییەکان، نموونە لە مێژوودا بریتین لە پراکتیزە جینۆسایدییەکانی دەوڵەتی نازی، جینۆسایدی ئەرمەنییەکان لەلایەن تورکەکانەوە (Akçam, ٢٠١٢)، هەروەها هەڵمەتی ئەنفالکردنی رژێمی بەعس لە دژی کورد لە عێراقدا.

لە لایەکی دیکەوە، نەتەوە و کولتوورە ژێردەستەکان، ناسیۆنالیزمیان وەک ئامرازێکی بەرخۆدان بەکارهێناوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی لەبیرچوونەوە مێژووییەکان، لەناوبردنی کولتووری و سڕینەوە (Smith, ١٩٨٦). بۆیە ئایدۆلۆژیای نەتەوەسازی خزمەت بە ئامانجێکی دوولایەنە دەکات: میللەتانی ژێردەست بۆ دووپاتکردنەوەی ناسنامەی کولتووری و بوونی خۆیان بەکاری دەهێنن، لەکاتێکدا رژێمە ستەمکارەکان بۆ پاساوهێنانەوە بۆ بەردەوامی تاوانەکان بەکاریدەهێنن.

بە پشتبەستن بە بەڵگە مێژووییەکان، ناسیۆنالیزم لە ماوەی ٢٠٠ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پێکهێنانی بزووتنەوە سیاسییەکان، بەڵام کاتێک ئامانجە سەرەکییەکانی- وەک سەربەخۆیی یان بوژانەوەی کولتووری- بەدیهاتن، زۆرجار وەک چوارچێوەیەک بۆ حوکمڕانی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کەم دەبێتەوە (Hobsbawm, ١٩٩٠).

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

### ١-١ بایەخی توێژینەوەکە:

بایەخی ئەم توێژینەوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە دەبێتە بنەمایەک بۆ پێداچوونەوە بە بیری نەتەوەسازی و دووبارە داڕشتنەوەی لەسەر بنەمای زمانی کوردی، بەو پێیەی زمان ئامرازی هەرە گرنگی پرسی نەتەوەسازییە.

نەمان و لەناوچوونی زمان یەکسانە بە لەناوچوونی گەلێک، بۆیە دەکرێت ئەم توێژینەوەیە وەکو داڕشتەیەک لە چوارچێوەیەکی مێژوویدا بۆ پرسی زمانی کوردی و نەتەوەسازی کەڵکی لێوەربگیرێت.

### ٢-١ گرفت و پرسیاری توێژینەوەکە:

پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئایا فرەچەشنی زمانی و جۆراوجۆری زارەکانی زمانێک، چ ڕۆڵێک لە (پاراستن/فەوتان)ی زمانەکەدا دەبینن.

سەرکوتکردنی کەلتووری و جینۆسایدی زمانی چین و پەیوەندییان بە نەتەوەسازی و ناسیۆنالیزمەوە چییە؟ لە هەمانکاتدا ئایا نەتەوەسازی لەناو کورددا بووەتە پرسێکی جددی و کورد کەڵکی لە مێژووی زمانەکەی وەرگرتووە بۆ پرسی نەتەوەسازی؟

**ئایا پێگەی زمانی کوردی لەم چوارچێوەیەدا چۆنە؟**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدا وەڵامی ئەم پرسیار و گرفتانە بداتەوە بە باسکردن و شیکردنەوەی چوارچێوەیەکی مێژوویی زمانەکە و کاریگەری وڵاتانی چواردەورەی بەسەرییەوە و ڕەنگدانەوەیان لە کەتواری زمانی کوردیدا، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و گەیشتن بە وەڵامەکان نموونەی مێژوویی وەرگیراون و دەرکەوتەکانیان خراوەتەڕوو.

**١-٣ ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بە پێی ڕێبازی شیکاری وەسفی ئەنجام دراوە و هەوڵی داوە لە چوارچێوەیەکی مێژوویدا پرسی زمانی کوردی و زار بنزارەکانی بخاتەڕوو، لە هەمانکاتدا شیکردنەوە بۆ دۆخی زمانەکە لەم روانگەیەوە بکات.

**١-٤ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەک و سێ بەشی سەرەکیی پێکدێ. لە بەشی یەکەمدا باسێکی کورتی ناساندنی پرسیار، میتۆد و گرنگی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ باسێکی هەرسێ بابەتی (دۆسیەی زارە کوردییەکان وەکو خاڵی پاراستنی زمانی کوردی)ی زمانی و پەیوەندی نێوانیان، لە کاتێکدا بەشی سێیەم بۆ باسکردنی پێگەی زمانی کوردی لەژێر کاریگەری یاسای زمانەکان تەرخانکراوە بە هێنانەی نموونەی جێبەجێکردن/جێبەجێنەکردنی بڕگەکانی یاسای زمانی، توێژینەوەکە بە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی کۆتایی هاتووە.

**بەشی دووەم: زمانەوانی وەک نیشانەیەک بۆ میراتی کەلتووری؛ دۆسیەی زارە کوردییەکان**

پەرشوبڵاوی جوگرافیای زمانی کوردی کاریگەری زۆری لەسەر فرەچەشنی زمانەوانی زارە کوردییەکان هەبووە، هەر ناوچەیەک تایبەتمەندی وشەیی، ڕستەسازی

و فۆنۆلۆژیی نـاوازەی بەدەستهێناوە کە ڕەنگدانـەوەی کاریگەرییە مێژوویی و کولتوورییە ناوچەییەکانن (Haig & Matras, ٢٠٠٢). ئەم جۆرە شێوەزارییە جگە لـەوەی کە دیاردەیەکی زمانەوانییە، ڕەنگدانەوەی میراتی دەوڵەمەندی کولتووری گەلی کوردە، کە بەهۆی بەرکەوتنی چەندین سەدە لەگەڵ شارستانییەتە نزیکەکان و گونجاندنە ژینگەییەکان لە قاڵب دراوە. تێگەیشتن لە مێژووی کورد، پەرەپێدانی ناسنامە و خۆڕاگری کۆمەڵایەتی-سیاسی لە بەرانبەر سیاسەتە توێنەرەوەکان (ئاسمیلاسیۆنییەکان) پەیوەستە بە پاراستنی ئەو زمانانە (Sheyholislami, ٢٠١١).

**١-٢ پرسی شێوەزارە کوردییەکان: میراتی کولتووری و چەوساندنەوەی زمانەوانی**

زمانی کوردی خاوەنی میراتێکی دەوڵەمەندی ئەدەبی، کولتووری و فیکرییە کە کۆمەڵێک ژانری بەرفراوان لەخۆدەگرێت، لەوانە ئەفسانە، شیعر، ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و گێڕانەوەی مێژوویی، ئەم نەریتە ئەدەبییانە جگە لە دەربڕینی ئەزموونی فیکری و مرۆیی گەلی کورد، تیشک دەخەنە سەر هەمەجۆریی جوانیناسی و دەربڕینی زمانەکە (Hassanpour, ١٩٩٢). زمانی کوردی بە شێوەیەکی نەریتی تووشی پەراوێزخستنی سیستماتیکی و گۆشەگیری زمانەوانی بـووە، زۆرجاریش لە ئەنجامی سیاسەتی گەورەتر کە مەبەست لێی سەرکوتکردنی شوناسی کوردییە، سەرەڕای ئەم زیندووییە زمانەوانییەی تێیدایە. (Skutnabb-Kangas & Fernandes, ٢٠٠٨).

بۆ ئەوەی زمانەکە بگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، ئەکادیمیست و چالاکانی فەرهەنگی کورد چالاکانە کاریان کردووە بۆ پاراستن و بوژاندنەوەی، ئەوان بەکارهێنانیان لە ژیانی گشتی و میدیا و پەروەردەدا بەرەوپێش بردووە (Haig&Matras, ٢٠٠٢). سەرەڕای ئەوەش، دەوڵەتە نەتەوەییە باڵادەستەکانی کوردستان زۆرجار سیاسەتی سڕینەوەی کولتوورییان جێبەجێکردووە، وەک نکۆڵیکردن لە مافە زمانەوانییە کوردییەکان و دابەشکردنی ئامانجدار و دابەشکردنی زمانی کوردی بەسەر شێوەزارە دەستکردە جیاوازەکاندا (وەک دیمیلی/زازاکی، گۆرانی-هەورامی، لەکی، لوڕی، و کەلهوڕی) (چیەت، ٢٠٢٠؛ ئۆپێنگین، ٢٠١٦). بە گوێرەی سکوتناب-کانگاس (٢٠٠٠) ئەم تاکتیکانە یەکدەگرنەوە لەگەڵ ئەوەی کە زمانەوانەکان ناویان ناوە زمانکوژ یان جینۆسایدی کولتووری، کە تیایدا دەسەڵاتێکی باڵادەست هەوڵ دەدات زمانێکی کەمینە لەڕێگەی کپکردنی قبوڵکردنی دامەزراوەیی و ستانداردکردنی زمانێکی کەمینەی بنبڕ بکات.

دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لە تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا، لە مێژووەدا ڕەتیانکردووەتەوە زمانی کوردی وەک یەک زمان بناسن، لەبری ئەوە جۆرەکانی وەک زمانی جیاواز و کەمتەرخەم پێناسە دەکەن، ئەمەش وایکردووە پۆلێنکردنی زارەکانی کوردی زۆرجار بە سیاسی بکرێت (بلاو، ٢٠١٠). ئەم ستراتیژە جگە لە لاوازکردنی یەکێتی زمانەوانی، شوناسی بەرخۆدانی کورد و یادەوەری کولتووری بەکۆمەڵ دەشێوێنێت (ڤان بروینسن، ٢٠٠٠).

**٢-٢ زارە کوردییەکان لە نێوان سڕینەوە و پاراستن: زمان، نەتەوە و گۆڕانی دیمۆگرافی لە کوردستان:**

کۆمەڵە چیرۆکێکی بەرفراوان کە یادەوەریی بەکۆمەڵی کوردی دەپارێزن، شیعری عیرفانیی (وەک نەریتی یارسان) و داستانە زارەکییەکان (وەک مەم و زین) هەموویان بەشێکن لە سیستەمی ئەدەبی و کولتووری ئاڵۆزی زمانی کوردی (حەسەنپوور، ١٩٩٢؛ چیەت، ٢٠٢٠). بەو پێیەی دامەزراوە پەروەردەییەکان ئامرازی سەرەکی نواندنی زمانەوانی بوون لە ناوچە دابەشکراوەکانی کوردستان کە بە شێوەی کۆلۆنیالیزم، کردەوەکانی دەوڵەت مەترسیی جددی لەسەر ئەم میراتە دروست دەکەن (Skutnabb-Kangas & Fernandes, ٢٠٠٨).

پارچەپارچەبوونی زارەکان و سیاسەتی پێکهاتە ئێتنۆ-زمانییە جیاوازەکان، وەکوو کرمانجی، زازاکی، گۆرانی، لەکی، لوری و کەلهوری قسەکەر، ڕەنگدانەوەی سەدەکانی گەشەسەندنی مێژوویی کۆمەڵایەتین، گەلی کورد وەک هەموو گەلانی هەمەچەشنی زمانەوانی، لە سەرانسەری خاکە ڕەسەنەکانیاندا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی شێوەزاری نیشان دەدەن (Haig & Matras, ٢٠٠٢). بەڵام ئەم جیاکارییە زمانەوانییانە بە شێوەیەکی میتۆدی وەک ئامرازی جینۆسایدی کولتووری (Lemkin, ١٩٤٤) و ئەندازیاری دیمۆگرافی (Üngör, ٢٠١١) لە ئەنجامی پارچەپارچەبوونی جیۆپۆلەتیکی کوردستان لە دوای ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ (١٩١٦) و دواتر دروستکردنی دەوڵەتە نەتەوەییە هاوچەرخەکان (تورکیا، ئێران، عێراق، و سووریا) بە زەقی دەرکەوتووە.

ئەگەر سەرنج لە پلەبەندییەکانی زارە کوردییەکان لە سەرچاوە پەروەردەییەکان بدرێت؛ هەوڵەکان بۆ پارچەپارچەکردنی کورد و زمانی کوردی لەمانەی خوارەوەدا دیارە:

• عێراق لە ڕێگەی بە فەرمی ناساندنی تەنیا زمانی کوردی ناوەند (زاری سۆرانی) لە پەروەردەدا قسەکەرانی (زاری بادینی - کرمانجی سەڕوو) پەراوێز دەخات (هایگ، ٢٠٠٤).

• سەرکوتکردنی کتێبی دەرسی زازاکی/دیمیلی لەلایەن تورکیا و تاکە لێبوردەیی بۆ کەرەستەی کرمانجی (Jongerden, ٢٠١٩)

• لە هەوڵێکدا بۆ دابەشکردنی گرووپە کوردییەکان، ئێران (زاری گۆرانی) وەک «زمانێکی جیا» ناساند و ئاستی بەرزکردەوە. (MacKenzie, ١٩٦١).

ئەم ستراتیژییانە لەگەڵ کەمکردنەوەی بەهای دامـەزراوەیـی سەرمایەی زمانی کەمینەکان یەکدەگرنەوە، کە بۆردیۆ (١٩٩١) بە توندوتیژی نیشانەیی ناوی دەبات.

**٢-٣ بەکارهێنانی پەروەردە وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی زمانەوانی:**

دوابەدوای قەدەغەکردنی تەواوەتی خوێندن بە زمانی کوردی لە تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ تا ١٩٩١، کۆرسی «هەڵبژێردراو»ی زۆر سنووردار کە تەنیا بە زاری کرمانجی دەگوترێتەوە و وەک میدیای فێرکردن ڕێگەیان پێنەدرابوو لە دوای ساڵی ٢٠١٢ەوە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە (Öpengin & Gündoğdu, ٢٠٢١). زمانی کوردی بە هۆی دەستووری ئێرانەوە بۆ تۆکنیزمی فۆلکلۆری پچڕپچڕ کورت دەکرێتەوە، کە بە ئاشکرا زمانی فارسی وەک تاکە زمانی فێرکاری دەخوازێت (مادەی ١٥) (شێخۆلیسلامی، ٢٠١١). تا ساڵی ٢٠١١ تەنانەت ئەو کتێبە دەرسیانەی کە بە زمانی کوردی نووسراون، لە سووریا وەک کەرەستەی جوداخوازی نایاسایی بوون (تەجل، ٢٠٢٠). بۆ پاراستنی هەژموونی دەوڵەت، دامەزراوە پەروەردەییەکان تاک زمانەوانی جێبەجێ دەکەن کە نموونەی ئیمپریالیزمی زمانەوانییە (فیلیپسۆن، ١٩٩٢).

لە بـەرانبـەردا، بـەرخـۆدان لە ئاستی ناوخۆیی بە بەکارهێنانی ڕێگای جیاواز، هەوڵەکانی کورد بەم شێوەیە کاردانەوەی هەبووە.

• لە تورکیا، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو تا ٢٠٠٠، خۆبەخشەکان لە قوتابخانە ژێرزەمینییەکانی «کۆم»دا وانەی خوێندەواری کوردییان دەوتەوە کە مەترسییەکی بەرچاوی کەسییان لەسەر بوو (گوندۆغدو، ٢٠١٨).

• زمانی کـوردی بوو بە زمانی ئەکادیمی فەرمی لە زانکۆکانی وەک زانکۆی کوردستان-هێلەر (عێراق) کە لەلایەن ڕەوەندەکانەوە پارەیان بۆ دابین دەکرێت.

• پلاتفۆرمەکانی پەروەردەی دیجیتاڵی کە بەسەر ڕێساکانی حکومەتدا تێدەپەڕن، وەک ئەپڵیکەیشنەکانی زیمانێ کورد (Sheyholislami, ٢٠٢٠)

هەروەها ئەگەر سەرنجی ناوچە سەربەخۆکان بدرێت، بە ڕوونی زیندووکردنەوەی زمان نیشان دەدەن:

• ڕۆژاڤا: بە نزیکەیی ١٢٠٠ قوتابخانەی کوردی بوونیان هەیە (٢٠٢٣).

• هەرێمی کوردستان: ڕێژەی خوێندن بە زمانی کوردی ٨٢٪ بەرانبەر بە ٥٨٪ لە کوردستانی تورکیا

• ڕەوەند: ٤٧ زانکۆ وانە بە زمانی کوردی دەڵێنەوە.

**٢-٤ سیاسەتی دەوڵەتەکان بۆ سڕینەوەی زمان و قەدەغەکردنی یاسایی:**

١. قەدەغەکردنی یاسایی: تا سەدەی بیست و یەک، هەر چوار دەوڵەت زمانی کوردییان کردە نایاسایی و لە دامودەزگا حکومییەکان قەدەغەیان کرد (یاسای تورکیا ژمارە ٢٩٣٢، ١٩٨٣؛ سیاسەتەکانی پەروەردەی مادەی ١٥ی ئێران کە تەنیا ڕێگەی بە زمانی فارسی دەدا؛ سەرژمێری ساڵی ١٩٦٢ی سووریا کە ڕەگەزنامەی کوردیان ڕەتکردەوە) (حەسەنپوور، ١٩٨٣). ١٩٩٢؛ تێجێل، ٢٠٢٠).

٢. دابەشبوونی شێوەزاری: زازاکی/گۆرانی وەک «ناکوردی» سەرکوت کرا لە کاتێکدا جیاوازیی کرمانجی-سۆرانی وەک «زمانی جیا» لەلایەن دەسەڵاتەوە پاڵیان پێوەنرا (بلاو، ٢٠١٠). ڕۆژهەڵاتناسانی وەک ماکنزی (١٩٦١) و مینۆرسکی (١٩٤٣) بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ئەم دابەشبوونە تەرخانکران، تەنانەت ناسنامەی کوردی شەبەک و ئێزیدیشیان رەتکردەوە (ئاچیلدیز، ٢٠١٤).

٣. دیمۆگرافیای تواندنەوە و لەناوبردن: دیمۆگرافیای زۆرینەی کورد بە کۆچی زۆرەملێ (وەک»سیستەمی پاسەوانی گوندەکان»ی تورکیا) و دەستپێشخەرییەکانی بەعەرەبکردن/فارسکردن (وەک «پشتێنەی عەرەبی» عێراق) گۆڕدرا (Üngör, ٢٠١١).

**٢-٤-١ دژایەتی و هەوڵدان بۆ ستانداردکردن:**

لە محەمەد موکری (١٩٧١)ەوە تا ئەمیر ی حەسەنپوور (١٩٩٢)، زمانناسانی کورد بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە:

• تۆمارکردنی بەردەوامی زاراوەیی (بۆ نموونە، لێکۆڵینەوەکانی تێگەیشتنی یەکتر لە نێوان زازاکی و کورمانجی؛ هایگ، ٢٠٠٧)

• دروستکردنی ڕێنووسی زاراوەی بڕبڕەیی (وەک وەشانی سۆرانی ئەلفوبێی هاوار؛ شێخولئیسلامی، ٢٠١١)

• بەدامەزراوەیی کردنی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی ئۆتۆنۆمی ڕۆژاڤا (Allsopp، ٢٠١٩)

• چوارچێوەی تیۆری مافەکانی مرۆڤی زمانەوانی: ستراتیژییەکانی سەرکوتکردنی دەوڵەت بە چەمکی زمانکوژی سکوتناب-کانگاس (٢٠٠٠) ڕوون دەکرێنەوە.

• ئیتنۆسیمبۆلیزم: تیۆری سمیس (١٩٨٦) ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن ناسینەوەی نەتەوەیی کورد و گۆرانی شێوەزاری پێکەوە دەژین.

• سەعید (١٩٧٨) ئەو ڕێگایانە ئاشکرا دەکات کە ئەکادیمیای ڕۆژئاوا (وەک مینۆرسکی) وەک چەکێک لە دژی کورد لە ڕۆژهەڵاتناسیی ڕەخنەیی بەکارهێنراوە.

**٢-٤-٢ هاوبەشی ڕۆژهەڵاتناسی لە پارچەپارچەبوونی زمانەوانیدا:**

زانستی سەرەتای سەدەی بیستەم چالاکانە بەشداری لە دابەشبوونی زارە کوردییەکاندا کرد:

• مینۆرسکی (١٩٤٣) گۆرانیی بە «ناکورد» پۆلێن کردووە.

• ماکنزی (١٩٦١) زازاکی وەک گۆشەگیرێکی هیندۆ-ئەورووپی پێشنیار کردووە.

• ئێتنۆگرافەرانی سۆڤیەت (١٩٥٠کان) نەخشەی ٢٣ «زمانی جیاواز»یان داناوە.

لە هەمان کاتدا ئەم میراتە بۆماوەییە بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە ئاشکرا دەردەکەوێت لە:

- ڕاپۆرتە ئەکادیمییەکانی تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٩ کە یەکڕیزی زمانی کوردی ڕەتدەکاتەوە.
- پۆلێنکردنی زازا/گۆرانی لە لایەن ئێرانەوە بە «زمانە ناوخۆییەکان».
- دەرکردنی زمانی کوردی باشووری عێراق لە پرۆگرامی قوتابخانەکان.

**٣-٤-٢ بارودۆخی زمانی کوردی لە کوردستانی دابەشکراودا: لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە سەرکوتی زمانەوانی:**

تەواوی کوردستان لەژێر سەرکوتکردنی سیستماتیکدایە، ئەو چوار دەوڵەتە نەتەوەییەی کە کوردستان دابەش دەکەن، هەموویان سیاسەتی جیاواز، بەڵام یەکسانی توندیان لە دژی زمانی کوردی هەبووە:

Sources: Hassanpour (1992), Sheyholislami (2011), HRW World (2000–2023 Reports).

**١. سیاسەتی تواندنەوەی شاراوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

هەرچەندە قسەکردن بە زمانی کوردی هەرگیز لە ئێران بە فەرمی تاوانبار نەکراوە، بەڵام تەکنیکەکانی سەرکوتکردنی بریتین لە:

– سڕینەوەی پەروەردەیی: زمانی فارسی وەک تاکە زمانی وانەوتنەوە بە پێی مادەی ١٥ی دەستووری ئێران پێویستە (شیهولئیسلامی، ٢٠١١).

– پارچەپارچەکردنی زارەکانی زمانی کوردی: گۆرانی/لەکی وەک «زمانی سەربەخۆ» لەلایەن زمانەوانی سپۆنسەرکراوی دەوڵەتەوە بەرەوپێش دەچێت (MacKenzie, ١٩٦١).

– پەراوێزخستنی فەرهەنگ: نووسەر و شاعیرانی دیکەی کورد پێویستە بە زمانی فارسی چاپ بکەن (ڤالی، ٢٠٢١).

**٢. قەدەغەکردنی ئاشکرا لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان.**

یاسای ٢٩٣٢ی ساڵی ١٩٨٣ لە تورکیا سزای ٢–٥ ساڵ زیندانی بەسەر بڵاوکراوە کوردییەکاندا سەپێندرا (گوندۆغدو، ٢٠١٨).

بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٢ی سووریا ٣٠٠ هەزار کورد ڕەگەزنامەیان لێ قەدەغە کرا و خوێندنی کوردی قەدەغە کرا (تەجل، ٢٠٢٠).

٣. دژایەتی و بارودۆخی ئێستای زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا: کوردی بە ڕێژەی ٨٩٪ لە قوتابخانەکاندا پێی دەخوێندرێت. (وەزارەتی حکومەتی هەرێم ٢٠٢٢).

ئەمانەش هەمووی بە پێی فیلیپسۆن (١٩٩٢) ئیمپریالیزمی زمانەوانین، کە بریتییە لە سەپاندنی زمانی فارسی و تورکی وەک زمانی «باڵاتر». هەروەها ئیتنۆسیمبۆلیزم: بنیاتنانی دەوڵەت بە نکۆڵیکردن لە نەتەوەبوونی کورد یارمەتیدەرە (سمیس ١٩٨٦). لە لایەکی ترەوە لیمکین (١٩٤٤) جینۆسایدی کولتووری بە بنبڕکردنی بە ئەنقەستی شوناسی زمانەوانی پێناسە کردووە.

٢-٤-٤ شیکارییەکی مێژوویی-بەراوردی زمانی کوردی لە چوارچێوەی یاسایی دەوڵەتانی داگیرکەردا لە دانپێدانانی مەرجدارەوە بۆ قەدەغەکردنی دەستووری لە تورکیا

مافە زمانەوانییەکانی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو لە پەیمانی لۆزان (١٩٢٣) دا جێهێڵدرابوون، کە پارێزگاری بە کەمینەکانی دیکە بەخشی (مادەی ٣٩). قۆناغە جیاوازەکان تایبەتمەندی پەرەسەندنی سیاسەتەکانی دواتر بوون:

**قۆناغەکانی سیاسەتی زمانی تورکی (١٩٢٣-٢٠٢٣) بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:**

١٩٢٣-١٩٨٣ ئینکاری تەواو (دەستوور مادەی ٣) قەدەغەکردنی تەواو یاسای ژمارە ٢٩٣٢ (١٩٨٣): سزای ٢-٥ ساڵ زیندانیکردن.

١٩٩١-٢٠٠٢ مافە ڕۆشنبیرییە سنووردارەکان خولی تایبەتی کوردی سانسۆرێکی قورس بۆ میدیا.

٢٠٠٣-٢٠٢٣ سەردەمی چاکسازی یەکێتی ئەوروپا خولی هەڵبژاردە لە قوتابخانەکان گۆشەگیری بۆ سەر بڵاوکەرەوەی کورد. (گوندۆغدو (٢٠١٨)، ڕاپۆرتەکانی HRW تورکیا (٢٠٠٠-٢٠٢٣)

«کردنەوەی بەشی کوردی» ساڵی ٢٠١٥ سەرابێک دەرچوو کاتێک زانکۆکانی بەڵێندراوی ئەردۆغان بە زمانی کوردی هەرگیز دەرنەکەوتن.

ڕاهێنەرانی غەیرە کوردی زمان ٦٨٪ی خولی هەڵبژاردەی کوردییان پێشکەش کردووە (گونەش، ٢٠٢١).

٢- یەکێتی سۆڤیەت: پاکتاوکردنی لەدایکبوونەوەی ساتەوەختی لە دوای ئەوە هات.

سیاسەتە کوردییەکانی پارتی سۆسیالیستی ئەرمەنستان لە ساڵانی ١٩٣٠دا حاڵەتێکی تایبەت بوو:

لە نێوان ساڵانی ١٩٢٩ بۆ ١٩٣٧ ٤٣ قوتابخانەی کوردی دامەزراون، هەروەها ٣ هەزار دانە لە ڕۆژنامەی ریا تازە دابەش کراوە (باران، ٢٠١٩).

دوای ساڵی ١٩٣٧: لە کاتی ئۆپەراسیۆنە نیشتمانییەکانی ستالین:

زانایانی وەک (عەرەب شامیلۆڤ) دەرکران، هەروەها هەموو قوتابخانە کوردییەکان داخران (ئاڤگەریس، ٢٠٢٠).

میرات: بەپێی سەرژمێری یەکێتی سۆڤیەت، تەنیا ٢٣٪ی کوردانی سۆڤیەت تا ساڵی ١٩٨٩ هێشتا شارەزای زمانەکە بوون.

٣. عێراق: لە تۆکنیزمەوە بۆ دانپێدانانی دەستووری، ڕێڕەوی سیاسەتی زمانەوانی عێراق ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکیەکانە:

سیاسەتەکانی زمانی کوردی عێراق (١٩٣١–٢٠٠٥) بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

١٩٣١–١٩٥٨ یاسای زمانە ناوخۆییەکان سنووردار کوردی لە پەروەردەدا زمانی عەرەبی بە باڵادەستی مایەوە

١٩٦٨–٢٠٠٣ فەرمانی بەعسی ١٩٩ (١٩٧٤) «عەرەبکردن»ی کەرکوک لە سێدارەدانی مامۆستایانی کورد

٢٠٠٥–دەستووری ئێستا مادەی ١. ٤ فەرمی لە حکومەتی هەرێم کوردی فەیلی بەدەر لە ناوەند/باشوور

سەرچاوەکان: ماکدۆڤاڵ (٢٠٠٤)، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم (٢٠٢٠)

**٤. سووریا: لە نەزانییەوە بۆ دادگاییکردنی سەربەخۆ**

واقیع جیاوازە لە بێدەنگی دەستووری سووریا لە ساڵی ٢٠١٢ سەبارەت بە کورد:

پێش ساڵی ٢٠١١: قوتابخانەی کوردی نییە، قەدەغەکردنی چاپ و بڵاوکردنەوە

لە دوای ساڵی ٢٠١٢ کۆمیسیۆنی پەروەردەی ڕۆژاڤا باس لەوە دەکات کە تا ساڵی ٢٠٢٣ دەبێت ١٨٤٢ قوتابخانە بە زمانی کوردی بە پێی مادەی شەشەمی میساقی مافە زمانەوانییەکان دابمەزرێنن کە داوای یەکسانی لە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و سریانی دەکات.

**٥. ئێران: تۆکنیزم بەرانبەر بە پراکتیک لە دەستووردا**

«مۆڵەتی» زمانە ناوخۆییەکان بەپێی مادەی ١٥ هێشتا کاری پێنەکراوە:

واقیعی ئامار: ١.

لە هیچ قوتابخانەیەکی حکومیدا زمانی کوردی ناخوێنرێت.

شیعر و فۆلکلۆر ٩٢٪ی بڵاوکراوە کوردیەکان پێکدەهێنن (ڤالی، ٢٠٢١).

پارچەپارچەبوونی زارەکان: گۆرانی لە لایەن زمانناسانی دەوڵەتییەوە بە «هەورامی» بەرز دەکرێتەوە (MacKenzie, ١٩٦١).

**٢-٥ بایەخی زمانی زگماک بۆ منداڵان: پاراستنی ناسنامە و میراتی کورد:**

زمانی دایک تەنیا ئامرازێکی پەیوەندی نییە، بەڵکو ڕەگەزی ناسنامەی نەتەوەیە و پەیوەندییەکی نەگۆڕی ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی گەلێکە. بۆ کورد، زمان وەک کێوێکی بەرز وەستاوە بەرانبەر هەوڵەکانی لەناوبردنی کولتووری. بەڵام لە سەردەمی جیهانیبوون و زاڵبوونی زمانە بیانییەکان، پاراستنی زمانی زگماک بۆ منداڵانی کورد ببێتە بەرپرسیارێتییەکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی.

**١- زمانی دایک و پەیوەندی بە مێژوو و کولتوری کوردییەوە:**

- زمان و ناسنامە: زمان روانگەیە بۆ تێگەیشتن لە مێژوو، فەلسەفە، و ئەدەبیاتی گەلێک. منداڵانی کورد کە زمانی دایکیان فێرنەکرێن، لە ڕابردوو و کولتوری خۆیان دادەبڕێن.

- کەسایەتی و خۆناساندن: توێژینەوەکان دەریانخستووە کە ئەو منداڵانەی زمانەکەیان بە باشی فێرنابن، لە کەسایەتی و هەستی سەربەخۆییدا کەمتر بەهێزن (Baker, ٢٠١١)

**٢- کاریگەریی تەکنەلۆژیا و زمانە بیانییەکان:**

- زمانی ئینگلیزی و فشارە کۆمەڵایەتییەکان: زۆر خێزانی کورد بەهۆی پێداویستییە ئابوورییەکان یان پەرۆشی کۆمەڵایەتی، منداڵەکانیان لە قوتابخانە بیانییەکان دەخەن. ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ناو ماڵەکاندا، لە توێژینەوەیەکی ساڵی ٢٠٢٣دا، نزیکەی ٤٠٪ی منداڵانی کورد لە هەرێمی کوردستان زمانی ئینگلیزییان لە پلەی یەکەم دادەنێن.

- ڕۆڵی میدیای دیجیتاڵ: میدیای سۆشیاڵ و کتێبی ئەلیکترۆنی کوردی دەتوانن یارمەتیبەخش بن لە بەرفراوانکردنی زمانی کوردی لە ناو منداڵاندا.

**٣- هونەر و کەلەپوور وەک ئامرازێکی فێرکردن:**

- گۆرانی و چیرۆکی منداڵان: بەکارهێنانی هونەری فۆلکلۆری کوردی (وەک چیرۆک و گۆرانی) یارمەتی منداڵان دەدات لە فێربوونی زمان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش.

- بۆنە کۆمەڵایەتییەکان: بەشداریکردنی منداڵان لە جەژنەکانی نەورۆز و جەژنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان ڕێگایەکی کاریگەرن بۆ پەیوەندیکردن بە کولتوری کوردییەوە.

**٤- بەرپرسیارێتیی خێزان و دەزگا پەروەردەییەکان:**

– خێزان: پێویستە لە ماڵەوە زمان و بەها کوردییەکان بۆ منداڵان بگوازرێتەوە.

– قوتابخانەکان: دەبێت وانەی زمانی کوردی لە هەموو خوێندنگەکان بە شێوەیەکی کاریگەر دابین بکرێت.

– حکومەت: پشتگیریکردنی بەرنامەکانی زمانی کوردی لە میدیای فەرمی گرنگە.

کەواتە پاراستنی زمانی کوردی تەنیا پاراستنی وشە نییە، بەڵکو پاراستنی رۆحی نەتەوەییە. پێویستە هەموو کەس لە خێزانەوە تا دەزگاکانی وڵات، بەشداری لەم پڕۆسەیە بکەن. منداڵانی ئەمڕۆ ڕەگ و ریشەی کوردی دەپارێزن، بەمشێوەیە داهاتووی زمان و کولتوری کوردی پارێزراو و دڵنیا دەبێتەوە.

**بەشی سێیەم: پاراستنی زمان، پاراستنی نەتەوەیە و پرسێکی نەتەوەسازیە:**

**٣-١ زمانی کوردی، زمانی پێوەر و هاوبەش**

زمانی کوردی وەک زمانێکی ڕەسەن و دێرین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەشێکی گرنگی شوناسی نەتەوەی کوردە و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ چارەنووسی سیاسی و کولتووری گەلی کورددا هەیە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، زمانی کوردی ڕووبەڕووی چەندان هەڕەشە و کێشە بووەتەوە، هەم لە ڕووی یاسایی و هەم لە ڕووی پراکتیکییەوە.

**١. سەرچاوە یاساییەکان بۆ زمانی کوردی لە عێراق و هەرێمی کوردستان:**

لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا، زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لەگەڵ زمانی عەرەبی دانپێدانراوە (مادەی ٤). هەروەها لە هەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤ زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی ناساندووە. ئەم یاسایانە مافی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دامودەزگاکانی حکوومەت، خوێندن، و راگەیاندن دابین دەکەن.

**سەرچاوە یاساییەکان:**

• دەستووری عێراق (٢٠٠٥)، مادەی ٤: زمانی عەرەبی و کوردی زمانە فەرمییەکانی عێراقن.

• یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان (٢٠١٤): زمانی کوردی زمانە فەرمییەکەی هەرێمە.

**٢. کێشەکانی جێبەجێکردنی یاساکان:**

سەرەڕای ئەم یاسایانە، جێبەجێکردنیان لە پراکتیکدا کەمێک لاوازە، لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان (وەک کەرکوک، خانەقین و دەشتی نەینەوا)، زمانی کوردی بە تەواوی کاری پێناکرێت، هەروەها لە هەرێمی کوردستانیشدا، هەندێک لە بوارەکان (وەک خوێندنی باڵا و زانکۆکان) زیاتر زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بەکاردەهێنن.

نموونە:

• لە ساڵی ٢٠١٧، وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم بڕیاری دا کە نمرەی زمانی کوردی بۆ خوێندکارانی پۆلی ١٢ ئارەزومەندانە بێت. ئەمە بووە هۆی ناڕەزایی لای مامۆستایان و چالاکوانانی زمانی کوردی، کە پێیان وابوو ئەمە کەمکردنەوەی گرنگی زمانەکەیە.

**٣. هەڕەشە دەرەکی و ناوەخۆییەکان:**

**هەڕەشە دەرەکییەکان:**

• سیاسەتەکانی وڵاتانی دراوسێ (تورکیا، ئێران، عێراق، سووریا) کە هەوڵی لەناوبردنی زمانی کوردی دەدەن.

• کەمبوونی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی زمانی کوردی.

هەڕەشە ناوەخۆییەکان:

• کەمی پلانە پەروەردەییەکان بۆ بەهێزکردنی زمانی کوردی لە خوێندنگە و زانکۆکان.

• بەکارهێنانی زمانە بیانییەکان (ئینگلیزی، عەرەبی) لە ژێر ناوی «پێشکەوتن».

• نەبوونی میکانیزمی چاودێری بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی زمان.

**٤. روانگە ئەکادیمییەکان:**

پەروەردەی زمان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا پێناسە دەکرێت وەک «پرۆسەی فێرکردن و فێربوونی زمان لە ڕێگای سیستەمێکی پەروەردەیی». لە روانگەی نەتەوەییەوە، زمان بەشێکە لە ناسنامەی کۆمەڵایەتی (Fishman, ١٩٩١).

**سەرچاوە ئەکادیمییەکان:**

**٥. پێشنیارەکان بۆ بەهێزکردن و پاراستنی زمانی کوردی:**

١. پلاندانانی پەروەردەیی: پێویستە کتێب و سەرچاوەی خوێندنی کوردی نوێ بکرێنەوە.

٢. چاودێری یاسایی: دامەزراندنی میکانیزمێک بۆ هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنی یاساکان.

٣. ڕاگەیاندن: بەکارهێنانی ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، و ئینتەرنێت بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی.

٤. هاوبەشی نێودەوڵەتی: پەیوەندی کردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی وەک یونسکۆ بۆ پاراستنی زمانە جوگرافییەکان.

زمانی کوردی سەرچاوەیەکی گرنگی کولتووری و ناسنامەییە، بەڵام پێویستی بە هەوڵێکی زیاتر هەیە بۆ پاراستن و بەهێزکردنی لە ناوچە کوردستانییەکان و دەرەوەش. پێویستە حکوومەت و کۆمەڵگە بەیەکەوە کاربکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە.

٣-٢ بۆشایی جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی کوردی: نەزانی سیستماتیکی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و کاریگەری نەرێنی بۆ سەر نەتەوەسازی کوردی:

**١. چوارچێوە یاساییەکان و واقیعی جێبەجێکردنیان:**

زمانی کوردی بە پێی یاسای زمانە فەرمییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠١٤) و مادەی چوارەمی دەستووری عێراق (٢٠٠٥) وەک زمانێکی فەرمی ناسراوە؛ بەڵام جێبەجێکردنی نایەکسانە، تەنیا ٣٢٪ی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم بە تەواوی پابەندن بە ڕێساکانی زمانەوە، کە کوپەر (١٩٨٩) بە «کەلێنی پلاندانان-جێبەجێکردن» لە سیاسەتی زماندا ناوی دەبات (ڕاپۆرتی وردبینی حکومەتی هەرێم، ٢٠٢٢).

کاتێک لایەنە ناکوردییەکان ئامادەبن، ٦٨٪ی دانیشتنەکانی دادگا لە هەولێر دەگۆڕدرێن بۆ زمانی عەرەبی (ڕاپۆرتی دادوەری عێراق، ٢٠٢١).

٢. نموونەیەکی سەرەکی دووفاقی دامەزراوەیی خوێندنی باڵای ساڵی (٢٠١٧) بریتییە لە گۆڕینی سیاسەتی زمانی پێشنیارکراوی سەردەمی وەزیر یوسف گۆران؛ ناوەڕۆکی سیاسەتەکە پێویستی بەوە بوو کە خولی STEM لە زانکۆکان بە زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی بخوێنرێت.

کاردانەوەی گشتی: لە سلێمانی پێنج هەزار پەروەردەکار خۆپیشاندانیان کرد (ڕووداو، ئازاری ٢٠١٧).

کاریگەرییە تیۆرییەکان: چەمکی فێرکردنی زمانی دایکی کە لەلایەن یونسکۆوە لە ساڵی ٢٠٠٣ دامەزرا، پشتگوێ دەخات

دژایەتی دۆزینەوەکانی لایتین (١٩٩٢) دەکات سەبارەت بە سوودە مەعریفیەکانی فێربوونی زمانی دووەم.

خشتەی یەکەم: زمانی فێرکاری لە زانکۆکانی حکومەتی هەرێم (٢٠٢٣)

| زانکۆ | زمانی کوردی | زمانی عەرەبی | زمانی ئینگلیزی |
|---|---|---|---|
| سەلاحەدین | ٤٢٪ | ٣٣٪ | ٢٥٪ |
| سلێمانی | ٣٨٪ | ٢٨٪ | ٣٤٪ |
| دهۆک | ٢٩٪ | ٤١٪ | ٣٠٪ |

**سەرچاوە: وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێم (٢٠٢٣)**

**٣. پرسە سیستەمی پەروەردەییەکان:**

- **خوێندنی سەرەتایی:**

لە ٥٧٪ی قوتابخانە ئەهلیەکاندا زمانی ئینگلیزی لە سەرووی زمانی کوردییەوە لە پێشینەی کاردایە (دەزگای گۆڕان، ٢٠٢٢). هەروەها وشەی قەرزکراوی عەرەبی ٢٣٪ی کتێبی خوێندنی زمانی کوردی پێکدەهێنن (ڕاپرسی زمانەوانی، ٢٠٢١).

- **کۆلێژ و زانکۆ:**

زمانی کوردی تەنیا لە ١٢٪ی دیزەرتەیشنەکانی دکتۆرا(ئەرشیفی زانکۆی سەلاحەدین) بەکاردێت، بەپێی ئاماری وێبی زانست، ٧٨٪ی بڵاوکراوەکانی فاکەڵتی بە زمانی عەرەبی یان ئینگلیزییە (٢٠٢٠–٢٠٢٣).

٤. هۆکارە ئایینی و سیاسییەکان کە کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، حزبە ئیسلامییەکان: هاندانی قوتابخانەکان بۆ بەکارهێنانی وشەی ئایینی عەرەبی.

دژایەتیکردنی ڕێنووسی ستانداردکراوی کوردی فاکتەری ناسیۆنالیستییە و دژە لەگەڵ بیری نەتەوەسازی کوردی، پەیوەندییە ئابوورییەکان، لەوانە لایەنگری خوێندنی تایبەت بە زمانی ئینگلیزی ئەمەش لەگەڵ بیرۆکەی «بازاڕی زمانەوانی»دا یەک دەگرێتەوە، وەک ئەوەی بۆردیۆ (١٩٩١) پێناسەی کردووە، کە تێیدا پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە هەڵبژاردنی زماندا ڕەنگ دەداتەوە.

**٣-٣ پارادۆکسی (دژبەری) ستانداردکردن؛ گۆڕانکارییەکانی ڕێنووس و کاریگەرییەکانی لە گەشەسەندنی زمانی کوردیدا:**

**٣-٣-١ گۆڕانی ڕێنووسی کوردی لە چوارچێوەی مێژوویيدا**

لە سەرەتای سەرهەڵدانی چاپەمەنی هاوچەرخی، زمانی کوردی چەندان گۆڕانکاریی ڕێنووسی بەخۆیەوە بینیوە:

– ڕێنووسی هاوار لەسەر بنەمای عەرەبی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە (بەدرخان، ١٩٢٠)

– سەردەمی سۆڤیەت: وەرگرتنی خولگەیی کورمانجی (١٩٣٠–١٩٩١)

– سەردەمی هاوچەرخ: سۆرانی دەستکاریکراوی عەرەبی لە بەرانبەر کرمانجی کە بنکەکەی لاتینییە (حەسەنپوور، ١٩٩٢)

دابەشبوونی سکریپتی ئێستا لە بڵاوکراوە کوردییەکاندا بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

کورمانجی لاتینی ٦٨٪ (ئەکادیمیای کوردستان (٢٠١١))

سۆرانی دەستکاریکراوی عەرەبی ٨٩٪ (وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم)

زازاکی لاتینی ٧٢٪ (پەیمانگای زمانی زازا)

**٣-٣-٢ پرسە بنەڕەتییەکان لەگەڵ ستانداردکردن**

– هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەکان

ڕێکخراوە رکابەرەکان: ئەنجومەنی زمانەوانی سۆرانی(سلێمانی)، پەیمانگەی زمانی کوردی (ئیستەنبوڵ)، و ئەکادیمیای کوردی (هەولێر)

– پرسەکان لەگەڵ جێبەجێکردنی پراکتیکی

ڕێنووسی کرمانجی/سۆرانی لە ٥٧٪ی ڕۆژنامەنووسان تێکەڵە (میدیا مۆنیتەر، ٢٠٢٣).

ناتەبایی ڕێنووسی لە تێزەکانی زانکۆدا ٢٣٪یە (زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٢١).

– کاریگەری ناسەقامگیری لە ڕێنووسیدا

**١. شێواندنی ماناسازی**

توێژینەوەی کەیس: بۆ خوێندنەوە، وشەی «xwendin» بەم شێوەیە دەردەکەوێت:

«xwêndin» لە ٢٣٪ی دەقەکاندا دەردەکەوێت.

«xundin» (١٧٪)

٦٠٪ی «xwandin» (پڕۆژەی کۆرپوسی کوردی ٢٠٢٢)

٢. کاریگەرییەکانی بۆ پەروەردە

دەقەکانی زاراوەی بنەڕەتی بۆ ٣٨٪ی قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی قورسن (پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٣).

**٣-٣-٣ مۆدێلی ستانداردکردنی زمان (Haugen ١٩٦٦): چوارچێوەیەکی تیۆری**

هەڵبژاردن کۆدکردن ڕوونکردنەوە پەسەندکردن

کوردی لە خاڵی کۆدکردندا وەستا.

سکوتناب-کانگاس (٢٠٠٠) باس لە مافە زمانییەکانی مرۆڤ دەکات و چۆن ناستانداردکردن دەتوانێت ستەمکارانە بێت.

سەرمایەداری چاپکراو (ئەندەرسۆن ١٩٨٣): پێویستی یەکسانی ڕێنووسی بۆ گەشەسەندنی نەتەوەیەک

**٤-٣ زمانی کوردی لە نێوان شوناس و ئایدۆلۆژیا: زمان و بوونی بە بنەمای نەتەوەسازی:**

نەتەوەی کورد لە دوای پەیمانی لۆزان (١٩٢٣) لە نێوان حکومەتە کۆلۆنیالییە تازە دامەزراوەکانی سووریا و عێراقدا دابەش بوو (ماکدۆڤاڵ، ٢٠٠٤). هەردوو نەتەوە کوردییان پەراوێزخست و بەشدارییان لە دابەزینی هێواش لە ژیانی گشتیدا کرد بە کردنی زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی ئیدارەی گشتی و پەروەردە (حەسەنپوور، ١٩٩٢). هەندێک لە گرووپە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان، بەتایبەتی پیاوانی ئایینی وەک میر و شێخ و سەیدییەکان، لە ئەنجامی ئەم سەپاندنە زمانەوانییەدا، زۆرجار لەسەر حیسابی زمانی زگماکی خۆیان، زمانی عەرەبییان وەک زمانێک پیرۆز کرد (Bruinessen, ٢٠٠٠). ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی داینامیکی کۆمەڵایەتی و کولتووری ئاڵۆز. بۆ ئەوەی ناسنامەی کوردایەتی خۆیان ڕەت بکەنەوە و باڵادەستی ئایینی و کولتووری هەستپێکراوی زمانی عەرەبی لە باوەش بگرن، تەنانەت هەندێک ناوی بنەماڵەی عەرەبییان وەرگرتووە (ڤالی، ٢٠٠٣).

زمان پێکهاتەیەکی بنەڕەتی ناسنامەی نەتەوەییە و ئەم دۆخە هێمای کێشەیەکی گەورەترە کە زمان لەگەڵ چەمکە ئایینی و ئایدیۆلۆژییەکان تێکەڵ دەبێت (فیشمان، ١٩٧٢). مۆدێرنیتە، گوتاری زانستی و کارلێکی نێوان کولتوورەکان هەموویان کاتێک ڕێگرییان لێدەکرێت، کاتێک زمانێک ئەوەندە ڕێزی زۆری لێدەگیرێت، کە زمانە ڕەسەنەکان سەرکوت بکات (Edwards, ٢٠٠٩). ئەم جۆرە هەژموونی زمانە دەتوانێت ببێتە هۆی ئاسمیلەکردنی شوناس، کە قسەکەران دەبنە «بێدەنگ بۆ جیهانی دەرەوە» (سکوتناب-کانگاس، ٢٠٠٠، ل ٣٦)، وەک کەیسی کورد نیشان دەدات.

**٣-٥ کاریگەریی دژایەتی (ئینکاری)ی زمانەوانی لەسەر ناسنامەی کورد:**

بێ بەهاکردنی بە مەبەستی کورد کاردانەوەی بەرچاوی کولتووری و دەروونی هەبووە. ستەم و چەوسانەوەی ناوەکیی زمانەوانی کورد بە هۆی کاردانەوەکانی ئینکاری، وەک جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە زمانی کوردی «زمانێکی بێگانە»یە یان تەنانەت «زمانی دۆزەخ»ە، بەهێزتر بووە (شێخولئیسلامی، ٢٠١١). ئەمەش لەگەڵ تیۆرییەکانی ئیمپریالیزمی زمانەوانیدا یەکدەگرێتەوە، کە پێیان وایە زمانە کەمینەکان لەلایەن زمانە باڵادەستەکانەوە سەرکوت دەکرێن و لە ئەنجامدا میراتی کولتووری لەدەست دەدەن (فیلیپسۆن، ١٩٩٢). زمانەوانانی کورد سەرەڕای ئەو ئاستەنگانە زۆر ماندوو بوون بۆ زیندووکردنەوەی زمانەکە، رەوتێک بەرەو نوێگەری زمانەوانی لە دروستکردنی دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و دامەزراوە کولتوورییەکان و فەرهەنگی زاراوە زانستییەکاندا نیشان دەدرێت (حەسەنپوور، ١٩٩٢). بەڵام هێشتا بەربەستە دامەزراوەییەکان هەن، بۆ نموونە، وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان جارێک وتی «کوردی زمانی زانست نییە»، بەمەش زانایانی کوردی بەراورد کرد (Allison, ٢٠١٦). ئەم ڕێسایانە دۆمەینە کارایییەکانی زمان سنووردار دەکەن و ڕێگری لە پەرەسەندنی دەکەن (Bourdieu, ١٩٩١).

**٣-٦ زمان وەک ئامرازێک بۆ نوێگەری و بیرکردنەوە و نەتەوەسازی:**

زمان وەک میدیایەکە بۆ بیرکردنەوە و پەیوەندیکردن، بەپێی تیۆری زمانەوانی کۆمەڵایەتی (Vygotsky, ١٩٦٢). لەبەر ئەوەی زمان و مەعریفە لە ڕووی پێکهاتەییەوە وابەستەی یەکترن، سنووردارکردنی گەشەسەندنی زمانێک دەتوانێت ڕێگری لە گەشەسەندنی فیکری بکات (Whorf, ١٩٥٦). بە گوێرەی کریستاڵ (٢٠٠٠) زمانی کوردی بۆ ئەوەی گەشە بکات و ببێتە فاکتەرێکی سەرەکی و ئەرێنی نەتەوەسازی، پێویستە لە سنووردارکردنی ئایدیۆلۆژی رزگاری ببێت و بخرێتە ناو گوتاری نێودەوڵەتی و زانستییەوە.

شۆڕشە زمانەوانییە مێژووییەکان، وەک مۆدێرنکردنی زمانی تورکی یان ستانداردکردنی زمانی عیبری، نیشان دەدەن کە سیاسەتی مەبەستدار و بەشداری کردنی زانستی دەتوانێت زمانەکان بەهێز بکاتەوە (سپۆڵسکی، ٢٠٠٤). ڕێوشوێنی هاوشێوە بۆ کوردی پێویستە، لەوانە بە دامەزراوەیی کردنی ئەکادیمی، ڕێکارەکانی

وەرگێڕانی بەهێز، و زاراوەی ستاندارد (ئەمیر حەسەنپوور، ٢٠٠١). جگە لەوەش، دەتوانرێت زمانی کوردی لە هەمان کاتدا پاراستنی تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی بەرز بکرێتەوە (Haig & Matras, ٢٠٠٢).

کەواتە بۆ بەکارهێنانی زانستی زمانی کوردی پێویستە زمانەکە لەم ئاستانگانە دەربازی ببێت؛ کورد دەبێ لە کۆت و بەندی ئایدیۆلۆژی رزگاری بێت و بخرێتە ناو دۆمەینی ئەکادیمی و تەکنۆلۆژیای هاوچەرخەوە بۆ ئەوەی ئەو ئاستەنگانە تێپەڕێنێت. بۆ گەرەنتی کردنی ئەوەی کە زمانی کوردی بەردەوام بێت وەکو زمانێکی زیندوو و گەشەسەندوو، ئەمەش هەم گەشەی زمانەوانی پراگماتیک و هەم پاڵپشتی نەتەوەسازی بۆ مافە زمانەوانیەکان دەکات.

### ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوت کە زمانی کوردی لەم سەردەمەدا لە نێوان دەستکەوت و ئاستەنگدا جێگیر بووە. لە کۆتاییدا دەتوانین ئەم ئەنجامانەی خوارەوە وەرگرین:

دەستکەوتە مێژووییەکان:

• زمانی کوردی بە تێپەڕبوون لە چەندان قۆناغی گرنگی مێژوویی و سیاسی وەک دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد و یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەغدا (١٩٧٠) و راپەڕینی باشووری کوردستان (١٩٩١) توانیویەتی لە مەترسیی نەمان رزگار ببێت.

• بەڕەسمی دانپێدانان بە زمانی کوردی لە دەستووری عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٥ لە پاڵ زمانی عەرەبی، وەک خاڵی وەرچەرخانێکی گرنگ لە پێگەی یاساییدا.

• گەشەکردنی بەرچاو لە ڕۆژاوای کوردستان لە ئاستەکانی پەروەردە و فێرکردن و کەناڵەکانی راگەیاندندا.

• پەیدابوونی کورد وەک یەکێک لە ئەکتەرە کاریگەرەکانی ناوچەکە و زمانی کوردی وەک یەکێک لە زمانە زیندووەکان.

کێشە و ئاستەنگەکانی ئێستا:

• لەگەڵ ئەم دەستکەوتانەشدا، زمانی کوردی هێشتا تووشی سەرلێشیواوی و فرەمەرجەعی و پاشاگەردانییەکی لە رادەبەدەری هاتووە.

• ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیزمی کوردی هێشتا قەناعەت بەم وەرچەرخانە مێژووییانە نەهێناوە و هەر لە ڕەهەندی دووانەی «مەرگ و ژیان»ەوە سەیری زمانی کوردی دەکات.

• وەرگرتنەوەی ئەگەر و زەرفییەتەکانی گەشەی زانستی بەهۆی ئایدیۆلۆژییەوە و ڕێگەخۆشکردن بۆ دەستێوەردانە نازانستییەکان.
• بەرهەمهێنانی دەقی لاواز و نەزۆک بەهۆی دروشمی «هەرچی بێت هەر کوردی بێت»ەوە.

**کاریگەریی ململانێی سیاسی:**

• بەهۆی ململانێی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی نێوان حیزبە سەرەکییەکانی باشووری کوردستانەوە، دەیان دەزگا و ڕێکخراوی «سەیر و سەمەرە» بۆ زمان و وێژە و وەرگێڕانی کوردی هەڵتۆقیون.
• ئەمەش بووە هۆی وەرگێڕانێکی «بە لێشاو» کە هەموو ڕووبەری زمان و ئەندێشەی کوردستانی داگیرکردووە.
• لە غیابی میکانیزمی زانستی و چاودێریی پێویستدا، ئەم دۆخە هەتا ئێستاش بەردەوامە.

**پێداویستی بۆ گۆڕانکاری:**

• پێویستە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی لە نیگای تەنیا لە «ڕزگارکردن»ەوە بگوازرێتەوە بۆ نیگای «گەشەپێدان» و «بەرزکردنەوەی ئاست».
• گرنگە میکانیزمێکی زانستی و پرۆفیشناڵ بۆ چاودێری و بەڕێوەبردنی کارەکانی پەیوەندیدار بە زمان دابنرێت.
• پێویستە لە جیاتی ئایدیۆلۆژی، زانست و پێوەرەکانی زانستی ببنە بنەمای مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا.

**ئەنجامی گشتی:**

بۆ ناسنامەی هەبوونی نەتەوەیەک بوونی زمان بەسە، بەتایبەت بۆ نەتەوەیەک کە لەسەر نیشتمانی خۆیدا سەدان ساڵە نکۆڵی لە بوون و هەبوونی دەکرێت. بەڵام تەنیا بوون بەس نییە، پێویستە ئەم زمانە بە شێوەیەکی زانستی و پرۆفیشناڵ بگەشێتەوە و لە ئاستی پێویستیەکانی سەردەمی ئێستادا بێت، ئەمەش تەنیا بە دوورکەوتنەوە لە ئایدیۆلۆژی و پشتبەستن بە زانست و پێوەرە زانستییەکان دەبێت).

**ڕاسپاردەکان**

پەرتەوازەیی زمانی کوردی لە نێوان ئەم زار و بنزار، ئەو ناوچە و ئەم ناوچەیە، هەم دانی پایەیەکی بەرزتر بێت بە زمانی کوردی بە تایبەت لە هەل ومەرجێکدا کە هەڕەشەکان نەک هەر لەسەر زمانن، بەڵکو کۆمەڵگە و نەتەوەکەمانی خستۆتە ترس و دڵەڕاوکێیەکی نائومێدەوە.

- کردنەوەی کۆلێژێکی زمانناسیی لە زانکۆکانی کوردستاندا تایبەت بە زمانی کوردی و بە ناوی (کۆلێژی زمانی کوردی). کۆلێژەکە ئەم بەشانە بگرێتە خۆ:
- بەشی کوردۆلۆگی تایبەت بە کەلەپوور و وێژەی کوردی، مێژوو، جوگرافیای کوردستان.
- بەشی زارەکانی هەورامی، زازاکی، لەک و لوڕ و کەلهوڕ.
- وێڕای بەشەکانی تری کوردستانن سالانە ڕێژەیەک لە خوێندکارانی کورد لە ناوچە کوردنشینەکانی دەرەوەی کوردستان وەک خۆراسان و مازەندەران و کوردانی قافقاس و ئاسیای ناوین لەو کۆلیژە وەربگیرێن بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵاش لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هاوکاری بکرێن.
- زمانی سەرجەم فەرمانگەکانی کوردستان بەتایبەت دادگاکان و فەرمانگەکانی شارستانی و ڕەگەزنامە بە ئیلزامی بکرێنە کوردی.
- تابلۆی هۆتیل و ریستورانت و شوێنە گشتی و شەقامەکان بە کوردییەکی ڕەوان و پەتی بکرێن.
- هەر کەس و لایەنێک سەرپێچیی بڕیارەکانی پەرلەمانی گوردستان و دەستووری عیراق بکات لەمەڕ زمانی کوردی، ڕووبەڕووی لێ پرسینەوەی یاسایی بکرێت و سزا بدرێت.
- خوێندنی پڕۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن لەو ناوچانەدا بە زمانی زگماک لە سالانی ڕابردوودا، هەر کام لە فۆرم و حاڵەتی زاڵی نامۆگەرایی بەسەر ئەو پێکهاتانەندا سەپاندووە، کە بە ناچاری زمانی نەتەوەی سەردەست پەسند بکەن، چوون هەر تاکێک و کۆمەڵێک لەو پێکهاتانە وەک کوردانی شەبەک و ئێزیدی و فەیلییەکان کە بە زمانی گوند و خێڵەکەی خۆیان قسە دەکەن، ئەمەش بەو مانایە نییە کە زمانی دایکی خۆیان دەزانن، بەڵکو ئەمە سرووشتیترین و سادەترین و لە هەمان کاتدا «بنەڕەتیترین» حاڵەتی فێربوونی زمانە، بەلام ناتەواو و نیوەچڵە.

– ئەو زمانە شیرینە کوردییە کە ناحەزانی گەلەکەمان بە هەموو شێوازێکی شۆڤینییانە دژایەتی دەکەن و هەوڵی لە نێوبردنی دەدەن، ئەویش بە قەدەغەکردنی زمانی کوردی بۆ ئاخێوەرانی و لەسەر ئاستەکانی پەروەردە و فێرکردن و چاپەمەنی و ڕۆژنامەوانی و سۆشیالمیدیادا، هەروەها هەوڵدان بۆ ناساندنی هەندێک لەو پێکهاتە کوردییانە وەک نەتەوە و زمانی سەربەخۆ و بە پلان و بەرنامە کار بۆ کردنی.

– بەشی زانستی زمان linguistic: ستراتیژی ئەم بەشە ئیشکردن بێت لەسەر بەیەکەوە گونجاندنی ڕێسا و بنەماکانی هەر هەموو شێوە زارەکان و هەوڵدان بۆ یەکخستنیان لە چوارچێوەیەکی ستانداردی گونجاو، کە سەرەنجام هاوسەنگییەکی ئۆرگانیکی بەدەر لە کاریگەری میزاج و باری دەروونی ئەم لایەن و ئەو لایەن بێنێتە ئارا، هەروەها دانانەوەی زمانی کوردی لەسەر ڕێڕەوێک کە وەک بوونێکی زیندوو بکەوێتە نێو پرۆسێسی کۆمیونیکەیشن و دانوستانەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ گەشەی زانستی و تەکنۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆمان و دنیادا بڕوات. لەگەڵ بڕواهێنان بەو ڕاستییە زانستییەی کە زارەکان بوونی ڕاستەقینەن و لە هەموو زمانێکدا بە زیندوویی هەن و ئەوەی هەموویان لە بوونێکی ستانداردا کۆدەکاتەوە تەنها فۆڕمێکە بۆ بەیەکەوە بەستنەوە، تاوەکو کردەی کۆمیونیکەیشن و دەرکەوتنی کولتووری وەک یەکێتیەکی هەمەڕەنگ بەردەوام کردەیەکی ئێستاتیکی بێت.

–بەشی ئارکیۆلۆژیای زارەکان: لەم بەشەدا هۆکارە کولتووری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و جوگرافی و تۆبۆگرافی و سیاسی و....تاد یەکان بخوێنرێن و بە ریشە بونیادی و مێژووییەکانی زارەکان و کاریگەرییە جۆراوجۆرەکان لە چینە یەک لەسەر یەکەکانی سەردەمە جیاجیاکان بچنە خوار و زەمەن بە زەمەن لێیان بکۆڵرێتەوە و بخوێنرێن، سەرەڕای ئەمەش بایەخی زار وەک ڕەنگ و دەنگێکی جیا لە نێو ڕەنگاڵەیی زماندا وەدیار بخرێتەوە و بایەخیشی لە دەوڵەمەندکردنی زمان و پرۆسێسی فەرهەنسازیدا بنرخێنرێت.

لەپاڵ ئەم بەشانەدا دەکرێت بەشی تریش هەبن و بیرۆکەکەی من لەوانەیە کەموکوڕی زۆری هەبێت، چ لە ڕووی ئەم خاڵانەی پێشەوە چ لە ڕووی نەچوونە سەر ئەو بیرۆکانەی تر، کە نەمتوانی ناویان بێنم یا لەو کاتەدا نەمزانین و نەهاتنە بیرم. ئەوەی گرنگە تەنها ئەوەیە لە هەلومەرجی ئێستای ئێمەی تێداین، کردنەوەی کۆلیژێکی لەم بابەتە ئەوەندە دێنێت، چون دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری

ئێمە دۆخێکی تایبەتە و زۆرترین هەڕەشە لەسەر بوونی نەتەوەییمان هەیە کە زمانیش زۆرترین گورزی ئەم هەڕەشەیەی بەرکەوتووە، کردنەوەی کۆلیژێکی لەم شێوەیە دەچێتە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی نەتەوەیی و کولتووری مەزن، لەهەمان کاتیشدا شیاو و گونجاو کە دەکرێت بە ئاسانی بە کردە بکرێت، هەڵمەتێکی عەقلانی بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی لەم شێوەیە شۆڕشێکی کولتووری و هزری ئەوتۆی عەقلانییە کە دەکرێت بە بێ تێکەڵکردنی یەکتر، گەر هەڵچوون و سۆز بگاتە ئامانجەکانی خۆی. هەوڵێکی ستراتیژیشە لە پێناو لادانی گومانەکانی نەبوون و فەراهەم نەبوونی ئەم توخمە بنچینەییە بۆ سازکردنی نەتەوە و نیشتمان.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

- کۆنفرانسی زار و بنزارە کوردییەکان (سلێمانی، ٢٠٢٤).
- گۆڤاری زمانناسیی «زمان و زار». ژمارەکانی گۆڤار لە یەک تا ژمارە هەژدە.
- کتێبی «ڕێنووس و خاڵبەندی»ی دیاکۆ هاشمی.
- توێژینەوەکانی د.دارا حەمید و د.کازم عەباس.
- Baker, C. (2011). ❊Foundations of Bilingual Education and Bilingualism❊.
- UNESCO. (2003). Language Vitality and Endangerment.
- Hassanpour, A. (1992). Nationalism and Language in Kurdistan. Mellen Research University Press.
- Sheyholislami, J. (2011). Kurdish Identity, Discourse, and New Media. Palgrave Macmillan.
- Fishman, J. A. (1991). Reversing Language Shift. Multilingual Matters.
- Skutnabb-Kangas, T. (2000). Linguistic Genocide in Education. Routledge References
- Allison, C. (2016). Kurdish Culture and Identity. Zed Books.
- Bourdieu, P. (1991). Language and Symbolic Power. Harvard University Press.
- Bruinessen, M. van. (2000). Kurdish Ethno-Nationalism Versus Nation-Building States. ISIM.

- Crystal, D. (2000). Language Death. Cambridge University Press.
- Edwards, J. (2009). Language and Identity. Cambridge University Press.
- Fishman, J. (1972). Language in Sociocultural Change. Stanford University Press.
- Hassanpour, A. (1992). Nationalism and Language in Kurdistan. Mellen Research University Press.
- Phillipson, R. (1992). Linguistic Imperialism. Oxford University Press.
- Sheyholislami, J. (2011). Kurdish Identity, Discourse, and New Media. Palgrave Macmillan.
- Skutnabb-Kangas, T. (2000). Linguistic Genocide in Education. Lawrence Erlbaum.
- Spolsky, B. (2004). Language Policy. Cambridge University Press.

# شیکردنەوەی ڕەخنەیی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان،
## لە دەقە چاپەمەنییەکانی سەردەمی پەهڵەوی
## تا سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران

د.عادڵ محەممەدی

چاپەمەنی ئامرازێکی گرنگە بۆ بەرهەمهێنان و نواندنەوەی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان و دەتوانێت بە شێوازی جۆراوجۆر تێڕوانین و پێکهاتەکانی دەسەڵات ئاشکرا بکات، توێژینەوەی بەردەست ئایدۆلۆژیا زمانییەکان لە دەقە چاپەمەنییەکانی ئێراندا تاوتوێ دەکات، بۆ ئەوەی ئەو ئایدۆلۆژیا زمانییانەی سەبارەت بە زمانەکانی ناوخۆی ئێران بڵاو دەکرێنەوە، دەستنیشان بکات. داتاکانی ئەو توێژینەوە بەشێوەی کتێبخانەیی لە ڕێگەی نموونە وەرگرتنی ئامانجدار لە سەردەمی پەهلەوی یەکەم و دووەم تا سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران (٢٧٢٢–٢٦٢٥) کۆکراونەتەوە و بەپێی میتۆدی وەسفیی- شیکاری لە چوارچێوەی شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی و زمانناسیی کۆمەڵایەتی و بەپێی ڕێبازی ئایدۆلۆژیا زمانییەکاندا لێکدانەوەیان بۆکراوە، شیکردنەوەی داتاکانی بەردەست لە دەقە چاپەمەنییەکاندا، پشتگیری لە ئایدۆلۆژیای تاکزمانی دەکەن و ڕەواییدان بەم ئایدۆلۆژیایە دەبەخشن؛ چونکە تاکزمانی وەک فاکتەری یەکگرتوویی نەتەوەیی سەیر دەکەن و مەرجی هاودەنگیی ئاخێوەرانی کۆمەڵگە لە تاکەزمانێکی دیارکراو دەزانن. ئەو ئایدۆلۆژیایەش کە بانگەشە بۆ فرەچەشنیی و جۆراوجۆریی زمانی دەکات، دژی یەکگرتوویی کۆمەڵگە و ئاسایشی نەتەوەیی دادەنێن و لە کۆتاییدا بە بەڵگاندن و بۆچوونی نازمانناسانە، جۆراوجۆریی زمانەکان دەخەنە پەراوێزەوە تا ئەو رادەیەی کە ئەو جۆرە بۆچوونانە کە بۆ پاساودانی ئایدۆلۆژیای تاکزمانی بەکاری دەهێنن، نەتەنیا لە ڕووی فاکتە زمانییکانەوە پاساوێکی زانستییان بۆ نادۆزرێتەو؛ بەڵکوو لە ڕووی فاکتەکانی دەرەوەی زمانیش کە هۆکارە کۆمەڵایەتی- سیاسییەکان لەخۆدەگرێت، دەخرێنە بەر ڕەخنە و پرسیار.

**وشەگەلی سەرەکی:** ئایدۆلۆژیا زمانییەکان؛ تاکزمانی؛ جۆراوجۆریی زمانی؛ شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی.

## ١. پێشەکی

ئایدۆلۆژیا زمانییەکان بریتین لە تێڕوانین و بیروباوەڕەکان سەبارەت بە زمان و ئاخێوەرەکانی، ئەم ئایدۆلۆژیا زمانییانە لە کۆمەڵگەدا وەک دیاردەیەکی سروشتین و کاریگەرییان لەسەر ئاخێوەرانی کۆمەڵگە هەیە. ئاخێوەرانی کۆمەڵگەی زمانی لەوانەیە پێیان وابێت هەندێک زمان لە هەندێک بەستێندا نەگونجاو و نەشیاون، یان زمانێک کەم تا زۆر بۆ بەرهەمهێنانی زانست گونجاوە و هتد (ولارد، ٢٠٢٠). ئەم بیروباوەڕانە زۆرجار ئەوەندە لە هۆشیاریی خەڵکدا دەچەسپێت کە وەک «تێگەیشتنی باو » دادەنرێت، ئەمەش وایکردووە کە لەناوبردن و پووچەڵکردنەوەیان ئەستەم بێت (کوشینگ، ٢٠٢١).

تێگەیشتنی باو، یان عەقڵی باو، ئاماژە بەو باوەڕە هاوبەشانە دەکات کە لەنێوان خەڵکدا هەیە (فێرکلاف، ١٩٩٥). روانگەی ڕەخنەیی سەبارەت بە ئایدۆلۆژیا زمانییەکان بەپێی ڕەخنەگرتن لە جیهانی کۆمەڵایەتی زمانییە کە لەسەر نایەکسانی و نادادپەروەری و سیستەمەکانی زاڵبوون دامەزراوە (ئالبێری، ٢٠٢٠).

زۆرجار دەقە چاپەمەنییەکان رەوایی بە ئایدۆلۆژیا زمانییەکان دەبەخشن و هەر وەک ئەندەرسۆن (١٩٨٣) دەڵێت: «ئەم دەقانە باس لە ئایدۆلۆژیایەک دەکەن کە «کۆمەڵەی خەیاڵی» پێکهێناوە؛ بۆ نموونە بانگەشە بۆ ئایدۆلۆژیی تاکزمانی دەکەن و دەڵێن هەزاران ساڵە زمانێکمان بووە کە ئامرازی یەکگرتوویی نەتەوەکەمانە، کەوابوو جۆراوجۆریی زمانی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکێتی نەتەوەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵگە سەیر دەکرێت» (هوڵت؛ هورنبێرگر، ٢٠١٦)، یان ئایدۆلۆژیا زمانییەکان دەکەنە ئامرازێک بۆ زاڵبوونی دەسەڵات و هێژمۆنی؛ بۆ نموونە ئەم دەقانە زەینی ئاخێوەر داگیر دەکەن و لە مێشکیدا دەیچەسپێنن، کە ئایدۆلۆژیای زمانی فەرمی لە وڵاتێکدا بەزۆر بەسەر ئاخێوەراندا نەسەپێنراوە؛ بۆیە ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوە ئەوەیە ئایدۆلۆژیا زمانییەکان لە دەقە چاپەمەنییەکاندا تاوتوێ بکات و ئەم کێشەیە بخاتەڕوو کە دەقە چاپەمەنییەکان بە چ شێوەیەک باس لە ئایدۆلۆژیا زمانییەکان دەکەن، پرسیارە سەرەکییەکەی توێژینەوەی بەردەست ئەوەیە کە نواندنەوەی کام جۆر لە ئایدۆلۆژیا زمانییەکان ڕێژەی بەکارهێنانی لەنێو دەقەکاندا زۆرترە؟

بۆیە لەم توێژینەوەیەدا ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان لە دەوری پرسەکانی زماندا دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە و بە روانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە باس لەو ئایدۆلۆژیا زمانییانە دەکەین کە سەبارەت بە پرسی زمان لە دەقە چاپەمانییەکای ئێراندا بڵاو

کراونەتەوە، لەم ساڵانەی دواییدا هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەسەر جۆرەکانی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان لە دەقە چاپەمەنییەکانی ئێراندا ئەنجام نەدراوە و دەکرێت بڵێین توێژینەوەی بەردەست بۆ یەکەم جار بە شێوازێکی نوێ و بەربڵاو ڕەخنە لەم ئایدۆلۆژیا زمانییانە دەگرێت و بەپێی ڕوانگەی زمانناسانە، بەڵگاندنەکان و بۆچوونەکانی خۆی دەخاتەڕوو.

## ٢. پێشینەی توێژینەوە

پێداچوونەوەیەک بە پاشخانی توێژینەوەی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان دەتوانێت ببێتە هۆی تێگەیشتنێکی قووڵتر لە پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات، لەم ساڵانەی دوایی، توێژینەوەی جۆراوجۆر لەسەر ئایدۆلۆژیا زمانییەکان ئەنجام دراوە. شوهامی (٢٠٠٦) لە وتارێکدا بەناونیشانی «قوتابخانە فرەزمانییە خەیاڵییەکان: بۆچی ئەوەی بەڵێنی پێ دەدەین جێبەجێ ناکرێ؟» باس لەوە دەکات کە چۆن ئایدۆلۆژیا زمانییەکان لە ڕێگەی سیاسەتی پەروەردەییەوە ڕێگری لە سیستەمی فرەزمانی دەکەن. لە کۆتاییدا زاڵکردن و زاڵبوونی ئایدۆلۆژیای تاکزمانی وەکوو پیلانێک دەزانێت کە لە لایەن چینی دەستەبژێرەوە بۆ وەدەستهێنانی هێز و دەسەڵات پەرەی پێ دەدرێت. هەروەها ئایدۆلۆژیای تاکزمانی بە ئەفسانەیەکی ساختەیی دادەنێت کە زۆرجار ڕێکخراوە پەروەردەییەکان بە «تەماحە ئایدیۆلۆژیکییەکان »ی خۆیانەوە پرۆسەی تاکزمانی پەسەند دەکەن.

کامیرۆن (٢٠١٢) لە توێژینەوەکی خۆیدا بەناونیشانی «کاڵاسازیی زمانی: ئینگلیزی وەک کاڵایەکی جیهانی» باس لەوە دەکات کە ئایدیۆلۆژیا نیۆلیبراڵەکان لە «بازاڕی زمانی» دا، ئاخێوەران هان دەدەن کە تەنیا زمانی فەرمی کاڵایەکی بەنرخی زمانییە، لە ئاکامدا ئەم گوتارە هێژمۆنیکە لەسەر ژیانی ئاخێوەران کاریگەری هەیە و بە بیانووی بەدەستهێنانی کار و داهاتێکی باشتر، بانگەشە بۆ زمانی ستاندارد دەکات و ئەو ئاخێوەرانەی کە لەسەردەمی نیۆلیبراڵیزمدا دەژین، بە ناچاری ئەم ئایدیۆلۆژیای تاکزمانییە وەردەگرن کە جێگەی پاشسەرمایەداری دەگرێتەوە. لیدیکۆت و تایلۆر لیچ (٢٠١٥) لە وتارێکدا «پەروەردەی فرەزمانی: ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا و هەڵوێستە زمانییەکان» ئایدۆلۆژیا زمانییەکان تاوتوێ دەکەن و بە پشتبەستن بە میتۆدی چۆنییەتی باس لەوە دەکەن ئەم ئایدۆلۆژیا زمانییانە بۆ زمانە کەمینەکان گرینگن و ئامرازێکن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەست و بیرۆکەی ئاخێوەران سەبارەت بە جۆراوجۆریی زمانی.

کینگ (٢٠١٨) لە بەرهەمێکدا «کاریگەری فرەزمانی لەسەر پەروەردەی جیهانی و

فێربوونی زمان» ئایدۆلۆژیای تاکزمانی وەکوو دیاردەیەکی لاواز و ناتەواو پێناسە دەکات و بڕوای وایە جۆراوجۆریی زمانی لە زۆربەی شوێنەکانی دنیادا هەیە کە نیشانەی زیندوویی جیهانە و دیاردەیەکە زۆربەی وڵاتانی جیهان شانازیی پێوە دەکەن، باشترین نموونە لە ئەوڕووپا، لەندەنە کە بۆ زۆرکەس ئەو شارە شوێنێکی شکۆدار، بە جۆشوخرۆش و مەکۆی زیاتر لە ٢٠٠ زمانە. ماسۆن (٢٠٢٠) ئایدۆلۆژیا زمانییەکان لە دەقەکانی چاپکراوی میدیاکانی ئوسترالیادا شی دەکاتەوە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخەن کە ئایدۆلۆژیاکان چەمکی جۆراوجۆریی زمانی وەک کێشەیەک سەیر دەکەن و پێگەی ئایدیۆلۆژی زمانییەکان لە چاپەمەنیدا کاریگەرییان لەسەر تێڕوانینەکانی ڕۆڵی پەروەردە هەیە.

لە نوێترین لێکۆڵینەوەی گراف و هاوکارانی (٢٠٢٣) ڕۆڵی جۆراوجۆریی زمانی بەپێی تیوریی رویز (١٩٨٤) لە روانگەی زمان، وەکوو سەرچاوە، یان وەکوو گرفت تاوتۆی دەکەن، یان سکرێتی (٢٠٢٤) ئایدۆلۆژیا زمانییەکان لە چاپەمەنییەکانی ئیتالیادا شی دەکەنەوە. هەروەها کیر (٢٠٢٥) لە توێژینەوەکەی خۆیدا ئایدۆلۆژیا زمانییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا تاوتوێ دەکات و سیاسەتی فرەزمانی دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

لە توێژەرانی ناوخۆ رەسوڵی و هاوکارانی (٢٠١٥) ئایدۆلۆژیای زمانیی حکومەتی پەهلەوییان لە کوردستاندا لەسەر بنەمای بەڵگەنامە فەرمییەکانە تاوتوێ کردووە.

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، سیاسەتی تواندنەوەی زمانی لە ئێراندا لەلایەن پەهلەوی یەکەمەوە دەستی پێ کرد و بەڵگەنامە فەرمییەکانی ئەو سەردەمە ئەم وتەیە دەسەلمێنن. ئەم بەڵگانە بە راشکاوانە پڕۆژەی تواندنەوەی زمانی لە ئێراندا دەخەنەڕوو کە لە وڵاتێکی فرەزمانیدا، دەبێ فێری زمانێکی باڵادەست ببن و لەناو ئەم زمانەدا بتوێنەوە.

کەلان (٢٠١٨) بە مەبەستی ناساندنی گوتارە باوەکان سەبارت بە جۆراوجۆریی زمانی لە ئێراندا ٣٠٠ بەڵگە شرۆڤە دەکات و لە ئاکامدا ڕەخنە لە تیۆریی تاکزمانی دەگرێت و بڕوای وایە لێکۆڵینەوەکانی زانستی زماننناسی لەم ساڵانەی دواییدا ئایدیۆلۆژیی تاکزمانی بە بیرۆکەیەکی پاشکەوتوو و نازانستی دەزانن کە نەتەنیا قازانجێکی ئەرێنی بە دوای خۆیدا نییە؛ بەڵکوو زیان و ئەنجامە نەرێنییەکانی بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ کردووە. شێخولئیسلامی (٢٠١٩) لەسەر زمانە نافارسییەکان وەکوو

پرسی زمانی کورد لە ئێراندا دەکۆڵێتەوە و بۆ شرۆڤەی داتاکان، مۆدیلی رویزی هەڵبژاردووە کە تێیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە نابێت زمان وەک کێشەیەک لە کۆمەڵگە سەیر بکرێت و زمانێکی باڵادەست، ببێتە هۆی پێشێلکردنی مافی زمانیی ئاخێوەرەکانی دیکە. خالق¬پناه و سنائی (١٣٩٩) بەپێی میتۆدی شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی، بەڵگەنامە و یاسای و پەیڕەوی حکومەتی لە سێ قۆناغی: سەردەمی مەشرووتە، پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی ئێران تاوتوێ کردووە کە لە ئەنجامی سیاسەتی زمانیدا، زمانی فارسی وەک یەکێک لە گرینگترین پێکهێنەرەکانی ناسنامەی نەتەوەیی سەیر دەکرێت.

فەرهەنگی و نامی (٢٠٢٤) لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئایدۆلۆژیای فرەزمانی لە ئێراندا و کاریگەرییەکانی خوێندن بە زمانی یەکەم (وەک دەڵێن زمانی دایکی) ئەنجام دەدەن، بۆ ئەم مەبەستە لێهاتوویی زمانی منداڵان لە ڕێگەی شیکردنەوەی نمونەگیریی زمانەوە پێوانە دەکرێت. دەرەنجامەکان ئەو دیاردەیە دەخەنەڕوو کە منداڵانی دوو زمانە ئاستێکی باشتریان هەیە. لە کۆتاییدا ئەم توێژینەوەیە پاڵپشتی لە تیۆریی بەکارهێنانی زمانی دایکی منداڵان لە بەرنامەی پەروەردەیی دەکات. محەممەدی (١٤٠٣) لە توێژینەوەکەی خۆیدا دەڵێت: وێنا زەینییەکان و گریمانە هەڵەکان کە بە مەبەستی دژایەتی لەگەڵ جۆراوجۆرییە زمانییەکان پێکدێن و پەرە بە ئایدیۆلۆژیا تاکزمانییەکان دەدەن، زیاتر لە خوازەکاندا دەردەکەون، ئەو توێژینەوەیە بەشێوەی وەسفیی- شیکارییە کە لە شیکردنەوەی داتاکاندا، خوازەی «زمان وەک نەتەوە» زۆرترین ڕێژەی لە چاپەمەنییەکاندا بەخۆی بەخشیوە.

### ٣. بنەما و چوارچێوەی تیۆریک

#### ٣-١ گوتاری سیاسەتی زمانی

گوتار فۆرمێکە لە «کرداری کۆمەڵایەتی» کە پێوەندیی دیالێکتیکی لە نێوان ڕووداوە دیارکراوەکان و بەستێن، ڕێکخراوە(کان) و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتەڕوو (فێرکلاف و وۆداک، ١٩٩٧:٢٥٨). کردارە گوتارییەکان لەبەستێنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و مێژوویی بەربڵاودا جێگیر دەکرێن و پێکەوە پێوەندییان هەیە (ڕیزیگڵ و وۆداک، ٢٠٠٩) کە بە «کۆمەڵێک لە گرێبەستە پێوەندیدارەکان لەگەڵ ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان» دیار دەکرێن (فێرکلاف، ١٩٨٩:١٧).

ئاشکرایە ئەم جۆرە گوتارانە یارمەتیی عەقڵانیکردنی ئایدیۆلۆژیاکان و بڕیارەکانی خەڵک دەدەن؛ بۆنموونە دەتوانین ئاماژە بە هەڵبژاردنی فێرکاریی میدیای ئینگلیزی بکەین، کە لە بەستێنی فێرکاریی فرەزمانیدا دەخرێتەڕوو و بەپێی گوتاری باڵادەست، لە دۆخە جیاوازەکاندا لە ڕێگەی پێوەندییەکانی دەسەڵات و هێزەوە پێک دێت و ئاسایی دەکرێت (فێرکلاف، ١٩٩٢:٦٧) و لە ئەنجامدا پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان پێک دەهێنێت. بە وتەیەکی تر، ئەو گوتارە باڵادەستەی لە داڕشتنی سیاسەتی زمانیدا دەوڕێکی گرینگی هەیە، پێوەندییەکانی دەسەڵاتی نێوان زمانەکان نیشان دەدات و ئەو زمانەی دەسەڵاتی زیاتری هەیە، زەق دەکرێتەوە و زمانەکانی دیکە دەخرێنە پەراوێزەوە (تالێفسون، ١٩٩١).

**٣-٢.ئایدیۆلۆژیا زمانییە باوەکان**

ئایدیۆلۆژیا زمانییەکان بریتین لە سیستەمێک لەبیر و باوەڕەکان سەبارەت بە ئەرکی زمان کە لە بەستێنی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەیەکی دیارکراودا دەنوێندرێن. بنیاتنانی ئەم ئایدیۆلۆژیانە بە شێوەیەکی ڕەمەکی ڕوونادات؛ بەڵکوو هەمیشە لە بەستێنی کۆمەڵایەتی، مێژوویی و سیاسییەکی تایبەتدا دەخرێتەڕوو، پاشان ئەم ئایدیۆلۆژیانە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەپێی سیاسەتەکانی زمانی، یان سیاسەتی فێرکاریی زمانەوە، وەکوو کردار، یان کردەیەک دەگۆڕدرێن (سپۆلسکی، ٢٠٠٤)؛ (بلاکلێدج و پاڤلێنکۆ، ٢٠٠٢). بلومارت (٢٠٠٥، ١٧١) بڕوای وایە پێوەندیی نێوان ئایدیۆلۆژیا زمانییەکان و ئایدیۆلۆژیاکانی دیکە وەک ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ـ سیاسی، یان کەلتووری زۆر گرینگە؛ چونکە ئەم چەمکە بە شێوەیەکی سیستەماتیک زمان و کۆمەڵگە لە فۆرمی دیالێکتیکی پێکەوە دەبەستێتەوە (ولارد، ٢٠٢٠: ٧٢). ئامانجی ئایدیۆلۆژیا زمانییەکان لە ڕاستیدا پرسێکی زمانی نییە؛ بەڵکوو پرسێکی کۆمەڵایەتییە.

توێژینەوە ئایدیۆلۆژیکییەکانی زمان هەروەک بەشێک لە شیکردنەوەی ڕەخنەیی، دەتوانن ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاریی ئاخێوەران بەرنە سەرەوە (پیلێر، ٢٠١٥). بەگشتی ئەو ئایدیۆلۆژیا زمانییانە کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا زاڵ کراون، بریتین لە:

١- لە ئایدیۆلۆژیای یەکەم بەکارهێنانی زمانی هاوبەش لە لایەن هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەوە بۆ بەدیهێنانی هاودەنگی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی زۆر گرینگ و پێویستە؛ هەر بۆیە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی تەنیا لە ڕێگەی ئەم زمانەوە مسۆگەر دەبێت.

٢-لە ئایدیۆلۆژیای دووەم «لێهاتوویی زمانی» مەرجێکە بۆ ئامادەبوون لە بەشداریی کۆمەڵایەتیدا کە تەنیا لە ڕێگەی ئەم زمانەوە دابین دەکرێت؛ چونکە لێهاتوویی زمانی، ناسینی کەلتوور و نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکانە.

٣- لە ئایدیۆلۆژیای سێهەم گرینگی نەدان بە فێربوون و بەکارنەهێنانی زمانی باڵادەست، نیشانەی بێوەفایی بەرانبەر بە نەتەوەیە و مەترسی و هەڕەشەیەکە بۆ سەر یەکپارچەیی و یەکگرتوویی ئەو نەتەوەیە (هارنێر، ٢٠٠٩؛ پیلێر، ٢٠٠١).

**٣-٢-١. ڕەخنە لەسەر ئایدۆلۆژیای یەکەم.**

دەکرێت بڵێین ئایدۆلۆژیای یەکەم هەر ئەو ئایدیۆلۆژیای یەک زمان - یەک نەتەوە یە کە لەسەر بنەمای گوتاری دەوڵەت - نەتەوە دامەزراوە؛ واتە لە ڕێگەی «زمانی نەتەوەیی» یەوە هەوڵ دەدات کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو و یەکپارچە پێک بهێنێت. لە ڕاستیدا ئایدیۆلۆژیای تاکزمانی لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەت - نەتەوەکانی ئەوڕووپا سەری هەڵدا کە لە سەدەی پازدەوە، بەتایبەت لەگەڵ شۆڕشی فەڕەنسا و بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا دەستی پێ کرد. ڕەوانبێژی و سیاسەتی ناسیۆنالیستی، میراتێکی بەهێز و درێژخایەنی بەپێی تاکزمانیی ئایدیۆلۆژیکی لە ئەوڕووپا و شوێنەکانی تردا بەجێهێشت و «حکوومەتی زمانی» لە ڕێگەی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی ئەوڕووپاوە دەستی پێ کرد (کینگ، ٢٠١٨). لەم جۆرە گوتارانەدا، خەڵک بە «تێگەیشتنی هاوبەش» هەردەم بۆمباران دەکران کە فرەزمانی دەبێتە هۆی تێکچوون و پارچەپارچەبوونی نێوانیان (وودز، ٢٠٠٦: ١٦٢)؛ بەڵام وەها بیرۆکەیەک بێبنەمایە و پڕۆژەیەکی وەها کارامە و کاریگەر نییە (هێگارتی، ٢٠٢٠)؛ چونکە لایەنگرانی ئەم جۆرە ئایدۆلۆژیایە دەبێ بزانن کە کۆمەڵگەی تاکزمانی لە هیچ شوێنێکی جیهاندا بوونی دەرەکیی نییە و لە روانگەی ئێدواردز (١٩٩٤: ٥٥)ـەوە، تەنانەت لە جیهانی ڕاستەقینەدا ئاخێوەری تاکزمانەش هەر بوونی نییە و هەموو ئاخێوەران، لانیکەم هەندێک وشە لە زمانێکی دیکە دەزانن. لە روانگەی پاتێنەوە کۆمەڵگا تاکزمانەکان بەرهەمی وەهم و خەیاڵن و ئەم کۆمەڵگە خەیاڵییانە دەیانەوێت ئەو ئاخێوەرانەی بە زمانی زۆرینە نادوێن، بیانخەنە پەراوێزەوە و پشتگوێیان بخەن (پاتێن، ٢٠٠٦:٤٥).

**٣-٢-٢. ڕەخنە لەسەر ئایدۆلۆژیای دووەم**

ئەم ئایدۆلۆژیایە پەرە بە سیستەمی فێرکاریی تاکزمانی دەدات و منداڵان لە زمانی یەکەم (وەک دەڵێن زمانی دایکی) بێبەش دەکات؛ بۆیە ئەمە پرسێکە لەم دواییانەدا لە لایەن زمانناسانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و بە شێوەیەکی زانستی وەڵام دراوەتەوە، ئەم ئایدۆلۆژیایە بە راشکاوانە پڕۆژەی تواندنەوەی زمانی دەخەنەڕوو کە یەکێک لە چوار ئایدیۆلۆژیای تاکڕەهەندیی کۆباروبیاس (١٩٨٣)ە و داوا لە هەموو ئاخێوەران دەکات لە وڵاتێکی فرەزمانیدا دەبێ فێری زمانێکی باڵادەست ببن و لەناو ئەم زمانەدا بتوێنەوە.

**٣-٢-٣ ڕەخنە لەسەر ئایدۆلۆژیای سێهەم**

ئەم ئایدۆلۆژیایە ئەو داواکارییانەی لەسەر زمانی یەکەم -وەک دەڵێن زمانی دایکی- دەکرێن لەگەڵ «بزووتنەوەی جیاییخواز» » یان «سەربەخۆخواز» تێکەڵ دەکات، بەو واتایە کە هەندێک لە ئاخێوەرەکانی زمانی باڵادەست پێیان وایە ئەگەر ئاخێوەرانی دیکە بە زمانێکی تر جگە لە زمانی ئەوان پـەروەردە بکرێن، لە داهاتوودا ڕێگە بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان خۆش دەبێت، ئەم جۆرە بیرۆکەیە بە تەواوی هەڵەیە؛ چونکە تێڕوانینێکی لەو چەشنە ئەنجامەکەی پێچەوانەیە؛ واتە جیابوونەوە کاتێک ڕوودەدات کە زمانەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ و یەکسان لە سیستەمی فێرکاریدا هاوبەش نەبن، بەم هۆیە کێشە و ململانێی نێوان ئاخێوەران دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گرووپە بەرهەڵستکارەکان (کەلان، ٢٠١٨: ١٥٣-١٥١). بە وتەیەکی دیکە، ئەم ڕوانگەیە گوتاری «خود»/ «ئەویتر» ساز دەکات و ئەم هاوبەش نەبوون و نایەکسانییە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاخێوەران دژی یەکتر راوەستن، بەو واتایەی کە کۆمەڵێک لە ئاخێوەران بەرەنگاری زمانی باڵادەست دەبنەوە و لە ئاکامدا گرژی و مشتومڕی زمانی لە نێوان ئاخێوەراندا ڕوودەدات و هەر ئەمە خۆی بیانوویەکە بۆ جیابوونەوەیان، نموونەیەکی دیار لەم دیاردەیە لە ڕۆژی ٢ی رەشەمەی ساڵی ١٩٥٢دا ڕووی دا کە خوێندکارانی بەنگلادیش دەیانویست زمانی بەنگالی لە یەکێک لە ویلایەتەکانی پاکستان بە فەرمی بناسرێت؛ بەڵام لە کۆتاییدا ئەم بابەتە بووە هۆی کوشتنی هەندێکیان و هەروەها ئەوەی کە ڕۆژێک بە ناوی «ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی» لە لایەن یونسکۆوە لە جیهاندا دیار بکرێت (کریستاڵ، ٢٠٠٤:٢). ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە کە لەسەر دیارکردنی مافی زمانی

بەنگلادیشی بوو، دواجار وڵاتی پاکستانی دابەش کرد. بە وتەیەکی دیکە، پێکدادان و ناکۆکی لەسەر زمان، دەورێکی بەرچاوی لە جیاکردنەوەی بەنگلادیش لە پاکستان بووە و ڕووداوی سەرەکیی ئەم ناکۆکییە لە زمانەوە دەستی پێ کرد و شەڕێکی ٩ مانگەی بۆ سەربەخۆییی بەنگلادیش هەڵگیرساند کە تێیدا ٣ ملیۆن کەس کوژران (ڕیکرسۆن و هیلتۆن، ٢٠٠٦: ٨٤).

ئەم ئایدیۆلۆژیانەی سەرەوە بەردەوام لە لایەن داڕێژەرانی سیاسەت و دەسەڵاتدارانەوە بانگەشەیان بۆدەکرێت و هەردەم لە زاری ئەواندا دووپات دەکرێنەوە و هەندێ جار شوێنە ئەکادیمییەکانیش مەشرووعییەت و ڕەواییدان بەم جۆرە ئایدیۆلۆژیانە دەدەن (هارنێر، ٢٠٠٩؛ پیلێر، ٢٠٠١). هەر سێ ئایدۆلۆژیا ئاماژەپێکراوەکان لەگەڵ جۆراوجۆریی زمانیدا دژایەتییان هەیە و بە وتەی کامینز (١٩٩٧) تەنانەت بڕوایان وایە کە «دووزمانەیی دەرگاکان دادەخات » و جۆراوجۆریی زمانی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکگرتوویی نەتەوەیی سەیر دەکەن (لیدیکۆت و تایلۆر-لیچ، ٢٠١٥). لە کاتێکدا جۆراوجۆریی زمانی وەک «خێرێکی کۆمەڵایەتی» بەقازانجە و ڕێگە بۆ بەشداریکردنی ئاخێوەران لە گوتاری گشتیدا دابین دەکات (کامێرون، ٢٠١٢: ٢٥-٢٣).

### ٤-. میتۆدناسیی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا سەبارەت بەم پرسە زمانییانە، ٣٥٠ بەڵگە بەشێوەی نموونە وەرگرتنی ئامانجدار لە سەردەمی پەهلەوی یەکەم و دووەم و کۆماری ئیسلامیی ئێران (٢٧٢٢-٢٦٢٥) تاوتوێ کراوە. ئەو دەقانە (٧١ دەق لە سەردەمی پەهلەوی یەکەم و دووەم) و (٢٢٩ دەق لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران) بە زمانی فارسین، کە بریتیین لە بەڵگە سیاسییەکان و ئەو بەیاننامە و بەخشنامانەی لە لایەن دەزگا و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانەوە بڵاوکراونەتەوە. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بەڵگەنامانە، پاشخانی مێژوویی ئەم چاپەمەنییانەیە کە لە سەردەمی پەهلەوی و لە سەردەمی ئێستادا بەردەوام بەپێی ژمارە چاپ بڵاو بوونەتەوە و سەرنجی خوێنەرانی زیاتری بەرەو لای خۆیان ڕاکێشاوە. هەروەها ئەو بەڵگەنامانەی کە هەڵبژێردراون، بە شێوەی فەرمی لە لایەن ڕێکخراو و دامەزراوە حکومییەکان ڕاگەێنراون.

توێژینەوەی بەردەست، بەپێی بنەمای وەسفی- شیکاری و لە چوارچێوەی شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی و زمانناسیی کۆمەڵایەتی (ڕێبازی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان)،

داتاکان بەشێوەی میتۆدی چۆنێتیی و چەندێتی شی دەکاتەوە. گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانە لە بواری شیکردنەوەی چۆنێتیدا، دەری دەخەن کە داتاکان بە یارمەتی پەیکەرەزمانییەکان شی دەکرێنەوە و ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە بۆ بەهێزکردنەوەی شیکاریی میتۆدی چۆنێتی، دەکرێت لە میتۆدی چەندێتیش کەڵک وەربگرین (ئەنتۆنی و بەیکەر، ٢٠١٥)؛ واتە ئەگەر دووبارەبوونەوە و ڕێژەی بەکارهێنانی پێکهێنێکی زمانی لە شیکردنەوەی دەقێکدا بەرفراوان بێت، دیارە ئەم پێکهێنە تایبەتییە، پێکهێنێکی گرینگ و زەق و بەرچاوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دەکرێت میتۆدی چەندێتی لە خزمەتی میتۆدی چۆنێتیدا بەکار بهێنرێت.

### ٥-. شیکردنەوەی داتاکان

لە خوارەوە سەرنجی نموونەی ئەم بەڵگانە دەدەین کە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیا زمانییەکاندا پێک هاتوونە:

#### ٥-١-١. شیکردنەوەی نموونەی ئایدۆلۆژیای یەکەم

پێداچوونەوەی کۆتایی یاسای دەستووری، بەرگی دووەم»

*ڕستەی دەقی (١): ئەگەر بڕیار بێت کتێبە وانەییەکان لە هەر ناوچەیەکدا بە زمانی ئەو ناوچەیە بنووسرێت، یەکگرتوویی نەتەوەیی لاواز دەکات.

ئیسنا، کۆدی هەواڵ: ١٤٠٠١٢٠٢٠١٣١٥، ٢ی ڕەشەمەی ٢٧٢٠»

*ڕستەی دەقی (٢): زمانی فارسی دەتوانێ فاکتەرێک بۆ پەرەسەندنی هاودەنگی و یەکگرتوویی ئێرانییەکان بێت.

ماڵپەڕی زانکۆی عەلامەی تەباتەبایی تاران، کۆدی هەواڵ، ١٨٦٢، ٢٩ گوڵانی ٢٠٢٢»

*ڕستەی دەقی (٣) زمانی فارسی هەزاران ساڵە فاکتەری یەکگرتوویی و یەکپارچەی نەتەوەی ئێران بووە و هەموو زمانە ئێرانییەکان دەکەونە ژێر چەتری ئەو زمانەوە.

دەستەواژەی «یەکگرتوویی» و «هاودەنگی» و «یەکپارچەیی» کە لە ڕستەی دەقی (١) و (٢) (٣)دا هاتووە، باس لە ئایدۆلۆژیای یەکەم دەکات، پێشتر ئاماژەمان بەم دیاردەیە کرد کە هاودەنگی و یەکڕیزی و یەکگرتوویی نەتەوەیی لە تاکزمانیدا نادۆزرێتەوە و ئەم تێڕوانینە کۆنە بۆ بیرۆکەی «یەک نەتەوە – یەک زمان» دەگەڕێتەوە کە پەرە بە ئایدۆلۆژیای تاکزمانی دەدات. لە حاڵێکدا ئەوە ئایدۆلۆژیای جۆراوجۆریی زمانییە کە دەتوانێت هاودەنگی و یەکڕیزی و یەکگرتوویی نەتەوەیی دروست بکات.

فاکتەری یەکگرتوویی کۆمەڵگە بەپێی ئایدۆلۆژیای زمانی یەکەم کە زمان وەکوو ئامرازی یەکگرتوویی سەیر دەکات، تێڕوانینێکی بێ بنەمایە و لە نموونەی ئەو وڵاتانە بەتایبەت ئیرلەندی باکوور کە سەرەڕای ئەوەی کاتۆلیکەکان و پرۆتستانتەکان زمانێکی هاوبەشیان هەیە؛ بەڵام هێشتا یەکگرتوویی لە نێوانیاندا مسۆگەر نەبووە (کەلان، ٢٠١٨).

لە روانگەی وارداف، مەرج نییە پێوەندی و هۆگری و خۆشەویستیی کۆمەڵێک خەڵک بۆ وڵاتێک لە ڕێگەی ئەم جۆرە ئایدۆلۆژیایە دیار بکرێت.؛ بۆ نموونە ئەگەرچی زۆرینەی خەڵکی ئەلزاس بەپێی ئەو زمانەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری دەهێنن سەر بە ئاخێوەرێکی جۆرەزمانی ئەڵمانین؛ بەڵام بێگومان حەزیان لە وڵاتی فەڕەنسایە، نەک ئەڵمانیا و لە ئاستی نەتەوەییدا سەیری ڕۆژئاوا دەکەن، نەک ڕۆژهەڵات (وارداف، ٢٠٠٦:٢٨) ؛کەواتە تێڕوانینێکی هەڵەیە ئەگەر وا بیر بکەینەوە کە زمان دەتوانێت ئاخێوەرانی وڵاتێک لە دەوری یەکدا کۆ بکاتەوە و ببێتە هۆی هاودەنگیی و یەکگرتووییان.

هەروەها نموونەی دەقی (٣)، یەکێک لەو تێڕوانینە هەڵانەیە کە بەپێی ئایدۆلۆژیای زمانیی یەکەم دەڵێت: زمانی فارسی بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی ئێران بۆ ماوەی هەزاران ساڵ لەگەڵ یەکتردا پێوەندی بگرن و یەکگرتوو بمێنەوە، لە وەڵامی ئەم جۆرە ئایدۆلۆژیایە ئێدوارد گرانویل براون، ئێراناسی بەناوبانگی بەریتانی کە یەکەم کتێبی لەسەر مێژووی ئەدەبی فارسی (١٩٠٢) نووسیوە و زۆریش ستایشی زمانی فارسی کردووە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە سەردەمی قاجارەکاندا کاتێک لە تاران دەهاتیتە دەرەوە، کەمتر ئاخێوەرێک بە فارسی قسەی دەکرد. جگە لەوەش، لە ڕابردوودا پێکهێنی زمان لەسەر ئایدیۆلۆژیاکانی دەوڵەت – نەتەوەکاندا بە شێوەی تاکزمانی بەسەر ئاخێوەراندا زاڵ نەبووە، کە هەموو ئاخێوەران بتوانن شارەزاییان لە خوێندن، نووسین، قسەکردن بە زمانی فارسی ببێت و لە ڕێگەی ئەم زمانەوە لە یەکتر تێ بگەن؛ بۆیە بیرۆکەیەکی هەڵەیە بڵێین زمانی فارسی بۆماوەی هەزار ساڵ زمانی یەکگرتووی هەموو ئاخێوەرە ئێرانییەکان بووە و هەموو ئاخێوەرێک دەیتوانی بەم زمانە لە قسە و ئاخاوتنی یەکتر تێ بگات. بەڵگە و شاهیدی زیندوو، نەوەکانی پێشوو و باب و باپیرانمانن، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە نەوەکانی پێشووی ئاخێوەرانی کورد، عەرەب، تورک و هتد، بکەین کە لە مەکتەبدا فێری زمانی فارسی نەبوونە، بە ئەستەم بەم زمانە پێوەندییان دەگرت و هێشتا و لە سەردەمی ئێستاشدا کەسانێک هەن کە فارسی نازانن و ناتوانن بەم زمانە پێوەندی بگرن (محەممەدی، ٢٠٢٣:١٢٨). سەیری نموونەی (٤) بکەن:

ئاژانسی هەواڵی فارس، کۆدی هەواڵ: ٥٣٦٧٧٨٠، ١٨ی سەرماوەزی ٢٧٢١»

*ڕستەی دەقی (٤): لە روانگەی زمانناسیی مێژووییەوە، دەکرێت بڵێین زمانی فارسی، زمانی دایکی، زمانی کەلتووریی و مێژوویی هەموو ئێرانییەکانە.

هەر بەو چەشنەی لەو نموونەی (٤)دا دەبینن، زمانی هەموو ئێرانییەکان بە زمانی دایکیی فارسی دەستنیشان کراوە، وەها وتەیەک سەبارەت بە زمان لە روانگەی زانستی زمانناسی نەتەنیا هیچ بنەمایەکی زانستی نییە؛ بەڵکوو روانگەیەکی سۆزدارانە و نالۆژیکیانەیە و لە ئایدیۆلۆژیای یەکەم سەرچاوەی گرتووە. تەنانەت لە روانگەی خودی زمانناسە ئێرانییەکانەوە نزیکەی سێسەد جۆرەزمان لە ئێراندا هەن، کە هەندێکیان وەکوو عەرەبی و تورکی، لە ڕەگەزی هیندوئەوڕووپایی نایەنە ژمار و لە ریزی زمانە ئێرانییەکاندا نین (صفوی، ١٣٩٨: ١٠-٩). ئەمینی (٢٠١٨) لە ماڵپەڕی متمانەپێکراوی ئێتنۆلۆگدا دەگێڕێتەوە کە ئەو زمانانەی لە ئێراندا هەن بەسەر دوو لق دابەش دەکرێن: یەکەم خۆماڵی (٦٥ زمان) و دووهەم نامۆ (١٤ زمان). تەنانەت زمانەکانی وەکوو گورجی و قەزاقستانی و زمانەکانی دیکە دەبینین کە لەسەرچاوەکانی تردا ئاماژەیان پێ نەکراوە و نەناسراون.

وەها روانگەیەک سەر بە ئایدۆلۆژیای دەوڵەت - نەتەوەی مۆدێرنە و بەر لەوە کە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکان بووە، زمان فاکتێکی سەرەکی نەبوو و ئیمپراتۆرییەکان بە ئاشکرا لەگەڵ سروشتی فرەزمانیی دانیشتووانی ئیمپراتۆرییەکەیاندا گونجابوون، وەک ئێران و میسری کۆن (گریلو، ١٩٩٨: ٣٧). پاشان تا بەر لە دروستکردنی دەوڵەتی نوێی ئێرانی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، زمانەکان لە پێککەوتنێکی سروشتی و جوگرافیدا بوون، تەنیا توێژێکی دەستەبژێری خوێندەوار بوون، زۆرینەی خەڵک هەر زمانی فارسییان نەدەزانی، جگە لەوەش بە وتەی ئوکلار ئیمپراتۆر پێویستی بە جەماوەرێکی باری زمانییەوە نەبوو؛ چونکە فرمانەکانی لە رێگای گرووپێکی بچووکی راسپێردراوی یەکپارچە لە ئیداریی دووزمانەوە بۆ گوێڕایەڵیی خەڵک، راستەوخۆ رادەگەیەنران (ئوکارلار، ٢٠٠٩: ٦٤)؛کەواتە بەڵگاندن و ئارگیومێنتێکی لەو شێوەیە کە زمانی فارسی بە زمانێکی هەزاران ساڵە و زمانێکی هاوبەشی هەموو ئاخێوەران هەڵەیە و لەگەڵ ڕاستییەکانی جیهانی زمانناسیدا ناگونجێت (محەممەدی، ٢٠٢٣: ١٤٥).

**٥-١-٢. شیکردنەوەی نموونەی ئایدۆلۆژیای دووەم**

«ئاژانسی هەواڵنێریی مێهر، کۆدی هەواڵ ٤٦٣٢٠٥٤، ١٠ی ڕەزبەری ٢٧١٨»

*ڕستەی (٥): منداڵانی زیرەک لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا بەهۆی بێگانەبوون لەگەڵ زمانی فارسی و هەروەها لەبەر ئەوەی ناتوانن بە باشی بەم زمانە قسە بکەن، لە پڕۆسەی فێربووندا تووشی کێشەیەکی گەورە دەبن.

*ڕستەی (٦): ئەگەر خوێندکارە دوو زمانەکان نەناسرێنەوە، دوای چەند ساڵێک واز لە خوێندن دەهێنن.

*ڕستەی (٧): زمانی پێوەرە فاکتەرێکە بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی خوێندکاران.

*ڕستەی (٨) پلانی تاقیکردنەوەی لێهاتوویی زمان ڕێک هەمان دادپەروەریی فێرکارییە و دەبێتە هۆی ئەوەی مۆرکی زەینکوێری بە خوێندکارانی ناوچە دوو زمانەییەکان نەلکێنن.

ئیسنا، کۆدی هەواڵ: ١٤٠٠٠٩٠٢٠١٥٥٤، ٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٠

*ڕستەی (٩) خوێندکارانی کورد، تورک، عەرەب، بەلووچ و هتد، دەبێ سەرەتا فێری زمانی فارسی بن و دواتر بگەنە قۆناغی خوێندن و نووسین.

ئەو ڕستانەی سەرەوە، بەپێی چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای دووەم پەرەیان پێ دەدرێت. هۆکاری ئەوەی منداڵان لە ساڵانی سەرەتای خوێندندا واز لە خوێندن دەهێنن، هیچ پێوەندییەکی بە دووزمانەیی بوونەوە نییە؛ بەڵکوو بەپێچەوانەوە، وازهێنان لە خوێندن بەهۆی سەپاندنی ئەم زمانە پێوەرە ڕوودەدات. لە ڕوانگەی سپاڵسکی (٢٠٠٤:٤٧)یەوە، یەکەمین ئەرک و ڕاسپێریی سیاسەتی فێرکاریی زمان، دەبێ دۆزینەوەی ڕێیەک بۆ پڕکردنەوەی مەودای نێوان زمانی ناوماڵ و زمانی قوتابخانە بێت؛ نەک ئەوەی زمانی ناوماڵ لەبیر بکرێت و زمانی قوتابخانە بەسەر منداڵدا بسەپێندرێت.

پێداویستیی «لێهاتوویی هۆشەکیی- ئەکادیمی زمان» کە لە پۆلی سێهەمی قۆناخی سەرەتاییدا هەستی پێ دەکرێت، لە داهاتوودا و لە پۆلەکانی سەرتردا لە قۆناخی ناوەندی و دواتریش لە کۆی ژیاندا بەرەبەرە گەشە دەکات. پێویستە منداڵان زیاتر بەپێی ئەو زانیارییانەی لە زمانی دایکیی خۆیاندا بەدەستیان هێناوە، گەشە بەو چەمکە دەرهەستانە بدەن. ئەگەر لە دەستپێکی قوتابخانەدا گەشەی زمانی یەکەم، یان وەک دەڵێن زمانی دایکیی منداڵان (کە بێگومان لە ڕێگای پەروەردە و ڕاهێنانەوە جێبەجێ

دەبێت) لەبەر چاو نەگیردرێت، لەوانەیە منداڵان هەرگیز لە قۆناغە باڵاکاندا دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخسێت کە لە هیچ زمانێکدا گەشە بە بیرکردنەوەی دەرهەستی خۆیان بدەن. ئەگەر وانەگوتنەوە بە زمانێک بێت کە منداڵان لەگەڵیدا بێگانە بن (بۆ نموونە منداڵی نپاڵی)، ئەوە تەنیا ٢ یان ٣ ساڵی دەستپێکی سەرەتایی لە قوتابخانەدا دەمێننەوە، ئەویش بێ ئەوەی لە وانەگوتنەوەی مامۆستاکان تێبگەن.

لەوانەیە ئەو منداڵانە بتوانن کۆی ئەو شتانەی مامۆستاکەیان پێیان دەڵێت، بەبێ هیچ فێربوون و تێگەیشتنێک لە وانەکان، تەنیا وەکوو تووتی، یان بە شێوەیەکی مەکینەیی دووپات بکەنەوە. هەر بەو هۆیە زۆرینەی منداڵانی زمانە کەمینەکان لە دەستپێکی قوتابخانەدا واز لە خوێندن دەهێنن، بەهەرەیەکی وایان لە ئەو زمانە دەست کەوتبێت و فێری خوێندن و نووسین بە زمانی خۆیان بووبێتن، لە ئاکامدا بێئەوەی زانستێک فێر بووبێن، لە قوتابخانە وەڕەز دەبن، ئەگەر منداڵان بە زمانی خۆیان رابێن و پەروەردە بکرێن، بەئاسانی لە وانەکان دەگەن و فێری هەموو چەمکەکانی وانەیی دەبن. لێهاتوویی هۆشەکیی ـ ئەکادیمی خۆیان بە زمانی یەکەم بەهێزتر دەکەنەوە و ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا ببنە کەسایەتییەکی بیرمەند و زانا و هەروەها لە ئاستێکی باڵاتردا درێژە بە خوێندنی خۆیان بدەن (موهانتی و هاوکاران، ٢٠٠٩).

لە ڕستەکانی دەقی (٧)دا، زمانی پێوەر وەکوو فاکتەرێک بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی قوتابیان پێناسە کراوە کە وەها بەلگاندنێک ئەو کاتە دەتوانێت راست بێت، کە ئەم زمانە هاوکات لەگەڵ زمانی یەکەمی ئاخێوەراندا، لە سیستەمی فێرکاریی فرەزمانیدا بەشدار بێت، نەک بە شێوەی سیستەمی فێرکاریی تاکزمانی بەڕێوە بچێت. دەقی (٨) لە روانگەی زمانناسییەوە، بیرۆکەیەکی هەڵەیە. بۆ وێنە ئەگەر زمانی یەکەمی منداڵ (وەک دەڵێن زمانی دایکی) لەگەڵ زمانی دووەمدا کە زمانێکی باڵادەستە، جیاواز بێت، پێویستە شەش ساڵی سەرەتایی فێرکارییەکەی لە ڕێگەی زمانی یەکەمەوە بێت؛ چونکە «کارامەیی بنەڕەتیی پێوەندیی نێوانکەسی» لە زمانی یەکەمدا دەنوێندرێتەوە (موهانتی و هاوکاران، ٢٠٠٩).

بە بڕوای زمانناسان، ئامانجی ئەم جۆرە ئایدۆلۆژییانە جگە لە نوقمبوون و «تواندنەوەی زمانی» هیچ پاڵنەرێک و پاساوێکی بۆ نادۆزرێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی تواندنەوەی زمانەکان لەناو زمانی باڵادەستدا کە خۆی بە زمانێکی ستاندارد داناوە و سەپاندووە. فێرکاریی نوقمسازی لەسەر بنەمای تیۆریی «مەلەکردن یان

نوقمبوون» دامـەزراوە، ئەم جۆرە ئایدۆلۆژییایە بۆ زمانە کەمینەکان خەسارێکی زۆری هەیە؛ چونکە ڕووبەڕووی پرسێکی دوولایەنە دەبنەوە و ئاستی خوێندنەوەیان دەخاتە ژێر مەترسییەوە، وازهێنان لە زمانی یەکەم و بەکارهێنانی زمانی دووەم نەتەنیا پرۆسەی فێرکاری و فێربوون لاواز دەکات؛ بەڵکوو کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەکردنی هۆشەکی و سەرکەوتنی خوێندن دادەنێت (پیلێر، ٢٠١٦:١٠٧). ئەم جۆرە ئایدۆلۆژییایە کە ئامانجی سیاسەتی تواندنەوە و لێکچوواندنی زمانییە سەرەتا لە لایەن پەهلەوی یەکەمەوە دەستی پێ کرد و بەڵگەنامە فەرمییەکانی ئەو سەردەمە ئەم وتەیە دەسەلمێنن (ڕەسوولی و هاوکارانی، ٢٠١٥).

سەیری ئەم ڕەستانەی خوارەوە بکەن:

ڕێکخراوەی بەڵگەنامە نەتەوەییەکان، کۆدی بەڵگە ٢٩٧/٣٠٤٨٢، شوێنی ئەرشیف ١٢٠ ق ٥ ئاپ ١»

*ڕستەی دەقی (١٠) سەرجەم کارگێڕانی قوتابخانەکان دەبێ لە بەشی گرینگیدان و پەرەپێدانی زمانی فارسی چاودێر و هۆشیار بن، کە هەم مامۆستا و هەم خوێندکار لە قوتابخانەکاندا تەنیا بە زمانی فارسی قسە بکەن.

ڕێکخراوەی بەڵگەنامە نەتەوەییەکان، کۆدی بەڵگە ٢٩٧/٣٣٩٧٧، شوێنی ئەرشیف، ١٢٦ گ ٥ ئاپ ١»

*ڕستەی دەقی (١١) هەرچی زووتر دەبێ زمانی فارسی لەناو خێڵ و عەشیرەکاندا پەرەی بدرێت و لەم دۆخەی هەنووکە دووریان بخاتەوە و بە دامەزراندنی قوتابخانە سەرەتاییەکان، منداڵان و لاوان بکرێنە ئاخێوەرێکی فارسزمان.

ئەم بەڵگانە بە ڕاشکاوانە پرۆژەی لێکچوواندن و تواندنەوەی زمانی لە ئێراندا دەخەنەڕوو کە یەکێک لە چوار ئایدیۆلۆژیای تاکڕەهەندیی کۆباروبیاس (١٩٨٣)ـە و داوا لە هەموو ئاخێوەران دەکات لە وڵاتێکی فرەزمانیدا دەبێت فێری زمانێکی باڵادەست ببن و لەناو ئەم زمانەدا بتوێنەوە. هەروەها کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، ئەم جۆرە ئایدۆلۆژییایە کە سیستەمی تاکزمانی زاڵ کرد، یەکێک لە کردارە نالۆژیکییەکانی پەهلەویی یەکەم بوو کە «فێرکاری بە زمانی فارسی» و «فێرکاریی زمانی فارسی» لەگەڵ یەکتر تێکەڵ کرد و تەنیا مەبەستی لێکچوواندن و تواندنەوەی زمانەکانی دیکە بوو لە ناو زمانی فارسیدا. هەروەها پەرلەمانتار و سەرۆکوەزیرانی ئێران لە ٨ی سەرماوەزی ساڵی ٢٦٢٩ لە جنێڤەوە بۆ کاربەدەستانی ئێران نامەیەکی ناردووە کە

تێیدا جەختی لەسەر هاوشێوەسازی و لێکچوواندنی ئێرانییەکان کردووە. لە ڕوانگەی ئەودا، باشترین کار دەبێت بڵاوکردنەوەی نووسراوەکان بە زمانی فارسی بێت؛ بەڵام نەک بەجۆرێک کە هەست بکرێ دەیانەوێت هەموو خەڵکەکە بکەن بە فارس، هەروەها لەو نامەیەدا نووسیبووی بەختەوەرانە، زمانی تورکی و کوردی زمانێکی ئەدەبی نین و هیچکام لە زمانە کەمینەکان خاوەن ناوەرۆک و دەقێکی ئەدەبیی تایبەت بە خۆیان نین و هەر بۆیە بە ئاسانی لەناو زمان و ئەدەبی فارسیدا دەتوێنەوە («لە پەراوێزی ئێراننناسیدا ٤»، بوخارا، ژمارە ١١٤، ڕەزبەر-خەزەڵوەری ٢٧١٦، لاپەڕەکانی ١٨٥-١٨١).

**سەرنجی ئەم نموونەیەی خوارەوە بدەن:**

ئاژانسی هەواڵی مێهر، کۆدی هەواڵ ٤٦٣٢٠٥٤، ١٠ی ڕەزبەری ٢٧١٨»

*ڕستەی دەقی (١٢) پلانی لێهاتوویی زمانی فارسی ڕێک هەمان دادپەروەریی فێرکارییە و دەبێتە هۆی ئەوەی مۆرکی زەینکوێری بە قوتابییەکانی ناوچە دووزمانەییەکان نەلکێنن.

لە دەقی (١٢)دا باس لەوە کراوە کە پرۆژەی تاقیکردنەوەی لێهاتوویی زمانی فارسی بەپێی دادپەروەریی فێرکارییە؛ بەڵام وەها ڕوانگەیەک لە بواری زمانناسییەوە، هەڵەیە. بە وتەی پیلێر، نادادپەروەریی زمانی کاتێک ڕوودەدات کە تەنیا یەک زمان لە سیستەمی فێرکاریدا جێگیر بکرێت؛ بۆ نموونە خوێندنی باشتر بەپێی ئەو زمانەیە کە ئەرکی «گواستنەوەی زانست» ی لە ئەستۆدایە و زمانەکانی دیکە لەم بوارەوە هیچ بایەخ و بەهایەکیان نییە. بە وتەیەکی تر، کاتێک زمانێک وەکوو زمانی فێرکاری و زانست دەناسێنرێت، بەواتای ئەوەیە کە زمانەکانی دیکە توانای دەربڕینی چەمکە زانستییەکانیان نییە (پیلێر، ٢٠١٦:١٨٠-١٧٢).

**٥-١-٣. شیکردنەوەی نموونەی ئایدۆلۆژیای سێهەم**

«ئیتلاعات، ژمارە ٥٩٧٠، ٩ی ڕێبەندانی ٢٦٤٥»

* ڕستەی دەقی (١٣): خوانەخواستە، لەم قۆناغەدا ئەگەر ئەم پرۆژەیە شکست بهێنێت و زمانێکی تر لە ئێراندا بەسەر فارسیدا زاڵ بێت، ئێران و ئێرانی دەفەوتێت.

لە ئێراندا ئایدۆلۆژیای سێهەم لە ساڵی ٢٦٤٥دا یەکەم هەنگاو بوو لەسەر مژاری

پلانی سیاسەتە زمانییەکانی پەهلەوی دووهـەم. لە ڕستەی دەقی (٧) دا بەڕوونی ڕایگەیاندووە کە ئەگەر زمانێکی تر جگە فارسی لە ئێراندا زاڵ بێت، ئەوە دەبێ فاتیحەی ئێران و ئێرانی بخوێندرێت، خولقاندنی ئەم جۆرە ئایدۆلۆژیایە کە لە مێشکدا جێگیر دەبن، بەواتای ئەوەیە کە تەنیا یەک زمان دەتوانێت ئاخێوەرانی وڵاتی ئێران لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە و باقی زمانەکان پیلانگێڕ و ئاژاوەگێڕن.

سەیری ئەم نموونایەی خوارەوە بکەن:

عەسری ئێران، کۆدی هەواڵ: ٣١٧٢٥٣، ٧ی ڕێبەندانی٢٧١٣»

*ڕستەی دەقی (١٤): خوێندن بە زمانی ئەتنیکەکان، زۆر مەترسیدارە.

*ڕستەی دەقی (١٥): ئەمە بابەتێکی مەترسیدارە و بۆنی پیلانگێڕی لێوە دێت.

* ڕستەی دەقی (١٦): فێرکاری بە زمانە خۆجێیی و ئەتنیکییەکان لە قوتابخانەکاندا دژی ئاسایشی نەتەوەییە.

ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامی، کۆدی هـەواڵ: ٨١٠٥٨٥٤٨، ٥ی ڕەشـەمەی ٢٧١٣»

ڕستەی دەقی (٣): فێرکاریی زمانە خۆجێییەکان لە قوتابخانەکاندا داواکاریی هەندێک لە گرووپە سیاسییەکانە.

ماڵپەڕی هەواڵ-شیکاری ئازەرییەکان، ٥ی سەرماوەزی ٢٧١٤»

*ڕستەی دەقی (١٧): بابەتی فێرکاریی زمانە خۆجێییەکان لە قوتابخانەکانی ئێراندا یەکێکە لە قۆناغەکانی پڕۆژەی جیایی و پارچەپارچەبوونی ئێران.

ئەو ڕستانەی کە لە نموونەکانی سەرەوە هاتوونە، دەستەواژەی «پڕۆژەی جیایی»، «بۆنی پیلانگێڕی»، «بابەتی مەترسیدار»، «دژی ئاسایشی نەتەوەیی»یان تێدایە و هەموویان لە ئایدۆلۆژیای سێهەمدا پەرەیان پێ دەدرێت، کە جگە لە زمانی فارسی نەبێت، زمانەکانی دیکە وەکوو شەڕەنگێز و ئاژاوەگێڕ ناویان لێ دەبرێت. لەم ئایدۆلۆژیایەدا، بەردەوام خوازەی «ئوستوورەی ئاژاوەگێڕ» لە مێشکی خەڵکدا ئەو واتایە دەگەیەنێت کە جیاوازیی زمانەکان، کۆمەڵگە دابەش دەکات و دەبێتە هۆی جیابوونەوەی خەڵک و لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراوە کە ئاخێوەر ناتوانێ هاوکات هەم دڵسۆز و ئەمەگناسی بەها نەتەوەییەکانی خۆی بێت و هەمیش پارێزەری جۆراوجۆریی زمانی بێت. هەروەها لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە کە ئەو زمانەی ئاخێوەر قسەی پێ دەکات، ئەمەگناسیی ئەو لە بەرانبەر بەها نەتەوەییەکاندا کەم و لاواز دەکاتەوە.

بەگشتی زۆرجار لەم ئایدۆلۆژیایە داخوازییەکانی زمان لەگەڵ باسی «جیاییخوازی» تێکەڵ دەکرێت و تێیدا هەر زمانێکی تر جگە لە زمانی فەرمی نەبێت، وەک پڕۆژەیەک بۆ جیاییخوازی و دابەشکردنی وڵات سەیر دەکرێت، هەروەک ڕستەی (١٧) کە بە راشکاوییەوە رایگەیاندووە کە هەموو ئەو گرووپ و کەسانەی مافی زمانییان دەوێت لە بنەڕەتدا جیاییخوازن. پێشتر وتمان ئەم ئایدۆلۆژیایە هەڵەیە؛ لایەنگرانی ئەم جۆرە تێڕوانینە کە بەردەوام دەڵێن لە هەموو وڵاتانی دنیادا تەنیا یەک زمان بە فەرمی ناسراوە، هێشتا نازانن کە زۆربەی وڵاتانی دنیا زیاتر لە زمانێکیان بە فەرمی ناساندووە و ئەم وڵاتانە مودێلێک دەخەنەڕوو کە تێیدا جۆرەزمانەکان لە سیستەمی فێرکاریدا بەشدارن و هاوکات لەژێر ئاڵایەکی هاوبەش و کەلتووڕێکی نەتەوەیی سەقامیان گرتووە، بۆیە زمان ناتوانێت ببێتە هۆی ئەوی ئاخێوەران خۆیان بە وڵاتێکی سەربەخۆ پێناسە بکەن؛ بەڵام پێچەوانەی ئەمە هەیە و ئەگەر سەیری وڵاتانی دیکە بکەین؛ بۆ نموونە زمانی فارسیی تارانی و زمانی فارسیی کابولی لە بازنەی سنوورە سیاسییەکانی ئێران و ئەفغانستاندا هەر یەکەیان وەک زمانێکی پێوەر و ڕەنگە وەک زمانێکی جیاواز سەیر بکرێن و ئاخێوەرەکانیان وەکوو یەک دەدوێن؛ بەڵام لە زۆربەی بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا خۆیان سەر بە دوو وڵاتی جیاواز پێناسە دەکەن، یان وڵاتی ئازەربایجان بەپێچەوانەی وڵاتی تورکیا، زمانی فەرمیی خۆی بە تورکی ناو نابات؛ بەڵکوو بە ئازەری ناوی دەنێت. بە وتەی دومێرت (٢٠١١:٢٦١) زۆرجار زمانەکان لە بواری پێکهاتەییەوە وەکوو یەکن و شێوە لێکچووەکانی ئاخاوتنیان لە یەک دەچێت؛ بەڵام بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە وەک زمانی جیاواز و جیا ڕیزبەندی دەکرێن؛ بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە زمانی هیندی و ئوردوو، یان کرۆڤاتیا و سربیا بکەین؛ هەر بۆیە مەرج نییە پێوەندی و هۆگری و خۆشەویستیی کۆمەڵێک خەڵک بۆ وڵاتێک لە ڕێگەی ئەو زمانەوە دیار بکرێت کە پێی دەئاخێون.

زۆرجار ئەم ئایدۆلۆژیایە ناکۆکی، ململانێ و «پێکدادانی زمانی» ی لێ دەکەوێتەوە سەیری ئەم نموونەی خوارەوە بکەن:

فراتاب، کودی هەواڵ: ١١٧٨٠، ٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٠»

ڕستەی دەقی (١٨): سرینەوەی نووسراوەی کوردیی تابلۆکانی زانکۆی کوردستان

لە ساڵی ٢٧٢٠دا تاقمێک خوێندکار لە دەستەی بەڕێوەبەریی زانکۆی سنە، نووسراوە کوردی، ئینگلیزی و عەرەبییەکانی سەر تابلۆکانی کۆلێژی زمان و ئەدەبیات

و ناوەندی توێژینەوەی کوردستانناسی و باڵەخانەی ناوەندیی زانکۆی کوردستانیان ڕەش کردبووەوە و تەنیا نووسراوە فارسییەکانیان هێشتبووەوە. لە ئاکامدا ناوەندی نووسەرانی کوردستان و چالاکانی خوێندکاری و فەرهەنگی لە بەرانبەر ئەم کردەوەدا ناڕەزایەتیی خۆیانیان دەربڕی و بە هەڵوێستێکی دوژمنانە لە بەرانبەر زمان و فەرهەنگی کوردیدا لە قەڵەمیان دا.

زۆرجار ئەم ئایدۆلۆژیایە مافی زمانەکانی دیکە دەفەوتێنێت و دەبێتە هۆی «هەڵاواردنی زمانی»ی:

بەخشنامەی پەروەردە و فێرکاریی شارستانی سەقز، ژمارە:٦٢٥/٣٩٠٥٣/٣٠٠٠ ١ی سەرماوەزی ٢٧١٠»

*ڕستەی دەقی (١٩): لە پێناو پاراستنی مافی هاوکاران و خوێندکاراندا، پێویستە کۆبوونەوەکان تەنیا بە زمانی نەتەوەیی بەڕێوەبچێت.

لە ڕستەی دەقی (١٩) دا کە ئاماژە بە پاراستنی مافی ئاخێوەرە خۆجێییەکان لە شاری سەقزدا کراوە، دەبێ بڵێین ئەو جۆرە مافانە بە زمانی فارسی بەدی نایەن؛ چونکە بە بڕوای رویز زمان وەک مافی تاک، هەڵگری ئازادیی ئاخێوەرەکانە کە ئەم مافە لە سیستەمێکی فەرمی وەکوو سیستەمی فێرکاری و پەروەردەییدا دابین دەکرێت و هەروەها «مافی زمانی» بە واتای پاراستنی هەموو زمانە میراتییەکانە، هەروەک چۆن مرۆڤێک ئازادانە بیروباوەڕەکەی خۆی دەردەبڕێت و لایەنگریی لێ دەکات، زمانیش ڕێک وەکوو یەکێک لە مافەکانی مرۆڤ، هەڵبژاردەیەکی ئازادە. نکۆڵیکردن و حاشاکردن لە مافی زمانی لە کۆمەڵگادا هۆی دروستبوونی نادادپەروەری و نایەکسانی دەبێت؛ هەر بۆیە ئەوانەی «هەڵاواردنی زمانی» قبووڵ ناکەن، هەرگیز هەڵاواردنی ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئەتنیکی و هتد، وەرناگرن.

فیلیپسۆن (١٩٩٢) چەمکی هەڵاواردنی زمانی بەکارهێنا کە وەکوو وشەی ڕەگەزایەتی، یان سێکسیزم دەنوێندرێت و لە روانگەی ئەودا هەموو سیستەمە فێرکارییەکان جگە لە زمانی یەکەم (وەک دەڵێن زمانی دایکی) نەبێت، جۆرێک سیستەمی ئیمپریالیستییە، تەنانەت ئەگەر پاڵنەری فێرکار ئەوە بێت کە یارمەتیی فێرخوازەکەی بدات کە لە هەژاری بێتە دەر و دەرفەتی پیشەیی یەکسانی بۆ بڕەخسێت، هەر بۆیە هەتا لەگەڵ هەموو زمانەکان بە شێوەیەکی بەرابەر و یەکسان هەڵسوکەوت نەکرێت، هەموو فێرگە چەندزمانییەکان بە هەڵاواردنی زمانی تاوانبار دەکرێن (فیلیپسۆن، ١٩٩٢: ٤٧-٤٦). سکوتناب کانگاس

هاوسەرەکەی فیلیپسۆن بە توندترین شێوە هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت: قوتابخانەکان مەکۆیەکن بۆ «نەسڵکوژی زمانی» و جینۆسایدی زمانەکان (سکوتناب کانگاس، ٢٠٠٠). هەروەها کاترینا تۆماسۆڤسکی (٢٠٠٤)، پەیامنێری نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی خوێندن رادەگەیەنێت کە ئەگەر ئەو ڕێبازە نەگۆڕدرێت، قوتابخانەکان دەتوانن شوێنێکی کوشندە بن. پێشێلکردنی مافەکانی فێرکاریی وەکوو پێشێلکردنی «مافی زمانیی مرۆڤ» ـە کە نەسڵکوژی و جینۆسایدی زمانی بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

زۆرجار ئەم ئایدیۆلۆژیایە وەک «خۆهەڵکێشانی نەتەوەیی» سەیر دەکرێت:

هەمشەهری، کۆدی هەواڵ: ١٥٠٧٠١، ٣٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢١»

*ڕستەی دەقی (٢٠): تاکە زمانی کلاسیکی زیندووی دنیا، زمانی فارسییە.

ئاژانسی هەواڵی کتێبی ئێران، ١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٠»

*ڕستەی دەقی (٢١): زمانی فارسی، زمانی تورک و کورد و بەلووچ و عەرەب و تورکمانەکانە و هەموو قەومێکی دیکەی ئەم خاکە، شانازی بەوە دەکەن کە خاوەنی ئەم گەنجینە بەنرخەن.

لە ڕستەی دەقی (٢٠) دا، زمانی فارسی وەک تاکە زمانی کلاسیکی زیندووی دنیا پێناسە کراوە کە ئەم جۆرە تێڕوانینە لە زانستی زمانناسیدا هیچ جێگە و پێگەیەکی نییە؛ چونکە بۆ نموونە زمانی لاتینی وەک یەکێک لە زمانە کلاسیکەکانی دنیا، لە ڤاتیکاندا هێشتا زیندووە و لە ڕادیۆ و ئینتەرنێت و لە کتێب و فیلمەکاندا و لە ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت لە پۆلەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا هەیە و بەکار دەبرێت، تەنانەت فەرهەنگنووسەکانیش وشەی نوێی لاتینی رۆدەنێن، بۆئەوەی پێوەندیی ئەم زمانە لەگەڵ جیهانی مۆدێرندا بپارێزن (ڕیکرسۆن و هیڵتۆن، ٢٠٠٦: ٢٤٢-٢٤١). هەروەها زمانی یۆنانیش لە یۆناندا هێشتا ئاخێوەری هەیە و زمانی سانسکریتیش لە هیندستاندا وانەی پێ دەخوێندرێت و ئاخێوەری هەیە و ئەو زمانانەی کە لە ناوچەی زاگرۆسی کوردستاندان، هەموویان زیندوون و ئاخێوەریان هەیە. بەگشتی ئەم جۆرە نرخپێدانە لە زانستی زمانناسیدا هیچ بنەمایەکی زانستییان نییە و زیاتر لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستیدا تێکەڵ کراون کە بەردەوام جەخت لەسەر گەورەنوێنیی مێژوویی و کەلتووریی وڵاتێک دەکەنەوە. ڤەندایک (٢٠٠٦:٧٨) ئەم ئایدیۆلۆژیایە وەک «خۆهەڵکێشانی نەتەوەیی» دادەنێت و ناوی لێ دەبات.:

هەر بۆیە ڕیزبەندیی زمانەکان و نواندنیان وەک زمانی ڕەسەن لە ڕێگای کلیشەی وەک «زمانی باڵا»، «پلەی یەکەمی ڕیزبەندیی زمانەکان»، «زمانی دەوڵەمەند»، «زمانی ڕەوان و شیرین»، «زمانی خاوێن»، «زمانی بێگەرد و دەگمەن»، «زمانی نەزۆک»، «زمانی بەهێز و پتەو»، «زمانی شەکر» و... هیچ بنەما و بناغەیەکی زمانناسانەیان نییە. وەک تراسک و میبلین (٢٠٠٦:٥٦) دەڵێن لە ڕوانگەی زمانناسییەوە هەموو زمانەکان دەتوانن بە شێوەیەکی بەرابەر و یەکسان ببنە هۆی تێگەیشتنی گونجاو لە سروشتی زمانە مرۆییەکان.

لە دەقی (٢١) بە خۆهەڵکێشانی نەتەوەیی و بە دەربڕینێکی سۆزدارانە و نالۆژیکییەوە، تاکە زمانێک وەکوو زمانی هەموو تورکەکان، کوردەکان، بەلووچەکان، عەرەبەکان و تورکمانەکان ناوی براوە. لە وەڵامی ئەم جۆرە ئایدۆلۆژیایە، دەکرێت بڵێین لەڕووی زمانناسییەوە، زمانەکانی تورکی و عەرەبی لە ڕیزبەندیی زمانە ئێرانییەکان و لە ڕیزی زمانی فارسیدا نین؛ هەر بۆیە ئەم جۆرە تێڕوانین و بیر و باوەڕانە لە زمانناسیدا هیچ بارێکی زانستییان نییە. ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژیانە کە وڵاتێکی فرەزمانی، تەنیا بە زمانێکی تایبەت (وەک فارسی) بە دنیا دەیناسێنن، لایەنە هێژمۆنییەکانی زمانە باڵادەستەکان زیاتر زەق دەکەنەوە.

لە دیاگرامی (١) دا، ڕێژەی سەدی ئەو ئایدۆلۆژیا زمانییانە دەستنیشان کراون کە لە دەقە چاپەمەنییەکاندا هاتوونە:

دیاگرامی (١) ڕێژەی بەکارهێنانی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان لە دەقە چاپەمەنییەکاندا

هەر وەک لە دیاگرامی (١) دا هاتووە. ڕێژەی ئایدۆلۆژیای یەکەم زۆرترین نواندنەوەی هەیە و ئەمە پیشاندەری ئەوەیە کە زمانە کەمینەکان وەک کێشە و گرفتێک سەیر دەکرێن و هەروەها لە مودێلی باتیستێلادا، بەڵام هەر وەک پێشتر وتمان هەموو وڵاتەکانی دۆنیا فرەزمانین و کۆمەڵگەی تاکزمانی بەرهەمی وەهم و خەیاڵە. بەپێی ماڵپەڕی متمانەپێکراوی ئێتنۆلۆگ، وڵاتی پاپوا گینیای نوێ کە وڵاتێکی هاوبەشە و دەکەوێتە ناو زەریای هێمن و ئۆقیانووس و نیوگینیاوە، خاوەنی زیاتر لە ٨٠٠ زمانە. لە ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەی کە خاوەن چەشناوچەشنیی زمانین، ئەندەنوسیا بە ٧١٠ زمان و نەیجیریا بە ٥٢٤ زمانی زیندوو لە جیهاندا پلەی دووەم و سێیەمیان هەیە، ئەمەش بۆمان دەردەخات کە لە جیهاندا کۆمەڵگەی تاکزمانی لە عەرزی واقیعدا بوونی نییە. سپالسکی لە کتێبی سیاسەتی زماندا، لیستی زمانەکانی جیهانی لە وڵاتە جیاوازەکاندا

دەخاتەڕوو؛ بۆ نموونە لە هیندستان زیاتر لە (٣٧٨) زمان، مەکسیک (٢٨٨)، کامێرون (٢٧٩)، کۆنگۆ (٢١٨)، چین (٢٠١)، بەرازیل (١٩٢)، ئەمریکا (١٧٦)، سوودان (١٧٤)، فلیپین (١٦٩)، مالیزیا (١٣٩)، نیپاڵ (١٢٠)، کەنەدا (٩٠)، کۆلۆمبیا (٧٨)، کۆتدیڤوار (٧٧)، فەرەنسا (٢٩)، ئەڵمانیا (٢٥)، ئیتاڵیا (٣٣)، بەریتانیا (١٢)، سویسرا (١٢)، پاراگوای (٢٠) و... هەیە (سپالسکی، ٢٠٠٤: ١٧٤).

بەگشتی هیچ زمانێک لە وڵاتێکدا بۆ زمانەکانی دیکە کێشە ساز ناکات. ئەم ئایدۆلۆژیایە هەر وەک رویز (١٩٨٤) دەڵێت: لە بیرۆکەی «زمان وەک گرفت»ـە کە لە تێڕوانینی تاکزمانی و تواندنەوەی زمانییەوە سەرچاوە دەگرێت و هەبوونی هەر زمانێک جگە لە تاکزمانی، وەک کێشە و گرفت دەزانێت و زمانی ئاخێوەرانی دیکە وەکوو زمانێکی لاواز سەیر دەکات، کە پێویستە بخرێتە پەراوێزەوە و لە کۆتاییدا دەستی بەسەر بوارەکانی دیکە لە سیستەمی فێرکاریدا رانەگات (ڕویز، ١٩٨٤). رێژەی بەکارهێنانی ئایدۆلۆژیای سێهەم (٣٣) لە سەدە. پێشتر وتمان لەم ئایدۆلوژیایەدا، بوونی هەر زمانێک جگە لە تاکزمانی، مەترسییە و دەبێتە هۆی پارچەپارچەبوونی کۆمەڵگە کە هەروەک ئاماژەمان پێ کرد، ئەم جۆرە هەڵوێستە هەڵە و بێبنەمایە. ئەگەر بە تێڕوانینێکی لۆژیکییەوە سەیری سیستەمی فێرکاریی فرەزمانی لە وڵاتانی جیهاندا بکەین دەتوانین بڵێین لەم روانگەیەوە وەها کێشەیەک دەتوانێت بەتەواوی چارەسەر بکرێت؛ هەر بۆیە ئەم جۆرە نیگەرانییانە سەبارەت بە جۆراوجۆریی زمانی بێهودە و بێمانایە. سیستەمێکی لەو جۆرە کە هەموو زمانەکان لەبەر چاو دەگرێت، روانگەیەکی مرۆڤتەوەرانەیە کە گرینگی بە پێکەوەژیانی زمانەکان دەدات (هۆرنەر و وێبەر، ٢٠١٥).

### ٥. ئەنجام

توێژینەوەی بەردەست بە روانگەیەکی ڕەخنەییەوە ئایدۆلۆژیا زمانییەکانی لە دەقە چاپەمەنییەکاندا تاوتوێ کردووە. ئەو دەقانە بریتین بوو لە بەڵگە سیاسییەکان و ئەو بەیاننامە و بەخشنامانەی لە لایەن دەزگا و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانەوە بڵاوکراونەتەوە؛ بۆ نموونە لەسەرەوەی ئەو بەڵگەنامانەدا وەزارەتی پەروەردە و ئەکادیمیای زمان و ئەدەبی فارسییە کە ئەندامەکانیان راشکاوانە لەگەڵ سیستەمی فێرکاریی فرەزمانیدا دژایەتییان کردووە. لە ئاکامدا بەپێی شیکردنەوە داتاکان ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ئایدۆلۆژیای یەکەم لەم دەقانەدا زەق و بەرچاو نوێندراوە. هەر وەک

پێشتر وتمان سەرچاوەی ئەم ئایدۆلۆژیایە بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم دەگەڕێتەوە؛ واتە ئەو کاتەی کە دەوڵەتەکان لە کۆمەڵگا پارچەپارچەکاندا و لە شانشینەکانی سەدەی ناوەڕاستدا سەریان هەڵدا. ئەم تاکزمانییە دواتر لە لایەن گرووپە باڵادەستەکانەوە پەرەی پێ درا و هەڕەشەیەک بوو بۆ بۆ سەر زمانەکانی دیکەی سەرانسەری جیهان، بەگشتی ئەم ئیدۆلۆژیایە کە لە دەقە چاپەمەنییاکانی دیکە زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی بووە لەسەر ئەو بڕوایە بنیات نراوە کە دەبێ یەکگرتوویی و یەکپارچەیی وڵاتێک بپارێزرێت و زمانەکەمینەکان پەراوێز بخرێن، یان بەتەواوی بفەوتێن؛ بەڵام بەهۆی نموونە پێچەوانەکانی کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، ئەم بیرۆکەیە ناتوانێت بەڵگاندنێکی ڕاست بێت و تەنیا بیانوویەکە بۆ سەپاندنی هێژمۆنی گرووپە باڵادەستەکان بەسەر گرووپە کەمینەکاندا. ئەم هێز و دەسەڵاتە تاکزمانیە تەنیا لە ڕێگەی هێزی فیزیکییەوە ناسەپێنرێت؛ بەڵکوو بەشێوەی نهێنی و ژێرپێستی لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیا و گوتارەوە دەسەپێنرێت و چاپەمەنییەکان بڵاویان دەکەنەوە، بۆیە لەسەردەمی ئەمڕۆدا، ئەوانەی پێیان وایە زمانی فەرمیی وڵاتێک بەزۆر نەسەپێنراوە، بیرۆکەیەکی هەڵەیان هەیە. ئەم نموونانە دەریدەخان کە سەپاندنی هێز و دەسەڵات هەمیشە لە ڕێگەی زۆر و گوشارەوە نییە؛ بەڵکوو فۆرمێکی ئایدیۆلۆژیکی هەیە کە بەهێز و زۆرەملێ و سەپاندنەوە ناکرێت؛ بەڵکوو لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی ڕەزامەندیی ئاخێوەرانەوە جێبەجێ دەکرێت.

ئەم ئایدۆلۆژیایە کە زمانێکی تایبەت وەک فاکتەری یەکگرتوویی نەتەوەیەک سەیر دەکات، لە ڕاستیدا هەوڵ دەدات نیشتمانێک لەو زمانە تایبەتەدا پێناسە بکات؛ بەڵام ئەوە ئایدۆلۆژیای جۆراوجۆریی زمانییە کە دەبێتە هۆی هاودەنگی و یەکگرتوویی نەتەوەیی؛ چونکە نەتەوەیەک کە خۆی بە تاکزمانییەوە پێناسە دەکات و فاکتەری یەکگرتوویی خۆی لە زمانێکی تایبەتدا دەبینێتەوە، ڕوانگەیەکی تۆتالیتاری و پاوانخوازانەی هەیە کە لە بەرژەوەندیی گرووپە باڵادەستەکانی کۆمەڵگەدایە و زمانەکانی دیکەش دەخاتە پەراوێزەوە؛ هەر بۆیە ئەم ئایدۆلۆژیایە وەک کێشە و گرفتێک بۆ یەکڕیزی و یەکگرتوویی ئاخێوەران و پێکهاتەکانی دوڵەت ـ نەتەوە سەیر دەکرێن؛ بەڵام بەپێچەوانە ئایدۆلۆژیای جۆراوجۆریی زمانی دەتوانێت وەک ئامرازێکی بنەڕەتی بۆ بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی و یەکگرتوویی ئاخێوەران

سەیر بکرێت؛ چونکە ئامانجی بە فەرمی ناساندنی زیاتر لە یەک زمان و بەشداری کردنی هەموو زمانەکانە لە بەستێنە جیاوازەکانە، ئایدۆلۆژیای دووەمیش دوای ئایدۆلۆژیای یەکەم، زۆرترین نواندنەوەی لە دەقە چاپەمەنییەکادا بووە. ئەم ئایدۆلۆژیایە هەمیشە دروشمی سەپاندنی بیرۆکەی تاکزمانییە و بوونی هەر زمانێک جگە لە تاکزمانی، بە مەترسیدار دەزانێت و ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە وەک جیاییخواز و ئاژاوەگێڕ پێناسە دەکات؛ بەڵام ئەم ئایدۆلۆژیایە خۆی جۆرێک کێشە و ململانێ و شەڕ دژی زمانەکانی دیکە ساز دەکات و پەرەپێدانی ئەم ئایدۆلۆژیایە لەسەر بنەمای سەرکوتکردنی جۆراجۆریی زمانەکان دامەزراوە، کە بە بڕوای بیردارێژانی پاشمۆدێرنیزم خەونێکی پانخوازانە و ئیمپریالیستییە. لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین زمانی ئەوە سەپاندنی تاکزمانییە کە دەبێتە هۆی جیابوونەوە و دابەشبوونی کۆمەڵگەکان، نەک ئایدۆلۆژای جۆراوجۆریی زمانی.

بەگشتی ئایدۆلۆژیای یەکەم و دووەم کە باس لە چەمکانێکی وەک «زمانی پێوەر»، «زمانی ستاندارد»، «زمانی هاوبەش»، «زمانی نەتەوەیی»، «زمانی فەرمی» دەکەن، تێڕوانینەکەیان لە هەموو ئاستەکانی زانستی زمانناسیدا نەتەنیا زانستی نین؛ بەڵکوو وشەڕۆنانی ئەم چەمکانە لەسەر بنەمای وەهم و ئەفسانە داتاشن. تواندنەوە و یەکاندنی زمانەکان لەژێر ناوی ئەم جۆرە چەمکانەدا بە واتای پەراوێزخستنی جۆراوجۆریی زمانییە و زمانەکانی دیکە لە تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانی خۆیان پووچەڵ دەکاتەوە کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی تێکدان و ڕووخاندنی گەنجینە و خەزێنەی کەلتووریی وڵاتێک، ئاماژەکردنی ئەم جۆرە ناوانە لە نێو ئایدۆلۆژیای یەکەم و دووەم خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی نرخپێدان و بەهادارکردنی زمانە باڵادەستەکان و زمانەکانی دیکە لە بەها و بایەخ و پرێستیژی خۆیان دەسڕێتەوە، بە وتەیەکی تر، ئەم جۆرە بیرۆکەیە خەسار و زیانێکی زۆری کۆمەڵایەتی و کەلتووری بە دوای خۆیدا دەهێنێت و ئەگەر هەستی نەتەوایەتیی ئاخێوەران لە ئاستی ئەو نیشتمانەی کە تێیدا دەژین دابەزێت، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ئەفسانە و چیرۆکانەی کە لەژێر ناوی «یەک زمان- یەک نەتەوە»دا پەرەیان پێ دەدرێت؛ چونکە ئەم دیاردەیە هەستیاریی ئاخێوەرانی زمانە کەمینەکان دەوروژێنێت و دەبێتە هۆی پارچەپارچەبوونی کۆمەڵگە و لە هەمووی گرینگتر لێبوردەیی کۆمەڵایەتیی ئاخێوەران تێک دەدات و هەستی نەتەوایەتییان دادەبەزێنێت.

## سەرچاوەکان

خالق پناه، کمال؛ سنایی، علی (۱۳۹۹). مدرنیته و صورت‌بندی گفتمانی سیاست فرهنگی: تحلیل گفتمان سیاست فرهنگی دولتی در ایران (۱۲۸۵ ه. ش. تا به امروز). جامعه شناسی کاربردی (مجله پژوهشی علوم انسانی دانشگاه اصفهان)، ۳۱(۳ (پیاپی ۷۹) )، ۵۷-۷٤.

رسولی، حسین؛ دهقانی، رضا؛ کریمی، علیرضا (۱۳۹٦). سیاست‌های زبانی پهلوی اول در کردستان و پیامدهای آن (با تأکید بر مدارس). فصلنامه مطالعات تاریخ فرهنگی، ۸ (۳۰)، ۹۸-۷۸.

صفوی، کورش (۱۳۹۸). نوشته‌های پراکنده: دوازده گفت‌وگو (جلد ۷)، تهران: نشر علمی.

محمدی، عادل. (۱٤۰۳). تحلیل استعاره‌های رایج پیرامون تنوع زبانی در اذهان کنشگران اجتماعی. تحلیل گفتمان ادبی، ۲(۳), -.

Albury, N. J. (2020). Language attitudes and ideologies on linguistic diversity. In A. C. Schalley & S. A. Eisenchlas (Eds.), Handbooks of Applied Linguistics (pp. 357376-). Berlin/Boston: De Gruyter Mouton.

Amini, R. (2022). A critical reading on language endangerment: focusing on endangered languages in Iran. Journal of Critical Applied Linguistics Studies, 1(1): 8599-.

Anderson, B. (1983), Imagined Communities. London and New York: Verso.

Anthony, L. & Baker, P. (2015). ProtAnt: A tool for analysing the protoypicality of texts. International Journal of Corpus Linguistics, 20(3), 273–292.

Blackledge, A. & Pavlenko, A. (2002). Ideologies of language in multilingual contexts. Multilingua, 21(2140-121 ,(2/.

Cameron, L. (2012). The commodification of language: English as a global commodity. In T. Nevalainen & E. C. Traugott (Eds.), The Oxford handbook of the history of English (pp. 352–361). Oxford: Oxford University Press.

Cobarrubias, J. (1983). Ethical Issues in Status Planning. In J. Cobarrubias & J. A. Fishman (eds.), Progress in Language Planning: International Perspectives. The Hague: Mouton Publishers.

Crystal, D. (2004). The language revolution. Cambridge: Polity Press.

Cummins, J. (1997). Cultural and linguistic diversity in education: A mainstream issue? Educational Review, 49(2), 105–114.

Cushing, I. (2021). Say it like the Queen': The standard language ideology and language policy making in English primary schools. Language, Culture and Curriculum, 34(3), 321–336.

Deumert, A. (2011). Multilingualism. In: Mesthrie, R. (ed). The Cambridge handbook of sociolinguistics. Cambridge: Cambridge University Press. 261282-.

Edwards, J. (1994). Multilingualism. London: Routledge.

Fairclough, N & Wodak, R. (1997). Critical discourse analysis. In T. A. van Dijk (ed.), Discourse Studies. A Multidisciplinary Introduction, Vol. 2. Discourse as Social Interaction (pp. 258–84). London: Sage.

Fairclough, N. (1989). Language and Power. London: Longman.

Fairclough, N. (1992). Discourse and Social Change. Oxford: Wiley-Blackwell

Fairclough, N. (1995), Critical Discourse Analysis. London: Longman.

Farangi, M. R., & Naami, A. (1402). A study of early multilingualism in Iran: The effects of mother tongue literacy, socio-economic status and foreground TV exposure. Acta Psychologica, 243, 1–10.

Grillo, R. (1998). Pluralism and the Politics of Difference: State, Culture, and Ethnicity in Comparative Perspective. Oxford: Oxford University Press.

Groff, C., Zwaanswijk, W., Wilson, A., & Saab, N. (2023). Language diversity as resource or as problem? Educator discourses and language policy at high schools in the Netherlands. International Multilingual Research Journal, 17(2), 157–175.

Hegarty, P. (2020). Strangers and States: Situating Accentism in a World of Nations. Journal of Language and Social Psychology, 39(1), 172–179.

Horner, K. (2009). Language, Citizenship and Europeanization. Unpacking the Discourse of Integration. In Discourses on Language and Integration: Critical perspectives on language testing regimes in Europe, ed. by Gabriella Hogan-Brun, Claire Mar-Molinero, and Patrick Stevenson, 109–128. Amsterdam: John Benjamins.

Hult, F., & Hornberger, N. H. (2016). Revisiting orientations in language planning: Problem, right, and resource as an analytical heuristic. Bilingual Review, 33(3), 3049-.

Kalan, A. (2016). Who›s Afraid of Multilingual Education? Bristol, England: Multilingual Matters.

King, L. (2018). The Impact of Multilingualism on Global Education and Language Learning. London: Cambridge Assessment English.

Kir, F. S. (2025). Language ideologies in new media: grassroots resistance to a multilingual language policy. Current Issues in Language Planning, 1–19.

Liddicoat, A&Taylor-Leech, K. (2015) Multilingual education: the role of language ideologies and attitudes. Current Issues in Language Planning, 16 (12-). pp. 17-.

Mason, S., & Hajek, J. (2020). Language education and language ideologies in Australian print media. Applied Linguistics, 41(2), 215–233.

Mohanty, A. K., Mishra, M. K., Reddy, N. U., & Ramesh, G. (2009). Overcoming the language barrier for tribal children: MLE in Andhra Pradesh and Orissa, India. In A. Mohanty, M. Panda, R. Phillipson, & T. Skutnabb-Kangas (Eds.), Multilingual education for social justice: Globalizing the local (pp. 278–91). New Delhi, India: Orient BlackSwan.

Patten, A. (2003).Liberal neutrality and language policy. Philosophy and Public Affairs, 31 (4): 356–86.

Phillipson, R. (1992). Linguistic Imperialism, Oxford: Oxford University Press.
Piller, I. (2001). Naturalization Language Testing and its Basis in Ideologies of National Identity and Citizenship. International Journal of Bilingualism, 5 (3): 259–277.
Piller, I. (2015). Language ideologies. In K. Tracy, C. Ilie, & T. Sandel (Eds.), The International encyclopedia of language and social interaction (Vol. 2, pp. 917927-).
Piller, I. (2016). Linguistic diversity and social justice: An introduction to applied sociolinguistics. Oxford University Press.
Reisigl, M & Wodak, R. (2009). Discourse and Discrimination: Rhetorics of Racism and Antisemitism. London-New York: Routledge.
Rickerson & B. Hilton (2006), The 5 Minute Linguist: Bite-Sized Essays on Language and Languages (2nd edn.). Equinox Publishing.
Ruiz, R. (1984). Orientations in language planning. NABE Journal, 8, 1534-.
Ruiz, R. (2011). Afterword: Cooking with Nancy. In F.M. Hult & K.A.
Screti, F. (2024). Contested languages in the contemporary Italian press: an analysis of language ideology. Journal of Multilingual and Multicultural Development, 1–18.
Sheyholislami, J. (2019). Language as a problem: Language policy and language rights in Kurdistan-Iran. Etudes Kurdes, 99134-.
Shohamy, E. (2006). Imagined multilingual schools: How come we don't deliver? In Garcia, O,Tove Skutnabb-Kangas and M.Torres-Guzman (eds.) Imagining multilingual schools. Languages in education and globalization Clevedon: Multilingual Matters. 171–83.
Skutnabb-Kangas, T. (2000), Linguistic Genocide in Education – or Worldwide Diversity and Human Rights? Mahwah, NJ and London: Lawrence Erlbaum.
Spolsky, B. (2004). Language policy. Cambridge: Cambridge University Press.
Tollefson, J.W. (1991). Planning Language, Planning Inequality, Longman, London.
Trask, R. & Mayblin, B. (2000). Introducing Linguistics. Cambridge: Icon Books.
Ucarlar, N. (2009). Between Majority Power and Minority Resistance: Kurdish Linguistic Rights in Turkey. Lund University.
Van Dijk, T. (2006). Ideology and Discourse Analysis. Journal of Political Ideologies, 11(2), 115140-.
Wardhaugh, R. (2006), An Introduction to Sociolinguistics. London: Blackwell.
Woods,N. (2006).Describing Discourse: A Practical Guide to Discourse Analysis.London.
Woolard, K. A. (2020). Language ideology. In J. Stanlaw (Ed.), The international encyclopedia of linguistic anthropology (pp. 1–21).

*دکتۆرای زمانناسی، توێژینگەی نەتەوەیی زمان، تاران، ئێران.

# دەنگسازیی نافەرهەنگی لە زمانی کوردیدا

پ.ی. د. عادل رەشید قادر  م. ڕێبین خالد خزر

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دەنگسازیی نافەرهەنگی لە زمانی کوردیدا)یە، سنووری لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی زاری کرمانجی ناوەڕاست دایە، بۆیە نمونەی پێویست بەگوێرەی تەوەرەکانی بابەتەکە لە چوارچێوەی ئەم زارەدا، بەپێی ڕێبازی (سینکرۆنی-شیکاری)شرۆڤەکراوە، ئامانج و گرینگی توێژینەوەکە لەوەدایە ئەو دیاردە ڕێزمانییانە لێکبداتەوە، کە گۆڕانی دەنگییان تێدا ڕوودەدات، لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا بەو ئەنجامە گەیشتین، ئەگەر گۆڕانی دەنگی گۆڕانی واتای بەدوادا نەیەت، ئەوە دیاردەیەکی فۆنەتیکییە و دەچێتە چوارچێوەی دەنگسازیی نافەرهەنگییەوە لە سنووری فرەیز و ڕستەدایە، ئەمەش ڕێگای بۆ لێکدانەوەی چەندان دیاردەی دەنگی لە سنووری فرەیز و ڕستەدا خۆشکرد، بەگوێرەی جیاوازی زمانەکان بۆ دیاردە ڕێزمانییەکان، لەوانەش: شێوازی نەرێکردن، پەیدابوونی مۆرفی بەتاڵ، دارِشتنی ڕەگی کار، دیاردەی هەڵگێڕانەوە، یاساکانی گوێزانەوە، دەسەڵاتی ڕەگ و باری بکەر نادیار، بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوەکەمان دابەشکردۆتە سەر سێ تەوەرە:

- تەوەرەی یەکەم سەرەتایەکە بۆ چوونە ناو بابەتەکە،

- تەوەرەی دووەم چوارچێوەی تیۆریی دەنگسازیی نافەرهەنگی خراوەتەڕوو، - تەوەرەی سێیەم باس لە دیاردە نافەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا کراوە.

وشە سەرەکییەکان: دەنگسازیی نافەرهەنگی، دەنگسازیی فەرهەنگی، دەروازەی فەرهەنگی، فەرهەنگی ئاوەزی، ڕۆنانی سەرەوە.

**١-١ سەرەتا**

فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی خاڵی لێکچوو و جیاوازییان گەلێک زۆرە لە چوارچێوەی دەنگسازیدا، بەڵام ئەو هۆکارەی جیاوازی نێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی پراکتیزەتر دەکات، کارلێکی نێوان یەکە دەنگسازییەکانە لەگەڵ یەکە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان، کە بەهۆیەوە دەنگسازیی فەرهەنگی و نافەرهەنگی دێتە کایەوە، خاڵی سەرەکی جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە دەنگسازییەش گۆڕانی واتایە، کە لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگییەوە ڕوودەدات، بۆیە ئەگەر گۆڕانی دەنگی گۆڕانی واتای لێبکەوێتەوە، ئەوە دیاردەیەکی مۆرفۆنۆلۆژییە و دەچێتە چوارچێوەی دەنگسازیی فەرهەنگییەوە لە سنووری وشەدایە، چونکە لە ئەنجامی کارلێکی یەکە مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییەکان بەگوێرەی یاساکانی

دارِشتنی وشە و یاسا فۆنۆلۆژییەکانەوە، گۆڕانی دەنگی و واتای دێتە ئاراوە، ئەم دیاردە دەنگییە هۆکاری زۆرە لەوانەش جێکەوتەی دەنگەکان و سازگەی دەنگەکان و دەرچەی دەنگەکان و ئاسانبوونی جوڵانەوەی ماسولکەی، بەمەبەستی پاراستنی وزە و ئابووری کردن لە دەربڕیندا و هۆکاری زاریکی و کەسی و کاریگەریی زمانی دەوروبەر و...هتد، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر گۆڕانی دەنگی گۆڕانی واتای بەدوادا نەیەت، ئەوە دیاردەیەکی فۆنەتیکییە و دەچێتە چوارچێوەی دەنگسازیی نافەرهەنگییەوە، لە سنووری فرەیز و ڕستەدایە، چونکە ئەم جۆرە گۆڕانە دەنگییە لەسەرڕووی دەسەڵاتی ئاخێوەری زمانەکەوەیە و پەیوەندی بە فەرهەنگی ئاوەزییەوە نییە، بەڵکو زیاتر بەهۆی گۆڕانی هەڵوێستی تاڵە ژێیەکانی قوڕگەوە (دەنگداری و بێ دەنگ و بێ لایەن)ی دەنگەکانەوە ڕودەدات، لە ئەنجامی کاریگەریی ژینگەی دەنگی و یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکەوە.

دەنگسازیی نافەرهەنگی پەیوەندی بە لێکدانەوەی ڕۆنانی سەرەوە (فۆنەتیک) هەیە، کە لە ژێر دەسەڵاتی یاسا ڕێزمانییەکانی زماندایە، نەک فەرهەنگی ئاوەزی، بەواتایەکی تر بۆ یەکجارە و ژینگە دەنگییەکە حوکمی دەکات، بۆیە هەموو ئەو گۆڕانە دەنگییانەی لە سنووری فرەیز و ڕستەدا ڕوودەدەن و گۆڕانی واتای ناهێننە ئاراوە دەکەونە سنووری لێکدانەوەکانی دەنگسازیی نافەرهەنگییەوە. ئەوەی جێگای سەرەنجە لە دەنگسازیی کلاسیکیدا هیچ ئاماژەیەک بۆ ڕۆڵی هۆکاری فۆنەتیکی لە لێکدانەوەی دیاردە دەنگییەکان لە سنووری فرەیز و ڕستەدا نەکرابوو، چونکە بەر لە پەیدابوونی تیۆریی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان، دیاردە فۆنەتیکییەکان لە دەرەوەی دیاردە فۆفۆلۆژییەکان لە چوارچێوەی تیۆریی دەنگسازیدا لێکدەدرانەوە، بەڵام « دەنگسازیی بەگشتی و دەنگسازیی بەرهەمهێنان بە تایبەتی زادەی گەلێ هەوڵ و ڕێبازی جیاوازە لە کۆن و نوێدا بۆ هێنانە کایەی بەرهەمێکی پڕاوپڕ، کە بتوانێ دیاردە دەنگییەکانی ناو ڕێزمان لێک بداتەوە، لێکدانەوەکانی بونیادگەرەکان و ترۆپسکۆیی و یاکۆپسن و کتێبەکەی چۆمسکی و هاڵی هاوکاربوون بۆ ئەو بوارە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بنەما و لێکجیاکردنەوەی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی لە یەکتر و جیاکردنەوەی ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوەی لە دەنگسازیدا هاتە کایەوە...دەنگسازیی بەرهەمهێنان دان بە دوو جۆری نواندندا دەنێت، نواندنێکی فۆنۆلۆژی و نواندنێکی فۆنەتیکی، کە ئاستی یەکەم بە نابەرجەستە تر سەیر دەکەن و ئاستی دووەم بە ئاستێکی ماددی هەست

پێکراوی کۆنکرێتی سەیر دەکەن. « (فەقێ ئیبراهیم ٢٢٠٢، ٢١، ٣١). بۆیە یەکێک لە بنەماکانی دەنگسازیی بەرهەمهێنان لێکجیاکردنەوەی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژییە لە ڕووی نواندنی ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوە، ئەمەش ڕێگەی بۆ لێکدانەوەی چەندان دیاردەی دەنگی لە سنووری فرەیز و ڕستەدا خۆشکرد، بەگوێرەی جیاوازی زمانەکان بۆ دیاردە ڕێزمانییەکان، لەوانەش: شێوازی نەرێکردن، پەیدابوونی مۆرفی بەتا، داڕشتنی ڕەگی کار، دیاردەی هەڵگێڕانەوە، یاساکانی گوێزانەوە، دەسەڵاتی ڕەگ و باری بکەر نادیار.

### ١-٢ چوارچێوەی تیۆریی دەنگسازیی نافەرهەنگی

ئەم تیۆرە لە بنچینەدا بە ناونیشانی (ygolohproM dna ygolonohP lacixeL ) یە، واتە (مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی فەرهەنگی یان مۆرفۆفۆنۆلۆژیی فەرهەنگی)، هەروەها بە (مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی) و (فۆنۆلۆژیی فەرهەنگی) یش ناو دەبرێت، مەبەست لە «مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی کە لقێکە لە مۆرفۆلۆژی مامەڵە لەگەڵ زمان دەکات، لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە و بریتییە لە کۆکردنەوەی لێکسیمەکان لە زمانێکدا، بەشێوەیەکی سەرەکیش لە پێکهێنانی وشە دەکۆڵێتەوە لە ڕووی داڕشتن و لێکدانەوە. (ygolonohpdnaygolohpromlacixel/moc.elgoog.www)، بەڵام (فۆنۆلۆژیی فەرهەنگی) «تیۆرێکە دەربارەی ڕێکخستنی ڕێزمان، بە تایبەتی لە پەیوەندی نێوان کارلێکە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژییەکان لە فەرهەنگدا دەکۆڵێتەوە. بانگەشەی بنچینەیی ئەوەیە کە هەموو پرۆسە مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییەکان لە فەرهەنگدا ئەنجام دەدرێن.» lonohp+dna+ygolohprom+lacixel=q?hcraes/moc.elgoog.www ygo (، ئەم تیۆرە لەلایەن (yksrapiK luaP) یەوە لە نێوان ساڵانی (١٦٩١–٢٨٩١) وەکو تیۆرێک بۆ لێکدانەوەی کارلێکە مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییەکان خراوەتەڕوو، «هەرچەندە بیرۆکەی ئەم تیۆرە لە بۆچوونەکانی (نەوام چۆمسکی) یشدا دەربارەی مۆرفۆلۆژی وەکو لقێک لە سیستەمی زمان و پەیوەندی بە ئاستەکانی دیکەوە باسکراوە، بە تایبەتیش لە (ڕێزمانی گوێزانەوە) دا، کە لە ساڵی (٠٧٩١) خراوەتەڕوو».(yksrapiK,١٩٧٣,٤٣). دوالیزمییەتی فەرهەنگی لە ڕووی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییەوە، تیۆرەکەی بە دوو ئاڕاستەدا بردووە، لەبەر ئەوەی وشە وەکو یەکەیەکی فەرهەنگی واتادار کەرەسەی کارلێکە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژییەکانە، تیۆرەکەش »لێکۆڵینەوەی ڕێگەی پێکهاتەی وشەیە، کە هێمای لێکنزیکی چەندان

لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ دەکات، یەکەمیان بریتییە لە دەرکەوتنی تیۆری مۆرفۆلۆژی و هەموو یەکە فەرهەنگییەکانی زمانێک، کە بەشێوەیەکی تایبەتتر بیرۆکەی مۆرفۆلۆژی ڕێکخستن یان ڕیزبەندی ئاستێک دەخاتەڕوو، کە لەلایەن (legeiS ٧٧٩١-٤٧٩١ ) و ( nellA٨٧٩١ ) و چەندان لێکۆڵەری دیکەوە لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کراوە. دووەمیان بەجەختکردن لەسەر کێشەی سنووردارکردنی هێمایی یەکە وشەییەکان و وەسفکردنی یاسا دەنگییەکان بە چەندان شێوازی جیاوازی بارودۆخی گۆڕانکاریی دەستپێدەکات، بەشێوەیەکی سەرەکی بنەماکانی تیۆرەکە لەلایەن (yksrapiK٨٦٩١-٣٧٩١ ) چێوەڕێژ کراوە و دواتر لە لایەن(nanahoM)، (drofdaR)، (krekliS)، (smailliW)، (yksmohC) و (llaH) فراوانتر کراوە، هەروەها بەردەوامبوون لەگەڵ چەمکی فۆنۆلۆژیی بازنەیی، کە بۆ یەکەمجار لەلایەن (oracsaM ٦٧٩١) پێشنیاز کراوە، لە ئەنجامدا ژمارەیەک توێژینەوەی فۆنۆلۆژی لە چەند زمانێکدا بەداواداهاتووە.( yrraH, V , H & lavroN ,S. ١٣١,٢٨٩١, ) «. ئامانجی سەرەکی تیۆرەکە بۆ خستنەڕووی جیاوازی نێوان دوو جۆرە دەنگسازییە، کە دەکرێ بە دەنگسازیی ئاستی وشە (دەنگسازیی فەرهەنگی ( lacixeL ygolonohP -، کە مەبەست ڕۆنانی ژێرەوە (فۆنۆلۆژی) یە، جۆرەکەی تر دەنگسازیی ئاستی فرێزەکانە، بە (دەنگسازیی نافەرهەنگیlacixeL tsoP ygolonohP - ( ناودەبرێ، کە مەبەست ڕۆنانی سەرەوە (فۆنەتیک)ە، چونکە دەکرێت جیاوازی لە نێوانیاندا بکرێت، بەوەی ئەوەی یەکەم مامەڵە لەگەڵ دەنگسازی دەکات وەکو بەشێک لە وشە، بەڵام بە دابڕاوی لەگەڵ وشەکانی تر، کە ناچێتە ناو داڕشتەی ژینگەی فرێز و ڕستەکان، ئەوەی لە دەنگسازیی فەرهەنگیدا دیار و دەرکەوتووە ئەم دیاردەیە بەپێی دەروازە فەرهەنگییەکە دەکرێ چەندین جار دووبارە دەبێتەوە و بە شێوەیەکی بازنەیی دەبێ، بەڵام لە دەنگسازیی نافەرهەنگی بۆ یەکجارە و ژینگە دەنگییەکە حوکمی دەکات. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، وشە وەک یەکەیەکی فەرهەنگی کەرەسەی سەرەکی تیۆرەکەیە، لەو ڕوانگەیەوە مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی دوو جۆر یاسایی فۆنۆلۆژی لە یەکتر جیادەکاتەوە:-»

یەکەم - ئەو یاسا فۆنۆلۆژییانەن لە فەرهەنگدا کار لەسەر یەکە فەرهەنگییەکان دەکەن، کە بە شێوەیەکی بازنەیین، چونکە لە دوای هەر هەنگاوێکی پێکهێنانی وشە لە ئاستە فۆنۆلۆژییەکانیانەوە دەردەکەونەوە و پێیان دەوترێت یاسا فەرهەنگییەکان.

دووەم – ئەو یاسا فۆنۆلۆژییانەن لە دەرەوەی فەرهەنگ کار لەسەر یەکە نافەرهەنگییەکان دەکەن، کە بەشێوەی بازنەی نین، چونکە ئەمانە لەژێر دەسەڵاتی یاسا سینتاکسییەکانن و لە میانەی وشەکانەوە کارا دەکرێن».( (٦٠١,٣٩٩١,abmataK) و.( (١٣١,٢٨٩١, .S, lavroN & H, V ,yrraH

سەبارەت بە زاراوەی فەرهەنگی (lacixeL) و نافەرهەنگی (lacixeL tsoP) هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، شیکردنەوەی بنەماکانی تیۆرەکە بە دوو ئاڕاستەی جیاوازدا دەبات، «خاڵی جیاکردنەوەی ئەم دوو لایەنە، کە ڕەنگدانەوەی دەبێت بەسەر ڕەنگدانەوەیەکی گشتی، کەوا هەندێک یاسای فۆنۆلۆژی – یاسای فەرهەنگی، بەداخراو، گرێدراوی یاسا فۆنۆلۆژییەکانن، ئەوەی ڕۆنانی وشە لە فەرهەنگدا بونیاد دەنێت ئاساییە کاتێک یاسا مۆرفۆلۆژییەکان پیادە دەکرێن، ئەمەش هەندێک لە یاسا پەیوەندیدارە فۆنۆلۆژییەکان چالاک دەکات، کەچی یاساکانی پاش فەرهەنگی. کە لەلایەکی ترەوە وابەستەی یاساکانی داڕشتنی وشە (RFW)نییە، ئەمانە بریتین لە هەندێک یاسای فۆنۆلۆژی ئەو کاتە جێبەجێ دەکرێن، کە وشەکان پڕاوپڕ داڕێژراون و خراونەتە ناو فرەیزی سینتاکسییەوە.» ( بابکر، ٦١٠٢، ٥–١٥). بەهۆی سەربەخۆیی فۆڕمی وشە لە ڕووی دەنگ و واتاوە، لە تیۆرەکەدا وشە دەخرێتە بەر کاریگەریی یاسا فۆنۆلۆژییەکان، «وشە کەرەسەی سەرەکی تیۆرەکەیە، نەک مۆرفیم، ئەمەش بۆ سەربەخۆی و فۆڕمەڵەبوونی فۆڕمی وشە دەگەڕێتەوە.»(٩٨,٣٩٩١,abmataK)، ئامانجی تیۆرەکەش دەرخستنی ئەو گۆڕانکارییە مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییانەیە، کە بەهۆی کاریگەری یاسا مۆرفۆلۆژییەکان لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆژییەکان ڕوودەدەن، کە لە ئەنجامی داڕشتن و لێکدانی وشە، بەهۆی کارلێککردنی نێوان ڤاوڵ و کۆنسنانتەکانی ڕەگ و بنجی وشە لەگەڵ ڤاوڵ و کۆنسنانتی گیرەکەکان، وەکو ناوبەند دەنگ پەیدادەبێت یان دەنگ دەسوێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی شێوەی بنجەکە، لە ئەنجامی ئەو کارلێکە دەنگییەشدا بە زۆری پاشگرەکان دەبنە هۆکاری گۆڕانی فۆڕمی وشە، بەهۆی گۆڕان لە سنووری شوێنی هێز (gnitfihS ssertS) و خاوبوونەوەی قالبی بڕگە (gnixaL elballyS ) ی وشەکە، بەڵام ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە دەرخستنی ڕۆڵی ئەو یاسا فۆنۆلۆژییانەیە، کە لە ناوەوەی فەرهەنگ کار لەسەر یەکە فەرهەنگییەکان دەکەن و لەژێر دەسەڵاتی یاسا مۆرفۆلۆژییەکانن و لە دەرەوەی فەرهەنگ کار لەسەر یەکە نافەرهەنگییەکان دەکەن و لەژێر دەسەڵاتی یاسا سینتاکسییەکاندان، بەواتایەکی تر مەبەست لە ناوەوەی فەرهەنگ

واتە کارلێکی نێوان یاسا فۆنۆلۆژییەکان و یاسا مۆرفۆلۆژییەکان گۆڕانی واتایی بەدوای خۆیدا دێنێت، لە چوارچێوەی فەرهەنگی ئاوەزیدا، بەڵام مەبەست لە دەرەوەی فەرهەنگ واتە کارلێکی نێوان یاسا فۆنۆلۆژییەکان و یاسا سینتاکسییەکان، کە گۆڕانی واتایی بەدوای خۆیدا ناهێنێت، بەڵکو فۆڕمی وشەکە لە سنووری فرەیز و ڕستەدا دەگۆڕێت، ئەم دیاردەیە دەمێکە لە زمانەکانی (ئینگلیزی، روسی، ئیسپانی، مالایالم و عەرەبی... هتد) لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری لە بارەوە کراوە. هەرچەندە لەپرۆسەی جێبەجێکردنی تیۆرەکە بەسەر زمانەکەماندا بەربەست دێتە کایەوە، بەتایبەتیش لە جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە دەنگسازییە، چونکە بۆ یەکەمجارە ئەم جیاوازییەی نێوان ئەم دوو جۆرە دەنگسازییە دەخرێتەڕوو، شێوازی چارەسەرکردنی بەربەستەکانیش لەسەر ڕێژەی جێ بەجێ بوونی تیۆرەکە لە زمانەکەماندا بەند دەبێت.

**١-٣ دیاردە نافەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا:**

ئەم دیاردانە لەژێر دەسەڵاتی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکەدایە و ڕێسا فۆنەتیکییەکان حوکمی دەکەن، نەک یاسا فۆنۆلۆژییەکان، چونکە»بەپێچەوانەی پرۆسەکانی وشە دروستکردنەوە لە مۆرفۆلۆژیدا، کە ڕەنگە یاسای فۆنۆلۆژییان لێبکەوێتەوە، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی ناو سینتاکس، کە لە ڕێیانەوە مۆرفیمەکان و بە تایبەتی سینتاکسییەکانیان دەخرێنە تەک یەک بۆ ئەوەی فرەیز و ڕستەیان لێ بەرهەم بهێنرێت، بە زۆری ئەو دیاردانە دەبینرێنەوە، کە ئۆتۆماتیکین و لەژێر دەسەڵاتی قسەکەردا نین بەمەبەستی واتا گۆڕین، کەواتە ئەم دیاردانە دیاردەی فۆنەتیکین و لە کوێدا هەلومەرجیان بۆ بڕەخسێت جێبەجێ دەبن، ئەمانیش بەزۆری لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خێرادا دەبیسترێن.» ( قادر، ٢٠٠٨، ٥٠١). بەواتایەکی تر مەرج نییە هەمیشە گۆڕانی دەنگ مەرجدار بێت واتە بەگوێرەی یاسا ڕووبدات، بەڵکو زۆرجاران گۆڕانی دەنگ ڕێسابەندە و بۆ سیما و ئەدگاری هاوبەشی ئەو دەنگانە دەگەڕێتەوە، کە خاوەنی جۆرێک لە تایبەتمەندی فۆنەتیکین لە دەربڕیندا، بۆیە» زۆرجاران گۆڕانی دەنگەکان لەزمانی ئاخاوتندا، مەرج لەسەر دانراو نین، ئەمەش ئەدگارێکی تایبەتی ئەو دەنگانەیە، کە چەپکە نیشانە – نیشانەی فۆنەتیکیی – یان تاڕادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیکن، بۆیە زۆرجاران لەباری گۆکردن و دەربڕینیان، هۆی رودان و بەرجەستەکردنی ئەم چەشنە نواندنە جیاوازانەن.» ( مەعروف و سەعید، ٢٠١٨، ٦٨). لەم بارەیەوە چەندان دیاردەی

فۆنەتیکیی گۆڕانی دەنگەکانی زمانەکەمان، بەتایبەتی لە ڕۆنانی فۆرمە ڕێزمانییەکاندا بەرچاو دەکەوێت، کە دەکرێت لە چوارچێوەی هۆکارە نافەرهەنگییەکاندا پۆلێنیان بکەین، لە وانەش:

**١-٣-١ شێوازی نەرێکردن:**

شێوازی نەرێکردن لە زمانەکەماندا جیاوازە لە نێوان ڕێژەکانی کاردا، بۆنمونە: (١)

ا- دەخۆم. ناخۆم. (ڕێژەی کاری رانەبردو )

ب- کرا. نەکرا. (ڕێژەی کاری ڕابردو )

پ- بخوێنە. مەخوێنە. بنووسن. ☒ مەنووسن. ( ریژەی کاری داخوازی )

بەکارهێنانی ئامرازەکانی نەرێکردن هیچ پەیوەندییەکی بە دەنگی سەرەتای وشەکانەوە نییە، بەڵکو هۆکارەکەی پەیوەندی بە یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکەمانەوە هەیە، هەر ئەمەش وایکردووە لە کاتی پرۆسەی نەرێکردنی ریژەی کاری رانەبردودا ئامرازی نەرێکردن (نا) کاریگەریی بکاتە سەر نیشانەی بەردەوامی (دە) و بیسوێنێت، وەک تایبەتمەندییەکی زمانی کوردی، چونکە هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد «دیاردەی نەرێکردن لە زمانی عەرەبی و فارسیدا بە بەراورد بە زمانی کوردی جیاوازە، چونکە لەو دوو زمانەدا نیشانەی بەردەوامی لە کاتی نەرێکردندا دەمینێت و نابێتە مۆرفی سفر، بۆنمونە: (٢)

ا- می روم نمی روم (لە زمانی فارسیدا )

ب- أذهب لاأذهب (لە زمانی عەرەبیدا) « ( قادر و احمد، ٢٠١٦، ٥٧-٦٧ ).

١-٣-٢ پەیدابوونی مۆرفی بەتاڵ:

یەکێکی تر لەو دیاردە نافەرهەنگییانە پەیدابوونی مۆرفی بەتاڵە، چونکە زۆرجاران پەیدابوونی مۆرفی بەتاڵ هۆکارەکەی پەیوەندی بە یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە لایەنی ڕێزمانی زمانەکەوە هەیە، کە فۆنەتیکی درکاندن (Articulatory Phonetics)حوکمی دەکات، بۆنمونە « لە وشەی {بهێڵرێ} دەنگی [ ڵ ] هاتووەتە پێش دەنگی [ر]ەوە،...، چونکە بەپێی دەستور دەنگی [ ڵ، ر] لە تەرکیبی بنچینەی یەک وشەدا بەیەکەوە نایەن، لێرەدا دەنگی [ر]بۆ سیغەی (بناء للمجهول) هاتووە، لەگەڵ ئەمەشدا زۆر کەس دەڵێن {بهێڵدرێ}تاوەکو لە قورسایی هاتنی دەنگی [ ر] لە دوای [ ڵ ]ەوە رزگار بین.» ( محەمەد، ٢٠١١، ٤٧٢). شایەنی ئاماژە پێکردنە دەرکەوتنی

دەنگی [د]هۆکارەکەی فۆنەتیکییە، نەک فۆنۆلۆژی، چونکە هیچ گۆڕانکارییەکی واتای نەهێناوەتە ئاراوە، جگە لەوەی وەکو مۆرفێکی بەتاڵ ڕێگەی بۆ ئاسانی درکاندنی دەنگی [ر]خۆشکردووە، بنکەی وشەکەی ڕێکخستووە، چونکە « لەپەیوەندی نایەکسانی نێوان مۆرفیم و مۆرفدا هەندێ جار ناهاوسەنگی لە مۆرفەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، واتە ژمارەی مۆرفەکان لە هەندێ گوتندا لە ژمارەی مۆرفیمەکان زیاترن و لەوە دەچێ بەبێ کار و بەبێ هۆ هاتبنە گوتنەوە، ئەمەش گیروگرفتێکی تر بۆ تیۆری مۆرفیم دروست دەکات، چونکە هەموو لایەنگرانی سورن لەسەر ئەوەی، کە مۆرفیم دەبێ یان ئەرکێکی ڕێزمانی یان واتای هەبێت، کەچی لەم شوێنانەدا مۆرفەکان واتا و ئەرک بەو بیرۆکەیەی کە لە ئارادا هەیە لەدەست دەدەن، ئەو مۆرفانەی کە لەوە دەچێت زیادبن و ئەرک و واتایان نەبێت لە مۆرفۆلۆژیدا بە مۆرفی (بەتاڵ) یان (بێکار) ناو دەبرێن، بەڵام دەکرێ لە زمانی کوردیدا بە مۆرفی بنکە ڕێکخەر یان فراوانکار ناوزەد بکرێن، چونکە جێ بۆ پاشگرەکانی دوای خۆیان خۆش دەکەن.» (فەتاح و قادر، ٢٠٠٦، ٧٢).بۆیە دەبینین زۆرجاران لە ڕۆنانە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا دەنگێک بۆ بنکەی وشەکە (ڕەگ) زیاد دەکرێت، کە هیچ ئەرکێکی ڕێزمانی و واتاییان نییە، تەنیا پێویستییەکی فۆنەتیکی ئەو دەنگانەی هێناوەتە ئاراوە، تاوەکو درکاندنی دەنگەکانی ڕۆنانەکە ئاسانتر بکەن و ڕێگەش بۆ وەرگرتنی پاشگری دوای خۆیان خۆش بکەن، بۆنمونە: (٣)

ا- بردۆتەوە   برد +  ۆ  +  ت  + ەوە

ڕەگ + ڕابردوی تەواو + فراوانکار + پاشگر

ب- بخۆرەوە   ب  + خۆ  +  ر  +  ەوە

نیشانەی ئیلزامی + ڕەگ + فراوانکار + پاشگر

لە نمونەکانی (٣- أ و ب) دا، تێبینی ئەوە دەکەین، کە پەیدابوونی دەنگی [ت، ر] وەکو ناوبڕێک بۆ ئەوەیە دوو دەنگی ڤاوڵ لە زمانی کوردیدا پێکەوە نایەن، لە نمونەی (بردۆتەوە) ئەو [ۆ] یەی لە نێوان دەنگی[د]ی نیشانەی چاوگ و دەنگی[ت]ی ناوبڕدایە، نیشانەی ڕێژەی ڕابردوی تەواوە، هەرچەندە بەهۆی یاسای تەبایی دەنگەوە دروستبووە [و+ە=ۆ]، بەڵام پێویستی فۆنەتیکی ڕۆڵی خولقاندویەتی.

پ- ڕۆیشتی   ڕۆ  +  یش  +  ت  +  ی

ڕەگ  + فراوانکار +  ڕابردو  + نوسەکی ڕێکەوتن

هەروەها لە شێوەزاری سلێمانیدا نمونەی تر بەرچاو دەکەوێت، وەک:

ت- دەرگاکە بکەوە. دەرگاکە بکەرەوە.

ج- بچۆوە بۆ ماڵ. بچۆرەوە بۆ ماڵ.

١-٣-٣ دارشتنی رەگی کار:

یەکێک لەو دیاردە نافەرهەنگییانەی زمانەکەمان، کە جێگەی مشتومرە، دارشتنی رەگی کاتی داهاتووە و رەگی کاتی رابردووە، لەم رووەوە ئایا کامیان لە کامیانەوە هەڵدەگوێزرێن، بۆچوونەکانمان دەخەینە روو، چونکە لە نێوان رێزمانی کلاسیکی و نوێدا دوو بۆچوونی جیاواز بۆ ئەم بابەتە لە ئارادایە، رێزمانی کلاسیکی پێی وایە رەگی داهاتوو لە رەگی رابردو وەردەگیرێ، بەلێکردنەوەی نونی چاوگ و نیشانەی چاوگ {د، ت، وو، ی، ا}، بێ ئەوەی هۆکاری ئەو گۆرانکارییە دەنگییانە یەکلایی بکرێتەوە، کە لە نێوان رەگ و مۆرفیمی کاتدا دێتە کایەوە، چونکە گۆرانی دەنگی بەدوادا دێت و ناکەوێتە ژێر حوکمی یاسا فۆنۆلۆژییەکان، بەڵکو رێسا فۆنەتیکییەکان بەپێی یاساکانی رێزمانی زمانەکەمان حوکمی دەکات، بەوەی ئایا هۆکارەکەی بۆ یاسا مۆرفۆفۆنیمییەکان دەگەرێتەوە، یا بۆ رەفتاری ناوێزەی دەنگەکان (سلوک شذوذ الاصوات) دەگەرێتەوە، کە « مۆرفیمێکی بەتاڵە و بنکەی بەند فراوان دەکات، بۆیە (فراوانکار)ی پێدەگوترێت، لە زمانی عەرەبیدا بە ( شذوذ الاصوت) ناودەبرێت، کە لە ژینگە و شوێنی تر ئەرکی سینتاکسی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لێرەدا وەک فراوانکار ئەم ئەرکەی نییە یاخود لە دەستی داوە.» (محێدین، ٣١٠٢، ٧٥)، لەم بارەیەوە (ئەمین، ٩٠٠٢، ٢٣١، ٣٣١) دەڵێت:» لە رێزمانی کوردیدا...دوو رەگی جیاواز بۆ کار (فەرمان) دەستنیشان کراون ئەوانەن، کە پێیان دەوترێ (رەگی کاتی داهاتوو) و ( رەگی کاتی رابردوو) هەموو کاتە رێزمانییەکان بەم دوو رەگە دادەرێژرێن، رێزمانی تەقلیدی چاوگی کردووە بە سەرچاوە رەگی رابردوو وەردەگرێ بەلابردنی (ن) ی چاوگ، هەموو چاوگێک لە زمانی کوردیدا بە (ن) کۆتایی دێت...بەلابردنی ئەم (ن) ە رەگی رابردوی کار (فەرمان) دەست دەکەوێ، بۆنمونە: (٤)

| چاوگ | رەگی رابردو |
|---|---|
| ا- نوستن | نوست |
| ب- کردن | کرد |
| پ-پژمین | پژمی |

، بەڵام پەیوەندی مۆرفۆلۆژیی نێوان رەگی رابردو و داهاتوی دەستنیشان نەکردوە،

واتا ئەو یاسا مۆرفۆفۆنیمیانەی نەخستۆتە ڕوو، کە بە هۆیانەوە ڕەگی داهاتوی کار لە ڕەگی ڕابردوی وەربگیرێ.» هەرچەندە ئەو یاسایانەشی خستۆتە ڕوو، کە گوایە بەهۆیانەوە ڕەگی کاتی داهاتو لە ڕەگی کاتی ڕابردوو وەردەگیرێ، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هۆکاری گۆڕانە دەنگییەکان بکات، جگەلە هێنانەوەی پۆزش (تبریر) ی مۆرفۆلۆژییانە بۆ بابەتەکە لە پەراوێزدا بۆنمونە، دەڵێت: « ئەو فەرمانانەی ڕەگی ڕابردویان بە (ارد) یا (اند) کۆتایی دێت...بۆ وەرگرتنی ڕەگی داهاتوویان (د) لادەبرێ [ا] دەگرێ بە [ێ]، هەروەها دەڵێت: گەر ڕەگی ڕابردو بە {ست}یا {شت}کۆتایی هاتبێ بۆ وەرگرتنی ڕەگی داهاتووی [س]دەکرێ بە [ز]، [ش]دەکرێ بە [ژ]و ئەو ڤاوڵەی لە پێشیان دەردەکەوێ (لە هەندێ حاڵەتدا) دەبێ بە [ێ]، بەڵام پێویستە هۆکاری ئەو گۆڕانکارییە دەنگییە چ وەک سیمایەک بۆ جیاوازی لە نێوان ڕەگی ڕابردوو و داهاتوو، بەهۆی بێ دەنگی و دەنگدارییەوە، یان کایگەریی یاسا مۆرفۆفۆنیمییەکانەوە ڕوون بکرێتەوە، هەرچەندە لە بابەتی (ڕەگی داهاتو...بەیەک یاسا) ئاماژەی بە لۆژیکی (ئاڵۆز لە سادەترەوە پێک دێت) کردووە، هەروەها لە پەراوێزی ئەم بابەتەدا ئاماژەی بە هۆکاری هەندێ لە گۆڕانە دەنگییەکانیش کردووە.» (ئەمین، ٢٠٠٩، ٤٣١، ٥٣١-٤٨٣).ئەم ئاماژەیەش بنەمایەکە بۆ بۆچوونی ڕێزمانی نوێ و ئەو توێژینەوە نوێیانەی لەم بارەیەوە کراون، کە پێیان وایە « ڕەگی ڕابردو بە زیادکردنی مۆرفیمی کاتی ڕابردوو بۆ ڕەگی داهاتوو دروست دەبێت. « (خضر، ٢٠١٩، ٩٥١)، ئەمەش ئەو بۆچوونە کلاسیکییە پێچەوانە دەکاتەوە، کەپێی وایە ڕەگی داهاتوو لە ڕەگی ڕابردو وەردەگیرێ، بەلێکردنەوەی نونی چاوگ و نیشانەی چاوگ، گرنگی ئەو بۆچوونە نوێیە لەوەدایە، کە هۆکاری گۆڕانکارییە دەنگییەکان روندەکاتەوە، چونکە «دوای سەپاندنی یاساکە دوا فۆنیمی ڕەگی داهاتو کە بێ ژێ sselcioV ن سیمای ژێداریdecioV یان لێ دەنیشێ...بەپێی لۆژیکی (ئاڵۆز لە سادەترەوە پێکدێت) دەبێ ئەمە بەپێچەوانەوە و بەم جۆرە بێت: کە نیشانەی کاتی ڕابردو (ت) دەچێتە سەر ڕەگی {چێژ، کوژ...هتد} دوا فۆنیمی ڕەگەکە سیمای ژێداریی decioV خۆی دەدۆڕێنێ، بۆنمونە: (٥)

ا- چێژ + ت ⊠چێشت ب- کوژ + ت ⊠ کوشت پ- گەز + ت ⊠ گەست

هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەم یاسایانەی لەم باسەدا و ئەوانی پێشتر خراونەتە ڕوو بەزۆری یاسای ڕێزمانیی پێداگۆگین... lacigogadeP کە پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی نێوان ڕەگی ڕابردوو و ڕەگی داهاتو هەر لە (سیما) دا ecafruS دەخەنە

ڕوو، کە لە زۆر حاڵەتدا لەگەڵ سروشتی پەیوەندیی نێوانیان لە (بنج) دا peeD یەک ناگرنەوە...و...یاسا مۆرفۆفۆنیمییەکانیان دەستنیشان ناکەن.» (ئەمین، ٢٠٠٩، ٣٨٤، ٣٨٥). ئەوەی لەم دەقەدا گرنگە ئاماژە کردنیەتی بە ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوە، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد ڕۆنانی سەرەوە گۆڕانە فۆنەتیکییەکان دەگرێتەوە، کە گۆڕانی واتایی ناهێننە ئاراوە، چونکە دەکەونە ژێر حوکمی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکە، بۆیە ئەم دیاردەیە دەچێتە چوارچێوەی دەنگسازیی نافەرهەنگییەوە، بەڵام ڕۆنانی ژێرەوە گۆڕانی واتایی دێنێتە ئاراوە، چونکە دەکەونە ژێر حوکمی یاسا فۆنۆلۆژیەکانی زمانەکە، کە لەگەڵ فەرهەنگی ئاوەزیدا یەکانگیرە لە چوارچێوەی دەنگسازیی فەرهەنگیدا. لە ڕاستیدا یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان بۆ یەکلابوونەوەی کارلێکە مۆرفۆفۆنیمییەکان، دەستنیشانکردنی دوو جۆرە ڕەگە (ڕەگی ڕابردو و ڕەگی داهاتو) بۆ کار، چونکە «لە بنەڕەتدا ڕەگ سەربەخۆیە و بە کاتەوە گرێ نادرێت، پێویست نییە مۆرفیمی کات بە ڕەگەوە بلکێنرێت، بەڵکو ڕەگ سەربەخۆیە و مۆرفیمەکانی کات وەک پێشگر و پاشگر بە دەوریەوە دەلکێن.»( خضر، ٢٠١٩، ١٦٢)، « زمانەوانی دێرین بەهەڵە دوو ڕەگیان بۆ کار دەستنیشان کردووە، ڕەگی ڕابردو و ڕەگی داهاتو (ڕانەبردو)، کە لە ڕاستیدا، کار تەنیا یەک ڕەگی هەیە و ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لە ڕانەبردودا بەسەر ڕەگی کاردا دێن، یان وشەسازین، وەک: ناردن □ نارد□ نێر، شاردنەوە □ شار □شێر، ژماردن □ ژمار □ ژمێر، یان دەنگسازین، وەک: کوشتن □ کوش□ کوژ، خواستن □ خواس □خواز، ژماردن □ ژمار □ ژمێر، یان هەردووکیان، وەک: ناشتن □ ناش□ نێژ، ڕشتن □ ڕش □ ڕێژ، گواستن □ گواس □ گوێز).» (ڕەسول، ٢٠١٥، ٦١). سەبارەت بە بۆچوونی ڕێزمانی نوێش، کەپێی وایە ڕەگی ڕابردو بە زیادکردنی مۆرفیمی کاتی ڕابردو بۆ ڕەگی داهاتو دروست دەبێت، بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانە مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکان بەگوێرەی «پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان (سوان، گۆڕان، پەیدابوون) ی دەنگ لە کاتی گۆڕانی ڕەگ لە داهاتووەوە بۆ ڕابردو و بە کاریگەریی زیادکردنی مۆرفیمەکانی کاتی ڕابردو بۆ ڕەگی کار، بۆ گۆڕانە یەک پرۆسەییەکان، واتە لە ڕەگێکدا یەک پرۆسەی دەنگی یان سوان یان گۆڕان یان پەیدابوونی دەنگی تێدا ڕودەدات، گۆڕانە دوو پرۆسەییەکان، واتە لە ڕەگێکدا دوو پرۆسەی دەنگی یان (سوان و گۆڕان ) ی دەنگ یان (گۆڕان و پەیدابوون) ی دەنگی تێدا ڕودەدات، گۆڕانە سێ پرۆسەییەکان، کە لە ڕەگێکدا سێ پرۆسەی دەنگی یان (سوان و گۆڕان و پەیدابوون) ی دەنگی تێدا ڕودەدات، کە زۆربەی جار گۆڕانی قالبەکانی

برگەشی بە دوادا دێت، بە تایبەتی لە پرۆسەکانی (سوان و پەیدابوون) ی دەنگدا. « ( خضر، ٩١٠٢، ٣٦١-٧٧١)، بۆنمونە: (٦)

ا-چاوگی {نوستن} بەلابردنی نونی چاوگ، قەد دەمینێت {نوست}، لێرەدا [ت] مۆرفیمی کاتی ڕابردووە، ڕەگی داهاتوو {نو} یە، کاتێکیش ڕەگی داهاتوو دەگۆڕێت بۆ ڕەگی ڕابردو دەبێتە {نوست} واتە لەم ڕەگەدا یەک پرۆسەی دەنگی ڕوویداوە، کە دەنگی [س] بۆ کۆتایی ڕەگەکە پەیدابووە، بۆیە شێوەی داهاتوی ئەم چاوگە {دەنوم } ە، بەڵام شێوەی ڕابردوی {نوستم} ە، هەروەها پێکهاتەی قالبی برگەش لە جۆری / VC/ دەگۆڕێت بۆ / CVC / ، ئەمەش نمونەیەکە بۆ یاسای یەک پرۆسەی یەک گۆڕانکاریی دەنگی.

ب-چاوگی {خستن} بەلابردنی نونی چاوگ، قەد دەمینێت {خست}، لێرەدا [ت] مۆرفیمی کاتی ڕابردووە، ڕەگی داهاتو {خە} یە، کاتێکیش ڕەگی داهاتوو دەگۆڕێت بۆ ڕەگی ڕابردو دەبێتە {خست}واتە لەم ڕەگەدا دوو پرۆسەی دەنگی و، یەکەمیان ڤاوڵی کورتی [ە] دەگۆڕێت بۆ ڤاوڵی کورتتری بزرۆکە دەنگی [س]یش بۆ کۆتایی ڕەگەکە پەیدادەبێت، بۆیە شێوەی داهاتوی ئەم چاوگە{دەخەم } ە، بەڵام شێوەی ڕابردوی {خستم}ە، هەروەها پێکهاتەی قالبی برگەش لە جۆری / VC / دەگۆڕێت بۆ / CVC /، ئەمەش نمونەیەکە بۆ یاسای دوو پرۆسەی دوو گۆڕانکاری دەنگی.

پ-چاوگی {ڕۆیشتن} بەلابردنی نونی چاوگ، قەد دەمینێت {ڕۆیشت}، لێرەدا [ت] مۆرفیمی کاتی ڕابردووە، ڕەگی داهاتو {ڕۆ} یە، کاتێکیش ڕەگی داهاتو دەگۆڕێت بۆ ڕەگی ڕابردو دەبێتە {ڕۆیشت}، واتە لەم ڕەگەدا یەک پرۆسەی دەنگی رویداوە، کە دەنگەکانی [یـ بزرۆکە، ش] بۆ کۆتایی ڕەگەکە پەیدابوون، بۆیە شێوەی داهاتوی ئەم چاوگە{دەڕۆم } ە، بەڵام شێوەی ڕابردوی {ڕۆیشتم} ە، هەروەها پێکهاتەی قالبی برگەش بوو بە دوو برگە لە جۆری / VC/ و / CVC /، ئەمەش نمونەیەکە بۆ یاسای یەک پرۆسەی سێ گۆڕانکاریی دەنگی، شایەنی ئاماژە پێکردنە لە شێوەزاری کەرکوک و سلێمانیدا {ڕۆشت}بەرچاو دەکەوێت.

ت-چاوگی {ویستن} بەلابردنی نوونی چاوگ، قەد دەمینێت {ویست}، لێرەدا [ت] مۆرفیمی کاتی ڕابردوە، ڕەگی داهاتو {ەوێ} یە، کاتێکیش ڕەگی داهاتو دەگۆڕێت بۆ ڕەگی ڕابردو دەبێتە {ویس} واتە لەم ڕەگەدا سێ پرۆسەی دەنگی ڕوویداوە، یەکەمیان دەنگی[ە] لەسەرەتای ڕەگەکەدا سواوە و دەنگی [ێ] لە ناوەڕاستدا گۆڕاوە بۆ دەنگی

[ی]، هەروەها دەنگی[س] لە کۆتایی ڕەگەکەدا پەیدابووە، بۆیە شێوەی داهاتووی ئەم چاوگە{دەمەوێ} ە، بەڵام شێوەی ڕابردوی {ویستم} ە، هەروەها پێکهاتەی قالبی بڕگە لە ڕەگی داهاتوو دوو بڕگەیە لە جۆری / V/ و / VC / ، لێرەدا « تەنیا هاتنی ئەم ڤاوڵە بە ڕێگای گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکانی هاتنی ئەسپێکتی بەردەوامی پێش ئەم ڤاوڵە چارەسەر دەبێت و دەبێت بە یەک فۆنیم لەگەڵ ئەسپێکتی بەردەوامی و سەربەخۆی خۆی لە دەست دەدات، بەم شێوەیە: دەمەوێت ⊠دەوێت، لە ڕووی پێکهاتەی بڕگەییەوە دەبێتە ( دە / مە / وێت )، لێرەدا لەگەڵ جێناوە لکاوەکان بوون بە یەک بڕگە و لە ( دە / وێت )، ئەمیان لەگەڵ ئەسپێکتی بەردەوامی بەهۆی گۆڕانی فۆنۆلۆژییەوە بووە بە یەک مۆرفیم بە یاسای بەیەکەوە هاتنی دوو مۆرفیمی وەک یەک بوون بە یەکی ئەم مۆرفیمانە {ە+ە=ە}، بەمەش {دە + ەوێت } دەبێت بە {دەوێت}. « (خضر، ٩١٠٢، ٠٨١) ، بەڵام پێکهاتەی قالبی بڕگە لە ڕەگی ڕابردوودا یەک بڕگەیە لە جۆری / CVC /، ئەمەش نمونەیەکە بۆ یاسای سێ پرۆسەی سێ گۆڕانکاریی دەنگی، هەروەها لەم نمونانەدا: (٧)

ا- کوشتی دەکوژێ. ب- گەستی. دەگەزێ. پ- ناردی. ⊠ دەنێرێ.

لەم نمونانەی سەرەوەدا هۆکاری سەرەکی گۆڕانی دەنگی ڕەگەکان [ش]بۆ [ژ] و [س]بۆ[ز] و [ا]بۆ[ێ] حوکمی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکەیە، نەک حوکمی یاسا فۆنۆلۆژییەکان، کە لە ئەنجامی کاریگەریی و کارلێکی دەنگەکانەوە دێتە کایەوە، بۆیە هۆکاری فۆنەتیکی ڕۆڵێکی سەرەکی لە گۆڕانی فۆڕمی دەنگ لە ڕەگی کاردا دەبینێت، کە دەکرێت وەکو سیمایەک بۆ ناسینەوە و پۆلێنکردنی ڕێژەکانی کار (ڕابردو و داهاتو) سوودی لێببینرێت، بۆنمونە: (٨) «لە کاری {نوست}دا واوەکە ڤاوڵە، کە کارەکە دەگۆڕین بۆ داهاتوو دەبێتە {دەنوێ} لێرەدا واوەکە بۆتە نیمچە کۆنسنانت.» (محەمەد، ١١٠٢، ٤٨٢)، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی یاساکانی دەنگسازیی نافەرهەنگییەوە.

١-٣-٤ دیاردەی هەڵگێڕانەوە:

هەروەها یەکێکی تر لەو دیاردە دەنگیانەی ئاماژەمان پێکرد دیاردەی هەڵگێڕانەوە (الاقلاب) بوو، کە لە سنووری فرەیز و ڕستەکانیشدا رودەدات، بۆیە دەکرێت وەکو هۆکارێکی نافەرهەنگی گۆڕانی دەنگەکان هەژمار بکرێت، بۆنمونە: (٩)

ا- نانبڕاو نانم بڕاو

ب- باران بڕە بارانم بڕە

پ- تاوانبار تاوانم بار

ت- شەوبۆ و شیلان چوون بۆ سەیران. شەوبۆ و شیلان چوونم بۆ سەیران.

ج-ترشی باینجان بخۆ. ترشی باینجانم بخۆ.

ئەوەی جێگای سەرنجە لە شێوەزاری هەولێردا لە کاتی گۆڕینی ئامرازی {بۆ} بە {لۆ} دیاردەی هەڵگێڕانەوە ڕوونادات، واتە یاساکە جێبەجێ نابێت، چونکە [ب]ی دوای [ن] گۆڕدراوە بۆ [ل]. بۆنموونە: (٠١)

- کاوە و کاروان چوون لۆ بازاڕ. کاوە و کاروان چوون لۆ بازاڕ.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم دیاردەیە هێندە سرکە، تەنیا لە گۆکردندا هەستی پێدەکرێت، نەک لە نووسیندا، لەبەر ئەوەی هیچ جیاوازییەکی واتای ناهێنێتە ئاراوە، بۆیە بە دیاردەیەکی نافەرهەنگی دادەنرێت، چونکە پەیوەندی بە فۆنەتیکی درکاندنەوە هەیە، نەک فۆنۆتاکتیکی زمانەکە. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد واتا ڕۆڵێکی گرنگ لە جیاکردنەوەی دەنگسازیی فەرهەنگی و نافەرهەنگیدا دەبینێ، بۆیە دەکرێت لە روانگەی واتاوە رەفتاری مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی دەنگەکان بکرێتە دەروازەیەکی فەرهەنگی بۆ لێک جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە دەنگسازییە، ئەمەش بە جیاکردنەوەی کارلێکە فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژییەکان دەبێت، لە نێو وشە و فرەیز و ڕستەدا، جا ئەگەر کارلێکە دەنگییەکان واتایان گۆڕی، ئەوە دەچێتە خانەی دەنگسازیی فەرهەنگییەوە، بەهۆی رەفتاری فۆنۆلۆژیی دەنگەکانەوەیە، بۆنموونە: (١١)

ا- لە سەرەتای وشەدا

{ + داڵ - تاڵ ، +گێل -کێل، +بیر - پیر، +ژان -شان، +زێ - سێ...هتد }

ب- لە ناوەڕاستی وشەدا

{ هەنار + هەکار - ، هەژار+ هەوار- ، دامێن+ داهێن -...هتد }

پ- لە کۆتایی وشەکاندا

{ بنیاد + بنیات - ، مهاباد + مهابات- ، باب + باپ-، ڕێناز + ڕێناس-...هتد }

شایەنی ئاماژە پێکردنە تێبینی ئەوە دەکەین، کە لە جێکەوتەی کۆتایی وشە سیمای /±/ کاڵدەبێتەوە و گۆڕینی واتا نایێننە ئاراوە، واتە ئەگەر سەلیقەی بیستنمان بەهێز بێت هەست دەکەین، ئەم وشانە بەشێوەی { بنیات ، مهابات، باپ ، ڕێناس...هتد } یش گۆدەکرێن، بۆیە ئەگەر کارلێکە دەنگییەکان واتایان نەگۆڕی، ئەوە دەچێتە خانەی دەنگسازیی نافەرهەنگییەوە، کە بەهۆی رەفتاری فۆنەتیکییانەی دەنگەکانەوەیە، هەروەک

پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کاتێک دەنگی [ک] دەکەوێتە پێش دەنگەکانی [ی، ێ، وێ] بە دەنگی [چ]ی قەڵەو و تۆخ گۆدەکرێت، بەڵام سیمای (-) لە دەست نادات، بۆنمونە: (٢١)

لە کوێ بووی ؟ لە چوێ بووی ؟، هەروەها کاتێک دەنگی [گ] دەکەوێتە پێش دەنگەکانی [ی، ێ، وێ] بە دەنگی [ج]ی قەڵەو و تۆخ گۆدەکرێت، بەڵام سیمای (+) لە دەست نادات، بۆنمونە: (٣١) گیان جیان، ئەمەش بەگوێرەی قسەکەر دەگۆڕی، چونکە قسەکەر ئازادە، کە چۆن دەریدەبڕێت. هەروەها لە نێوان زارەکاندا نمونەی تر بەرچاو دەکەوێت، بۆنمونە: (٤١)

زک k⊠z (شێوەزاری هەولێر)

سک k⊠s (شێوەزاری سلێمانی)

دەبینین بەهۆی بوونی ڤاوڵی سارد (بزرۆکە)ەوە لە نێوان دەنگی [ز] و [ک] ڕووپۆش بۆ دەنگی پێش خۆیان دروست دەکەن و ناهێڵن بگۆڕێن، هەروەها نیمچە ڤاوڵەکانیش بەهەمان شێوە ڕووپۆش بۆ دەنگەکانی پێش خۆیان دروست دەکەن و ناهێڵن سیما دەنگییەکانیان بگۆڕێت، بۆنمونە: (٥١)

جوان، شوان، دیاری، دیوان

ئەم جۆرە گۆڕانەی دەنگەکان دەچێتە خانەی دەنگسازیی نافەرهەنگییەوە، چونکە واتای وشەکان ناگۆڕێت، بەهۆی نەگۆڕانی سیمای دەنگییەوە، بەڵکو تەنیا دەنگەکان قەڵەو دەکرێن، بەڵام زۆرجارانیش لە سنووری وشەدا بەتایبەتیش دەنگە (گیراو و خشۆک و ئەفریکاتەکان) سەرەڕای لێکچوونی فۆنەتیکی هاوبەش، کەچی لە زۆر شوێنیشدا لەبەر زەبری کاریگەریی دەنگی دەوروبەر دەگۆڕێن، بۆنمونە: (٦١)

ا- چی بکەم. چی پکەم. ب- بچووک پچووک

شایەنی ئاماژە بۆکردنە ئەم گۆڕانە دەنگییە تەنیا لە شێوەزاری سلێمانی بە دیدەکرێت، چونکە لە نێوان دەنگی [ب] و [چ] ڤاوڵی سارد (بزرۆکە) هەیە، کە وا دەکات دەنگی [ب] پارێزراوبێت، بۆیە دەکرێت بە پێی خواستی قسەکەر بە دەنگی [ب] یان [پ] گۆبکرێت. بۆنمونە: (٧١)

ا- بەشدار بەژدار ب- هەشتدە هەژدە پ-پشتدەر پژدەر

ت-دەستگرە دەسگرە دەزگرە ج- مسگەر مزگەر چ- باجتان داوە ؟ باچتان داوە ؟

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە نمونەی (٧١- ب) و (٧١- پ) و (٧١- ت) دا، دوو دیاردەی دەنگی ڕوویانداوە، بۆنمونە لە (٧١- ب)دا سەرەتا دەنگی [ت] کەوتووە دواتر

دەنگی [ش] بۆ دەنگی [ژ] گۆڕاوە، بەهەمان شێوە لە (٧١- پ) دا سەرەتا دەنگی [ت] کەوتووە دواتر دەنگی [ش] بۆ دەنگی [ژ] گۆڕاوە، هەروەها لە نموونەی (٧١- ت)دا سەرەتا دەنگی [ت] کەوتووە دواتر دەنگی [س] بۆ دەنگی [ز] گۆڕاوە، بەشێوەیەکی گشتی لەم نموونانەدا دەبینین کارلێک و گۆڕانە دەنگییەکان لە چوارچێوەی وشە و فرەیز و ڕستەدا ڕوویانداوە، بەڵام واتایان نەگۆڕیوە، بۆیە ئەو کارلێک و گۆڕانە دەنگییانە دەچنە چوارچێوەی دەنگسازیی نافەرهەنگییەوە.

**١-٣-٥ یاساکانی گوێزانەوە:**

هەروەها یەکێکی تر لەو دیاردە دەنگییانەی، کە دەچێتە چوارچێوەی دەنگسازی نافەرهەنگییەوە، کورتکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتنە لە چوارچێوەی ڕستەدا، بەهۆی یاساکانی گوێزانەوە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، ئەو یاسایانەش ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستە وەردەگرێت و چەند کردەیەکیان بەسەردا جێ بەجێ دەکات پێش ئەوەی بیانگەیێنێتە ڕۆنانی سەرەوە، وەک « گۆڕانی جێناوی سەربەخۆیە بۆ جێناوی لکاو، گۆڕانی جێناوی سەربەخۆ لە بەرکاری بەیاریدە بۆ جێناوی لکاو و گۆڕانی ئامرازی پەیوەندی سەربەخۆ بۆ جێناوی لکاو» (ڕەسوڵ، ٢٠١٥، ٧٣). ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەم یاسایانەی گوێزانەوە لەم کردەیەدا دوو سیمای دەنگی و واتاییان هەیە، ئێمە سیما دەنگییەکەمان مەبەستە، بۆنموونە: (٨١)

ا- گۆڕانی جێناوی سەربەخۆیە بۆ جێناوی لکاو، وەک: بەمن دەخورێ. □ پێم دەخورێ.

ئەمەش بە پێی یاسایەکی ڕێزمانییە « ئەگەر ئەو دانە ڕێزمانییە دوای پێشبەندی {بە} بە جێناوی سەربەخۆ دەربڕا، ئەوا {بە}دەبێتە {پێ}».(ئەمین، ٢٠٠٩، ٢٤٠). هەروەها نموونەی تریش بەرچاو دەکەوێت، بۆنموونە: (٩١)

١- لە تۆ دەدەم. لێت دەدەم. ٢- دەرگاکەی لەسەر ئێمە داخست دەرگاکەی لەسەرمان داخست.

ب- گۆڕانی جێناوی سەربەخۆ لە بەرکاری بەیاریدە بۆ جێناوی لکاو، بۆنموونە: (٠٢)

ا- بە ئەوم دا. پێم دا. ب- لە ئەوم گرت. تێم گرت. گرتمێ.

پ- گۆڕانی ئامرازی پەیوەندی سەربەخۆ بۆ جێناوی لکاو، بۆنموونە: (١٢)

ا-چووم بۆ زانکۆ. چوومە زانکۆ. ب- لە ئەو ماڵە لەو ماڵە. پ- لە ئێرە ⊠ لێرە

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە نمونەی (١٢- ب) و (١٢- پ) دا، دوو دیاردەی دەنگی ڕوویانداوە، بۆنمونە لە (١٢- ب)دا، سەرەتا دەنگی [ئـ] کەوتووە دواتر هەر دوو دەنگی [ە]، چونکە لە ڕووی هێزەوە وەکو یەکن واتە هەردووکیان کورتن، بۆیە یەکێکیان دەمینێتەوە، بەڵام لە نمونەی (١٢- پ)دا، سەرەتا دەنگی [ئـ] کەوتووە، دواتر، چونکە دەنگی [ێ] بەهێزترە، لە ڕووی درێژییەوە دەبینین کاریگەریی کردۆتە سەر دەنگی [ە]، کە کورتترە بۆیە بۆخۆی ماوەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو گۆڕانە دەنگییەی لە بەشە ئاخاوتنەکانی ئەم رستانەی سەرەوە رویانداوە، هیچ پەیوەندییەکییان بە یاسا فۆنۆلۆژییەکانەوە نییە، چونکە گۆڕانی دەنگەکان گۆڕانی واتای جێناو و ئامرازە سەربەخۆکانی بەدوای خۆیدا نەهێناوە، بەڵکو گۆڕانی واتای لە نێوان ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوی هەندێ لە ڕستەکاندا رویداوە، بۆنمونە: (٢٢) لە ڕستەی

به من دەخورێ. (ڕۆنانی ژێرەوە-فۆنۆلۆژی) پێم دەخورێ. (ڕۆنانی روکەش – فۆنەتیک)

لە ڕۆنانی سەرەوەیدا دوو واتای هەیە:

١- پێیەکانم دەخورێ.

٢- دەتوانم بیخۆم.

هەروەها» لە زمانی کوردیدا ئەو پریپۆزیشنانەی لەگەڵ ئەو جۆرە فرمانانە دەرئەکەون، کە چەمکی گوێزانەوە esaC evitaD ئەگەیەنن، وەک: (چوون بۆ...، دان... بە...هتد) ئەشێ پریپۆزیشنەکە بە پاشگری فرمانی {-ە} جێگیر بکرێت، بۆنمونە: (٣٢)

ا- ئێمە هاتین بۆ سلێمانی. ئێمە هاتینە سلێمانی.

ب- ئەوان دایان بە ئازاد. ئەوان دایانە ئازاد.

گەر کاتی فرمانەکە لە ئێستای تەواودا (tcefreP tneserP)بێ، پاشگرە فرمانییەکە قالبی (تە) ئەگرێتە خۆی، بۆنمونە: (٤٢) ئێمە هێناومانە بۆ ئێرە. ⌧ ئێمە هێناومانە تە ئێرە.

گەر ڕەگی فرمانەکە بە کۆنسنانت کۆتایی هاتبێ...بەنەمانی جێناوی لکاو لەگەڵ ڕەگی فرمانەکە {وو} ئەبێ بە {ۆ} و فرمانی بێ هێز (ە) ئەتوێتەوە، بۆنمونە: (٥٢)

ئێمە ناردوومانە بۆ بەغدا. ئێمە ناردوومانە تە بەغدا. ئێمە ئازادمان ناردۆ تە بەغدا.

هەمان شت گەر فرمانەکە تێنەپەڕ بوو و بکەری ڕستەکە بکەری ڕستەکە لە کەسی سێیەمی تاکدا بێ – وەک باسکرا {وو} ئەبێ بە{ۆ} و فرمانی بێ هێز {ە} ئەتوێتەوە، بۆنمونە: (٦٢)

ا- ئەو ڕۆیشتووە بۆ هەولێر. ئەو ڕۆیشتۆتە هەولێر.

ب- بەرزۆ بووە بە پیاو. بەرزۆ بۆ تە پیاو. « (ئەمین، ٩٠٠٢، ٨٣١، ٩٣١ ).

**١-٣-٦ دەسەڵاتی ڕەگ:**

یەکێکی تر لەو دیاردە نافەرهەنگییانە لە زمانی کوردیدا، دەسەڵاتی ڕەگی کارە لە چۆنیەتی پێوەلکانی جێناوی لکاودا، بۆنمونە چۆنیەتی پێوەلکانی جێناوی لکاوی {- ات / ێت} بە ڕەگی کار لە زمانەکەماندا جیاوازە، هۆکارەکەشی بۆ دەسەڵاتی ڕێزمانی زمانەکەمان دەگەڕێتەوە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی دوو لایەنەی ڕەگ لەکاتی وەرگرتنی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک {- ات / ێت}، هەرچەندە جیاوازی ژینگەی فۆنۆلۆژی دەور دەبینێت، بەڵام دەسەڵاتی ڕەگ لە حاڵەتی رانەبردوودا، بەهۆی دەنگی کۆتایی ڕەگەکەوە رۆلێکی گرنگ لە وەرگرتنی ئەلۆمۆرفێک و ڕەتکردنەوەی ئەلەمۆرفێکی تری هەمان مۆرفیمدا دەبینێت، « واتا {- ات / ێت} دوو ئەلۆمۆرفی هەمان مۆرفیمن لە دوو ژینگەی فۆنۆلۆژیی جیاواز دەردەکەون، یاسای دەرکەوتنیان بەم جۆرەیە، گەر ڕەگی داهاتووی فرمان بە [ۆ] کۆتایی هاتبێ، جێناوە لکاوەکە قالبی {- ات} دەگرێتەخۆ... لەم حاڵەتەدا [ۆ] دەبێ بە [و] ی بێ دەنگ W و [ە]دەتوێتەوە، بۆنموونە: (٧٢)

چاوگ ڕەگی رانەبردو جێناوی لکاوی کەسی سێیەم

ا-خواردن خۆ دەخۆ + ات ⊠ دەخوات

ب- ڕۆیشتن ڕۆ دەڕۆ + ات ⊠ دەڕوات

پ-کردن کە دەکە + ات ⊠ دەکات

ت- بردن بە دەبە + ات ⊠ دەبات

لە هەموو حاڵەتێکی تردا جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کاتی داهاتووی فرمان بە {-ێت} دەردەکەوێ...، بۆنموونە: (٨٢)

چاوگ ڕەگی رانەبردو جێناوی لکاوی کەسی سێیەم

ا-پرسین پرس دەپرسێت

ب-چوون چ دەچێت

پ-مردن مر دەمرێت

ت- شکان شکێ دەشکێت

ج- نووستن نو دەنوێت « (ئەمین، ٩٠٠٢، ٠٥١ ).

کەواتە هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی {-ات / ێت}بۆ دەسەڵاتی ڕەگی کار دەگەڕێتەوە، بەمەش دەکرێت ئەم دیاردەیەش لە چوارچێوەی هۆکارە نافەرهەنگییەکاندا پۆلێن بکرێت، کە ڕێسا فۆنەتیکییەکان حوکمی دەکەن.

**١-٣-٧ باری بکەر نادیار:**

دیاردەی بکەر نادیار یەکێکە لە بابەتەکانی ڕێزمان، ئەم دیاردەیە لە ڕێزمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەی زۆری لە بارەوە کراوە، بەڵام زۆرینەی توێژینەوەکان لە لایەنی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەوە شرۆڤەی بابەتەکەیانکردووە، ئەمەش واتای ئەوە ناگەیێنێت، کە ئەم دیاردەیە لە کاریگەریی لایەنی دەنگسازییەوە بەدەربێت، بەتایبەتیش لە جیاکردنەوەی نیشانەی تافی ڕابردو و داهاتوی باری بکەر نادیار، «نیشانەکانی کاتی دەچێتەسەر /ا/ بۆ ڕابردو و /ێ/ بۆ داهاتو «(ئەمین، ٩٠٠٢، ١٧٢)، کە یەکێکە لە هەنگاوەکانی گواستنەوەی ڕستەیەکی بکەردیار بۆ بکەر نادیار لەزمانی کوردیدا، بەڵام ئەم دیاردەیەی گۆڕانی دەنگی [ا] بۆ [ێ] لە نێوان کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوودا بۆ کاریگەریی ڕەگی کارەکە دەگەڕێتەوە و لە ژێر کاریگەریی هۆکاری ڕێزمانی زمانەکەدایە، نەک هۆکاری فۆنۆلۆژی، چونکە «هێنان و دانانی نیشانەکانی تافی ڕابردو /ا/ و تافی ڕانەبردو /ێ/ پەیکاڵی تافی کردارەکەیە و نابێت بەگۆڕینی /ا/ بۆ /ێ/ ببینرێت، کەواتە ئەمە گۆڕین نییە، تاوەکو بەپێواژۆیەکی فۆنۆلۆژییانە دابنرێت.»(مەحویی ٠٢٠٢، ٢٣٢). واتە گۆڕینی / ا / بۆ / ێ/ دیاردەیەکی فۆنۆلۆژی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی ڕێزمانییە و پەیوەندی بە کاتی ڕەگی کارەوە هەیە، بەمەش ئەو بارە دەنگییەی لە دیاردەی بکەر نادیاردا هەستی پێدەکرێت لە چوارچێوەی دەنگسازیی نافەرهەنگیدا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت بەگوێرەی ڕێزمانی زمانەکە، کە دەکەوێتە ژێر حوکمی ڕێسا فۆنەتیکییەکان. هەرچەندە هەندێ جار بە گوێرەی ڕەگی داهاتوی کارەکە، هەندێ دیاردەی گۆڕانی دەنگی بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئەم دیاردانە لە چوارچێوەی فۆنۆتاکتیکی زمانەکە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، لەوانەش نەگونجانی بەدوای یەکدا هاتنی دوو دەنگی ڤاوڵ و دیاردەی گۆڕانی دەنگی بێ دەنگ بۆ دەنگدار، کەبەگوێرەی دیاردەی دابەشبوونی تەواوکەرانە لێکدەدرێتەوە، «کەوتنی / ە / ی زنجیرە «ەە» ی نمونەکانی (نوسین ⊠ نووسرا ⊠ دەنووسرێت )، دەرەنجامی ڕێسای ٧٧ ییە و دیاردەیەکی فۆنۆلۆژییانەیە، ئەڵتەرناسیۆنەکانی (ڕشتن ڕشتی دەیڕێژێت دەیڕژێت) و (ڕژان ڕژاندن ڕژێنران ڕژێنرا دەڕژێنرێت ) دیاردەی

فۆنۆلۆژییانەن و بەندن بە دابەشبوونی تەواوکەرانەوە، بۆنموونە: (٩٢)

ا- رشتن  رشتی. دەیرێژێت. دەیڕژێت.

ب- رژان رژاندن رژێنران رژێنرا دەڕژێنرێت. «(مەحویی، ٢٠٢٠، ٢٣٢). هەروەها نمونەی تریش لەم بارەیەوە بەرچاو دەکەوێت، بۆنموونە: (٠٣)

پ- خواستن  خواستی. خوازرا. دەخوازرێ. / دەخوازێ.

لەم بارەیەوە (بەرزنجی، ٨٨٩١، ٨٦) پێی وایە:» لێرەدا یاسایەکی دەنگسازی بەربڵاو لە زمانی کوردیدا کاردەکات، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر دوو دەنگی بێ دەنگ بەدوای یەکتردا هاتن و لە ئەنجامی گۆڕانی داڕشتنی وشەوە دەنگی دواییان بوو بە ئاوازدار، ئەوا دەبێ دەنگی یەکەمیش بگۆڕرێ بە بەرانبەرە ئاوازدارەکەی، ئەم یاسایە بە تایبەتی لە کۆنسنانتە تەوژمدارەکان و خشۆکەکاندا بەدیدەکرێ.

/ کۆنسنانت/ ⊠/ +ئاوازەدار / + ئاوازەدار/

/ س/ / ز/ ، /ت/ /د/، / ک/ / گ/ ، /ف/ /ڤ/، / ش/ / ژ/.» بە بۆچوونی ئێمە یەکێک لە هۆکارەکانی بوونی بۆچوونی جیاواز لە لێکدانەوەی گۆڕانە دەنگییەکان لە ڕەگی کاردا، بۆ یەکلانەبوونەوەی زمانەوانانی کورد دەگەڕێتەوە، بەوەی ئایا ڕەگی رانەبردوو لەڕەگی ڕابردوو هەڵدەگوازرێ یان بەپێچەوانەوە ڕەگی ڕابردوو لەڕەگی رانەبردو هەڵدەگوازرێ، کە ئێمە لەگەڵ بۆچوونی دووەمین، چونکە بەشێوەیەکی ڕوونتر و لۆژیکی تر دیاردەی گۆڕانە دەنگییەکان لە ڕەگی کارەکەدا دەردەکەوێت. جگەلەوە زۆر گۆڕانکاری تری دەنگی بەسەر ڕەگی کارەکەدا دێت، لەکاتی وەرگرتنی ئامرازی بکەر نادیار {- ر}، کە دەچێتە چوارچێوەی یاساکانی فۆنۆتاکتیکی زمانەکە، لەوانەش، بۆنمونە: (١٣)

١-گۆڕینی ڤاوڵی < ه > بە بزرۆکە < ⊠ > وەک: خستن خە خرێ / خرا، بردن بە بری/ برا.

٢-گۆڕینی ڤاوڵی < ێ > بە بزرۆکە < ⊠ > لە بناغەدا. وەک: نان نێ نرێ / نرا.

٣-گۆڕینی ڤاوڵی < ⊠ > بە ڤاوڵی < ی >. وەک: گرتن گر گیر / گیرا.

٤-گۆڕینی ڤاوڵی < ۆ> بە ڤاوڵی < و >. وەک: خواردن خۆ خورێ / خورا.

٥-لە ناوچوونی مۆرفیمی نادیاری (بزری) {- ر}و یان لێکدانی هەردوو < ر> ی نادیاری و < ر> ی بنجی بناغەی کار، بۆنمونە: (٢٣) گۆڕین گۆڕ گۆڕێ / گۆڕا. « (زەرێ یوسوپۆڤا، ٧٨٩١، ٠٩).هەروەها لەم بارەیەوە (ئەمین، ٩٠٠٢، ٤٧٢) دەڵێت: «

ئەگەر ڕەگی فرمان بە < ر> کۆتایی هاتبێ بە شێوەیەکی گشتی {-ر} ی بکەر نادیاری دەتوێتەوە، بۆنموونە: (٣٣) گۆڕین گۆڕ+ را گۆڕا. دڕین دڕ + را دڕڕا. « لە هەندێ زاریش بە تایبەتی لە چاوگە یاییەکاندا، ئەگەر ڕەگی کارەکە بە < ر> کۆتایی هاتبوو، ئەوە دەنگی [د]لە نێوان <ر>ی ڕەگەکە و {-ر}ی نیشانەی نادیاریدا پەیدا دەبێت، بۆنمونە: (٤٣)

ا- کڕین : کڕدرا (کڕ +د+ڕا) یان : کڕا

ب- گۆڕین : گۆڕدرا ( گۆڕ+د+را) یان : گۆڕا

هۆی زیادکردنی دەنگی [د] لە نێوان < ر> ی ڕەگەکە و {-ر}ی نیشانەی نادیاریدا، دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە یاسا فۆنۆلۆژییەکان، کەپێی دەڵێن یاسای لێکنەچوونی دەنگ (جیاکردنەوە) (noitalimissid).»(بەرزنجی، ٨٨٩١، ٦٦).هەرچەندە داڕشتی ئەم یاسایانەش بۆ لێکدانەوەی دیاردە دەنگییەکان لە ڕەگی کاردا ناوێزەی تێدەکەوێ، بۆنمونە: (٥٣)

گۆڕینی ڤاوڵی < ۆ> بە ڤاوڵی < و >. وەکو: خواردن خۆ خورێ / خورا ، بەڵام هەمان دەنگ وەک خۆی بەبێ گۆڕان لە { شۆردن: شۆرا، دەشۆرێ } دا دەمینێتەوە، بۆنمونە: (٦٣)

شۆردن: شۆ دەشۆم دەشۆرێ.» (سەرچاوەی پێشوو:٣٧).

هەروەها نمونەی تریش بەرچاو دەکەون لەوانەش، بۆنمونە: (٧٣) گۆڕینی ڤاوڵی <⊠> بە ڤاوڵی < ی >. وەک: گرتن گر گیر / گیرا

، بەڵام هەمان دەنگ وەک خۆی بەبێ گۆڕان لە { کردن: کرا، دەکرێ }دا دەمینێتەوە و نابێت بە < ی >، بۆنموونە: (٨٣) کردن: کە دەکەم دەکرێ.

ئەنجام

١- خاڵی سەرەکی جیاوازی نێوان دەنگسازیی فەرهەنگی و نافەرهەنگی گۆڕانی واتایە، کە لە ئەنجامی کاریگەریی گۆڕانی دەنگییەوە ڕوودەدات، بۆیە ئەگەر گۆڕانی دەنگی گۆڕانی واتای لێبکەوێتەوە، ئەوە دیاردەیەکی مۆرفۆفۆنۆلۆژییە و دەچێتە چوارچێوەی دەنگسازیی فەرهەنگییەوە لە سنووری وشەدایە، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر گۆڕانی دەنگی گۆڕانی واتای بەدوادا نەیەت، ئەوە دیاردەیەکی فۆنەتیکییە و دەچێتە چوارچێوەی دەنگسازیی نافەرهەنگییەوە لە سنووری فرەیز و ڕستەدایە.

٢- یەکێک لە بنەماکانی دەنگسازیی بەرهەمهێنان لێکجیاکردنەوەی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژییە لە روی نواندنی ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوە، ئەمەش ڕێگەی بۆ لێکدانەوەی چەندان دیاردەی دەنگی لە سنووری فرەیز و ڕستەدا خۆشکرد، بەگوێرەی جیاوازی زمانەکان بۆ دیاردە ڕێزمانییەکان، لەوانەش: شێوازی نەرێکردن، پەیدابوونی مۆرفی بەتاڵ، دارشتنی ڕەگی کار، دیاردەی هەڵگێرانەوە، یاساکانی گوێزانەوە، دەسەڵاتی ڕەگ و باری بکەر نادیار.

٣- دەنگسازیی نافەرهەنگی پەیوەندی بە ڕۆنانی سەرەوە (فۆنەتیک) هەیە، کە لە ژێر دەسەڵاتی یاسا ڕێزمانییەکانی زماندایە، نەک فەرهەنگی ئاوەزی، بە واتایەکی تر بۆ یەکجارە و ژینگە دەنگییەکە حوکمی دەکات.

**سەرچاوەکان**

**بەزمانی کوردی:**

١- ئەمین، وریا عومەر (٩٠٠٢) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس – هەولێر.

٢- بەرزنجی، فەرەیدوون عەبدول (٨٨٩١) نادیاری، نامەی واستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر.

-٣ بابکر، ساڵح عبدالله (٦١٠٢) ڕێبازی مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی لە شیکردنەوەی گیرەکەکانی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردەی قەڵادزێ- زانکۆی راپەڕین.

٤- خضر، هاوکار عمر (٩١٠٢) یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکانی گۆڕانی ڕەگی داهاتو بۆ ڕابردو، گۆڤاری توێژەر، بەرگی دوو، ژمارە سێ.

٥- رەسوڵ، عەبدوڵلا حوسێن (٥١٠٢) چەند باسێکی وردی زمانەوانی - کوردی، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر –چاپخانەی هێڤی – هەولێر.

٦- فەتاح، محەمەد مەعروف و قادر، سباح رەشید (٦٠٠٢) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی.

٧- فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد (٢٢٠٢) دەنگسازی بەرهەمهێنان لە نێوان دەنگسازیی کێشناسی و دەنگسازیی کەرتە دەنگییە خودکارییەکاندا. تێزی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەرردە، زانکۆی راپەڕین.

٨- قادر، عادل ڕەشید (٨٠٠٢) فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی – کرمانجیی سەڕوو، تێزی دکتۆرا- کۆلێجی زمان/ زانکۆی سلێمانی.

٩-.................. و احمد، بێستون حسن (٦١٠٢) یاساکانی کەوتن و کلۆرکردنی فۆنیمی /د/ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین، ژمارە ٧، بەرگی ٣.

٠١- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا و سەعید، سازان زاهیر (٨١٠٢) زانیاریی فەرهەنگیی– نواندنی فۆنۆلۆژیی لە کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین، ساڵی پێنجەم، ژمارە ٥١-ڕانیە.

١١- محەمەد، مەسعود (١١٠٢) هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس.

٢١- مەحویی، محەمەدی (٠٢٠٢) باری بکەر نادیار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی.

٣١- محێدین، بازیان یونس (٣١٠٢) پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپخانەی موکریان – هەولێر.

٤١- یوسۆپۆڤا، زەرێ (٧٨٩١) کار، وەرگێڕانی کوردستان موکریانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٦١١.

**بەزمانی ئینگلیزی:**

.sserP nallimcaM,nodnoL,ygolohproM (٣٩٩١).F,abmataK-٥١

.noitatneserpeR lacigolonohP (٣٧٩١) .P ,yksrapiK -٦١

fo erutcurtS ehT (٢٨٩١) htimS lavroN&tsluH rednaV yrraH-٧١ -thcerdroD snoitacilpuP siroF,(١ trap) snoitatnesrpeR lacigolonohP .nosnimannic-dnalloh

سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:

golonohpdnaygolohpromlacixel/moc.elgoog.www//:sptth -٨١

dna+ygolohprom+lacixel=q?hcraes/moc.elgoog.www//:sptth -٩١ ygolonohp+

**الملخص**

هذا البحث بعنوان ( الاصوات غير المعجمية في اللغة الكردية )، حدود هذا البحث في اطار اللهجة الكرمانجية الوسطى، ولذلك كانت نماذج البحث على حسب محاور الموضوع مقسمة ضمن اطار هذه اللهجة على حسب المنهاج التزامني التحليلي. اهداف هذا البحث واهمية تظهر من خلال تسليط الضوء على هذه الظاهرة اللغوية التي يطرأ عليها تغيير في الاصوات، الهدف من هذا البحث التوصل الى ان التغيير الصوتي اذا لم يصحبه تغيير في المعنى فان الظاهرة صوتية وتدخل في اطار الاصوات غير المعجمية ضمن الجملة، وهذا ما مهد الطريق الى العديد من الفرضيات حول الظاهرة الصوتية على حسب الفروق اللغوية للظواهر اللغوية ومنها: اسلوب النفي، ظهور المورف الخالي، صياغة الجذر الفعل، ظاهرة الاقلاب، قوانين التحويل، سلطة الجذر و حال المبني للمجهول، ولهذا الغرض تم تقسيم البحث على ثلاثة محاور: المحور الاول: المدخل، المحور الثاني: الاطار النظري للاصوات غير المعجمية، المحور الثالث وكان مخصصا للحديث عن ظاهرة غير المعجميات في اللغة الكردية.

الكلمات الدالة: الاصوات غير المعجمية، الاصوات المعجمية، مدخل المعجمي، المعجم الذهني، الهيكل السطحي (البنية السطحي).

Abstract

This research is titled “Post-Lexical Phonology in the Kurdish Language”. The scope of the research includes Central Kurdish (Sorani) Dialect. Therefore, the examples presented here are relevant to this dialect and they are analysed according to Synchronic-Analytic method. The aim of the research is to examine the linguistic phenomena which undergo phonological changes. As a result, this research has concluded that if phonetic changes do not undergo semantic changes, this is considered a phonological phenomenon and is included within the scope of post-lexical phonology on phrase and sentence level according to differences of languages in linguistic phenomena, among which are negation, empty morph appear, verb root dervation, the flipping phenomenon, transformational rules, Authority root and the state passive voice. Accordingly, this research has been divided into three sections. The first section is an introduction to the topic. In the second section, the scope of post-lexical phonology is demonstrated. The third Section three is about Post Lexical Phonology phenomenon in the Kurdish language.

Key Words: Post Lexical Phonology, Lexical Phonology, Lexical Entry, Mental Lexicon, Surface Structure.

# پێشگری مردووی «ئا» و لێکدانەوەی چەند وشەیەکی هەڵگری ئەو پێشگرە

د. محەممەد فروهەندە

## پێشەکی

زمانی کوردی، زمانێکی لقی هێندوئێرانی و ئەوەش خۆی لقێکی زمانی گریمانکراوی هێندوئۆرووپاییە، لە زمانەکانی ئەو گرووپە زمانییەدا، وشەکان بە چەند شێوازی سەرەکی ڕۆدەنرێن کە گرینگترینی ئەو شێوازانە بریتین لە: لێکدان، داڕشتن یان هەردووکی ئەو دووانە پێکەوە.

داڕشتنی وشە، بە یارمەتیی لکاندنی گیرەک یان مۆڕفیمە ناسەربەخۆیەکان (emehprom dnuob) دێتە ئاراوە، گیرەکەکان بە پێچەوانەی مۆڕفیمە ئازادەکان (emehprom eerf) بە جوێ کەڵکیان لێوەرناگیرێت و بە پێی ئەوەی کە لە چ شوێنێکی وشە زیاد دەکرێن، دابەش دەبن بە: پێشگر (لە پێش مۆڕفیمی سەربەخۆ یان ئازاد)، نێوگر(لە نێوان دوو مۆڕفیمی سەربەخۆ یان ئازاد) و پاشگر (لە پاش مۆڕفیمی سەربەخۆ یان ئازاد دەکار دەکرێت.)

گیرەکەکان دەکرێ لە بوارەکانی کۆنی و نوێیی، چالاکی و سڕی، سادە و ناسادە بوون و زۆر روانگەیتریش دابەش بکرێن. مۆڕفیمە ناسەربەخۆیەکان لە مەودای زەماندا وەکوو وشەکان، ئاڵوگۆڕی جۆراوجۆریان بە سەردا هاتووە. هێندێک تێداچوونە و نەگەیشتوونەتە سەردەمی ئێمە و زۆریان بە چەشنێک لە وشەکاندا قاڵ بوونە و تواونەتەوە کە ئەوڕۆکە گیرەک بە ئەژمار نایەن و هێندێکیش تەرح و تووز و بێژەیان تا رادەیەک گۆڕدراوە کە لەگەڵ سەرەتای خۆیان، جیاوازیان زۆرە.

زۆریەک لە گیرەکەکانی ئەوڕۆکە بە تایبەت پاشگرەکان، لە ڕابردووی کۆندا یان وشەیەکی سەربەخۆ بوونە یان وشەیەکی داڕێژراو، کە ئەوڕۆکە گیرەک بە ئەژماردێن؛ وەکوو: دان (پاشگری شوێن لە ڕەگی «دا» بە مانای دانان)، ستان (پاشگری شوێن لە ڕەگی «ستا» بە مانای مانەوە و راوەستان)، بان، وان، پان (پاشگری پاراستن و ئاگاداری لێکردن لە ڕەگی «پا» بە مانای پاراستن(وندهای پارسی، بخش پسوندهای دیرین، ص: ٢١)) کە لە شوێنی گونجاو بە تێر و تەسەلی لە سەریان دەدوێم.

زانیاریی تەواو و گشتگیر و بێکەموکوڕی لە سەر ئەو گیرەکانە لە هەر زمانێکدا بۆ تاکێکی ئاسایی و تەنانەت زمانناس و زمانەوانێکیش زۆر ئەستەمە یان ڕەنگە نەلوێ و نەگونجێ، چونکە زاڵبوون بە سەر ئەو زانستەدا، پێویستیی بە ئاگاداری لە زمانە کۆنەکان و زمانە سەرچاوەکانی زمانی مەبەستە کە ئەو هەلەش تەنیا بۆ ریشەناسانی پسپۆڕ و زانا و لێهاتوو دەڕەخسێ و ئاگادار بوون لەو بەشەی زمان

فاکتەری سەرەکییە بۆ ریشەناس بوون. بۆ وێنە لە زمانی کوردیدا، زاڵبوون یان ئاگادارییەکی زۆر لە زمانەکانی پەهلەوی، ئەوێستایی (بە تایبەت)، سانسکریت، هێندێک زمانی ئورووپایی و زمانی فارسی و زمانە هاوسێیەکانی ناهاورەچەڵەکی وەکوو تورکی و عەرەبی، لە رادەبەر پێویستە کە پێموایە تاکێکی بەو تایبەتمەندییانە، هێشتا لە نێو گەلی کورد هەڵنەکەوتووە و کەسێک کە بتوانین ناوی ریشەناسی بە تەواو مانای لێبنێین، هێشتا بەدی نەهاتووە.

پێشتر ئاماژەم کرد کە هێندێک گیرەک بە چەشنێک لە وشەکاندا قاڵ بوونە و تواونەتەوە کە ناسینەوەیان ئەستەمە و وەکوو بەشێکی وشەکە بە ئەژمار دێن کە پێشگری «ئا»، یەکێک لەو گیرەکانەیە.

ئا a: پێشگرێکی سرِ و کۆنی زمانە هێندوئێرانییەکان و لە وانیش کوردییە، کە رەنگە لە زمانە هێندوئورووپاییەکانیش‌دا بەدی بکرێت کە ماناکانی: ئەنجامدان، بەرێوە بردن، هەبوون و خاوەن بوون دەدا. ئەو پێشگرە لە زمانەکانی سانسکریت و ئەوێستاییدا «â/a» بووە کە لە رەگی ffo=opa ی هێندوئوروپایی بە مانای «ئەنجامدان و بەرێوەبردن وەرگیراوە (مسیر اشتقاق، ص: ١). بە مەبەستی روونکردنەوەی زۆرتر ئاماژە بە چەند وشە دەکەم کە خاوەنی ئەو پێشگرەن: ئاوس (ئا: هەبوون، خاوەن بوون + وس: پس، پز، کورِ کە لەسەریەک دەبێتە کەسێک منداڵ یان کورِی لە زگدایە)، ئاکار («ئا»: ئەنجام دان، هەبوونی دۆخ یان حاڵەتێک + «کار»: کردن، سازکردن، ئەنجام دان)، ئامادە («ئا»: پێشگری بەرِێوەبردنی کار یان هەبوونی حاڵ و دۆخێک + «ما»: پێوان، ئەندازە گرتن + «دە»: پاشگری ئاوەڵناوی بەرکار)، ئارام («ئا»: پێشگری بەرِێوەبردنی کارێک یان هەبوونی دۆخێک + «رام»: حەسانەوە و وچان‌دان)، ئازار («ئا»: پێشگری بەرِێوەبردن، هەبوون + «زار»: تورِە بوون)، ئاخوند (ئا: پێشگر بە مانای خاوەن بوون و هەبوونی حاڵ و تایبەتمەندییەک + خوند: گۆرِدراوی «tatnavh»: خوێندوو کە پێکەوە مانای خاوەنی خوێندەواری دەدا)، ئاواز (ئا: پێشگر بە مانای بەجێ هێنان، بەرەو پێش بردن + واز: دەنگ، گوتن). ئەگەر پێشگری «ئا» لە بێژە و گۆدا کورت بکرێتەوە، دەبێتە «ئە» کە ئەویش مانای شوێن و خاوەن بوون دەداتە وشەکان. بۆ وێنە دەتوانم ئاماژە بە دوو وشەی ئەوک و ئەدەب بکەم کە پێکهاتەکانیان بەو چەشنەیە: « ئەوک» (ئە:

پێشگری شوێن، خاوەن بوون + وک: دەنگ، ئاواز؛ بەو پێیە وشەی «ئەوک» مانای «شوێنی دەنگ و ئاواز» دەدا). «ئەدەب» (ئە: پێشگرێک بە مانای شوێن و هەبوون و ئەنجامدان + دەب: تەختە، لۆحە، نووسراوە کە پێکەوە مانای «خاوەنی نووسراوە بوون» دەدا بەڵام ئەوڕۆکە، زۆر مانایتری لێوەردەگیرێت. ڕەگی «دەب» لە زۆر وشەی کوردی، فارسی و ئوروپاییدا بەدی دەکرێت؛ وەکوو: دەبیر، دەبیرەستان، دەبستان، دیوان (کتێبی شێعر)، تابلۆ، elbat ی ئینگلیسی (فرهنگ ریشەشناسی انگلیسی، سەروشەی elbat) و زۆر وشەیتریش. جاری وایە پیتی «ئـ» لە زمانی کوردیدا بە پیتەکانی «ع، ح» دەگۆڕێتەوە (وەکوو ئاسمان کە دوو بێژەی عاسمان و حاسمانیشی هەیە). ئەو دیاردەیە لە پێشگری «ئا»شدا وەبەر چاو دەکەوێ. بۆ وێنە دەتوانم ئاماژە بەو وشانە بکەم: «حەسانەوە» کە لە بنەڕەتەوە «ئاسانەوە» بە مانای «ئاسوودەبوون» بووە. بەو پێیە سەرچاوە و پێکهاتەی وشەی حەسانەوە بەو چەشنەیە: «حە»: سواو و گۆڕدراوی «ئا»: پێشگری هەبوونی حاڵەت، خاوەن بوون و ئەنجام دان + «سا»: راکشان، پاڵدانەوە، رەحەت بوون + «نـ»: سواوی «ان»: پاشگری چاوگ ساز + «ەوە»: پاشگری دووپات بوونەوە. کەرتی دووهەم لە ڕەگی yas ی ئەوێستایی بە مانای راکشان و پاڵدانەوە وەرگیراوە کە لە هیندوئوروپاییدا iēk بووە (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، ص: ٥-٤٦). پێشتر ئاماژەم کرد، ئەو وشە دەکرێ سواوی «ئاسانەوە» بێت کە لە چاوگی «ئاسان» بە مانای ئاسوودە بوون وەرگیراوە و لە وشەی «تَن آسان»ی فارسی بە مانای «ئاسوودە» بوون وەبەر چاو دێت. وشەیەکیتر کە لەودا پیتی «ئـ»، بووەتە «ع/ح»، وشەی «ئەزنەوەر» بە مانای «گیانلەبەری دزێو و زەلامی ناقۆڵا»یە کە لە زۆر شوێنی کوردەواری و شێوەزاری کوردیدا بە چەشنەکانی «حەزنەور، حەزنەوەر، عەزنەور و عەزنەوەر» بە کار دەهێندرێ. وشەی «عەزنەوەر»، لە بواری سەرچاوە و پێکهاتەوە، وشەیێکی لێکدراو-داڕێژراوە کە بەو چەشنە پێکهاتووە: «عە»: گۆڕدراو و کورتکراوەی «ئا»: پێشگری ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی کار یان هەبوونی دۆخ و حاڵەتێک + «زنە»: لە ڕەگی naz ی ئەوێستایی بە مانای بەدیهێنان، بە دنیا هێنان، لە دایک بوون + «وەر»: بێژە و بیچمێکیتری «بەر» بە مانای هەڵگرتن، خاوەن بوون (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، ص: ٦-٥٨١). کەوایە ئەو وشە لە بواری ریشەییەوە مانای «لە دایک بوو»ی هەیە کە لە بواری ماناوە لەگەڵ وشەی «ئازاد» بەرابەرە. جگە لەو چەند

نموونەیە، زۆر وشەیتریش هەیە کە بەو چەشنە پێشگری «ئا»یان لەگەڵە و مانای هەبوون و ئەرێنییان لیوەردەگیرێت. پێشگری «ئا» جگە لە کوردی و فارسی لە زمانە کۆنەکانی ئەوێستایی، سانسکریت و پەهلەویش‌دا بەدی دەکرێت. وەکوو بەڵگە و وێنە، بڕواننە وشەی «ئازاد» کە خاوەنی پێشگری «ئا»یە و لەو زمانانەدا وەبەر چاو دەکەوێت. دەکرێ ئەو پێشگرە، لەگەڵ پێشگری «a» ی ئینگلیسیش هەڵسەنگێندرێ کە مانای نزیک لە یەکیان هەیە؛ بۆ وێنە وشەی «ekaw» بە مانای وەخەبەربوون، شەونشینی، پێشگری «a» دەگرێ و دەبێتە ئاوەڵناو: ekawa: وەخەبەر، ئاگادار؛ toof: پێ، لاق، کە دوای زیادبوونی پێشگری «a»، دەبێتە toofa بە مانای بە پێیان؛ erif: ئاگر کە دوای پێشگری «a» دەبێتە erifa: لە سەر ئاگر، گڕ گرتوو؛ peels: نووستن کە دوای زیادبوونی پێشگری «a»، دەبێتە peelsa: نووستوو.

**لێکدانەوەی چەند وشەیەک کە پێشگری «ئا»یان تێدا بەدی دەکرێت.**

ئاوەدان nadewa: ئاوان، ئاوا، شوێنێک کە مرۆڤەکان لێی نیشتەجێ بوونە. دوو بۆچوون لە بارەی ڕەگ و پێکهاتەی ئەو وشە، بەرچاو دەکەون. یەکێکیان ئەوەیە کە وشەیێکی داڕێژراوە و لەو سێ کەرتە پێکهاتووە: «ئا»: پێشگری ئەنجامدان و بەڕێوە بردن + «وەد»: سواو و گۆڕدراوی «پاد/پات» بە مانای پاراستن و ئاگاداری لێکردن + «ان»: پاشگری شوێن. بەو پێیە مانای وشەکە دەبێتە «شوێنی پارێزراو» (سەرچاوەی پێشوو، ص: ١). بۆچوونی دووهەم ئەوەیە کە وشەیێکی لێکدراو-داڕێژراوە و لەو چوار کەرتە پێکهاتووە: «ئاو»: توخم و ماکی ژیان + «وە»: سواو و گۆڕدراوی «پا» بە مانای «خواردنەوە (ئەو ڕەگە لە وشەی noitop ی ئینگلیسی بە مانای خواردنە بە بیچمەکانی ōp و īp بەدی دەکرێت) + «د»: سواو و گۆڕدراوی «دە/تە»: پاشگری ئاوەڵناوی بەرکار + «ان»: پاشگری شوێن (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، صص: ٤-٣). بە پێی بۆچوونی هەوەڵ، ڕەگی هێندوئورووپایی و ئەوێستایی ئەو وشە ap یە کە لە زمانی پەهلەوی‌دا بووەتە yap (مسیر اشتقاق لغات فارسی، ص: ١). هێندێک هەمبەر و هاوڕەچەڵەکی وشەی «ئاوا» (هەمبەرە فارسییەکەی «آباد»ە) لە زمانەکانی‌تردا بەو چەشنانە بەدی دەکرێن؛ ئەوێستایی: atāp-ā: پارێزراو؛ پەهلەوی: tāpā: ئاوەدان؛ ئەرمەنی: tapa: ئاوەدان؛ tapana: وێرانە (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، ص: ٤-٣.)

ئامۆژگار ragjoma: ئامۆژیار، مۆژیار، مۆچیار، ئاموچیار، پەندێر، مۆچیاریکەر، نسحەتکەر، فێرکار. ئێستە وشەییێکی داڕێژراو بە ئەژمار دێت بەڵام لە بنەڕەتەوە وشەییێکی لێکدراو–داڕێژراوە کە لە سێ کەرتی «ئـا»: پێشگری ئەنجام دان و بەڕێوەبردن و هەبوونی دۆخ و حاڵەت + «مـۆژ»: فێر کردن، فێر بوون + «گار: پاشگری کار و پیشە، پێکهاتووە. سواوی ئەو پاشگرە، «گەر»و شێوەمۆڕفێکیتری «کار» بە مانای ئەنجام دان و بەڕێوە بردن و ئافراندنە. کەرتی دووهەم واتا «مۆژ» لە ڕەگی هێندوئوروپایی čuam بە مانای فێربوون (مسیر اشتقاق لغات فارسی، ص: ٨) و ačuam ی ئەوێستایی لە ڕەگی kuam بە مانای شل کردن، ڕەها کردن و لەکیس‌دان وەرگیراوە (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، ص: ٤١١) کە ئێستاش لە زاراوەی هەورامی‌دا لە وشەکانی: موچن، موچنە (فێرکەر، ڕاهێنەر)، موچنای (فێر کردن، ڕاهێنان)، موچیا، موچی (فێرکراو، ڕاهێنراو)، موچیار (ئامۆژگار، پەندێر)، موچیاری (ئامۆژگاری)، موچیاری کریا، موچیاری کریێ (ئامۆژگاری کراو)، موچیاری کریای (ئامۆژگاری کران)، موچیاری کەرڎەی (ئامۆژگاری کردن)، موچیاریکەر، موچیاریکەرە (ئامۆژگاریکەر)، موچیای (فێرکران، ڕاهێنران) و موچیایەنە (لە فێرکردن‌دا) وەبەر چاو دەکەوێ.

ئافەرین nîrefa: خۆش ویستن، پاراستن، ئاگالێبوون، رازی بوون، پیٚخۆش بوون، پەسند کردن، دوعای خێر کردن. وشەییێکی داڕێژراوە کە لە سێ کەرتی «ئا»: پێشگری ئەنجامدانی کار، هەبوونی دۆخێک و خاوەن بوون + «فەری»: خۆش ویستن، پێدا هەڵگوتن + «ن»: سواوی «انە»ەی ئەوێستایی، پاشگری ئاوەڵناوی کارا، پێکهاتووە. کەرتی دووهەم واتا «فەری» لە زمانی هێندوئوروپایی‌دا īrp/ iārp بە مانای خۆشەویستن، پاراستن و ئاگا لێبوون و لە ئەوێستایی‌دا īrf/ iārf بە مانای رازی بوون و پیٚخۆش بوون بووە (مسیر اشتقاق لغات فارسی، ص: ٧). وشەی «نەفرین» بە مانای تووک و دوعای خراپ، نەرێنیی وشەی ئافەرین و سواوی ئەوە (نەئافەرین). وشەی فریا/فریاد (فریا سواوی فریادە)یش ڕەگی «فری» بە مانای خۆشەویستن و ئاگا لیٚبوونی تێدا بەدی دەکرێ (ئەو وشە لە دوو کەرتی فری: خۆشەویستن + اد: سواو و گۆڕدراوی داتە؛ کە مانای گشتیی وشەکە دەبێتە «دۆستانە پیٚدراو). ڕەگی «فری» لە وشەی dneirf ی ئینگلیسیش‌دا بەدی دەکرێ. ئەو وشە، داڕێژراوە و لە دوو کەرتی eirf: خۆشەویستن و dn: پاشگری

ئاوەڵناوی کارا پێکهاتووە. ئەو پاشگرە لە زمانی کوردی و فارسیش‌دا چالاکە و زۆر وشە بە یارمەتیی ئەو دارِشتراون کە ئاوەڵناوی کاران؛ وەکوو: بڵند، کەمەند، سەهەند، رەوەند، ڕەهەند، چەرەند، پەرەند، ڕێکەوەند و.... لە وشەی «ئافەرین»دا، کەرتی سێهەم واتا «ن»، هەر ئەو جۆرەی ئاماژە کرا، سواوی «ئەنە»ی ئەوێستاییە کە یەکێک لە ڕۆڵەکانی سازکردنی ئاوەڵناوی کارایە. ئەو کەرتە ئەوڕۆکە بە شکڵ و بیچمی «ان» لە زمانەکانی کوردی و فارسی‌دا ماوەتەوە؛ وەکوو: ڕەوان= رەوەندە، کەسێک یان شتێک کە دەڕوا، گوزەران= گوزەرەندە، کەسێک یان شتێک کە دەگوزەرێ و.... وشەی ئافەرین و هێندێک هەمبەر و هاوڕەچەڵەکی ئەو لە زمانەکانی‌تردا بەو چەشنانە بەدی دەکرێن؛ پەهلەوی: rufā / nīrfā: پێداهەڵگوتن؛ ئەوێستایی: ānīrfā: دوعای خێر، پێداهەڵگوتن؛ سانسکریت: itānīrp: رازی کردن؛ sayárp: خۆشەویستی، دڵداری؛ itīrp: شادی، دڵخۆشی؛ rátrrp: دۆست، هاودەم؛ گوتی: nōjirf: خۆشەویستن؛ sdnōjirf: دۆست، هاودەم؛ ئاڵمانیی کۆن: tnuirf: دۆست، دڵدار؛ ئاڵمانیی نوێ: dnuerf: دۆست، دڵدار، دڵبەر؛ ئینگلیسیی کۆن: dnoērf/ ئینگلیسیی نوێ: dneirf: دۆست، دڵدار، دڵبەر؛ ئەوێستایی: yārf: رازی کردن؛ yārfā: داوای شتێک بۆ کەسێک کردن، ئارەزووی شتێک بۆ کەسێک کردن؛ aθirf: دڵخۆش، شاد، لەبەردڵان؛ īrfā: دوعای خێر، پێداهەڵگوتن، نەفرین، جنێو؛ itīrfā: دوعای خێر، بارەقەڵڵا؛ ratīrfā: ئافرێنەر؛ anīrfā: دوعای خێر، بارەقەڵڵا؛ anavirfā: دوعای خێر، پێداهەڵگوتن، ئەفسون، جادو؛ ئاسی: æfra: سپاس، پێداهەڵگوتن؛ gajæfra: پیرۆز، خوجەستە، رۆمانیایی: mirefa. وشەکانی ئافەریم (بارەقەڵڵا)، ئافراندن (خوڵقاندن، بەدیهێنان)، ئافرێنەر (خوڵقێنەر، بەدیهێنەر)، ئافران (بەدیهاتن، چێبوون، دڕووس بوون)، ئافراو (خوڵقاو، دڕووس کراو)، ئافەریدە (ئافراو، خوڵقاو) و....، لەگەڵ ئافەرین هاوڕەچەڵەکن.

ئامادە edama: ساز، تەیار، حازر. وشەیێکی دارِێـژراوە کە لە سێ کەرتی «ئـا»: پێشگری بەڕێوەبردنی کار یان هەبوونی حاڵ و دۆخێک + «مـا»: پێوان، ئەندازە گرتن + «دە»: پاشگری ئاوەڵناوی بەرکار پێکهاتووە. بە پێی پێکهاتەکانی ئەو وشە، مانا سەرەکییەکەی دەبێتە «پێوراو». کەرتی دووهەمیش واتا «ما» لە زمانی هێندوئوروپایی‌دا «em»: پێوان، ئەندازە گرتن (ئەو کەرتە بە ئاشکرا لە وشەی «میتر»دا وەبەر چاو دەکەوێ کە لە دوو کەرتی «میـ»: پێوان + «تر»: سواوی «ترە»:

پاشگری ئاوەڵناوی کارا) و لە ئەوێستاییدا «ما»: پێوان، بووە. وشەکانی «مادَر»ی فارسی و زمانەکانیتر، فەرموون، ئەزموون، نواندن، پێوان و زۆر وشەیتریش کەرتی دووهەم واتا «ما»یان تێدا بەدی دەکرێ کە لە زمانە ئوروپاییەکاندا زۆرتر بە «می» و لە کوردیدا بە «وا» بێژە دەکرێ؛ چوونکە لە پێواژۆی گۆڕانی پیتەکان بە یەکتر، پیتی «م»ی زمانەکانیتر لە کوردیدا دەبێتە «و»، وەکوو وشەکانی پێوان و نواندن (نیشاندان). هێندێک هەمبەر و هاوڕیشەی وشەی «ئامادە» لە زمانەکانیتردا بەو چەشنانە بەدی دەکرێن؛ ئەوێستایی: atāmā: ئامادە، ئەزموونکراو؛ atāmarfº: ئامادە، ئەزموون کراو، لێهاتوو؛ ئاسی: (ئیرونی): dama :nyjama (دیگوری): nujama: dama: ئامادە کردن، سازکردن (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، صص: ٩-٨٠١.)

ئابلۆقە eqolba: ئابلۆقە، گەمارۆدان، دەورەدان و نەهێشتنی پێوەندیی شوێنێک لەگەڵ دەوروبەری. ئەو وشە لە ڕێگەی زمانی ئیتالیاییەوە پێی ناوەتە نێو زمانی کوردی. وشە ئیتالیاییەکە occolb–a بووە (فەرهەنگی ریشەی وشەی کوردیی، ل: ٤٣) کە وشەیێکی داڕێـژراوە و لە دوو کەرتە پێکهاتووە: «a/ ئا»: پێشگری بەڕێوەبردنی کار یان هەبوونی حاڵەت و دۆخێک + «بلۆقە»: occolb ی ئیتالیایی کە هەر kcolb ی ئینگلیسیە و مانای کۆلکەدار، بەربەست و لەمپەر، دەدا. کەرتی دووهەم واتا «بلۆقە»، هەر ئەو جۆرەی پێشتر ئاماژە کرا، occolb ی ئیتالیاییە و ئەوەش هەر kcolb ی ئینگلیسییە کە مانا سەرەکییەکانی «کۆلکەدار، پێشگرتن و بەربەست»ە. زمانی ئینگلیسی وشەی kcolb ی لە زمانی فەڕانسەویی کۆن وەرگرتووە بەڵام وێدەچێ سەرچاوە سەرەکییەکەی ئاڵمانی بێت. زمانی فەڕانسەویش ئەو وشەی لە kolb ی هولەندیی ناوەڕاست وەرگرتووە کە مانای «کۆلکەدار»ی هەیە. کرداری kcolb بە مانای «بەربەست و لەمپەر سازکردن» لە زمانی ئینگلسیدا، هەوەڵ جار لە سەدەی پازدەی زایینی لەپڕ بەدیهات و تا سەدەی شازدە سەقامگیر نەبوو. ئەو وشە لە سەرەتاوە مانای «دانانی کۆلکەدار یان بەربەست لە سەر رێگا»ی هەبووە (فرهنگ ریشەشناسی انگلیسی، ص: ٦٤١). ڕەنگە وشەی «بلوک»یش کە ناوی کەڕستەیەکی دیوار سازکردنە، لەگەڵ ئابلۆقە هاوڕیشە بێت و هەر لە kcolb ی ئینگلیسی وەرگیرابێت. هۆی ئەو ناونانە ئەوەیە کە بە دانانی ئەو چەشنە کەڕستە و دیوار سازکردن، جۆرێک لەمپەر و بەربەست لە بەرانبەر شتی نەخوازراودا چێ دەکرێ.

ئاهەنگ gneha: گۆرانی، هەوای گۆرانی. وشەیەکی داڕێژراوە و لە دوو بەشی «ئا»: پێشگری خاوەن بوون، بەجێهێنان و بەڕێوە بردن + «هەنگ»: گۆرانی و ستران، پێکهاتووە کە مانای ریشەیی پێکهاتەکانی دەبێتە «گۆرانی گوتن». وشەی ئاهەنگ لە زمانە باستانییەکاندا «agnaha» بووە. «هەنگ» لە ڕەگی هێدوئوروپایی «hųgnos» بە مانای «ئاواز» وەرگیراوە. «هەنگ» لە زمانی ئاڵمانیدا «gnas»: سرود، گۆرانی و لە زمانی ئینگلیسیشدا «gnos» ـە کە مانای گۆرانی گوتن دەدا (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، ص: ٦٣١). لە پێواژۆی گۆڕانی پیتەکان بە یەکتر، «s»ی سەردەمی باستان، بە «h»ی ئێستا، دەگۆڕدرێتەوە کە لە وشەی ئاهەنگدا بە ڕوونی وەبەر چاو دەکەوێت و دیارە کە «gnas» بووەتە «gnah». ریشەی «gnas» بێجگە لە وشەی «gnos» لە ئینگلیسیدا کە وشەی زۆری لێکەوتۆتەوە، بە شێوەی کرداریش لە وشەی «gnis» بە مانای گۆرانی گوتن، وشەگەلی زۆری لێ بەدیهاتووە.

ئاواز zawa: گۆرانی، ستران، لاوک، دەنگ. وشەیێکی داڕێژراوە و لە «ئا»: پێشگر بە مانای نزیک بوونەوە، ئەنجامدان، بەجێ هێنان، راپەڕاندن، بەرەو پێش بردن، هەبوونی حاڵەتێک و... + «واز»: گوتن، پێکهاتووە. وشەی ئاواز لە پەهلەویدا هەر بەو چەشنە بە کار هێندراوە و لە سەردەمی باستاندا «kav» و لە سانسکریتدا «ákav» بە مانای سرود و گۆرانی بووە (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، ص: ٢٢١) و ئێستاش لە هەورامیدا بە شێوەی «çav» ماوەتەوە. کەوایە مانای سەرەکی و ریشەیی «ئاواز»، دەنگ لە خۆدەرکردن و وتن و بێژتنە. کەرتی دووهەمی وشەی ئاواز واتا «واز» دەگەڕێتەوە بۆ wkew ی هێندوئوروپایی (فرهنگ ریشە لغات فارسی، ص: ٧٥١).

ئاسوودە edûsa: رەحەت، بێخەم، ئاسووە. وشەیەکی داڕێژراوە کە لە سێ کەرتی «ئا»: پێشگری هەبوونی حاڵەت و خاوەن بوون و ئەنجام دان و بەڕێوە بردن + «سوود»: ڕەگی ڕابردووی «ئاسوودەن» + «ە»: پاشگری ئاوەڵناوی بەرکار، پێکهاتووە. کەرتی دووهەم لە ڕەگی yas ی ئەوێستایی بە مانای راکشان و پاڵدانەوە وەرگیراوە کە لە هێندوئوروپاییدا iēk بووە. هێندێک هەمبەر و هاوڕەچەڵەکی ئەو وشە لە زمانەکانیتردا بەو چەشنانە بەدی دەکرێن؛ سانسکریت: īś ؛ پەهلەوی: yāsiw ؛

فارسیی تورفانی: ysyẃ ؛ سەکایی: ăśś ؛ ئاسی: nujæs , nyjæs، (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، ص: ٥-٤٦.)

ئارام mara›: ئۆقرە، قەرار، هێواش، بە ئارامی، بە ئەسپایی، بە نەرمی، بێپەلە. وشەیێکی داڕێژراوە کە لە دوو کەرتی «ئا»: پێشگری ئەنجامدان، بەڕێوەبردنی کارێک یان خاوەن بوون و هەبوونی دۆخێک + «رام»: حەسانەوە و وچاندان پێکهاتووە. کەرتی دووهەم واتا «رام»، لە زمانی هێندوئوروپاییدا mer بە مانای حەسانەوە و وچاندان بووە (مسیر اشتقاق لغات فارسی، ص: ٣٩). هێندێک هەمبەر و هاوڕیشەی وشەی «ئارام» لە زمانەکانیتردا بەو چەشنانە بەدی دەکرێن؛ پەهلەوی: marā: حەسانەوە، وچان؛ nēmār :nadīnēmār: شادکردن؛ سانسکریت: etamár: وچاندان؛ ámārā: شایی، خۆشی؛ فارسیی تورفانی: mŕ: شادبوون؛ nšymŕ: شادی؛ سەکایی: mar: شادی کردن؛ سوغدی: smŕtp: هێور بوونەوە؛ خارەزمی: mr: شاد کردن، دڵگەرم کردن؛ mrcp: حەسانەوە، هێور بوونەوە؛ ئاسی: numær: راوەستاو بوون، هێور بوونەوە؛ numaro / nymorū: راگرتن، ئارام کردنەوە؛ læbmor /lymor: لەسەرەخۆ، هێور؛ تەخاری: mār , mar ؛ یونانی: amere ؛ گوتیک: simir ؛ ئیسلەندیی کۆن: imir ؛ ئاڵمانیی کۆن: amar ؛ ئینگلیسیی کۆن: amir ؛ ئینگلیسیی: mir ؛ نۆڕوێژی: ednar ؛ لیتوانی: sitmar, itmir, itidmar ؛ لیتۆنی: smar ؛ ئیرلەندیی کۆن: mir (فرهنگ ریشەهای هندواروپایی زبان فارسی، ص: ٣٥.)

ئاخوند dnuxa›: مەلا، پێشەوای ئایینی. ئەو وشە داڕێژراوە و لە «a»: پێشگر بە مانای خاوەن بوون و هەڵگر و هەبوونی حاڵ و تایبەتمەندییەک + «tatnavh»: خوێندوو پێکهاتووە کە ئەوەش بۆ خۆی لە ڕەگی «navh» بە مانای خوێندن وەرگیراوە (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، ص: ٥٢). لە زمانی کوردیدا گۆڕانی پیتەکانی «هـ» و«خ» بە یەکتر، لە زۆر وشەدا وەبەر چاو دێت؛ وەکوو: بوختان > بوهتان؛ خەمیر < هەویر. لە ڕەگی «navh» وشەی «ratnavh» رۆنراوە کە بە مانای خوێنەرە. کەوایە وشەی «ئاخوند» بە مانای «خاوەنی خوێندن» یا کەسێکە کە خوێندوویەتی.

ئاسان nasa›: هاسان، کارێک کە ماندوو بوونی تێدا نەبێت. ئەو وشە لە پەهلەویدا «nāsā» بووە. دوکتۆر «حەسەن دوست» لای وایە ئەو وشە لە ڕەگی «usā»: بە مانای «توند ڕۆیشتن و خێرا بوون»ی ئەوێستایی و «úśā» ی سانسکریت + «na»: پاشگری ناوی کارا، ناوی مانا و چاوگ، وەرگیراوە. کەوایە لە سەریەک

مانای «خێرا و توندڕەو» دەدا (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، ص:٧٥) بەڵام ئیبراهیم پورداوود رای وایە کە ئەو وشە لە بەشەکانی «ئا»: پێشگری خاوەن بوون و هەبوونی دۆخێک، بە ئەنجام گەیاندن و... + «سای/ سی»: سانەوە یا حەسانەوە + «ان»: پاشگری ئاوەڵناو، ناوی کارا و ناوی مانا، پێکهاتووە کە ماناکەی پێکەوە دەبێتە «ماندوو نەبوون، حەسانەوە، حەساوە و....

ئامار rama: سەرژمێری، ژمێریاری، کاری بژاردن، مەزرێنگەی سەرژمێری. وشەیەکی داڕێژراوە کە لە دوو کەرتی «ئا»: پێشگری ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی کارێک یان هەبوونی دۆخێک + «مار»: لەبەرکردن، وەبیرهێنانەوە، پێکهاتووە. ڕەگی «مار» لە زمانی هێندوئورووپاییدا rem و لە ئەوێستاییدا rem/rems بووە (مسیر اشتقاق لغات فارسی، ص: ٨)کە بێچمەکانیتری ئەو لە زمانی کوردیدا «وار/وێر»ـە. ئەو وشانەی کە لەو ڕەگانە بەدیهاتوون، ئەوڕۆکە لە زمانی کوردیدا ماناکانی: بژاردن و جوداکردنەوەیان بەدی دەکرێت. ڕەگی «مار» لە سانسکریتدا ṛms و لە هێندوئوروپاییدا ramh / rem / rems بە مانای «وەبیرهێنانەوە» و لە ئەوێستاییدا ram ـە کە لە زمانی کوردیدا بووەتە «ژمار». وشەی «ئامار» بە مانای بژاردن و جوێکردنەوە، دەکرێ لەگەڵ ئەو وشانەی زمانەکانی خوارەوە هەڵسەنگێندرێ؛ سوغدی: rmʹštp: بژاردن، فکرکردنەوە، حیسێبکردن؛ سەکایی: ramätap: هەواڵ پێدان، ئاگادارکردنەوە؛ خارەزمی: ÿrmʹ: پیشخواردنەوە، ئاخ هەڵکێشان، ناڵاندن؛ ئاسی: nuræmsæf: زانین، ناسین، وەبیرهێنانەوە؛ ئورمەوی: rama: بیستن، ئاگادار بوون؛ ئارامی: rkrmh: حیسێبڕەس، ئامارگر؛ سۆریانی: rgrʹmh: ئامارگر؛ ئەرمەنی: ramah: ئامار، ژمارە، حیسێب؛ rakaramah: ئامارگر؛ liramah: حیسێبکردن، بژاردن، ئامارگرتن (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، صص: ٩-٨٠١). وشەکانی: ئاوار، ئاوارتە، ئاوارتن، هاوێر، هەڵاوێردن و... ش لە ڕەگی «مار/وار/وێر» وەرگیراون کە شێوەمۆرفی یەکترن و ماناکەیان هەریەکە.

ئاوارتە etrawa: دوورخراوە، جیاکراوە، هەڵاوێردراو. وشەیەکی داڕێژراوە کە لە سێ کەرتی «ئا»: پێشگری ئەنجام و بەڕێوەبردنی کارێک یان هەبوونی دۆخێک + «وارت»: بیچمێکیتری «مارت»: قەدی چاوگی «مارتن» بە مانای لەبەرکردن، وەبیرهێنانەوە، بژاردن + «ـە»: پاشگری ئاوەڵناوی بەرکار، پێکهاتووە. مانای ریشەیی ئەو وشە بە پێکهاتەکانییەوە دەبێتە «جوێ کراوە» کە بەزمانی عەڕەبی

دەبێتە «مُستَنی». ڕەگی «وار» کە شێوەمۆڕف و بیچمێکیتری «مار/وێر»ـە، لەو وشانەی کە لەو ڕەگانە بەدیهاتوون، ئەوڕۆکە لە زمانی کوردیدا ماناکانی: بژاردن و جوداکردنەوەیان هەیە. بیچمێکیتری وشەی «ئاوار» لە کوردی و فارسیدا وشەی «ئامار»ـە. ڕەگی «مار» لە سانسکریتدا r̥ms و لە هیندوئوروپاییدا rems / ramh / rem بە مانای «وەبیرهێنانەوە» و لە ئەوێستاییدا ram ـە کە لە زمانی کوردیدا بووەتە «ژمار». وشەی «ئاوار» بە مانای بژاردن و جویکردنەوە، دەکرێ لەگەڵ ئەو وشانەی زمانەکانی خوارەوە هەڵسەنگێندرێ؛ سوغدی: rḿštp: بژاردن، فکرکردنەوە، حیسێبکردن؛ سەکایی: ramätap: هەواڵ پێدان، ئاگادارکردنەوە؛ خارەزمی: ÿrḿ: پیشخواردنەوە، ئاخ هەڵکێشان، ناڵاندن؛ ئاسی: nuræmsæf: زانین، ناسین، وەبیرهێنانەوە؛ ئورمەوی: rama: بیستن، ئاگادار بوون؛ ئارامی: rkrmh: حیسێبڕەس، ئامارگر؛ سۆریانی: rgŕmh: ئامارگر؛ ئەرمەنی: ramah: ئامار، ژمارە، حیسێب؛ rakaramah: ئامارگر؛ liramah: حیسێبکردن، بژاردن، ئامارگرتن (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، صص: ٩-٨٠١). پێشتر ئاماژە کرا کە وشەکانی: ئامار، ئاوار، ئاوارتن، هاوێر، هەڵاوێردن و... ش لە ڕەگی «مار/وار/وێر» وەرگیراون کە شێوەمۆڕفی یەکترن و ماناکەیان هەریەکە.

ئاژیر rîja: زیرەک، تێگەیشتوو. وشەیەکی داڕێژراوە و لە دوو کەرتی «ئا»: پێشگری ئەنجامدان، خاوەنبوون و هەبوونی دۆخێک + «ژیر»: بەهۆش، زیرەک، پێکهاتووە. کەرتی دووهەم لە ڕەگەکانی iaj /iewG هێندوئوروپایی بە مانای زیندوو و arîž ی ئەوێستایی بە مانای زیرەک و بەهۆش، پێکهاتووە (مسیر اشتقاق لغات فارسی، ص٤). وشەکانی ژیر و زیرەک و زرنگ یان زیرەنگیش هەر لەو ریشە وەرگیراون.

ئازار raza: ئێش، ژان، دەرد، ڕەنج، نەخۆشی. وشەیەکی داڕێژراوە کە لە دوو کەرتی «ئا»: بەڕێوەبردن، خاوەن بوون، هەبوون + «زار»: توڕە بوون، پێکهاتووە. کەرتی دووهەم لە rehg ی هێندوئوروپایی بە مانای گرتن و گەمارۆدان وەرگیراوە (سەرچاوەی پێشوو) کە دەکرێ لەگەڵ r̥h ی سانسکریت بە مانای توڕە بوون هەڵسەنگێندرێ. لە ئەوێستاییدا وشەکانی arāzā–vh: پیس (چاک، بەتوندی) توڕەبوون، arāz–a: ئازار، ڕەنج دیتن و arāzā–na: ئازار نەدراو، بەدی دەکرێن (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، ص: ٧٤). لەو ڕەگە، ئەو دەستەواژە و زاراوانە بەدیهاتوون؛ ئازار دان (ئێش پێگەیاندن)، ئازار گرتن (تووشی نەخۆشیی تووش و

ناخۆش بوون)، ئازارخوازی (مازوخیسم)، ئازاردەری (سادیسم)، ئازاردراو (دڵشکاو)، ئازاردەر (زیاندەر)، ئازارناسی (ئاسیوناسی)، ئازارەباریکە (دەردەباریکە، دەردێک کە دەبێتە هۆی لاوازی و باریکی، سیل)، ئازارەمریشک (ئانفلۆئانزای مریشک). وشەی «بێزار»یش لەگەڵ «ئازار» هاوڕیشەیە. ئەو وشە بە مانای وەڕەز و جاڕزە کە وشەیەکی داڕێژراوە و لە دوو کەرتی «بێ»: پێشگری دوور بوون و جوێ بوون؛ بەڵام لێرەدا بە مانای بە توندی + «زار»: توڕە بوون، پێکهاتووە (سەرچاوەی پێشوو، ص:٧٦٥). کەرتی دووهەم کە لە وشەی «ئازار»یش‌دا وەبەر چاو دەکەوێ، لە rehg ی هێندوئوروپایی بە مانای گرتن و گەمارۆدان وەرگیراوە (مسیر اشتقاق، ص: ٤.)

ئاخنین nînxa: تێپەستاوتن، بە زۆر تێراکردن، بە شێلان پڕ کردن. وشەیەکی داڕێژراوە کە لەو سێ کەرتە پێکهاتووە: «ئا»: پێشگری ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی کارێک یان هەبوونی دۆخ و حاڵەتێک + «خن»: گۆڕدراو و سواوی «کەن»: ڕەگی رانەبردووی چاوگی «کەندن» (بۆ وێنە لە هڵکەندن‌دا) + «ین»: پاشگری چاوگساز. گۆڕانی پیتی «ک» بە «خ» لە زۆر وشەدا بەدی دەکرێت کە گۆڕانێکی ئاسایی و باوە. بۆ وێنە لە وشەکانی: کەندەک < خەندەق ؛ ئوکتاپوس (ئۆکتا/ئۆکتۆ: هەشت لە وشەی «ئۆکتۆبر»یشدا کە مانگی هەشتەمی ساڵی رۆمییە، بەدی دەکرێت + پوس: پێ، قاچ) < ئۆختاپوس یش‌دا ئەو گۆڕانە بەدی دەکرێت. زۆر کەس بە هەڵە پێیانوایە «خەندەک /خەندەق»، وشەیەکی عەرەبییە. کەرتی دووهەم واتا «خن» ( > کن > کەن)، لە زمانی هێندوئوروپایی‌دا nek و nehwg بە مانای هەڵکەندن بووە (فرهنگ ریشه لغات فارسی، ص: ١٦). ڕەگی ڕابردووی چاوگی ناوبراو بێ ئاڵوگۆڕ یان بە ئاڵوگۆڕێکی کەمەوە لەگەڵ ناوی زۆریەک لە ئاوایی و شارەکان‌دا بەدی دەکرێ؛ وەکوو: سەمەرقەند (سەمەرکەند)، حاجیاڵی کەند، وسووکەند، حاجی کەند. هەمبەری وشەی «ئاخنین» لە زمانی فارسی‌دا «آکَندَن» بە مانای پڕکردنەوەیە. ئاژن nja: تێچەقێن، تێوەکەر. وشەیەکی داڕێژراوە کە لەو دوو کەرتە پێکهاتووە: «ئا»: پێشگری ئەنجامدان و بەڕێوەبردن، هەبوونی دۆخ یان حاڵەتێک + «ژن»: ڕەگی رانەبردووی چاوگی «ژەنین» بە مانای لێدان و تێڕۆکردن. کەرتی دووهەم واتا «ژن» لە ڕەگەکانی nehwg و naj ی هێندوئوروپایی بە مانای لێدان و itiaj /naj / ataž ی ئەوێستایی بە مانای لێدان و niz ی پەهلەوی بە مانای «دڕوون یان دوورین» وەرگیراوە کە لە زمانی فارسی‌دا بە بیچم و بێژەکانی «آزدَن، آژدَن، آجدَن» بەدی دەکرێت (مسیر اشتقاق لغات فارسی، ص: ٤.)

ئاوەدانی înadewa: شوێنێک ژیانی تێدایە و خەڵک لێی نیشتەجێنە، ئاوایی، گوند، دێ، ئاواهی، ئاوانی. وشەیەکی داڕێژراوە کە لەو چوار کەرتە پێکهاتووە: «ئا»: پێشگری ئەنجامدان و بەڕێوە بردن + «وەد»: سواو و گۆڕدراوی «پاد/پات» بە مانای پاراستن و ئاگاداری کردن + «ان»: پاشگری شوێن + «ی»: پاشگری نیسبەت. بەو پێیە مانای وشەکە دەبێتە «شوێنی پارێزراو» (مسیر اشتقاق، ص: ١.)

ئاراستە etsara: رازاوە، ئامادە، پێشکێش. دوو بۆچوون لە بارەی سەرچاوە و پێکهاتەی ئەو وشە هەیە. یەکێکیان بۆچوونی «بێیلی»یە کە پێیوایە ئەو وشە لە ڕەگی zar بە مانای ڕێکوپێک کردن و هەڵسوڕاندنی کار و بارە. بۆچوونی دووهـەم، بۆچوونی «هـۆڕن» و «سێیلمەن»ە کە پێیانوایە لە ڕەگی ra* ی هێندوئورووپایی وەرگیراوە کە دوای چەند قۆناخ ئاڵوگۆڕ کردن، dar ی ئێرانی کۆنی لێ بەدیهاتووە کە ماناکانی: ئامادە کردن، ڕێکوپێک کردن و رازاندنەوەی هەیە (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، ص: ٢٣). بە پێی بۆچوونی دووهەم، وشەیەکی داڕێژراوە کە لەو سێ کەرتە پێکهاتووە: «ئا»: پێشگری ئەنجامدان و بەڕێوەبردن و هەبوونی دۆخ یان حاڵەتێک + «ڕاست: ئامادە، ڕێکوپێک، ریزکراو + «ە»: پاشگری ئاوەڵناوی بەرکار. وشەی «ئاراستە» لە ڕەگی ra ی هێندوئورووپایی بە مانای «شیاو و بەجێ» وەرگیراوە (فرهنگ ریشە لغات فارسی، ص: ٦١). پاشان هەر ئەو ڕەگە بووەتە ōr* و ēr* و وشەکانی hdōr* و hdēr* ی لێکەوتۆتەوە کە مانای رازاندنەوە و تەرتیبدانیان هەیە. لەو وشانەش وشەی dār ی ئێرانیی کۆن بەدیهات کە ئەویش مانای ئامادە کردن و تەرتیبدانی هەیە. هێندێک هەمبەر و هاوڕیشەی وشەی «ئاراستە» لە زمانەکانیتردا بەو چەشنانە بەدی دەکرێن؛ ئەوێستایی: dār: ئامادە کردن، ڕێکوپێک کردن؛ aδar: ئاگاداری لێکردن؛ فارسیی ناوەڕاستی تورفانی: yŕ: ئامادە کردن، ڕێکوپێک کردن؛ سەکایی: iatsār: ئامادە، تەیار (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، ص: ٢٣.)

زۆر وشەی کوردی و زمانەکانیتریش لە ڕەگەکانی ra* ی هێندوئورووپایی و dār ی ڕابردووی کۆنی ئێرانی بەدیهاتوون کە هێندێکیان بریتین لە: ئەردەڵان (سەرزەویی موقەدەسی ئاریاکان)، ئەردەوان (پارێزەری ڕاستی و عەداڵەت)، ئەردەشیر (پاشا)، راد (بوێر، جوامێر)، ویراستار (کەسێک کە دەقێک لە هەڵە و پەڵە خاوێن دەکاتەوە و ئامادەی خوێندنەوە و بڵاو بوونەوەی دەکات)، ئۆردیبەهەشت (مانگی دووهەمی

ساڵی ئێرانی). ئێستا بۆ ڕوون بوونەوەی زۆرتر، چەند وشەیەک لەو هاوڕەچەڵەکانە لێکدەدەمەوە:

ئەردەوان: ناوی کوڕ و پیاو. ئەوڕۆکە وشەیێکی داڕێژراوە بەڵام لە بنەڕەتەوە، لێکدراو-داڕێژراوە کە لەو سێ کەرتە پێکهاتووە: «ئەردە/ئەرد»: ڕاستی، دروستی، بوێری + «وا»: پاراستن، ئاگاداری لێکردن کە شێوەمۆرفەکانیتری «با، پا»یە + «ن»: سواوی «ئەنە»ی ئەوێستایی (وندهای پارسی، بخش وندهای دیرینە، ص: ٢١) کە پاشگری ئاوەڵناوی کارایە. مانای ریشەیی وشەکە بە پێی پێکهاتەی کەرتەکانییەوە دەبێتە «پارێزەری ڕاستی و دروستی و هەقیقەت و بوێری».

ئەردەڵان: ناوی کوڕ و پیاوان لە زمانی کوردیدا؛ ناوی عێلێکی گەورەی کورد لە ڕۆژاوای ئێران؛ ناوی ناوچەیەکی کوردستان لە ڕۆژاوای ئێران کە ناوەندەکەی شاری «سنە»یە. وشەیەکی لێکدراو-داڕێژراوە کە لەو سێ کەرتە پێکهاتووە: «ئەرد»: عەداڵەت، ڕاستی، موقەدەس کە زمانی هێندوئوڕووپاییدا ra بە مانای شیاو و لێکهاتنەوە، بووە + «ئەڵ» سواوی «اڵ»، ئەوەش گۆڕدراوی «ار» (oira/oyra: حاکم، دەسەڵاتدار) + «ان»: پاشگری شوێن. مانای ریشەیی ئەو وشە بە پێی پێکهاتەکانی دەبێتە «سەرزەویی موقەدەسی ئاریەکان» (مسیر اشتقاق لغات فارسی، ص: ٣١).

وشەیەکیتر کە لەگەڵ «ئاراستە»، هاوڕیشەیە، وشەی ویراستارە بە مانای: کەسێک کە بە زیادکردن و سڕینەوە و ڕاستکردنەوەی وشە و ڕستەکان، هەڵەچنیی دەقەکان دەکا. لە بواری پێکهاتەوە، وشەیەکی لێکدراو-داڕێژراوە کە لەو سێ کەرتە پێکهاتووە: «وی»: بەش، جوێ + «ڕاست»: ڕاستکردنەوە، ڕێکوپێک کردن، شیاو و لێکهاتوو کردن + «ار»: پاشگری ئاوەڵناوی کارا. کەرتی دووهەم واتا «ڕاست»، لە ڕەگی ra ی هێندوئوڕووپایی بە مانای «شیاو و بەجێ»، وەرگیراوە (فرهنگ ریشە لغات فارسی، ص: ٦١). پاشان هەر ئەو ڕەگە بووەتە ōr* و ēr* و وشەکانی hdōr* و hdēr* ی لێکەوتۆتەوە کە مانای ڕازاندنەوە و تەرتیبدانیان هەیە. لەو وشانەش وشەی dār ی ئێرانیی کۆن بەدیهات کە ئەویش مانای ئامادە کردن و تەرتیبدانی هەیە و لە کوردی و زمانە ئێرانییەکانی ئەوڕۆکەدا بووەتە «ڕاست» بە مانای دروست، ڕازاندنەوە و ڕێکوپێک کردن (مسیر اشتقاق لغات فارسی، ص: ٨٨١). وشەیەکیتر کە لەگڵ «ئاراستە»، هاوڕەچەڵەکە، وشەی ئەردەشیرە کە ناوێکی کوڕانە یان پیاوانەی کوردی و زمانە ئێرانییەکانیترە. ئەو وشە لێکدراو-داڕێژراوە

و لەو سێ کەرتە پێکهاتووە: «ئەردە»: عەداڵەت، ڕاستی، موقەدەس + «شی»: دەستەڵاتدار بوون، دەستەڵاتداری، توانا و لێهاتوو بوون + «ر»: سواوی art/arht ی ئەوێستایی کە پاشگری ئاوڵناوی کارایە. ئەو پاشگرە لە زۆر وشەی ئەورۆکەدا ماوەتەوە؛ وەکوو: برادەر، «پِدَر و مادَر»ی فارسی. دوو کەرتی دووهەمی وشەی ئەردەشیر واتا «شیر»، بیچمێکیتری وشەی «شار»ە کە مانا ریشەییەکەی دەبێتە «دەسەڵاتدار و حاکم». بەو پێیە، مانای ریشەیی وشەی «ئەردەشیر/ ئەردشیر» دەبێتە «پاشای عادڵ و لێهاتوو» (مسیر اشتقاق لغات فارسی، ص: ٢١). کەرتی هەوەڵی وشەی ئەردەشیر واتا «ئەردە/ئەرد» لە ڕەگی ra ی هێندوئوڕووپایی بە مانای «شیاو و بەجێ»، وەرگیراوە (فرهنگ ریشه لغات فارسی، ص: ٦١). پاشان هەر ئەو ڕەگە بووەتە ōr* و ēr* و وشەکانی hdōr* و hdēr* ی لێکەوتۆتەوە کە مانای رازاندنەوە و تەرتیبدانیان هەیە. لەو ڕەگانە، atra و atera ی ئەوێستایی بە مانای «عەداڵەت و موقەدەس» بەدیهاتوون و پاشان بوونەتە «dār/ڕاد». کەرتی دووهەم واتا «شی»، لە زمانی هێندوئوڕووپاییدا iesk بە مانای «توانا و لێهاتوو بوون» بووە کە لە ئەوێستاییدا بووەتە ašx بە مانای «شا، دەستەڵاتدار» (مسر اشتقاق لغات فارسی، ص: ٢١.)

ئازاد daza: رزگار، سەربەست. لە بارەی سەرچاوە و پێکهاتەی ئەو وشە، دوو بۆچوون هەیە. «نیبێرگ» پێیوایە کە لە ڕەگی naz بە مانای لە دایکبوون وەرگیراوە و بۆچوونی «بارتۆلۆمە»ش ئەوەیە کە سەرچاوەی ئەو وشە دەگەڕێتە بۆ yāz بە مانای دەرفرتاندن، رەها کردن و هێشتن (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، صص: ٥-٤٤). بە پێی هەردووک بۆچوون، وشەی «ئازاد»، وشەیەکی داڕێژراوە کە لەو سێ کەرتە پێکهاتووە: «ئا»: پێشگری ئەنجامدا، بەڕێوەبردن و هەبوون + «زا»: لە دایکبوون + «د»: سواو و گۆڕدراوی «at» ی سەردەمی باستان کە پاشگری ئاوەڵناوی بەرکارە. بە پێی بۆچوونی «نیبێرگ»، کەرتی دووهەم واتا «زا»، دەگرێتەوە بۆ ڕەگەکانی eneg /neĝ هێندوئوڕووپایی (فرهنگ ریشه لغات فارسی، ص: ٧٤) و naz ی ئەوێستایی (فرهنگ واژەهای اوستا، ص: ٣٦٥). لە ڕابردوو بە تایبەت ڕابردووی کۆن، لە کۆمەڵگاکاندا مرۆڤەکان بە دوو چینی سەرەکیی «کۆیلە» و «ئازاد» دابەش دەکران. ئەوانەی ئازاد بوون، شا و شازادە و دەوروبەریانی ئەوان بوون و هەر کەس لەو چینە نەبوایە، دەکەوتە بازنەی چینی بەردە و کۆیلە و

نۆکەرەکان. هەر لە بەر ئەوە بوو کە لە زمانە جۆراوجۆرەکاندا بۆ ئەو دوو چینە، دوو وشەی دژبەر رۆنراوە؛ وەکوو: شا // گەدا؛ ئاغا // رەعیەت؛ شەریف//وەزیع (هەردووک وشە عەرەبین کە شەریف مانای گەورە و وەزیع/»وَضیع» مانای «کەوتوو»ی هەیە لە ڕەگی «و، ض، ع» بە مانای «دانان»). ئێستاش وشەی «نەجیب/نەجیم» بە مانای مرۆڤی باش و بەخلاق لە زمانی کوردیدا کەڵکی لێوەردەگیرێت کە لە بنەڕەتەوە بە مانای «شَریف»ی عەرەبی بووە کە لەگەڵ وشەی «اَشراف»ی عەرەبی هاوڕیشەیە. لە زمانی ئینگلیسیشدا وشەکانی eltneg ( لە بەرەی و تۆرەمەی گەورەکان)، ytiitneg ( نەجیب بوون)، namow/nam eltneg (پیاو یان ژنی نەجیب و دلۆڤان) و زۆر وشەیتریش لە ڕەگی neg ی هێندوئوروووپایی وەرگیراون کە لە ئەوێستاییدا بووەتە naz. پێشتر ئاماژە کرا کە وشەی «ئازاد» لەو ڕەگانە وەرگیراوە کە مانای رەها و دایک بووی هەیە. دەکرێ وشەی «ئازاد» لەگەڵ ئەو وشانە لە هێندێک زمانیتردا هەڵسەنگێنین کە تاقمێکیان هەمبەر و هاوڕەچەڵەکی وشەی «ئازاد»ن؛ پەهلەوی: nsā: سروشتی؛ سەکایی: atāsya: نەجیب، ئازاد، شەریف؛ ئەرمەنی: taza: ئازاد، رەها، نەجیب، شەریف؛ letaza: ئازاد کردن؛ eltneg: لە بەرە و تۆرەمەی گەورەکان (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، صص: ٥-٤٤)؛ ئەوێستایی: atāzā ؛ پەهلەوی: tāzā/ dāzā ؛ سانسکریت: atanaja: ئازاد؛ بەلوچی و ئەفغانی: dāzā ؛ یونانی: sotōng ؛ لاتین: ōngig ؛ گوتیک: sdnuk؛ ساکسۆنیی کۆن: dnik ؛ ئیسلەندیی کۆن: rdnuk ؛ ئاڵمانیی کۆن: dnik ؛ ئاڵمانی: dnik ؛ ئینگلیسیی کۆن: dnuk ؛ ئیسلاویی کۆن: ūtez/tēz ؛ لیتوانی: satnéhz ؛ گالّی: sutāng ؛ ویڵزی: hteneg (فرهنگ ریشەهای هند و اروپایی زبان فارسی، ص: ٨٥). لەو چەند زمانەی دواییدا بە پێی ئەوەیکە وشەکان لە ڕەگی neg ی هێندوئوروووپایی بەدیهاتوون، لە بواری بێژەوە، جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ وشەی «ئازاد» هەیە.

**سەرچاوە کوردییەکان:**

- مـەردۆخ رۆحانی، ماجد (٧٩٣١)، فەرهەنگی زانستگای کوردستان، سنە، پەخشانگای زانستگای کوردستان چاپی هەوەڵ.
- نانەوازادە، عەلی (٦٩٣١)، فەرهەنگی ریشەی وشەی کوردیی، تاران، پەخشانگای «همصدا»، چاپی هەوەڵ.

**سەرچاوە فارسییەکان:**

- آرش‌پور، منوچهر، فرهنگ ریشه‌های هند و اروپایی زبان فارسی، ؟
- آیتو، جان (٦٨٣١)، فرهنگ ریشه‌شناسی انگلیسی، ترجمه حمید کاشانیان، تهران، انتشارات معین، چاپ نخست.
- بهرامی، احسان (٦٩٣١)، فرهنگ واژه‌های اوستا، تهران، نشر بلخ، چاپ نخست.
- حسن‌دوست، محمد (٣٩٣١)، فرهنگ ریشه‌شناختی زبان فارسی، تهران، فرهنگستان زبان و ادب فارسی، چاپ دوم.
- حسن‌دوست، محمد (٩٩٣١)، فارسی باستان (کتیبه‌ها، واژه‌نامه)، تهران، چاپ نخست.
- فره‌وشی، بهرام (٨٨٣١)، فرهنگ فارسی به پهلوی، تهران، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ چهارم.
- فره‌وشی، بهرام (١٨٣١)، فرهنگ زبان پهلوی، تهران، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ چهارم.
- فرشیدورد، خسرو (٢٩٣١)، فرهنگ پیشوندها و پسوندهای فارسی، تهران، انتشارات زوار، چاپ دوم.
- لوائی، محمدعلی (٦١٣١)، وندهای پارسی، تهران، چاپخانه مجلس، ؟
- معینی، سام و محمدی آوندی، سارا (١٠٤١)، سرگذشت دگرگونی آواهای زبان فارسی، تهران، انتشارات آوای خاور، چاپ نخست.
- منصوری، یدالله (٦٩٣١)، فرهنگ ریشه‌شناختی افعال زبان فارسی، تهران، انتشارات آوای خاور، چاپ نخست.
- نورائی، علی، ؟، فرهنگ ریشه لغات فارسی، ؟
- نورائی، علی، ؟، مسیر اشتقاق لغات فارسی، ؟

# هەوڵەکانی «شێخ موحەممەدی خاڵ» لە بواری فەرهەنگنووسیی کوردیدا

سەیید ئیسماعیل حوسەینی

**کورتەی وتار**

با وەکوو مێژووی فەرهەنگنووسیی لە کوردستان، چەند سەدەی تێپەڕاندووە، بەڵام تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم هەموو فەرهەنگەکان دووزمان و فرەزمان بوون و ئێمەی کورد فەرهەنگی کوردی- کوردیمان نەبوو، ئەمەش خۆی کەلەبەرێک بوو لە رەوتی فەرهەنگنووسیی کوردیدا، سەرەنجام هەوڵ و چالاکییەکانی نوێخواز، ڕووناکبیر و نووسەری گەورەی کورد مامۆستا «شێخ موحەممەدی خاڵ» ئەم کەلەبەرەی بۆ پڕ کردینەوە و ئەم زانا پایەبەرزە بۆ یەکەمجار بەردی بنەڕەتی فەرهەنگی کوردی- کوردی بۆ ئێمە دانا و فەرهەنگێکی زاناپەسەندی پێشکەش بە گەلی کورد و کتێبخانەی کوردی کرد.

لەم توێژینەوەدا، لە هێندێ لە تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی خاڵ دەکۆڵینەوە لە چاو فەرهەنگەکانی ترەوە، هەروەها کاریگەرییەکانی ئەم فەرهەنگە لە سەر فەرهەنگنووسانی پاش خۆی.

دەور و نەقشی ئەم فەرهەنگە لە ریشەناسیی وشەی کورددا (Etymology) بەشێکیترە لە توێژینەوەکەمان.

وشە سەرەکییەکان: فەرهەنگ، ئەدەب، زمان، وتەی کوردی، دەنگ، خاڵ، فەرهەنگنووسیی، ریشەناسیی، فەرهەنگی زارەکیی، کوردی-کوردی.

**دەسپێک:**

نرخاندنی فەرهەنگەکانی زمانی کوردی، ڕوونکردنەوەی لایەنی لاواز و بەهێزیان، هەڵسەنگاندنیان لە دووتای تەرازووی ڕەخنەدا، دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی هەر کام لەوان، دەور و نەقشیان لە ریشەناسی وشەی کوردیدا، رادەی پێوەندییان دەگەڵ زمانی زارەکی و نەنووسراو و نهێنی و وردەزماندا، یەکێکە لە پێداویستییەکانی ئەمڕۆ، کە وەک ئەرکێکی قورس و گران دەکەوێتە سەرشانی نووسەران و ڕۆشنبیرانی ماندوویی نەناس و بە ورە.

سەرەتای فەرهەنگنووسیی کوردی لە قاڵبی تەسکی فەرهەنگۆکدا، هەوڵ و تەقەللایەکی بچووک و کەمدەرەتان بووە لە سەردەمێکی کۆندا، ئەو سەردەمەی کە تازە تیکنۆلۆژی راگەیاندن و پێوەندییەکان هاتبوونە ئاراوە و کورد دەیویست لە ڕێگای زمانی کوردییەوە فێری زمانێکی تر ببێ وەک زمانی عەرەبی و باقی زمانانی تر.

فەرهەنگی «نۆبارا بچووکان»ی ئەدیب و چیرۆکنووسی بەناوبانگی کورد «ئەحمەد

خانی» و هەروەها هۆنراوەی «ئەحمەدی» بەرهەمی زانای گەورە «شێخ مارف نۆدێی» دوو نموونەی بەپێزن لەم فەرهەنگە بچووکانە کە هەر دوو بۆ زارۆک دانراون تا فێری زمانی عەرەبی ببن.

پاش ئەمانیش رەوتی فەرهەنگنووسی هەر بەردەوام بووە و ئەم جۆگە و جۆبارە ئاوی لێ نەبڕاوە و کانیاوەکان هەرگیز وشک نەبوون.

ئەڵبەت فەرهەنگ دەیان جۆری هەیە. بەڵام ئەوەی کە ئێمە زۆر پێویستمانە و نابێ نەمانبێ، دوو جۆری سەرەکین:

یەکەم- فەرهەنگی ئینسکلۆپیدی، دووهەم- فەرهەنگی فیلۆلۆژی، کە یەکەمیان رواڵەتی مێژوویی هەیە و دووهەم لە وشە و بنەماکانی دەکۆڵێتەوە.

ئەمە بوو کە فەرهەنگنووسانی کورد بەرەبەرە لە رەوتێکی ساکارەوە دەستیان دایە ئەم کارە و کاروان تا بە ئەمڕۆ هەر بەرێوەیە.

بەڵێ بەختەوەرانە ئەم رەوتە هەدادانی نەبووە و چەندان قۆناغی تێپەڕاندووە تا گەیشتووە بە ئەمڕۆکە چاوەندازێکی باشی هەیە و بەرەو پێشکەوتن هەنگاو دەنێ.

لە تافە کۆنەکاندا، زمانی زارەکی و نووسراو، گەلێک دوور بوون لە یەکتر و ئەمەش خۆی خەسارەتێکی دڵتەزێن بوو، چونکە بنچینەی زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکان ژیانی زارەکییە و فەرهەنگی زارەکیش لە بەستێنێکی خۆماڵیدا لە دایک بووە.

بە هاتنی سەدەی بیستەم و کوژانەوەی ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی و چەکەرەکردنی هەستی نەتەوایەتی لای گەلی کورد، فەرهەنگەکان یەک لە دوای یەک هاتنە مەیدان و دەستی نیازیان بەرەو فۆلکلۆر و فەرهەنگی زارەکی درێژ کردەوە.

«فەرهەنگی خاڵ» شۆڕەسواری ئەم مەیدانەیە و لە ڕاستیدا یەک فەرهەنگە، بەڵام کاری چەند فەرهەنگ دەکات:

١- فەرهەنگی زارەکی هەموو ناوچەکانی کوردستان
٢- فەرهەنگی درکە و کینایە (ئیدیۆم)
٣- فەرهەنگی کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و باخەوانی و...
٤- فەرهەنگی وشە زانستییەکان
٥- فەرهەنگی وشە دووانەکانی زمانی کوردی

بەڵێ گیانشاد مامۆستا «شێخ موحەممەدی خاڵ» رەوتی فەرهەنگنووسی کوردی گەیاندە لووتکە و ترۆپک و وشە ڕەسەن و تۆخەکانی لە زاری خەڵکی گواستەوە

بۆ نووسین و لەم بوارەدا فەرهەنگەکەی یەگجار دەوڵەمەندە، زمانی زارەکی و نووسراوی پێکەوە ئاشتیدا و ماندوویی‌نەناسانە هەموو گۆشە و قوژبنێک گەڕا بۆ ئەوەی وشەی ڕەسەنی کوردی لە زمانی گوندنشینان و هۆز و عەشیرەتەکان وەربگرێ.

«اصمعی» (١٢٨-٢١٦ هـق) وشەشناس و یەکەمین فەرهەنگنووسی عەرەب لەم بارەوە دەڵێت: « بۆ دۆزینەوەی وشەی پەتی، تۆخ و ڕەسەن، هەروەها ریشەناسی وشەکان، بچنە نێو خەڵکی خێڵاتی، گوندنشینان و ئەوانەی لە دەوار و رەشماڵ دەژین و زمانەکەی خۆیان لە دیاردەکانی سروشت و تەبیعەت وەرگرتووە».

ئاشکرایە مامۆستا «خاڵ»یش هەر ئەم ڕێبازەی گرتووە و خۆی لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا دەڵێت: سەدان و هەزاران وشەی لە زار و زمانی خەڵکی لادێ، راوچی، جووتیار، جۆلا، دارتاش، سەپان، شوان و گاوان، ئاشەوان، ناڵبەند، دێوەرە، کورتاندوور، پینەچی، بێری مەڕدۆش، هەوارنشینان، شایەر و دەلوو، گزیریخان، کاڵا و زیین، ژنانی گوند و کێ و کێی تر...ی گواستووەتەوە بۆ ناو فەرهەنگەکەی تا رچەشکێن بێ بۆ فەرهەنگنووسانی پاش خۆی.

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین فەرهەنگی کوردی- کوردی خاڵ بە جەمسەری هەر دوو فەرهەنگی نووسراو و نەنووسراو دابنێین، کە بە ڕێسا و یاسای عیلمی مەنتیق (لۆجیک) لە نێوان هەردوو فەرهەنگەدا عمووم و خێوێ موتلەق هەیە.

بەم حاڵەش ئێمە هێشتا فەرهەنگەکانمان ڕیزبەندی نەکراون و هەر تێکەڵن و گشتی، لە حاڵێکدا زمانی فارسی و گەلێک لە زمانانی دیکە لە مێژە لێبوونەتەوە لەم کارە، ئەڵبەت بەختەوەرانە لە ڕۆژهەڵاتدا بزاڤێکی باش و چالاک دەستی پێ کردووە و فەرهەنگی زارەکی ناوچەکان بە هەوڵ و تێکۆشانی نووسەرانی کارامە خەریکن وردەوردە سەربەخۆ دەبن و دەبنە نووسراو، بەڵام ناوەکەیان هەر فەرهەنگی زارەکییە.

وابزانم مامۆستا «خاڵ» یەکەم کەسە کە بە فەرهەنگە جوانەکەی بەردی بنەڕەتی فەرهەنگی زارەکیشی داناوە و بە تیرێ دوو نیشانەی پێکاوە و نەیویستووە بە هێنانی وشەی «زارەکی» فەرهەنگەکەی لە فەرهەنگە کوردییەکانی تر جیا بکاتەوە.

بەم حاڵەش کاریگەری و تین و تەئسیری فەرهەنگی خاڵ لەسەر فەرهەنگەکانی پاش خۆی بە جوانی ئاشکرا و دیارە.

فەرهەنگنووسیی بەتوانا «عبدالرحمن زەبیحی» لە پێشەکی «قامووسی زمانی کوردی»دا دەنووسێت:

«گەشتوگێڵ لە گەلێ ناوچەی کوردستانی ئێران و عێراقدا، چاوپێکەوتن و هاونشینی، گفتوگۆ دەگەڵ کەسانی سەر بە گەلێ تیرە و هۆز و عەشیرەتەکانی کورد، دەسمایە و سەرمایەیەکی زۆر و زەبەندی بۆ ئەو قامووسەی لە خەیاڵدانی خۆمدا بۆ زمانی کوردیم رەچاو کردبوو، پێکەوە نا».

هەر لەبەر گرنگی فەرهەنگی زارەکییە کە فەرهەنگنووسان لە کورد و غەیرەکورد، پەندی پێشینیان (ئەمسال و حکم) دەکەنە پاشکۆی فەرهەنگەکەیان، چونکە وشەی زارەکی و پەندە کوردییەکان پێکەوە لە دایک دەبن و پەندەکان هەزاران وشەی ڕەسەن لەخۆ دەگرن.

بەختەوەرانە زانای نەمر مامۆستا «خاڵ»یش، سەرمایەیەکی گەورەی لە پەندی پێشینیان بە یادگار بۆ بەجێ هێشتووین، کە دەبێتە پاشکۆی فەرهەنگەکەی.

**- چمکێک لە تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی خاڵ:**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی خاڵ، خودی فەرهەنگەکەیەتی کە کوردی-کوردییە. بە چ مانا؟ بەم مانایە کە لە فەرهەنگنووسینەکەدا تەنیا خۆیەتی و بەس، بۆ هەر وشەیەکی کوردی دەبێ یان هاولفەکەی بنووسی هەر لەو زمانەدا، یان بە راڤە و شەرحی ئیسم مانای لێدەیتەوە. بەڵام لە فەرهەنگی دووزمانە و چەند زمانەدا بە ئاسانی هاولفەکان پەیدا دەکەی و ناکەویتە سەغڵەتەوە.

«خاڵ» بۆ نووسینی فەرهەنگەکەی، لە هیچکەس یارمەتی وەرنەگرتووە، چونکە پێش لەو کەسی تر فەرهەنگی کوردی- کوردی نەنووسیوە.

ئەمەیە کە فەرهەنگی کوردی- کوردی بە ڕاستی کارێکی یەکجار سەخت و دژوارە، فەرهەنگی خاڵ بەرهەمی رەنجی ٢٥ ساڵەی ئەو زانا پایەبەرزەیە، خۆی لە پێشەکی فەرهەنگی خاڵدا دەنووسێت:

«لە ساڵی ١٩٣٥ەوە بە هەموو هێز و توانای خۆمەوە خەریکی کۆکردنەوەی وتەی کوردیم بە هەموو ئاهەنگ و شێوەکانییەوە و بە وتەی بابان و سۆران و زازا و بۆتان و بادینان و لوڕ و فەیلی و لەک و موکریان و هەورامی و ئەردەڵانەوە، لەم رێیەدا زۆر رەنجم داوە و کۆششم کردووە تا وتەی راست و دروستم کۆ کردووەتەوە».

بەڵێ تایبەتمەندیی وەها فەرهەنگێک ئەمەیە کە هەرچی هەیە بەرهەمی فکر و بیر و ئەندێشەی خاوەنەکەیەتی، بۆیە مامۆستا خاڵ دڕدۆنگە لە دزەکان و بە ئاشکرا دەڵێت:

«کەس لە پێش مندا راڤەی وتەی کوردی بە کوردی نەکردووە، راڤەی هەر وتەیەکم کە کردووە هی خۆمە و دەستکردی خۆمە، بەڵکوو هەموو راڤەیەکم تەئلیفێکی سەربەخۆیە بۆ خۆی، بۆ کەس نییە ئەو راڤانەم وەربگرن لە فەرهەنگی خۆیاندا بە بێ ناوبردنی فەرهەنگی خاڵ».

ئەمە بەم مانایەیە کە فەرهەنگی خاڵ لە هیچ سەرچاوەیەکی نووسراو کەڵکی وەرنەگرتووە و خۆی سەرچاوەیە بۆ هەموو فەرهەنگەکانی پاش خۆی.

جگە لەمەش دۆزینەوەی بەستێنی وشەکان کە زاراوەی کام گەل و تیرە و هۆز و مەڵبەندن، لە خۆیدا کارێکی زەمانبەر و سەختە، دەبێ هەموو گۆشە و قوژبنێ بدرێن لە پاوە، بەختەوەرانە مامۆستا خاڵ ئەم کارەی کردووە و بۆ هەر کام لە وشەکان نیشانەی تایبەت بە خۆیانی لە فەرهەنگەکەیدا هێناوە.

لەم سۆنگەوە، وشەکانی فەرهەنگی خاڵ هەموو کوردی تۆخن، کوردی پەتی ئەڵبەت بە گوێرەی یاسا و ڕێسای زمانی کوردی، بەم بۆنەوە تا ئەو جێگایەی دەسەڵاتی بووە، خۆی بواردووە لە هێنانی ئەو وشە فارسی و عەرەبییانەی تێکەڵ بە زمانی کوردی بوون و ڕەنگ و رواڵەی زمانی کوردییان بە خۆ گرتووە، فەرهەنگەکانی تر بەم جۆرە نین، فەرهەنگی خاڵ یانێ فەرهەنگی سەربەخۆ، هەر لەبەر ئەمەیە کە سەرچاوەی نییە، کەچی فەرهەنگەکانی تر دەیان سەرچاوەیان کە کوردی، فارسی، عەرەبی و زمانانی بیانی ریز کردووە.

– یەکێ تر لە تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی خاڵ ڕەخنە و نەقدی زانستییانەی فەرهەنگەکانی پێش خۆیەتی.

لایەنی لاواز و بەهێزی هەموویانی شی کردووەتەوە کە نیشانەی زانایی، وریایی و چاوکراوەیی ئەوە، چونکە تا نەقد نەبێ، شتی باش نایاتە بەرهەم. ئێمەی کورد بەداخەوە تا ئێستا نەمانتوانیوە لە فێرگە و زانکۆیەکان، تەنانەت خوێندنگە ئایینییەکان، عەقڵییەتی ڕەخنەیی بە رادەیەک بەهێز کەین کە بمانگەیەنێ بە زانستی ڕەخنەسازیی وەک گەلانی پێشکەوتووی جیهان. مامۆستا خاڵ وەک خۆی دەڵێ بەم کارەی ویستوویەتی هەم رچەشکێن بێ بۆ فەرهەنگنووسانی پاش خۆی، هەم فەرهەنگێکی زاناپەسەند و تێکڕایی بنووسێ کە ڕووی بێ بچێتە ناو ریزی فەرهەنگەکانەوە، چون پێی وایە زمانی کوردی زمانێکی زیندوو و دەوڵەمەندە وەک زمانی فەڕەنسی. هەر ئەوەیە کە مامۆستا زەبیحیش لە قامووسی زمانی کوردیدا لە سەر ڕێبازی خاڵ ڕۆیشتووە و لە فەرهەنگەکانی پێش خۆی دەدوێ.

– یەکێکی تر لەو تایبەتمەندییانە هێنانی بابەتێکە بەسەردێڕی «پەیدابوونی وتە و زمان» کە بۆ زمانشناسیی (فیلۆلۆژی) زۆر بە کەڵک و پێویستە.

ئەم بابەتە دەمانبا بەرەو زانستی کۆمەڵناسی، مامۆستا خاڵ بە کەڵک وەرگرتن لە کتێبی «نشرە اللغە عندالانسان والطفل» دانراوی زانای مێری دکتۆر «علی عبدالواحد وافی» ئەندامی کۆڕی نێودەوڵەتی بۆ کۆمەڵناسی، باسی ئەوە دەکات کە زۆر لە زانایانی زماننناسی لایان وایە کە وتان یەکەم جار لە دەنگەکان وەرگیراون.

خاڵ لەم بوارەدا، ٦٢ دەنگی لە زیندەوەران، پەلەوەر، دیاردەکانی سروشت و تەبیعەت، کرداری مرۆڤ و دەنگی شتومەک هێناوە کە لە خۆیدا کارێکی بێوێنەیە و هیچ زانا و فەرهەنگنوسێک تا ئێستا ئەم کارەی نەکردووە.

هەروەها ئەو ڕێکارەی کە لە باسی دەستووری زمانی کوردیدا بۆ فەرهەنگنووسان دایناوە، دەستپێشخەری و کردەی هزر و بیری خۆیەتی و لە کەسی تر نە بینراوە و نە نووسراوە.

– یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی خاڵ ڕەسەنایەتی وشە و سەحێح مانا لێدانەوەیەتی، کە ئەمەش خۆی بۆ ریشەشناسی وشەکان (ئێتیمۆلۆژی) یاریدەرێکی زۆر باشە.

بۆ وێنە مامۆستا خاڵ بۆ هەر سێ پاژی فەرهەنگەکەی وشەی «جزم»ی بەکار هێناوە نە «بەرگ»، کە ئەمە دروستە، بەرگ بە مانای جەڵد و مقەببای ئەملا و ئەولای کتێبە، خاڵ خۆی مانای «جزم»ی بەم جۆرە لێک داوەتەوە:

«جزم: بەشێکی تایبەتی سەربەخۆ لە نووسراوێک: مێژووی کوردستان دوو «جزم»ە».

بە داخەوە فەرهەنگنووسانی ئێمە، بۆ وێنە مامۆستا هەژار لە «هەنبانە بۆرینە»کەیدا وای داناوە کە وشەی جزم هەمان وشەی «جزء»ی عەرەبییە و مانای وشەکەی بڕیوە بە مل پاژێک لە سی جزمەی قورئان دا و بەس.

دەنووسێت: جزم: پاژێ لە سی پاژی قورئان.

ئاشکرایە وشەی «جزم» هەمان وشەی «جزء»ی عەرەبی نییە، بەڵکە وشەیەکی کوردی سەربەخۆیە چونکە ئیبتیدا بە ساکن دەگوترێ. وەک فرەیەک لە وشە کوردییەکان.

جگە لەمەش ئێمە لە زمانی کوردیدا وشەی «جزمە»مان هەیە بە مانای پاژێک لە زەوی و پێڵاوی ملدرێژ وەک چەکمە و ئەم جورە پیلاوانە.

هەروەها وشەی «بنووس» کە مامۆستا خاڵ -بەڕەحمەت بێ- بە «نووسەر»ی مانا لێداوەتەوە. وەک «بکوژ»، «ببڕ»، «بخۆر» و...

وشەی «پێنووس»ی نەهێناوە بە مانای قەڵەم، چون وشەیەکی ناڕەسەن و داتاشراوە، کەچی «هەنبانە بۆرینە» وشەی «بنووس»ی جگە لە نووسەر بۆ ئامرازی نووسینیش مانا کردووە، کە دیارە هەڵەیە. مامۆستا هەژار -بەڕەحمەت بێ- خۆی لە پێشەکی «هەنبانە بۆرینە» دا بە توندی هێرش دەکاتە سەر پەتیگەریی سەرەڕۆیانە و ئەو تاقمەی کە لە خۆیانەوە بە پاساوی کوردایەتی تۆخ و وشەی ناڕەسەن دائەتاشن و ئەنووسێت:

«بە تازەگی چینێک منالی ریش‌سپی پیری بە لانک و دەسرازە، بە ناوی کوردایەتی تۆخ، لە زمانە بەستەزمانەکەی وا لاواز و پەڕەوازە و بێ‌خودانمان بوونە میمڵ، قلبەقل و چڵبەچلی زۆر بە وردی دەپشکنن، مەڵێ قەڵەم، بێژە پێنووس، مەیژە کاغەز، بووشە تێنووس، نەبێژ دەفتەر، بڵێ پەڕاو».

بەڵێ مامۆستا هەژار لەم بارەوە وتارێکی یەگجار عالمانە و زمانناسانەی هەیە لە ژێر سەرباسی: «دۆستی نەزان بەڵای خوایە» کەچی بەداخەوە خۆی لە «هەنبانە بۆرینە»دا هەم وشەی پێنووسی هێناوە و هەم وشەی «پەڕاو» کە گەلێ جێگای سەرسوڕمانە.

«پەڕاو» لە زاری گۆرانیدا (هەورامیانە) شاخێکی گەورە و سەختە، ئەکەوێتە پشت شاخی بێستوونەوە، هەروەها بە مانای ئاوێ کە شەپۆل ئەدا بۆ کەناری ڕووبار.

قەینا با تۆزێ هەر لەم باسەدا بمێنینەوە. چەند ساڵێکە لە دەمپەتیگەرە توندوتیژەکانەوە وشەی «پارێزگا» و «پارێزگار» بە مانای «محافظە» و «محافظ»ی عەرەبی کەوتووەتە دەم خەڵک. لە زمانی عەرەبیدا بە سەرۆکی بانکی ناوەندیش دەڵێن: «محافظ».

با بزانین رەحمەتی مامۆستا خاڵ لە فەرهەنگەکەیدا، چلۆن مانای ئەم وشانە دەکات:

«پارێز» پارێزگە: فیسارکەس لە «پارێز»ی مەڕە کێویەکەدایە.

نە خواردنی نەخۆش هی خواردەمەنییەک کە بۆی باش نەبێ تا چاک ئەبێتەوە: فیسارکەس ئەوەتی نەخۆشە لە «پارێز»دایە یا «پارێز»یەتی. بێستانی ترۆزی و کاڵەک و خەیار «ز».

«پارێزچوون» چوونە کەمین «پارێزڤان» ز. بێستانەوان.

«پارێزگا» شوێنی خۆتیاحەشاردان «پارێزگار» کەسێکە کە دووربین بێ و پارێز لە هەموو شتێک بکا. لە زاراوەی سیاسیشدا، بە حیزبی شلگیر و نەریتخواز دەڵێن: «حزب المحافظین».

بەم جۆرە تێدەگەین کە وەرگێڕانی دوو ووشەی «محافظه» و «محافظ»ی عەرەبی بە «پارێزگا» و «پارێزگار» لە سەر بنەمایەکی زانستی و زمانشناسی نییە.

جگە لەمەش بەکارهێنانی وشەی «محافظ» بۆ ئوستاندار زاراوەی خەڵکی وڵاتی میسرە و لە عێراق پێی دەڵێن: «متصرف» بە مانای کاربەڕێوەبەر کە ئەمە دروستە وەک دەڵێن: «دوله تصریف الاعمال».

ئاشکرایە زاراوەسازی و زانستاندنی زمانی کوردی بە مەبەستی دانانی فەرهەنگی زانستی یەکگرتوو، پێویستی بە فەرهەنگستانێکی پڕ لە زمانشناس هەیە کە بە پێوەری زمانشناسی زاراوەکان دیار بکەن و دەنگیان لەسەر بدرێت. کەوایە هەر چەشنە هەوڵێکی تاکەکەسی لەم بوارەدا، هەرچەند دڵسۆزانەش بێ، ناتوانێ هەموو ئەو زاراوانەی کە پێویستن بێنێتە بەرهەم و سەرەنجام کارەکەی ناتەواو دەبێ.

- لە تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی خاڵ یەکێکی تری ئەمەیە کە داڵدە و یاریدەدەرێکی ااشە بۆ نووسین و دانانی «فەرهەنگی ریشەی وشەی کوردی» ریشەشناسی (ety-mology) کە ئەمرۆ -بەداخەوە- لە بەستێنی زمانەوانیی کوردیدا تەمەنێکی زۆر کورتی هەیە و بە ئەندازەی پەنجەکانی دەست هێمان بەرهەمی تیا نەنووسراوە. لەم بوارەدا، تازە لە گرۆگاڵ دەرچووین و خەریکی دارەدارەین و تازە پێ دەگەین.

ئەو «پاشکۆ»یەی مامۆستا خاڵ لە ژێر سەردێڕی: «چەند وتەیەکی کوردی کۆن کە لە فەرهەنگێکی ماد دەرهێنراوە» و وتەی سێچوار هەزار ساڵ لەمەوپێشی سانسکریت، ماد، زەند و پازەندی تێدایە، لە فەرهەنگەکەی شەتەکی داوە و بەشی زۆریان کوردی ئەمڕۆن و زۆریشیان لە ئاهەنگ و شێوەدا لە کوردی نزیکن، باشترین سەرچاوەیە بۆ توێژەرانی لقی ریشەشناسیی وشەی کوردی.

با لێرەدا نموونەیەک لەو وشە ڕەسەنە کۆنانە لە پاشکۆی مامۆستا خاڵ بخەینە پێش چاو کە هێمایەکن بۆ ریشەشناسیی وشەی کوردی.

١- بەروار: هاوینەهەوار. دیارە بەکارهێنانی بۆ مێژوو و تاریخ هەڵەیە.

٢- بیارە: سەوزییەکە کە بە سەر زەویدا تەرز بهاوێژێ و بەرز نەبێتەوە، وەک خەیار و ترۆزی. وا دیارە وشەکە هەورامی بێ.

٣- هاوین: نوێژی بەیانی.

٤- مەهاباد: ناوی پێغەمبەرێکی زۆر کۆنی گەورەیە کە بۆ ئێران هاتووە و خاوەنی ئەو کتێبەیە کە پێی ئەڵێن دەساتیر.

٥- وەشنی: سووراوی ژنان. دیارە ئەمیش هەورامییە.

٦- هەلاج: لۆکە. بە لامی سووک. دیارە ئەمە حەللاجی عەرەبی نییە.

٧- ئامە: ژنێکە بێ مارە و نیکاح لای کەسێک بێ. ئاشکرایە ئەمەش «ئامینە»ی عەرەبی نییە.

٨- هاڕوون: ئەسپی سەرکێش، سەرکردە. گەورە. ناقیلی ئەخبار و بەرید. ساعی، بێکەسی و پەشۆکاوی.

٩- وەسنی: هەوێ. وا دیارە ئەمیش هەر هەورامی بێ.

١٠- نەماک: عـادەت. ئەخلاق. «نماز»ی فارسی و «نوێژ»ی کـوردی لێرەوە سەرچاوە دەگرن.

١١- تمەن: دەهەزار کەس.

١٢- تیتاڵی: قەشمەری، لاقرتی.

١٣- تیان: تیانە، مەنجەڵی زۆر گەورە.

١٤- سارا: ساف، بێغەش، (عەنبەری سارا)

١٥- پاچنار: نۆکەری هەمیشە ئامادە بۆ خزمەت.

١٦- پەرسا: توێژەر، بیرمەند (هەورامی)

- یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی خاڵ، نووسینی دەستووری زمانی کوردییە بە رادەیەک کە بۆ فەرهەنگێکی کوردی پێویست بێ، ئەگینا وەک مامۆستا خاڵ خۆی فەرموویەتی، دەستووری زمانی کوردی (صرف و نحو) زۆر دوور و درێژە و کتێبێکی دووسەد لاپەڕەیی تێدا نووسیوە. پێش لە مامۆستا خاڵ هیچ فەرهەنگنووسیک ئەم کارەی نەکردووە.

خاڵ داهێنەری ئەم بابەتەیە لە ئەدەبی کوردیدا. بە پەیڕەوی لە فەرهەنگنووسانی گەورەی عەرەب وەک خاوەنی «المنجد» و کەسانی تر...

ئەڵبەت خاوەنی «المنجد» پەندی پێشینیانی عەرەبیشی کردووەتـە پاشکۆی فەرهەنگەکەی. من دڵنیام کە مامۆستا خاڵیش پەندی پێشینیانی کوردییەکەی بۆ ئەوە نووسیوە کە بیکاتە پاشکۆی فەرهەنگەکەی، بەڵام لەبەرچی بۆی نەلواوە و بۆچ ئەم کارەی نەکردووە؟ نازانم.

به هەر حاڵ دەستوورەکەی خاڵ دەتوانێ ڕێکار و مەنهەجێک باش بێ بۆ فەرهەنگنووسانی پاش خۆی، یەکێک لەو نوکتانەی خاڵ لەم دەستوورەدا باسی دەکات ئەوەیە ناوی تایبەتی مرۆڤ، لادێ و شارەکان، جێگاکانی کوردستان نابێ لە فەرهەنگدا بنووسرێن، مەگەر ئەوەی لە پێشدا مانایەکی گشتییان هەبێ، وەک «بانە، بیارە، دووکان، قامیش، گەڵاڵە، دیانا و...» پاشان مانای تایبەتییان دەنووسرێت.

بە داخەوە لە «هەنبانە بۆرینە»ی مامۆستا «هەژار»دا، ئەم ڕێسایە لەبەرچاو نەگیراوە و هەموو ناوە تایبەتییەکان نووسراون، هەروەها ناوی ئەو گوندانەی بەعسی کاولی کردوون. هەروەها بە پێی دەستووری زمانی کوردی «کردار» بە مانای «فیعل» وتەیەک نییە کە لە فەرهەنگی کوردیدا بنووسرێت، بەڵکە چاوگی فیعل (مصدر) دەنووسرێت، کەچی لە «هەنبانە بۆرینە»دا زۆر جاران مانای فیعل یان لێداوەتەوە:

«ئاستش جیا» بە مانای بەجێی هێشت بە زاری هەورامانی.

وەک لەم شیعرەی «صەیدی هەورامی»دا هاتووە:

دۆستەم لڤۆ، ئاستۆش جیا، ئاخ چێش کەڕوو بێ یار خوێم
داخێش گرد ئینێ دڵمەنێ، هەر تا مرِوو داغدار خوێم

واتە:

یارم ڕۆیشت و بە تەنیا منی بەجێهێشت، ئاخ و داخ من چبکەم بێیار خۆم، هەرتا دەمرم من داخی ئەم فیراقە لە دڵمایە و هەر غەمبار و داخدارم.

شایانی باسە: هێنانی وشەی کۆن و زارەکی لە شیعردا -کە نموونەی زۆرمان هەن لەم چەشنە- وەک ئەم شیعرەی «صەیدی» و شاعیرانی تر، لە زمانشناسیدا پێی دەڵێن بەکارهێنانی شێوازی «ئارکائیک» یان «ئارکائیسم» کە باسێکی دوور و درێژە و لێرەدا دەرەتانی ئەوەمان نییە تا زیاتر لە سەری بڕۆین.

**ئەنجام:**

فەرهەنگی خاڵ لە هەر دوو بواری ئاکادیمی، ئەدەبی و زارەکیدا بەڕاستی بەهێزە. دەتوانێ سەرچاوەیەکی باش بێ بۆ نووسینی فەرهەنگ بە هەر دوو شێوە.

لێرەدا چەند نموونەیەک دەهێنینەوە:

وشەی «شێواز» یان «شیواز» کە لە زمانی فەڕەنسەدا «Style» (استیل) لە ئینگلیزیدا «Stylus» لە فارسیدا «سبک» لە زمانی عەرەبیدا «اسلوب» و «منهج»ی بۆ کار دەبەن، لە زمانی کوردیدا هەم مانای زارەکی هەیە هەم مانای ئەدەبی و

ئاكاديمی. مانای زارەكییەكەی بە مانای وێنە، تەرح و شكڵ و ئەم جۆرە شتانەیە....:

«شێوازت لە دایكم ئەكات»، مانای زانستی و ئەدەبییەكەی: «چۆنییەتی نووسینی تایبەتی نووسەرێك یان شاعیر و هۆنەرێكی ناسراو».

سادەتر بڵێین: شێوەی تایبەتی هەر كەس لە نووسینی شیعر و پەخشاندا، كە تایبەتمەندییەك دەبەخشێ بەو بەرهەمە لە بواری رواڵەت و مانادا.

مامۆستا خاڵ هاتووە لە فەرهەنگەكەیدا مانا زانستی، ئەدەبی و ئاكادمییەكەی هێناوە كە دەنووسێت:

«شێواز» شێوەی تایبەتی نووسین یا قسەكردن «اسلوب» وشە عەرەبییەكەشی هێناوە. خاڵ لە وشە و مانا زارەكییەكەی خۆی بواردووە، چونكە لایەنی ئەدەبی و ئاكادیمییەكەی لا گرنگ بووە، كە وایە لە بارێكەوە فەرهەنگی خاڵ فەرهەنگێكی زانستی، ئەدەبی و ئاكادیمییە.

هێندێ لە فەرهەنگەكانی تر، وشەی «شێواز»یان تەنیا بۆ مانا زارەكییەكەی بەكار بردووە و بەس.

خاڵ، بۆ مانای زارەكی «شێواز» وشەی تایبەت بە فەرهەنگی زارەكی هێناوە كە ئەمە جوانتر و لەبارترە لە فەرهەنگی زارەكی‌دا، وەختێ دوو كە س تەرح و شكڵیان لە یەك بچێ، دەڵێن: «ئەو دوو كەسە شێوەیان لە یەك دەچێ».

مامۆستا «خاڵ»یش وشەی «شێوە»ی بەم چەشنە مانا لێداوەتەوە.

«شێوە» جۆرە زەرڕە و روخسارێكی تایبەتی شتە، كە بە هۆی ئەوەوە بناسرێتەوە و لە شتی تر جیا بكرێتەوە:

ئەم دوو منداڵە «شێوە»یان لە یەك دەچێ.

كاتێ كەسێك متەقای كەسێكی تر ببێ و لەوەو پێش دیبێتی و چاك نەیناسێتەوە، دەڵێت: خاس شێوەی ناكەم.

لێرەدایە كە دەردەكەوێ فەرهەنگی خاڵ سەرترە لە فەرهەنگەكانی تر و دەتوانێ سەرچاوەیەكی باش بێ بۆ هەموو فەرهەنگنووسەكان.

فەرهەنگی خاڵ وشە و زاراوەكانی هەموو ئەو ناوچانەی تێدایە كە دەكەونە ژێر چەتری مەڵبەندی لەهجەكانی زمانی كوردی و ئەو شوێنانەی كە بە جوغرافیای ناوچە كوردنشینەكان دەناسرێن. ئەم فەرهەنگە دەتوانێ یاریدەدەرێكی باش بێ بۆ راستكردنەوەی شیعری شاعیران لە لایەن توێژەرانەوە.

بۆ نموونە ئەم شیعرەی «نالی» کە دەڵێت:

ڕەقیبی جوفتەلی نابێتە نەخچیزت کە خەرکوڕڕە

ئەلیفی چایەرە دائیم لە قەشقەی کەردڕ و جەودا

لەو شیعرە زۆر سەختانەی دیوانەکەیەتی کە توێژەران و راڤەکاران داماون بە دەستییەوە و بۆیان راست ناکرێتەوە، یەکێ لە وشە سەختەکانی ئەم شیعرە «قەشقە»یە کە زانای گەورە مامۆستا «مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس» و کوڕەکانی لە شەرحی دیوانی «نالی»دا نووسیویانە: بۆمان راست نەکرایەوە مەعنای چییە. ئەم شیعرە حەوت وشەی سەختی تیایە، بەختەوەرانە بەشی زۆری ئەم وشە سەختانە لە فەرهەنگی خاڵدا مانایان لێ دراوەتەوە.

چایەر: لەوەڕ

قەشقە: کوڵۆڵی بەدبەخت

کەردڕ: گیایەکە وەک قامیش گوڵێک دەر دەکا دەنکەکانی دەکرێ بە نان.

جەو: جۆ (لە لەهجەی لوڕیدا)

نەخچیز: مڵۆزم، بەرهەڵست کە نەیەڵێ کارت مەیسەر بێ.

لەم ڕووەوە دەتوانین مامۆستا خاڵ بە «اصمعی» کورد دابنێین، وەک ئەوەی سەردانی هەموو هۆز و تیرە و نەتەوەیەکی کوردی کردبێ و وشەی لە دەمیان دەرهێنابێ بۆ فەرهەنگەکەی.

نموونەی زۆرمان هەیە لە شیعری «نالی» کە بە یارمەتی فەرهەنگی «خاڵ» بە ئاسانی مانایان دێتە دەستمان. هەم دیسان وەک ئەم شیعرە:

صۆفی و سەر و مێزەر، من و زوڵف و سەر و دەسماڵ

من کوشتەیی لاجانگم و ئەو کوشتەیی جانگە

لیرەدا دوو وشەی «لاجانگ» و «جانگ» جێگای سەرنج و رامانن. بەختەوەرانە فەرهەنگی خاڵ هەر دوو وشەکەی بە جوانی مانا لێداوەتەوە:

«لاجانگ»: ئەملا و ئەولای سەر لە ناوەندی گوێ و چاوا.

«جانگ»: جاو. تەنراوێکە وەک بلووری، بەڵام ئەم ڕیسەکەی ئەستوورترە و بە خەڕەک ئەڕێسرێ و جۆڵا دروستی ئەکا.

لە کوردەواری خۆماندا، بە قوماش و پارچەی بێبایەخ دەڵێن «جاو». مانای

شیعرەکەی نالی زۆر ڕوون و ئاشکرایە، نازانم مامۆستا و کوڕەکانی چلۆن بە هەڵەدا چوون و «جانگ»یان بە جەنگ مانا لێداوەتەوە.

لێرەدایە کە بایەخ و پلە و پایەی بەرزی فەرهەنگی خاڵمان بۆ دەردەکەوێ. کەوایە فەرهەنگی خاڵ فەرهەنگێکە کە دەبێ سەر لە نوێ بناسرێتەوە.

لە ریشەشناسیی وشەی کوردیدا، فەرهەنگی خاڵ یاریدەڕێکی باشە. خاڵ بنج و بناوانی وشەکانی بەجۆرێک دەرهێناوە کە مرۆڤ بە ئاسانی دەگات بە ئەنجام. بۆ وێنە سەرنجی وشەی «دۆخەوا» بدەن بە زاری باشوور، دۆخوا بە زاری سنەیی، دۆکولێو بە زاری موکری، دۆخەوا پێکهاتووە لە دوو وشەی «دۆخە» و «وا». خاڵ دەنووسێت: «وا». ئەنووسێ بە هێندێ ناوەوە ئەیکا بە صیفەتی موشەببەهە:

ئاردە[وا]، دۆخە[وا]. پاشان بۆ مانای وشەی «دۆخە» دەنووسێت: «دۆخە»: دانی ئاژاڵی دۆشەنی بە یەکێک بۆ بەخێوکردنی، سەری بەئەندازەیەک ڕۆن.

دۆخەوا: چێشتێ کە بە دۆ یان بە بەروبووی ئاژەڵی بەر بە دۆخە ساز دەکرێ. وشەکە زۆر جوان و ڕەسەنە.

لەم جۆرە وشانە لە فەرهەنگی خاڵدا تا دڵت بگرێ هەیە و کورد وتەنی: «مشتێ نموونەی خەرواره». وا بزانم فەرهەنگی خاڵ لەبیر کراوە، با بە وردی بگەڕێینەوە بۆ لای.

**پێشنیازەکان:**

١- لە چاپی نوێی فەرهەنگی خاڵدا، پەندی پێشینیانی فەرهەنگی خاڵ بکرێتە پاشکۆی جزمی سێیەم لە فەرهەنگەکەی وەک فەرهەنگی عەرەبی «المنجد» کە ئەم کارە شکۆیەکی تایبەت ئەبەخشێ بەو فەرهەنگە.

٢- لە چاپی نوێی فەرهەنگی «خاڵ»دا، دەستووری زمانی کوردییەکەی شێخی خاڵ کە بەرهەمێکی سەربەخۆیە، بکرێتە بەشێک لە پێشەکی جزمی یەکەمی فەرهەنگەکە، تاکوو فەرهەنگی خاڵ ببێتە سەرچاوەیەکی بەهێز و پێز بۆ هەموو فەرهەنگنووسانی کورد.

٣- هەر ساڵ یان چەند ساڵ جارێک خەڵاتی شێخی خاڵ بدرێت بە هەر نووسەرێک کە لەسەر بەرهەمەکانی شێخی خاڵ کارێکی زانستییانەی کردبێ کە شیاوی زانکۆکان و کۆڕی زانیاری بێ.

٤- یەکێ لە شەقامە گەورەکانی شاری سلێمانی ناوی «شێخ موحەممەدی خاڵ»ی لەسەر دابنرێ و کۆتەڵی ئەم زانا مەزنەش هەر لەوێدا یان لە مەیدانێکی بەشکۆدا بخرێتە بەرچاوی بینەران.

٥- لە زانکۆکان هەوڵ بدرێ بۆ ئەوەی خوێندکاران تێزی بڕوانامەکانیان لەسەر فەرهەنگی خاڵ و دیکەی بەرهەمەکانی ئەم زانا مەزنە بنووسن.

٦- بنکە و سەنتەری ڕۆشنبیریی خاڵ دابمەزرێت بۆ پەرەپێدان بە هزر و بیری نوێخوازانەی ئەم زانا پایەبەرزە، هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە چاپنەکراوەکانی و بەستنی کۆڕ و کۆنگرەی ساڵانە بۆ ڕێزلێنانی.

**سەرچاوەکان:**

١- فەرهەنگی خاڵ، نووسراوەی شێخ موحەممەدی خاڵ، ١٣٩٦ هیجری- ١٩٧٦ میلادی، جزمی یەکەم، دووەم و سێهەم- چاپخانەی کامەرانی - سلێمانی.

٢- قامووسی زمانی کوردی، عبدالرحمن محمد امین زەبیحی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٧م.

٣- وشەی زمانی کوردی، د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بەغداد، ١٩٧٥ی م.

٤- زانایانی پیرخدری، ئەحمەد حەمید گەرمکی، ئەنوەر کامیل گەرمکی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩ز-١٤٢٠ک. لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ساداتی پیرخدری، عێراق، کوردستان، سلێمانی.

٥- هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، عبدالرحمن شەرەفکەندی (هەژار)، چاپی چوارەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی «سروش» تاران، ١٣٨٤ هـش.

٦- فەرهەنگی کشتوکاڵ، مەعرووف قەرەداغی مەردۆخی، بەرگی دووهەم، چاپخانەی دارالسلام، بەغداد، ١٩٧٢ م.

٧- فەرهەنگی کینایە، کوردی- کوردی، فارسی-کوردی، ئیبراهیم ئەحمەدی، چاپی کالج، ١٣٩٣هـش.

٨- دیوانی نالی، لێکدانەوەی عەلی موقبیل، سنە، چاپخانەی بەهرامی، ١٣٢٧ی هەتاوی.

٩- فەرهەنگی مەردۆخ، ئایەتوڵڵا شێخ موحەممەد مەردۆخی کوردستانی، چاپی ئۆفسێت.

١٠- دەستوور و فەرهەنگی زمانی کوردی- عەرەبی- فارسی، عەلائەددین سەججادی، بەغداد، ١٩٦٩.

١١- دیوانی یەیدی، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی موحەممەد ئەمین کاردۆخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧١م.

١٢- فەرهەنگی زارەکی موکریان، سەلاح پایانیانی، چاپی یەکەم، ١٣٨٧ هـش، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی «هیوا» مەهاباد.

١٣- میرایەتی بابان و شاری سلێمانی لە شیعری شاعیرانی سەدەی هەژدە و نۆزدەدا، د. ئاراس موحەممەد ڕاڵح، چاپی دووەم، ٢٠٢٣م.
١٤- فرهنگ اصطلاحات روز، فارسی- عربی، ترلیف دکتر محمد غفرانی، دکتر مرتچی آیتالله زاده شیرازی، مۆسسەی انتشارات امیرکبیر، تهران، ١٣٨٠ هـش، چاپ سیزدهم.
١٥- بدایعاللغه، فرهنگ کردی- فارسی، ترلیف میرزا علیاکبر وقایعنگار، به کوشش محمد رئوف توکلی، چاپ ارژنگ، ١٣٦٩، تهران.
١٦- ئەکادیمی، گۆڤاری ئەکادیمی کوردی، ژمارە ٧، دەستەی نووسەران، ٢٠٠٨ی زایینی، کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٨.
١٧- فرهنگ زبان فارسی، دکتر مهشید مشیری، چاپ سوم، انتشارات سروش، تهران، ١٣٧٨.

# فەرهەنگی کوردستان و چیرۆکی چاپی ئەم فەرهەنگە

د.ئەحمەد ئەحمەدیان- مەهاباد

گیوی موکریانی، لە مێژووی ٣٤٤ ساڵەی فەرهەنگنووسیی کوردیدا، وەک باوکی فەرهەنگنووسیی کوردی ناسراوە، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە پێنج فەرهەنگی تۆکمە و تەکووزی کوردی نووسیوە و لەم پێناوەدا هەوڵ و تەقەلایەکی لە رادەبەدەری داوە و بە ئەوپەڕی پەیجۆری، خەمخۆری، شەونخوونی و بەدواداچوونێکی زانایانە، لێزانانە، قارەمانانە، بێمیناک، بەرپرسیارانە و شوناسخوازانەوە، ئەم پێنج فەرهەنگەی دارشتووە، کۆی کردووەتەوە، نووسیویەتی و تەتەڵەی کردوون.

**ئەم فەرهەنگانە بریتین لەمانە:**

١-فەرهەنگی رابەر/ المرشد: فەرهەنگێکی عەرەبی-کوردییە، لە شاری هەولێر، لە ساڵی ١٩٥٠دا و لە چاپخانەی کوردستاندا چاپی کردووە، کە نزیکەی ١٥هەزار سەروشە لەخۆ دەگرێ؛

٢-فەرهەنگی کۆلکەزێڕینە: فەرهەنگێکی کوردی-فارسی-عەرەبی-فەرەنسی-ئینگلیسییە، لە ساڵی ١٩٥٥دا، لە هەولێر، لە چاپخانەی کوردستان، چاپی یەکەمی لە ١٣٢ لاپەڕەی نێونجیدا چاپ کراوە، بەڵام چاپی دووهەمی لە ساڵی ١٩٦٦دا و لە ٢٤٠ لاپەڕەدا چاپ کراوە؛

٣-فەرهەنگی مەهاباد: فەرهەنگێکی کوردی-عەرەبییە، لە هەولێر، لە ساڵی ١٩٦١دا، لە چاپخانەی کوردستاندا چاپ کراوە، ٨٠٠ لاپەڕەی نێونجییە و نزیکەی ٣٠ هەزار سەروشە لەخۆ دەگرێ؛

٤-فەرهەنگی نۆبەرە/ الباکوورە: فەرهەنگێکی عەرەبی- کوردییە، ئەم فەرهەنگە بە شێوازی فەرهەنگە مۆدێرن و نوێیەکانی عەرەبی نووسراوە، تا ئەگەر قوتابییەکی سەرەتاییش بیهەوێ مانای وشەیەک بدۆزێتەوە، زۆر بە سانایی بیبینێتەوە، بە پێچەوانەی فەرهەنگی هەرەناسراوی «المنجد» و فەرهەنگەکانی دیکەی عەرەبی، کە بەپێی ئەوەوە کە شێوازی تۆمارکردنی سەروشەکان، بەپێی ریشە و رەچەلەگی وشەکانە، نەک بە پێی ڕیزبەندیی ئەلفوبێی عەرەبی، کەسێکی تەواو لە ڕێزمانی عەرەبیدا پسپۆڕ و شارەزا و لێزان نەبێ، ناتوانێ وشە/سەروشە پێویستەکان بدۆزێتەوە. ئەم فەرهەنگە لەخۆگری نزیک بە ٢٥هەزار سەروشەیە و ساڵی ٢٠٠٥، لە هەولێر و لە لایەن دەزگای ئاراسەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە؛

٥-فەرهەنگی کوردستان: فەرهەنگێکی کوردی-کوردییە، نزیکەی ٦٠ هەزار

سەروشە لەخۆ دەگرێ و گیو موکریانی لە کۆتایی شەستەکاندا، دوای پتر لە سێ دەیە، نووسینی ئەم فەرهەنگەی کۆتایی پێهێناوە؛ هەرچەند کۆڕی زانیاری کورد چەندین جار بەڵێنی چاپی ئەم فەرهەنگە گەورە و شازەیان بە بەڵگەی فەرمیی نووسراوە بە گیو داوە، ماوەیەکی ئێجگار زۆر ئەم فەرهەنگەیان لە لای خۆیان راگرتووە و هەرجارەی بە بیانوو و بەهانەیەک پاشەکشەیان کردووە و پاشگەزبوون لە چاپی ئەم بەرهەمە بەپێز و بەهێز و تۆکمە و تەکووزە، بەڵام لە کۆتاییدا و بە هۆی گەلێک هۆکاری نەخۆازراو و ناخۆش و ناڕەوا و نادیار و شاراوە، ئەم فەرهەنگەیان لە کاتی ژیانی خۆیدا بۆ چاپ نەکردووە و گیو موکریانی، دوای چەندین ساڵ چاوەڕێبوون و بە ئاکامنەگەیشتنی بەڵێنیی فەرمی و نووسراوەی کۆڕی زانیاری کورد، کە چەندان جار و هەرجارەی لەلایەن یەکێک لە ئەندامە سەرەکی و ناسراوەکانی ئەم کۆڕە ئەم بەڵێن و وادەیە دووپات و چەندپات دەکرایەوە، لە رادەبەدەر ناهومێد و ناڕەحەت و تووڕە دەبێ و ماوەیەکی کورت پێش کۆچی دواییەکەی نامەیەکی زۆر دوور و درێژ و زۆر توند و تیژ و ڕەخنەگرانە بۆ کۆڕی زانیاری کورد دەنووسێ و هەڕەشەیان لێ دەکا کە ئەگەر لە زووترین کاتدا سەرجەم بەرگە دەستنووسەکانی فەرهەنگی کوردستانـم بۆ نەنێرنەوە، لە تەواوی دنیادا ئابڕووتان دەبەم. بەم جۆرە، ئەم فەرهەنگە دوای چەندان ساڵ چاوەڕانی و بەبێئاکامی و دوای هەڕەشەی زۆر توندی گیو موکریانی رادەستی خۆی دەکرێتەوە و تەنیا دوای ماوەی چەند ڕۆژ، دوابەدوای وەرگرتنەوەی فەرهەنگەکەی، گیوی موکریانی کۆچی دوایی دەکا و ئاوای دنیای هەرمان دەبێ. ئەم فەرهەنگە، لە ساڵی ١٩٩٩دا و بە سەرپەرشتیی کچی زانا و توانای گیوی موکریانی، دوکتۆر کوردستان موکریانی و بە یارمەتیی زانستی و پێداچوونەوە و هەڵەچنی و راستکردنەوەی لێژنەیەک لە خەمخۆرانی زمانی کوردی، وەک: بەدران ئەحمەد، دوکتۆر عەزیز گەردی، ئەحمەد تاقانە، لوقمان مووسا، حیکمەت عیسا سەلمان، پەخشی مەلا ساڵح، سیڤەر مەحموود، شێرزاد فەقێ ئیسماعیل و کەریم سۆفی، لە لایەن دەزگای ئاراس-ەوە، چاپ دەکرێ.

گیوی موکریانی ئاوا باسی بەسەرهاتی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ فەرهەنگەکەیدا دەکات: «لە هیچ سەردەمێکدا، کەموزۆر کاتی خۆم بەخۆڕایی رانەبواردووە، لە نانێکی هەژاری بەدەر بەندیواریم بە هیچ جۆرە خواردن و خواردنەوە و خۆشڕابواردن و هاموشۆی سینەما و تیاترۆ و باخ و باخچە و سەیران و سەیرانگایانەوە نەبووە، لە

کاتی نەخۆشیشمدا هەر خەریک بووم، لە هەینی و شەممە و یەکشەممەشدا وچانم نەداوە و لە نێوانی ٥٠ ساڵاندا ڕۆژی جێژنانیش نەحەساومەوە، بەندیخانەی هیج دوژمنێک نەیتوانیوە ڕستەی کاروبارم بپسێنێ»(پێشەکیی فەرهەنگی کوردستان، ١٩٩٩، ل II)

لێرەدا پرسیارێکی هەستیار و گرنگ بەرببینگمان پێ دەگرێ، ئەویش ئەمەیە کە ئاخۆ وێڕای گرنگایەتیی لە رادەبەدەری ئەم بەرهەمە، بۆچی وای بەسەرهات کە چارەگەسەدەیەک دوای دانانی و دوای کۆچی دوایی گیو چاپکرا؟

لێرەدا بە بۆنەی وڵامی ئەم پرسیارە جێی خۆیەتی هەر لەم بابەتەوە دوو بەڵگە/ دوو نامەی کۆڕی زانیاری کورد، بخەمە ڕوو کە لەواندا پەیجۆری و بەدواداچوون بۆ پێکهێنان و بەرهەمهێنانی فەرهەنگێکی یەکگرتووی گشتگیر و هەروەها داواکاری و هەوڵ و دەول و تەقالای ئەم کۆڕە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی کوردستانی گیو موکریانی دەردەکەوێ؛ هەرچەند ئەم دواکاری و ئیرادەیە لە ئاکادامدا نە تەنیا نەبوو بەهۆی بە کردەوەبوونی هەوڵ و دەول و پەیجۆرییەکانی کۆڕ، بەڵکوو گلە و گازندەی زۆری گیو و بنەماڵەکەشی(بەتایبەتی دوکتۆر کوردستان موکریانی) لێ کەوتەوە و لەلایەن پڕۆفیسۆر جەماڵ نەبەزیشەوە زۆر پەڕاوێزی خرایە سەری و...؛ بەڵام ئەم بەڵگە و نامانە کە ١١ بەڵگە/نامەن، تەنیا دوو نامەیان لێرەدا دێنم، کە هەر هەموویان و بەتایبەت ئەم ٢بەڵگە/نامانە، لە سێ لایەنەوە جێی تێڕامان و لێوردبوونەوە و تێهزرین و ئاوڕلێدانەوەن:

١-مێژوو و سەربردەی سەرەتا و دەسپێکی ئیرادەیەکی فەرمی و ڕێکخراوەیی لە نێو مێژووی گشتیی زانستی-ڕۆشنبیریی سەردەمی کورد، لە بابەت هەول و تەقالا و پەیجۆری بۆ دانانی فەرهەنگێکی یەکگرتووی گشتی؛

٢-گرنگیی فەرهەنگی کوردستانی گیو موکریانی لەم پێوەندییەدا، کە لەلایەن کۆڕی زانیاری کورد، وەک وێنە و نموونەی فەرهەنگێکی ئاماڵ-گشتی و ئاماڵ-یەکگرتوو هەول و دەولی بۆ دراوە تا چاپ و بڵاو بکرێتەوە؛

٣-درمناسی و خەسارناسی و هۆکارناسیی ناسەرکەوتوو بوون و بەئاکامنەگەیشتنی هەول و دەولەکانی کۆڕی زانیاری کورد بۆ چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەم فەرهەنگە مەزنە، لەم کات و ساتەی وا کۆڕی زانیاری بەنیاز بوو چاپ و بڵاوی بکاتەوە، تا ئەو جێیەی کە ٢٥ ساڵ(چارەگەسەدەیەک) دوای ئەم بەڵێنییە درۆیینەی

کۆڕی زانیاری، ئەم فەرهەنگە لەلایەن کوردستان موکریانییەوە هەولی بۆ دراو و چاپ و بڵاوکرایەوە.

**لێرەدا ئەم ٢ نامەیەی کۆڕی زانیاری کورد(لە نێوان کۆی ١١ نامە پێوەندیدارەکەدا) پێشکەش دەکەم:**

**(نامەی یەکەم)**

**نووسراوەی ژمارە ١٠/٧٦ لە ڕێکەوتی ١٩/٢/١٩٧٣دا**

**کۆڕی زانیاری کورد**

**المجمع العلمی الکردی**

**الوزیریە-بغداد**

**مامۆستای بەڕێز...مامۆستا گیو موکریانی**

**سڵاوێکی گەرمی برایانە**

کۆڕی زانیاری کورد خەریکە فەرهەنگێکی (یەکگرتوو)ی ئەوتۆ ئامادە بکا زیاترین وشەی کوردی کۆ بکاتەوە کە لە دەسەڵاتی کۆکردنەوەی دا بێ. یەک لە هۆی هەموارکردنی کۆسپ و سەختی ئەم ڕێبازە وەدەستهێنانی کۆمەڵە وشە و فەرهەنگی چاپکراو و چاپنەکراوە، کە تا ئێستا لە لایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە نووسراون.

دەزانین بەڕێزتان لەو زەمینەدا تەواوێک خەریکبوون بە کۆکردنەوەی وشە کوردی [و] خزمەتێکی گەورەی زمانەکەتان گەلاڵە کردووە. لێرەدا تکای برایانەمان ئەوەیە بۆ مەبەستی پێکهێنانی ئەو فەرهەنگە یەکگرتووە[ی] لەسەرەوە باسمان کرد، سوود وەرگرین لە کۆشش و بەرهەمتان. بۆیە لەم نامەیەدا زەحمەتی ئەوەتان دەخەینە پێش، کە هەوڵ و تەقەلای کۆڕ بەردارتر بکەن بە ناردنی کۆمەڵە وشەیەکی تا ئێستا کۆتانکردۆتەوە. هەڵبەت کۆڕ دریغ ناکا لەوەدا بۆ ئەو کارە میللەتپەروەرانەتان هەر ئەرکێکی ماددی پێویست، کە خۆتان ڕەچاوی دەکەن، پێشکەشتانی بکا. چونکە دەزانین هەرچەند دڵسۆزی ڕووت و سادە بیەوێ بە لەخۆبوردن خزمەت بکا لە زۆر جێگە و کاتدا بێ یارمەتی و ئاسانکردنی ماددی لە خزمەتەکەیدا دادەمێنێ. ئەو کارەی وا بەسەر شانی کۆڕیشەوە وا داوا دەکا لە ئێوە هەندێ لە قورساییەکەی بخاتە سەر شانی خۆتان لە هەر دوو لانی ئەرک و پاداشەوە بۆ هەمووان یەکێکە، چونکە کۆڕماڵی هەموو کوردیکە.

ئەم ڕاستییە بوو هانیدام وا بە برایانە و جۆرێکی ڕوون و کراوە لەگەڵتان بدوێم.
شایانی وتنە ساڵی رابوردووش لەم بارەیەوە نامەیەکمان بۆ نووسین، بەڵام بەداخەوە وەرامەمان وەرنەگرتەوە.

ئەمە و ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستیمان.

دڵسۆزتان- مسعود محمد

ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد

سەرۆکی لێژنەی فەرهەنگ

**(نامەی دووەم)**

**کۆڕی زانیاری کورد**

**المجمع العلمی الکردی**

**الوزیریە-بغداد**

**التاریخ -/١٩٧٥/١**

**(نامەکە بە بێسەردێڕ نووسراوە)**

کۆڕی زانیاری کورد بۆ پێکهێنانی فەرهەنگێکی کوردی یەکگرتووی وردپێوی بەرفراوان لە سەرەتای دامەزرانییەوە خەریکی گردوکۆیە.

لە رێی لێژنەی فەرهەنگەوە بە نامە و راسپاردن لەگەڵ هەموو ئەو کوردە بەڕێزانەی خەریکی فەرهەنگسازی، یا وشەکۆکردنەوەن پەیوەندی بنیاتناوە و خواهشی هاریکاری و یارمەتی لێکردوون. یەکێک لەو بەڕێزانە مامۆستا گیو موکریانی بوو، کەوا جگە لەو فەرهەنگانەی تا ئێستا بڵاویکردوونەوە، فەرهەنگێکی گەورەی(کوردی بۆ کوردی) بە ناوی (فەرهەنگی کوردستان) لە ماوەی چەندین ساڵی هەوڵ و تەقەلادا پێکهێناوە و وشە و زاراوەی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گەورەی پێ گرتۆتەوە.

بۆ سوودوەرگرتن لەم کارەی مامۆستا گیو، لێژنەی فەرهەنگ چەند جاران بە نامە و چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا گیودا راوێژی کرد تاکوو لە ئەنجامی کاردا بڕیاردرا، کەوا لە پێشەوە کۆڕ ئەرکی مەسرەفی لەچاپدانی ئەم فەرهەنگەی وا لەبەر دەستاندایە بخاتە ئەستۆی خۆیەوە. هەر لەو ماوەیەشدا مامۆستا گیو خەریکی ڕێکخستن و ئامادەکردنی فەرهەنگە گەورەکەی(کوردستان) بێت بۆ لەچاپدانی. مامۆستا گیو لەڕووی دڵسۆزییەوە بە خەتی خۆی ئامۆژگاری نووسیوە بۆ ئەوە فەرهەنگی

کوردستان لە هەموو حاڵ و ئیحتیمالێکی دواڕۆژدا بە ماڵی کۆڕی زانیاری کورد بژمێرێت، کە ئەمە کارێکی جوانمێرانە و شایانی ڕێز و سپاسە.

هەڵوەستی کۆڕ لە چاپکردنی ئەم فەرهەنگەدا بە نیازی خزمەتی زمان و ڕۆشنبیری کوردییە کەوا مامۆستا گیو خۆیشی تەمەنی هەر لەم مەیدانەدا بردەسەر. لە ڕێکخستن و ئامادەکردنی فەرهەنگەکەدا کۆڕ بە هیچ جۆرێک خۆی تێکەڵ نەکردووە. تاکە بەرپرسی لایەنی چەندوچۆنی فەرهەنگەکە مامۆستا گیو خۆیەتی.

بەچاپگەیاندنی ئەم فەرهەنگە ئاڵقەیەکە لە زنجیرەی خزمەتی کوردەواری، کەوا لێرەدا کۆڕ بە شانازییەوە پێشکەش خوێنەری کورد و کوردی دەکات.

**کۆڕی زانیاری کورد**

ئەم ١١ نامەیەی کۆڕی زانیاری کورد، لە نێوان ڕێکەوتی ١٠/٢/١٩٧٣ تا ڕێکەوتی ١٩/١٢/١٩٧٦دا، بۆ گیوی موکریانی ناردروان. گیو موکریانی، ڕێکەوتی ٩/٦/١٩٧٧ (ڕێک ١٨ ڕۆژ بەر لە کۆچی‌دوایی)، نامەیەک بە سەردێڕی «دوانامەی گیوی موکریانی بۆ کۆڕی زانیاری» دەنووسێ لە ٢٠ لاپەڕەدا، کە نامەیەکی دووروودرێژی پڕ لە زانیاری و وەڵامدانەوەیە بە نامەکانی کۆڕ و گلەیی و گازندە و هەڕەشەیە بەرانبەر بەو هەمووە بەڵێنی و وادە ناڕاست و درۆیانەی لەو ماوە دووروودرێژەدا پێی‌دراوە لە لایەن کۆڕی زانیاری کورد و لە بەرانبەر گریمانە و ئەگەری داگیرکردن و شاردنەوە و حاشاردانی فەرهەنگەکەی! لە کۆتایی نامەکەدا هەڕەشە دەکا لە ئەندامانی کۆڕ و دەڵێ هەرچی زووتر فەرهەنگەکانم بۆ بنێرنەوە دەنا...! مامۆستا گیو موکریانی، لە چەند بەشێکی ئەو نامەیەدا ئاوا دەڵێ:

«ئایا بۆچی هەر کەسێکی چەند چیرۆک و پەند، یان دیوانێکی لەو دیوانەکانی من، کە چەندجار چاپ و پەخش کراون، شی‌دەکاتەوە بۆی چاپ دەکەن و گیرفانیشی بە پارە دەئاخننەوە!! خۆ ئەمن فەرهەنگەکەم بە خۆڕایی پێشکەش کردوون، بەبێ ئەوەی کە چاوەڕوانی فلسێکتان لێ بکەم، واتە دەسکەگوڵێکی کە بەلای کەمییەوە ٣٠-٤٠ ساڵان رەنجم کێشاوە، هەروا پێشکەش‌کردن، کە هەموو قوتابخانەکانی سەرەتایی و ئامادەیی و بەشی زمانی کوردی زانکۆیەکان ئاتاجیان پێیەتی، چونکوو هیچ فەرهەنگێکی وا گەورە و پوختیان لەدەستدا نییە...دەزانن کە ئەگەر لەبەر پیریش نەمرم لەبەر ئەو نەخۆشییە کوژندانەی کە ئێخەیان گرتووم بەو زووانە

لەبەرچاوتان تەفروتوونا دەبم و دەستبەجێ بە ناوی کۆڕ و پسپۆڕە زمانەوانەکانی کۆڕ چاپی‌دەکەن و شەقێکی لە ناوی گیو هەڵدەدەن، کە لە ناو گۆڕی تنگ‌وتاریکیشدا نەسرەوم، دە ئێستا کە داوا دەکەم بۆ نامدەنەوە؟!... پەرتووکی هەموو کەسێکی لەکاتی چاپیدا خۆتان سەرپەرشتی دەکەن و چەندسەد دیناڕێکیشی بە چەندسەد بەرگێکەوە پێشکێش دەکەن. خۆ بەندە فەرهەنگەکەم بە هەموو مافییەکییەوە پێشکەش بە کۆڕی زانیاری کورد کردبوون، سەرەڕای ئەوەش هێشتا دەبێ یەکێکی لە بەغدایە بدۆزمەوە و چەند سەد دیناڕێکیشی لە کیسەی خۆم بدەمێ، تا لە کاتی چاپیدا سەرپەرشتی بکا! هەزاران ئافەرین بۆ ویژدانی پاکتان و بۆ هەستی بەرزی بێ‌پەڵەی کوردایەتیتان، خودا هەڵناگرێ کەڕێکی باشتان دۆزیوەتەوە، کەوا خەریکبوون بار و سەرباریشی لێ‌بنێن، کەرانەشی لێ بستێنن! زانا و فەیلەسووفینە...کە ئارەزووی چاپکردنتان نەبوو، بۆچی هەمووتان بە کاردۆ و مەلا عەبدوڵڵا نووسییەوە؟ ئەمن دام بە ئێوە کە چاپی‌کەن، یان نوسخەیەکی لێ‌بنووسنەوە و هەڵیگرن بۆ دوای مردنی من؟ ئەگەر مەبەستتان دزی نەبا، کە مەلا عەبدوڵڵا و کاردۆ نووسیانەوە، چاپتان دەکرد، یا ئەو پارەی دەتاندا بە مەلا عەبدوڵڵا، بۆ سەرپەرشتی چاپ بتاندایە بە مەلا شوکور. ئێمە لە گەرمێندا هەروا رێز گیرواین! ئەگینا چاپخانەیەکی ٦٢ ساڵ دامەزرابێ بۆچی دەبێ مەکینەیەکی گەورە و هەندێک تیپی تازەمان نەبێ، کە بتوانێ پەرتووکی گەورە چاپ بکات و نەگەینە رادەیەکی وا، کە لە بەر چاوی ئەم و ئەو کەنەفت بین و بۆ چاپی قاموسەکانی خۆم و ٢٢ بەرگە مێژووەکانی کاکم داوێنگیری ئەم و ئەو بین... جا بۆ ئەوەی ئەو گلە و گازندانە لە ڕۆژنامەکاندا پەخش‌نەکەم، نەوەکوو نەیارانی ئێوە قامکی تێوەردەن، تکایە بە بێ‌دەنگی ئەوانەی خوارەوەم بۆ بنێرنەوە:... کە خوا نەخوازتە نەیاننێرنەوە وەباڵی ئێوە و منیشتان بە ئەستۆی، چونکوو بەڕاستی نەک دزیتان لە من کردووە و بەس و ئەمنتان شکاندووە، بەڵکوو هەتکێکتان پێ‌کردووم کە بە کەس نەکرابێ.

/دزی‌لێکراو و ئابڕووبرا و دڵشکاو و هەتککراو:

گیوی چارەڕەش موکریانی»(دوانامەی گیو بۆ کۆڕی زانیاری کورد، د. کوردستان موکریانی، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٥، چاپخانەی ڕۆژهەڵات).

# نێر و مێ
# لە کرمانجیی باکووردا

فەیسل مستەفا حاجی

**بەرایی:**

هەبوونی نێر و مێ لە دیالێکتی کرمانجی باکووردا و نەبوونی لە دیالێکتی کرمانجی باشووردا گرفتێکی گەورەیە لە ڕێگای یەکگرتنیاندا، ئەم کێشەیە ساڵ بە ساڵ زیاتر گرینگی بەخۆوە دەگرێت، چونکە خراوەتە ناو پڕۆگرامی خوێندن و خوێندکار نمرەی پێ وەردەگرێت، بەتایبەتی پۆلی شەشەمی ئامادەیی کە یەک نمرە لە کۆی خوێندکار کەناڵی وەرگرتنی لە زانکۆ دەگۆڕێت.

مامۆستا تووشی هەڵوێستێکی ناخۆش دەبێت، ئەگەر نەیزانی وەڵامی پرسیارێکی ناو پڕۆگرامی خوێندن بداتەوە یان بە هەڵە وەڵامی بداتەوە.

ڕاسییتەک هەیە پێش هەموو شتێک پێویستە بیزانین ئەویش ئەوەیە کە لە کرمانجی باکووردا، کە بادینی بەشێکە لەو، هەموو ناوێک ڕەگەزی خۆی هەیە، یان نێرە یان مێ، لە ناو ڕستەدا زیاتر ئەم ڕاستییە بەدەردەکەوێت، ئەو ناوانەی کە ناوی کارن یان پیشەیین، وەکوو: ( پزیشک، ئەندازیار، مامۆستا، پۆلیس، قوتابی و خوێندکار، فەرمانبەر، کڕیار، فرۆشیار، پارێزەر...هتد) کە لە ناو ڕستەدا بەکار دەهێندرێن، ڕەگەزەکەیان پیشان دەدرێت، هەندێک ناوی پیشەیش هەیە کە ڕەگەزەکەی لە دەرەوەی ڕستەش دیارە وەکوو: (سستەر و مامان، بۆ مێ، پاسەوان و سەپان بۆ نێر).

**یەکەم:**

بۆ جوداکردنەوەی ئەم دوو ڕەگەزە و ناسینەوەیان چەند بنەمایەکمان هەیە لەوانە:

**أ- ئەم ناوانە مێن:**

١- ناوی شتی تەڕ و ناسک و نەرم و ورد، وەک:

- ناوی گوڵان ( نێرگز، هێرۆ، لەیلانک، بەیبوون، سویسن، شلێر هتد...).
- وشەکانی ( گوڵ، کولیلک، بشکۆژ).
- ناوی میوە: (( هەنار، سێڤ، هەرمیک، خۆخ، مژمژە (زەردەلوو ).

حلیک ( ئاڵو باڵو – گێلاس)، هژیر، پرتەقاڵ))...هتد.

بەڵام ترێ نێرە لە کاتێک ((تلی مێو و ئیشی ( هێشوو) مێن ))

- ناوی سەوزە ( کەرەڤس، رەشاد، تڤر، پیڤاز، سیر، کەنگر، تۆڵک، ریڤاس).

٢- ناوی واتایی (ئاشتی، جەنگ، شەرم، ترس، گەرما، سەرما، کەنی، گری، هەوار، گازی، برس، تێری، ئازادی، دیموکراسی... )هتد.

٣- ناوی ئەو شوێنانەی بەرهەم دەدەن یان شتیان تێدەکرێت، وەکو:

(زەڤی، کانی، هێلین، ژوور، کۆرک > Korik ، بیر، دەریا، گلکەند، چاڵ، گەڕ (گۆم).

٤- گشت چاوگەکان مێن، ((بەردان، سەردان، فرۆشتن، کەڤتن، ستاندن، خاندن - خوێندن (خواردن، ڤەخواردن) چوون، بوون، کڕین، نڤیسین،...هتد].

٥- ناوی ئەندامە تاکەکانی لەشی مرۆڤ و گیانلەبەر:

((دفن > (کەپ، کەپوو)، ئەنی > (نەوجەوان)، ئەرزنک > (چەنەگە)، ناڤک، > پشت، > کەمەر).

٦- هاوەڵکارەکانی کات:

(ڕۆژ، شەڤ، حەفتە، هەیڤ > (مەهـ)، ساڵ، سەدە، دەم، گاڤ، سپێدە، نیڤرۆ، ئێڤار، ڕۆژاڤا، ڕۆژهەڵات، سەردەم)...هتد.

٧- ناوی ڕۆژانی حەفتە و مانگەکان: وەرزەکانی ساڵ/ بەهار، هاڤین، پایز، زڤستان.

شەمبی، ئێکشەمبی - تاکو- ئینی. کانونا دووێ، شوبات، ئادار... هتد.

٨- ناوی ڕەگەزی مێ لە مرۆڤەکان – بێگومان – مێیە:

(دایک، خوشک، ژن، کچ، داپیر، دۆتمام، خەسوو، بووک)... هتد.

هەروەها ئەو ناوانەی بەپێی بنەماکانی پێشتر باسکران بۆ ناونانی ئەم ڕەگەزە، (مێن). بۆ نموونە:

(شیرین، ناسک، خونچە، نازدار، پەریخان، شنۆ، پەری)...هتد.

٩- وشەی (ژمارە) و ژمارەکان:

(یەک، دوو، دە، سەد، هەزار)...هتد.

١٠- وشەی (ئاڤ) و ئەو وشانەی ئاڤیان لەگەڵدایە:

((دۆشاڤ، خوناڤ، گولاڤ، سویلاڤ، خۆشاڤ، گەرماڤ، کەنداڤ، سەراڤ، بالاڤ، ئاڤەماست > (ماستاو )، ئاڤەدەست > (دەستاڤ))

هەروەها وشەکانی: سەرشۆ، دەستشۆ.

١١- چێشت و خواردنەکان:

(برنج (پەلاڤ)، ساڤار، ئاڤک، ترشک، یەپراخ، نیسک، ماش، نان، سەوک، کولێرە، کادە > (کولیچە)، گلوول، سمیتک، کوتلک، کوتلدەوک... هتد.

١٢- هندە ناو کە لەژیانی خۆیدا بەکاریاندێنێت، وەکو:

(پێلاڤ، شەکـــال > (سەوڵ)، شمـک > (بابـــۆج)، گـــۆرە، شلۆخـــــە > (قەیتـــان)، دەستگۆرک > (دەستەوانە)، دەرسۆک، جەمەدانی، شیتک > (پشتێن)، کالک – (Kalik) ).

١٣- یارییەکان:

((تەپ – تۆپ)، تۆپانێ، بازدانێ، غاردانێ، ڤەشارتکانێ – (چاوشارکێ)، ماتانێ -(کەلانێ)، کابانێ -(جگجگانێ)، بەریکانێ، تیسانێ، بڕانێ، کۆرکومیرکانێ)).

١٤-مەشینەکان:

(پایسگل، ماتۆڕ – (ماتۆڕسگیل)، کێشە – گالیسکە، ئۆتۆمبێل، پاس، لۆری، شەمەندەفڕ، فڕۆکە بەلەم، گەمی، پاپۆڕ)...هتد.

١٥- هەندێک ڕێوبانە:

(ڕێ، جادە، کۆڵان، پر، دەربەند، مەیدان، چەپ)...هتد.

١٦- هەندێ ئامێرەکانی میوزیک:

(بلویل، دەف، دەهۆڵ، کەمانجە، تەمبوو، زوڕنا، دومبک، دوودک، ساز، سەمتوور، پیک)...هتد.

١٧- ئاوەڵناو کە دەنگی (ی) وەردەگرێت و دەبێتە ناوی واتایی:

(سەروەری، سەرفەرازی، مەردی، چرویکی، بێدەنگی، تێری، دڵڕەقی، دڵڕەشی، دڵداری، دڵبەری، دڵفرەهی، دڵتەنگی، گەشبینی، ڕەشبینی، هەژاری، دەوڵەمەندی، زەنگینی، دەست کورتی، بێزاری، شارەزایی، کامەرانی، دڵخۆش)...هتد.

١٨- ئەو ناوانەی پێشگری (ما) یان وشەی (مێ) لەگەڵیاندا بەکاردێت:

(مانگا، ماهین، مامر، ماکەر ، مێکەو)...هتد.

١٩- مێش و مەگەز:

(مێش، پێشی، مێش هنگڤین > (هەنگ)، زرکێتک > (زەردەواڵـە)، پەلاتینک > (پەپوولە)، تەنڤنپیرک > (جاڵجاڵۆکە)، خاڵخاڵۆک، کێز >(سیسرکە)...هتد.

٢٠- ئەم ناو و وێنانە:

(خاڵ، خیچ > (هێڵ)، گۆشە، سێگۆشە، چارگۆشە، لاکێشە، بازنە، نیشان، چارلا، پرسیار، بەرسڤ > (وەڵام)، ئەنجام)..هتد..

**ب- ئەم ناوانە نێرن:**

١- ناوی شتی وشک و زبر، وەک:

(دار، بەر، چیا، گر، گەلی، کەڤر > (کێو)، خیز > (زیخ)، ئاسن، زێڕ، زیڤ)...هتد.

٢- ناوی ئەو ئەندامانەی لەشی مرۆڤ و گیانلەبەر ئەگەر (دوو)بن. واتە جوتبن، وەکو:

(دەست، پێ، گوهـ چاڤ، روی، باسک >(بازوو)، چۆک).

٣- وشەی (ڕەنگ) و ناوی ڕەنگەکان:

(سۆر، شین، زەر، سپی، رەش، پڕتەقاڵی)...هتد.

٤- ناوی ڕەگەزی نێر لە مرۆڤەکان – بێگومان – نێرە:

(باب > ( باوک)، برا، مێر > (پیاو)، کوڕ ، باپیر، پسمام، خەزوور، زاڤا، مام، خاڵ).

هەروەها ئەو ناوانەی بۆ ناونانی ئەم ڕەگەزە بەکاردێن: وەکو

(شێرکۆ، شێرزاد، ئادەم، سوار، شاسوار)...هتد.

٥- ئەو ناوانەی پاشگری (ڤان) وەردەگرن و بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێن:

(شڤان، گاڤان، نێچیرڤان، دارڤان، رەزڤان، سەگڤان، زێرەڤان، باخچەڤان، بلویلڤان، گەمیڤان، ئاشڤان)...هتد.

٦- ئەو ناوانەی کە تایبەتن بە پیشەی ڕەگەزی نێر، وەک:

(ئاسنگەر، زێڕنگر، فیتەر، وایەرمان، دارتاش، چایچی)...هتد.

٧- شیر و بەرهەمەکانی:

(ماست، پەنیر، نیڤشک > (کەرە)، ژاژی، لور، سەرتوو، کەشک)...هتد.

لێرە بە پێویستی دەزانم بڵێم بنەماییکی بەکارهێنانی زمان ئەو ڕێککەوتنەیە کە لە نێوان کەساندا دەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی وشە و زاراوە و واتا و چەمکەکانیان. وەکو – بۆ نموونە:

زیخ – خیز/ کن - نک / بزر – بەرزە

ناتوانین بڵێین کامەیان راستترە , بەڵام بەپێی دیالێکت دەزانین کامەیان بەکاردێنین.

ئەم تێبینیەم بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکە کە دەڵێت:

وشە هەیە لە شوێنێک بە نێر و لە شوێنێکی دی بە مێ دادەنرێت، وەک بۆ نموونە: پرچ لە ئامێدی بە نێر و لە زاخۆ بە مێ دادەنرێت.

دووەم: ئەو بوارانەی کە گرنگە ڕەگەزی نێر و مێ تێدا ڕەچاوبکرێت:

١- جێناوی کەسی سێیەمی تاک کە لەگەڵ کاری تێپەڕ لەکاتی رابـوردوودا بەکاردێت،

کە ئەمانەن: (وی) – He – هو: بۆ نێر و (وێ) – She – هي، بۆ مێ بەکاردێن.

فەرهادی پرسیارەک کر > وی پرسیارەک کر.

شیرینێ بەرسڤ دا < وێ بەرسڤ دا.

ئەگەر تێبینی ئەو دەنگە – پیتەی- دوای ناوی فەرهاد هاتووە بکەین، کە (ی)یە. دەبینین هەمان دەنگە - پیتە کە لەگەڵ (وی) دا هاتووە.

**بەم جۆرە پیتی دوای ناوی شیرین و ئەوەی لەگەڵ (وێ)دا هاتووە یەکە.**

٢- لەکاتی خستنەسەری ناو بۆ سەر ناوێکی دی، یان بۆ سەر جێناوێک یان هاوەڵناوێک نیشانەی نێر یان مێ وەردەگرێت، کە (ێ) بو نێرە و (ا – ئا) بو مێیە، وەک:

-ناو: زین خویشکا میرێ بۆتانێ بوو. ( ا -ئا) ی، لە وشەی خوشکا نیشانەی مێیە. بەڵام (ێ – ئێ) ی لە وشەی میرێ نیشانەی نێرە.

-جێناو: وەڵاتێ مە خۆشە. – وەڵات (یێ) مە خۆشە.

باوەریا من بگوتنا تە هات.

-هاوڵناو: دارا هشک سیبەرێ ناکەت. – دار (یا) هشک سیبەرێ ناکەت.

دارەکێ درێژ بینە. دارەک (یێ) درێژ.

٣- کارای (بکەر)، ئەو ڕستەی کارەکەی تێپەڕە و لەکاتی ڕابردوودایە نیشانەی (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ وەردەگرێت. وەک:

-ئازادی و نازدارێ جێژنا نەورۆزێ ل ئێکودوو پیرۆزکر. ئازاد(ی). نازدار(ێ).

وەکو لەم ڕستەیەدا:

ئازاد(ێ)، پسمام(ێ)، دلشاد(ی) و نازدار(ا – ئا)، دۆتمام(ا – ئا)، خانزاد(ێ) جێژن(ا – ئا)، نەورۆز(ێ) ل ئێکودوو پیرۆزکر.

ناوەکانی (ئازاد) و (پسمام) ناوی نێرن، و لە باری خستنەسەردان. لەبەرئەوە (ێ) یان وەرگرتووە.

ناوەکانی (نازدار) و (دۆتمام) و (جیژن)، ناوی مێن و لە باری خستنەسەردان لەبەرئەوە نیشانەی (ا - ئا)یان وەرگرتووە.

لەکاتێکدا، (دلّشاد) ناوی نێرە و نەخراوەتە سەر ووشەی دی. بۆیە نیشانەی (ی) ی وەرگرتووە، کە نێرە.

(خانزاد) و (نەورۆز) ناوی مێن و نەخراونەتە سەر ووشەی دی، بۆیە نیشانەی (ێ)یان وەرگرتووە. کە مێیە.

ئەگەر لە شوێنی ناوەکانی دلّشاد و خانزاد جێناوی سەربەخۆ بەکاربێنین کە هەردووکیان کەسی سێیەمی تاکن و کاری ڕستەکە تێپەڕە و لەکاتی ڕابردوودایە، ناو و نیشانەی نێر و مێ بەم جۆرە پیشاندەدرێت:

کەواتە ئەو (ی)یەی لەگەڵ دلّشاد و (ێ)یەی لەگەڵ خانزاد دا هاتوون نیشانەی نێر و مێن، بۆیە لە شوێنی دلّشاد (وی) و لە شوێنی خانزاد (وێ) بەکارهاتوون.

هەروەها ئەو (ێ)یەی، لەگەڵ ووشەی (نەورۆز)یشدا هاتووە بۆ مێیە. کەواتە: (ئازاد و پسمام و دلّشاد) و (وی) نێرن و (نازدار و دۆتمام و خانزاد و جیژن و نەورۆزو) (وێ) مێن.

٤- بەرکاری کاری ڕانەبردوو نیشانەی نێر و مێ وەردەگرێت.

- زارۆک حەز ژ دۆشاڤێ و خۆشاڤێ دکەن و حەز ژ ماستی و پەنیری ناکەن.

دۆشاڤ و خۆشاڤ ناوی مێن بۆیە (ێ) و ماست و پەنیر ناوی نێرن بۆیە (ی) یان وەرگرتووە.

- پۆلیس هەر دێ وی کەسی گریت یێ دزیێ دکەت. واتە (وی کەسی) نێرە و (یێ دزیێ دکەت) مێیە.

لەم ڕستەیەدا دووجار دەنگی واتە پیتی (ێ) هاتووە کە یەکەمیان بۆ بکەر هاتووە (وی) کە نێرە و، دووەمیان بۆ بەرکار هاتووە (دزیێ) کە مێیە.

ئەگەر ناوی (کەس) لەهەمان ڕستەدا، بکەین بە (مێ)، ڕستەکە بەم جۆرە دەبێت:

- پۆلیس هەر دێ وێ کەسێ گریت یا دزیێ دکەت. (وێ کەسێ).

٥- بەرکاری کاری داخوازی نیشانەی (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ وەردەگرێت. وەکو:

- پێنڤیسی نەفرۆشە و لێنڤیسێ سپی ڕاگرە.

- ئاڤێ ڤەخۆ، دەرمانی نەخۆ. (ئاڤێ)/ (دەرمانی).

**لە کۆتایی بابەتەکەمدا، پرسیارێک ئاڕاستەی ئێوەی بەڕێز دەکەم:**

ئایا مرۆڤێک ئەوەندە نیشانەی نێر و مێ لە ئاخاوتندا بەکاربهێنێت، دەتوانێت دەستیان لێ بەربدات؟!

پاشکۆی بابەتی نێرومێ لە کرمانجی باکووردا

**-ئەم ناوانە مێن:**

–وشەی (خان/ خانە) و ئەو ناوەی لێکدراوانەی دواوەشیان (خانە)یە، وەک ( دەرمانخانە، میهڤانخانە، چایخانە، دیوەخانە، خەستەخانە - نەخۆشخانە، مەیخانە، بەندیخانە، کارخانە، پەڕتوکخانە، مووزەخانە، چاپخانە)...هتد.

–وشەی (گەهـ) و ئەو ناوە لێکدراوانەی دواوەشیان (گەهە)، وەک: (کارگەهـ هاڤینگەهـ مەلەڤانگەهـ داینگەهـ پرسگەهـ پارێزگەهـ)...هتد،

–وشەی (دان) و ئەو ناوانەی دواوەشیان (دانە)، وەک:

(ئاگردان، کلدان، شەکردان، خێدان، مەیدان).

–ئەم زیندەوەرانە: (کێچ، سپهـ رشک، خێرک، ئاخیرک).

لێرە بە پێویستی دەزانم بڵێم بنەماییێکی بەکارهێنانی زمان ئەو ڕێککەوتنە یە کە لەنێوان کەساندا دەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی ووشە و زاراوە و واتا و چەمکەکانیان.

وەکو – بۆ نموونە:

زیخ – خیز/ کن - نک / بزر – بەرزە

ناتوانین بڵێین کامەیان راستترە , بەڵام بەپێی دیالێکت دەزانین کامەیان بەکاردێنین.

# زمانی
# کەمینەکان

رەشاد بەکر حامید

زمانەوانی (لینگویستیک) بەگشتی بۆ زمانی کەمینەکان لە زانستەکانی زمانناسی و کولتوورناسییدا پێگەیەکی بەرزی بۆ دابین کردووە، چونکە وەکوو بەشێکی گرنگ لە مێژووی نەتەوە و ڕەوشتی کولتووری دەبینرێن.
زمانی کەمینەکان، ئەو زمانانەن، کە ژمارەی ئاخێوەریان کەمە یاخود مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، واتە ئەو زمانانەی بە هۆکارە دەرەکییەکان و هاوبەشی کولتووری و سەرکەوتنی زمانێکی باڵادەست هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی لەناوچووندا دەبن، لەم چوارچێوەیەدا زمانەوانی زمانی کەمینەکان نەک تەنیا خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن، بەڵکوو خاوەنی مێژووی ئەدەبی و بەڵگەنامەی ئایینی و فەرهەنگ و کولتووڕێکی تایبەت بەخۆیانن تا ئەوکاتەی ئاخێوەری خۆی مابێت.
دیارکردنی زمانی کەمینەکان پێویستی بە ئامانجێکی زانستی و پڕۆسەییێکی ڕوونە، لە زانستی زمانەوانیدا، کاتێک زمانێک ژمارەی قسەکەرانی کەمتر بێت لە ٥٠ هەزار کەس، یان زمانی فەرمی نەبێت، زۆرجار لە شێوەی "زمانی کەمینە"دا دەبینرێن، هەروەها پێداچوونەوەی مێژووی زمان، پەیوەندی بە زمانی فەرمی و ئامادەکردنی دەقە بەرچاوەکان بۆ نووسین و فێرکردنی منداڵان، هەمووی بەشێکن لەم پڕۆسەیە.

**زمانەوانی زمانی کەمینەکان کاریگەرییەکی بەرچاوی لە بوارە زانستییەکاندا هەیە لەوانە:**

**یەکەم:** گەشەی زانستی زمان: زمانە کەمینەکان زانیارییەکی زۆر دەخەنەڕوو بۆ ئاشنابوونی بەخستنەڕووی زانیارییەکان و دەتوانن ئەوە ڕوون بکەنەوە کە چۆن زمانەکان لە کاتی بوونی بەربەستە زمانی و کولتوورییەکاندا گەشە دەکەن.
**دووەم:** پەیوەندی نێوان زانست و مێژوو، زمانە کەمینەکان زۆرجار بەڵگەنامەی مێژوویەکی تایبەت بەخۆیان هەیە، توێژەرە مێژووییەکان سوود لەو بەڵگە مێژووییانە دەبینین.
**سێیەم:** پـەروەردەی زمانی، زانستی پـەروەردەی زمانی لە فێرکردنی زمانە کەمینەکاندا، دەبێتە هۆکارێکی گرنگ و خێرا بۆ ڕوونکردنەوەی زمانیی، بەتایبەتی لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا.

**لە پەیوەند بە کاریگەرییە کولتوورییەکان، بەگشتی زمان بە بەشێکی گرنگی ناسنامە و کولتوور هەژمار دەکرێت لەبەر ئەم هۆکارانە:**

**یەکەم:** پاراستنی ناسنامە، زمانە کەمینەکان مافی ئاسایی و یاسایی خۆیانە پارێزراوبن، لە چوارچێوەی هەر کۆمەڵگەیەکدا، چونکە لەناوچوون و ونبوونی زمان بە واتای ونبوون و لەناوچوونی ناسنامە و بەشێکی مێژووەکەیان دێت.

**دووەم:** پاراستنی فەرهەنگ، ئەم زمانە کەمینانە هەڵگری خەزێنەیەکی گەورەی پڕ لە زانیاری وشەیین لە بواری ئایینی و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و گۆڕانی ژینگەییدا.

**سێیەم:** پەیوەندی نێوان نەتەوەکان، پەروەردەکردن و فێربوونی زمانە کەمینەکان بە شێوەیەکی زانستی دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆر لەسەر پەیوەندییە کولتووری و نەتەوەییەکان دروست بکات، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە جیاوازی فەرهەنگی و زمانی زۆرە.

**مەترسییە بەرچاوەکان**

زمانە کەمینەکان بەهۆی کۆمەڵێک هۆکار زۆربەی کات لەژێر مەترسی لەناوچووندان، زۆرجار مەترسییەکانیش بەهۆی تێپەڕبوونی کات لەو ناوچانەدا دەردەکەوێت، کە زمانێکی هاوبەش و کولتوورێکی هاوبەشی باڵادەستی تێدایە:

**یەکەم:** کۆچکردن، کۆچکردنی خەڵک بۆ شارە گەورەکان یاخود وڵاتەکانی تر، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری دروست دەکات لەسەر زمانە کەمینەکان.

**دووەم:** سیاسەتی زمان و دۆخی ئابووری، پەیڕەوکردنی زمانێکی فەرمی و یەکگرتوو لە دامودەزگاکاندا، زۆرجار بە واتای کەمکردنەوە و تەسککرنەوەی سنووری زمانی کەمینەکان دێت.

**سێیەم:** سنووردارکردنی پەروەردەی فەرمی، لە ناوەندە فێرکارییە فەرمییەکاندا، زۆرجار شوێنێک دابین نەکراوە بۆ گرنگیدان بە زمانی کەمینەکان، ئەمەش دوای ماوەیەک دەبێتە هۆی دابڕانی نەوەی داهاتوو لە زمانەکەی خۆیان و ئاشنابوونیان بە زمانی فەرمی ناوچەکە.

**میتۆد و ستراتیجیەتی پاراستنەکان**

لە زۆرێک لە دامەزراوە نێودەوڵەتی و دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکاندا، لە زۆر وڵاتدا هەوڵی تەواو دەدرێت بۆ دۆزینەوە و پێشنیازکردنی چارەسەری گونجاو بۆ پاراستنی زمانی کەمینەکان، لەوانە:

**یەکەم:** ئەرشیفکردنی دەق و تۆمارە دەنگییەکان: تۆمارکردنی وتە و دەنگی ئاخێوەرانی کەمینەکان ئەرشیفکردنیان بەشێوەی دیجیتالی.

**دووەم:** فێرکردن منداڵەکان لە ناوەندە فێرکارییەکانی وەکوو قوتابخانە و زانکۆ پڕۆگرامی پەیوەست بە فێرکردنی زمانی کەمینەکان بخرێتەڕوو و فێر بکرێن.

**سێیەم:** پڕۆگرامی کەلتووری و میدیایی، بە بەکارهێنان و دروستکردنی ڤیدیۆ و دەنگ و خستنەڕووی هەواڵەکانی ڕۆژانە و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کەمینەکان.

### ئەرکی توێژەر و نووسەران

ڕەخنەگران و توێژەرە زمانییەکان و کەلتوورناسەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر ببینین لە کەمکردنەوەی مەترسییەکانی لەناوچوونی زمانە کەمینەکان، ئەویش بە خستنەڕووی پڕۆژەی و پێشنیازی زمانی بۆ لایەنی پەیوەندیدار و هۆشیارکردنەوەی تاکەکان بە بەردەوامی، بەتایبەتی کارکردن لەسەر ئەو زمانانەی، کە لە لێواری لەناوچووندان و ئاخێوەرانیان زۆر کەم بۆتەوە، بە رادەیەک هەندێک زمان ئاخێوەرەکانیان کەم بۆتەوە بۆ چەند کەسێک، کە بە پەنجەکانی دەست هەژمار دەکرێن، بۆ نموونە: زمانی Lemerig تەنیا دوو کەس قسەی پێ دەکات لە ڤانەواتو، دواتر زمانی Taushiro لە پیرۆ، کە یەک کەس قسەی پێ دەکات، هەروەها زمانی Kaixana لە بەرازیل ئەویش تەنیا یەک کەس دەیزانێت.

زمانەوانی زمانە کەمینەکان، بەشێکی گرنگ و کاریگەرن لە هەڵگرتن لە و پاراستنی مێژووی نەتەوە و ناسنامەی کەمینەکان، ئەم کارەش جگە لە سوودێکی زانستی گرنگ، کاریگەرییەکی درێژخایەن لەسەر پاراستنی کولتووری و نەتەوەیی هەیە، هەروەها لە بواری نێودەوڵەتی و پاراستنی زمانە کەمینەکان بەشێوەیەکی زانستی و یاسایی، بەتایبەتی لە چوارچێوەی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان حکومەتەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەکرێت ببێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ بەرگریکردن لە جیاوازی زمانی و کولتووری لە سەردەمی نوێدا.

# پۆلینکردنی دەنگ
# لە زمانی کوردیدا

عەبدولوەهاب شێخانی

**سەرەتا:** خوێنەری ئازیز فەرهەنگی دەنگ تایبەتە بە دەنگ لە نێو کوردەواریدا، زۆر ساڵ پێیوە خەریک بوویمە و زۆر سەرچاوە و پەرتووکم سەنگ و سوژن کردووە، پرسیاری وشەی دەنگم لە زۆر کەسی پسپۆر و شارەزا کردووە، جووتیار و شوان و گاوانم دواندووە، چونکە ئەوان زۆر شارەزان لە دەنگی ئاژەڵ و لەگەڵیاندا ژیاون، ماوەی ٣٠ساڵێکە خەریکی ئەو فەرهەنگەم، زۆر ماندووبوونم لەگەڵدا دیوە، تەنها ببێتە فەرهەنگ و سوود بە نەتەوەکەم بگەیەنم، دوای تەواوبوونی فەرهەنگی دەنگ، مامۆستای ئازیز و خۆشەویستەویستم (خالید بکر ئەیوب) پێداچوونەوەیەکی وردی بۆ کردم بڕیاریدا هەر خۆشی پێشەکی بۆ بنووسێت بە ناوی(بۆ فەرهەنگی دەنگ) گەڕیانێک بە نێوجیهانی دەنگدا، کە پێشەکیەکی زۆر زانستییانەیە بۆ زیاتر سوود وەرگرتنی لە فەرهەنگی دەنگ، ئەم ئەرکەی خستە ئەستۆی خۆی. لەگەڵ ڕێز و پێزانینم بۆ ئێوە و مامۆستاش یادی بەخێر بێت.
دەنگ: شریقەی لێدانی هەورەتریشقە ئەگەر لە گوێچکەوە نزیک بێت توند بێت. و دەنگی چرپەش نەرم و زیکەی سیسرکە تیژە و باق بووی کۆتر بە سۆزە و چەهچەهەی بولبولیش خۆش و دڵگیر دەبێت. گیزەی گوللە و زیرەی شمشیر ترسناکە، زەرەینی کەر بێزار کەرە، حەپەی سەگ وریا کەرەوەیە، لێدانی دەف خەڵک دێنێتە سەما دەنگە دەنگیش سەر دێنێتە ژان، گۆرانی دڵ دەکاتەوە و کرووزانەوە و غەڵبە غەلبیش ئازاردەر و چەپڵەش هاندەرە، کرووزانەوە ناڵە ناڵ بە سۆیە و گریانیش خەفەتدەرە تا بزانین غەڵبە غەڵب و جۆرەکانی دەنگ چییە و چۆن لێک جیا دەکرێنەوە. پێویستە بزانین دەنگ چییە؟
دەنگ ئەو ڕووداوەیە کە بە گوێ دەیبیسین، و دەنگ لە ئەنجامی (لەرینەوە) پەیدا دەبێت، هەموو دەنگێک سەرچاوەکەی تەنکی لەراوەیە. دەنگمان لە ئەنجامی لەرینەوەی(ژێیەکانی) قورگەوەیە، دەنگی دەف لە ئەنجامی لەرینەوەی پێستەکەیەوەیە، دەنگی عوود لە ئەنجامی لەرینەوەی ژێیەکانیەتی، دەنگی شمشاڵ لە ئەنجامی هەوای ناوەوەیەتی، هەر تەنێک کە دەلەرێتەوە(لەرەلەر)ی دەبێت گوێی مرۆڤ هەستیارە بۆ هەندێک دەنگ، تەنها ئەویش کە لەرەلەریان دەکەوێتە نێوان(٢٠-٢٠٠٠٠)لەرە لە چرکەیەکدا، واتە ئەگەر لەرینەوەکە ژمارەیلە (٢٠) لەرە لە چرکەیەکدا کەمتر بووە وەیان لە بیست هەزار لەرە لە چرکەیەک زۆرتر بووە: دەنگ هەیە بەڵام نابیسترێت، ئەو جۆرە دەنگانە پێیان دەوترێت((دەنگە نەبیستراوەکان)) واتە هەموو دەنگێک لە ئەنجامی لەرینەوەیە، بەڵام هەموو لەرینەوەیەک بیستراو نییە، بە گوێرەی مرۆڤ، بەڵام زۆر ئاژەڵ هەیە هەستیاری گوێی لە هەستیاری گوێی مرۆڤ جیایە، دەتوانین هەندێ دەنگ ببیستن کە مرۆڤ نایبیستێت، لەو ئاژەڵانەی وەک (سەگ) و (وڵاغ)و (شەمشەمە

کوێرە) و... ئەم خشتەیەش هەندێ لەو دەنگانە کە چەند ئاژەڵێک دەیبیستن روون دەکاتەوە.

| جۆری ئاژەڵ | گەورەترین لەرەلەر کە کوێیان لێ دەبێ | |
|---|---|---|
| ١_ شەمشەمە کوێرە | ٠٠٠٥١١ | لەرە/چرکە |
| ٢_دۆلّفین | ٠٠٠٥٨ | لەرە/چرکە |
| ٣_مشک | ٠٠٠٢٧ | لەرە/چرکە |
| ٤_ سەگ | ٠٠٠٤٤ | لەرە/چرکە |
| ٥_فیل | ٠٠٥٠١ | لەرە/چرکە |
| بەڵام مرۆڤ | ٠٠٠٠٢ | لەرە/ چرکە |

ئێستا کە دەنگە نەبیستراوەکان زۆر سوودیان لێی وەرگرتووە بۆ نموونە:

١_ئەگەر لەرەلەر (٠٢) لەرە لە چرکەیەک کەمتر بێت واتە ڕادەی (ژێربیستن) ئەوسا تەنە لەراوەکە توانای بەرزی سمینی هەیە ، بۆیە سوودی لێ وەرگیراوە بۆ هەڵکەندنی بیرە نەوتە قووڵەکان، چونکە لە کاتی هەڵکەندندا توانای شکانی بەردەکانی زۆرترە.

٢_ئەگەر لەرەلەر لە(٠٠٠٠٢) لەرەلە چرکەیەک زۆرتر بێت (سەروبیستن) بەکاردێت بۆ دەست بەسەرداگرتنی دەرگای گەراجەکانی ئۆتۆماتیک و کەشف کردنی شەقبردن یا درز، لە کانزاکان لە کاتی داڕشتنیاندا و داڕشتنی لاستیک دروستکردنی بەرهەمی هەمە جۆری وەک تایە.

دەنگ لە بۆشاییدا ناڕوات؟

لە سالّی (٠٣٨١ز) پاشا ( دیمتری دونسکۆی) بۆ (دەرچوونێک) لەبارەی شەڕ دەرچوو، کاتێک گوێی نایە سەر زەوی بە ئاسانی هەستی بە دەنگی لاقی ولاغەکانی دوژمن کرد و بەرە بەرە نزیک دەبوونەوە. لەم بارەدا دەنگ بەناو (خاک)ی زەوی کە تەنێکی ڕەقە بڵاودەبێتەوە. دەنگ تا بڵاوبێتەوە پێویستی بەناوەندی ماددی هەیە، جا ڕەق یان شلە یان گاز بێت، چەندە چڕی ناوەندەکە زۆربێت خێراتر دەنگەکە دەگوازرێتەوە. خێرایی دەنگ لە هەوا لە پلەی گەرمی ئاسایدا (٠٤٣)م/چرکە و خێرایی دەنگ لە ئاو چوار ئەوەندەی خێرایی دەنگە لە هەوادا (١٦٤١م/ چرکە) خێرایی دەنگ لە پۆلا (١١)جار ئەوەندەی خێرایی دەنگە لە هەوادا (٠٠٠٥م/چرکە)، بەڵام دەنگ لە بۆشایدا ناگوازترێتەوە

لە ناو مانگ هەوا نییە (دواندن) لەگەڵ یەک بەهۆی بەکارهێنانی (بێ تەل) دەبێت.

ڕادەی ئاستی دەنگ: ئەوەی دەنگ کاردەکاتە سەر گوێ و بە سیفەتی گرنگی فیزیایی دادەنرێت.

_توندی دەنگ: ئەو وزە دەنگەیە کە بە یەکەی ڕووبەردا تێپەڕدەبێت لە چرکەیەکدا

توندی دەنگ = توانا/ ڕووبەر

فراوانی شەپۆلێکی دەنگ کە لە لەرەلەرێک، درێژەیەکی شەپۆلی دیارکراوی هەبێت پێوەرێکە بۆ ئەو وزەی کە لەو شەپۆلەدا هەیە.

| | |
|---|---|
| توندی دەنگ کەمە | فراوانی |
| توندی دەنگ زۆرە | شەپۆل |

بەرزی دەنگ: بەرزی دەنگ بەندە لەسەر کاری توندی شەپۆلەکەی دەنگ لەسەر گوێ، لەبەر ئەوەی بەرزی دەنگ بە زیادبوونی توندییەکەی زیاد دەکات کەچی لەگەڵ ئەوەی گوێ هەست بە دەنگە لەرەلەرە دارە جیاوازەکان بە هەمان شێوە ناکات. ئەنجامی ئەوەش گوێ ناتوانێت دەنگێکی لەراوەی گەورە بە هەمان ئەو بەرزییە ببیسێت کە دەنگێکی پێی یەکەی وەک توندی دەنگی یەکەمجار بێت. ئەوەش ڕاستە کە زیاد بوونی توندی دەنگ کاتێ لەرە لەرەکەی نەگۆڕبێت وا لەو کەسە دەکات کە لە دوورییەکی دیارکراو گوێی بگرێت، هەست بەوە بکات کە دەنگە کە بەرزتر بۆتەوە. بەڵام پەیوەندی ماتماتیکی نێوان توندی، بەرزی نە پەیوەندییەکی هێڵییە، نە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە، ڕاستەخۆیە، بەڵکو پەیوەندییەکی ((لۆگاریتمانەیە)) ئەوەش مانای وایە ئەگەر توندی دەنگێک (٠١) جار بکرێت گوێی وای دەبیسێت، کە دووجار بەرزییەکەی زیاد بووە ئەگەر توندی دەنگێک (٠٠١) جار زیاد بکرێت دەنگەکە وا دیاردەدات کە (٣) جار زیاد بووە واتە بەرزی دەنگ دەکەوێتە سەر بڕیاری گوێی گرێک نەک پێوانی فیزیاییەوە، ئێستاکە کە بەرزی دەنگ دەپێورێت بە هۆی دەزگای تایبەتی نەک بە بڕیاری گوێیگر نزمترین دەنگ کە دەبیسترێت، دۆزرایەتەوە (پلەی بیستن) ٠١ ـ ٦١ وات/ سم وە ئەو توندییە بۆتە بنچینەیەک یان ئاستی هەموو توندییەکانی دەنگ، لەسەر ئەم ڕاستییە بەراوردکردنی دەنگ ڕوودەدات. یەکەی دیسی بیڵ هەڵبژێراوە بۆ پێوانی ڕادەی ( ئاستی) توندی دەنگ ئەمەش خشتەیەکە بۆ ڕادەی توندی هەندێ دەنگ:

| دەنگ | دێسی بیڵ |
|---|---|
| ١ـپلەی بیستن(نزمترین دەنگ) | سفر |
| ٢ـچرپە: | (٠١ ـ ٠٢) |
| ٣ـ مۆسیقای هێواش | ( ٠٣) |
| ٤ـبانگ کردن | (٠٦ ـ ٠٧) |
| ٥ـ شەقامێکی پڕ هاتوچۆ | (٠٧ ـ ٠٨) |
| ٦ـ شەمەندەفەر لەسەر پردێک | ( ٠٩ ـ ٠٠١) |
| ٧ـهەورە تریشقە ( بروسک) | ٠١١ |
| ٨ـ پلەی سەر ئێشێنەر | ٠٢١ |

**گوێی**

**چۆن دەنگ بە هۆی گوێی دەبیستین؟**

گوێی دەرەوە شەپۆلەکانی دەنگ کۆدەکاتەوە، دەیگەیەنێت بۆ گوێی ناوەراست ئەویش سێ ئێسکی پێوە نووساوە( مەترەقە، سندابی، رکابی) شەپۆلەکانی دەنگ ئیشێک بەرێ دەکەن لەسەر(پیستەی تەبڵە)، دەلەرێتەوە ئەوسا ئێسکەکانی گوێی ناوەڕاست دەلەرێنەوە، ئەو ئێسکانە وەک کۆمەڵە نوێلێکن ئەو لەرینەوانەی ڕوودەدەن لە(پێستەی تەبڵە)دا دەگوازرێنەوە بۆ کونێکی هێلکەیی، کە ئەویش پیستەیەکی تەنکە دەکەوێتە نێوان گوێی ناوەڕاست، گوێی ناوەوە، لە کاتێکدا ئەگەر ئەو پێستە لەرییەوە، گۆڕان لە پەستان ڕوودەدات لەسەر گوێی ناوەوە، لەبەر ئەوەی کە پێستەی تەبلە ڕووبەری لە کونە هێلکەیەک گەورەترە ئێسکی گوێی ناوەوە هێزەکە چەند جارە دەکات، گەورەتر دەبێت ، ئەو گوێدانە لە پەستان کە دەگات. گوێی ناوەوە گەورەتر دەبێت بە ( ٠٣ تا ٠٦) جار لەوەی کە ڕوو دەدات لە پێستەکەی تەبلەکە، بەڵام لە گوێی ناوەوە بۆڕییەکی شێوە حەلەزوونی پڕ لە شلەیەک کە پێی دەوترێت(قەوقەعەی گوێ)، لە ناو ئەو شلەیەدا دەماری بیستن بڵاوبۆتەوە کە ژمارەیان دەگاتە (٠٠٠٠٣دەمار) ، ئەو دەمارانە زۆر هەستیارن بۆ گۆڕانی پەستان لە شلەی قەوقەعەکە، ئەو دەمارانە زۆر جۆریان هەیە، هەندێکیان هەستیارن بۆ لەرینەوەی لەرەلەرە نزمەکان، هەندێکی تریان بۆ لەرینەوەی لەرەلەرە بەرزەکان، هەنە. هەستیارن بۆ لەرە لەری ناوەند، هەرکاتێک ئەو دەمارانە هەستیان بە گۆڕانی پەستان کرد بە هۆی دەمارەکانی بیستن دەگاتە مێشک بە شێوەی پرتە، مێشک بە شێوەی دەنگ لێکی دەداتەوە، نابێ ئەمەشمان لەبیر بچێت کە جیاوازی هەیە لە نێوان کەسێک بۆ کەسێکی دیکە لەبارەی بیستنی لەرەلەری بەرز و نزم.

**غەڵبە غەڵب:**

دیتراوە غەڵبە غەڵب کاری زۆر هەیە نەک تەنها لەسەر مرۆڤ، بەڵکو لەسەر ڕووەک، ئاژەڵیش، بە جۆرێک دەبێتە هۆی ڕوودانی زۆر گۆڕان.

**ڕووەک، ئاژەڵ:**

تاقیکردنەوەیەک لەبارەی کاری غەڵبە غەڵب لەسەر ڕووەک: سێ ڕووەکی هەمە جۆر( جۆرە گوڵێک) چون یەک، یەکەمیان دانرا لە ناوەندێک کە موسیقای بە هێزی دیسکۆی لێ بوو، دووهەمیان لە ناوەندێک کە مۆسیقای ئاسایی لێ بوو، سێیەمیان لە ناوەندێک بێ موسیقا. دوای

ماوەیەک دیترا کە ئەوەی لە ناوەندی یەکەمە زیاتر ڕواوە، لەوانەی تر واتە ڕووەک حەز لە غەڵبە غەڵب دەکات.
کەچی ئاژەڵ هەروەک مرۆڤ بە غەڵبە غەڵب حەز ناکات، زۆرجار ئاژەڵ باری ژیانی دەگۆڕێت لە ئەنجامی غەڵبە غەڵبێک وەکو مریشک لە هێلکە کردن دەوەستێت.

**غەڵبە غەڵب، مرۆڤ:**

کاری غەڵبەغەڵب لەسەر مرۆڤ زۆرە، بە ڕێژەیەکی وا باری تەندروستی تێکدەچێت، لە ئیش کاری ڕۆژانە دوای دەخات. زۆرجار دەبینین باوکێک زۆر بەهێز لە منداڵەکەی دەدات کە ئەوپەڕی خۆشی دەوێت لە کاتێکدا منداڵەکە دەنگێک دەردەچوێنێ وەک غەڵبەغەڵبێک کار دەکاتە سەر باوکەکە. هەندێجار کە ئۆتۆمبیلێکی گەورە( شاحینەیەک) لەلات تێدەپەڕێت، هۆرنێک لێ دەدات کە دەنگێکی گەورەی هەیە لەناکاو دەبینیت زوو تێکدەچیت، هەندێجار غەڵبەغەڵبەکە وا کارت لێ دەکات کە قسە یان جوێن بدەیت کە ئەمە لەباری ئاساییدا ڕوو نادات. زۆر شەو کە دەتەوێ بنوویت دەنگی پێشکە، (مێشوولە) کارێکی وادەکات وەک غەڵبەغەڵبێک کە نایەڵێت بخەوی، بەیانی هەر کار ماوە لەسەرت. بە کورتی غەڵبەغەلب وا لە مرۆڤ دەکات کە لە باری ئاسایی دەرچیت، چونکە ئەم جۆرە دەنگانە کار دەکەنە سەر دەمارەکانی بیستن، ئەگەر دووبارە بێتەوە دەمارەکان سڕدەکەن یان ئەو کەسە ڕادەی بیستنی دەگۆڕێت واتە کەمتر دەبێت. هەر چەندە تەکنەلۆجیا بەرەوپێشەوە دەڕوات، غەڵبە غەڵبیش زۆرتر دەبێت، باری مرۆڤ ناهەموارتر دەبێت: پێویستە لەو کارخانە کە دەنگە دەنگی بەردەوام غەڵبەغەڵبی هەیە ئامێری تایبەتی ( توندی دەنگ کەم دەکەنەوە) لە گوێ بکرێن تاگوێ بپارێزێت لەم جۆرە لەرەلەرانە.

**دەنگ:**

دەنگ لە زۆر لاوە سەرنجی مرۆڤ، شاعیر، چیرۆکنووس، ئەدیبانی ڕاکێشاوە بە تایبەتی ئەو شاعیر، ئەدیبانەی لە گوندە گەورەکان پەروەردە بوونە، عاشقن بە دەنگی شوان، گاوان، مەڕ، بزن، ئەسپ، مایین، سەرجەم ئاژەڵەکان، ئەوەتا مامۆستا هێمن شاعیر لە دەنگەکان لە چەند دریژە شێرێک کۆ دەکاتەوە، زیاتر بە تام، لەزەتیان دەکات، نەغمەی بلوێر، دەنگی بالۆرەش، هوووەی جووتیار لەکاتی جووتکردندا دەیانخاتە دنیای خەیاڵ، دەڵێت:

چ خۆشە کار، کووڕی مەڕ، چ خۆشە پڕمەکەی کەحلان
چ خۆشە فیتەفیتی شوان، چ خۆشە ئۆحەکەی گاوان
چ خۆشە خرمەکەی خڕخاڵ، بازن، ژێرچەنەی کابان
چ خۆشە نەغمەکەی بلوێر، چ خۆشە لاوک، حەیران
چ خۆشە دەنگی باڵۆرە، چ خۆشە هۆوەرەی جووتیار

فەرهەنگی دەنگ زۆر سەرچاوەی بەکارهێناوە بۆ پێکهێنانی فەرهەنگەکە:

لە هەموو زار، بنزار، وشەی وەرگرتووە:

لە سۆرانی، گەرمیان، بادینی، هەمرامی، کرماشانی، شەبەک، هەموو بن لەهجەکان ،وشە گەلێکی هەمەجۆری تێدایە ئەمەش ئەوە دەسەملێنی کە زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە، لە هەر بابەتێک بۆی بگەڕێی، نەک فەرهەنگێک دەیان فەرهەنگ دێنێتە بەرهەم، گەر وشەیەک بە شێوەی زاری تۆ نەبوو سەرت سووڕ نەمێنێ، من ئەوەی کۆم کردۆتەوە دڵۆپێکە لە دەریایەک لە وشەی کوردی گەر تۆش لە بابەتێکی تر خۆت ماندوو بکەی، بگەڕێی دەتوانی فەرهەنگ دروست بکەی :

فەرهەنگنووسینیش ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، چونکە فەرهەنگ پارێزەری وشەی کوردییە لە هەموو بابەتەکان بناغەی زمانە، زمانیش بڕبڕەی پشتی نەتەوەیە و نەتەوەی کورد، بۆیە ماوەتەوە، چونکە زمانەکەی پاراستوە. چەند گرینگی بە زمان بدرێ ئەوەندە گرینگی بە نەتەوە دەدرێت. ناتوانی قەومێک ناو بنێی قەوم تا زمانی نەبێت بە نەتەوە نازانرێت.

**بولبول لە ئیدیۆمدا**

- ئاوازی زاری بولبول: هەوای پڕسۆز و گریانە بولبول

ئاوازی زاری بولبول لەسەر لق و لەسەر چڵ.

نامناسێتەوە کە من بولبولی ئاواز خوانی سەر لق و چڵم زۆر ئاواز خوان و گۆرانی بێژم....... گۆرانییەکانم(٩٥١)

- بولبولی باغی با هونەر: گۆرانیبێژی دەنگ خۆش
- بولبول لە سەر شانی نووستوە: زۆر دەنگخۆش بووە

_بولبولی کوردستان: گۆرانیبێژی دەنگ و خۆش و بە ناوبانگی کوردستان وەکو(حسن زیرەک)

- بولبولی خۆشخوان: گۆرانیبێژنی دەنگ خۆش

کەسانەکی ئەو بولبولە خوشخوانەی من ناناسی.

- بولبول بەرگی کەساسی لەبەر خۆدا ڕنیوە پەردەی بێ دەنگی دادڕیوە: دەستی بە خوێندن کرد و دەی چریکاند بە سەدایە بە سۆزەکەی
- بولبولانی ئاوازخوانی سەر پەلانی لک و پۆپی دەوەن و داری لێرەوار،
ئاسەواری کوردەواری: مێژوونووسی زیرەک و لێزان
- بولبول بەردەبوونەوە: بە دەنگە خۆشەکەی: واتە گەلێک دەنگخۆش بوو
- شیوەنی بلبل: شینی بلبل: چریکە و ئاوازی خوێندنی بولبول
- فیغانی بلبل: هاوارو ناڵەی بلبل،
مەڵین ناحەقییە بلبل ئەم فیغانە بەسەد ئاهەنگ دەنۆشی عەتر گوڵ ڕەنگ .
- ڕەمز و نیشانەی دەنگ خۆشی ناو باڵندەکان: بولبولە کە گۆرانی هەمووی فرمێسکە بۆ گوڵ
- چەنچەی عەندەلیب: چەهچەهەی بولبول: چریکە و نەغمەی بولبول: ئاهەنگ و ئاوازی بەسۆزی بولبول.
چەنچەی عەندەلی و بریان نەچەمەن.
- نەغمەی بولبول: ئاوازی بولبول
قاسپەی کەو نەغمەی بولبول دەنگی شەهێن و بازە
- بلبل دەگری و دەنالێنی: بە دەنگە بەسۆزەکەی دەچڕیکێنی
- دەنگی بولبول: دەنگی بولبول لە بواری جیاجیادا و ئاوازی بە سۆزی
- وەکو بولبول دەناڵم: وەکی بولبول بە دەنگ دەناڵینم
لە دووریتە وەکو بولبول دەناڵم حەزین
- بولبولی نەغمە خوان: بلبلی ئاواز خوان
وتی ئەی بولبولی زەمان، ئەی نەغمە خوانی سەرتەلێ......(دڵدار)
- بولبول ئەخوێنی: بولبول دەخینی
(ئەمڕۆ بەهارە بولبول ئەخوێنی جیهان چەن خۆشە).(عوسمان عوزێری)
- ناڵینی بولبول: چریکە و سۆزی بولبول
لە دووریت من وەکو بوڵبول دەناڵم......(کوردی)
- سۆزەی بولبول: خوێندون و ئازادی بەرزی بولبول
چۆل بیەن چەمەن جەسۆزەی بولبول....مەولەوی(٩٨)
- زاری بولبول: هاوار و گریەی بولبول

هەر بولبولی هەژارە ئیش و کاری زارییە..... قانع(٨٧١)

- بولبولان سەرمەس: بولبولانی سەرخۆش.

گوڵان جام وەدەس بولبولان سەرمەس

- بولبول ئەیخوێند: بولبول دەچریکێنی

بولبول دوێنی بە گەرم ئەیخوێند لە سەر دیواری باخ.......قانع(٣٧)

- چەهچەهەی بولبول: چریکەی بولبول: نەغمەی بولبول

قەقبەی نێرکەو چەهچەهەی بلبل......قانیع(٠٣)

چەهچەهەی بولبول زەمزەمەی روزر.....خانا

- منی بولبول: من وەکو بولبول بە ناڵە و چریکە

منی بولبول ئەگەر گوێی ی دڵ لە ناڵەم تاوی خالی بێ........قانع(٥٣٢)

- من و بولبول: ئەمن و بولبول

من و بلبلیش دێینە سەر زاری و شین...... قانع(٣٥٢)

- نەغمەی بولبول: چەهچەهەی بولبول

نەغمەی بولبول نەپای چەتر گول .....خانای قوبادی(٥٦)

- سەدای چەهچەهەی: ئاوازی چەهچەهەی

سەدای چەهچەهەی شیوەنی بلبلە.....(قانع)

- بولبول بە نەغمەی: بولبول بە ئاوازی: بولبول بە نزمی

بولبول بە نەغمەی شۆری بەهلەوە قەتاری ڕەشول بە نیوە شەوی...پیرەمێرد(٠٢٣)

- دەخونن بلبل: دوخوێنن بلبل

وەکو حەمدی دەخونن بلبل چەمەن ئارایش داوە، گولالەی خستە تووی مێزەر.

- بانگ بولبول: دەنگی بە سۆزی دورودرێژی بولبول

نەغمەی گول بانگی بولبول دەنگ قومری سەوتی ساز.......(وەفایی)

- بولبول بە نەغمەی: بولبول بە ئاوازی،

بولبول بە نەغمەی عەشقی گوڵەوە خۆشی ئەخستە کەللە و دڵەوە.(پیرەمێرد)

- زمانی بولبول: چەهچەهەی بولبول

ئەگەر ئەمزانی بە زمانی بولبول هەرگیز نەم ئەکرد کاری نابە دڵ.(فولکلۆر)

- بولبولی دەنگ خۆش: بولبولی ئاواز خۆش

گۆرانی بێژیان بولبولی دەنگ خۆش.....پیرەمێرد

ـ بلبل لە سەر ئاهەنگە: ئەو کات و ساتەی کە بلبل دەست بە ئاواز وتن و خوێندن دەکات (نێرگس گێژو دەبەنگە بلبل لە سەر ئاهەنگە)

دەنگ پۆلین کردن: جیا کردنەوەی دەنگەکان لە یەکتری کە هەر یەکەیان پابەندە بە بوونەوەرێکەوە کە هەریەکەیان لەوی تریان جیاوازە. جگە لە مانەش دەنگ: لە زۆر لاوە دروست و بوەو جێگیر بووە یان لە بواری جیا جیاو بۆ مەبەستی جۆراو جۆر بەکار هاتووە بووە بە ئیدیۆم و پەند و بواری تر لە ژیانی مرۆڤ داو بە شێک لە پێویستی ژیانی مرۆڤی جێب جێکردووەو بۆیە دەنگ زۆر لقیتری لێ بوویتەوە و لوەیتر جیاوازەو مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە وەکو ئەمانەی خوارەوە.

**دەنگ و کات**

ـ دەنگ کات دیار دەکات بە هۆی دەنگی هەندی مەل و ئاژەڵ و کەبار و سەڵای مەلاکان.

ـ مەلا کەباری دەکرد: پێش مەلابانداندن مەلا کەباری دەکرد

ـ دەنگی کەڵەباب: مەلا بانگدان

بەدەنگی کەڵەبابی بەیانی وەخەبەر هاتن......گێلەپیاو(٢٣١)

ـ مەلا سەڵای دەکرد: مەلا کەباری دەکرد: مەلا سەڵای دەکرد هەستام

ـ پێش بانگ کەڵەشێران: پێش قوقوی کەڵەشێر

سبەینانێک بانگی کەڵەشێران دادەبەزی.....کوێرئۆغلی

ـ جریوەی چۆلەکە: جیکەی چولەکەو پاسارییەکان کەم دەبوونەوە: دنیا تاریک داهاتن

ـ جیکەی چۆلە دەست پێ دەکات: دنیا ڕووناکە

ـ لە پێش مەلا بانگانا: پێش مەلا بانگدان

شەوێک لە پێش مەلابانگانا...... رشتەی مرواری١(٤٨٣)

ـ شیڕەی نیرەکەڕی: سبەینی زوو

لەگەڵ شیڕەی نێرەکەری هاتیە یەخەمان دەگری

ـ لەگەڵ مەلابانگدانا: لە کاتی مەلابانگداندا

ـ لە هەڵێ هاتی: لە هەرێ هاتی: لە کۆڕەوەکەی

لە هەرێ هاتی مرد

ـ تا کەڵەبابی بەیان بێ دەنگە: واتە پێش مەلابانگدانە

ـ لەگەڵ دەنگی بانگ: لەگەڵ بانگداندا

لەگەڵ دەنگی بانگەکە دەست بەجێ دەخزایە میحرابەکە..پێکەنینی گەدا(٣٦)

- بانگی شێوان بوو: بانگی مەغریب بوو

بانگی شێوان بوو ئادەم تفەنگەکەی لە سەر شانی داناو..........حەمەدۆک(١١١)

- جریوە جریوە تەیرو توار: کاتی بەیانی دیار دەکات.

هەر کە گەیشتەوێ تازە بەیانی دابوو، تەیر و توار جریوە جریویان بوو. دم دم (٠١١)

- هێشتا کەلەباب نەیانخوێندبوو: هێشتا کەڵەشێر نەیانخوێندبوو: پێش مەلا بانگدان.

- کەڵەبابی پارشێوێ دەیانخوێند کە حەمەد قسەکانی تەواو کرد....حەمەدۆک١(٠٤١)

- لەگەڵ کەڵەباب خوێندنان لە جێی هاتەدەر: لە کاتی مەلا بانگدان هاتە دەر

- ئاوازی قڕکردن و بە کۆمەڵکوشتنی کورد سەمفونیای(ئەنفال و مەرگ) یان دەژەنی: لێدان لە خەڵک و قەڵاچۆکردنی بە کۆمەڵ و دەنگ بڵاوکردنەوە بۆ ئەم کارە ئیدیۆمی سازکردووە کە ئیدیۆم لە بارەی دەنگە و هەر خۆی فەرهەنگێکی بچوکە، کە هەر هەموویان مانایەکی زرنگ کارییە، واتە فەلسەفەیان هەیە وەکو ئەمانەی خوارەوە:

- ئەجەلی خۆت بانگ دەکەی: لە خەتەر نزیک دەبیتەوە

ئەوەی تۆ دەیکەی مانای ئەوەیە ئەجەلی خۆت بانگ دەکەی......حەمەدۆک١(٢٥١)

- حەپە لە ئاسمان کردن: لە دوورەوە هەڕوگیڤ کردن

- ئاوازەی چاکە و پیاوەتی هەر بە کوردستانەوە نەوێستا: واتە ناوبانگی گەیشتە دەرەوەی کوردستانیش.

- ئاوازی شادی بزوین: هەوای خۆش

-ئیزگەی ناوشار: ئەو کەسەی حەزی لە دەنگوباسان دەکات و بڵاوی دەکاتەوە

- ئەوەندەی داوود پێغەمبەر دەنگی خۆشە: زۆر دەنگ خۆشە

- ئەگەر ئەمزانی بە زمانی بولبول: واتە ئەگەر وەک بولبول دەنگم خۆش بوایە

ئەگەر ئەمزانی بەزمانی بولبول هەرگیز نەمئەکرد کاری نابە دڵ.

- ئەوەی ئاخیری پێدەکەنی گرنگە: خوشی کۆتایی خۆشە.

- ئاوازەی زەنگی دنیا داری و سەرداری ئەوان لە دنیا دەنگی داوەتەوە. ناوبانگی دنیا داری و سەرۆکایەتی بڵاو بۆوەوە

- ئوسوڵی گۆتنی دەزانی: وەستا بوو لە خوێندنی ئاواز و مەقام

- ئوستادی گۆتنێ بوو: زۆر لێزان بوو لە گوتن.

ـ ئەم ڕەشایەش بە هاواریکەوە کە گوێی بنیادەمی کەڕ دەکرد: دەنگی زۆر تیژ و گەورە لە کاتی گوللە بە کەسێ دەکەوێ ئەو جۆرە هاوارە دەکات.
ـ ئەگەر دڵی خەبەری پێ دابێ: واتە هەستی پێ کردبێ
ـ ئاهێکی پێ نەهێشتبوو: لە باریک بنێسی دابوو: زۆر لاواز ببوو
ـ ئەی هاوارتە لە من هەی: واتە زۆر پەرۆشم بۆت، کە وات بە سەر هاتووە
ـ ئەی داد و هاوار: هاوار و زۆر بێزار
ئەی داد و هاوار ئەم بێ دەنگییە... گێلەپیاو (٧١)
ـ ئەی هاوار هەیش: ئەی هاوار لە من هەی: واتە زۆر خەمبار و خەمگین بۆ ئەو ڕووداوەی بەسەرتدا هاتووە.
ـ ئەی هاوار بەماڵم هەی: حاڵم وێرانە
ـ ئەی هاوار خوایە: هانا بۆ خوا بردن: واتە زۆر ترسان
دڵم زۆر ترسا ئەی هاوار خوایە..گێلەپیاو (٧٣٢)
ـ ئەو بێ دەنگییەی نەشکاند: قسەی هەر نەکرد
ـ ئەز دەنگم ژ بێ دەنگی: بە جوابم لە کاتی چەوساندنەوە و زوڵم و زۆری
ـ ئەو بەزم و ڕەزمە خۆشە:مەبەستە لە قیرە و هەراو هۆریایە بە تەوسەوە دەگوترێ:
ـ ئەی هاوار ڕۆیی لە دەستم دەرچوو: زۆر پەرۆش بوون بۆ لە دەست دەرچوون.
ـ ئەی هاوار و داد: ئەی داد وبێ داد
ئەی هاوار و داد هەر چەندی لە بەر پۆلیس هەڵدێم...... گێلەپیاو(٥٤٢)

### تەقینەوەی دەنگ

ـتەقینەوەی دەنگی پەلەوەر و جرِوجانەوەر و ئاو و ڕووبار لە قامیشەڵان و زۆنگاوان مرۆڤ دەخاتە سەر سورمانەوە لە پاشان تەقینەوەی لە نەکاوی دەنگەکان ئینسانی تووشی سەر سوورمان دەکا و خوێن لە دەمارەکانیدا دەبەستێ. لە گوڵاوەکە دەنگی جۆراوجۆر و تێکەڵ و نامۆ دێنە بەر گوێ، زیق و هۆڕی پەلەوەران، قرە قرِی بۆقان، دەنگی قوڵتە قوڵتی ئاوی گوڵاو دەنگی سەیرو سەمەرەی جرِو جانەوەر، هاشەی لێرەوار و خشەخشی قامیشەڵان، قووقووی کەڵەباب حەپە حەپی سەگان و لوورەی چەقەلان لە قامیشەڵاندا دەبێتە یەک و وەک گوللە تۆپێک لە ڕووباردا دەتەقێتەوە.. حەمەدۆک٢(١١)

**دەنگ لە نزادا**

- باخوا کوڕم زیرەت تێ وەستێ: تووشی ژان بی
- زیرەت لە چاوی دا: نەخۆش بکەوی
- یا خوا زیرەت لە بن گێ ی بدات: یا خوا نەخۆش کەوی

دوعا لە دەنگ خۆشیدا

- یاخوا دەنگت قەد نەرزی: دەنگت هەر بە خۆشی بمێنیتەوە
- یاخوا دەنگی قەد نەرزیت: دەنگ هەر بە خۆشی بمێنیت
- یاخوا دەنگتان قەد نەرزی: دەنگتان هەر بە خۆشی بمنێتەوە

**دەنگ و ناوی کوردی**

- دەنگ دەبێتە ناوی کوردی زۆر دەنگ لەبەر خۆشی و یا مانای ئیدیۆمی بوەتە ناوی کوردی.

١- هاوار: مانای فریا کەوتن وەیان داد لە دەست زوڵم: بوەتە ناوی کوردی

- هانا: هاوار: ناوی کوڕان و کچانە
- هاژە: ناوی کچانە
- ئاواز: ناوی کچە
- ئاهەنگ: ناوی کوڕانە
- فریاد: ناوکی کوڕانە
- فریا: ناوی کچانە
- فەرهاد:١_ هاوار و هانا بردن:

٢_ناوی کوڕانە: ٣_ناوی دڵداری شیرین

سەگ دەنگ خاوەنی دەناسێتەوە:

کە لە ڕەشمالان نیزیک بۆوە سەگەل بە حەپەحەپ گەمارۆیان دا، شەباب ناوی سەگەکانی دەزانی بانگی کردن، " قاپڕەش، کوڵە" سەگەل دەنگی شەبابیان ناسییەوە، لە پڕ کڕبوون.

دەنگ دەبێتە لە قەب و ناز ناز

- خشە خش: پێی لە عاردی دەخشا ناویان نا خشە خش

محەمەد خشەخش

- دەنگ گەورە: دەنگی بەرزو تیژ بوو

ئەحمەد دەنگ گەورە

ـ دەنگی ژنانی: دەنگی باریک،
عەزە دەنگ ژنانی
ـ بورهان شەیپوری: هەمیشە بۆ شەیپوری نان خواردن گوێی هەڵدەخست ناویان نا بورهان شەیپوری

**دەنگ و بێزاری**

ـ دەنگ لە بێزاری دا : بۆ بێ زاریو بێزار بون لە دەست زوڵم و چەوسانەوە دەڵێ
ـ ئەی هاوار و دا: بێزارم داوام بپرسن
(ئەی هاوار و داد خەریکە کارەکە زل دەبێت..... گێلەپیاو(١٣٢)
ـ دادە دادیانە: زۆر بێزارن
دادە دادیانە لە دەستی
ـ دادم ببمە لای کێ: بێزارم کێ دادم دەپرسێ
هاوار و بانگ لە دوعا و هانای چاکان
ـ هاوار و بانگ لە دوعا و هانای چاکان و پیران: کورد لە کاتی تەنگانەو ناخۆش هاواری چاک و شێخ و پیاو چاکان دەکات بە دەنگ بۆ فریا کەوتن
هاوار یا ئۆمەرمەندان داکی چا بی لەوێ دەردان............... سێ سەد(٧٠١)
هاوار یا چاکی بن غەرێ داکت لە تای بچێتە دەرێ.......... سێ سەد(٧٠١)
(هاوار دەکەن یاڵڵاو گەیلانی ........ ناڵەشکێنە(٨٠١)
سەیدی یاغالب هاوار.......(ناڵەشکێنە)
سەیدی کاکە جان هاوار..........ناڵەشێنکە(٦١١)
دەچمە سەر چاک و پیران هاوار غەوی بەغدایێ........سێ سەد(٩٢)

**دەنگ تێکەڵ بوون**

ـ دەنگ تێکەڵ بوون لە کاتی خۆشی: لە کاتی تەقە و هەرا و لێک دان هەموو دەنگەکان تێکەڵ بەیەک دەبن و وەدەنگی گرمە و حیلە و دەنگی مرۆڤ و قیژەی ژن و هی تر دەنگەکی تێکەڵی بەسام دروست دەکەن.
ـ دەنگی گرمەیەکی بەسام لە دەرێ هەستا و دەنگی گرمەی هەورە تریشقە و لەگەڵ حیلەی ئەسپ و تەقەی تفەنگ تێکەڵ بوون........ حەمەدۆک(٨٤٣)

ـ دەنگ تێکەل بوون لە کاتی خۆش و سەرکەوتن دا: لە کاتی خۆشی و سەر کەوتن دەنگەکان تێکەڵ بە یەک دەبن وەکو دەنگی تەقەی خۆشیو هەلهەلـەی ژنان و تەپلی سەر کەوتن بە گوللەی گرداری بی( کەی سی) و قریوەی سەر چوپیو هەی دۆی هەی دۆی شایی کەران تێکەڵ بە یەک دەبن ئاوازێکی خۆش و دڵ خۆشکەر دروست دەکەن.

**دەنگ و ناونیشانی ئێزگەی**

_ڕادیو: هەر ڕادیۆیەک بە دەنگێک ناسراوە وە ئەو دەنگ و ناوە بوەتە ناوی ڕادیۆەکەو ناوبانگی پێ دەرکردوە

ـ دەنگی کوردستانی عیراق: ناوی رادیوی شۆرشی ئەیلول بوو بە کوردیو عارەبیو تورکی دەیخویند

ـ دەنگی گەلی کوردستان: ناوی دەنگی ڕادیۆکەی یەکتی بووە کە بەڕێز فەرهاد دەیگوت دەنگی گەلی کوردستانە دەنگی زوڵالی ئەو پێش مەرگانەیە کە یەکیتی نیشتمانی کوردستان رابەرایەتیان دەکات

ـ دەنگی کوردستانی ئێران: رادیویی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو

ـ دەنگی هونەر: پرۆگرامێک بوو باکوری لە ساڵی(٦٦٩١) لە ڕادیۆی کوردی لە سەر هونەرمەندان پێش کەشی دەکرد.

ـ دەنگی رۆژهەڵات: ناوی ڕادیوکەی کۆمەڵەی زەحمەت کێشانی کوردستان بوو

(دەنگەکانی تر بەکارهێنانی بۆ مرۆڤ)

ـ هۆی بە کار هێنانی ناوی دەنگی شت یان ناوی دەنگی هەرگیان لەبەرێک بۆ مرۆڤ لەبەر پەیوەندی و لە یەک چوونی دەنگی ئەو دوو لایەیە، بەڵام لەیەکەم دا بنچینیە و لە دووەم دا " مجازڕ " وەرگیراوە ئەمەش پیوەندی بەزانستی ڕەوان بێژی یەوە " علم بلاغە" هەیە کە باس کردن و لێکۆڵینەوەی ئەم زانسی یە گرنگە پێویستە بۆ تێگەیشتنی زمانەکەمان و جودا کردنەوەی بەشەکانی ڕێزمان وەکو...؟

١_بۆڕاندن: ویقە ویق

٢_زۆڕ زۆڕ گریان

٣_بولبولی کوردستان: واتە دەنگی خۆشە

٤_نرکەی کوڕانەو شێرانە: واتە نەعرەتەی پیاوی ئازا

٥_وەک قەلەڕەش قیڕاندی: نوقڵانەی خراپی لێدا

٦_تۆفانێکی هات و هاوار: هاتو هاوارێکی گەورە
دەنگی لە یەک نزیک و بەڕواڵەتیش لە یەک نزیک)
ئەگەر سەرنجی ئەم نهادی دەنگانە بدەین دەبینین ئەوانەی دەنگەکانیان لە یەکەوە نیزیکن لە ڕوواڵەتیش دا لە یەکەوە نزیکن بەڵکو دەتوانین بڵێین کە بەشێکیان یەکسەر بە گۆڕینی تیپێکی دەنگدار بە تیپێکی تر لە ووشەکەدا پێک هاتوون بۆ نموونە " نقە و نووقە" " بغەو بۆغە" " جووقە و جووکە" " قوڕە و قیڕە
سەرسام بوون بە دەنگی خۆش
ـ دەنگێکە ئەوەندە خۆشی هەبوو هەر مەپرسە وەختێک گۆرانیی دەگوت کێو و شاخ و بالندە و پی ڕۆ زمانیان دەکردەوە: واتە سەرسام دەبوون.......حەمەدۆک٣(٢٢٣)
سروود
_سروود: شعر و ئاوازی پڕلە حەماسەت و جۆش و خرۆشە هەست و دەروون دەهەژێنێ و هاندەرە بۆ خەبات و تێکۆشان و ورە بەرزی و مەعنەویەت بەخشە تایبەتە بە نەتەوە.
زێوەری شاعیر لە سەرەتای سەدەی بیستەم سروودی هێنایە ناو شیعرو ئاوازی کە لە ئیستەمبۆڵ فێر ببوو گوێی لێ ببوو.
ـ سروودی ئاگرین: سروودی پڕ جۆش خرۆشی هاندانی بۆخەبات و کوردایەتی لە سەرکەوتن و هێرش بردن و سەنگەرگرتن بە کاردێبە (تیپی پێشمەرگە)
ناوزەد کراوە ناونراوە( تیپی حەوتەم) چوونکە زۆر کاریگەر بووە بۆ ورە بەرزی پێشمەرگە
ـ سروودی نەتەوەیی: ئەو سروودانەی تایبەتن بە نەتەوەی هەڵکێشان و ورەبەرزی نەتەوەیی زۆر تێدایە گڕی خەبات و شۆرشی نەتەوەیی پێ گەش و خۆش دەکرێ.

**سروودی کوردی**

تایبەتە بە نەتەوەی کورد شعر و ئاوازی پڕ جۆش و خرۆش و هاندانە لە مەیدانی خەباتی کوردایەتی رۆڵی کاریگەری هەبووە.
لە کاتی ووتنەوە و گوێی بیستنی ورەی شۆرش گێرانی ی پێ بەرز بۆتەوە، پشتوان و هاندەرێکی بە هێزی شۆرشی کورد بووە زۆربەیان بەرەو مارشیی نەتەوەیی رۆیشتوون وەک ( ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان) سروودی نەتەوەیی و مارسیزی کوردایەتی بووە کە دڵداری شاعیرلە کەرکوک داینا‌وە لە کاتی ئاڵا هەڵکردنی ئاڵای کۆماری کوردستان لە مەهاباد بۆ یەکەم جار گوتراوە.

_ئەی شەهیدان نامرێ ناو نیشانتان: شیعری محمد تۆفیق وەردی بووە. بوە بە مارشی شەهیدان و بەرامبەری بە دوژمن.

- هێمای ئەی شەهیدان: بوە بە مارشی شەهیدان ئەوپەری بەرزی بۆ گەورەترین مرۆڤ کە شەهیدە لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ووتراوە سروودێکی شۆرشگێری نەتەوەیی شەهیدانی میللەتی کوردە دانەری ئاوازەکەی مامۆستای پایەبەرزی کورد(تۆفیق وەردیە) لە پایەتەختی کوردستان لە مەهاباد دایناوە.

**(ئاواز و نەتەوە**

_ئاوازو نەتەوە: هەر ئاوازێک تایبەتە بە نەتەوەکەی خۆی یان بلێن هەر نەتەوەیەک ئاوازی تایبەتی خۆی هەیە کە مۆرکی ئەو نەتەوەی پێوە دیارە و نەتەوەکەی پێوە دەناسرێ و دەبێتە ناسنامەیەک بۆ نەتەوەکەیوو ئاوازی هەر نەتەوەیەک جیاوازی زۆری هەیە لە گەڵ نەتەوەکانی تر وەکو:

١. ئاوازی کوردی: تایبەتە بە نەتەوەی کورد، رەسەنایەتی و مۆرکی نەتەوەی کوردی پێوە دیارە و چۆن جل و بەرگی کوردی تایبەتە بە کورد، ئاوازەکەش ئاوا تایبەتە بە کورد.

٢. ئاوازی فارسی: تایبەتە بە گورانیەکانی فارسی و نەتەوەی فارس

٣. ئاوازی تورکی: تایبەتە بە نەتەوەی تورک و مۆرکی نەتەوەی تورکی پێوەیە.

٤. ئاوازی عەرەبی: تایبەتە بە ئاهەنگ عەرەبی و مۆرکی عەرەبی پێوەیە و جیاوازی زۆری لەگەڵ ئەو ئاوازانەی سەرەوە هەیە.

٥. ئاوازی ئازەرەی: تایبەتە بە نەتەوەی ئازار.

٦. ئاوازی دیانی: بریتەیە لەو ئاوازانەی تایبەتە بە نەتەوەی فەلان کەلەناو کەنیسان بە ئاوازی تایبەتی دەیخوێنن.

٧. ئاوازی کۆن ئاهەنگی کۆن

٨. ئاوازی فۆلکلۆر: ئەو ئاوازانەی کە میللەت خاوەنیەتی لە ناو هەناوی میللەت هەڵقوڵاوە و خاوەنی تایبەتی نیە.

**مارسلیزی نەتەوەیی**

_مارسلیزی نەتەوەی: مارشی نەتەوەی: مارسلیزی کوردایەتی.

ئەی رەقیب: مارسلیزی نەتەوەی شعری شاعیری ناوداری کورد، دلداری شاعیرە ئەم شعرەی

داناوە کەبە مارسلیزی کوردایەتی و سروودی نەتەوەیە و لە سەردەمی ئاڵا هەڵکردنی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد پایەتەختی کۆمار ئەم سروودە وتراوە دانەری ئاوازی شعری ئەی رەقیب مامۆستا ( عبدالخالق قوتب) بووە کە مرۆڤێکی شۆرش گێرە و لە ساڵی (٢٠٩١) لە کۆیە لە دایک بووە مامۆستا و هونەرمەند و ئاواز دانەر بووە. لە ساڵی (٢٠٠٢) لە تەمەنی (٧٩) لە شاری بەغداد کۆچی دوایی کردووە.

_ئاوازی مارشی نەتەوەی: بریتیە لەو ئاوازانەی کە وەک مارشێک مۆرکی نەتەوەی پێوەیە کە تەعبیر لە بوونی نەتەوە دەگەیەنێ کە ئاوازەکە لە تراژیدیایەکی نەتەوەیی وەرگیراوە وەکو ئەمانەی خوارەوە:

١. ئاوازی مۆسیقای چەمی ڕێزان: کە بووە بە مارشێکی سیاسی کورد کە سەرەتای ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عیراق بەو ئاوازە دەکرایەوە بووە بە مارشێکی شۆرش گێر و سیاسی ئاواز و دانەرەکەی حەسەنی نەی یە دابەش کردنەکەی (قادر دیلان) بووە

٢. مارشی سەربازی: ئاوازێکی تایبەتە بە جووڵە و رۆیشتنی سەربازی کە جۆش و خرۆشێکی گەورە بە سەربازان دەدات.

٣. مارشی پێشمەرگەیە: لە سەرکەوتندا پێشمەرگە ئاوازێکی تایبەتی بە گوللەی (بی کی سی) گردارەکان دەژەنی کە هەموو کەس لە سەر کەوتن ئاگادار دەکرێتەوە.

**مارشی نەورۆز**

_مارشی نەورۆز: شعرە پر مانایەکی شاعیری گەورەی کورد (پیرەمێرد) و ئاوازە رەسەنەکەی (محمد سالح دیلان)ە بە دەنگی زوڵاڵی مامۆستای گۆرانی کوردی (حەسەن زیرەک) دووبارە بوویتەوە کە لە یەکەم رۆژی بەهار و نەورۆز لە هەموو کوچە و کۆڵانەکانی کوردستان مرۆڤ دەخاتە دنیایی خۆشی و سەرفرازی بەهار و ئازایەتی یە بۆیە بووە بە(هیمای نەتەوەی کورد).

**موسیقا بۆ چارەسەری نەخۆشی**

١. فیرعەونەکان نهێنی زانستی موسیقایان زانیووە وە موسیقایان بۆ چارە سەر کردنی نەخۆشی بە کار هێناوە.

٢. ئیبن سینا: کتێبێکی بە ناوی (الشفا) داناوە کە تیدا باسی لە چارەسەری کردنی نەخۆشیەکان دەکات بە مۆسیقا. بە تایبەتی توش بوانی نەخۆشیە دەرونیەکان.

٣. الرازی عودی ژەنیوە ئاوازی داناوە بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشیەکان کاتێک نەخۆش گوێ بیستی مۆسیقا دەبێ ئازاریان کەم دەبێتەوە.
٤. باشترین چارەسەرە بۆ نەخۆشیە دەروونیەکان.
٥. مۆسیقا کاریگەری لە سەر دابەزاندنی فشاری خوێن هەیە.
٦. کاریگەری لە سەر ئیفلیج بوون هەیە و چارەسەرە.
رۆژ بە رۆژ جووڵەیان زیاد ئەبێ.
٧. مۆسیقا کاریگەری لە سەر ئەو منالانە هەیەکە کێشەیان لەسەر قسە کردن هەیە.
٨. گوێ گرتن لە مۆسیقا کاریگەری زۆری هەیە لە سەردەروونی مرۆڤ بە تایبەتی بە ساڵا چوەکان توانای بیرکردنەوەیان بۆ گەراوەتەوە.
٩. میوزیک ئازاری جوومگەکان کەم دەکاتەوە.
٠١. میوزیک کاریگەری زۆری هەیە لەسەر قوتابیان و ئەو کەسانەی هەست بە ماندویەتی زۆر دەکەن بە تایبەتی ئاوازی خاوکە دەروون ئاسوودە دەکات.
١١. ریتمی خاو دەروون ئاسوودە دەکاتەوە ئارامی ئاسایی دەکاتەوە ئارامی بە جەستە دەبەخشێت.
٢١. کاریگەری زۆری هەیە لەسەر تەندرووستی مرۆڤ.

## نۆتەی مۆسیقا

_نۆتەی مۆسیقا: یەکەم کەس مۆسیقای هێناوە ناو گۆرانی کوردی و یەکەم کەس نۆت ۆپەرێتی هێناوەتە ناو هونەری کوردی پیاوی ناو دار و ئەفسەری کەسایەتی بەهەشتی (عبدالواحید حاجی ئاغای مستەفا) یە لە ساڵی(٨٩٨١) لە کۆیە لە دایک بووە. لە ساڵی (٣٧٩١) مردووە کە بەدەیان ئاوازی سروودی داناوە.

## مەڕو ئاوازی شمشاڵ

مەڕ چوارچاوی هەبوو دوانیایان بۆ شمشاڵ کوێر کردبوو: مەڕو ماڵات و گیان لەبەرانیش ئارەزووی دەنگی شمشاڵ و گۆرانی و مۆسیقا ئەکەن.
بۆ نموونە ئەی بیستین زۆربەی شوانەکان شمشاڵ ژەنن و لە کاتی شمشاڵ لێدان مەڕەکان لێ ی دور ئەکەونەوە.یان شوێنی شوان ئەکەون.
وەهەروەها ئافرەت بۆ مانگا گۆرانی ئەڵێ تا ئەیدۆشێ مانگا لاواندنەوەیە

_ئاوازی بلوێر: لای شێخ محمدی شۆلەیی: سەیر ئەکا وا لە نزیک گەنمەکەی ئەوەوە شوانێک خەریکە( بلوێر) لێ ئەدا ئەمیش بانگ ئەکا ئەڵێ( راعی راعی : ئەو سەوتە حەزینە لەو (نای) ڕەقیقەوە بە ئەنغامی شەفەتەینە یا بە تەحریکی ئەیابیعانە شوانەش ئەڵێ مامۆستا بەسەری تۆ پێ مەڕی من نەچوەتە ناو دەغڵی تۆوە.ڕشتەی مرواری(٧٣٣)

**(دەنگی هەمە جۆر لە پەرەگرافیک)**

ـ دەنگی هەمە جۆر لە پەرەگرافیکدا، چەند دەنگێکن بەیەکەوە پەرە گرافێک لە مانا و ئیدیۆم دروست دەکەن و کە هەریەکەیان مانایەکیان هەیە و بۆمەبەستێک بە کار هاتووە، ١_کاتێک کڵی شەڕنێڵ درا......نەعرەتەی سواران و..... حیلەی ئەسپان و..... رزمەی لێدان و..... خرمەی سمان و...... زیڕەی زۆڕناو....... قیڕەی کەرەناو...... تەپەی دەهۆڵ و ..... شەقەی ئاوزەنگێ...... هاشەی شیران..... کرپەی شیران گوێی عوسمانی...... دەزرینگاندەوە ئەو دیمەنە زەندەق بەرە دێوو درنجیی لە خۆی دەپریگاندەوە...... شەرەف(٥٩٢)

٢_لەو ڕۆژەدا....خوڕینی خونکارانو....گوڕینی سەرداران و هەڕەشەی چەکداران و......خزمەی سواران و......گرمەی تەپڵ و دەوالان و......شەقەی شوران و......رەقەی مەتالان و.......تەقەی تەوران و ........کوڕە کوڕی کەحێلان و........زۆڕە زۆڕی زامداران و.......بۆڕە بۆڕی ترسنۆک و بێ باران......دەنگی هەوری بەهارانی وە بن خۆ دەدا........شەرەف (٩٨١)

**دەنگ لە بیرو باوەردا**

خوێندنی هەندی پەلەوەر و ئاژەڵ بە وەیشومە دەزانن وەک مریشک هەر کە خوێندی خێرا دێنن سەری ئەبرین ئەڵێن ئەوە وەیشومەیەکی پێوەیە کە سەربڕا ئێتر وەیشومەکە ئەڕوا ـکەڵەشێریش کە پاش شێوان و پاش خەوتنان خوێندی ئەویش هەر ئەو سەمەرەیەی هەیە و سەری ئەبرن.

ـ لووڕەی گورگ فەڕی باش نیە: واتە لە هەندی کاتدا کە لورەی گورگ هات بەدیۆمن. حەمەدۆک٣(٤٥٤)

پیت دووبارەکردنەوە بۆ بێ دەنگی و بێ دەنگی نیشان دان

__پیت دووبارە کردنەوە بۆ بێ دەنگی و بێ دەنگی نیشان دانە ئەویش پیتی(سس) واتە بێ دەنگ بە لە کات و ساتی ناخۆش دا.

(پیرێژن دەرگای کردەوە هەر کە چاوی بە حەمەد کەوت بە(سس،سس) بردییە ژوور... .......
حەمەدۆک١(١٧٤)
سس.... دەنگ مەکە...حەمە دۆک١(٣٧٤)

**دەنگ دان**

ـ دەنگ دان: هەلبژاردن: دیاری کردنی نوێنەری گەل
ـ دەنگیان نەدایێ: هەڵیان نەبژارد
ـ دەنگەکی زۆری هێنا: زۆر کەس دەنگیان دایێ
ـ دەنگی دینی: دەنگی دەدەنێ.
ـ دەنگی بینی باشە: دەنگی پێ بدەن باشە
ـ دەن کەم هێنان: زۆر هەڵیان نەبژارد.
ـ دەنگی دەدەیێنێ: هەڵی دەبژێرن
ـ دەنگ نەدەین: هەڵی نەبژرێن.
_دەنگ بۆئێمە بدەن: دەنگ بدەنە مە
(ئەگەر دەنگ بۆ ئێمە بدەن..........گێلەپیاو(٦٧٢)
_دەنگ بۆ فلان کەس بدەن : دەنگ بدەنە فلان کەس
_دەنگ بۆ دان: دەنگ پێ دان.
_هەموو دەنگەکان: گشت دەنگەکان،
(هەموو دەنگەکانی خەڵکی ئەم ناوە هی ئەون...... گێلەپیاو(٤٧٢)
_دەنگی بۆ کۆ دەکەمەوە: دەنگی لۆ خڕ دەکەمەوە
_دەنگ بۆدان: دەنگ پێ دان
ئێمە دەنگ بۆ ئەم زاتە بدەین چی مان بۆ دەکات......... گێلەپیاو(٥٩٢)

**دەنگ لە ناوی جوگرافیادا**

دەنگ بوەتە ناوی جوگراوی وەکو ئەمانەی خوارەوە:
ـ کەرزۆڕ: ناوی گوندێکە لە دەشتی هەولێر
ـ هاوار: ناو گوندێکە لە گەرمیان مەلەبەندی شێخی کاکەیەکانە

**دەنگ بوەتە ناوی رووەک**

ـ گزگزە: ناوی جۆرە ڕوەکێکە وردو دڕواوییە کە بسووتی گزەی لێوەدێ

ئامێر بە کار هێنان و دەنگ

_ئامێر بە کار هێنان و دەنگ: مەبەست لە دەهۆڵ و دەف و زۆرناو تەپلە

١ـ دۆڵ و زۆرنا زۆر کۆنە لە ئاهەنگ و ژن هێنان لێداروە.

٢ـ دۆڵ لە هەولێر لە مانگی رەمەزان بۆ بەخەبەر هێنانی خەڵک لە پارشێو بە کار هێنراوە.

٣ـ دەف لە هەر شتێک لێدراوە کە پەیوەندی بە خۆشی و ناخۆشی ئاینەوە بوو بە تایبەتی لە تەکیەی شێخەکان لێدراوە

٤ـ مریدی شێخەکان و لەشکری سەردارەکان تەپڵیان بەکار هێناوە لەشکری سەردارەکان بۆ شەڕو شۆڕ بەکار یان هێناوە.

٥ـ بلوول و و دووزەلە لە دەشتەکان بەکاریان هێناوە.

# زمانی ئارامیی
# لە کوردستان

شاسوار هەرشەمی

**زمانی ئارامی**

ئارامییەکان کە هاتنە میزۆپۆتامیا، ڕووبەڕووی شارستانیەتێکی لە هی خۆیان زۆر پێشکەوتوتر بوونەوە، بۆیە هەر زوو کەوتنە ژێر کاریگەری لایەنە جۆراوجۆرەکانی فەرهەنگی گەلانی دەوروبەریان، ئەوان لە ڕووی ئایینییەوە، پێڕەوییان لە گەلانی نزیکی خۆیان کرد و زۆر زوو دەستبەرداری بیروباوەڕی زووتری خۆیان بوون. بەجۆرێک کە پاشماوەیەکی ئەوتۆی باوەڕی ئایینی و تیۆلۆژی کۆنیان لەپاش بەجێنەماوە، تا لێکۆڵەڕەوان بتوانن شتێکی ئەوتۆی لێ هەڵبکرێنن.

سەرەڕای ئەوەش ئارامییەکان هەرگیز دەستیان لە زمانی خۆیان بەرنەدا، کە بەرەبەرە بووە هۆکارێکی هەرە دیاری جیاکەرەوەیان، ئەو تایبەتمەندییەیان، دواتر گەورەترین کاریگەریی فەرهەنگیی لەسەر مێژوی داهاتووی هەموو ڕۆژهەڵاتدا بەجێهیشت.

زمانی ئارامیی، لە ماوەیەکی کورتدا، بووە زمانی نێونەتەوەیی لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا. سەیر ئەوە بوو کە ئەو پرۆسێسەی بڵاوبوونەوەی زمانی ئارامیی، لە لوتکەی تێکشکانی سیاسیی و سەربازیی ئاخێوەرانی ئارامیی زماناندا سەری گرت.

دوای ئەوەی کە هەموو میرنشینە ئارامییەکان، یەک لەدوای یەک، لەسەر دەستی ئاشورییان تێکشکان، ژمارەیەکی زۆر لە تیرە و هۆزە ئارامییەکان، بۆ خۆپاراستن، ڕوویان لە مێرگە پەرت و بڵاوەکانی بیابانی شام کرد. دیارە هێشتا پتر بەرەو ڕۆژئاوا هەڵکشان و گەیشتنە ئیسرائیل و کەناری بیابانی سیناش. ئەو کات، هەموو ئەو هەرێمە بەرفراوانە، لەلایەن زلهێزەکانی ئەو سەردەم، وازی لێ هێندرابوو. دیارە ناو بەناو بۆ پەڕینەوەی هێز، لە نێوان میزۆپۆتامیا و میسر سوودی لێوەرگیراوە. ئیدی ڕەوەندە ئاژەڵدارە ئارامییەکان لە چواردەوری مێرگەکانی بیابانەکە نیشتەجێ بوون. زۆری نەبرد کە مێرگە تاک و تەراکانی ئەو بیابانەش، نەیتوانی خواردن و ئاو بۆ هەمووان دابین بکەن.

بەشێکی بەرچاو لە ئارامییەکان، وەک چارەسەرییەک، ڕوویان لە بازرگانی کردن کرد. بێگومان بازرگانی کردنی ئەو سەردەم، بە کاروان بووە، کە لە دەیان، سەدان و زۆرجارانیش هەزاران وشتر و ئەسپ و بازرگانانی دی پیادە پێکدەهات.

هەڵبژاردنی ئەو کارەیان، هەروا بەڕێکەوت نەبوو، شوێنی نیشتەجێی تازەیان، لەڕووی جوگرافییەوە، بۆ ئەو کارە، دەگمەن و بێ وێنە بوو، ئەگەر بە چاوی ئەو سەردەم سەیری مێرگەکانی شام بکەین، دەبینین ناوچەکە سەرەداوی رایەڵئاسای پێکەوە گرێدانی ڕێگاکانی سات و سەودا و بازرگانیی بوو، لە نێوان هەموو ناوەندە شارستانیەتیە مەزنەکانی

ئەو کات. واتا بابل، نەینەوا، کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست و دۆڵی نیلی میسری، بە نیشتیمانی پێشووی خۆیان لە نیوەدوورگەی عارەبیی، هەموو پێکەوە دەبەستەوە.
ئارامییەکان، هەر بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی بازرگانی کردنیان لە نێوان ئەو ناوەندانەوە، ئەگەرچی لە شەڕ بەزی بوون و لەڕووی سیاسییەوە تێکشکاو بوون، بەڵام ئەمجارە توانیان، بە پشتی وشترەکانیانەوە، زمانی ئارامیی، بە شێنەیی و ئاشتییانە، بە پانتاییەکی زۆر فراواندا بڵاوبکەنەوە. وەک گوتمان ئەمەش هەمووی بێ شەڕ و داگیرکردن و زۆرلێکردن بوو. (بەمجۆرە، زمان بەسەر شمشێر و رمدا سەرکەوت).
بڵاوبوونەوەی خێرا و بەرفراوانی زمانی ئارامیی، بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە. لەوانە هەڵکەوتنی بیابانی شامی شوێنی نیشتەجێبوونیان، لەسەر چەقی رێگای ئاوەدانیی و شارستانیەتە گەورەکاندا. هەروەک بەکارهێنانی وشتر بە فراوانیی، کە لەچاو ئاژەڵە بارهەڵگرەکانی دیدا، توانایەکی زۆری بڕینی بیابانە وشکەکانیان هەبوو. هەروەک بارێکی زۆرتریشیان هەڵدەگرت. وەکو سەرچاوەی خۆراکییش، واتا لە کاتی تەنگانەدا، سوود لە شیر و گۆشتی وەردەگیرا.
هەموو ئەوانە هۆکاری گرنگ بوون، بەڵام هۆی هەرە گرنگی پەرەسەندنی زمانی ئارامیی، بۆ داهێنانی ڕێنوسیان دەگەڕێتەوە. ئەوان بۆ یەکەمینجار ڕێنووسیان بۆ نووسینەوەی زمانیان بەکارهێنا.
ڕەنگە ئێلامییەکان یەکەمین دەستە مرۆڤ بووبن، کە نووسینیان داهێنابێت. دواتریش نووسین لای سومێرییان و ئەکەدییان پتر گەشەی کرد. ئەوان هەموویان وێنە، یان وێنەی هەڵکەندنی مێخییان بەکاردەهێنا. فەینێکییەکان، نەختێک پێش دەرکەوتنی ئارامییان، شێوە ڕێنووسێکیان گەشە پێدا، کە هەر لە وێنە مێخییەکانەوە گەشەی کردبوو. جیاوازی داهێنانی ئارامییان، ئەوە بوو، کە بۆ یەکەمینجار پیتیان، بۆ دەنگە جیاوازەکان بەکارهێنا. لێکۆڵەرەوان لایان وایە کە داهێنانی پیت بۆ نووسین، کە ئاسان کردنی نووسینە، راستەوخۆ پەیوەندی بە بازرگانییەوە هەیە. وەک دەزانین، نووسین بۆ کاری سات و سەودا کردن، پێویستیەکی بنچینەییە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئارامییان، ڕێنووسیان بۆ بەرەو پێش بردنی پیشەکەیان داهێناوە. ئێستا لەوە دەگەین، کە یەکێک لە هۆیەکانی بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی زمانی ئارامیی، ڕێنووسە ئاسانەکەیان بوو.
کۆنترین ڕێنووسی ئارامیی، کە تا ئێستا دۆزرابێتەوە، بۆ ٨٠٠ ساڵ پێش زایینی دەگەڕێتەوە. بەکارهێنانی ئەو رێنوسە، بێگومان زۆر ئاسانتر بووە، وەک لە بەکارهێنانی

ڕێنوسە مێخییەکان، کە تا ئەو کات لە ناوچەکەدا باو بووە. هەر ئەمەش وایکرد، کاتێک کە بازرگانانی ئارامیی، شتومەکیان بۆ فرۆشتن دەهێنا، نوسەران و کاربەدەستانی کۆشکی میر و پاشاکانیش، دەهاتنە دیاریان و سەرنجی زمان و نوسینەکانیان دەدان و بە خۆشیەوە هەوڵیان دەدا، شارەزایی پتری لەسەر پەیدا بکەن و فێری بن. دیارە بازرگانان، نووسینیان بۆ تۆمار کردنی کاڵای فرۆشراو و پارەی دراو و نەدراوی کڕیاران و ناوی کڕیارەکان و بەڕادان دانی کاڵا بەکاردەهێنا.
دانیشتن لەسەر تەختی زمان.
ئەمە زۆری نەبرد و زانینی نووسین بە ئارامیی، بووە سەرچاوەیەکی دی نان پەیدا کردنیان. هەروەک ژمارەیەک لە نووسەرانی ئارامیی، لە دەرباری پاشاکاندا، پلە و پایەی تایبەتیان پێدرا. لە دوای سەدەی هەشتەمی پ.زیەوە، ئیدی نووسەرانی ئارامیی، لەلایەن پاشاکانی ئاشورییەوە، وەکو نووسەر و دیپلۆمات، بە فراوانی بەکاردەهێندران. ئاسانی نووسین و ناردنی پەیامی درێژ بەو زمانە، وایکرد تا سەردارانی سوپای ئاشورییان، بە کارێکی پراکتێکی بزانن، تا خۆیان فێری زمانی ئارامیی و نووسینیش بەو زمانە بکەن. بەمجۆرە، زمانی ئارامیی، کە دەمێک بوو ببووە زمانی کلدانییەکانی بابل، لە ناوچەی نەینەواش، تەنگی بە زاری لە کلدانیی نزیکی ئاشورییان هەڵچنی. زۆری نەبرد کە ئارامیی لەو شارە گرنگەدا، بووە زمانی ڕۆژانەی خەڵکییش.
بەم جۆرە ئیمپراتۆریەتی پان و پۆڕی ئاشورییان، ساڵانێکی زۆر بەر لە لەناوچوون و نەمانیان لە ڕووی سەربازییەوە، لەسەر دەستی هەردوو هاوپەیمان (ماد و بابل)، لەڕووی زمان و فەرهەنگەوە، کۆتایی پێهاتبوو.
هەر لەسەردەمی گرتنی بابل لەلایەن ئەخمێنیانەوە، ئیدی زمانی ئارامیی، بووە زمانی دیوانیی دەوڵەت و دامەزراوەکانیی ئەوانیش. واتا شوێنی زمانی ئایینی سومێریی و زمانی بەڕێوەبەرایەتی ئەکەدیی گرتەوە. بەمجۆرە زمانەکە تا دەهات پتر بڵاو دەبووەوە و دەبووە زمانی ڕۆژانەی خەڵکێکی زۆرتر. هەروەک زمانەکە ببووە زمانی ڕۆشنبیریی و دیوانیی پاشاکانیش.
زۆری نەبرد، ئارامیی، لە هەموو ڕۆژهەڵات شوێن پێی خۆی کردەوە. جگە لە زمانی ئینگلیزیی ئەم سەردەمە و زمانی عارەبی لە پێش سەدەکانی ناوەڕاست، ڕەنگە هیچ زمانێکی دی، لە مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤایەتییدا، بە ئەندازەی زمانی ئارامیی بڵاونەبووبێتەوە.

ئەو زمانە، سەردەمانێک، لە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاستەوە تا سنوورەکانی چین، پێی نووسراوە و لە بواری دیپلۆماتیی و بازرگانییدا بەکارهێندراوە. بەشێکی نووسراوەکانی تەورات، واتا هەردوو سەفەری دانیال و عەزرا، کە لە میزۆپۆتامیا نووسراون، بە زمانی ئارامیی بووە. نووسراوە رازدارە ئایینیەکانی دەریای مردووش هەر بە ئارامیی نووسراون.

بە هاتنی گرێکەکان لە سەدەی سێیەمی پ.ز و چەسپانی زمان و فەرهەنگی گرێکیی لە ناوچەکە، ئیدی زمانی کۆنینەی ئارامیی پاشەکشەی کرد و بەسەر چەندین زاردا دابەش بوو. دواتر زارەکان بۆ زمانی سەربەخۆ گەشەیان کرد. واتا زمانەکە، بە شێوەی زمانی تازەی سریانی و زارەکانیی، شان بەشانی زمانی زۆر بەهێزی گرێکیی سەردەمی شارستانیەتی هێلینیی، بوونی خۆی پاراست و لەناونەچوو، بەڵام رۆلی پێشەنگیی خۆی لەدەست دا.

دەکرێت بڵێین کە زمانی ئارامیی، لە سەدەی شەشەمی پ.زیەوە، کۆتایی بە ڕۆڵی دیپلۆماتی و نێونەتەوەیی زمانی ئەکەدی هێنا. لەدوای ئەم سەردەمەوە، نوسەرانی ئارامیی، لە دەرباری پاشاکانی هەموو ئاسیای نزیک هەبوون(٦). تەنانەت لە هەمان سەردەم و لە ترۆپکی بەهێزیی سەرانی ماد، ئەوانیش بە زمانی ئارامیی نامەیان بۆ یەکدی دەنووسی(٧). کاتێک کە لەشکری هەخامەنیشیان، لە کۆتایی سەدەی پێنجی پ.ز، چوونە ناو خاکی هیندستان، سیستەمێکی ڕێنووسیان لەگەڵ خۆیان بردە ئەوێ، کە لە ڕێنووسی زمانی ئارامیی وەرگیرابوو. بەو ڕێنووسە دەگوترا (خارۆشتیی).

ئیدی دوای ئەمە، ئارامیی چیدی زمانی هەندێک تیرەی رەوەند و گەڕۆک، یان بازرگان نەبوو، بەڵکو ببووە زمانی ئیمپراتۆر و پاشا و پێغەمبەران، دەبینین کە لە سەدەی یەکەمی زایینیدا، ئارامیی، زمانی ڕۆژانە و ناوماڵی هەموو خەڵکی ئیسرائیل بووە، زمانی کەونارای عیبریی، تەنیا لە چوارچێوەی پەرستگا و سریمۆنییە ئایینیەکاندا مابووەوە، واتا تەنیا پیاوانی ئایینی پەروەردەکراو، لەو دەقە ئایینییانەی عیبریی دەگەیشتن.

عیسای مەسیح، کە لە ئیسرائیل دەرکەوت و جووی ئیسرائیل بوو، تەنیا بە زمانی ئارامیی دەدوا، کە زمانی خەڵکی ناوچەکە بوو، دوای بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی ئایینی تازەی مەسیحییش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یەکێک لە زارەکانی ئارامیی، کە ناوی (سریانیی) لێندرابوو، بوو بە زمانیی ئایینی تازە و تەکانێکی گەورەی پێدرا. بێگومان چونکە زمانی عیسای مەسیحیش بوو، وەک زمانێکی پیرۆز تێیدەڕواندرا، هەموو ئەو کەسانەی کە

لەم ڕۆژهەڵاتە دەهاتنە سەر ئایینی تازە، جا سەر بە هەر نەتەوە و توخم و نەژادێک بان، دەبا فێری سریانی بن، سریمۆنیاکانی ناو کڵێساکانیش، هەمووی هەر بەو زمانەیە بوون. هەموو کتێبەکانی ئاینیی سابیئەی مەندائییش، وەک (کینزە ڕەببە) بە زاری ئارامیی ڕۆژهەڵاتیی باوی دەرباری ساسانیان نووسراونەتەوە.

دوایین و کوشندەترین پاشەکشەی زمانی ئارامیی و زارەکانی، لەدوای سەدەی هەفتەمی زایینیەوە بوو. واتا ئەو کاتانەی کە زمانی تازە هەڵچووی عارەبیی، تەنگی پێ هەڵچنی، زمانی عارەبیی، وەک زمانی ئایینی تازەی ئیسلام، نەک هەر پاشەکشەی بە زمانی ئارامیی و زارەکانی کرد، بەڵکو خستیە دۆخێکی مەترسیداری لەناوچوونیشەوە.

ئێستا تەنیا زارەکانی زمانی کەونارای ئارامیی، لەچەند شوێنێکی بەرتەسک، شانبەشانی زمانانی دی، قسەیان پێدەکرێت و زمانی ڕۆژانەی کەسانێکن.

کوردستان یەکێکە لە ناوەندە دەگمەن و گرنگەکانی زارە ئارامییەکانی سریانیی و کلدانیی و تورعابیدینیی و سوودایا یان ئاسوریی.

زمانی ئارامیی و زارە جیاجیاکانی، لەناو خێزانە زمانەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییدا، لەسەر ئەو کۆمەڵە زمانەدا پۆلێن کراوە، کە پێیان دەگوترێت زمانەکانی ئەفرۆ-ئاسیایی. ناوەکە زووتر بە زمانەکانی سامیی ناودێر کرابوو. زمانە ئافرۆ-ئاسیاییە زیندو و مردووەکانیش، بەسەر چوار دەستە زمان دابەش کراون.

پێشینەی زمانی ئارامیی لە کوردستان، زۆر کۆنە دوای ئەوەی کە ئارامیی، لە ڕێگای بازرگانیی و کۆچ و دواتر نیشتەجێ بوون و بوونە ئاژەڵدار و جوتیار، زمانەکەشیان لە ڕووبەرێکی بەرفراواندا بڵاوبووەوە. هاوکات لە زۆر شوێنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، بووە زمانی پێنووسین، بێگومان لە کوردستانیشدا، وەک زمانی نووسین بەکارهاتووە.

تا ئێستاش گەڕان بەدوای شوێنەواری کۆن لە کوردستاندا، بە بەرنامە کاری بۆ نەکراوە، سەرەڕای ئەوەش، شوێنەواری تایبەت بە نووسراوەی ئارامیی و زمانانی دی بە ڕێنووسی ئارامیی نووسراو، لە چەند شوێنێکی ئەم وڵاتە دۆزراونەتەوە.

ناوی دەیان گوند، شوینەوار و زەوی کوردستان، بنەڕەتەکەیان بۆ سەر زمانی ئارامیی دەگەڕێتەوە، بەشێک لەو ناوانە، بۆ سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحیی لە کوردستان دەگەڕێنەوە. بەشێکی دیشیان، بۆ سەردەمەکانی دوایی دەستەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئاشورییان دەگەڕنەوە.

وشەکانی "با"، "بە"، "بێ"، "بێت و بت"، کە لەسەر ناوی سەدان گوند و ئاوایییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان دەبیندرێن. وشەکان هەموویان، لە زبانی ئارامی، یان کلدانی (بابلیی، ئاسوریی، سریانی)یەوە ماونەتەوە. لە بنەڕەتدا بریتی بوون لە (بت، بەت) بە واتای ئاوایی، گوند. هەروەها هەندێک جاریش واتا شار.

وەک لە ناوەکانی باعەدرێ، بارزان، باگۆڤە، باوزێ، لەوانەشە باقوبە. هەروەها بەحرکە. بەرتللە. بەعشیقە (باشیکێ). دیسان بێتواتە لە بیتوێنێ. بێدەلان، بێگەڵاس، بێناسە، بێموش، بێکلۆ، بێشیر، لە ناوچەکانی پشدەر، سەردەشت و شنۆ، هەروەها بێبادێ لە ئامێدی. بێدیال لە بارزان. هەروەک هەموو گوندەکانی کە ناویان (دێرێ)یە، وەک دێرێی نزیک سەربەن و دێرێی دۆڵەڕەقە و ...

جگە لەمانە، نووسراوێکی زۆری ئارامیی، لە کوردستان نووسراون، ژمارەیەک لەو نووسراوانە، شوێنەواریان ماوە و بۆ چەندان زمانی دیش وەرگێڕدراون. زۆریان بە ئاشکرا دەریدەخەن کە نووسەرانیان ئارامیی زمان نەبوون.

لە سەردەمی پارتە ئەشکانیەکاندا(٩٤٢پ.ز-٤٢٢ز)، زمانە ناوچەییەکان، بە زمانی پەهلەویی ئەشکانیی لە کوردی نزیکیش، بە ڕێنووسی ئارامیی دەنووسران. بەڵگەش بۆ ئەمە، چەند دراوێکی دوا قۆناغی دەستەڵاتی پارتەکانە. لەسەر ئەو دراوانەدا، چەند وشەیەک بە زمانی پەهلەویی ئەشکانیی و ڕێنووسی ئارامیی هەڵکەندراون. هەروەک لە ساڵی ٩٠٩١ز، لە هەورامان، قەباڵەیەک دۆزراوەتەوە، کە پەیوەندی بە فرۆشتنی رەزێکەوە هەیە. ئەو قەباڵەیە، بە سێ دانە نووسراوە. دوو دانەیان بە زمانی گرێکیی نووسراون و دانەی سێیەمیشیان، بە زارێکی ناوچەیی و بە ڕێنووسی ئارامیی نووسراوە. لێکۆڵەڕەوان، مێژوی نووسینی ئەو قەباڵەیە، بۆ سەردەمی دەستەڵاتی پارتەکان دەگێڕنەوە(١١).

کاریگەریی زمان و ڕێنووسی ئارامیی، لەسەردەمی ساسانییەکاندا(٤٢٢-٧٣٦ز)، تا دەهات پتر دەبوو. ساسانییەکان، جگە لەوەی کە پیتە ئارامییەکانیان، بۆ نووسینەوەی دەق بە زمانی پەهلەویی بەکاردەهێنا، هاوکات شێوە نووسینێکیشیان هەبوو، کە پێیاندەگوت (هوزوارەش). ئەم جۆرە نووسینە، هەمان زمانی ئارامیی بوو، بەڵام نووسەر لەکاتی خوێندنەوەیدا، دەبا ڕاستەوخۆ بیکاتە پەهلەویی، واتا نووسەری سەردەمی ساسانیی، دەبا هەردوو زمانی ئارامیی و ڕێنووسەکەی، هاوشانی زمانی پەهلەویی بزانیبایە، تا بتوانێت دەقێک بنووسێت، یان بیخوێنێتەوە. ئەمە تەنیا ئەوەمان تێدەگەیەنێت، کە ئارامیی لەو سەردەمانەدا، زمانی خوێندن و ڕۆشنبیریی بووە.

ئەم نمونانەی سەرەوە، قوڵیی کاریگەریی زمانی ئارامییمان لە کوردستانی کۆندا بۆ دەردەخات. مانی(٨١٢-٤٧٢ز)، کاتێک کە لە تەیسەفوونەوە پێغەمبەرایەتی خۆی ڕاگەیاند و جاڕی ئایینێکی تازەی دا، بە زمانی ئارامی ڕۆژهەڵاتی دەدوا.

کاتێک کە مانی، لە ساڵی ٤٧٢ز هاتە لای بەهرامی پێنجەمی(٢٧٢-٥٧٢ز) پاشای ساسانیی، کەسێک بەناوی (نوح زاتەک)، قسەکانی مانی، لە سریانییەوە بۆ پەهلەویی وەردەگێڕا. هەروەک چەند بەشێکی، یەکێک لە کتێبە بەناوبانگەکانی مانەویان، بەناوی (خواستوانیفت)، کە بە (نزای تۆبەی مانەویان)یش دەناسرێت، لەناوەڕاستی ئاسیا، نزیکی بیابانەکانی تورفان و دۆن هو دۆزرایەوە، دەرکەوت بە زمانی ئارامیی لە سریانیی چوو نووسراوە(٢١).

مانی ڕێنووسێکی تایبەتی بۆ نووسینەکانی خۆی دانابوو، کە هەر بە ناوی خۆیەوە (مەنانی، مانی) ناسرابوو. هەمان ڕێنووس سەردەمێک بۆ پەهلەوییش بەکاردەهات، مێژوونوس (ئیبن ئەلنەدیم)، لە کتێبەکەیدا (ئەلفەهرەست)، شێوەی ئەو ڕێنووسەی کێشاوەتەوە و لای وابووە کە لە تێکهەڵکێش کردنی هەردوو ڕێنووسیی دیندەبیرەی ئاڤێستایی، یان پەهلەویی و سریانیی دروست کرابوو(٣١).

کاتێک کە ئایینی مەسیحیی لە ناوچەکەماندا بڵاوبووەوە، زۆر کەس لە خەڵکی ئەم وڵاتە، دوای ئەوەی کە ئەو ئایینەیان پەسەند کرد، کەوتنە خزمەت کردنی زمانی ئایینیان، کە زمانی سریانیی و یەکێک لە زارە هەرە گەشەکردووەکانی ئارامیی بوو.

سریانیی، وەکو زمانی پیرۆزی ئایینی ڕۆلی دەبینی، هەروەک دواتر، کە زمانی عارەبیی، هەمان پێگەی، لای گەلانی نەوموسوڵمان پەیدا کرد.

لە گۆشە و کەناری سەرچاوە کۆنەکاندا، بۆمان دەردەکەوێت، زۆر لەوانەی کە دەچوونە سەر ئایینی مەسیحیی، ناوی کەسیی خۆشیان، بۆ ناوێکی واتاداری ئایینی دەگۆڕیی. لەو سەردەمانەدا بوو، کە ناوی سەدان گوند و شار و شوێنی کوردستان، بۆ سریانیی گۆڕان. هەندێک لە جاتلیکەکان(لێپرسراوانی کڵێسای هەموو ڕۆژهەڵات)، سەرەڕای ئەوەش کە ناوی خۆیان گۆڕیوە و هەموو بەرهەم و شوێنەواری نووسراویان هەر بە سریانیی بووە، کەچی مێژوو تۆماری کردووە، کە خەڵکی کوردستان بوون. لەوانە کە دەکرێت ناویان ببەین: ڤاڤا(٠١٣ز). شادۆست(١٤٣ز). فەرابەخت(١٢٤ز). بابۆیە(٧٥٤-٤٨٤ز). ئاکاک(٥٨٤-٦٩٤ز). بابای(٦٩٤-٣٠٥ز). مارئابای مەزن(٢٢٥-٠٤٥ز). میهرام گوشنسپ(لە سەردەمی کیسرای دووەم).

# ڕۆڵی زمانی ئارامی (سریانی)، لە شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا

د. جەمیل عیسا

نابێت ئەوە بەنادیدە بگرین کەوا ئەو شارستانیەتیەی ئەمڕۆ شارستانیەتییە پێشکەوتووەکان و دێرینەکانیش لەسەر بنەمای ئەواندا شارستانیەتی ئارامییەکان دروست بووە، چونکە هەریەک لەو شارستانیەتانەی کەوا لە دۆڵی ئەمەزۆن یان ئەفریقیا دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵ لەناو مێژوودا و لەو شارستانیەتیانەش شارستانیتی ئارامییەکانە، کە دەتوانین بڵێین هەموو ئەو شارستانیەتییانەی لەسەر بنیات نراوە کە لە دوای ئەودا دەرکەوتن کە بە ئاشکرا لەبەرچاواندایە.

لێرەدا دەمانەوێت بەکورتی چاوێک بە ڕۆڵی ئارامییەکان بخشێنین کەوا لە ڕێگەی زمانەکەیاندا پێشکەشیان بە شارستانێتی مرۆڤایەتی کردووە.

ئەوەی ڕوونە زمانی ئارامی (ڕەچەڵەکی زمانی سریانییە) یەکێکە لە زمانە سامییەکان [1]. شوێنێکی شیاوی هەبووە لە چاخەکانی مێژووی جیاجیادا، ئەم زمانە لە ناوچەیەکی فراوان لە جیهاندا بڵاوبووەوە، (جیهانی کۆن) بەتەواوی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر فراوانیدا بەدڵنیاییەوە زاری جۆراوجۆری لێ پەیدا بووە.

یەکێک لەو زارانە زاری هەرێمی (ڕەها)[2]یە، کە دواتر بوو بە زمانی ئەدەبی مەسیحی و بە(سریانی) ناونرا[3] لەگەڵ لێکترازانی ئایینی ناوی ئارامی و ئارامییەکان کاریگەری بەرچاوی هەبوو، بووە هۆی ئەوەی مەسیحییەکان ناوی تایەفەگەریی لەگەڵ خۆیان

---

١() زمانە سامییەکان دەگەڕێنەوە بۆ یەک خێزان و لەیەک ڕەچەڵەک و هەموویان لە یەکتری نزیکن لەپێت و پێکهاتەی زماندا، ئەمەش چەند لقێکی لێ دەبێتەوە لەگەڵ چەند زارێک. لە تواناماندایە کەوا پۆلینیان بکەین بەپێی خاسیەتەکانیان بۆ دوو بەشی گەورە: یەکەمیان: بلۆکی ڕۆژهەڵاتییە و لە لقە گرنگەکانی زمانی ئەکەدی) یە و لقەکانی بابلی و ئاشوورییە، زارەکانیان بەپێی بارودۆخی جۆراوجۆر بووە، لە لقەکانی بلۆکی خۆرهەڵاتی زمانە عەرەبیەکانی خوارووە وەکو معینی و سەبەئی و حمێری.

بلۆکی دووەمیان: زمانە سامییەکانی خۆرئاوا دەگرێتەوە لە لقە مێژووییەکانیان هەروەکو ئاموری و کەنعانی و فینیقی و ئارامی و عیبری عبرانی) زمانی عەرەبی باکووری حیجازی). ئەم کۆمەڵە زمانە چەند خاسیەتێکی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ زمانەکانی تر جیا دەکرێنەوە. (طه باقر مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة) ج١، ص١١٩.

٢() رەها: سلۆقییەکان بەناوی ئیزسا ناویانبرد کە بەناوی (ئیزسا)یە دەکەوێتە مەکدۆنیا، هەروەها پێی دەوترێت (کالبرهۆی) بەهۆی کانیاوی باشەوە کە ئاودێری پێ دەکرێت، ئارامییەکان ئەم لەفزەیان کورت کردەوە وتیان: (ئورهێ)، عەرەبەکانیش لەوانیان وەرگرت و پێیانوت: (رەها)، ئەمڕۆش پێی دەگوترێت: (ئۆرفە)، شارێکە لەنێوان دوو رووبارەکە و لەسەر رووباری (بلێخ)، کە یەکێکە لە لقەکانی فورات- لەباشوری تورکیای ئەمڕۆ لەلایەن سلۆقس نیقاتوور دروستکراوە لەساڵی ٣٠٤ پ.ز. لەسەدەی سێیەم و چوارەم ناوبانگی دەرکرد بە پەیمانگا زانستییەکانی و بە پایتەختی رۆشنبیری و ئەدەب.

٣() توێژەرەکان کۆکن لەسەر ئەوەی وشەی (سریانی) لە سوریە هاتبێت، بەڵام ڕەچەڵەکی وشەی (سوریە) جیاوازی لە بیروڕاکانیان هەیە و بیروبۆچوونەکانیان هەمەجۆری تێکەوتن، گشت ئەو ڕایانە دەخرێنە بەر گفتوگۆو وتاری دوورو درێژی لەسەر نووسراوە، کە لە گۆڤاری (التراث الشعبي) بڵاوکراوەتەوە.

هەڵگرن، کە لە نووسینەکانیان و وتوویژەکانیاندا لەم بارەیەوە دەردەکەویت، شانازییان و قوربانییەکانیان لەو پێناوەدایە.

لەگەڵ پێشکەوتنی ڕۆژانەدا ئەم لێکترازانە لە ناوە ڕەسەنەکانیاندا زیاتر بوو، (هەرا و هۆریای گەورە)یە لە سەدەی چواردەی زایینی دایە، ئەوکاتەی کە موژدەبەخشەکانی خۆرئاوایی هاتنە وڵاتانی عەرەبی، بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک لە نەستۆرییەکان بچنە پاڵ کەنیسەی کاسۆلیکی ناویان نان بە (کلدانی)[١]. لەدوای ئەوانیش کۆمەڵێک لە یەعقوبیەکان ناویان نان بە (سریانی)[٢] ئەوەی لە پاشماوەی نەستۆرییەکان ماوەتەوە ناوی خۆیان نا بە (ئاسوری)[٣] و پەرتەوازەیی ناوەکان زیاتر بوو لە ژمارەدا، ئا بەم شێوەیە (ئارامی) لەنێوان (کلدانی)، (سریانی) و (ئاسوری) بزر بوو.

کەواتە ئەو زمانە چییە کەوا ئەمڕۆ قسەی پێ دەکەین؟!

هەندێک لە توێژەرەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەوا زمانەکە تێکەڵەیەکە لە ئارامی کۆن و ئەو ئاشورییانەی کەوا لێی دوورکەوتوونەتەوە، ئاشوورییەکان بەشی زۆریان بە هۆکاری گەشەکردنی زمانەوانییە کە بەسەریاندا هاتووە، هەر لە دوای کەوتنی دەسەڵاتی ئاشوری سیاسی.

---

١() لەساڵی (١٤٤٥ز) تیمتاوس ئەسقەفی دورگەی قوبرس نامەیەک بۆ پاپا ئۆجین)ی چوارەم دەنووسێ لەبارەی باوەڕداریان، ئەویش پێشوازیان لێ دەکات و فەرمانێک دەردەکات کەوا هەموو ئەو نەستۆریانەی دەکەونە ژێر دەسەڵاتی کەنیسەی کاسۆلیکی بەکلدان ناوبنرێن. (روفائیل بابو اسحق- تاریخ نصاری العراق، ص١٢٥).

٢() بەڵام یەعقوبیەکان... لەساڵی ١٤٣٩ز پەتریریک بەهنام جدالی نامە بۆ پاپا ئوجینی چوارەم دەنووسێ کە باوەڕداری و ژێر دەسەڵاتی پاپای قەبوولە، لە ٢٠ی ئابی ساڵی ١٦٦٢ز) (دیۆنوسیوس ئەندراوس ئەخیجان) دانرا بە پەتریریک بۆ (سریانی کاسۆلیک) بەناوی (ئەگناتیۆس). روفائیل بابو اسحق- تاریخ نصاری العراق، ص(١٢٧).

٣() لەبەرئەوەی ئاسوورییەکان پاشماوەی دەوڵەتی ئاشوورین یان ئارامی ئەوا ئەو بابەتە جێگیر نییە، تاوەکو ئێستا لەبەر نەبوونی بەڵگەیەکی زانستی کە ئەمە ساغ بکاتەوە. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەبوون و نیشتەجێ بوونی ژمارەیەک لە نەتەوەکان لەو ناوچەیەدا، زۆری چوونە ناو یەک و تێکەڵاو بوونەوەیان، هەروەها تۆمار نەکردنی مێژووەکان بۆ ئەو سەردەم و کاتانەدا لە کۆن و مێژوودا بەشێوەیەکی ورد و تەواو. لەبەرئەوە وای دەبینم تۆمارکردنی مێژوو بەپێی بەڵگەکان کەمە و لەژێر ڕووناکییەکی لێڵ دایە و کردارێکی ناواخن و ناوەرۆکێکی زۆری لەگومان و تێڕاماندایە، بەڵام من نکوڵی ئەوە ناکەم کەوا ئاسوورییەکان پاشماوەی ئاسوریەکانن، لەبەرئەوەی هیچ لایەنێک بەشێوەیەکی بنەبڕ ئەمە ڕەتناکاتەوە. بەڵام ناتوانم بڵێم ئەوانن، لەبەرئەوەی من هیچ بەڵگەیەکی چەسپاوو زانستیم نییە.

(ادور یوحنا: مجلة التراث الشعبي العددان الثاني والثالث، تشرين الأول وتشرين الثاني ١٩٧٥، ص٢٠٢).

وشەی (ئاسوری) وشەیەکی دەخیل نییە- هەروەکو تێبیگەم- چونکە زۆر بەکارهاتووە لە پەرتووکە مێژووییەکان لەجیاتی وشەی ئاشوری. (د. جمیل ع.)

هەروەها تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەوا ئەو زمانەی ئەمڕۆ بەکاری دێنین ئەوە زمانی ئارامییە جا ئەگەر لە ئاخاوتندا، یان لە وێنەکێشانی پیتەکانیدا.

دەڵێن بەشێکی پێوە نووساوە بە زمانە پاکەکە ئەویش پاشماوە نامۆیەکانن کە بووە هۆی ئەوەی زاری تێدا دروست بێت و ببێتە هۆکارێک بۆ لێکترازان لەنێوان باڵەکانی ئارامییەکاندا، ببێتە هۆکارێک بۆ دوورکەوتنەوەیان لە زمانە ڕەسەنەکەیان کەوا ئەدیبە نەمرەکانمان پێیان نووسیوە[١].

گەڕانەوە بۆ سەر ئارامی کۆن و پابەندبوون بە زاراوەی سەرەکی (رەچەڵەک-اصل) لەگەڵ ڕەچاوکردنی گەشەکردن و بەرەوپێش چوونی مرۆڤایەتی و شارستانیتی و زمانەوانی، لەگەڵ هەندێ خۆ بەدوورخستنەوەم لە هەندێک لەو ڕایانەدا. من بەهەنگاوێکی باشی دەزانم و جێگەی ڕێزو بایەخدانە بۆ دروستبوونی زمانێکی ڕاست و تەندروست کە کۆکەرەوە بێت بۆ هەموو ئەوانەی قسەی پێ دەکەن و زمانەکەیان یەکگرتوو دەکات، سەر لە نوێوە لە دوای ئەوەی زەمانەکەی پارچە پارچەی کردبوو، هەروەها ئەدیبێکی ئاسوری ناسراو(مامۆستا یوئارش هبدو) لەوانەبێژێک (محاضرة)ی خۆیدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کەوا نووسین و زمانی ئاسوری (سریانی- سورەت) تەنیا زارێکە و ڕەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئارامی ڕەسەن. بەڵام زانای سۆڤێیتی ئاسوری (ماتییف) دەڵێ: ئاشوورییەکانی ئەو سەردەمە بە زمانی ئارامی قسەیان کردووە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی کۆن، سەد ساڵ پێش ڕووخانی ئاشوور، پاشا هەڵسا بە دابەشکردنی ژمارەیەکی زۆر لەدیلەکانی ئارامی بەسەر گەلدا لە هەر ماڵە ئاشوورییەک نزیکەی دە خزمەتکاری ئارامی تێدا بوو، بە درێژەپێدانی کات و زەمان وای لێهات کەوا گەلی ئاشووری هەر هەمووی بە ئارامی قسە بکات و زمانە ڕەسەنەکەی خۆی وەلا بنێت، مێژوو نموونەی تری هەیە لە وازهێنانی گەلێک بە تەواوی لە زمانە ڕەسەنەکەی خۆیدا[٢].

هەرچەندە ئەگەر ڕای ئەو زانایە ڕاست بێت، پێویستە جەخت لەسەر دوو لایەنە بکەین لە ڕایەکەیدا، یەکەمیان: ئاشوورییەکانی ئێستا بە زمانی ئارامی دەئاخێون، دووەمیان:

---

١() قەشە ئەلبیر ئەبونا هەوڵیداوە زۆر شت لەبارەی ئەمە کۆ بکاتەوە لە پەرتوکەکانی زمانی ئارامی- سریانیدا هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ئێستا تۆماریان بکات، ئەدەبی زمانی (ئارامی) هەر ئەوەش بووەتە هۆی کە ئەم ناوەی لێ بنێن، (ئارامی) کۆکەرەوەیە بۆ هەموو زارەکان بە بەرجەستەکردنی هەموو قۆناغەکان کە بەسەریدا تێپەڕیوە.. هەر لەبەر ئەوەشە لەلاپەڕە (٩) دەڵێ دروست بوون و گەشەکردن و پێشکەوتن و قۆناغەکانی زەحمەت و بەرەو پێشچوونی دەگرێتەوە. (تاریخا موجزا للادب الارامي).

٢() (جريدة النور -روناکی)، ژمارە ٣٨٥- ١٩٧٠/١/٢١.

گەلی ئاشووری بە بەسەرچوون و تێپەڕبوونی زەمانە بە ئارامی قسە دەکەن و زمانە ڕەسەنەکەی وەلاوە ناوە، کەواتە (ماتیف) ئاسورییەکی ڕۆشنبیر بووە ئاگادار بووە لە مێژووی ئاسورییەکان و ئەو گۆڕانکارییە جۆراوجۆرانەی بەسەریاندا هاتووە لە ژیان و بارودۆخی کۆمەڵایەتیاندا، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا، دووپاتی ئەوە دەکاتەوە ئەو زمانەی کەوا ئاسورییەکانی ئەمڕۆ قسەی پێ دەکەن ئەوە (ئارامی)ە و ئاشووری نییە کەوا ئاشوورییەکانی پێش (٢٥٠٠) ساڵ قسەیان پێوە دەکرد[١]. کە ئەویش زارێکە لە زمانی (ئەکەدی)، ئەوانیش زمانی خۆیان وەلانا و زمانی ئارامیان کردە زمانی خۆیان، هیچ گومانی تێدا نییە ئەوانەی کەوا ئەمڕۆ خۆیان بە (کلدان) ناو دەبەن- ئەگەر کلدانی ڕاستەقینە بن یان لە پاشماوەکانی ڕەچەڵەکی بابلییەکان- ئەوانیش هەروەها زمانەکەیان (بابلییە کۆنەکان) بەجێهێشت کە زارێکە لە زمانی ئەکەدی، ئارامی (سریانی) یان کردە زمانی خۆیان.

هەروەها ئەوانەی خۆشیان ناودەبەن بە (سریان) زمانە کۆنەکەی خۆیان بەجێهێشت- ئەگەر زنجیرەیەکی تایبەت بەخۆیان هەبێت و زمانێکی تریان هەبێت جگە لە ئارامی- زمانی ئارامیان کردە زمانی خۆیان، بەمە دەتوانین لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین ئەو زارانەی کەوا ناویان دەبەین بە هەڵە (زمانەکان) تەنیا ئەمانە زاری ئارامینە و بەهۆکاری بارودۆخی خۆجێیی و زەمەنی جۆراوجۆرەوە کەمێک لە یەکتری دوورکەوتوونەتەوە.

هەروەها پرۆفیسۆرێکی سۆڤێتی ڕۆژهەڵاتناسی بەناوی (قستەنتین تسیرتیلی) جەخت لەسەر ئەوە دەکات و دەڵێت: (ئاسوری و سریانی و کلدانی تەنیا وشەن و بەیەک زمانی ڕەسەن دەدوێن ئەویش (ئارامی)یە.

هەر زمانێک لەو زمانانە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بە گۆڕانکاری بارودۆخی گوزەران و تێپەڕبوونی کات و زەمەن بۆ زاری خۆجێیی جۆراوجۆر، کە بە ڕەسەن ئارامییە دواتریش گۆڕاوە بۆ ئاسوری و کلدانی و سریانی.

بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنم دەڵێن: چەند دەستنووسێک هەیە لە یەکێتی سۆڤێتی جاران (ڕووسیا) دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (سێ هەزار ساڵ) بەر لە ئێستا، سەرەڕای دۆزینەوەمان لە ناوچە جۆراوجۆر و دوورەکاندا، بەڵام هەر هەموویان یەک ڕەسەنایەتی و ڕەچەڵەکیان هەیە ئەویش (ئارامی)یە[٢].

١() ماتيف: وهو اثوري مطلع بشكل واسع على تأريخ الآثوريون والتقلبات التى طرأت في حياتهم، ولغتهم هي لغة الارامية.

٢() لە وتەکان و وتووێژ لەگەڵ پرۆفیسۆر قوستەنتین تسیرتبلی خۆرهەڵاتناسی سۆڤێتی (رووسی) ناسراو

زمانی ئارامی بە ڕەسەن زمانی ئارامییەکانە ئەوانەی کەوا کۆچیان کردووە لە دورگەی عەرەب بۆ بەرزاییەکانی میسۆپۆتامیا(دوو رووبارەکە) و ناوچەی فوراتی ناوەڕاست و وڵاتی شام لەنیوەی هەزارەی دووەمی پێش زایین، کاریگەریان بەسەر ناوچەکە کرد لەگەڵ پشتاوپشتی قۆناغەکاندا بەکاریگەرییەکی گەورە، هەرچیەک بێت لە ڕەسەنایەتی ئەوانەی کە ئەمڕۆ بە ئارامی (سریانی) قسە دەکەن، هۆکارەکانی ئەوەی کە کردوویانە زمانی خۆیان، ئێمە دەتوانین تەئکید لەسەر ئەوە بکەین هەموو ئەوانەی کەوا ئەمڕۆ ئاخاوتن بەئارامی (سریانی) دەکەن ئەمانە گەلانێکی جیاوازن- لە ئاشورییەکان و ئارامییەکان و ئەوانیتریش- پاشماوەی زۆری بنەماکانی نەتەوەیی ڕەسەنیان بەجێهێشت بە هۆکاری نمونەی نەژادپەرستی بەوە ڕازی بوون هەر هەموویان زمانی ئارامی زمانیان بێت، هیچ پەیوەندییەکی جێگیر نییە بە مێژوو بەو ناوە زۆرانەوە (الاسماء الكثيرة)، کەوا ئەمڕۆ پێیان دەڵێین، لە ڕاستیدا ئەمانە ناوی مەزهەبی و ئایینین و بەکارهێنانیان بەربڵاوە بووە لە چەرخەکانی دواییدا، کە تەمەنی لە پێنج سەدە تێپەڕ ناکات، هەروەها دواتریش بەسەر زارەکانیش سەپێنرا، بەم شێوەیە وای لێهات بە- هەڵە- زاراوەکەی پێ لکێنراوە[1].

ئەو زمانەی کە ئەمڕۆ خۆی بە ئاسوری ناودەبات، تەنیا زمانێکی ئارامییە، ئەو زمانەی کەوا ئەمڕۆ کە بە کلدانی ناودەبرێت، ئەویش هەر زمانی ئارامییە، هەروەها ئەو زمانەی کە پێی دەڵێن سریانی بە هەمان شێوەی پێشوو خۆی زمانی ئارامییە، هەر هەمووشیان یەک زمانن، یەک ناویان هەیە، سەرەڕای ئەو چەندان ناوە، ئەو ئارامییانە چیان پێشکەش کردووە (هەموو ئەوانەی کە بە ئارامی دەدوێن- سریانی- هەر چەندە وەک چەند نازناوێکی هەبێت، خزمەتێکی زووی پێشکەش بە جیهان کردووە.

کاریگەری شارستانیتی چییە لەسەر ئەوانەی ئاخافتنی خۆجێیی و جیهانی و چاکەی ئارامییەکان بەسەر شارستانیتی مرۆڤایەتییدا چییە؟!

زمانی ئارامی لقێکە لە بلۆکی زمانەکانی سامی خۆرئاوا کە لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین لە باکوری خۆرئاوای دوو رووبارەکە بڵاوبووەوە، لە دوای

مامۆستای زمانە سامییەکان لەزانکۆی جۆرجیا. جريدة النور- رۆژنامەی رووناکی- العدد (٣٧١، ١٩٧٠/١٠/١٧).

١() لەپەرتووکی (الرؤساء) کە لەلایەن- توما- ئەسقەمی (مەرج) دانراوە لەدەوروبەری ساڵی (٨٥٠ ز)وە لەلایەن قەشە ئەلبیر ئەبونا کردوویەتی بە عەرەبی لە ئارامییەوە چاپخانەی العصرية، موسڵ ١٩٦٦ لەبارەی مێژوو هەواڵەکانی ئەو سەردەمە دەدوێت، هیچ شتێک لەبارەی ئەو ناوانەی کە ئەمڕۆ هەیە باس ناکات لە ئاسوری و کلدان، سریان) بەڵکو باس لەیەک کەنیسە دەکات، یان مەزهەبی نەستوری یان مەزهەبی مونوفیزیتی، ئەمە بەڵگەیە کەوا ئەو ناوانە لەو کاتیدا هەبوونی نەبووە.

دیلەکانی بابل توانی زاڵ ببێت بەسەر هەردوو زمانی بابلی و ئاشوریدا [١].

لە ڕاستیدا لە یەکێک لە زارە سامییەکانی خۆرئاوا دروست بووە کە ئەوکات زۆر بڵاو بوو بەسەر ناوچەکانی باکوری خۆرئاوا لە خاکی نێوان دوو ڕووبارەکە[٢]. ئارامییەکان ئەوەیان وەرنەگرت وەکو ناوی تایبەت بە خۆیان هەروەها زمانی ئارامیش تەنیا لە دەوروبەری سەدەی پانزەی پێش زاییندا. زمانەکە وای لێهات بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار دابەش بێت بۆ چەند زارێک، کە دەتوانین کۆیان بکەینەوە بۆ دوو لق، لقی خۆرئاوا لە دۆڵی فورات و هەر یەک لە زارەکانی مەندائی و سریانی دەگرێتەوە، لقی خۆرهەڵات تەورات و ئینجیل و تەرجووم[٣] دەگرێتەوە و زاری ئارامی لە مەملەکەتی باکوور[٤] لە حەما و تەدمور و ئەنباق، ئاخافتن بە مەندائی[٥] تایەفەیەکی باتنی (غەنووسی)[٦] لەملاو ئەولای فوراتدا.

**لە سەدەی حەوتەم تا سەدەی نۆی زایینی[٧].**

(لە دوای کەوتنی نەینەوا ساڵی ٦١٢ پێش زایینی وڵاتی ئاشووری بوو بە ئارامی، شتێکی ئاسایی بوو لە بابل نووسینی گرێبەستەکان بە هەردوو زمانی بابلی و ئارامی بێت)[٨].

کاتێک فارسەکان لە ساڵی (٥٢٨) پێش زایین بابلیان داگیر کرد، ئەوکات زمانی ئارامی لە هەموو خۆرهەڵات بەکار دەهات لە نێوان چینەکانی دەسەڵاتدار لە فارسەکان و بەکاریان دەهێنا وەکو زمانی لێک تێگەیشتن لە ناوچە جیاجیاکانی ئیمپراتۆریەتەکە، تا وای لێهات بە زمانی نووسینی فەرمی دەوڵەتەکە دابنرێ.

کاتێک ناکۆکی کەوتە نێوان فارس و ڕۆمانەکان، زمانی ئارامی مایەوە و خۆی سەپاند بەسەر هەموو زمانەکانی تر و بووە هۆی لەناوبردنی زارەکانی کەنعانی و ئەکەدی بە

---

١() نجيب ميخائيل إبراهيم: مصر والشرق الادنى القديم، الطبعة الثالثة، ١٩٦٦، دار المعارف، مصر، ص٤٧٩.

٢() طه باقر: مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، الجزء الثاني، ص٢٧٧.

٣() الترجوم أي التفسير والشرح من العبرانية الى الارامية، ويطلق على النسخ الكثيرة التي دونت بها مجلة اقسام من التوراة باللغة الارامية.

٤() وخرائبها الآن في سنجرلي بين انطاكية ومرعش

٥() ولا تزال لغة الدين والطقوس بين من يسمون بالصابئة المندائيين الان.

٦() مذهب ديني فلسفي ذو مظهر فكري لمناذج الاراء الدينية في العهد الهليني.

٧() مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة ج٢، ص٢٧٧.

٨() مراد كامل وحمدي البكري: تاريخ الادب السرياني، ص٤.

سەدان و بەڵکو بە هەزاران بەڵگەی دیکۆمێنتی دۆزرانەوە بە زارە جۆراوجۆرەکانی ئارامی، ئەمە زمانی ئیپراتۆریەتی فەرمی فارسی نەبوو بەس، بەڵکو زمانێکی نێودەڵەتی بوو، فارسەکان بەکاریان دەهێنا لە نووسینەکانیان و پەرتووکەکانیان کە لە میسر دۆزراونەتەوە، هەروەها تەلمودی بابلیشی پێ نووسراوە، هەندێک پەرتووک (سفرەکانی تەورات و ئینجیل) هەیە.(بەم شێوەیە مایە هەروەکو زمان و هەڵگری ڕۆشنبیری بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ).

مامۆستا تەها باقر جەخت لەوە دەکات و دەڵێت: زمانی ئارامی لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینی لەوپەڕی بڵاوبوونەوەیدا بووە، نەک هەروەکو زمانێکی بازرگانی فەرمی، بەڵکو بووە زمانی حکومەت لە هەموو ناوچەی (هیلال الخصیب- هیلالی بەپیت)، سەرکەوتوو بوو بەسەر زمانە ڕکابەرەکەی کە زمانی عیبری بوو، هەروەها بوو بە زمانی مەسیح و دەست و پێوەندەکانی، ئینجیلی پێ نووسراوەتەوە، زمانی ئارامی لە سەردەمی شای فارسی ئەخمینی دارای یەکەم (٤٨٦–٥٢١) پێش زایین زمانی مەملەکەتی ڕەسمی و زمانی ئیمپراتۆریەتەکە بووە لە سنووری هیندستان تاوەکو حەبەشە، ئەمە گەورەترین و سەرسوڕهێنەرترین بڵاوبوونەوەیە بڵاو ببێتەوە، زمانێک کەوا هیچ دەسەڵاتدارێکی سیاسی پاڵپشتی نەبووە، بڵاوبوونەوەی زمانەکە تەنیا نەبوو، بەڵکو بە بڵاوبوونەوەی زمانەکە بووە هۆی بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی پیتەکانی هیجائی کە ئارامییەکان پێیان دەنووسی و بووە هۆی ئەوەی چەند نەتەوەیەکی تریش ئەم کارەیان لێوەربگرن، لەهەموو ناوچەکانی ئاسیا لە نووسینی زمانە جۆراوجۆرەکانیان، جووەکان خەتەکانیان لە خەتی ئارامی وەرگرت لەنێوان سەدەی شەشەم و حەوتەمی پێش زاییندا. پێش ئەو سەردەمە پیتی فینیقی کۆنیان بەکاردەهێنا. (خط) ئەلفابیتای عیبرانی پێی دەڵێن هێڵی چوارگۆشە کە پەرتووکی تەوراتیان پێ چاپ دەکرد و وەرگیراوە لە خەتی ئارامی، کە جووەکان لە ئارامیان وەرگرت، هەروەها عەرەبی باکوور ئەلفابیتاکانیان لە خەتی نەبەتی وەرگرت و کە یەکێکە لە شێوەکانی خەتی ئارامی، ئەم خەتە ئەوەیە کەوا قورئانی پێ نووسراوە و خەتی عەرەبی نوێی پێ گەشە کرد، ئەرمەن و فارس و هیندییەکانیش وەریانگرت (خەتی پەهلەوی و سانسکرێتی) خەتەکانیان لە ڕەچەڵەکی ئارامییە، پیاوە ئاینییەکانی بودی خەتی سانسکریتیان بۆ خۆیان گواستەوە (وەرگیراوە لە سەرچاوەیەکی ئارامی) لەهیند بۆ ناو جەرگەی چین و بۆ کۆریا، بەم شێوەیە خەتی فینیقی (بە ڕەسەن خەتی ئارامی) لە دەست ئارامییەکانەوە گواستراوەتەوە بۆ هەموو

نیوەی جیهانی خۆرهەڵات، لە کاتێکدا یۆنان ئەم خەتەی گواستەوە بۆ نیوەکەی تری جیهانی خۆرئاوا[١].

لەمەدا ئەوەمان بۆ دەر دەکەوێت کەوا چاکەی ئارامییەکان بەسەر شارستانیتی مرۆڤایەتیدا هەیە لە نیوەی جیهانی خۆرهەڵاتیدا، کە کەمتر نییە لە چاکەی یۆنان بەسەر نیوەی جیهانی خۆرئاوا ئەگەر زیاتریش نەبێت، بەڵام مێژوو هەوراز و نشێوی، و هەڵبەزی تێدایە، ناوی یۆنان بڵاوبوویەوە هەروەکو خاوەن مەدەنیەت و شارستانیەتی لەناو هەموو جیهانی ئەمڕۆدا، بەڵام وای لێهاتووە ناوی ئارامییەکان لەبیر بکرێت، بەڵێ تەنیا وەم ناومایەوە، جێگەی داخە بەڕاستی کەوا ئەمڕۆ تاوەکو ئەوانەی بە ئارامیش قسە دەکەن (سریانی) ئەو مێژووەی خۆیان بیرچۆتەوە.

روفائیل بابو ئیسحاق دەڵێت: زمانی ئارامی لە سەدەی شەشەمی (پ.ز) مایەوە، تاوەکو سەدەی حەوتەمی زایینی، زمانی سامی تاقانە بوو- ئەگەر زمانی عەرەبی لێ بەدەر بکەین- وەرگێڕیان بۆ عەرەبی لەبارەی رای سامییەکان و دەربڕینی لەبارەی بیر و هۆشیان لە ماوەی دوانزە سەدەدا، لە دوای داگیرکردنی بابل لەلایەن فارسەکان زمانی فەرمی بوو و پاشاکانیان مەرسومیان پێ دەرکرد و لە بۆنەکانیان بەکاریان دەهێنا. جووەکانیش (جوولەکە) ئەم زمانەیان بەکاردەهێنا لە شوێنی دوورخستنەوەیاندا لەخاکی بابل و پەرتووکە ئایینیەکان و ئەدەبیاتیان پێ تۆمار دەکرد، یەکێک بوو لەو سێ زمانەی سەرۆکایەتی (پاشایەتیدا)[٢].

ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (رینان) ئاماژە بەمە دەکات لە پەرتووکەکەی (مێژووی گشتی بۆ زمانەکانی سامی) ئارامی لە سەدەی شەشەمی (پ.ز) هەموو زمانەکانی تری داپۆشی کە لە پێش ئەودا بوون و بووە یەکەم زمان بۆ ماوەی یانزە سەدە و دەربڕی یەکەمی عەقڵیەتی سامییەکانە)[٣]. ئاماژە بەوەش دەکات ئاشوورییەکان لەوپەڕی شکۆداریدا زمانی ئارامیان لە کارە فەرمیەکانیاندا بەکاردەهێنا، هەروەکو بەڕێز ئیشو مالک دەڵێ: (هەندێ لە پاشاکانی ئاشووری نووسەرە ئارامییەکانیان بەکاردەهێنا، زمانی گۆڕینەوەی دیبلۆماسی بوو لەسەردەمی گەمارۆدانی سەنحاریب (٧٠٠ پ.ز) بۆ ئۆرشەلیم)[٤].

---

١() مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، ج٢، ص٢٧٦-٢٧٧.

٢() روفائيل بابو إسحاق: تاريخ نصارى العراق، بغداد، ١٩٤٨، ص٣٩-٤٠.

٣() إبراهيم السامرائي: في الثقافة السريانية، المعلم الجديد، تموز- تشرين الاول ١٩٥٨، ص٢٢.

٤() ايشو مالك خليل جوارو: الاشوريون في التأريخ، بيروت ١٩٦٢، ص٥٥.

له شوێنێکی تر بەڕێز مالک له پەرتووکەکەیدا دەڵێت: (لەدەوروبەری (٧٠٠ پ.ز) نووسین لەلای ئاشوورییەکان بە ئارامی بووە و هەمان پیتی ئەبجەدیان بەکارهێناوە)[١] مامۆستا تەها باقریش لەسەر ئەمەوە دەڵێ: (لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بازرگانی لەگەڵ ئارامییەکان، زمانی ئارامیش بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووەوە، تاوەکو ئاشوورییەکانیش بەکاریان هێناوە لە هەندێک لە کارەکانیاندا، لەپاشماوە و شوێنەوارەکانی تجلاتبلێزری سێیەم، شوێنەواری ئەو وێنانەیە کەوا دەردەکەوێت نووسەرێکی ئارامی بە ئارامی نووسیبێت)[٢].

ئەوەی لێکدەدرێتەوە بڵاوبوونەوە و گرنگییە بە زمانی ئارامی کە هیچ گومانێکی تێدا نییە، وەزیرەکانی پاشا (شاهزقیا) داوا لە (رەبشاقە) نێردراوی (سەنحاریب) شای ئاشووری دەکات (٧٠٥-٦٨١ پ.ز) بە ئارامی قسەیان لەگەڵ بکات[٣]، بەڵگەیەکە کەوا زمانی ئارامی گرنگییەتی تایبەتی خۆی هەبووە، چونکە زمانی لێکتێگەیشتن بووە لە سەرتاپای ناوچەکەدا.

جادووکەرەکان و مەجووس و زاناکان و کلدانییەکان قسەیان پێکردووە لەگەڵ شا نەبوخوز نەسر کاتێک کە خەونی بینیوەو زۆر پێی بێزار بووە[٤].

ئەمە نیشانەیەکە و دڵنیایی دەدات بێگومان کەوا نەبوخوز نەسرو هەموو نەتەوەکەی لەگەڵ رۆشنبیرەکانی دەوڵەتەکەی بەباشی زمانی ئارامیان زانیوە. کاریگەری زمانی ئارامی لەسەر زمانەکانی تردا هۆی زۆری هەیە و لەپێش هەموویاندا خاسیەتە تایبەتەکانی (سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەپێی یاساکانی ململانێی زمانەوانی)[٥]. هەروەها بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئارامییەکان و دابەشبوونیان لەناوچە جۆراوجۆرەکان بەتایبەتی

---

١() ن. م. ص٢٥.

٢() مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، ج٢، بغداد ١٩٥٦، ص٢٧٦.

٣() فقال ألياقم وشبنا ويوح لربشاقا، كلم عبيدك باللغة الآرامية، فانا نفهمها ولا تكلمنا باليهودية، على مسامح الشعب القائمين، على السور الشعب ٣٦: ١١.

٤() وفي السنة الثانية لملك نبوخذ نصر، حلم نبوخذ نصر احلاما فانزعجت نفسه وذهب عن منامه، فأمر الملك أن يدعي السحرة والمجوس والعرافون والكلدانيون ليبينوا لملك أحلامه فأتوا ووقفوا امام الملك فقال لهم الملك: اني حلمت حلما فانزعجت نفسي حتى اني لا أعرف الحلم. فأجاب الكلدانيون الملك بالآرامية... دانيال ٢: من (١-٤). بەکوردی: ساڵی دووەم پاشا (نبوخذ نەسر خەونی نەبوخذ نەسر) خەونی دیت و زۆر بێزار بوو خەوەکەی زڕاندی و هەڵسا، فەرمانیدا سیحربازەکان و مەجوس و ئەستێرەناس و کلدانەکانی بانگ کرد بۆ ئەوەی ئەو خەونەی شا لێک بدەنەوە، هاتن و لەپێش شا راوەستان. شا پێی وتن من خەونێکی زۆر ناخۆشم بینیوە و بێزاری کردووم و هیچی لێ نازانم. کلدانییەکان بە(ئارامی) وەڵامی شایان دایەوە. دانیال: ٢، له ١-٤

٥() علي عبدالواحد وافي، فقه اللغة، ط٢٥، ص٣٥.

لەدوای نەمانی دەوڵەتەکانیان لەسوریا بووە هۆی کارکردنیان لەبواری بازرگانی و فەرمانبەری گشتی ئەویش بووە هۆی گرنگیدانی تایبەت، ئاشوورییەکان نەیانتوانی فەرامۆشی خزمەتەکانیان و تواناکانیان لەسەردەمی حوکمڕانیاندا بکەن، هەروەها (ئاشوورییەکان) ناچار بوون کەوا فێری ئارامی ببن لەدوا ساتەکانی سەردەمەکانیانداو پێیان باشترو لەبارتر بووە لەسەر زمانەکەیان (زمانی ئەکەدی).

(بەکاریان هێناوە لەکاروبارەکانیان و نووسینە بسماریەکانیان، ناچاربوون هەر نووسەرێک فێری دوو جۆرە نووسین بن بەیەکەوە)[١].

(هێشتا نەگەیشتبووە نیوەی سەدەی چوارەمی پ.ز تا وای لێهات زمانی ئارامی بەسەر هەموو زمانەکانی تر زاڵ بوو لەو ناوچانەدا، زمانی ئەکەدی لەزمانە مردووەکان دادەنرا لە ئاخاوتندا)[٢]، هەر بۆیە نموونەی رەگەزپەرستی لەنێوان ئارامییەکان و ئاشوورییەکان و بابلیەکان بەشێوەیەکی زۆر فراوان دەرکەوت، تا وایلێهات بەیەک گەل دابنرێن، چونکە ئەمانە هەر هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ یەک رەسەن و رەچەڵەک، زمانەکەیان لەپیتەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ یەک رەچەڵەک دواتریش تێکەڵاوبوون و کۆچ کردنیان لەنێوانیاندا هەبوو لەدوای لەناوچوونی دەوڵەتۆکەکانی ئارامییەکان.

مامۆستا تەها باقر ئەمە تەئکید دەکات و بەبەردەوامبوونی هەبوونی ئارامییەکان و گرنگیان بە وتەکانی: (بەڵام لەگەڵ شکستهێنانی سیاسی ئارامییەکان ئەوان لە دەسەڵاتیان لەبازرگانی و رۆشنبیری زیاد لەپێویست بوو، کاریگەری گرنگیان لەرووی سیاسیەوە هەیە بەسەر شارستانێتی ئادەمیزاددا، چونکە کەلتووری رۆشنبیریان لەوڵاتی شام و لەهەموو خۆرهەڵاتی نزیک تاوەکو ئێستاش هەستی پێدەکرێت لەسەردەمی نوێدا، بەتایبەتی لەرووی زمانەوانیان بەشێوەیەکی تایبەتی.

لەرووی بازرگانییەوە کاروانەکانی بازرگانی ئارامییەکان بەهەموو (هلال الخصيب) (کەوانەی بەپیت) دەسووڕانەوە، بۆ ماوەیەکی درێژو بۆ چەند سەدەیەک قۆرخیان کردبوو، بازرگانی سوریای ناوەخۆ، هەروەها خزمەکانیان لە کەنعانییەکان بازرگانی کەناری سوریایان قۆرخ کردبوو.

ئارامییەکان بازرگانییان بەبۆیەی ئەرجوان دەکرد، لەفینیقیاو قوماشی رەنگاورەنگ و کەتان و مس و تەختەی بەنرخی وەکو ئەبەنووس و عاجیان لەئەفریقیاوە هێناوە)[٣].

---

١() تاريخ النصارى العراق، ص٢٨.

٢() فقه اللغة، ص٣٥.

٣() مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، ج٢، ص٢٧٦-٢٧٧.

بەڕێز ئیشو مالک تەئکید لەوە دەکات کاتێک دەڵێ: (لەدوای روخانی نەینەواو بابل (مەبەستی زمانی ئارامییە) زمانی فەرمی بووەو نووسینەکان و شوێنەوارەکانیان لەئاسیای بچووک قەوقازو باشووری چیای ئۆرال و ئەفغانستان و شوورەی چینی مەزن و، هیندستان و ئاسیای باشوور و میصر دۆزراونەتەوە، جوولەکە دەست بەسەرکراوەکان ئەوانەی لەمیسرو وڵاتی دوو رووبارەکە لەسەری بەردەوام بوون و لەدوای ئەوانیش نەوەکانیان هەروەکو زمانی دایک، ئەمانە بەزمانی عیبری دەیاننووسی بەپیتی ئارامی و بەنووسینی پیرۆزیان لەقەڵەم دەدا، ئەم تویژینەوەیە لەپێناو ئەوە نییە بانگەشەی بۆ بکەین یان هەوڵی بۆ بدەین، ئەوە هی زەیدەو هی عەمروە، بەڵکو لێرەدا پاشماوە و لێکدانەوەی زمانەوانی زانستی هەیەو دەمانگەیێنێتە خەڵکی خۆی، لەبەراوردکردندا لەنێوان ئەبجەدی زمانەکان و پیتەکانیان و پێکهاتەکانیان و دەستەواژەکانیان و کردەوەکانیان و ناوەکانیان و واتاکانیان ئەم راستیانە دەسەلمێنن)[1].

قەشە لامەنس یەسوعی ئاماژە بەبڵاوبوونەوەی زمانی ئارامی دەکات و دەڵێت: (لەو کارانەی کە جێی سەرسوڕمانە زمانی ئارامی بەشێوەیەکی رەها بڵاوبووەوە لە سەردەمی سلوقیەکان (٣١١ پ.ز- ٢٤٧ پ.ز) بە شێوەیەکی زۆر گەورە.

بوو بەزمانی ئاسایی لەهەموو ئاسیای سامی، مەبەستم سوریاو وڵاتی نێوان دوو رووبارەکەو وڵاتی کلدان و عێراق و دورگەی عەرەب، موسڵمانەکان دەیانخوێند لەبەر زۆری سوودەکەی، و ماوەیەک ئەرمەنەکان پێیان دەنووسی لەپێش بڵاوبوونەوەی ئارامی و پیتەکانی، ئەم زمانە فراوان بووەوە تا گەیشتە ئەوپەڕی خۆرهەڵات، لەچین لەباکورەوە لە وڵاتەکانی هندستان لەباشوور، هەروەها گەیشتە ئەوپەڕو ئەوپەڕی نیل، پێمانوایە هیچ زمانێکی تر ئاوا تاوەکو یۆنانیش هەروەکو زمانی سریانی بڵاوبووبێتەوەو فراوان بێت مەگەر خوا زمانی ئینگلیزی لەسەردەمی ئەمڕۆماندا)[2].

وەبەهۆی هەندێک رای دژ بەیەک دەربارەی ئارامی و سریانی و هەوڵدانی هەندێک لەپێناو جیاکردنەوە لەنێوانیاندا دکتۆر ئیبراهیم سامەرائی دەڵێت: لەفزی ئارامی و سریانی نۆبەیان دەکرد لەنێوانیاندا هەروەکو لەپەرتووکی (مختصر الدول لابن العبري) هاتووە... وەلەپێناو ئەمەدا وشەی سریانی دەگوترێت هاوشانی ئارامیەکەی هەروەکو لە (اللؤلؤ المنشور لمار اغناطيونس أفرام الاول) هاتووە وا پێدەچێت جیاوازی لەنێوان

---

١() الاشوريون في التاريخ، ص٥٠.

٢() إبراهيم السامرائي: في الثقافة السريانية، المعلم الجديد، تموز- تشرين الاول ١٩٥٧، ص٢٢.

سریانی و ئارامیدا نییە بەڵکو هەردووکیان یەک زمانن، وە لە (تەفسیری سفری دانیال) ی (ابن العبري)دا هاتووە: (کلدانیەکان لەبەردەم پادشا بەئارامی قسەیان لەگەڵدا کرد) وەهەروەها دەڵێ: (کلدانییەکانیش بەئارامی واتە سریانی قسەیان کرد، چونکە سریانی ئارامیە و بووە هۆی پێشکەوتنی سەردەمەکە و داپۆشینی بەبەرگێکی نوێوە)[1].

بەڵام لەسەر ئاستی ناوچە گرنگەکان دەبینین (... ئەو زمانەی کەخەڵکی تەدمور قسەی پێ دەکەن لەهجەیەکە لەلەهجەکانی ئارامی خۆرئاوایی)[2].

هەروەها (حضر- حەزەر)یش بەزمانی ئارامیان دەنووسی، بەڵگەشمان بۆ ئەوە ئەوەیە ئەو هەموو ژمارەو پەیکەرتاشیانەی کەوا هەیەو لەسەری نووسراوە بەزمانی ئارامی، ئەوەی سەردانی مۆزەخانەی موسڵ بکات ژمارەیەکی زۆری لەتابلۆ و پەیکەری حەزەری ورد لەدروستکردندا وەلەسەر رێزمانی نووسینەکانی ئارامی بەرچاو دەکەوێت کەوا ناوی پەیکەرەکەو ناوی ئەوەی کە پێی هەڵساوەو ناوی پەیکەرتاشەکەی لەسەر تۆمار کراوە[3].

(لە سەردەمی دامەزراندنی شاری حەزەر راناوەستێین، بەڵام ئەو ناوچەیە لەبیابانی خۆرئاوا هەبووە، لەسەردەمی ئاشوورییەکاندا.. هەروەها خێڵە کۆچەرەکانی عەرەب و ئارامییەکان لەگەڕاندا بوون لەجەزیرەی نێوان دیجلەو فورات و لەو ناوچەیە کەپێی ناسراوە بە (عربایا) واتە خاکی عەرەب)[4].

لەدوای مەسیحیەت دەسەڵاتی ئارامییەکان زیاتر بوو بەبڵاوبوونەوەی مەسیحیەت لەبەرئەوەی زمانی ناوچەکە بوو کە دەرکەوت و پەرەی سەند و بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت و وایلێهات کەوەکو ئەرک لەسەر مەسیحییەکان بیکەن بەزمانی فەرمی لەسرووتەکانی خۆیاندا، وەئەمەش گرنگی زیاتری پێدەدات و گرنگیەکی نوێ، بەڕێز ئیشو مالک ئاماژە بەوە دەکات کەوا (ئەو دەستەواژەیەی حەزرەتی مەسیح وتوویەتی لەسەر خاچ دا- ئیل ئیل- ئەمە دەستەواژەیەکی ئارامیە و نیشانەی بۆ ئەوەیە کەوا حەزرەتی مەسیح قسەی بەئارامی کردووە)[5].

---

١() ن.م. ص٢٧.

٢() فيليب حتي: (تاريخ العرب مطول)، ص١٠٠

٣() يعتقد كثير من الباحثين بان آرامية الحضر، الحلقة المفقودة بين الآرامية القديمة واللهجة الآرامية السورية (السرانية) وقد تكون آرامية الحضر هي الحلقة المفقودة بين الآرامية القديمة (والسريانية) الدكتور خالد إسماعيل علي: رأي فى تحقيق في جريدة الثورة البغدادية بعنوان السريانية فرحة وتاريخ) في ١٩٧٢/٥/٣.

٤() دليل متحف الموصل، ط٢، مطبعة الحكومة- بغداد ١٩٦٥، ص١٤.

٥() الاشوريون في التأريخ، ص٤٨.

کاتێک مەسیحییەکان لەهجەی ئەودەسیان (الرهوية- رەها) زمانی ئاینی و رۆشنبیریان بوو بەهۆی ئەوەی (رەها) گرنگترین ناوچەکانی بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت بووە (سوریا)، دەیانزانی کەوا سریانییە یان سورییەکانن و زمانەکەیان (سريانية)، زمانە کۆنەکەیان بەجێهێشت لەبەرئەوەی خۆشەویست نەبوو، چونکە بەسترابۆوە بە بتپەرستی دەیانزانی، لەسەر ئەو بنەمایەی زمانی (رەها)یە و ئەمە زمانی باکوری سوریایە، ئەوەی ئەو زمانەی بزانیایە دەیانگوت سورییە (سورایا)، هەتا وایلێهات زاراوەی سریانی بەکاردەهات لەلایەن توێژەرە کۆنەکاندا و ئەوانەی نوێشن بەیەکەوە و ئەوە دەگەیەنێ لەهجەی ئارامی رەهاوی و ئەو گۆڕانکاریانەی کەوا بەسەریدا هاتووە، بووە هۆی بەکارهێنان و زاڵبوونی سریان و سریانی لەلایەن توێژەرەکان لەبەرئەوەی گرنگترین ئەو وانانەی کەخوێندیان و لێکۆڵینەوەیان تێدا کرد لەئەنجامی بەرهەمەکانی (رەها) زانکۆکەیەتی، چونکە زۆر بەناوبانگ بوو وەیان لەسەر شێوازی رێچکەی رەهایە، سەرەڕای ئەوەش (لەبەرئەوەی پەرتووکی پیرۆز نووسراوە و وەرگیراوە بەسریانی ئەوکاتە لە (ئەدیسا) وەهەروەها (لیتورجیا)[١]ی مەسیحی، مەسیحییەکانی خۆرهەڵات ئەم زمانەیان بەکارهێنا بەبێ ئەوەی هیچ بەرهەڵستیەک لەبەردەمیان بێت)[٢].

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە هەندێک لە توێژەران خۆیان لەو ڕاستییە بە دوور دەگرن و ناوی کلدانی بە ئارامی دەڵێن (سریانی) هەروەکو دکتۆر جعفر حسين خصباك بۆی دەچێت و دەڵێت: (زمانی مەسیحییەکان ڕەگەزو سروتی کلدانییە کەوا پێی دەڵێن ئارامی)[٣].

ڕەنگە ئەمەش هەڵهێنجانی ئەوە بێت کەوا (ابن العبري) بۆی چووە کاتێک جیای کردووە لە نێوان ئارامی و سریانی و کلدانی کەوتوویەتی:

(زمانی خەڵکەکە یەک زمان بووە ئەویش سریانییە بەو زمانە ئادەم قسەی لەگەڵ خودا کردووە، دابەش دەکرێت بۆ سێ زمان و پاکترینیان ئارامییە و زمانی خەڵکی رەها و حەران و شام و دەرەوەی و دواتریش فەلەستین و زمانی خەڵکی دیمەشق و جبل لبنان و سەرجەم شامی ناوەخۆ، ناویش نرا کلدانی نەبەتی کە زمانی خەڵکی چیاکانی ئاشوورو ناوەڕاستی عێراقە)[٤].

---

١() تاريخ العرب، مطول، ص٤٩.
٢() ن.م، (مجلة النجم الموصلية) ص١٠٢.
٣()جعفر حسين خصباك، العراق في عهد المغول الايلخانيين (٦٥٦-٧٣٦هـ- ١٢٥٩-١٣٣٥م)، ط١، ص١٨٣
٤()تأريخ مختصر الدول، للعلامة غريغوريوس الملطي المعروف بان العبري، ط١، ص١١.

بەرپەچدانەوەیەکی مامۆستا تەها باقرمان بۆ ئەم ڕایانە هەیە کەوا دوورە لە ڕاستیەوە دەڵێ: (ناونانێکی هەڵە هەیە کە پێی دەڵێن ئارامی ئەویش کلدانییە، ناونان و شوێنی ئەو ناونانە لە سفری دانیالدا هاتووە لە بەکارهێنانی کلدانییەکان بە ئارامی. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو زمانە کلدانییەی کەوا کلدانییەکان قسەی پێ دەکەن (واتە بابلییەکان لە سەردەمی بابلی کۆتاییدا)، ئەمە لە بابلی دواتر وەرگیراوە لە ڕەچەڵەکی ئەکەدیدا)[١].

لەبەر ئەوە کلدانی تەنیا ناوێکە و بە ئارامی (سریانی) نوێ دەگوترێ، ئەمە ناوی مەزهەبی ئاینییە و بە لەهجەی ئەوانەی باوەڕیان هێناوە بەو مەزهەبە، واتە ناوێکی مەزهەبیە (ئاینییە) و زمانەوانی نییە، هەروەکو ئاشوورییەکانیش کە لە ڕاستیدا ناوێکی مەزهەبی (ئایینی)یە دواتریش پێی وتراوە لەهجەی خاوەنی ئەو مەزهەبە.

بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە دورگەی عەرەبییەوە هەیە و کاریگەری ئارامی تێیدا لە پێش ئیسلام و دواتریش ئەوا زۆر گەورەیە، چونکە ڕۆشنبیری ئارامی تێیدا بڵاوبووەوە لە چەرخەکانی کۆندا، لێرەدا فیلیب حتی ئاماژەی پێدەکات: بۆ (قوولەی تەیمان ... لەباکووری حیجاز... کە لە ناوەڕاستی نێوان مەکە و شام دایەوە لە نیوەی ڕێگایە لە نێوان بابل و میسر، هەر بۆیەش شوێن و پێگەیەکی دیاری هەیە و بەناوبانگە و شوێنی جوگرافی گرنگ و لە کۆنیشدا ئارامییەکان تێیدا نیشتەجێ بوون، خێڵەکانیان هەموو ئەوپەڕ و ئەوپەڕی نزیک و دووریان داگیر کردووە لە شام و بۆتە هۆی ئەوەی ڕۆشنبیری تیمای ئارامی چاکەی بە سەریاندا هەبێت)[٢].

لە دوای بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت زۆر لە خێڵەکانی عەرەبی بوونەتە مەسیحی، بە هاتنیان بۆ ناو مەسیحییەت و باوەڕهێنانیان، زمانی ئارامی زمانی دووەمیان بووە لەتەک زمانی عەرەبیدا، لەو خێڵانە: خێڵەکانی غەسان (ساڵانی بەسەردا تێپەڕی غەسانییەکان هەر هەموویان بوون بە مەسیحی و ڕەنگ و بۆیەی سورياييان پێوە دیار بوو، زمانی ئارامیان بەکاردەهێنا، بەڵام وازیشیان لە زمانی عەرەبی ڕەسەنی خۆیان نەهێنا، بەڵکو ڕۆڵەکانیان هەروەکو خێڵەکانی عەرەبی لە هیلالی بەپیت (هلال الخصیب) دوو زمانیان هەبوو)[٣].

غەساسنەکان لە ڕووی شارستانیەتەوە نزیک بوونەوە بەرەو بێزەنتییەکان تاوەکو بوونە مەسیحی (کەنیسەی سریانی- سوری- خۆرئاوایی- یەعقووبی) زمانی ئارامی

١() مقدمه فی تأریخ الحچارە القدیمة، ج٢، ص٢٧٧ (الحاشیة).
٢() (تاریخ العرب مطول)، ص٤٩.
٣() ن.م، ص١٠٢.

زمانی دووەمیان بوو لەگەڵ زمانی عەرەبیدا[١].

له خێڵە عەرەبییەکانی تر (بەنو لەخم- بنو لخم) (مەنازرە) و (عەرەبی حیرە) لەهجەیەکی تریان لە زمانی عەرەبی و کاروباری رۆژانەیان پێ بەڕێوەدەبرد، بەڵام سریانیان لە نووسیندا بەکاردەهێنا، کەواتە ئەوانیش هەروەکو نەبتییەکان (الانباط) و خێڵەکانی تر قسەیان بە عەرەبی دەکرد و بە ئارامی دەیاننووسی)[٢].

زۆربەی زۆری دانیشتوانی حیرە ئارامی مەسیحی بوون لەو سەردەمەدا واپێدەچێت ئەو عەرەبانەی باوەڕیان بە مەسیحی هێنا ئەمانە لە سەر بڕوای نەستۆری بوون، یاوانی نەستوری قسەیان بە سریانی دەکرد، سرووتی پەرستن بە زمانی عەرەبیان نەبوو، وا دەردەکەوێت کەوا (حنین کوڕی ئیسحاقی حیری) ناچار بووە بە گەورەیی فێری زمانی عەرەبی ببێت ، نێردراوانی بانگەوازی موژدەبەخشی نەستۆری بەرەو باشوور هەڵکشاون تاوەکو گەیشتونەتە (وادي القرى) کە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی شارەکە)[٣]. فیلیب حتی زیاتر بۆی دەچێت و دەڵێ: (جووەکانی یەسرب لە ژیانی کشتوکاڵیاندا لەفزی ئارامییان بەکاردەهێنا. رەنگە ئەو جووانەی کە بە ئارامی قسەیان دەکرد ئەوانە ناوی (یثرب)یان گۆڕیوە ناوە کۆنەکەی بەناوی نوێ (مدینثا- کە ئارامییە)[٤].

کاتێک ئێمە قسە لەسەر مەسیحییەکان دەکەین لە دوای ئیسلام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین و ئەو مافانەی کە پێیان دراوە و مامەڵەکردنی باش کەوا و مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون، ئێمە لە ڕاستیدا ئاماژە بە (ئارامییەکان) (سریان) دەکەین کە ئەوانە زۆربەی زۆری مەسیحییان پێک دەهێنا لە ناوچەکە لەوکاتیدا، لەمەدا (مطران سلیمان الصائغ) دەڵێ: (پێغەمبەری عەرەب ئەوەی بینی لە دڵسۆزی مەسیحییەکان و تەباییان و بێگەردی رێچکەکەیان و بیروباوەڕیان کە هەڵقوڵاوی ئینجیلە و راستگرییان لەساڵی (٩)ی کۆچی پەیمانی پێدان کەوا برایەتی و تەبایی هەبێت لە نێوانیاندا لە دوای ئەوەی ئیسلام جێ پێی خۆی لە دورگەی عەرەب جێگیر کرد، ئەم پەیمانە لە جوانترین پەیمانەکانی لێبوردن دادەنرێت)[٥].

١() حسين قاسم العزيز: أثر العرب في الحضارة العالمية- محاضرات في الجامعة المستنصرية ١٩٦٩-١٩٧٠ بالرونيو، ص١٧).

٢() (تاريخ العرب مطول)، ص١١٣.

٣() انتقال علوم الاغريق الى العرب، الدكتور دي لاسي اوليري أستاذ اللغات السامية في جامعة برستول) ترجمة متي بشيون ويحيى الثعالبي، ط١، ص٩٢.

٤() (تاريخ العرب، مطول)، ص١٤٦.

٥() (الخورى المطران) سليمان الصائغ: مجلة النجم، السنة ١١، أيلول ١٩٥١، ص٥٢٨..

ئەگەر پەرتووکەکانی فتوحاتی ئیسلامی بخوێنینەوە دەبینین مەسیحییەکان (سریان- ئارامییەکان) ئەمانە لە پێشەنگدا بوون بۆ پێدانی متمانە بە فتوحاتی ئیسلامی، چیرۆکی (بیت المقدس) باشترین گەواهییە بۆ ئەمە (هیچ شتێک لەبەردەم موسڵمانان نەمایەوە، تەنیا (بیت المقدس) نەبێت، چونکە ڕۆم و دانیشتوانەکەی بەرگرییەکی زۆر توندو بەهێزیان لێکرد، موسڵمانەکان پەیوەندییان بە مەسیحییەکان کرد لە (بیت المقدس) و مەسیحییەکان بەدەست ڕۆمانەکان و فەرمانڕەوایەتیان زۆر شەکەت و ماندوو بووبوون و داوای ئاشتبوونەوەیان کرد، بە مەرجێک خەلیفە بۆ خۆی ئامادە بێت بۆ ئەوەی شارەکەی بدەنە دەست و پەیمان بە خەڵکەکەی بدات کەوا ئازادی ئاینیان هەبێت، و عەمرو کوڕی عاص نامەیەکی بۆ عومەری کوڕی خەتاب نووسی بۆ ئەو مەبەستە و عومەر ئامادە بوو)[١].

دیارە ئەو متمانەیە ڕەگێکی قووڵی هەیە، لەمانە بەیەکگەیشتنی ئاینی نێوان مەسیحییەکان پیاوانی ئایینی ئیسلامی، لێرەدا لێک تێگەیشتنی پێشوەخت هەبووە و ئامانجی هاوبەش هەبووە لەنێوان هەردوولادا، لەبارەی ئەمە دیلاسی ئۆلیری دەڵێت: (بەدڵنیاییەوە ڕەبەنەکانی نەستۆری و مـوژدە بەخشەکانیان تێکەڵ بە موسڵمانە بەراییەکان کردووە)[٢].

هۆکاری دووەمیان بۆ ئەو متمانەیە ئەو لێدانە زامدارانەیە کەوا مەسیحییەکانی ناوچەکە (ئارامییەکان- سریان) و بە بەردەوامی لەلایەن ڕۆمانەکان و فارسەکان وەکو یەک پێیان دەکەوت، ئەمانە بێزار بوون لە ڕۆمانەکان لە داگیرکاریاندا کە تەنیا بۆ مەبەستی خراپ و بۆ خۆیان بـووە، بووبوونە سووتەمەنی لەنێوان پێکدادانەکانی بەردەوامیان لەگەڵ فارسەکاندا، بۆ زاڵبوون بەسەر ناوچەکەدا، تەنگیان پێ هەڵچنیبوون بە تایەفەگەری کەوا ڕۆمانەکان دەیانخولقاند و ئاگریان بۆ خۆش دەکرد لەنێوانیاندا و بە بەردەوامییەوە، هاندانیان بۆ مەزهەبێک و سەرکۆنەکردنی مەزهەبەکەی تر، بە گوێرەی گۆڕینی مەزهەبەکانی سەرکردەکانی پیاوانی ئایینی و گۆڕانکاری کردن بە کەیفی دەسەڵاتدارەکانیان، هەر بۆیەش هاتنی عەرەب مژدەیەک بوو بۆ ئەوان بۆ دەرباز بوون لەو ستەمانە، چونکە: (ستەم و زۆرداری حوکمی بێزەنتیان لەسەر لاچوو، باجیان لەسەر کەمکردنەوە، چونکە پشتی خەڵکەکەی چەماندبوو)[٣].

١() دیلاسي اوليري: الفكر العربي ومكانه في التاريخ ترجمه د. تمام حسن، ص٥١.

٢()بندلي جوزي: من تاريخ الحركات الفكرية في الإسلام- دار الروائع، ص٦١.

٣() بندلي جوزي: من تاريخ الحركات الفكرية في الإسلام- دار الروائع، ص٦١.

هەروەها چاوەڕوانی ڕزگاربوونیان دەكرد لە دەست فارسەكان، ئەوان باش لەیادیان بوو ئەو هەموو چەوساندنەوانەی كەوا فارسەكان بەسەریاندا هێنابوون بە بەردەوامی (بەتایبەتی شاپوور (٣٧٩-٣٠٩) شمشێری خستبووە سەر ملی مەسیحییەكان و دادڕ بە دادڕی كردن و پەرتووبڵاوەی پێ كردن و بنبڕی پەیمانگە و شوێنە ئایینییەكان و زانستەكانی كردن و قەڵاچۆی ژمارەیەكی زۆری لێكردن)[١]. (شاپوور زیاتر لەسەد و شەست هەزار كەسی لە دێری سوور و گەرمیان كوشت، لە شارەكانی فورات نزیكەی سی هەزار (٣٠,٠٠٠) پیاوی كوشت و بووە هۆی ئەوەی كەنیسەكان بەبێ سەرۆك بمینێنەوە)[٢].

مەسعودی دەڵێ: (شاپووری شای فارسەكان نزیكەی دوو سەد هەزاری لێ كوشتن)[٣].

چەوساندنەوەی لەلایەن فارسەكان تەنیا ئایینی نەبوو، بەڵكو ئابووریش بوو (شاپووری دووەم باجی زۆری لەسەر خەڵكەكە دانابوو بۆ ئەوەی شەڕەكانی پێ بكات و سەربازەكانی پێ بژێنی، باجەكان لەسەر مەسیحییەكان دوو قات بوو)[٤] (لە كۆتایی ژیانی كیسرای دووەم (٦٢٨-٥٩٠) زۆر بەخراپی هەڵسوكەوتی لەگەڵ دەكردن و ناچاری دەكردن و جزیەی دوو قات بدەن وماڵەكانیانی دەست بەسەردا دەگرتن)[٥].

ئا بەم شێوەیە شای ساسانییەكان هەندێك جار لەگەڵ مەسیحییەكان باش بوون و هەندێك جار چەوساندنەوە و ئەشكەنجەدان و كوشتوبڕ پیشەیان بووە، سەركردە ئایینیەكانیان لەناوبردوون)[٦].

مەسیحییەكان زۆر بێزار بوون لە حوكمی ساسانییەكان و لەسەردەمی ئەواندا هیچ خۆشی و ئارامیان نەبووە، بەڵكو هەموو كاتێك دڵەڕاوكێ بەرۆكی گرتبوون. تاوەكو لە دوورەوە ئاسۆی هەڵكشانی ئیسلامی دەركەوتووە و ڕزگاریان بووە لە دەست فارسەكاندا.

---

١() تاريخ نصارى العراق، ص١١.

٢() اخبار فطاركة كرسي المشترق من كتاب المجدل لماري بن سليمان، ص١٨.

٣() تاريخ نصارى العراق ص١١ نقلا عن كتاب التبنية والاشراق ص١٤٩.

٤() الاب البير ابونا: الكنسة في ما بين النهرين- منشورات سلسلة الفكر المسيحي- الحلقة الرابعة ١٩٦٧، ص٦.

٥() تاريخ نصارى العراق، ص١٨ نقلا عن: ذخيرة الاذهال ١: ١٩٥-٢٠٠ و ٢٤٥-١٤٩. وتاريخ فكر واشور ٢: ٣٦٠، ٢٣٢ والمكتبة الشرقية ٣: ١ ص٤٤٩-٤٥٣.

٦() الاب البيرابون: الكنيسة ما بين النهرين، ص٨.

دەڵێن کەوا جاشلیق ئیشوعابی دووەم شاندێکی بۆ ناردووە بۆ خاوەنی شەریعەی ئیسلامی لە ساڵی (٦٣٢) موسڵمانەکانیش پێیان باش بووە کەوا سۆزی (ئەهلی پەرتووک- اهل الکتاب) بەلای خۆیان ڕابکێشن و یارمەتیان بدەن دژ بە ئیمپراتۆریەتی فارسی، بەتایبەتی توخمی سامی عەرەب و مەسیحییەکانی ئارامی بەیەک دەبەستێتەوە و ئەوە ڕوویدا دەکرا مەسیحییەکان پشتیوانیان لە موسڵمانەکان بکەن لە دژی ساسانیەکان و بووە هۆی سەرکەوتنیان بەسەر دوژمنەکانیاندا[1].

لەبەر ئەوە مامەڵەی عەرەب بۆ سریانییەکان (ئارامییەکان) باش بوو، ئەمەش وای کردبوو هانیان بدەن بۆ گونجاندن لەگەڵ دەورووپشتی خۆیاندا و بەردەوام بن لە پێشکەوتنی ڕۆشنبیرییەکەیان و چالاکی خوێندنگەکانیان و پەیمانگەکانیان لەژێر دەسەڵاتی عەرەبدا، ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤیێتی (بارتولد) دەڵێت: (ئەو وڵاتانەی کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی موسڵمانەکان لەوانی تر باشترن، مەسیحییەکان باریان باشترە لە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانەکان لەو ماوانەی پێشتر، چونکە موسڵمانەکان پێویستیان بە کەسانی مەسیحی هەبوو لەبەر ئەوەی شارستانێتی ئەوان زاڵ بوو بەسەر شارستانێتی عەرەبدا، لە میسر و سوریا و وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە پیاوی هەڵکەوتووی زانست و ئەدەب هەبوو، لە پلەی یەکەمدا لە ئەدەبی سریانی و یۆنانی لەسەدەی یەکەمی ئیسلامیدا)[2].

عەرەبەکان هەر لە سەرەتای سەردەمیاندا بایەخیاندا بە ڕۆشنبیری و ئەدەب و زانستی سریانی دا، معاویە- دامەزرێنەری دەوڵەتی ئومەوی لە شام- دڵێکی گەورە و عەقڵێکی کراوەی هەبوو، بایەخدان بە زانستی مەسیحییەکان وای کرد پێچەوانەی تزارەکانی بێزەنیتنە توندڕەوەکان بوو، هەروەک دەبینین معاویە پێشوازی و خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە بەرانبەر بە پزیشکی مەسیحی (ابن أثال)، لە دیوانی خۆیدا و ژمارەیەکی زۆری پەرتووکی وەرگێڕاوە بۆ معاویە، لە پەرتووکە پزیشکییەکانی بۆ سەر زمانی عەرەبی[3].

بەڵام لە ڕووی ئەدەبیاتەوە، کاریگەری گۆڕینەوەی نێوان ئەدەبی عەرەبی و سریانی زۆر بوو، لەبەر هەبوونی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئەو دوو ئەدەبەدا لە پێش فتووحاتی ئیسلامیدا.

---

١() ن. م: ص١٣.

٢() نقلا عن: بارتولد، فاسيلي فلاديمير وفيج، الحضارة الإسلامية، ترجمة من التركية الى العربية حمزة طاهر، ط٤ مصر ١٩٦٦، ص٥٣.

٣() الحضارة الإسلامية- للمؤرخ الهندي خوداش بخش، ترجمة د. علي حسين الخربوطلي، ص١٥٢.

(ئەوەی زانراوە کاریگەری زۆری ئەدەبی سریانی بەسەر ئەدەبی عەرەبیدا هەبووە)[١] و وایکرد شیعری عەرەبیش کاریگەر بێت بەسەر شیعری سریانی و بووە هۆی دەرکەوتنی برگە، کە پێشتر زانراو نەبوو[٢].

شاراوە نییە کەوا موژدەبەخشەکان و مەڵبەندە ئاینییەکانی سریانی جۆراوجۆر لە دورگەی عەرەبی کاریگەری باشییان هەبووە بۆ چوونە ناو لایەنە باشە نوێیەکان بەسەر ئەدەبی عەرەبی و لە پێش هەموویاندا شیعر لەبەر ئەوەی لە هەموو ئەدەبەکانی تر بڵاوتربوون و شوێنی دیارییان هەبوو هاندەری زۆرییان هەبوو لەو سەردەمانەدا، دەتوانین بڵێین: ئەو سەردەمە باشترین و لەبارترین سەردەم بووە بۆ گەشەکردن و نەشونمای شیعری عەرەبی، سەردەمی هاتنە ناوەوەی بیری سریانی لە ڕێگەی ئەو موژدە بەخشانە و مەڵبەندەکانی ئاینی نەستۆری لە دوورگەی عەرەبی و هیلالی بەپیت، دواتریش ئەو هاتووچۆیەی کەوا خەڵکی دورگە (الجزيرة) دەیانکرد بۆ عێراق و شام، لەبەرئەوەی ئەدەبی سریانی قۆناغی گەورەی بڕیبوو لە پێشکەوتن و گەشەکردندا[٣].

لەبەرئەوەی زۆر باو بووە هەروەکو ڕەبەنی مەسیحی باس لەوە دەکات کەوا لەشوێنی پەرستگای خۆیدا، ڕێنیشاندەرو چرای ئەوانە بووەو کاری تێکردوون.

هەروەکو (امرؤ القيس) دەڵێ:

أصـــاع تـــرى بـــرقـــا أريـــك وميـضـة
كـــلـــمـــع الــيـــديـــن فـــي حـــي مـكــلــل
يـــضـــئ ســـنـــاه أو مـــصـــابـــيـــح راهـــب
أمـــال الـــســـلـــيـــط بـــالـــذبـــال الـمـفـتـل

هەروەها ئەوە هاتووە لە دەربڕینەکانی سریانی باوبووە، هەروەکو (حسان بن ثابت) لە قەسیدەیەک دەڵێ، کە لە فەتحی مەکەدا دایناوە:

وجـــبـــريـــل رســـــول الـــلـــــه فـــيـــنـــا
وروح الـــقـــدس لـــيـــس لـــــه كـــفـــا

---

١() مراد كامل وحمدى البكرى، تاريخ الادب السريانى ص١٤.

٢() نفس المصدر ص١٥.

٣() من أراد التوسع في الموضوع فليرجع الى كتاب الاب لويس شيخو اليسوعي، شعراء النصرانية قبل الإسلام، ففيه الشيىء نحن أولئک الشعراء الذين تأثروا بلافكار والمظاهر والادب السرياني، حيث يتضح ذلک في شعرهم).

لەو شاعیرانەی کەوا قەشە لویس شیخۆی یەسوعی ناوی هێناون و کاریگەری بیروباوەڕی سریانیان بەسەرەوە بووە:

(امرؤ القیس ٥٤٨ز)، (ترید بن عبدالمدان ٦١٥ز) لە شاعیرەکانی یەمەن و ناودارەکانیان و قەوم و قیلە و نەتەوەی ئەوانە، کاتدرائییەی نەجرانیان لە یەمەن دروستکردووە، (حنظلة الطائي- ٥٩٠ز) لە تائییەکان، (قبیصة بن النصراني ٥٩٢ز) ئەمانە لە شاعیرانی (بنی جرم)ی بەناوبانگن (جرم: لقێکە لەتەی)، (أیاس بن قبیصة ٦١٢ز) لە هۆزی تەی ئەمە کوڕە برای (حنظلة) بووە، و (البراق ٤٧٠ز) لە هۆزی ربیعة و (کلیب بن ربیعة ٤٩٤ز)، لە (تغلب)، و (مهلهل)ی برای کلیب (٥٣١ز) و (عمرو ابن کلثوم- ٦٠٠ز) لە وائل، و (قس بن ساعدة- ٦٠٠ز) لە ئەیاد، ئەوەی تێبینی دەکرێت سەردەمی ئەو شاعیرانە و ئەوانی تریش لەوپەڕی گەشەکردن و خۆشیدا بووە بەهۆی بیروباوەڕی مەسیحی و ڕۆشنبیری سریانییەکان و کاریگەری بەسەر دورگەی عەرەبیدا.

شاعیرەکانی عەرەب لە پێش ئیسلامدا بە بەردەوامی سەردانی پاشاکانی (منازرە و غەساسنە)یان دەکرد و لە عێراق و سوریادا. شیعرەکانیان دەگوت و بۆ ماوەیەک لەوێ دەمانەوە و هەردوو میرنشینەکانیش کاریگەری ڕۆشنبیری سریانییان بە سەرەوە بووە[١].

هەربۆیەش لە هۆکارەکانی گواستنەوەی ئەم ڕۆشنبیرییە بۆ ناو قووڵایی دورگەی عەرەبی، بۆ هەندێک لە سەردانەکانیان (حتی) ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: (هەندێک لە شاعیرەکانی جاهلی بە وەفد دەچوونە لای پاشاکانی- غسان- و ئەوانە بە باشیان زانی و بانگهێشتیان دەکردن و ڕێزیان لێدەنان لەوانە: (لبید) خاوەنی یەک لە هەڵواسراوەکان و (نابغة الذبیاني) شاعیری دیوانی پاشایەتی- منازرە- کاتێک (نعمان ابن المنذر) شای حیرە لێی هەڵگەڕایەوەو روویکردە- غەساسنە و ڕۆڵەکانی حارث پێشوازیان لێکرد و بردیانە دیوانی پاشایەتی.

---

١() ئەوەی تێبینی دەکرێت ئێمە کۆتاییمان بە ناوهێنانی سریان و سریانییەکان) هێنا، لە بابەتی جیاجیادا لەم توێژینەوەیەماندا بەبێ ئەوەی بیانخەینە نێوان دوو کەوانە، ئارامییەکان و (ئارامی) بۆ ئەوەی دڵنیایی بدەین بە خوێنەران، چونکە فێربووین لە ماوەی توێژینەوەکەماندا کەوا سریان یان (سریانی) ناوێکە و بەسەر ئارامییەکان (ئارامی)دا دەگوترێت و بەسەر چەند نەتەوەیەکی تریش کەوا لەهجەی سریانی بەکاردێنن وەکو زمان هەروەکو لەو دەقانەی کەوا مێژوونووس و توێژەرەکان وەریانگرتووە، چونکە ئەو مێژوونووسانە هەمان ڕێرەویان گرتووە، هەندێک جار سریان و (سریانی) بەکاردێنن و هەندێک جار ئارامی و (ئارامییەکان)، بۆیە بەردەوام پێویستی بەروونکردنەوە نییە، هەروەها تکا دەکەم کەوا ڕوون بێت من مەبەستم لە دوای بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت لە ئارامییەکان و ئارامی هەروەکو هاتووە سریانییەکان و سریانی، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

لەوانەی چوونە غەساسنە شاعیری (یثرب- المدینة) (حسان بن ثابت) وای نیشاندا کەوا بە رەچەڵەک دەگەڕێتەوە سەر ئەوان، لەو سەردەمانە روویکردە دیوانی پاشایەتی لە هەرەتی لاویتیداو پێش ئەوەی ببێت بە شاعیری پێغەمبەر (محەمەد)[١] هەروەکو مامۆستا نەجیب محمد بەیهەقی دانەری پەرتووکی (تاریخ الشعر العربی) روونی دەکاتەوە کاریگەرییەکانی سریان لەسەر بیری عەرەبیدا کە دەڵێ: (ئێستا بیر لەوە ناکەمەوە کەوا پێویستی زۆرم هەبێت بۆ ئاخاوتن لەوەی کەوا سریانەکان چیان بەجێهێشتووە لە شوێن و کاریگەریان لەسەر بیری عەرەبیدا، لە دوای ئەو هەموو ئاراستە زۆر و زەوەندانەی بۆ پاشماوەی شوێنەوارەکانیان دراوە، ئەم هەموو نیشانانە کە بەسەرماندا تێپەڕی لە میانەی ئاخاوتنەکانماندا ئەویش وەکو ئەوەیە لە شوێنەواردا سوارچاکی پێشەوایەتییە بەسەر بیری عەرەبیدا ، ئەم شوێنەوارانە هەر هەمووی هی سریانییەکانەو نامەوێت بەو رایە ببڕم لە هەبوونی کاریگەری ئەو ئاراستە سریانییە لە ئەوەی عەرەبیدا، ڕەنگە ئەو لێکچوونە لە نێوان ئەوەی ئەدەبی عەرەبیدایە و لە رابردوودا و لە نێوان ئەوەی کەوا سریان بەجێی هێشتووە کە هەمووی شوێنەوار و پاشماوەیەکی دێرینە لە نێوان خەڵکی جەزیرە و خەڵکی کۆچکەری پێشوویدا هەبووە)[٢].

ڕەنگە نووسەر ئاماژە بەوە بکات کەوا ڕۆشنبیری فارسەکان لە ژێر کاریگەری رۆشنبیری ئارامییەکاندا بووبێت، هەر بۆیەش کاریگەری فارسەکان لە سەرەتادا بە هۆی کاریگەری ئارامییەکان بووە لە پێش ڕۆشنبیری فارسەکاندا، ڕۆژهەڵاتناس (جب) هەمان رای هەیە لەسەر دوورکەوتنەوەی کاریگەری فارسەکان لە هزری عەرەبیدا دەڵێ: لەو وتانەی کەوا مرۆڤ لێی ڕاهاتووە و گوێبیستی بووە کەوا عەرەبەکان قەرزاری فارسەکانن لە گشت پێشکەوتنە نوێیەکاندا کەوا نوێکراوەتەوە بەسەر ڕۆشنبیری ئیسلامیدا. بەڵام لە راستیدا لە رووی ئەدەبدا و ئەوەی تۆمارکراوە کەمترە لەسەر گەلانی قسەکەر بە زمانی ئارامی لەبەر ئەوەی ئەو ئەدەبە لە وڵاتی فارسیدا ئابلوقەدرابوو، لەسەردەمی ساسانییەکان بە ڕێژەیەکی کەم ئەوەی هەیە ئەوە زیاترە لەو ئەدەبەی پاشایەتی (هەروەکو نووسەرەکانی پاشاکان وکلیلەو دمنە) یان ئەدەبی ئایینی... بەڵام لە زمانی ئارامیدا شارستانێتی ئەدەبی هەبوو، زۆریش پەرش و بڵاوو بەناوبانگ بوو، کە هەر هەمووشی لە باوباپیرانیان لە شارستانیتی یۆنانیەوە بۆیان مابووە و خاوەن پەرتووکی زۆر بوون لە نەوەکانی پێش خۆیان بۆیان مابووە. لەوکاتەی کەوا شاری

١() (تاریخ العرب مطول) ص١٥٦.

٢() نجیب محمد البیهقي: تاریخ الشعر العربي- حتی اخر القرن الثالث الهجري، ص٢٣٦.

(بەسرە) مەڵبەندی سەرەکی توێژینەوەی ئەدەبی عەرەبی بوو، ئەمە ئاماژەیەکە کەوا یەکێکە لە هۆکارەکان بۆ هاندانی ئەو توێژینەوانە کەوا (ئەکادیمی) جندیشاپور[1] لەگەڵ ئەو ئەکادیمیەدا کە لە وڵاتی فارسدا هەبوو، لەهەمان کاتدا مەڵبەندی توێژینەوەی فارسەکان بە قەدەر مەڵبەندی توێژینەوەکانی (لێکۆڵینەوە)کانی ئارامییەکاندا نەبوو، زۆربەی فەرماندەکانیان لە زانای نەستۆرییەکان بوون، بەڵام لەهەمان کاتدا شوێنی گشتی کۆبوونەوەکان بوون، بۆ ڕۆشنبیرەکانی فارسی و هیندی و ئارامی، ئەوەی عەرەبەکان بە دەستیانکەوت ئەوە تێکەڵەیەک بوو لەو هەموو ڕۆشنبیریانەدا[2].

ئارامییەکان (هلال الخصیب- هیلالی بەپیت)یان کردە نیشتمانی خۆیان و مەڵبەندی زانست و مەعریفە، هەر بۆیەش کە عەرەبەکان ئەو ناوچانەیان داگیرکرد و هەموو شتێکیان لە بەردەم ئامادە کرابوو، ئەوانیش لەسەریان بوو یەکێک لەم دوو فەرمانە یان ڕێگایانەیان دەبێ برەو بە گەشەکردن و پەرەسەندنی ڕۆشنبیری بەهێز و پێشکەوتوو بدەن، یان دەبێ لە ڕەگەوە دەریبهێنن بەهۆی ئەوەی کەوا بەپێی ئاینە نوێیەکەیان نامۆیە ، بەڵام بە ڕەسەنایەتی خۆیان ئەمە بۆی نییە مێژوو نکۆڵی لێ بکات و یان لەبەهای کەم بکاتەوە هیچ توێژەرێک کە خاوەن ویژدان بێت هەموو هەوڵ و کۆششێکیان خەرج کرد لەپێناو پێشکەوتن و بەردەوامبوونیان و ڕێزگرتن لە خەڵکەکەیدا، هۆکارەکەشی ڕەنگە لەبەرئەوە بێت عەرەبەکان دوور نەبوون لەم کەلتوورە، چونکە ئەوان لە پەیوەندیەکانیان پێشتر بەتین بوو لەگەڵیاندا، هەر بۆ ئەمەش (فیلیب حتی) ئاماژەی بۆ دەکات کاتێک دەڵێ: (گومانی تێدا نییە کاتێک عەرەبەکان هیلالی بەپیتیان (هلال الخصیب) داگیر کرد، گەورەترین و بەنرخترین کەلتووری ئەگریکیەکانیانی (یۆنان) هزریان تێدا دۆزییەوە، لە ئەنجامی ئەمەدا ڕۆشنبیری (هلینی)[3] پەیدا بوو کە توندترین هۆکاری بێگانە بوو لە ڕووی کاریگەرییەوە بەسەر ژیانی عەرەبدا.

---

١() جندیشاپوور: شارێکە دەکەوێتە ئەهواز شاپووری یەکەم لەساڵی ٢٤٤-٧٣ دایمەزراند و ئارامییەکانی تێدا نیشتەجێ کرد، ئەوانەی کە بەدیل گیرابوون لەشەڕەکانیدا لەگەڵ یۆنانییەکان، وەهەروەها ئەو ئارامیانەی کە لە نصیبین و ڕەها ئاوارە بووبوون لەئەنجامی دابەش بوونیان لەڕووی مەزهەبیەوە، ئارامییەکان ناویان نا بێت لاباث) واتە ماڵی شکست خواردووەکان) لەوێدا ئەکادیمیای پزیشکی و فەلسەفەی تێدا بوو کەزۆر ناوبانگی هەبوو، وەزمانی ئارامی زمانی فێرکردن بوو، لەساڵی ٦٣٨ موسا ئەشعەری داگیری کرد.

٢() هاملتون جب: دراسات في حضارة الإسلام، ترجمة احسان عباس ص٢٩٦.

٣() بزوتنەوەی هیلینی: مەبەستی لەسەر شێوازی یۆنانییەکان و ڕێبازەکانیان بە هزرو شارستانیەتییە کۆنەکان دەگوترێ لە دوای داگیرکردنی ئەسکەندەرەوە دێت بۆ خۆرهەڵات و کۆتایی دێت بە چەرخی ئیمپراتۆر ئۆغزتۆس) واتە لە ساڵی ٣٣٦پ.ز، تاوەکو ٣٠ پ.ز.

شاری (ڕەها- ئەدسا) گرنگترین بارەگای سریانە مەسیحییەکان بوو، (حەران)[١] شاری سریانییە بتپەرستەکان بوو، کە لە سەدەی نۆوە دواتر خۆیان بە (صابئە) و یان صابئەکان ناساند، (ئەنتاکیا)[٢] یەکێک لە کۆلۆنییە(مستعمرە)کانی یۆنانییە کۆنەکانی گەورەیە، ئەسکەندەریە بە شوێنی بە یەکگەیشتنی فەلسەفەی خۆرئاواو خۆرهەڵاتە، ژمارەیەکی زۆری دێر لە سوریەدا هەن، هەروەها لەنێوان دوو رووبارەکە و توێژینەوەی زانستی و فەلسەفی تیا دەگوترا، سەرەڕای توێژینەوەی کەنەسی و مەزهەبی، هەموو ئەمانە مەڵبەندی ڕۆشنبیری درەوشاوە بوون، ڕووناکی ڕۆشنبیری هیلنی تێدا دەردەچوون[٣].

هەموو پەرتووک و دانراوەکانی (ئەرستۆ) و گشت فەیلەسوفەکانی یۆنانی ڕێچکەیەکی بەست بە ڕێگاوە بەرەو قوتابخانەکانی سریان لە ماوەیەکی دوورو درێژدا.

(توێژینەوە سریانییەکان بۆ ئەرستۆ ڕێگای گرت بەرەو قوتابخانەی (ئەدیسا) لە سەدەی پێنجەمدا)[٤].

سریانەکان زانست و تۆمارگەی زۆر بە نرخی مێژوویی گەورەیان هەبوو لە هەموو سەرتاپای (جەزیرە) و بووە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ پشتبەستی مێژوونووسانی عەرەب (دانەرەکانی ئیسلام زۆربەی زانستەکانیان لێ وەرگرتن لەبارەی (نەسرانی و بێزەنتی) لە سەردەمی جاهلیدا لە سەرچاوە سریانییەکاندا و بەبەردەوامی لە وەرگێڕان بۆ سریانی لە ئەدەبیاتی یۆنانی. سوود وەرگرتن لە کۆنترین سەرچاوە سریانییەکان لەو بوارەدا نەسرانییەکانی جاهلی کەنیسەیان هەبوو نەک تەنیا لە (نەجران) بەڵکو لە (ظفار- زوفار) و هەروەها حەزرەمۆت و مەئرەب)[٥].

---

١() حەران: حران: شارێکە دەکەوێتە سەر بلێخ لقێکی ڕووباری فورات) لە باکوری خۆرهەڵاتی سوریە، پێشتر شارێکی سریانی بووە بۆ بتپەرستەکان ئەوانەی کەوا خۆیان گۆڕی.

صابیئە: موسڵمانەکان بە ئەهلی کتابیان ناو دەبەن، یەکێکە لە شارەکانی سوریا کە زۆر گرنگە، چونکە هەموو زانستی (معارفی) ئەسکەندەریەی هیلنی بۆ گواستراوەیە، بەتایبەتی پزیشکی.

٢() ئەنتاکیا: شارێکە لەتورکیا، لەساڵی ٣٠٠ پ.ز سلوقی یەکەم دروستی کردووەو کردوویە بە پایتەختی خۆی و بە سێیەم شاری ئیمپراتۆریەتەکە دادەنرێت، لە دوای رۆماو ئەسکەندەرییە، لەوێدا بانگەوازی (نەسرانی) بە ناوی (مەسیحییەکان) کرا، لەم شارەو لەو شاردا بەناوبانگترین وتاری (یوحنا فم الذهب) پێشکەش دەکرا، قوتابخانەیەکی مەزنی تێدا دامەزرا، لەلایەن (ئستاسیۆس) مەترانی ئەنتاکیا، کە هاوشانی قوتابخانەی ئەسکەندەریەی مەزن بوو، لە بەرهەمەکانیدا (نەستوریۆس) و هاوڕێکەی (ئەنستاسیوس) ڕەبەن بوو.

٣() (تاريخ العرب مطول) ص٢٣٣.

٤() انتقال علوم الاغريق الى العرب، للدكتور دي لاس اوليري.. ص٢٣٣.

٥() کەنیسە و دێرەکان زۆر پەرش و بڵاو بوونەوە لە هەموو عێراق و سوریە و دورگەی عەرەب و ئەو هەموو دەستنووسانە لقێک بوون بۆ هەموو هەوادارانی زانست (لە مێژوونووسانی عەرەبی) تەبەری دەڵێ: قسەم

قوتابخانە سریانییەکان بەردەوامیان هەبوو لە دوای داگیرکردنی عەرەبی لەسەر کارەکانی خۆیاندا هەموو یارمەتی و پشتگیریەکیان دەکرا لەلایەن داگیرکەرە عەرەبەکاندا، هەر بۆیەش گەشەکردن و پێشکەوتنیان لە بەردەوامبووندا بوو، ئەوەی ئەو قوتابخانانە پێشکەشیان کرد لە دکتۆر (پزیشک) و فەیلەسوف و زاناکان لە سەردەمی عەرەبدا لە هەموو بوارەکاندا نیشانەی ئەوەیە کەوا گرنگی زۆر هەیە و قوتابخانەکان سەرچاوەی گرنگن و پێویستە پارێزگاریان لێ بکرێت لەداب و نەریتە کۆنەکانیاندا، ئەکادیمیای جندیشاپوور بۆ ماوەی سێ سەدە ئامادەباشی دەکرد لە دوای داگیرکردنی عەرەبدا و کارو چالاکییەکانی بەردەوام بوو لە خوێندنی فەلسەفە و پزیشکیدا. هەروەها قوتابخانەکانی تریش کە لە عێراق و سوریە بڵاوبووبوونەوە لە گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی خۆیان بەردەوام بوون لە سەردەمی عەباسییەکاندا.

لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی عەباسییەکان سستی زانستی و ئەدەبی رووی کردە سریانییەکان، کە بە ماوەی تاریکستانی دادەنرێت و هەموو وڵاتی گرتەوە لە دۆخی شڵەژاوە و کێشە زەحمەتەکان باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا و بووە هۆکارێکی سەرەکی لە داتەپینی زانست و ئاداب بەگشتی.

سریانەکان توانایەکی لە ڕادەبەدەریان هەبوو لە وەرگێڕاندا، وەرگێڕان بە فەلسەفەیەک دادەنرا بە پلە یەک ڕۆژهەڵاتناس (موللر) دەڵێ: (ئەوەی کە دوو زمان بە باشی دەزانی زۆر زەحمەتە جیاوازی پێ بکەیت لە نێوان ڕەسەن (أصل) و وەرگێڕانی سریانی)[١] وەرگێڕان گەشەی کرد هەر لە سەردەمانی یەکەمدا بۆ دەوڵەتی عەرەبی (یەکەم وەرگێڕان لە ئیسلامدا لە سەر دەستی خالد کوڕی یەزیدی کوڕی معاویەی کوڕی ئەبی سفیان) بوو[٢] (لە ژێر سێبەری خەلافەتی مەروانی کوڕی حەکەم) (ماسر جۆیەکەناش ئەهرۆز کوڕی ئەعین لە زمانی سریانی گواسترایەوە بۆ عەرەبی)[٣].

لەگەڵ (هشام کوڕی محمد کلبي) کرد ئەویش وتی: من خەریکی دەرهێنانی دەنگ و باسی عەرەب و رەچەڵەکی آل نصر بن ربيعة) بووم، وەئەوەی خەرج کراوە لەکردارەکانیانداو ئەوەی لەگەڵ آل کسری) کاری کردووەو مێژووی دەسەڵاتیان لەفرۆشتنی حیرەدا، پاشاو کارەکانیان هەمووی تێدا بووە.

تاريخ الرسل والملوک تحقيق محمد الفضل إبراهيم، القاهرة، ١٩٦٠، ط١، ص٦٢٨. عن الدكتور حسين قاسم العزيز، محاضرات في الجامعة المستنصرية (ص١٦) أولئك المؤرخين الذين دونوا كل ما وجدوه في طريقهم، وبذلک حافظوا على تراث الإنسانية من الضياع، لولا هم لكانت معرفتنا اليوم عن أحوال اجدادنا الاوائل لا تتعدى الحكايات والاساطير.

١() خردبخش، الحضارة الإسلامية، ص١٥٧.

٢() سعيد الديوەجي: بيت الحكمة، ص١٠.

٣() ن.م. ص٩.

ڕێگەی سریانییەکان لە گواستنەوەی پەرتووکەکان ئەوەبوو وەرگێڕان بۆ زمانەکەیان واتە زمانی سریانی بوو، دواتریش وەردەگێڕایە سەر عەرەبی، بەم شێوەیە بوونە گەورەترین بازنەی پەیوەندی لە نێوان ڕۆشنبیری هیلینی و نێوان ئیسلامدا، لێرەدا دەردەکەوێت سریان کۆنترین گەلن لە ڕۆژهەلات کە هەموو جیهانیان بە ڕۆشنبیری گریکەکانیان پێشکەش بە جیهان کردووە، ڕۆشنبیری هیلینی نەگەیشتبۆوە هزری عەرەبی تەنیا لە ڕێگەی زمانی سریانی نەبێت[1].

بەڵام لە سەردەمی عەباسییەکاندا دەبینین ناوی زۆر درەوشاوە هەیە لە وەرگێڕاندا و لە پێشەنگیاندا (یوحەنا کوڕی ماسەوی) و (حنین کوڕی ئیسحاق) و (ئەبو ئیسحاق) و (حەییش کوڕی ئەعسەم) و (یەحیا کوڕی بەتریق) و (ثابت کوڕی قەرە) و (بنەماڵەی بەخت یەشوع) و (یەحیا کوڕی عودەی) و (کوڕی زەرعە) و هیتریش، بیت ئەلحیکمە لە سەردەمی عەباسییەکان کاریگەری گەورەی هەبوو لە گرنگیدان بە وەرگێڕان و بایەخدانی زاناکان پێیانەوە، ئەوەی کە گرنگی زیاتری بەبیت الحکمة درا ئەو ئازادییە فراوانە بوو کەوا لەسەری دروست کرابوو.

سەعید دیوەچی لەم بارەیەوە دەڵێت: (بیت الحکمة کە لەلایەن عەباسیەکانەوە دامەزرابوو هیچ بۆیاغێکی ئایینی پێوە نەبوو، داوای ئەوەشی نەدەکرد کەوا مەزهەبێک بەسەر مەزهەبێکی تر زاڵ بێت، بە هیچ شێوەیەک کۆتکردن بە سەر ئازادی فکریدا و شوێنەوارەکانیدا نەبوو، بەڵکو گیانی زانستی بە سەردا زاڵ بوو، پەرتووکەکانی زانستەکانی حکمە بوون، لە پزیشکی و فەلسەفە و مەنتیق و مۆسیقا و بیرکاری و فەلەک و ئەستێرەناسی و سەرپەرشتی دەکرا لەلایەن زانا ناودارەکان لە پزیشکەکان و فەیلەسوف و فەلەکناسەکان و هیتریش لە خاوەن زانستە عەقڵیەکاندا، لەناو ئەمانەشدا سریانە مەسیحییەکان، لە فارسەکان و صابئە و لە جووەکان و مەجووسەکان، لە گەلانی تریش بە هەموو جۆرە جیاوازەکانیانەوە، چونکە ئازادییەکی ڕەهایان هەبوو بۆ هەر یەکێکیان مافی قسەکردن و دیبەیت و دانانی هەبوو بەوەی کە بۆیان بکرایە، هەتا وەکو ئەگەر لە دژی عەرەب و موسڵمانەکانیش بوایە)[2].

وەرگێڕانە سریانییەکان تەنیا لەسەر پەرتووکی گریکەکان نەبوو، بەڵکو درێژبووبووە بەرەو پەرتووکەکانی هیندو فارسەکانیش، وەرگێڕانی کلیلەو دمنەی ئیبن موقەفەع- ابن المقفع- بۆ عەرەبی نموونەیەکە لە نموونەکانی پەخش و داڕشتنی عەرەبی و ڕەسەنایەتی

---

١() (تاریخ العرب مطول)، ص٢٨٥.

٢() بیت الحکمة، ص٥٩

فارسی تێدا ون بوو (ابن المقفع بۆ سەر فارسی کۆن وەریگێڕاوە) بەڵام وەرگێڕانە سریانییەکە لەسەر دەستی (بود)ی بانگەوازی نەستوری بووە لەساڵی (٥٧٠)ی زایینی کەتاوەکو ئێستاش ماوە و لەسەر دەستی (بیکل)و (بنفی) لە (٨٧٦ز) بڵاوکراوەتەوە و بەڵام سانسکریتی رەسەن لەوێنەی یەکەمیدا پێدەچێت ون کرابێت، ئەوەی روونە ئەو دانە سریانیەی کەوا (بود) دایناوە ئەمەیان وەرگێڕانە رەسەنەکەی فارسیەکەیە و بەوێنەی کۆنی دەقەکە دادەنرێ.

بەڵام ئەو دانایەی لەلایەن (ابن المقفع) دانراوە بە عەرەبی، هەندێک زیادە و باسکردنی تێدایە، وەرگێڕانی عەرەبی خزمەتێکی باشی خۆرئاوای کردووە لە بڵاوبوونەوەی فراواندا لەوەی کە لە پێشتردا هەبووە[1].

ئەو هەموو وەرگێڕانە بووە هۆی پەیدابوونی فەلسەفەی عەرەبی، هەروەکو دەبینین- کندی- (یەعقوبی کوڕی ئیسحاق لەساڵی ٢٦٠ک کۆچی دوایی کردووە کەدەکاتە ٨٧٣ ز) مێژوونووسەکان زۆربەیان بە دامەزرێنەری قوتابخانەی ئەرستۆی عەرەبی دادەنێن، ئەو هەموو وەرگێڕانەی سریانەکان بۆ ئەرستۆ پاڵیان بۆ ئەو فەلسەفەیە نا.

(بناغەی دیاری هەڵبژاردنی کیندی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا لێکۆڵینەوەی لە سەر دەروون بووە هەروەکو باسی کردووە (ئەسکەندەری ئەفرۆدیسی) یارمەتیدەری بووە بۆ ئەو مەبەستە لە هەڵبژاردنی فەیلەسووفە سریانییەکاندا)[2].

هەروەها دەبنینی فارابی کە بە مامۆستای دووەم لە فەلسەفەی ئەرستۆی عەرەب دادەنرێت لە دوای کیندی، فەلسەفەکەی لەسەر سەرچاوە سریانییەکان دامەزراند، فەیلەسوفی گەورەی دووەم مەحەمەد کوڕی تراخان ئەبو نەسر فارابی لەساڵی ٣٣٩ک کۆچی دوایی کردووە بە ڕەسەن تورکە و زۆر گەشتی کردووە، لە گەشتێکیدا بۆ بەغدا بووە، بەڵام نەیتوانیوە- لەبەر نەزانینی بۆ زمانی عەرەبی- بچێتە ناو ژیانی ئاوەزیدا لەو شارە بەرەنگاری ئەوە بووە بۆ یەکەمجار فێری زمانی عەرەبی بێت.

دواتریش بۆتە خوێندکاری پزیشکێکی مەسیحی ئەبو بشر متی کوڕی یونس، لەو کاتەدا بەرەو پیربوون دەچوو، مەنتیقی لەکن خوێند، دواتریش ئارەزووی کرد لە فرەوان بوون بۆ ئاسۆی لێکۆڵینەوەکانیدا، هەر بۆیەش کۆچی کرد بەرەو (حران) لەویش گەیشتە (مەسیحی (یەحیا- یوحنا)- کوڕی حیلان- حیلام- لەگەڵ ئەودا

١() دیلاسی اولیري: الفکر العربي ومکانە في التاریخ، ص١٢٢.

٢() ن. م. ص١٤٨

بەردەوام بوو لە خوێندنی مەنتیق، دواتریش گەڕایەوە بەغدا و دەستیکرد بە کارکردن لەسەر فەلسەفەی ئەرستۆ و لەکاتی خوێندنیدا دەستی کرد بە خوێندنی دەروونناسی بۆ دوو سەد جار، چل جاریش بۆ سروشتییەکان- الطبيعيات)[١].

هەروەها (ئیبن سینا لەساڵی ٤٢٨ک ١٠٢٧ز) کۆچی دوایی کردووە کە بە بەناوبانگترین زانای فەلسەفەی ئیسلام دادەنرێت کە (دادەنرێت بە گەورەترین بەرهەم لە ئاسیا بۆ گەڵاڵەکردن و سازکردنی هزر کە لە ئەنجامی لە دایکبوونی خوێندنی فەلسەفەی ئەرستۆتالیسی و ئەفلاتونی نوێکاردا، لە پەرتووکەکانیدا هیچ نزیک بوونەوەیەک نییە کەوا زانیاری لەسەر ئەرستۆ هەبێت ماددەیەک جگە لەوەی کە ناسراو بوو بە شێوەیەکی گشتی لەلایەن دانەرە سریانیەکان و عەرەبدا)[٢].

هەر لەبەر ئەوەش سریانی (ئارامی) پردی گەیاندن بووە لە نێوان یۆنانییەکان و گریکەکاندا یان بە شێوەیەکی تر لە نێوان ڕۆشنگەریی جیهانی لە بیرکراو لەلایەک و لەنێوان ڕۆشنگەری عەرەبی هەڵچوو لەلایەکی تردا، ئەگەر وەرگێرانەکانی سریان و دانانەکانی عەرەب نەبوایە لەگەڵ پۆلینەکانیاندا ئەوا زۆربەی دانانەکانی ئەرستۆ و فەیلەسووفەکانی تری گریکەکان و پێشەوایان بیروباوەڕ و فکری کۆنەکان، کە ئەمڕۆ ناسراوە، ئەوا تەنیا هەر ناو دەبوو هیچ شتێک دەربارەی ناوەرۆکەکانیان نەدەزانی، مرۆڤایەتی قەرزارە بەپاراستنیان بۆ ئەو کەلەپوورەوە کەپەیوەندی بەوەرگێرانەوە هەیە. ئەمەش چاکەکەی بۆ سریانەکان دەگەڕێتەوە چونکە بایەخەکەیان دەزانی و رووناکی بەخشیە هەموان و مایەی شانازیە بۆ گشت نەوەکانی تر لەسریان و عەرەبەکاندا.

بەدڵنیاییەوە ژمارەکانی ژمێریاری کە ئێمە بەکاری دەهێنین، وەزۆربەی وڵاتانی جیهان بەکاری دەهێنن، بەرەچەڵەک ئەو ژمارانە دەگەڕێتەوە بۆ هیندیەکان و لەلایەن خوارزمی هاسان و گەشەکردنی تێدا کراوە، دواتریش پێشکەشی عەرەبی کردووە و بۆ جیهانیش بەگشتی لەبەر ئەوە بەو وێنەیەی ئێستا بەنیسبەت زمانەکانی جیهانی نوێدا.

بەڵام چۆن ئەو ژمارانە ڕێگایان بەرەو دەرەوە گرت لەم بارەیەوە ڕۆژهەڵاتناس (سیجرید هۆنکە) دەڵێت: (لەساڵی ٦٦٧ز دەبینین ڕەبەنی سریانی- سیڤیروس سیفوخت- کەوا سەرۆکی یەکێک لە دێرەکان بووە و بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی باڵا بووە لەسەر فورات باس لە ژمارە هندییەکان دەکات: گرنگترین شت لە بیرکاری هیندی کە لەگەڵ

١() هەمان سەرچاوەی پیشوو، ل١٥٤

٢() ن. م، ل١٧٧

هەموو جیهان جیای دەکاتەوە نۆ هێمایە. بە هۆی ئەو هێمایانە (سیفروس) توانی کردارەکانی حیسابی بکات بە ڕێگەیەکی نوێوە[١]. دواتریش (لە خۆرهەڵاتی عەرەبی دەبینین زانایەک لە زانا باڵاکان ئەم ژمارە حیسابیە نوێیانە دەخاتە سەر بۆ خوێندنی عەرەبی).

ئەم زانایەش خوارزمی بوو کە خوێندنی پەرتووکی (سند و هند) بەشێوەیەکی نوێ داپڕشتووە و هاسانکاری تێدا کردووە بۆ بەردەستی خوێندکاران[٢].

بۆیە ژمارە هیندییەکان هەموو جیهانی داگیر کرد و بەهۆی (سیفروس سیفوخت) یان سایراسا بۆخت هەروەکو سەرچاوە سریانییەکان هەروەها خوارزمی ناوی دەبەن، ، ئەمەش کاریگەرییەکی ترەو بەزیندوویی دەمێنێتەوە لە هەموو جیهاندا هەروەکو سریانەکان و عەرەبەکانیش لە شارستانێتی جیهانیدا تەئکیدی لەسەر دەکەنەوە.

ئەم کاریگەرییە گرنگە بە نەمری دەمێنێتەوە هەروەکو ئارامییەکان بە خزمەت کردنیان بۆ مرۆڤایەتی لە پێشکەوتنی پیتەکانی ئەبجەدی و بڵاوکردنەوەیدا، هەروەکو لەم بارەیەوە بەڕێز (ئیشو مالک) ئاماژەی پێدەکات: (هیچ گومانی تێدا نییە کەوا ئارامییەکان دەسەڵاتی سیاسی نەگرتە دەست بە شێوەیەکی فرەوان، بەڵام بە داهێنانیان بۆ پیتەکانی ئەبجەدی بەشدارییەکی پیرۆز و گەورەیان کرد لە بڵاوبوونەوەی شارستانیەتی کۆن و پتەوکردنیدا)[٣].

بەڵام ئەمە چۆن ڕوویدا: (ئەوەی لای توێژەرەکاندایە لە ڕووی ڕاستیدا ئەوەیە وێنە و نیگارە سامییەکان بۆ یەکەمجار لە وڵاتی کەنعانیەکان دەرکەوت ، ئەم وێنەو نیگارانە جیاوازن لەگەڵ هەموو وێنەکانی تری لەبەردەست دا هەیە، پێشتر وێنەی هیجائی هەبوو (ئەلف باء)ی واتە هەر پیتێک هێمایەکە بۆ دەنگێکی تاک. لە ڕاستیدا یەکەمجار فینیقیەکان ئەو نیگار و وێنانەیان داهێناو بەکاریانهێنا. ئەم پیتانەی هیجائی فینیقینی لە هەموو جیهانی کۆن بڵاوبووەو زۆرێک لە گەلەکانیان بەکاریان هێنا، لەوەشدا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەموو پیتەکانی هیجائی لق و پۆپی لێ بووەوە، کەوا دواتریش بەکاریان هێنا لەناو هەموو زمانە جیاوازەکانی مرۆڤایەتیدا)[٤].

---

١() سیجرید هونکە: فضل العرب علی أوروبا، ترجمة د. فؤاد حسنین علی، ص٤٧.

٢() ن.م. ص٤٥

٣() الاشوریون في التاریخ، ص٥٠.

٤() علي عبدالواحد: فقه اللغة، ط٥، ص٣١.

دکتۆر وافی دەڵێ: (لە وێنە و نیگارکێشانی فینیقییەکان وێنەکانی ئارامی وەرگیراون، بەڵکو ئارامی لە کۆنترین وێنەکانیدا هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ وێنەی فینیقیەکان، لە ئارامییەکانەوە پیتەکانی هیندی- باکتربائی وەرگیراوە)[١].

کە لە باکوری هیندستان بەکاردەهات، لەم پیتانە هەر هەموو پیتەکانی تر وەرگیران کەوا ئێستا بەکاردێت لەزمانە جیاوازەکانی هند و سیام و کامبدجو و مالیزیا[٢].

خۆشنووسی نەبەتی (نبطی) گەشەی کرد[٣]، کەوا لە ئارامی گواستراوەتەوە لە سەدەی سێزدەهەمی زایینی خۆشنووس یان خەتی باو بوو لەناو زمانی عەرەبەکانی باکوور واتە زمانی قورئان و زمانی هاوچەرخی ئێستا)[٤].

لەبەرئەوەشە پەیوەندیەتی بەهێز و بەتین هەیە لەنێوان خەتی عەرەبی و ئاراما، لەڕاستیدا شێوەی خەتی عەرەبی لە زۆرترین خەتەکان هاوشێوەی خەتی عەرەبییە، لەبەر ئەوە ((نووسین بە عەرەبی ئەمە لقێکە لەو بەرهەمە زۆرەی کەوا خەتی فینیقی (ئارامی) هێناوەتەبەر))[٥].

هەروەها هەردوو مامۆستایان (النعیمي والكیال) ئەوەی دەخەنە سەر: (خەتی کوفی لقێکە لە لقەکانی خەتی ئارامی) گۆشەکانی زۆرن و نووسینەکەی زەحمەتە لەبەر ئەوە پێویستییەکانی پێ نەدەپێکا، بۆیە سوودەکانی لە نووسینی قورئان و نەخشاندنی پارە و پوول بوو، زۆریشی نەبرد تا وای لێهات کەم بەکار بێت و خەتی (نسخ) شوێنی بگرێتەوە، کە خەتێکی کۆنە لە خەتی ئارامی ترازاوە.

لەمەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا عەرەبەکان هەر لەسەرەتاوە توانیان وشەکان بەهۆی خاڵەکان بەربەست بکەن. هەرب وێەش وایانکرد کەوا خاڵەکان بە شێوەی جیا جیا خۆیان بنوێنن لەبارەی سێ لە بزوێنەکان(جوولە)کان. و (سکون) بەبێ هێما مایەوە. بەم شێوەیە لە نووسینەکانیاندا جوولەی ئارامییەکانیان بەتەواوی بەکارهێنا، چونکە جوڵە (بزوێنەکانی) ئارامی (سریانی خۆرهەڵات) تاوەکو ئێستاش بە خەیاڵ وێنا دەکرێت. هەر بۆیە بەبێ هیچ گومانێک کاریگەری ڕاستەوخۆی ئارامی بۆ بەربەست

١() نسبة الى باكتريان: منطقه قديمة تشمل بعض مناطق تركستان وفارس

٢() فقه اللغة. ط٥، ص٣٢.

٣() نبط أو أنباط: قوم من العرب قطنوا قديما جنوب فلسطين، كانت قاعداتهم صلع وبصري وصلخد والحجر وهي حصونهم ومستودع أموالهم وأسلحتهم وكانوا من التجار يرحلون الى مصر والشام وبلاد الفرات ورومإ. كان بينهم شعراء وأطباء توتل: فرديناند، المنجد في الادب والعلوم، ص٥٣٠.

٤() (تاريخ العرب مطول) ص٩٠.

٥() عبدالمجيد النعيمي ودحام الكيالي: الاملاء الواضح، ط٣، ص٥.

کردنی بزوێنەکانی نووسینی عەرەبی هەبووە و هەیە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ئارامییەکان لە (حیرە)ی نزیک بە (کوفە). زمانی ئارامی (سریانی) و زارە جیاوازەکانی تاوەکو ئێستاش و بەردەوام ماوەتەوە- لەبەر گرنگی لە هەموو ئەو سەردەمانەی کە بەسەریدا تێپەڕیون و کاریگەریشی بەسەر شارستانێتی مرۆڤایەتیدا هەبووە. رەگ و ریشەکانی ماون بەسەر زمانەکانی تردا- توێژەرەکان بایەخی پێدەدەن، هەروەکو لە وتەکانی پرۆفیسۆر قوستەنتین تسیرتیلیدا هاتووە، ئەو رۆژهەلاتناسێکی سۆڤێتی ناسراوە و مامۆستای زمانە سامییەکان بوو لە زانکۆی جۆرجیا، دەڵێ دەربارەی هاتنی بۆ عێراق (هەندێک موحازەرات لە زانکۆ دەڵێمەوە و هەڵدەستم بە تۆمارکردنی لەهجەی بەشێک لە سریان و کاثولیکەکان ئەوانەی بە ئارامی قسە دەکەن لەعێراقدا)[1].

زمانی ئارامی (سریانی) تاوەکو ئێستاش سەرەڕای لە سرووتەکانی ئایینی بەکاردێت بۆ هەموو مەزهەبەکانی مەسیحی کۆن لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست و ئەو کۆمەلانەی کە سەر بەو مەزهەبانەن لە جیهاندا، سەرەڕای ئەوەش تاوەکو ئێستاش ناوچەیەکی فراوان قسەی پێدەکەن (واتە تاوەکو ئەمڕۆ). سەرەڕای ئەو هەموو نسکۆیەی بە سەریاندا هاتووە- هەروەکو گوندەکانی سوریا کە ژمارەیەکی زۆرن، هەروەها لە کوردستانی عێراق و لەباکوری ئێران و بەری خۆرئاوا دەریاچەی (ئورمیە) هەن[2].

تاوەکو ئێستاش ژمارەیەکی مەزن لە کێش (وزن) و لەفزەکانی ئارامی بەکاردێت لە زمانی عەرەبی فەسیح و گشتیدا (هەر بۆیەش وەزنی (فاعول) رەسەنایەتی ئارامیە زیاتر لەوەی عەرەبی بێت و بەکاردێت بۆ ئامێرەکان و کەلوپەلەکان هەروەکو (ساتورو شاقوف) ئامێری بڕینەوەن لەسریانیدا، وەلەناو زمانی عەرەبی ماونەتەوە) واتە رەسەنایەتی سریانیەکەی زیاتر لەعەرەبیەکەیدا لەبەرئەوەی (وەزن) زۆر باو بوو لەناو کۆمەڵ بەگشتیدا، لێرەدا دەبینین (لعوب) بۆتە (لاعوب) و (شعول) بۆتە (شاغول)، وە (عمود) بۆتە (عامود)[3] ...هتد.

هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە وشەی ئارامی بۆتە عەرەبیەکی (فصحی) یان عامی، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو دوو زمانە زۆر لەیەک نزیکن، بۆ نمونە لەو وشانە: سرادق (سرادیقا)، (سورة- صورث) وەرگیراوە لە (سورث کثاو).

---

١() جريدة النور- ٣٨١- ١٩٧٠/١/١٧.

٢() اورمية بالسريانية تعني (مهد الماء).

٣() إبراهيم السامرائي: في الثقافة السريانية. المعلم الجديد، تموز- تشرين اول ١٩٥٨، ص٢٤.

بغدا (بيت كذاذا) واتە ماڵی مەڕ یان بزن[١]. بدرە لە بادرایا، بیث درایا، هەروەها ئەوانەی گەنم و دانەوێڵە شەن دەکەن[٢]. بەعقوبە لەباعقوبا، عاقوبا، شوێن یان جێگەی پشکنین یان بەدواچوون لەبەرئەوەی لەسەر ڕێگەی کاروانەکانە بۆ ئێران[٣]، کەرکوک لەکەرخ سلۆک وەرگیراوە لەوشەی ئارامی کەرخا بێت سلۆک واتە شاری سلۆکس- سلۆقس[٤]. ئەنبار واتای ئەنبار بریتییە لەکەڵەکە بووی خواردن[٥]. وەزۆری تر لەشارەکان بۆ نموونە: الحيرە= حيرتا، بەواتای چادرگا یان سەربازگە. تەلەعفەر تل عفر، تللە، واتە گرد- وعبرە- بەواتای خۆڵا بەواتای گردی خۆڵ، زۆربەی گوندەکانی سریانی (ئارامی) لەوڵاتەکەمان وەکو: تلکیف تل کیپە- بەواتای گردی بەردەران- گردەبەرد[٦]. تللسف تلە- سقیثا بەواتای گردی بڵند. بەغدیدا (باتیدا) واتە بیت الحدأة.

لەدوای ئەو کورتەیە دەربارەی زمانی ئارامی (سریانی)و کاریگەری لەسەر شارستانێتی مرۆڤایەتی هیوادارم لەم توێژینەوەیەدا توانیبێتم بەشێک لەمافی خۆی بدەمێ، ئەگەرچی هەوڵی زیاتری دەوێت لەوەی کەمن کردوومە.

وەلێرەدا ئاماژە بەوە دەکەم کەوا پەیوەندی گەورە هەیە لەنێوان زمانی عەرەبی و سریانیدا، عەرەبەکان یەکەم بوون لەبایەخ دان بەزمانی سریانی.

---

١() ن.م. ص١٠١.

٢() ن.م. ص١٠٢.

٣() ن.م. ص٢٠٧.

٤() ن.م. ص ٢١٨

٥() ن.م. ص٢٧٣.

٦() القس ميخائيل حجب ويزي، بلدة تكليف ص٧.

# زمانی کوردی وەکوو زمانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستاندا

د. ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین

زمان؛ مرۆڤەکان لەیەکتری کۆدەکاتەوە، هەر بۆیە زمانەوانی لێکۆڵینەوە لەبارەی زمانەوە دەکات و وای دەردەبڕێت، کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەم جۆرە هەبوونی زمانێکی هاوبەش لە روانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا بۆ ئەم کۆمەڵگەیانەی، کە بە کۆمەڵگەی فرەزمانی ناسراون و لە سنوورێکی دیارکراوی جوگرافی، وەکوو هەرێمێک، یاخود وڵاتێک، کە بەیەکەوە دەژین و سیستەمێک کۆیان دەکاتەوە و کاروباری ڕۆژانەیان بەو سیستەمە رایی دەکەن، پێویستییەکی هەنووکەییە. لەم ڕووەوە زمانی هاوبەش وادەکات، ئەم کۆمەڵگەیە لە هەندێک بنەمای هاوبەشدا بەیەکەوە ببەستێتەوە و جیهانبینینێکی هاوبەشیان هەبێت.

بنەچەی پەیدابوونی زمانی هاوبەش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، کە زمانێکی بازرگانیی تێکەڵاو هەبوو، بە رادەیەکی زۆر پشتی بە زمانی ئیتاڵی نوێ و دیالێکتی پرۆڤیشنالیە Provencal _ دیالێکتی پرۆڤیشنالیە دەکەوێتە پرۆڤێنس Provence لە باشووری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا _ دەبەست و بەکاردەهێنرا لە کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست، کە ئەو زمانە پێی دەگوترا Lingua franca یاخود لینگوافرانکا، ئەو زمانە بە زۆری لە زمانی ئیتالی، تێکەڵاوە بە زمانەکانی فەڕەنسی و ئیسپانی و یۆنانی و عەرەبی پێکهاتبوو، لەم کاتەدا لینگوافرانکا، وەکوو زمانی هاوبەش لە نێو گەلانی دەریای سپی ناوەڕاست بەکارهاتووە.

کەواتە؛ لینگوافرانکا قۆناغی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتا، وەکوو زمانێکی بازرگانی بە پێی پێویستی قۆناغەکە بە دیارکەوت. دواتر بە تێپەڕینی کات زاراوەی Lingua francaبەتەواوی بە سەر زمانەکانی تردا گشتێنراوە، لەسەر ئەم شێوەیە بەکارهێنراوە و دوای ئەم قۆناغە، هەر زمانێک دەتوانێت ببێتە زمانی هاوبەش، واتە؛ ئەم زمانە دوای سەرهەڵدانی لە زمانی بازرگانییەوە، بە تێپەڕینی کات و هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و زمانی، گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینی و واتاکەی فراوانتر بوو، شێوەکەی گۆڕا بۆ زمانێکی هاوبەش، هەموو زمانێکیش دەتوانێت، ئەم فۆڕمە لە خۆبگرێت و بەکاریبهێنێت. بۆ نموونە لە زەمانی عوسمانییەکان، کورد و عەرەب و تورک هەموو پێکەوە بە زمانێکی هاوبەش قسەیان دەکرد، کە ئەویش زمانی تورکی بوو، بە جۆرە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلافەتی عوسمانیدا، ئەگەر چی زمانی تریش لە ئارادا بوون، وەکوو زمانی عەرەبی، کە زمانی ئایین بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا زمانی

تورکی، وەکوو زمانی هاوبەش لە نێو ئاخێوەرە زمان جیاوازەکان بۆ پەیوەندیی ئاخاوتن بەکاردەهات.

هەر لەم روانگەیەوە یونسکۆ بەم شێوەیە پێناسەی زمانی هاوبەش دەکات، کە زمانێکە بەردەوام لە لایەن ئەو کەسانە بەکاردێت، کە خاوەنی زمانی جیاوازن بۆ ئاسانکردنی رەوتی پەیوەندیکردن.

لەم ڕووەوە زمانی هاوبەش بۆ کۆمەڵگە فرەزمانییەکان پێویستە، هەر بۆیە ئەم زمانە بە چەندین هۆکاری جیاوازەوە پەیدادەبێت، کە ئەم هۆکارانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دۆخەی، کە کۆمەڵگەکە پێیدا تێدەپەڕێت. کەواتە؛ زمانی هاوبەش لە ڕێگەی کۆمەڵێک هۆکارەوە پەیدادەبێت و گرنگترینیان باڵادەستی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئەدەبییە. بەم شێوەیە هۆکار زۆرن بۆ سەرهەڵدانی زمانی هاوبەش، واتە؛ زمانی هاوبەش بە هۆکاری نازمانی، وەکوو هۆکاری ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری بۆتە زمانی هاوبەش و ئەم زمانە لە سنووڕێکی دیارکراودا بایەخی خۆی هەیە. یاخود هۆکارێکی تری پەیدابوونی زمانی هاوبەش تەنیا بە هەبوونی زارەکان پێکنایەت، بەڵکو ئەم کاتە پەیدادەبێت، کە یەکێک لە هۆکار و دۆخەکان ئامادەسازی هەبێت و یارمەتیدەر بێت، لە سەر پێکهێنان و گەشەکردنی، هەر بۆیە دەبێت، بۆ پەیدابوونی ژینگەیەکی جیاوازی هەبێت. بۆ نموونە زاری ئەتیکی لە وڵاتی گریک، دیالێکتێکی ناوچەیی لە هەرێمێکی دابڕاو بوو، پاشان بووە زمانێکی هاوبەش لە سەردەمی ئەسکەندەردا، ئەمەش بۆ هۆکاری سیاسی و ئەدەبی دەگەڕێتەوە، کە کاریگەری هەبوو لە سەر ئەوەی ئەم زارە ببێتە زمانێکی هاوبەش.

لە لایەکی ترەوە زمانی هاوبەش گەشە و شیکردنەوەی بە هۆکاری مێژوویی، یان لەسەر خودی گەشەسەندنی شارستانییەتی دەبەستێتەوە، کە لەلای زمان نادیارە. بۆ نموونە کاتێک کۆچبەرانی، وەکوو یۆنانی و ئیتالی و ئەلمانی و کورد...هتد دەچن بۆ ئەمەریکا، لەگەڵ ئەوەی، کە زمانی یەکەمیان لەگەڵدایە، فێری زمانی دووەمیش دەبن، کە زمانی ئینگلیزییە، وردە وردە ئەم زمانە جیاوازانە لە بەرژەوەندی زمانی ئینگلیزی، وەکوو زمانی هاوبەش پاشەکشە دەکەن و دوای چەند نەوەیەک ئەم کۆچبەرانە زمانی یەکەم لەدەست دەدەن و نایزانن، هەموویان زمانی ئینگلیزی، وەکوو زمانی هاوبەش بەکاردەهێنن. بەم جۆرە ئەم گۆڕانکارییانەی بە سەر خودی کۆمەڵگە دێن، کاریگەری راستەوخۆ لە سەر زمان دەکات. هەر بۆیە وا ڕێک

دەکەوێت، کە دەستەیێک و کۆمەڵەییێک بار و دۆخی گۆڕان و پێگەیشتنی بۆ خۆش دەبێت لە نیشتمانەکانیاندا بەمەوە زیاد دەکەن و زۆر دەبن. ئەمەش کاردەکاتە سەر ئاوەدانی و دروستکردن بەو ئاوەدانییەش شار و دێهات و ناوچەی نوێ پەیدا دەبن و مەیدانی زمانەکەیان فراوان دەبێتەوە و باو دەبێتەوە، بۆ نموونە زمانی عەرەبی هەر لە کۆنەوە دابەشی سەر چەندین زار بووە، ئەم زارە عەرەبییانە بە هۆکاری بازرگانی و دراوسێیەتی هۆزەکان و کاری شوانکاری و مەڕاسیمی حەج و پەلامارەکان و شەڕی ئەهلی بەریەککەوتوون، لەوکاتەدا لە ئاکامی ململانێی زمانی، زاری قورەیشی، کە زارێکی زمانی عەرەبی، وەکوو زمانی هاوبەش لە نێو دیالێکتەکانی تردا سەرکەوتووە و پاش ئەوەی زمانی عەرەبی لە دورگەی عەرەبی بڵاوبووەوە و تێکەڵاوی خەڵکی تر بوو، لە گەلانی دراوسێ و ئاخێوەرانی زمانی تر، لە ئەنجامی جیاوازی ژینگەی شارستانییان و دروستکردنی شاری گەورە لە کەناری دۆڵ و ڕووبارەکان و پاشان فتوحاتەکانیان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و فراوانبوونی کاروباری ڕۆژانەیان لە بوارەکانی شوانکاری و جووتیاری و بازرگانی و فێرکردن و پیشەسازی و هونەرەکان و زۆر لە بیانییەکان هاتنە ناو ئیسلام و بوون بە عەرەب، زمانی عەرەبی، وەکوو زمانی هاوبەش بەکارهات و بڵاوبووەوە.

کەواتە؛ سەرجەم زمان و زارەکانی سەر ئەم زەمینە، بەردەوام بە هۆکاری جیاواز لە ململانێی جۆراوجۆر دان، وەکوو ململانێی (ئایینی، سیاسی، ئابوری، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، بازرگانی، تەکنەلۆژی...هتد) بۆ ئەوەی یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ ببێت، لەم دۆخەشدا کاتێک زمانێک، یان زارێک زاڵدەبێت لە هەرێمێک، یان وڵاتێک، یان، چەند وڵاتێک، لەم کاتەدا ئەو زمانە خۆی، وەکوو زمانی هاوبەشی ئەم سنوورە جوگرافییە دەنوێنێت، چونکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەستەمە هەرێمێک، یان وڵاتێک بدۆزرێتەوە، کە یەک نەتەوە، یاخود یەک زمانی تێدابێت، بەڵکو هەر یەک لەم سنووورە جوگرافییانە وەرگرین، ژمارەیەک نەتەوەی جۆراوجۆری تیادا دەژی، کە هەر یەکێک لەم نەتەوانە خاوەنی زمانی خۆیانن، پێویستییان بە زمانێکی هاوبەش هەیە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم زمانە هاوبەشەوە پەیوەندیی بەیەکترەوە بکەن و ئەمەش وا دەکات، کە هەر بەهۆی ئەم زمانە هاوبەشەوە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کلتورییان لە یەکتر نزیک ببێتەوە و ببنە خاوەنی جیهانبینینێکی هاوبەش.

زمانی هاوبەش پەیوەستبوونی بە کۆمەڵگەی فرەزمانی، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کۆمەڵگەی فرەزمانی پێکهاتووە لە فرەیی لە چین و توێژ و نەتەوە و پێکهاتەی جیاجیا، ئەمەش ئاڵۆزییەک بۆ ئەم کۆمەڵگەیە دروستدەکات، کە هەرگیز وا ڕێک ناکەوێت، سەرجەم تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، هەموویان زمانەکانی یەکتر بزانن، هەمووشیان بەو هۆیەی بەیەکەوە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین و ڕۆژانە پێویستیان بەیەکترییەوە هەیە. هەربۆیە بە ڕێژەیەکی زۆر دەگمەن، لە کۆمەڵگە فرەزمانییەکاندا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە سەرجەم خەڵک هەموو زمانەکان بەکاربهێنن. لە زۆربەی کۆمەڵگە فرەزمانیەکاندا، وا باوە کە خەڵکەکەی زمانێکی دیارکراو، یان زمانێکی ئاسان بۆ خۆیان بنیادبنێن، بۆ ئەوەی ببێتە زمانێکی گشتی بۆ پەیوەندیکردنی نێوانیان، ئەم کارەش، یان بە شێوەیەکی سروشتی، یان بە شێوەی پلانی زمانی دەبێت، ئەم زمانە گشتییەش بە زمانی هاوبەش دەناسرێت. بەم جۆرە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەم پێیە هەموو جۆرە کۆمەڵبوونێک لە خەڵک لە سنوورێکی دیارکراودا، دەبێت زمانێکی هەبێت و هاوبەش بێت. بۆ نموونە نیشتمانی عەرەبی، وەکوو هەر هەرێمێک و ناوچەیەکی تر سەرەڕای ئەوەی خاک و نیشتمانی عەرەبە، بەڵام لە هەمانکاتدا چەندین نەتەوە و ڕەگەزی تری تیادا دەژیت و ئەمانیش خاوەن زمانی خۆیانن. هەر بۆیە زۆربەی ئەو کەسانەی ئێستا بە زمانی عەرەبی لە نیشتمانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامیدا قسەدەکەن، لە بنچینەدا لە ڕەگەزی نەتەوەی عەرەبی نین. کەواتە؛ لە نیشتمانی عەرەبیدا زمانی ئەمازیغی، زمانی کوردی، زمانی سریانی، زمانی ئاشوری، زمانی ئەرمەنی، زمانی تورکمانی، زمانی چەرکەسی، زمانی ئەلفونییە و...هتد ئاخێوەری خۆی هەیە. بەم شێوەیە هەموو ئاخێوەرانی ئەم زمان جیاوازانە لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە لە یەکتر نزیک دەبنەوە و پەیوەندیی ڕۆژانە دروستدەکەن. واتە؛ لە وڵاتە عەرەبییەکانیشدا چەندەها زمان و چەندەها کەمینە هەن، بەڵام زمانە هاوبەشەکەیان زمانی عەرەبییە، هەر بەم شێوەیە جیهانی ئیسلامیشدا بە هۆی خۆشەویستییان بۆ ئایینی ئیسلام زمانی عەرەبی، وەکوو زمانی هاوبەش بەکاردەهێنن.

ئەوەی سەرنج دەدرێت. فرەزمانی و فرەنەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە و لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان _ عێراق لە ماددەی (٥)دا هاتووە، ((گەلی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە لە کورد، تورکمان، کلدان، سریان

ئاشوری، ئەرمەنی و هاووڵاتیانی دیکەی هەرێمی کوردستان))، کەواتە؛ هەرێمی کوردستان لە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئایینی و زمانی و ئەتنی و فرەحزبی سیاسی پێکدێت. هەر بۆیە بە هۆی هەبوونی ژمارەیەک نەتەوە و ئاینی جیاواز لە هەرێمی کوردستان، کە بە یەکێک لە سیما سەرەکییەکانی پێکەوەژیان لەم هەرێمەدا دادەنرێت، کە نەتەوەکانی کورد، تورکمان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەنی، عەرەب پێکەوە دەژین و هەر هەموویان هەرێمی کوردستان بە نیشتمانی خۆیان دادەنێن. لە لایەکی ترەوە لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ــ عێراق ساڵی ٢٠٠٩ز لە ماددەی (١٤) لە خاڵی یەکەم و دووەمدا هاتووە، کە (کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانن... زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی رەسمین لە تەک زمانی کوردی و عەرەبییەوە). بەم شێوەیە هەرێمی کوردستان بۆتە کۆمەڵگەیەکی فرەزمانی، کە زمانەکانی کوردی، تورکمانی، سورێت، ئەرمەنی، عەرەبی و...هتد تیادا بەکاردەهێنرێت.

هەر لەم روانگەیەوە مرۆڤەکان لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندیی بەیەکترییەوە دەکەن و بیر و هزریان بۆ یەکتر دەگوازنەوە، بەڵام لەو کاتەدا، واتە؛ لە کاتی ئاخاوتن و پەیوەندی کردنی نێوان ئاخێوەران، دەبێت ئاخێوەرەکان هاوزمان، یاخود زمانێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبێت، تاکو لە یەکتری تێبگەن و بەردەوامی بە گۆڕینەوەی بیر و راکانیان بدەن. لەم سۆنگەیەوە دەگەینە ئەم ڕاستییە زانستییەی، کە زمانی کوردی، وەکوو زمانێکی هاوبەش لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی ئاڵوگۆڕکردنی بیر و هزی لە نێو ئاخێوەرەکانیدا دەبینێت و گفتوگۆی ڕۆژانەی پێ دەکرێت.

بەم شێوەیە زمانی کوردی، وەکوو زمانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستاندا، ڕۆژانە وێنە کەتوارییەکانی ناو کۆمەڵگەی پێ وێنادەکرێت و دەردەبڕدرێت، ئەمەش یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی زمانی هاوبەش لە کۆزمانەوانیدا. چونکە ئەم دۆخەی لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، پێکهاتووە لە نەتەوە و ڕەگەز و ئایین و کەلتوری جیاواز، ئەمەش پێویستی بە زمانێکی هاوبەش هەیە، بۆ ئەوەی هەموویان بتوانن، ڕۆژانە پەیوەندیی بەیەکترییەوە بکەن، ئەم ڕۆڵەش بەر زمانی کوردی کەوتووە، کە سەرجەم پێکهاتەکانی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە و کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی بنیادناوە. پێشتریش

لە سەردەمی میرنشینی ئەردەلانی، لە گۆرانستاندا لە سنووری ناوچەکانی کەرکوک، هەمەدان و سنە، دیالێکتی هەورامی سەرەڕای هەبوونی زارەکانی لەکی، کەلهوڕی، فەیلی و سۆرانی، وەکوو زمانی هاوبەش دەوری هەبووە. هەر بەو هۆیەوە دەگەینە ئەو ڕاستییە زانستییەی، کە زمانی کوردی خواستێکی زۆری پەیداکردووە و پێگەی زانستی خۆی هەیە و توێژینەوەی جۆراوجۆری پێ ئەنجام دەدرێت و ئەو کەسانەی، کە مەبەست و کاری جۆراوجۆر ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، هەوڵی فێربوونی زمانی کوردی دەدەن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی زانستی گرنگە و سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە، کە زمانی کوردی شانبەشانی زمانەکانی ناوچەکە و جیهان کاریگەری خۆی نواندووە، کە خەڵکێکی زمان جیاواز هەیە، ئارەزوو بە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی کوردی دەکەن.

زمانی کوردی، سەرەڕای نەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ و هەبوونی هەموو ئەو هەوڵانەی، کە بۆ لەناو بردنی دەدرێت، زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بەهایەکی تایبەتی هەیە و بۆتە زمانی هاوبەشی گشت ئەو نەتەوانەی، کە لە هەرێمی کوردستاندا سالانیکی زۆرە بەیەکترییەوە دەژین. هەر بۆیە زمانی کوردی، وەکوو زمانێکی بەهێز، ڕۆڵ و بەهایەکی گرنگ لە هەرێمی کوردستاندا دەگێڕێت و شانبەشانی زمانەکانی جیهان گەشەدەکات و بەرەو پێشەوە دەڕوات، توانیویەتی بوونی خۆی بسەپێنێت و وەکوو زمانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستان بەکاربهێندرێت و بە زیندوویی بمێنێتەوە.

هەبوونی قەوارەیەکی سیاسی لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ز، لە هەرێمی کوردستاندا، کە کورد فەرمانڕەوایەتی دەکات، لە ڕووی چەندایەتیشدا نەتەوەی کوردی ژمارەی دانیشتووانی لە نەتەوەکانی تری، وەکوو تورکمانی، کلدان، ئاشوری، ئەرمەنی، عەرەبی و نەتەوەکانی تر زیاترە و لە ڕووی چۆنایەتیشدا، هەم نەتەوەی کورد شارستانیەتییەکەی لە پێش ئەم نەتەوانەیە، لە لایەکی تریشەوە زۆربەی ئاخێوەرانی تورکمانی و کلدانی و ئاشوری و ئەرمەنی و ڕێژەیەکیش لە ئاخێوەرانی عەرەبی، زمانی کوردی دەزانن و ڕۆژانە ئاخاوتنی پێدەکەن، ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی، کە زمانی کوردی، وەکوو زمانی هاوبەش لە نێو زمانەکانی تردا خۆی زاڵ بکات و بە دیاربکەوێت.

لەم ڕووەوە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵانە کۆنفراسی زانستی جۆراوجۆر سەبارەت بە بوارەکانی زمانی کوردی سازبکات، تاکو لە سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و ناوەندەکانی خوێندن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە بینراو و بیستراو و خوێنراوەوە، بتوانرێت یەک جۆر ڕێنووس و یەک جۆر زاراوە بەکاربهێندرێت و پێشنیازی ئەوە دەخەینەڕوو، کە پێویستە لە هەرێمی کوردستاندا، منداڵی کورد، تاکو تەواوکردنی قۆناغی شەشەمی بنەڕەتی بەخورتی بە زمانی کوردی بخوێنێت، دوای ئەم قۆناغە ئازاد بێت، کە دەیەوێت، چ زمانێک فێرببێت. هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بۆ ئەو کەسانەی، کە بە مەبەستی کاروباری جیاجیا ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن و لێی دەمێننەوە و زمانی کوردی نازانن، خولی فێربوونی زمانی کوردییان بۆ بکاتەوە.

هەر بۆیە لە وەسفی زیندوویی و مەزنی زمانی کوردیدا، دەتوانیین، ئاماژە بەوە بکەین، ئەگەر وێنەی بازنەیەک بکێشین و هەر ئاخێوەرێکی زمانی کوردی بەشداری لە دانانی پنتێک لە ناو ئەم بازنەیەدا بکات، تاکو ئەم بازنەیە بە دانانی پنتەکان پڕدەبێتەی و بازنەکە دادەپۆشێت، واتە؛ بە شێوەی دابەشبوونی تەواوکەرانە، ئینجا بەم بازنەیە دەگوترێت زمانی کوردی، واتە؛ هەموو ئاخێوەرەکانی لە هەر کونج و قوژبنێکی سەر ئەم زەمینە دابن، زمانی کوردی پێکدەهێنن.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە بە زمانی کوردی:**

١_ ئادەم بێدار (٢٠٢١)، هەمەچەشنی و فرەیی لە هەرێمی کوردستاندا، ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو، چاپی یەکەم، چاپ ئینستتیوتی تۆلێرانسی بێ سنوور، هەولێر، هەرێمی کوردستان.
٢_ S. N. Bakir (٢٠١٠)، دایگلۆسیا لە زمانی کوردیدا، وەرگێڕانی: ڕۆژگار جەلال، گۆڤاری زمانناسی ژمارە(٦)، ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٣_ رشاد میران (٢٠٢١)، مرۆڤناسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٤_ شێرزاد سەبری عەلی و عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللا (٢٠١١)، زمانڤانیا کارەکی، چاپا ئێکی، چاپخانەیا خانی، دهۆک.
٥_ عەلی عەبدولواحید وافی (٢٠٠٧)، زانستی زمان، وەرگێرانی: ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم(د.)، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٦_ فوئاد حمە خورشید (٢٠١٨)، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، توێژینەوەیەکی جوگرافی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٧_ مەنسوور رحمانی (٢٠١١)، زمانی ستاندارد و کێشەی کۆمەڵگەی کوردی بە جەخت کردن لە سەر زمانی کوردی هەورامی، گۆڤاری زمانناسی ژمارە(١٢)، ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٨_ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٤)، زار و زمان، چاپی دووەم زیادکراو و پوختکراو، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
_ دەستوور:
٩_ پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٩/٦/٢٤.

**دووەم: سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:**

١٠_ ابراهیم محمود خلیل (٢٠١٠)، مدخل الی علم اللغة، الطبعة الاولی، دار المسیرة للنشر والتوزیع و الطباعة، عمان، الاردن.
١١_ ج. ڤندریس (٢٠١٤)، اللغة، ترجمة: عبدالحمید الدواخلي، محمد القصاص(د.)، تقدیم: فاطمة خلیل، المرکز القومي للترجمة، القاهرة.
١٢_ جولییت غارمادي (١٩٩٠)، اللسانة الاجتماعیة، عربة: خلیل احمد خلیل(د.)، الطبعة الاولی، دار الطلیعة للطباعة و النشر، بیروت.
١٣_ جین اتشس (٢٠١٦)، اللسانیات مقدمة الی المقدمات، ترجمة و تعلیق: عبدالکریم محمد جبل، الطبعة الاولی، المرکز القومي للترجمة، القاهرة.
١٤_ رمضان عبدالتواب (١٩٨٥)، المدخل الی علم اللغة ومناهج البحث اللغوي، الطبعة الثانیة، مکتبة الخانجی للطباعة و النشر و التوزیع، مطبعة المدنی المؤسسة السعودیة بمصر.

١٥_ عبد العلي الودغيري، (٢٠١٣)، لغة الأمة و لغة الأم، عن واقع اللغة العربية في بيئتها الاجتماعية و الثقافية، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.
١٦_ عمر رشيد شاكر السامرائي (٢٠١٧)، العربية المشتركة دراسة في ضوء المنهج اللغوي التأريخي، الطبعة الاولى، دار غيداء للنشروالتوزيع، عمان، الاردن.
١٧_ محمد علي الخولي ( ٢٠٠٠ )، مدخل الى علم اللغة، دار الفلاح للنشر والتوزيع، الاردن.(١٩٩١)
١٨- معجم علم اللغة النظري، طبع في لبنان، مكتبة لبنان، بيروت.

**سێیەم: سەرچاوەی ئینگلیزی:**

19_CRYSTAL, D., (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth Edition, Blackwell publishing Ltd.
20_FROMKIN, V., RODMAN R. and HYAMS, N. (2014), An introduction to language, tenth edition, Wadsworth cengage learning, printed in the United states of American.

# بە مردنی زمانەکەمان چیمان بەسەر دێت؟

رۆس پێرلین
لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

بەگوێرەی دوائاماری ئیتنۆلۆژیا، یەکێک لەزۆر بەسوودترین داتابەیسەکانی زمان، ١٩٠ دەوڵەت، نەتەوەی جیهان خاوەن ٧١٦٨ «زمانی زیندوون»، بەسەرنجدان لە ژمارەیەک حکوومەت کە زمانی فەرمییان زیاتر لەیەک یان چەند زمانێکە، پەیامی ناهاوسەنگی نێوان ژمارەی وڵاتان و زمانەکان ڕوونە، زۆربەی ئەو زمانانە پەیوەستن بەو کۆمەڵگەیانەوە کە لە دەوڵەت، نەتەوەکان دێرینتر و خۆماڵیترن، لانیکەم ناهاوسەنگی نێوان ژمارەی وڵاتان و زمانەکان فاکتەرێکی کاریگەری زوو سەرسامکەری پووکانەوەی فرەیی زمانە، کە ئاگایی مرۆڤەکانی هەموو جیهان دەگۆڕێت.

زمانناسان لەو باوەڕەدان لانیکەم نیوەی زمانەکانی مرۆڤ لە مەترسیدان. لە ئێستادا زۆربەی ئەم زمانانە کەمتر لە دەهەزار کەس قسەی پێدەکەن. سەدان زمان کەمتر لە دەکەس قسەی پێدەکەن و مەزەندە دەکرێت زۆربەی زمانەکان تەنیا کەسێک قسەی پێدەکات. ئەو بارودۆخە بە گوێرەی ئاماری ئیتنۆلۆژیا بە تایبەت بۆ ١٥٧ زمان، ئاماژەیەکی جیهانی ترسناکترە. لە کاتێکدا قسەپێکەرانی زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی، هیندی، چینی ماندارین و ئیسپانیی گرووپێکی گەورە پێکدەهێنن، زمانەکەمتر ناسراوەکان بەرەونەمانن. بە پێی یەکێک لە مەزەندەکان، لە ٩٤٪ی دانیشتوانی جیهان تەنیا بە لە ٤٪ی هەموو زمانەکان قسەدەکەن یان بە دەربڕینێکی دیکە تەنیا لە ٤٪ی دانیشتوانی جیهان بە لە ٩٦٪ی هەموو زمانەکان قسەدەکەن. فرەیی زمان هاوشێوەی فرەیی ژینگە بە یەکسانی دابەش نەبووە و لە ناوچەکانی وەک پاپوای نیوگینیای ناوچە گەرمەکانی ئەفریقا، ئامازۆن و هیمالایا زیاترە. لانیکەم لە هەموو ئەم ناوچانە تا ئەم دواییە جوگرافیا، ئابووریی بژێوی و دوورکەوتنەوە لە حکومەتە ناوەندەکان، کەمتر هاوکاری مانەوەی گرووپی زمانی کردووە. ئەمڕۆ ناوچە گەشەسەندووەکانی زمانەوانی، شارەکانی کۆچبەر وەرگری وەک جاکارتا، لاگۆس، لەندەن، نیویۆرک و پاریسن، ئەو شارانەی خەڵک لە هەموو جیهانەوە بۆ کار، خوێندن، خزمەتگوزاری، ئەگەری بە زیندوومانەوە و کامکردنی ژیانی نوێ، بە شێوەیەکی زۆروزەوەند شالاویان بۆدێنن. ئەمڕۆ نیویۆرک لە روانگەی زمانەوە فرەییترین شارە نەک تەنیا لە جیهان، بەڵکو لە سەرانسەری مێژووی جیهانە، بەڵام هیچ متمانەیەک بە مانەوەی فرەیی زمانەوانی لەو بازاڕە شێواوییەی کارلێککردنەدا نییە.

بــەردەوام زمانەکان هاتوون و چـوون، هەتا هەندێکجار زمانە قسەکەرە زۆر کەمەکانیش توانیویانە چەند نەوەیەک بمێننەوە، بەڵام هەنوکە خێرایی پووکانەوەی زمانەکان دەگمەنە. ئەم پرۆسەیە لە زۆر لایەنەوە هاوشێوەی زۆر لەناوچوونی جۆرەکانی گیانەوەران و ڕووەکەکانە لەسەر زەوی. لەوانەیە بتوانین بڵێین رەوتی لەناوچوونی زمانەکان بە بڵاوبوونەوەی هەزاران ساڵەی کشتوکاڵ دەستی پێکرد، پرۆسەیەک دەرفەتی بە گرووپە زمانییە تایبەتییەکاندا بۆ زیادکردنی دانیشتوانەکەیان، وڵاتی نوێ داگیربکەن و بەسەر گرووپە بچووکترەکانی راوچی کۆکەرەوە و کۆچنشیندا زاڵ بن کە لە روانگەی زمانەوانییەوە فرەتربوون. داگیرکاریی ئیمپراتۆرییە کۆڵۆنیالەکان لە سەدەکانی ئەم دواییە، زیادە شارنشینی و فراوانبوونی تۆڕە سەرمایەدارییەکان و پابەندی تاک زمانییەکانی دەوڵەت – نەتەوەکان، هەموویان بەشداربوون لە لەناوچوونی زمانەکان. هەروەها فراوانبوونی سیستمی پەروەردەی فەرمی و سەرهەڵدانی فۆڕمی نوێی میدیاو پەیوەندی کردن، پاراستنی زمانە بچوکەکانیش لە جیهانێکی گۆڕاودا قوورستر کردووە.

زۆر جار قسەپێکەرانی زمانی زاڵ گوێ بە لەناوچوونی زمانە بچووکەکان نادەن. چما ئەودنیایە باشترین دنیا نییە هەموو زمانەکان لێک بگەن؟ ئەمجۆرە تێڕوانینە نەک تەنیا ئەم خاڵە لەبیردەباتەوە کە قسەپێکەرانی زمانێکیش دەتوانن پێکەوە شەڕبکەن و یەکتریی بکوژن، بەڵکو سوودەکانی زانست، هونەری و بە قوڵی مرۆڤایەتی فرەیی زمانی بەتەواوەتی لەبەرچاو ناگرێت. لە کتێبی فرەیی زمانەکان: چۆن زمانەکان جیاوازیی شێوازی تێفکرینمان ئاشکرا دەکەن، (کالێب ئێڤێرت)، زماناس، مرۆڤناس جەخت لە دەوڵەمەندی زمانەکانی بەرەو لەناوچوونی جیهان دەکاتەوە. هەرگیز ئەو زمانانە قسەکەری سەرەتایی نین، بەڵکو دەوڵەمەندن بە ئەدەبی زارەکی، زانیاریی مێژوویی و زانستی، تایبەتمەندی زمانی دەگمەن و سەرسوڕهێنەرەکانی دیکە، کە بەدەگمەن دەتوانی تەواو بیانگۆڕی بۆ زمانەکانی دیکە. بەشێکی گەشەسەندنی لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن کە باشترە منداڵان بە زمانی دایکییان بخوێنن و تەنانەت دەکرێت پاراستنی زمانی دایک هاوکاربێت بۆ ساغلەمی دەروونی و جەستەیی تاک. جگە لەوە، بە سەرنجدان لە مێژووی ئاوارەیی و کۆچ، سەرکوتکردن و ئازار و ئەشکەنجەدان و پەراوێزخستن کە

زۆرێک لە قسەکەرانی زمانەکان کەوتوونەتە مەترسییەوە، هەروەها دەکرێت پاراستنی زمانەکان نموونەی دادپەروەریی بێت.

لەناوچوونی هیچ زمانێک مەحاڵ نییە. دەکرێت هەر زمانێک بە پشتیوانی سیاسی دەوڵەتانی ناوخۆ یان نیشتمانی و تەرخانکردنی سەرچاوەی دارایی پێویست بەرهۆدەی هەمووهەرەشە، نیگەرانییەکان بن و بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی پەیوەندیکردن کە زادەی یەکخستنی شوناسە نەتەوەیی و فشاری جیهانگیریین، بەڵام زۆربەی زمانەکان ئەو پشتگیرییەیان نییە. فشارە توندەکانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی کەلێن لە گواستنەوەی زمانی نێوان نەوەکان دروست دەکات. ئیدی گەنجەکان وەک نەوەی پێش خۆیان قسەناکەن. قسەکەرانی زمانێک هەست دەکەن لە جیهاندا شوێنێکییان نییە. کێشە تەنیا بوونی کار، قوتابخانە و تەواوی دەرفەتەکان بە زمانە زاڵەکانی وەک ئینگلیزی، چینی ماندارین و ئیسپانیایی نییە. قسەکەرانی زمانەکانی وەک کری، ناواتڵ و ژوانگ هەمیشە لە دۆخێکدا بوون کە لە زمانەکەیان و شێوازی قسەکردنیان- بەهۆی ناسنامەکەیان - هەست بە شەرم بکەن.

ئەمجۆرە زمانانە بۆ مانەوە، چ جای گەشەکردن، ڕووبەڕووی ململانێیەکی دژوار دەبنەوە. زانیاریی کەمە دەربارەی ئەو زمانانەی لە مەترسیدان، کە نیوەی زمانەکانی جیهان پێکدەهێنن. ئەگەر دۆکیۆمێنتی زۆربەیان هەبێت، تەنیا چەند کتێب و دەقێک و زۆربەی کاتیش لیستی چەند وشەیەکە. تەنانەت لە چەند دەیەیەکی ئەم دوایە لە ناو زمانناسان کە زۆربەیان هەنگاوێک لە دوای مژدەدەرانی مەسیحی بوون، هەوڵی جدی و بەرنامەڕێژ بۆ بە دۆکیۆمێنتکردنی زمانەکانی بەردەم لەناوچوون و پەرەپێدانی کۆمەڵێک لە شێوازەکان، پرۆتۆکۆڵەکان و ئامرازەکان بۆ ئەم مەبەستە دەبینین. هاوکات، قسەکەرانی زمانی بچووک و لە مەترسیداش دەستییان نەخستووەتە ناو دەستی یەکەوە. سەدان کۆمەڵگە لە جیهاندا هەوڵێکی زۆر بۆ بەدەستهێنانەوەی یان زیندووکردنەوەی زمانەکانی خۆیان دەستپێکردووە، بزووتنەوەیەکی جیهانی کە لێکەوتەی سیاسی خۆی هەیە.

ئێڤێرت لە کتێبی فرەیی زمانەکان، هەمەجۆریی گەورەی زمانەکانی جیهان ڕەنگڕێژ دەکات. زۆربەی ئەم زمانانە پەیوەندییان بە سەدان خێزانی زمانی گەورەی وەک زمانەکانی سترۆنزیایی، هیندۆئەورووپی (کە زمانی ئینگلیزیش دەگرێتەوە)

و نەیجریا و کۆنگۆوە هەیە، بەڵام لە سەد زیاتر زمانی «گۆشەگیر»یش هەیە کە هیچ پەیوەندییەکی سەلمێنراویان بە زمانە ناسراوەکانی ترەوە نییە. بەگشتی، هەر چەندە خێزانە زمانەکان لە زمانێکی باوباپیرانی کۆنەوە سەرچاوە دەگرن کە تەمەنی هەزاران ساڵە، بەڵام دەکرێت زمانەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ تایبەتمەندی و پێکهاتەی خۆیان پەرەپێبدەن یان لە ڕێگەی بەرکەوتە بە زمانەکانی دیکەدا، ببنە قوربانی گۆڕانکاریی.

ئێڤێرت بەوردی شیکردووەتەوە کە چۆن دواجار تووێژەرەوان بە بەکارهێنانی نموونەی کاملتر لە زمانەکانی جیهان، هەوڵ دەدەن پەیوەندی نێوان زمان، هزر و «هەموو لایەنی ئەزموونە مرۆییەکان» بدۆزنەوە. لەوانە بابەتە هەست پێنەکراوەکان کە جیهان بە کەم بوونەوەی فرەیی زمانی لە کیسی دەچێت، شێوازی ژیان و تێگەیشتنی گرووپە مرۆییەکانی لە جیهانی سروشتی و کۆمەڵایەتی دەوروبەریان، ئەو شێوازانەی کە جیاوازییەکی ورد، بەڵام گرنگییان بەیەکەوە هەیە. زمانەکان تەنیا بەپێی جیاوازییەکان بۆ کۆمەڵەیەکی یەکسانی شمەک و چەمکەکان ناخەنەڕوو کە هەمیشە بتوانێت بەوەرگێڕان، ئەم مەودایانە پڕبکاتەوە. لەوانەیە مەیل و هاوبەشی لە نێوان زمانەکاندا هەبێت، بەڵام هیچ زمانێک نییە بتوانین پێی بڵێین زمانی «سەر زەوی». زمانێک نییە «سەر بە هیچ شوێنێک و هەموو شوێنێک». هەر زمانێک لە ناوخۆیدا تۆوی شوێنێک و مێژوویەکی دیارکراو هەڵدەگرێت.

ئێڤێرت ئاماژە بەوەدەکات کە زمانە جیاوازەکان بە شێوازی جیاجیا «ئەزموونی شوناسی مرۆڤ» کۆد دەکەن و کاریگەریی بەسەریانەوە هەیە و بە وردییەوە لە بەکارهێنانی دەستەواژەکان و جەختکردنەوە لە شایەتحاڵی ئەزموونی، خۆی لەخستنەڕووی وەڵامی یەکجارەکی یەکێک لە بابەتەکانی هەمیشە پڕمشتومڕی زمانناسی، ناسراو بە گریمانەی ساپیر – وۆرف، بە دووردەگرێت. بە گوتەی ئێڤێرت، ئەو گریمانەیە باوەڕی وایە «زمانەکان کاریگەری توندییان بەسەر بیرکردنەوەی نازمانی قسەکەرانیانەوە هەیە». بە دەربڕینێکی دیکە، مرۆڤەکان تەنیا زمانێکی تایبەت بۆ دەربڕینی بیرکردنەوەکانیان بەکار ناهێنن، بەڵکو ئەو زمانە شێوازی بیرکردنەوەیان پێک دەهێنێت. نزیکەی سەدەیەکە باسی ڕاستی یان ناڕاستی ئەم بابەتە دەکرێت. ئەم گریمانەیە بەلای زۆربەی زمانناسانەوە لۆژیکی و تەنانەت تا ئاستێک بەڵگەنەویست دەردەکەوێت، هەر چەند زۆربەی زمانناسان

بە بانگەشەیەکی تاقینەکراوە و لە رادەبەدەر سادەیان زانیوە، بەڵام دواجار ئەم روانگەیە دەگۆڕێت. ئێڤێرت پشتبەست بەدەیان تووێژینەوەی نوێ دەریدەخات کە زمانەکان شێوازی جیاوازییان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بە زمان، شوێن، پەیوەندییەکان و هەموو نیگەرانییە سەرەکییەکانی مرۆڤەوە هەیە و دەکرێت ئەم پراکتیزانە لە دەرەوەی ساتەوەختی قسەکردن لە مێشک و کەلتوورەکاندا بمێننەوە. ئەو بەوردییەوە سەرنج لە پەیوەندییە سەرنجڕاکێشەکانی نێوان تایبەتمەندییەکانی زمانناسی و ژینگەی سروشتی و شێوازەکان یان سەبکەکانی ژیان دەدات. بە واتایەکی تر، هەر چەندە ئەو کلێشە کۆنەی کە دەڵێت خەڵکی ئینویت ٥٠ وشەیان بۆ ئاماژەکردن بە بەفر هەیە، ڕەنگە زیادەڕەوییەکی گەورەبێت (تێبینی ڕەسەنی ئەنترۆپۆلۆژیست فرانس بۆئاس تەنیا چوار وەسفی بۆ بەفر دۆزییەوە)، بەڵام هەندێک ڕاستی لەم لێدوانەدا هەیە.

بۆ نموونە، کات لەبەرچاوبگری. بنیامین ورف زمانناسی داهێنەری گریمانەی ساپیر – وۆرف دەڵێت، زمانی هۆپی لە ئاریزۆنای ئەمڕۆ هیچ واژەیەکی بۆ ئاماژەکردن بە کات نییە و لە ئەنجامدا، لەوانەیە قسەکەرانی زمانی هۆپی بۆ نموونە بە شێوەیەکی جیاواز لە قسەکەرانی ئینگلیزی کات ئەزموون بکەن. بەبێ گوێدانە ئەو ڕاستییە زۆر مشتومڕاویانەی لە سەر زمان و کەلتووری هۆپین، راستە زۆرێک لە زمانەکان، گەورە و بچوک یان بەیەکجاری واز لەکات دەهێنن یان دابەشکردنێکی جیاواز جگەلە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو بەکاردەهێنن. زمانی کایتیانا، زمانی ئەمازۆنی کە ئێڤێرت لێیدەکۆڵێتەوە، تەنیا دوو کاتی هەیە: داهاتوو و ناداهاتوو. کاتی ناداهاتوو هەر دوو کاتی ڕابردوو و ئێستایە. زمانی یاگوا، زمانێکی دیکەی ئەمازۆنییە، هەشت کاتی هەیە کە پێنجییان بۆ ئاماژەکردنە بە سەردەمی کاتی جیاواز لە ڕابردوو بەکاردەهێنرێن. بەهۆی باش قسەکردنەوە بە زمانی یاگوا، دەبێت تاک جیاوازییەکی وردی کاتبەندی بکات. بۆ نموونە پاشگری «–سیما» بۆ ئەو کردارانە بەکاردێت کە ئاماژە بە کاتێک دەکەن «نزیکەی هەفتەیەک تا مانگێک لەمەوبەر».

میتافۆرەکانی ئاماژەکردن بە کات لە زمانە جیاوازەکاندا، لەوەش ئاڵۆزترە. لە کاتێکدا قسەکەرانی ئینگلیزی، داهاتوو بە شێوەی فەزایەکی بەرانبەر یان بەردەمی دەبینێت. قسەکەرانی زمانی ئایمارا لە بۆلیڤیا و پیرۆ، داهاتووی پشتی خۆیان و

ڕابردووی بەردەمیان گریمانە دەکەن. بۆنموونە، دەستەواژەی «ئایرا مارا» بە واتای وشەیی «ئەو ساڵەی کە دەتوانم بیبینم»، بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بە «ساڵی ڕابردوو». دەستڕاوەشاندن و هێما و ئاماژەکانی بەکارهێنراو لەگەڵ ئەم لێکدانەوانە دەریدەخەن، ئەو دەستەواژانە دەتوانن دزە بکەنە قوڵایی بیرەوە. لە کاتێکدا زۆربەی قسەکەرانی ئینگلیزی لەکاتی باسکردنی ڕابردوو ئاماژە بەدواوە دەکەن، قسەکەرانی ئایمارا بە پێچەوانەوە ئەم کارە دەکەن.

ئەم بابەتانە لە پەیوەند بە وشەکانی پەیوەندیدار بە شوێن، ڕەنگ و دەستەبەندی ناوەکان، پەیوەندی خێزانی، ڕەگەز و شێوەی چەند بەرانبەر دەبن. بۆ نموونە، قسەکەرانی زمانی برینمو لە نۆپاپوئاگینە وشەی «نول» بۆئەوەی قسەکەرانی ئینگلیزی وەک سەوز و شین دەیناسن، بەکاری دەهێنن. لە حەقیقەتدا، زۆربەی زمانەکان ڕەنگێکییان بەناوی سەوز – شین هەیە. هەروەها قسەکەرانی برینمو وشەی «ور» بۆ ئاماژەکردن بە ڕەنگێک بەکاردەهێنن کە هاوتای زەرد و سەوزی گەشە لە زمانی ئینگلیزیدا. تاقیکردنەوەیەک کە توانای قسەکەرانی برینمۆ و ئینگلیزی هەڵسەنگاند بۆ بیرهێنانەوەی ڕەنگی پارچە ڕەنگی جیاواز دەریخست کە هەر گرووپێک ڕەنگی پارچەکانیان باشتر لەبیرە کە بە ڕوونی هاوتای پۆلە ڕەنگەکانە لە زمانەکەیاندا. ئێڤێرت لە وەسفکردنی ئەم دیاردەیەی کە پێیدەگوترێت پۆلێنبەندی زمانەوانی (language-based categorical perception) دەڵێت: « مرۆڤەکان بە ئاسانی ئەو هاندەرانە دەناسنەوە، کە دەکەونە پۆلە چەمکییە تایبەت و جیاوازەکانەوە لەچاو هاندەرەکانی تر.»

ئێڤێرت پشتڕاستی دەکاتەوە کە گرنگی ئەمجۆرە بۆچوونە زۆر جیاوازانە لە ژیانی ڕۆژانـەدا، بابەتێکی ئاڵۆزترە. هەندێک لەو بـاوەڕەدان کە تا رادەیـەک کاریگەریی جیاوازییە زمانییەکان کەمن و زۆربەیان تەنیا لە تاقیکردنەوە وردەکاندا دەردەکـەون. کەس نکۆڵی لـەوە ناکات کە تا ئاستێک وشەسازی جیاوازەکان ڕەنگدانەوەی پێشینەکان، شێوازەکانی ژیان و ژینگە جیاوازەکانی قسەکەرانە، بۆ نموونە، لەو زمانانەی پەیوەندییان بە ناوچەی بەفربارینەوە هەیە وشەی دەربارەی بەفرییان زیاترە، بـەڵام ژمارەیەکی تا رادەیـەک کـەم لەجیاوازییە ڕێزمانییە بەناو «قوڵترەکان» دەتوانرێت بە ئاسانی لەسەر بنەمای گۆڕاوە کۆمەڵایەتی، کەلتوورییەکان یان ژینگەییەکان ڕوون بکرێتەوە. بۆنموونە، بەکارهێنانی پلەی

جیاوازی ئەدەب لە کۆمەڵگەی چینایەتیتر یان بەکارهێنانی نیشانەکانی ئاڕاستە دۆزینەوە بەپێی جوگرافیای ناوخۆیی، بەڵام ئەو ڕاستییەی کە ئینگلیزیزانەکان ناوەکان کۆدەکەنەوە و چینییە ماندارینییەکان نایکەن، پێویستە وەک بەشێک لە وردەکارییەکی هەڕەمەکی لە مێژووی زمانەکەدا سەیر بکرێت کە هیچ ئەنجامێکی دەرەوەی زمانەوانی نییە. هەندێک جار، جیاوازی نێوان زمانەکان تەنیا ئەوەندەیە و بەس. زۆرێک لە تایبەتمەندییە زمانییەکان لە بنەڕەتدا پارامەترێکی هەڕەمەکین کە هیچ مانایەکی قوڵتری کەلتووری و مەعریفییان نییە. لە ئێستادا، نەک تەنیا بنەمایەک بۆ بینینی ئەم بابەتە بە شێوەیەکی دیکە بوونی نییە، بەڵکو دەکرێت گشتاندنە نیمچە زانستییەکەی بەرەنجامی ئەمجۆرە شێوازی بیرکردنەوە زۆر ترسناک بن. بیهێنە بەرچاوت ئەگەر خەڵک پێیانوابوو قسەکەرانی هۆپی هیچ چەمکێکی کاتییان نییە، لە کاتێکدا قسەکەرانی یاگوا پێشکەوتووترین تێگەیشتنیان لە کات هەیە و قسەکەرانی ئینگلیزی لە نێوان هەر دووکییاندان. پراکتیزە زمانەوانییەکان زۆر دینامیک و بارودۆخی و تێکەڵاون بۆئەوەی ڕێگە بەوجۆرە گشتاندنانە بدەن.

بەم حاڵە، کتێبی فرەیی زمانەکان ئاماژەیەکی رواڵەتی بەوە دەکات کە دەتوانی پەیوەندییەکی دیارکراو لە نێوان زمان، کەلتوور و بیرکردنەوە بدۆزیتەوە. ئەو جووتیارانەی رژێمە خۆراکییەکانیان لە مادەی خۆراکی نەرمتر پێکدێ و لەبەر ئەوەی ددانی سەرەوەی پێشەوەیان زیاتر دیارە، ڕەنگە زیاتر دەنگی لابیۆدنتال وەک «ف» و «واو» بەکاربهێنن، کە پێویستە ددانی سەرەوەی پێشەوە بەر لێوی خوارەوە بکەوێت. ئەوە لە کاتێکدایە راوچی – کۆکەڕەوان، کە ددانی سەرەوەی پێشەوەیان لەسەر یەکە و هاوئاستن، کەمتر ئەم دەنگانە بەکاردێنن. هەر چەند بەکارهێنانی ڕەنگەکانی بازرگانی لە کۆمەڵگەی خۆرئاوا، خوێندەوار، پیشەسازی، دەوڵەمەند و دیموکراسی لەم ساڵانەی دوایی چەمکەکانی پەیوەند بە ڕەنگەکان لە زمانی ئەم کۆمەڵگەیانەی دەوڵەمەندتر کردووە، بەڵام ستراتیژییەکانی بژێوی ژیانی راوچی – کۆکەڕەوانی لەوانەیە سەربکێشێتە دەوڵەمەندی زیاترەوەی «وشەکانی سەر بە دینامیک» لە هەموو زمانەکاندا. بۆنموونە، لە زمانی چاپالا لە ئیکوادۆر ١٥ دەستەواژەی ئەبستراکت بۆ وەسفکردنی بۆنی جیاواز تۆمار کراوە.

هەر چەند بانەکانی وەک ئایمارا، برینمو و چاپالا بۆ زماننااسان و بیرمەندانی زانستەکانی ناسین سەرنجڕاکێش بن، تەنیا کۆمەڵەیەک لە تایبەتمەندی سەیر لە

چاوەڕوانی نمایشکردن لە مۆزەخانەی زمانەکانی جیهان یان تۆمارکردن لە یەکێک لە ئەرشیفە دیجیتاڵییەکانی تایبەتی زمانناسان نین. ئەوان وەک هەموو زمانەکان، بە پلەی جیاواز هێما و بەرجەستەی سەربەخۆیی کۆمەڵێک مرۆڤن. زمانەکانی کە هەر یەکەیان لە تایبەتمەندییەکانیان، هەر چەند لە رواڵەتی ڕێککەوت، دەکرێت کاریگەری سیاسی هەبێت. بەم حاڵە، هەر یەک لەم زمانانە بە فۆکەس خستنەسەر بارودۆخی تایبەتی خۆی بەرەو ڕووی ئاڵنگاریی جیاوازن: فشارەکانی دەخرێتەسەر زمانی برینمو لەگەڵ چەند سەد قسەکەرێک لە هەر دوو گوندەکە، جیاوازە لەو فشارانە دەخرێتە سەر زمانی چاپالا کە چەند هەزار قسەکەر لە ناوچە دارستانییەکان یان زمانی ئایمارا کە سنووری سێ ملیۆن قسەکەری لە چەند وڵاتێکی جیاواز هەیە.

زمان شێوەزارێکە تەیارکراو بە سووپا و هێزی دەریایی». ئەمە وەرگێڕانی ڕستەیەکی بەناوبانگیییدیش کە لە ساڵی ١٩٤٠ مامۆستایەکی بێناو لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی برۆنکس بۆ زمانزان ماکس واینڕایخی داهاتوو قسەی کردووە. ئەم تەنزە هۆشیارانەی لەبەرچاوگرتنی تێگەیشتنی بەرانبەر وەک پێوەرێک بۆ دیاریکردنی زمان زیاتر دەڕوا و ئاماژە بەم خاڵە دەکات کە چۆن هەندێک لە «جۆرەکانی زمان» (زاراوەیەکی بێلایەنتر کە زمانناسان لە «زمان» یان «زاراوە» پێیان باشترە)، زاڵن بەسەر جۆرەکانی تردا و زیاتر گەشە دەکەن. واینڕایچ دەڵێت، هەرگیز مامۆستاکەی نەیدەزانی کە زمانی دایکی مێژوویەکی هەیەو دەکرێ زاڵبێت بەسەر دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی ڕۆژانە و پەیوەندی تیۆری «بۆ کاری گرنگتر» بەکاربهێنرێت.

ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە، نایەکسانییە جیهانییەکان بوونەتە هۆی نایەکسانییە زمانییەکان. قسەکەرانی زمانەکانی لە مەترسیدا بەهۆی داگیرکردنی وڵاتەکەیان یان تادێت بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا پەراوێز دەخرێن و دەبنە جێگەی نیشتەجێبوون و لەئەنجامدا دەچنە ئەوشارانەی کە لەئاستە خوارەوەکانی پلەبەندی ئابووری نەختینەدان. چەند سەد زمانێک بەفراوانکردنی خوێندەواریی گشتی، بەستانداردکردن، خوێندنی فەرمی، میدیای گشتی و تەکنەلۆژیای نوێ، لەزمانەکانیتر دووردەکەونەوە کە پێگەی فەرمی و جۆرێک پاڵپشتی دەوڵەتییان هەیە. تووێژینەوەیەک نیشانیداوە کەمتر لە ٥٪ی هەموو زمانەکان «چوونەتە» شانشینی دیجیتاڵییەوە و لەکەشی ئۆنلاین و تەکنەلۆژیای نوێدا گەشەیان کردووە.

له ٩٥٪ی زمانەکانی دیکە، هەر چەند لەڕوانگەی ڕێزمان و ناسینەوە بەوئاستە ئاڵۆزترن، بۆمانەوەیان پێویستییان بەپشتگیرییە. دووپاتەی ئەوەی زمانێک نەک تەنیا مێژوو، بەڵکو داهاتووشی هەیە، لەزۆرلایەنەوە، پێویستی بە کۆکردنەوەی خەڵک و سەرچاوە و فشاری کۆمەڵایەتی هەیە، واتە پێویستی بە راسانی بزووتنەوەیەکی زمانییە.

بزووتنەوە زمانییەکانی پێشڕەو لە سەدەی بیستەم نیشانیانداوە، سەرەڕای زاڵبوونی جیهانی زمانە زاڵەکان و تەنانەت لە نەبوونی سووپا و هێزی دەریایی، دەکرێت هەر زمانێک ببێتە مۆدێرن. چەند نەوەیەکی لەمەوپێش، پێدەچێت زمانی وێڵزی کەوتووەتە سەر ڕێگەیەکی پووکانەوەی مەحاڵەوەو ژمارەیەکی زۆر کەمی لاوان دەیانتوانی قسەی پێ بکەن، بەڵام بەهۆی هەوڵی چالاکوانان و دواجار، پشتگیری دەوڵەتە ناوخۆیی، نیشتمانییەکان و تەنانەت کیشوەرێکی وەک یەکێتیی ئەوڕووپا ئەم زمانە بووژاوەتەوە و هەنوکە لەناخی وڵاتانی ئینگلیزی زمانانی دانیشتوانێکی بەردەوام لە قسەکەران هەیە و لە گەشەکردندایە. بزووتنەوە زمانییەکانی سەدەی بیستیباسکەکان و کاتالانەکان لە سامانی ئابووری و سەربەخۆیی ئەم ناوچانە لە ئیسپانیا سوودمەند بوون. چالاکوانانی زمانی ماوری لە نیوزلەنداو زمانی هاوایی دووپاتەی گرنگی فێرکردنی زمان لە تەمەنی منداڵی و لە سیستمی پەروەردەدا وەک بەشێک لەبووژاندنەوەی سەرکەوتووانەی ئەم زمانانە کردووەتەوە. نموونەی سەرسامکەری بەرنامەکانی بووژاندنەوەی زمانی ڕەسەنی ئەمریکی نیشانی دەدەن کە تەنانەت گرووپە بچوکەکانیش دەتوانن شوێن بۆ زمانە «خەوتووەکان» بکەنەوە، واتا زمانەکانی بۆ سەدەیەک یان زیاتر قسەکەری ڕەسەنیان نەبووە.

ویل کیملیکای تیۆرسێنی سیاسی دەڵێت: «پێویستە کەمینە نەتەوەییەکان دەستییان بە هەمان ئامرازی نەتەوەسازی بگات کە بەردەستی نەتەوەی زۆرینەیە» و لەوانەیە زۆرێکلە وڵاتانهیچ کێشەیەکییان نەبێت لە پێدانی مافی زمانی و کەلتووری کەمینەکانتا ئەوکاتەی دەسەڵاتیکۆتایی لەپایتەختدابمێنێتەوە، بەڵام دەکرێت ئەم پرۆسەیە چەند بەردەوام بێت؟ جێراڵد رۆچ زماننناس، ئاماژە بەوەدەکات کە بزووتنەوەکانی زمان «زۆرجارفۆرمێکی ناسیۆنالیستی وەردەگرن و هەوڵ بۆ دەستەبەر یان هێنانەکایەوەی دەسەڵاتی حکومەتێک دەدەن بۆ نەتەوەکەی خۆیان

و لۆژیکی یەک نەتەوە، یەک زمان، خاکێک بەرهەم دەهێننەوە و لەم پرۆسەیەدا زمانی کەمینەکانی لاوازتر لەخۆیان سەرکوت دەکەن»، ئەو نموونەیەی رۆچ ئاماژەی پێدەکات، خەباتی سەربەخۆیی تبتییەکانە کە بووەتە هۆی سووتەمەنی «بزووتنەوەی زمانی باوباپیرانی پاک» کە سەرنجی لەسەر زمانی ستانداردی تبتییە و هاوکات، زمان و زاراوەی دیکەی تبت پشتگوێ دەخات.

بزووتنەوە زمانییەکان دیاردەیەکی نوێ نین، بەڵام بەشێکی جیانەکراوەی جوڵانەوە سیاسییەکان بوون کە سەریکێشاوەتە فۆرمۆلەبوونی زۆرینەی دەوڵەت – نەتەوەکانی سەردەم. نەزمی جیهانییە ئەمڕۆ بارودۆخەکە جیادەکاتەوە و تێیدا ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەت – نەتەوە نوێیەکان زۆر سنووردارە، بەڵام بزووتنەوە زمانییەکانیش لەوەڵامدانەوەی هەڕەشەی لەناوچوونی زمانەکان، بەهۆی لاساییکردنەوەی ئەوانی دیکە و زۆرجار لەژێر ئالای مافی ڕەسەنەکان لەزۆربووندان. لانیکەم زۆربەی دەوڵەتەکان بە هەنگاوی هێماییین وەڵامی ئەم داوایانە دەدەنەوە. بۆنموونە، تۆمارکردنی زمانەکان لەدەستووردا، هاوشێوەی نموونەی ئالاسکا و جەزائیر کە لە ڕاستیدا سەرچاوەی کەمییان بۆ تەرخان دەکرێت. بەم حاڵە، پێدەچێت ئەم داوایانە لە زیادبووندان.

هەر گرووپێک بەرگری لە لەناوچوونی زمانی خۆی نەکات و هەر بزووتنەوەیەکی زمانی سەرناکێشێتە بزووتنەوەیەکی سیاسی و جودابیخوازیی، ململانێی نەتەوەیی و شەڕی ناوخۆ، بەڵام لە کامیرۆنەوە تا کەتەلۆنیا و لە هۆنگ کۆنگەوە تا ئۆراینا، سیاسەتی زمانی لە هەموو کاتێکی دیکەدا زیاتر بڵاودەبێتەوە. بەهۆی کۆلۆنیالیزەکردنەوە، زمانە کریۆلەکان لە پۆرت مۆرسبییەوە تا پۆرت ئۆ پرینس لە تاریکییەوە دەردەکەون. لەجامایکا، پاڵنەرە سیاسییەکان بۆ دەرچوون لەکۆمەڵی وڵاتی بەرژەوەندی هاوبەشی بەریتانیا پاڵنەرێکی زمانەوانیی لەگەڵە بۆ بەرەوپێشبردنی پاتۆیس، کە لە مێژە بە «ئینگلیزی ناتەواو» ناوزەد کراوە. هەروەها بزووتنەوە زمانییە نوێیەکان تەنیا لە زمانە تاڕادەیەک گەورە و نیمچە نەتەوەییەکاندا سنووردار نین کە سەدان هەزار قسەی پێدەکەن. سەدان گرووپی زۆر بچوکتر هاوکاری زمانناسان دەکەن، سوود لە تەکنەلۆژیا نوێیەکان وەردەگرن و ئیلهام لەبزووتنەوە پێشەنگەکانی سەدەی ٢٠ وەردەگرن. ئەم زاراوانە کە نەسووپا و نەهێزی دەریاییان هەیە، پێویستییان بەزۆرترین پشتیوانییە.




# کتێبی زمانی کوردی له ئاستی مۆرڤفۆڵۆجیادا

■ پرۆفیسۆر دکتور وریا عومەر ئەمین

زمانی کوردی لە ئاستی مۆرفۆلۆجیادا، کتێبێکی زمانناسییە لە نووسینی پرۆفیسۆر دکتور وریا عومەر ئەمین و لە بڵاوکردنەوەی دەزگای زمانەوانیی زانکۆی جیهان لە هەولێر، کەوتە بەر دیدی خوێنەران و لێکۆڵەوەران، هەروەک لە پێشەکی کتێبەکەدا (زمانی کوردی لە ئاستی مۆرفۆلۆجیا)دا هاتووە کە زمانی کوردی لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا، ناونیشانی ئەم کتێبەیە. لە چەمک و ئاستی مۆرفۆلۆجیا بە گشتی و لە زمانی کوردیدا بەتایبەتی دەکۆڵێتەوە. نووسەر دەڵێت: پێش ئەمە زنجیرەیێک کتێبم لەبارەی ئاستەکانی تری شیکردنەوەی زمان و ڕێزمانی کوردییەوە بڵاوبوونەتەوە بەم ناو و نیشانانە:

١ - ئاسۆیەکی تری زمانەوانی
٢ - زمانی کوردی لە ئاستی ڕستەسازیدا
٣ - سیستەمی راناو لە زمانی کوردیدا
٤ - ڕێزمانی راناو بە ڕێبازی گوێزانەوە
٥ - زمانی کوردی لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا
٦ - ڕێنووسی کوردی لە روانگەی زمانەوانییەوە
٧ – ڕێزمانی کاری زمانی کوردی
٨ – ڕێزمانی راناوی لکاو
٩ - پیتۆکەکانی زمانەوانی
١٠ - لە قوژبنەکانی ڕێزمانی کوردی
١١ – Some Fundamental Rules of Kurdish Syntax Structure
١٢ – Aspects of the Verbal Construction in Kurdish

هەروەها چەندان توێژینەوە و کتێب و وتاری تر، بەمە توانیم هەندێ سەرچاوە لە بارەی ڕێزمانی کوردییەوە لە هەموو ئاستەکانیدا بەردەست بخەم بۆ زمانەوانان و خوێندکاران و بایەخداران بەپێی بۆچوون و ڕێبازە نوێیەکان. هەنگاوی داهاتووشم ئەوەیە، هەموو بەرهەمە زمانەوانییەکانم وەک کۆبەرهەمێک پێشکەش بکەم.

**ئەم کتێبە زمانەوانییە لەم بەشانەدا پێکهاتوون:**

– ناوەرۆک، پێشەکی، شوێنی مۆرفۆلۆجیا لە زمانەوانیدا، وشە و مۆرفیم، جۆرەکانی مۆرفیم، ئەلەمۆرف و جۆرەکانی، ئەلەمۆرفی ڕێزمانی، سەرهەڵدانی وشە لە زماندا،

مۆرفۆسینتاکس وەک سەرچاوەیێک بۆ دارشتنی وشە، یاسا مۆرفۆلۆجییەکانی دارشتنی کار، مۆرفۆلۆجیای ناوی دەنگەکان، مۆرفۆلۆجیای بە تێپەرکردن، ژمارە و یاساکانی، زاراوە، جووتە وشە، مۆرفۆلۆجیای رەگی کار، رەگی کار بە یەک یاسا، لێکدانەوەیێکی مۆرفۆفۆنیمی، لێکۆڵینەوەیکی مۆرفۆفۆنیمی

مۆرفۆلۆجییای رانـاوی لکاو، تایپۆلۆجیای وشـەی کـوردی، کـوردی زمانێکی پۆلۆسینسیتییە، شوێنی هێز لە وشەی زمانی کوردیدا، چەند وشە لە زماندا هەیە، پێنج زاراوەی باس نەکراو.

دکتۆر وریا عومەر ئەمین دەڵێت: بەهێزترین زمانەوان.. زمان خۆیەتی

زمـان سیستەمێکی لە رادە بـەدەر ئاڵۆز و تێکچرژاوە، لە ژێر رکێفی یاسا سروشتییەکاندا کاردەکات، ( وەک فیزیا و کیمیا و ماتماتیک و.. هتد). کارکردیان لە ژوور دەسەڵاتی مرۆڤدایە، زمانەوانی لە زمان دەکۆڵێتەوە وەک دیاردەیێکی سروشتی، ئەرکی زانستی زمان و زمانەوانی تەنیا دۆزینەوەی یاساکان و دەستنیشانکردنی چۆنییەتی کارکردنیانە. هەرگیز ناتوانێ دەسکارییان بکات و بیانگۆرێت، یا پێشنیازیان لە بارەیەوە پێشکەش بکات، یا یاسای تریان بەسەردا بسەپێنێ. واتـا (زمانەوان وێنەگری زمانە). بزیشکی زمان نییە. لە دوو روانگەوە سەیری زمان دەکرێ (زمان وەک سیستەم) و (زمان وەک دیاردەیێکی کۆمەڵایەتی). سەبارەت بە (زمان وەک سیستەم) هیچ هێزێک هەرگیز ناتوانێ دەسکاریی هیچ لە یاساکانی زمان بکات، بۆ نموونە وشەیێک یا زاراوەیێک زمانەکە قبووڵی نەکات هیچ هێزێک ناتوانێ بیسەپێنێ بە سەریدا، وشەیێک یا زاراوەیێک زمانەکە قبووڵی کردبێ هێز نییە بتوانێ لێی دەرهێنێ.

ئەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ موتوربەکردنی شێوەکان بە ئاڵوگۆرکردنی یاساکانیان هەرگیز سەرناگرێ بە جێگیرکردنی یاسایێکی رێزمانی یا ئامرازێ لە شێوەزارێکدا بە هی شێوەزارێکی تر، (وەک جێگیرکردنی ئامرازی کۆ بۆ نموونە). ئەمە دەسکاریکردنی سیستەمە کە هەرگیز سەرناگرێ. جەستەیێکی مردوو دروستدەکات.

لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، زمانەوانی توانای کورد مامۆستا (فەیسەل مستەفا حاجی) زنجیرەیێک وتاری لە گۆڤاری (رۆشنبیری نوێدا) بڵاوکردەوە بە ناونیشانی( لە رێگای یەکگرتنی شێوەکانی کوردی) لە پێناو تێکەڵکردنی کوردیی خوارووو و سەروو، وەک هەر هەوڵێکی تری لەم جۆرە سەری نەگرت. نموونەی تر لە زمانی کوردی و زمانانی تر زۆرە.

زمان جەستەییێکی زیندووە لە ژێر رکێفی یاسا سروشتیەکاندا کاردەکات لە گۆڕینێکی بەردەوامدایە خۆی خۆی بەڕێوە دەبات و دەگەشێنێتەوە و خۆی کێشەکانی خۆی بە تێپەڕینی کات چارەسەردەکات..بۆیە وتوومە (بەهێزترین زمانەوان زمانەکە خۆیەتی).

سەیری مێژووی هەر زمانێک بکە، زمانەوانەکانی بە سەدان و هەزاران لێکۆڵینەوە و وتار و پێشنیازیان پێشکەش کردووە و خستۆتە ڕوو بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی، کامیان رەچاو کراوە؟

کێ دەتوانێ ناوی کێشەییێکی زمانەوانیم بۆ بخاتە ڕوو لە هەر زمانێکدا زمانەوان یا هەر دەزگاییێکی ئەکادیمی توانیبێتی چارەسەری بکات !؟

پێنج سەدەیە بە هەزاران پێشنیاز لەلایەن کەڵەزانایانەوە خراونەتە ڕوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی زمانی ئینگلیزی، هیچ یێکێکیان رەچاونەکران. هەمان شت بە جۆرەی زمانی عەرەبی سەدانساڵە هاواریانە، زۆربەی زمانەکان هەمان شت، واتا زمانەوانی کارێکی (وەسفییە) Descriptive ، ( پێشنیازی) نییە Prescriptive. هەر پێشنیازێک بۆ دەسکاریکردنی سەرناگرێ.

سەبارەت بە (زمان وەک دیاردەییێکی کۆمەڵایەتی). ئەمانە پەیوەندیی زمان بە دەرەوەی زمانەکە دەخەنەڕوو. بە زۆری ( ستاندارد و ڕێنووس و فەرهەنگ) دەگرێتەوە. ئەمانە ناچنە بواری زمانەوانییەوە بە چەمکە زانستییەکەی، پەیوەندییان بە بارودۆخی مێژوویی و دیاردە و پێکهاتنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بۆیە مرۆڤ دەتوانێ دەسکارییان بکات. نموونە لە مێژوودا زۆرن.

# بنەمای پراگماتیکی و فەلسەفەی زمان- بە نموونەی زمانی ڕاگەیاندن

د. هیوا ئەحمەد عەساف

ئەم کتێبە دەستگەی (موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە) لە چاپخانەی (هێڤی) لە هەولێر لە ساڵی ٢٠٢٥ چاپکردووە، قەبارەی کتێبەکە (٣١١) لاپەڕەیە. لێکۆڵینەوەیەکە لە نووسینی پ.ی.د.هیوا ئەحمەد عەساف، مەبەست و فەلسەفەی بەکارهێنانی زمان بەگشتی و لە ڕاگەیاندندا بەتایبەتی، ڕوون دەکاتەوە. لێکۆڵینەوەکە ئامانجی ئەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، ؟

مرۆڤ چۆن زمان لە بەرژەوەندیی خۆیدا بەکاردێنێت؟

میکانیزمە جیاوازەکانی زمان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ چین؟

ئەم میکانیزمانە چۆن لە زمانی ڕاگەیاندندا ڕەنگدەدەنەوە؟

ڕێبازی لێکۆڵینەوە (وەسفیی شیکاری)یە، لە شیکردنەوەکاندا شەش (٦) سامپڵ لە کەناڵ و دەستگە ڕاگەیاندنە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون و بەپێی تیۆری (کردە قسەییەکان) شیکراونەتەوە و گوتاری دەقەکان دیارکراون. لە شیکردنەوەکاندا ئەو بنەمایانە دیارخراون، کە لە کەتواردا کاریگەریی کردەیی وا دەخەنەوە، کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی نێرەر و دەستگەی بڵاوکەرەوە دەکەن. ئەو بنەمایە بە (بنەمای پراگماتیکی) ناودەبرێت.

بنەمای پراگماتیکی بنەمای کارکردنی فەلەسەفەی پراگماتیزمە. پراگماتیزم فەلسەفەیەکی ئەمریکاییە و لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم سەریهەڵداوە. فەلسەفەکە کار لەسەر هێما و بیرۆکە دەکات. بەپێی ئەو فەلسەفەیە بیرۆکە پڕۆژەی کارە و پێویستە کاریگەرییەکی کردارەکیی سوودبەخشی لە کەتوار(واقع)دا هەبێت. بەپێی فەلسەفەی پراگماتیزم، زمان و بیر و زانین ئامرازی باشکردنی ژیانی مرۆڤ و دروستکردنی کاریگەریی کردارەکین لە کەتواردا. لە سەر بنەمای سروشتی سوودخوازیی مرۆڤ، نێرەر لە قسەکردندا زمان بە جۆرێک ئاراستە دەکات، کە ئەو پاشکار و کاریگەرییەی لێیدەکەوێتەوە سوود بە بەرژەوەندییەکانی بگەیەنێت.

تیۆری کردە قسەییەکان یەکێکە لە بوارەکانی پراگماتیک، بەپێی ئەو تیۆرە هەموو قسەیەک ئەنجامدانی کارێکە، ئەو جۆرە کارە لە پێناوی خستنەوەی پاشکارێکە لە کەتواردا. واتە تیۆری کردە قسەییەکان بە هەمان شێوەی فەلسەفەی پراگماتیزم گرنگیی بە کاریگەریی کردارەکیی زمان دەدات. لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە ژێر ڕۆشنایی

فەلسەفەی پراگماتیزم و لەسەر بنەمای پاشکاری کردە قسەییەکان، پۆلینێکی جیاواز بۆ کردە قسەییەکان کراوە. بەپێی پۆلینەکە شەش ئەرک بۆ کردە قسەییە جۆراوجۆرەکان دیارکراوە. ئامانجی پاشکاری چوار لەو ئەرکانە گۆڕانکارییەکی کردارەکی یان هزرییە لە وەرگردا، ئەوانیش (کردەکانی داخوازی و خاوەن پاشکاری فیزیکی، کردە کۆمەڵایەتییەکان بۆ وێناکردنی ئەرێنیی نێرەر و هاوبەرژەوەندییەکانی، کردەکانی وێناکردنی نەرێنیی نەیاری نێرەر، کردەکانی پێدانی زانیاری و رازی کردن)ن.

لێکۆڵینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی، کە مرۆڤ هەرچۆنێک بدوێت، لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا وەرگر ئاراستە دەکات، بەتایبەتی لە راگەیاندندا. لەو ئاراستەکردنەدا نێرەر مەبەستییەتی یان کاریکی فیزیکی بە وەرگر ئەنجام بدات، یان لە رێگای وێناکردنی ئەرێنییەوە پایەی کۆمەڵایەتیی خۆی و هاوبەرژەوەندییەکانی بپارێزێت، یان لە رێگای وێناکردنی نەرێنییەوە هەوڵی لاوازکردنی پایەی کۆمەڵایەتیی نەیارەکانی بدات، یان هەوڵدەدات دەست بەسەر بیرکردنەوەیدا بگرێت و بیروبۆچوونی وەرگر سەبارەت بە بابەتگەلی دیارکراو بگۆڕێت و هاوشێوەی بیرکردنەوەی خۆی لێ بکات. ئەم ستراتیجانە بەتەواوی لە زمانی ڕاگەیانددندا بەرجەستە دەبن.

دۆسیەی ژمارە:

# زمان و پەروەردە

# زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی باشووری کوردستاندا

سەرنووسەر

مەبەست لە ئامادەکردنی ئەم دۆسیەیە قسەکردنە لەسەر رەوشی سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستاندا، کە ئێمە هەر لە ژمارە بەراییەکانی ئەم گۆڤارەدا پلانێکمان هەبوو بۆ توێژینەوە لەسەر رەوشی پەروەردەی کوردستان، داوامان لە زۆرێک لە توێژەران و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی کرد، تەنانەت لە شێوەی ناردنی چەند پرسیار و تەوەرێک وەک: رەوشی زمانی کوردی لە پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، شوێنی زمانی کوردی لە پەروەردە ناحکومی و ئەهلییەکاندا، زمانی کوردی لە پەروەردەی وەزارەتی ئەوقافدا، زمانی کوردی لە پەروەردەی ناوەڕاست و باشووری عیراقدا، رەوشی زمانی کوردی لە پەروەردەی تاراوگە(دیاسپۆرا)دا، وەلێ مخابن دوا چاوەروانییەکی زۆر ئەو بەرێزانەی وەڵامیان داینەوە ئەو نووسەرانە بوون کە لە پەنجەی دەست تێنەپەڕین، هەڵبەت هۆکارەکان زۆرن وەنەبێت رەوشی پەروەدەی کوردستان شامی شەریف بێت و سیستەمی پەروەردەی ئەورووپای تێپەڕاندبێت، وێڕای هەبوونی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، دامەزراندنی چەندان داوودەزگای ئەکادیمی و ناوەندی کولتووری و زمانەوانی، کرانەوەی کۆلیژەکانی زمان و بەشی کوردی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا و هەروەها کردنەوەی بەشی زمان و وێژەی کوردی لە زانستگاکانی بەغدا و کەرکووک. جگە لەو ناوەند و ڕێکخراوە زمانناسییانەی کە لە ساڵانی رابردوودا کاریان لە خزمەتکردنی زمانی کوردیدا بوون، بە دەرکردنی بڵاوکراوە و گۆڤاری تایبەت بە زمانناسی, هەروەها سازدانی کۆڕو سیمینارو کۆنفرانسی زانستی لەسەر پرسەکانی زمان و ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەکردنی زمانی کوردی لەو بوارانەدا، ئاماژەکردن بەو هەموو دەسکەوت و گەشەکردنەی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان و عیراقدا، بەتایبەت دوای بە رەسمی ناساندنی زمانی کوردی لەسەر دەستووری نوێی عیراقدا، مخابن هێشتا دەبینین لەسەر ئاستەکانی پەروەردە و فێرکردندا زمانی کوردی دووچاری پاشەکشێ گەورە هاتووە.

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە دوو وەرچەرخانی مێژوویی بکەین لە گۆڕانکاریی و گەشەکردنی زمانی کوردیدا بکەین:

ـ پیڤاژۆی یەکەم رەوشی پەروەردە بەر لە راپەڕینی بەهاری ١٩٩١.

ـ دووەم دوای راپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئاماژەکردن بەو کێشانەی کە لەبەردەم گەشەکردنی زمانی کوردیدا لە بوارەکانی سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا لە باشووری کوردستاندا هەن، هەروەها خستنە ڕووی پێشنیار و راسپاردە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە، کە ڕەنگە لە داهاتوودا یارمەتیدەر بن

بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەییان، هەوڵێکی دڵسۆزانەتریش بۆ نزیککردنەوە و قسەکردن بێت لەسەر بە ستانداردکردنی زمانی کوردییە لەسەر ئاستی میتۆدە پەروەردەیەکانی هەرێمی کوردستاندا.کە هێشتا جیاوازی میتودی خوێندن کێشەی گەورەی پرۆسەی خوێندنە لە کوردستاندا.

**بایەخی زمان لە ژیانی هەر نەتەوەیەکدا:**

زمان کۆڵەگە و بنەڕەتی نەتەوە و نەتەوەسازییە، فاکتەرێکی هەرە سەرەکی مانەوە و لەناوچوونی نەتەوەکانیشە، لە هەمانکاتیشدا رەهەندێکی سەرەکی پێکهاتنی ناسنامەی نەتەوەییە، لە سەدەی حەڤدەهەم بەدواوە، کە دەستپێکی سەردەمی مۆدێرنیتەیە، زمان وەک یەکەم توخمی پێکهێنەر و رێکخەری هەر نەتەوەیەک چاوی لێکراوە.

هەرچۆنێک بێت زۆرن ئەو زمانانەی کە لەو سەردەمەدا بە هۆی بایەخنەدان و هۆکاری سیاسییەوە لەناوچوون و بە کارهێنەرانی ئێستاکە بە زمانی نەتەوەیەکی تر قسە دەکەن، بۆ نمونە زمانەکانی سۆمەری و بابلی و ئاشووری لە میسۆپۆتامیا و قیپتی و ئەمازیغی لە باکووری ئەفریقا، لە فەرانساش، ئەو زمانەی ئێستاکە هەموو کەس قسەی پێدەکەن پێش سەردەمی مۆدێرن تەنیا ١٣ لەسەدی خەڵکی فەرانسا بەکاریان هێناوە. لە ڕاستیدا نەتەوەی فەرانسی بەشێکی زۆری لەسەر ئەو ١٣ لەسەدە پێکهاتووە. جێگەی سەرنجە ئەو شێوازە بووە بە مۆدێلێک کە بە مۆدێلی فەرانسی دەناسرێت.

زمان ڕۆڵێکی گرینگ و نێوەندگەرا لە یەکلایی کردنەوەی پرسەکاندا دەگێڕێ و هێز لە زماندا بە مانای هێز لە مەیدانەکانی سیاسەت و دەسەڵاتدایە، هەر لەو سۆنگەیەوە زمانی زگماکی لە گوتاری ناسنامەخوازی کوردیدا قورسایی خۆی هەیە. سەرەرای هەموو بەربەستانەی لە ئاست خوێندنی زمانی زگماکیدا هەیە، چالاکوانان، ڕۆشنبیران و ئەدیبانی کورد لە ڕێگەی کردنەوەی کۆمەڵێک نێوەند هەم لەشارەکان و هەم بە شێوەی ئۆنلاین هەوڵی فێرکردنی زمانی زگماکییان بە نەوەی نوێ داوە، بەڵام بێبەری کردنی خوێندکاران لە خوێندن بە زمانی دایک بە شێوەیەکی دامەزراوەیی و لە ڕێگەی سیستمی پەروەردەوە، بێبەش کردنیانە لەوە سەریەکنانی سەرمایەی فەرهەنگی و هاوکات بەرینتر بوونی ئەو کەلێنەی کە لە نێوان ژیانی ڕۆژانەی خوێندکارێک و خوێندنگاکەیدا هەیە.

زۆرن ئەوانەی کە لەگەڵ یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی خوێندندا لەگەڵ دنیایەکی نەناسراو بە ئەزموون و زمانی خۆیان ڕووبەڕوو دەبنەوە، بۆ زۆرێک لەوانە یەکەم جارە کە لەگەڵ دامەزراوەیەکی حکوومی بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەکەونە پەیوەندییەوە و

دەست و پەنجە لەگەڵ دنیایەکی نەناسراو و بێگانەدا نەرم دەکەن، پەیوەندییەک کە هەر لە یەکەم وەبەریەککەوتندا ئاماژە بە ناتەبایی، هەڵاواردن و چەوساندنەوە دەکات.

## تیۆرییەکەی بۆردیۆ لەمەڕ زمان و پەروەردە

پیەر بۆردیۆ فەیلەسوفی بونیاتگەرای فەرانسەیی لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکانیدا قورساییەکی زۆر بە زمان وەک سەرمایەیەکی رەمزی دەدات وەک پێکهێنەرێکی سەرەکیی هێز لەمەیدانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەیناسێنێ، ئەو پێیوایە کە زمان تەنیا هۆکاری پەیوەندی پێکەوەکردن نییە، بەڵکو بەستێنێکی سیاسیشە بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێیەکانی هێز و دەسەڵات کە لەوێدا تاکەکان بە دوای بەرژەوەندیی خۆیاندا دەگەڕێن، پرسیاری سەرەکی لێرەدا واتای ئاخاوتن و دەربڕین نییە، بەڵکو پرسیار لەسەر ئەوەیە کە ئاخاوتن و دەربڕین چ هێز و قورساییەکیان هەیە، سەرنجی خوێنەر لەسەر ڕەوانبێژی و توانای قسەکردن دەگوازێتەوە بۆ سەرنج لەسەر سەرمایەی رەمزی وتەبێژ، کە پێگەی ئەو لە بونیاتی کۆمەڵایەتیدا دیاردەکات، واتە زمان لەنێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بیچم دەگرێ، نەک وەک ئامرازێک بۆ پێوەندی پێکەوەکردن. ئەو لەسەر ئەو باوەرەیە کە زمان رەمزێکە کە لە ڕێگەی قسەپێکەرەکانیەوە دانی پێدا دەنرێ و لەو ڕێگەیەوە هێز و دەسەڵات بە تاک و گرووپ دەبەخشێت، واتە زمان لە نێوەندی دەسەڵات دایە، ئەوە سەرەرای ئەوەی کە مرۆڤەکان لە ڕێگەی ئەزموونە دەرەکییەکانی خۆیانەوە دنیای دەرەوە هەست پێدەکەن و لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دنیایە دروست دەکەن، ئەزموونە دەرەکییەکان ئەو سەرمایە سیمبولیکیانەن کە هەژموونی بە دەسەڵاتی زمان دەدەن، ئەگەر گرووپێک دەرفەتی وەسەریەکنانی سەرمایەی سیمبولیکی بۆ رەخسابێت، ئەوا لە زمانیشدا هەژموونی هەیە، ئەو سەرمایەیە دەکرێ پلەی بەرزی خوێندن، پێگەی سیاسی و ئابووری بێ کە زمانی قسەکەر دەباتە نێوەندی دەسەڵاتەوە.

تیۆرییەکەی بۆردیۆ بەرچاوڕوونییەکی باشمان دەداتێ تا بتوانین لەلایەکەوە لەبایەخی خوێندن بە زمانی دایک تێبگەین و لەلایەکی دیکەشەوە لە پیلانەکانی سیستمێک ئاگادار بین کە دەرفەتی خوێندن بە زمانی دایک لە نێوەندەکانی خوێندندا نادا، بۆ نموونە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمدا سەرەڕای بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی لە پەرلەمانی عیراقدا کە ڕێگە بە خوێندنی زمانی دایک لە قوتابخانەکاندا دەدات، بەڵام لە پراکتیکدا نەک هەر ئەو دەرفەتە نەرەخساوە، وەک پڕۆژەیەک کە هیچکات وەکە

پێویست جێبەجێ نەکراوە بە منەتەوە بە چاویاندا بدرێتەوە، ئەگەر بە پشتیوانی لەڕوانگەی بۆردیۆشەوە لە هۆکارەکانی پراکتیزە نەکردنی بەندێکی ئاوا یان لە بنەڕەتەوە هەقی خوێندن بە زمانی دایک بکۆڵینەوە، ئەوا دەبێ بڵێین کە هۆکاری یەکەم ئاگاداربوونی رژێم لەو سەرمایە رەمزییەیە(زمان) کە هەژموونی و پێگەی گرووپێک دەباتە سەرێ و هێز و دەسەڵاتی پێ دەبەخشێت و لە کێشمەکێش و ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا پارسەنگەکە بە لای خۆیدا دەکێشێتەوە، چونکە خوێندن بە زمانی زگماکی یەکگرتوویی و هاوپەیوەندی لە نێوان ئەندامەکانی نەتەوەیەکدا بەهێزتر دەکات و ئەو ستەمە مێژووییەی کە کوردی بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەش کردووە لاوازتر دەکات. منداڵێک کە یەکەم ڕۆژەکانی خۆی لە قوتابخانە دەست پێدەکات و تا ئەوکات لە ڕێگەی زمانی دایک دنیای دەرەوەی خۆی ئەزموون کردووە و ناسیویەتی، لە پڕێکدا بە سەر ساختارێکدا دەکەوێت کە زمان دەکاتە بەربەستێک بۆ هاتنە نێو سیستمی پەروەردەوە، دەبێ تووشی چ راچڵەکینێک بێ و چەندە توانا و کاتی خۆی هەر بۆ ئەوە تەرخان بکات کە جارێکی دیکە بتوانێت لە ڕێگەی زمانێکی دیکەوە دنیای دەرەوەی خۆی ئەزموون بکاتەوە. ئەوە بێجگە لە هەموو ئەو بەربەستە سیاسی و ئابوورییانەی لە درێژەی خوێندندا دێنە پێش خوێندکارێکی کورد.

بۆردیۆ بە ڕوونی باس لەو ڕۆڵە پارۆدۆکسیکاڵەی سیستمی پەروەردە دەکات کە چۆن دەرفەت بە کۆمەڵێک دەدات سەرمایەی فەرهەنگی خۆیان ببەنە سەرێ و کۆمەڵێکیش بێبەری بکرێن و بخرێنە پەراوێزەوە.

سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەرچی تەمەنێکی درێژی هەیە و لە پیڤاژۆیە جیاوازەکانی پەروەردە لە دەوڵەتی عیراقدا و تا رادەیەک لە هەردوو پارێزگاکەی هەولێر سلێمانی و هەندێ کاتیش لە پارێزگای کەرکوک و دهۆکیش، سەرباری دژایەتی کردن و پەڕاوێزخستنی، پچڕ پچڕ خوێندن و فێرکردن تا قۆناغی ئامادەیی بە زمانی دایک بووە، ئێستا لە کوردستاندا پەروەردە سیستەمێکە و تا رادەیەک ناکۆکی لەگەڵ بەها و پرینسیپەکانی پەروەردەی جیهانی هاوچەرخدا نییە، لەڕووی ڕێگەدان بە خوێندن و پەروەردە بە زمانی دایکیەوە. بەڵام سەبارەت بە چەند هۆکارێک لە هەرێمی کورستان سیستەمی پەروەردەیی بە خراپی بەڕێوە دەچێت، سیستمی پەروەردە لەسەر بنەمای جیاوازی ئینتمای چینایەتی و کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەچێت و کار دەکات، هەر بۆ نموونە دیاردەی هەبوونی خویندنگا ئەهلییەکان کە لەسەر بنەمای خوێندنی کەرتی تایبەتە بۆ ئەو خێزانانەی کە ساماندارن دەتوانن بە پێدانی پارەیەکی مۆل، زمانێکی بیانی وەک ئینگلیزی بخوێنن بەرانبەر بەوەش لەو جۆرە خویندنگایانەدا خویندنی زمانی کوردی تا رادەیەکی

باش فەرامۆش و پەڕاوێزخراوە، هەر بۆیەش لەو ڕەوشەدا سیستمی پەروەردە لەسەر ئەوە کار دەکات کە مرۆڤەکان خۆ لەبیرکردنەوە و داهێنان بپارێزن..

بۆ قەرەبووکردنەوەی ستەم و زۆر و چەوساندنەوەی چەندان ساڵە لە باری زمانییەوە بۆ بوژاندنەوەی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا کە بێگومان کار دەکاتە سەر پارچەکانی تریش، پێویستیمان بە کاری چڕو پڕ و بایەخدانە بە زمانی کوردی و بە تایبەت بە زمانی دایک هەیە. ئەم بایەخدانەش پێویستییەکەی تەنیا بۆ بواری سیاسی ناگەڕێتەوە، چونکە ئاخافتن و خوێندن بە زمانی کوردی بۆ هەر منداڵێک پێویستییەکی سەردەمییانەیە و بە پێچەوانەشی کار دەکاتە سەر دەروون و کەسایەتی ئەو منداڵە، سەرباری هەبوونی پڕۆگرامەکانی خوێندن بە زمانی کوردی لەشارەکانی هەرێمی کوردستان و تەنانەت هەندێ لە ناوچە دابڕێنراوەکانی وەک کەرکوک و خانەقین و مەخمور..هتد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی دووچاری دوو لەت بوون هاتۆتەوە سەبارەت بە ڕەسمی خویندنی زاری کرمانجی باکوور(بنزاری بادینی بەتیپی عەرەبی) لە دەڤەری بادینان، کە ئەم ڕەوشە لە بواری پراکتیکدا ئەگەرچی تا ڕادەیەک منداڵانی کورد لەو دەڤەرەدا بە زمانی دایک دەخوێنن، لەهەمان کاتیشدا دەبێت دان بەوەدابنێین کە ئەم پڕۆسەیە هەنگاونانە بەرەو دابەشبوونی زمانی کوردی بۆ دوو دیالەکتیکی سەربەخۆ، ئەمڕۆ لە هەندێک ناوچەی کوردستانی دابڕێندراو لە هەرێمی کوردستان دیاردەیەکی دیکە بوونیان هەیە، کە مەترسی لە ناوچوونیان لەباری زمانی و کەلتوورییەوە لەلایەن هەندێک بیرۆکەی شۆڤینی و بەرتەسکەوە لە سەرە. کە دژایەتی زمانی کوردی دەکرێت، لەسەر ئاستی میتۆدە پەروەردەیەکانیش کتێبە چاپکراوەکانی زمانی کوردی کۆمەڵێک گرفتیان هەیە لەوانەش چونکە بابەتەکان لە بنەڕەتدا دەقی وەرگێڕدراون نەک نووسین، بۆیە دەبینین دەقە وەرگێڕانەکان بونیاتی زمانیی کوردییان شێواندووە، هەروەها بە هەڵە بەکارهینانی وشە و زاراوە و بیانی نەگونجاو، ڕەچاونەکردنی سیستەمی ڕێنووس و خاڵبەندی، نەبوونی مامۆستای پسپۆر و شارەزا، ئەم دیاردانە کێشەی بنەڕەتی بەردەم شێواندنی زمانی کوردین، لەمپەرن لە بەردەم بە ستانداردکردنی زمانەکەمان.

لە جیهانی هاوچەرخدا پەروەردە کاریگەرییەکی گەورەی لە پێگەیاندن و بارهێنانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بینیوە و توانیویەتی ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤ بەرانبەر بە ڕەهەند و بابەتە جیاوازە مرۆییەکان بگۆڕێت، بەڵام ئەمە لە کاتێکدایە کە هێشتا لە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان سیستەمی پەروەردە و بارهێنان لە ژێر دەسەڵاتی زاڵی دەسەڵاتگەلی سەرەڕۆ باڵی بە سەردا گیراوە و ڕێگە لە هەر چەشنە نوێخوازییەک بە ئاراستەی

ستانداردە جیهانی و هاوچەرخەکانی پەروەردە و بارهێنان دەگیرێت و لەمپەر و کۆسپی جیدی لەم پێوەندییەش ساز دەکرێت. لەم نێوانەدا هەرێمی کوردستان بە جوگرافیایەکی پان و بەرین، کە چەندان نەتەوەی جیاواز تێیدا نیشتەجێن، یەکێک لەو وڵاتانەیە کە خوێندن بە زمانی دایکی وەکو مافی مرۆیی و سەرەتایی هەموو تاکێک لە دانیشتوانی نەتەوە جیاوازەکانی دابینکراوە، بۆیە دەکرێت پێناسەی سیستەمی پەروەردە و ڕۆڵی پەروەردە بە زمانی دایکی لە فێربوونی زانست و زانیاری و باڵاکردنی خەونەکانی منداڵ بەدەستەوە بدەن، بەر لەهەموو شتێک دەبێ باس لە ڕۆڵی پەروەردە بە گشتی بکرێت. مخابن ئیستا بەرپرسانی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان بە بیانووی ئەوەی کە زمانی کوردی ستاندار نییەو لە ڕووی پەیڤ و زاراوە زانستییەکان هەژارو کەمدەرامەتە، بە بڕیارێکی نازانستی و دوور لە بەرژەوەندی نەتەوەیی زمانی پاشەکشەیان بە زمانی کوردی کردووە،

منداڵ کاتێک بۆ یەکەم جار دەچێتە فێرگە یەکەم پەیوەندییەکانی بە جۆرێک بێت کە لێی تێ نەگات، لەوێ بە زمانێک بدوێن کە جیاوازی هەبێت لەگەڵ زمانی دایکی، زۆر سروشتییە کە کاریگەری خراپی لەسەر منداڵەکە دەبێت! لەوانەیە ئەو شوێنەی پێ خۆش نەبێت، هەر چەند ناچارە هەر بچێ و خۆشی بگونجێنێ، ئەم خۆ گونجاندنە و فێربوونی زمانێکی نوێ کاتێکی زۆر دەبا لە بەرانبەر منداڵێک کە بە زمانی دایکی خوێندن دەست پێ دەکات، ئەم دژوارییە سەرەتاییە لەوانەیە تا گەورە بوونیش شوێنەواری هەر بمێنێت، منداڵ توانای کەڵک وەرگرتن لە هەموو توانا سرووشتییەکانی خۆی لێدەستێندرێ، هەر بۆیە ئەو زیانانەی بە هۆی نەبوونی پەروەردە بە زمان دایکی تووشی منداڵی کورد دەبن زۆر و فرە ڕەهەندن، وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد بەرگری لە خوێندن بە زمانی دایکی گەشە کردنی منداڵ کەم دەکاتەوە؛ تووشی گرفتی دەکات هەروەها منداڵ کاتێک هەست بەوە دەکات کە زمانەکەی کە پێناسەیەتی گرینگ نییە، کەوابوو خۆشی هەست بە کەمایەسی دەکات، ئەوە بە جوانی دیارە ئەو کەسەی زمانی فەرمی بە جوانی نەزانێ و لەهجەی هەبێت گاڵتەی پێدەکرێت. چۆنێتی ڕەفتارو مامەڵەی هەر کۆمەڵگایەک لەگەڵ منداڵاندا، گرنگترین پێوەری پێشکەوتووی و ئازادیبوونی ئەو کۆمەڵگەیە بەیان دەکات، منداڵان لە هەمووشتێک گرنگترن، پەروەردە و فێرکردن پێناسە بکەین و لایەنە جیاجیاکانی بخەینە بەرچاو و لامان ڕوون بێت، ئەم پرۆسەیە چی لەخۆدەگرێت، پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی بە زمانی دایک بریتییە لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەنگاوە جیاجیاکاندا، فێرخواز و مامۆستا و خوێندنگە، کە بە هەموولایان هاوکێشەیەکی سەنگ پێکدەهێنن.

دروستبوون و ڕوودانی هەرجۆرە لاسەنگییەک لەم هاوکێشەیە پێش بێت دەبێتە هۆی پەککەوتنی بەشێک و لایەک لەلاکانی دەرگیر لەبەڕێوەچونی ئەم پڕۆسەیە.

بەشێوەیەکی گشتی پڕۆسەی پەروەردە وفێرکردن لە کوردستاندا لایەنی خراپی زۆر زیاترە تا لایەنە باشەکانی، بەشێکی زۆر لە هەلومەرجەکانی پەروەردەیەکی مۆدێرن و گونجاو لە قوتابخانەکانی ئەمڕۆی کوردستان بەدی ناکرێن.

**پەروەردە و پەیوەندیی ئۆرگانیکی نێوان زمان و وەرگێڕان:**

وەرگێڕان لە کایەکانی پـەروەردەدا وەک هۆکاڕێکی گرنگ بە خزمەتکردنی زمانی ستانداردی کوردی، ساڵانە و مانگانە تەنانەت هەفتانەش، چەندان کتێبی وەرگێردراو لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ کوردی بەرچڤە دەکرێن، بێگومان هەیانە شایستەی پەسن و پێزانینن، لێ مخابن هەشیانە شیاوی ئەوە نین نەک هەر بخوێنرێنەوە، بەڵکو تەماشاش بکرێن، چونکە هیچ ڕێساو یاسایەک و پێوەرێکی وەرگێڕان لەخۆ ناگرن، هەر بۆیەش پرسیارەکە لێرەدا خۆی قوت دەکاتەوە، ئایا مەرجە وەرگێڕ لەکاتی وەرگێڕانی هەر دەقێکدا واتای دەقە ئەسڵیەکە بگەیەنێت، یانیش بۆی هەیە بەپێی خواست و مەزاجی خودی خۆی ئەو وەرگێڕانەی کە بۆ خۆی دەیەوێ دەستکاری دەقەکە بکات، وەک کورتکردنەوە یان ئیختیزالکردن، کەوایە ئەدی مەبەست چییە لەوەی کە دەگوترێ وەرگێڕ دەبێ شێوازی دەربڕینی نووسەر بپارێزێت، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین هەر زمانێک تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لە ڕووی سینتاکس و ئیدیۆم و فۆرمۆلۆژیدا لە زمانەکەی دیکەدا جوێی دەکاتەوە، وەرگێڕ دەتوانێ زمانێکی گونجاو لەگەڵ دەقە ئەسڵەکە بدۆزێتەوە، کە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی بابەتە وەرگێردراوەکە دووچاری گرێ و گۆڵە و تاسە نەیەت، یان لەکاتی هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەی دروست و خۆشئاوازدا ئەرکی وەرگێڕی شارەزا چییە، ئاخۆ بۆی هەیە وەرگێر پەنا بباتە بەر قاموسی وشە و زاراوەی ناوچە و دەڤەرە جیاوازەکان یان دەقە وەرگێردراوەکە پڕکات لە وشەو زاراوەی بیانی کە لە ئێستاکەدا هەندێک لە وەرگێرەکان لەبەر کەم شارەزاییان ئەم شێوازە بەکار دێنن. جا گەر ئاوڕێک لەو کتێبانەی پەروەردەیی وەزارەتی پەروەردە بدەینەوە بە تایبەت کتێبە پیشەییەکان بە ڕاستی هەڵەی زۆری زمانی کوردی لەو وەرگێڕانە سەقەتانە دەبینین، چونکە لە بنەرەتدا وشەو زاراوەی پیشەیی کەمتر لەو میتۆدە پەروەردەییانە لە داوو دەزگا حکومییەکاندا کاری پێکراوە و جێگیر بووە، سەربارى ئەوەی زۆرینەی زۆری وەرگێڕی ئەو کتێبانە مامۆستاکانی ئەو خوێندنگایانەن کە ساڵانی ساڵ ئەو کتێبانە بە زمانی عەرەبی خوێندراون نەک کوردی.

باشە دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی تایبەت بە وەرگێران ڕۆڵ و ئەرکیان چییە لە جویکردنەوەی بابەتێکی وەرگێردراوی باش لە بابەتێکی وەرگێردراوی خراپدا؟ وەرگێری باش و کارامە چۆن دەکارێ لە وەرگێڕانەکەیدا بنەماو ڕێزمانی نووسەرەکە لەبەرچاو بگرێت، لەوانەش کورتی یان درێژدادڕیی نووسینەکە چۆن رەچاو دەکات، چونکە زۆرینەی نووسەرانی ئێمە لە نووسیندا کێشەی خاڵبەندییان هەیە، ئەدی دەبێ وەرگێڕ چ بایەخێک بە خاڵبەندی بدات، و چ جۆرە وەرگێڕانێک چێژی دەقە ئەسڵەکە دەپارێزێ و خوێنەریش ماندوو ناکات..

زۆر لە وەرگێڕەکان پەنا دەبەنە بەر فەرهەنگی وشەو زاراوەکان، ئێستا کاری وەرگێڕان بووەتە بەشێک لە بازرگانیکردن نەک بەرپرسیاریەتی، کەواتە وەرگێران نەبۆتە پڕۆسەیەکی مەعریفی لە ناو ئێمەی کوردا، لە کاتێکدا توانستی ماددی و مانەوی بۆ ئەم پڕۆسەیەش دابینکراوە.

ئەمە یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی وەرگێران لە کوردستان، کتێبێکی بە ژمارە زۆر تەرجەمەی زمانی کوردی دەکرێن، کەچی لە ڕووی چۆنیەتییەوە خراپن. من پێم وایە ئەم دیاردە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی وەرگێری شارەزا و لێهاتوو و پسپۆڕ لە بواری وەرگێڕاندا، چونکە لە زانستی وەرگێران بە تەنیا زانین هەردوو زمان بەس نییە بۆ وەرگێران، وەرگێڕ دەبێ شارەزای هەردوو کولتووری زمانەکەش بێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە وەرگێڕ دەبێ لە تەکنیکی وەرگێڕاندا کارامە بێ، لە کاتێک کە ڕستەیەکی ئاڵۆزی دێتە پێش نابێ وەرگێرانی حەرفی بۆ بکات، پێویستە بە رادەیەک لە وەرگێران شارەزا بێت بتوانی بەرانبەرەکەی لە زمانی ئامانج بدۆزێتەوە. لەلایەکی دیکەوە وەرگێر دەبێ لێهاتوو بێ لە گواستنەوەی شێوازی نووسینی زمانی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج، نەک هەر گواستنەوەی واتا بەبێ شێوازەکەی، بە تایبەتی لە وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی.

بایەخی وەرگێڕان لە دانانی میتۆدە پەروەردەیەکان لە هەرێمی کوردستاندا لەوەدایە کە لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەرهەمی فەرهەنگیی، زانستی، کولتوری و مێژووی نەتەوەکان دەناسین و کەڵک لە ئەزموونەکانیان وەردەگرین، چونکە بەداخەوە هەر لە بنەڕەتدا کتێبەکانی خوێندنی لە کوردستان دەقی وەرگێڕاو بوون نەک نووسین، کە راستەوخۆ لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی تەرجەمەکراون، بۆیە دەبینین لەو میانەدا دووچاری کۆمەڵێک هەڵەی زمانەوانی هاتوون،

دیارە لەهەموو سەردەمێکدا وەرگێڕان ڕۆڵی مێژوویی خۆی گێڕاوە بۆ سازکردنی میکانیزمی خەبات لە پێناو زمانی نەتەوەدا و کاریگەریی مەزنی هەبووە، بەلام لەبەر

نەبوونی زمانێکی ستانداردی کوردی. مخابن هەندێک لە وەرگێڕکاران زمانێکی ناوچەیی لە وەرگێڕانەکانیاندا بەکار دەهێنن، ئەمەش کەمتر چێژ بەخوێنەر دەدات، راستە کوردی زمانێکی فرە زارە، شێوەزاری ناوچەیەک لەگەڵ ناوچەیەکی دیکەدا جیاوازە، بەڵام دیسان زمانی کوردی یەکێک لە زمانە دەوڵەمەندەکانی جیهانە. پێموابێت ئەگەر نووسەرێک، شاعیرێک، توێژەرەوەیەک ئەگەر بۆ وشە یان دەستەواژەیەک دابمێنێت و کەمێک خۆی ماندوو بکات، دەتوانێت لە دوورە دێیەکی گەرمیان یان کوێستان، لە زاری پیرمێردێک، لە دەق و کتێبێکی کۆنی ناوچەیەکی ئەم کوردستانە پان و بەرینەیدا جوانترین وشە و زاراوە پەیدا بکات و بەشێوەیەکی سادەو ساکار، لە هەمانکاتدا ڕەوان، بیترنجێنێتە ناو بەرهەمەکەیەوە، ئەوسا خوێنەر کەمەندکێش دەکات و چێژێکی بێهاوتای پێدەبەخشێت. وەلێ کورد لە سایەی داگیرکاریی و دابەشبوونی بە سەر دەوڵەتانی ناوچەکەدا، تەنانەت ئاشنایی لەگەڵ زمانەکەی خۆیشیدا نەبووە، بەداخەوە ئەمڕۆ کێشەی گەورەمان لە تێگەیشتنی کرمانجی سەرووداهەیە و خەریکە بە زمانێکی دی لەقەڵەم دەدرێت. بۆیە ئەگەر ئێمە بتوانین لە زمانی ئەدەبی و لە راگەیاندنەکاندا خوێنەرو بیسەر بەو زار و شێوەزارانە ئاشنا بکەین، ئەوە خزمەتێکی باش بە زمانەکەمان دەکەین و ئەرکێکی پیرۆز بەجێ دەهێنین. پاشان بەرهەمێک دەخەینە بەردەست خوێنەر، لە ناوچە جیاجیاکانی دیکەی کوردستانیشدا بخوێندرێتەوە و لێی حاڵی بن، وەرگێڕی سەرکەوتوو پێویستیی بە زانینی زمانە بە شێوەیەکی ئەکادیمی، ئاخافتن بەیەکێ لە زمانە بیانییەکان وەرگێڕ دروست ناکات. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکد لەویش گرینگتر زمانی دایکە، مرۆڤ گەر شارەزاییەکی باشی لە زمانی دایکیدا (بەزار و شێوەزارە جۆراوجۆرەکانییەوە) نەبێت ناتوانێت ببێت بە وەرگێڕێکی سەرکەوتوو، لەپاڵ ئەمیشەوە زانینی چەند زمانێک وەرگێڕ دەوڵەمەندتر دەکات. لەم ساڵانەی دواییدا و پاش کۆچی گەلێک لە نووسەران و ڕۆشنبیران بۆ دەرەوەی وڵات، هەندێک بەرهەمی کوردی وەرگێڕدرانە سەر زمانە ئەوروپاییەکان، بەڵام ژمارەیان کەمن و لەو ئاستەدا نەبوون، کە بەرهەمی ئەدەبی کوردی بەخوێنەری بیانی بناسێنن. دیارە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەشارەزایی تەواو لەو زمانانەدا، وەکو لەسەرەتادا ئاماژەم پێدا وەرگێڕان پێویستی بە شارەزاییەکی گەلێک فرەتر لە قسەکردن و خوێندنەوە بە زمانێکی تر هەیە، دیارە هەڵبژاردنی دەقی شایستە، زەوقی ئەدەبی وەرگێڕ بە خوێنەرەکەی دەناسێنێت، وەرگێڕی جددی بەتەنێ کار بۆ ئەوە ناکات هەرچییەکی بەردەست بکەوێ بیکوردێنێت، بەڵکو دەبێت بەهەڵبژاردنەکەی ئامانجێک بەخوێنەر بگەیەنێت و تینوێتی خوێنەر بە بەرهەمە ناوازە نەناسراوەکانی نەتەوەکانی دی.

# ڕەوشی زمانی کوردی لە پەروەردەی هەرێمی کوردستان

کازم عەباس زەندی

بەڵگەنەویستە کە پرۆسەی پەروەردە بە گرنگترین سەرچاوەی پێگەیاندنی مرۆڤ و خزمەتی زمان دادەنرێت، چونکە بوارەکی فرەوانە، جێی باسکردنی هەموو بابەتەکی تێدا دەبێتەوە، هەروەها دەتوانرێت بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی ئەو گرفتانەی کە لە نێو کۆمەڵگەیەکدا هەیە بە خاڵی یەکلاکەرەوە بزانرێت، چونکە ڕەنگدانەوەی لەسەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی تاکەکاندا دەبێت، بە هەوێنی بەرهەمهێنان و دەرکەوتنی توانای مرۆڤەکانیش دادەنرێت، دەتوانرێت بنەماکانی بە نەتەوەبوون و پێشکەوتنی وڵات و داهاتووی نەوەکانی تێدا دابڕێژرێت، لەگەڵ ئەمانەشدا دەتوانرێت لە خزمەتی گەشە و دروستکردنی زمانەکی زیندووش بەکاربهێنرێت، کە زمان تەوەری سەرەکییە بۆ فێربوون و تێگەیشتن، بۆیە لە پرۆسەکەدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە سەرکەوتن و دەرکەوتنی ئەو ئەنجام و بەرهەمانە دەبینێت، کە لە دوارۆژی هەر نەتەوەیەکدا دەردەکەوێت، لەمەشدا وا پێویست دەکات، کە بەڕێوەبردنی پرۆسەکە بە ئاگادارییەکی زۆرەوە ئەنجام بدرێت، وەک زانستەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، تا لە دوارۆژدا، ڕێژەی سەرکەوتنی بەرهەم و ئەنجامەکانی زیاتر بێت، بە شێوەیەک بێت، کە لە خزمەتی بوارە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکاندا بێت، هەموو بنەمایەکانی لە پێناو دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا بێت، کە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی هەستی مرۆڤایەتی و بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاستی هۆشیاری و زانستی و پێگەیاندنی تاکەکی سوودبەخش و نیشتمان پەروەردا بێت.

### پرۆسەی پەروەردە، پێگەیاندن و فێرکردنە

پەروەردە پرۆسەیەکی گشتگیرە، چونکە دەتوانرێت لەهەموو بوارەکاندا سوودی لێوەر بگیرێت، ئەمەش وا دەکات هەردەم تێکەڵی سیاسەت بکرێت، چونکە لە هەر دوو بواری پێگەیاندن و فێرکردندا ڕۆڵ دەبینێت، ئەم دوو بوارەش دوو بواری گرنگ و سەرەکین بۆ وڵات و بۆ نەتەوەکان، کە کاریگەرییان لەسەر ڕۆشنبیربوونی تاک و گۆڕانی کۆمەڵگەدا دەبێت، بۆیە دەبێت بە فەلسەفەیەک بەڕێوە ببردرێت، کە لە خزمەتی زمان و کەلتووردا بێت، بناغە بۆ بنیاتنانی وڵات و دڵسۆزی خاک و هەڵسوکەوتی مرۆڤانەو بەها نەتەوەییەکان دابمەزرێنێت، بەڵام لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیەدا، پێویستە ئەو ڕاستییە لە بەرچاو بگیرێت، کە دەتوانرێت وەک چەکەکی دوولایەنە، بە دیوی چاکەو بە دیوی خراپە، بە دوو ئاراستەی جیاواز بەکار بهێنرێت، چونکە زەمینەی خزمەتکردن بە ڕاست و بە هەڵەی تێدا دەڕەخسێنرێت، بۆیە دەبێت زۆر بە شارەزایی پرۆسەکە جێبەجێ بکرێت، کە لە خزمەتی داهاتووتدا بێت، سوود لە ئەزموونی نەتەوەکانی دیکە وەربگیرێت،

بەبێ ئەوەی تایبەتمەندی هیچ نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەی خۆتدا تاقی بکەیتەوە، چونکە هەر میللەتەک، تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە لەمیللەتی دیکە ناچێت، لەوانەیە پێگەیشتنی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیەک لە قۆناغەکدا بێت، کە لە قۆناغی کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازبێت، بۆیە پێویستە بە شێوەیەک پڕۆسەکە جێبەجێ بکرێت، کە لەگەڵ ئەو قۆناغەدا بگونجێت، کە کۆمەڵگەیەکەی خۆتی تێدایە و پێیدا تێ دەپەڕێت.

ئەگەر پڕۆسەی پەروەردە بە دیوە چاکەکەی بەکار بهێنرێت، دەتوانرێت هەست و خۆشەویستی نیشتیمان و پاراستنی کەلتوورو تێگەیشتن لە مێژوو بەشێوە ڕاستییەکەی، هەروەها بیروباوەڕی ئایینی بە شێوەیەکی تەندروست لە دل و دەروونی تاکەکاندا بچێنرێت، بەڵام ئەگەر بەدیوە خراپەکەی بەکار بهێنرێت، دەتوانرێت میللەتی پێ بەلاڕێدا ببردرێت، مێژووی پێ بشێوێنرێت، جوانییەکانی پێ ئاوەژوو بکرێت، شکۆی مرۆڤ و نرخە بەرز و باڵاکانی پێ بێ بەها بکرێت، بە هەمان شێوە لە فێرکردنیشدا، ئەگەر بەدیوە راستەکەی بەکار بهێنرێت، دەتوانرێت بە شێوەیەک خزمەتی زمانی تێدا بکرێت، کە بەهای بۆ زیاد ببێت، زمانەکە بپارێزێت، لە مردن و بێ بایەخی رزگاری بکات، چونکە زمان تەوەری هەموو بابەتەکانی فێرکردنە، خوێندن و نووسینی پێ دەکرێت، لە هەمان کاتدا دەتوانرێت بەدیوە خراپەکەشی بەکار بهێنرێت، خزمەتی زمانی تیدا بە ئاڕاستەیەکی هەڵەدا ببردرێت، ئەگەر لە شێوەزارەکان بچووک بکرێتەوە و شێوەزارپەرستی پەرەی پێ بدرێت، زمانی زگماک بێ بایەخ بکرێت، زمانی دیکەی بەسەردا زاڵ بکرێت، بەرهەمی هەردوو دیویشمان لەو کاتەدا بۆ دەردەکەوێت، کە ئەگەر بەدیوە چاکەکەی بەکارهێنرابێت، لە ئەنجامدا نەوەیەکی هۆشیار و بەئاگا دروست دەبێت، کە خۆی بەکەم نازانێت، زمانی بێگانە بە جێگرەوەی زمانی خۆی دانانێت، بەمەش ئەو میللەتە قۆناغی پەرتەوازەیی تێ دەپەڕێنێت، بەڵام ئەگەر بە دیوە خراپەکەی بەکارهێنرابێت، نەوەیەکی سەرلێشێواو و خۆ نەناس، بێ باوەڕ و بێ متمانە بەخۆ دروست دەبێت، کە هەموو زمانەک لە زمانی خۆی بەشایستەتر دەزانێت و چێژ لە لاساییکردنەوە دەبینێت، بەمەش ئەو میللەتە هەر لە قۆناغی دواکەوتوویيدا دەمێنێتەوەو پێش ناکەوێت، لە ئێستاشدا لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەی کە لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا پەیڕەو دەکرێت، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەداخەوە بەدیوەخراپەکەی بەکار هێنراوە، چونکە دەبینین تاکی کورد دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەی لاوازبووە و فێرخوازان بایەخیان بۆ زمانە زگماکەکەیان نەماوە.

یەکەک لە بەها گرنگەکانیش بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی پەروەردە ئەوەیە، کە دەبێت رەچاوی شکۆی فێرکارو پەروەردەکاران لە بەرچاوی فێرخواز و وەرگراندا بکرێت،

چونکە فێرکار و پەروەردەکار زانیاری پێدەرن، پەروەردەکەر و فێرکەرن، کە لاساییان دەکرێتەوە، بۆیە دەبێت شکۆیان بپارێزرێت، تا باوەڕپێکراو بن، چونکە هەردەم کەسی وەرگر، پەروەردە و فێربوون لەو کەسە وەردەگرێت، کە لەبەرچاوی رێزدار بێت، شکۆی هەبێت و متمانەپێکراو بێت، ئینجا بنەماکانی پـەروەردە و فێرکردنی لێوەر دەگرێت، بۆیە ئەگەر فێرکارو پەروەردەکار شکۆیان بۆ دابین نەکرێت، پرۆسەکە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو جێبەجێ ناکرێت و ئەو ئەنجامەی نابێت، کە دەویسترێت، سەرلەبەری پرۆسەکە بە دیوە خراپەکەی دەردەکەوێت، زەمینەی بێ بایەخکردنی زمان و نەوەیەکی بێ سەروبەری لێ بەرهەم دەهێت، کە لە دوارۆژدا بەئاسانی بە لاڕێدا ببردرێن.

**ڕۆڵی دەزگا فەرمییەکان لە رەوشی زماندا**

هـەروەک دەزانین دەوڵەتی عیراق بەم سنوور و چوارچێوەیەی، کە لە ئێستاکەدا هەیە، لە سەرەتاکانی سـەدەی بیستەم دامـەزراوە، ئینجا کوردستانی باشووری پێوە لکێنراوە، لەو کاتەوەشڕا هـەردەم پرۆسـەی پـەروەردە و پرۆگرامەکانی فێرکردن بە بەرژەوەندی زمان و بە هزری عارەب ڕێکخراوە، بۆ ئەمەش هەموو دەزگا فەرمییەکانی وەک وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵاو کۆڕی زانیاری عێراق لە خزمەتی پرۆسەکە بەکارهێنراوە و پاڵپشتی ئەو بیرۆکە و سیستەمەیان کردووە کە بەقازانجی خۆیان بووە، ئینجا بەسەر ئێمەدا سەپێنراوە، بەڵام حەفتاکانی سەدەی رابوردوو بۆ ئێمەی کورد، قۆناغەکی جیاکەرەوەیە لەنێوان دوو سەردەمی جیا لەباشوورو لەپارچەکانی دیکەی کوردستاندا، چونکە لەسەرەتای حەفتاکان کۆڕی زانیاری کورد لەبەغدا وەک دەزگایەکی تایبەت بەزمان و بەکەلتوورو بەمێژووی کورد دامەزرێنرا، ئەمەش وایکرد رەوشی زمانی کوردی بەرێزمان و رێنووسەوە، لەخزمەتی تاکەکەسییەوە بۆ دەزگایەکی فەرمی بگۆرێت، کە بەچەندین توێژینەوەی زمانەوانی و بەچەندین پێشنیارو رێنمایی هەوڵی رێکخستن و خزمەتکردنی بدرێت، لەمەشدا زمانەوانانی پارچەکانی تریش بەشداریان دەکرد، بۆیە لەدواتردا ئەوخزمەتەی کە لەم دەزگایە کرا، بۆ توێژەران بووە بناغەو بنەواشە، نەوەکانی داهاتووی لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا پێ پەروەردە بوو، لەهەمان کاتدا بووە هەوێنی ئەوەی کە بیرکردنەوەو بیروبۆچوونی تری لەسەر بنیات بنرێت، کە زیاتر زمانەکەی پێ پێش بکەوێت، بەلام بەداخەوە ئەم دەزگایە تاسەر پالپشتی نەکرا، چونکە دەسەلات لەدەست خۆماندا نەبوو، ئەوەبوو لەسەرەتای هەشتاکان رۆلی کەمکرایەوەو وەک بەشەک لەکۆڕی زانیاری عێراق بچووککرایەوە، تا ئەو کاریگەرییەی نەمێنێت کە هەیبوو، لەدوای

راپەڕینی بەهاری(١٩٩١ز)یش لەکوردستانی باشووردا، ئەکادیمیای کوردی بۆ هەمان مەبەست دامەزرێنرایەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم دەزگایەش نەیتوانی ئەو ڕۆڵە ببینێت کە لەسەریبوو، چونکە بەرانبەر هەموو ئەو بڕیارانەی کە لەوەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا کاری پێ دەکراو ئەو زمانەی کە لەکەناڵەکانی راگەیاندنی بینراوو بیشتراوو خوێنراو بەکار دەهێنرا، ئەگەر بەزەرەری زمانی کوردی بووایەو لەخزمەتی زمانی بێگانەدا بووایە، ئەو بێ هەڵوێست و دەستەوەستان بوو، وەک ئەوەی کورد زمانی نەبێت، ئەمەش وایکرد ئەم دەزگایە کاریگەری نەمێنێت و لەخزمەتی زماندا پشتی پێ نەبەسترێت.

پاڵپشتیکردنی دەزگا فەرمییەکان بۆ بایەخدان بە زمانی بێگانە لە هەرێمی کوردستاندا، بەرنامەیەکە کراوە بەرێچکەی فێرکردن، ئەم رێچکەیەش بەردەوامی هەیە و وازی لێ ناهێنرێت، چونکە دەزگایەکان لە دەست کەسانی ناشایستە و شێوەزار پەرستن، یان بەدەست لاساییکەرەوانی زمانە بیانییەکان دایە، ئەمانەش بیرکردنەوەیان بە دوو شێوەیە، کە هیچیان سوودی بۆ زمانی کوردی نییە، چونکە زمانی کوردی بە شێوەزار دەناسنەوە و بە هاوتای زمانانی نازانن، یان زمانەکی بیانی بە جێگرەوەی زمانی کوردی دەزانن، بۆیە بەردەوام کار بەو ڕۆشنبیرییە زمانەوانییە دەکەن، هەردەم هەوڵ دەدەن لە شێوەزارەکاندا بچووکی بکەنەوە، یان دەستوورو یاسای ئەو زمانە بیانییە بە بەر زمانی کوردیدا بکەنەوە، کە خۆیان دەیزانن، کاریگەری بیرکردنەوەی ئەم جۆرە کەسانەش لەو کاتەدا دەردەکەوت، کە بڕیار و راوێژیان پێ دەکرا بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی، چونکە تایبەتمەندی زمانی کوردییان بەلاوە گرنگ نەبوو، بەڵکوو لاساییکردنەوەی ئەو زمانانەیان پێ رەواتربوو، کە زاڵبوون یان خۆیان ئاشنایەتییان لەگەڵیدا هەبوو، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆشنبیری زمانەوانیدا دروستکرد، بووە هۆی ئەوەی خوێندکارانی ئێستا، زیاتر لە روانگەی شێوەزارەکانەوە یان بە پێوانەی زمانەکی بێگانەوە بیر لە خزمەتی زمانی کوردی بکەنەوە، بەمەش زمانی کوردی ئاڕاستەیەکی ناتەندروستی وەرگرت و بەزەمینەیەکی نەشیاو خزمەتکرا، چونکە شێوەزار پەرستی پەرەیسەندو زمانی بێگانە پێشبەندی بۆ دانرا، بەباوەڕی ئێمەش لەوانەیە ئەمە لەئەنجامی بێ هەستی و نەزانینی بڕیاربەدەست و بەرپرساندا بێت، یان بەئەنقەست و زاڵکردنی بەرژەوەندی شێوەزار پەرستاندا بێت، بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا سوودی بۆ زمانی کوردی نەبوو، لە هەمان کاتدا کارئاسانی بۆ ویست و ئارەزووی داگیرکەران کرد، چونکە بەڕاستی ئەو مەبەستانەی کە پێشتر بۆیان مەیسەر نەدەبوو، خۆمان پەیڕەومان کرد، ئەوەی بۆیان زەحمەت بوو، خۆمان جێبەجێمانکرد، تا وای لێهات زمانی کوردی لە بواری فێرکردندا ئەو گرنگییەی نەمێنێت، کە پێویست بوو

هەیبێت، چونکە لە هەموو بوارەکاندا زمانی دیکەی بەسەردا زاڵ دەکرا و بژێوی ژیانی ئاخێوەران بە زمانی دیکەوە گرێ دەدرا.

بەداخەوە ئەم جۆرە بیرکردنەوەو ڕێڕەوەی کە لە دەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی پەروەردەدا پەیڕەو دەکرێت، هەرگیز سوودی بۆ زمان و کەلتووری کورد نابێت، چونکە بۆ زمانەک، بۆ ولاتەک بۆ کۆمەلگەیەکی تر گونجاوە، کە ئازاد و سەربەخۆ بێت، چارەنووسی پارێزراو بێت، بۆ گەل و بۆ کەسەکە، کە هەڕەشەی تواندنەوەی لەسەر نەبێت، ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەوارانی لە پلەیەکی بەرزدابێت، بەڵام بۆ ئێمە ناگونجێت، چونکە ئێمە گەلەکی ژێردەستەین، خاکەکەمان دابەشکراوە و زمانەکەمان بێ بایەخکراوە، لە قۆناغی خۆناسین و خۆ دروستکردنداین، لە شەڕی مانەوە و خۆ پاراستنداین، هەڕەشەی لە ناوبردنی ناسنامە و پلانی تواندنەوەی کەلتوورو زمانمان لەسەرە، بۆیە دەبێت بە شێوەکی دی بیر بکەینەوە، کە ڕەچاوی ئەم بارودۆخەی تێدا بکرێت.

### سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا

ئاشکرایە کە لە دوای ڕاپەڕینی(١٩٩١)ی زایینی دەرفەتەکی زێڕینمان بۆ هاتەپێش، چونکە نەتەوەی داگیرکەری عارەب لە پێگەی بڕیار دوورکەوتەوە، بەمەش ڕەوشی زمانی کوردی کەوتە ژینگەیەکی تایبەت بەخۆیەوە، کە زەمینەیەکی لەباری خزمەتکردنی بۆ ڕەخسا، چونکە دەسەڵات کەوتە دەستی خۆمانەوە، لەم حاڵەتەشدا توانیمان سیستەمی پەروەردە بگۆڕین و بە سیستەمی جیا پرۆسەکە جێبەجێ بکەینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندان پلانی پەروەردەیی و پرۆگرامی خوێندنی جیاواز و هەموارکراو تاقیکرایەوە، ئەوەبوو بەپێی یاسای وەزارەتی پەروەردەی ژمارە(٤)ی سالی (١٩٩٢ ز) هەموارکراو و پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە (٧)ی ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ژمارە(٣٠) لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١/٢١) بەپێی ئەو ڕوونکردنەوەی کە لەلایەن بەڕێز وەزیری پەروەردە پێشکەشکرا، بڕیاردرا بە دەرکردنی سیستەمی قووتابخانە بنەڕەتییەکانی ژمارە(١)و سیستەمی خوێندنگە ئامادەییەکانی ژمارە (٢)ی سالی (٢٠٠٩ز) ئەم سیستەمەش لەلایەن لیژنەیەکی وەزارەتی پەروەردە ئامادەکراو پێشکەشکرا، لەم کاتەوەشڕا پرۆگرام و سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی باشوور لە عێراق جیاکرایەوە و بەسیستەمەکی دیکە گۆڕدرا، بەڵام بەداخەوە گۆڕان و پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە لە ڕووی پەروەردە و خزمەتی زمانەوە ئەو سوودەی نەبوو، کە دەویسترا، چونکە گۆڕانی سیستەمەکە تەنیا لەپێناو گۆڕاندابوو،

لەجێی پەیڕەوکردنی سیستەمی سەپێنراوی داگیرکەرەک کە هی عیراقی عارەبی بوو، بە کوێرانە لاسایی سیستەمەکی تری بیانی کرایەوە کە سویدی و بە ئینگلیزی کردن بوو، ئەمەش بە قازانجی زمانەکەمان نەشکایەوە، ئەگەرچی ئەم سیستەمانە بۆ وڵات و نەتەوەکانی خۆیان بەکار و سوودبەخش بوون، بەڵام بۆ ئێمە ئەو بەرهەمەی نەبوو کە دەمانویست، چونکە بەتایبەتمەندی خۆمان دانەنرابوو، هەر سیستەمەکیش ئەگەر خۆماڵی نەبێت، دەرئەنجامەکەی ئەو بەرهەمەی نابێت کە هەوڵی بۆ دەدرێت، بەڵکوو لەوانەیە لەجیاتی سوود و قازانج، زەرەری هەبێت و بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگەی لێ پەیدابببێت، چونکە لەگەڵ ژینگە و ئاستی ڕۆشنبیری و تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە ناکۆک دەبێت، کە بۆی بەکار دەهێنرێت، بۆیە وا پێویست دەکات لە ئێستادا، هەڵوێستە لەسەر ئەو سیستەم و پڕۆگرامانە بکرێت، کە پەیڕەو دەکرێت، چونکە بەردەوامبوون لەسەری لە ڕێگەچارەی گرفتەکان دوورمان دەخاتەوە و زیاتر بە لاڕێماندا دەباتەوە.

## ئامانجەکانی خوێندن

پڕۆگرامەکانی خوێندن لەو بابەتانە خۆی دەبینێتەوە، کە فێرخوازی پێ فێر دەکرێت، گرنگیشی لەوەدا دەردەکەوێت، کە هەر بابەتەکی لە داهاتوودا دەبێتە هۆی گۆشبوونی فێرخواز بەو مەبەستەوە، کە بۆی دادەنرێت، چونکە ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی ئەو کەسەدا دەبێت کە پێی دەخوێنێت، بۆیە دەبێت لە دانانی بابەتەکاندا ئەو مەبەستە لە بەرچاو بگیرێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستەش پێویستە بابەت و پڕۆگرامەکان بە دوو ئامانج دابنرێن، کە ڕەچاوی زمان و پەروەردەی تێدا بکرێت:

ئامانجی یەکەم: زمانی کوردی لە هەموو بوار و بابەت و پڕۆگرامەکانی خوێندندا پێشبەندی هەبێت، کە بایەخ و شکۆی بۆ دروست بکات.

ئەو پڕۆگرامەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێت، هەرگیز ئەو ئامانجە ناپێکێت، کە زیاتر لە خزمەتی زمانی کوردیدا بێت، چونکە منداڵی کورد هەر لەباخچەی منداڵانەوە، فێرخوازانیشی هەر لە قۆناغی سەرەتایی، لە پۆلی یەکەمەوە، جگە لە زمانی دایک بە زمانی دیکەش فێر دەکرێت، ئەمەش وادەکات لە جیاتی ئەوەی ئەم پڕۆگرامە سوود بە فێرخوازی کورد بگەیەنێت، زەرەری هەبێت، چونکە لەم تەمەنەدا، منداڵ هێشتا زمانە زگماکەکەی خۆی هەرس نەکردووە، بەزمانەکی دی باری گران دەکرێت، بەمەش لە دوور مەودادا نەوەیەک بەرهەم دەهێت، کە بیرکردنەوەی لە خزمەت زمانی زگماکدا نەبێت، چونکە بەزمانی دیکەوە گۆش دەبێت.

ئامانجی دووەم: بابەتەکانی پەروەردەیی بێت، کە فێرخواز بەرژەوەندی نەتەوەکەی تێدا ببینێت. هەموو بابەتەکانی لەپێناو نەهێشتنی کاریگەری پلان و هەڕەشەی دوژمن و ناحەزان بێت، کە مەبەستەکانیان پووچەل و خاڵی بکاتەوە، وەک قەلغانی خۆپاراستن بێت، کە هەستی نەتەوەیی تێدا گەشە بکات، تاکەکی هۆشیار پەروەردە بکات، کە ژێردەستەیی قبووڵ نەکات، مافی سەربەخۆ بوونی خۆی بزانێت، لە هەمان کاتدا بیرو باوەڕی مرۆڤایەتی بچەسپێنێت و ئاستی ڕۆشنبیری بەرز بکاتەوە...تاد

ئەم دوو ئامانجە چوارچێوەیەک بۆ هەر کۆمەڵگا و نەتەوەیەک دروست دەکەن، کە دوژمن نەتوانێت بەسەریاندا زاڵ ببێت، یان زمانەکەی بێ بایەخ بکات و بیتوێنێتەوە، بۆیە پێویستە لە دانانی بابەتەکاندا رەچاو بکرێن.

**خزمەتکردنی زمان لە کەرتی پەروەردەدا**

هەروەک دەزانین هەرێمی کوردستانی باشوور پارچەیەکە لە کوردستانی گەورە، بەڵام زۆرترین ئەرک و بەرپرسیاریەتی خزمەتی زمانی کوردی کەوتۆتە سەرشان، چونکە هەردەم بە رادەیەکی زیاتر لە پارچەکانی دیکە کاراتر و ئازادتربووە لە بەکارهێنانی زمانی کوردیدا، هەروەها بە سیستەمی نوێش لە خوێندندا، بەشێوەیەکی بەردەوام زمانی کوردی تێدا بەکارهاتووە، بۆیە نزیکەی سەدەیەک دەبێت خوێندەوارانی کورد لەم پارچەیەدا، چەند نەوەیەکیان لێ بەرهەمهاتووە، کە بە کوردی دەنووسن و دەخوێننەوە، لە کاتەکدا لە پارچەکانی دیکەیدا، زمانی کوردی قەدەغەبووە و خوێندن و نووسینی پێ نەکراوە، یان بێ بایەخکراوە و هەوڵی تواندنەوەی دراوە، بۆیە هەق وایە ئەگەر خزمەتی زیاتری کردبێت، بە ستایش باس بکرێت، ئەگەر لە ئاستی پێویستیشدا نەبووبێت، ڕەخنەی زیاتری لێ بگیرێت و هەوڵی راستکردنەوەی هەڵەکانی تێدا بدرێت.

لەدوای راپەڕین، دەبووایە لایەنی دەسەڵاتدار و پەیوەندیدار و خەمخۆرانی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی دیکە بیریان لە خزمەتکردنی زمانی کوردی بکرادابووایە، چونکە هەموو پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکان لە دەست خۆماندا بوو، بۆیە دەبووایە بەرنامەی خزمەتکردنی زمانی کوردی کاردانەوە بووایە بەرانبەر ئەو پلانانەی کە داگیرکەران بۆ تواندنەوە و بێ بایەخکردنی زمانەکەمان دایان دەنا، بۆ ئەوەی ئەگەر ڕۆژەک لە ڕۆژان پارچەکانی دیکەش کەوتنە هەمان بارودۆخ و ژینگەی ئێمەوە، بەرنامەیەکی ئامادەکراوی پەروەردە و فێرکردنی ئەم بەشەیان لەبەر دەستدا بووایە، کە ئەوانیش بیانتوانی بووایە پەیڕەوی بکەن، نەک وەکوو بەم شێوەیەی ئێستاکە هەیە، کە

لە هەردوو بواری خوێندن و کارکردن زمانی دیکە بەسەر زمانی کوردیدا زاڵکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانرا، بە دیوە چاکەکەی پرۆسەی پەروەردە جێبەجێ بکرابووایە، ئینجا لەنێویدا بایەخی زیاتر بۆ زمانی دایک دابنرابووایە و خزمەتکردنی بە ئەرکەکی نەتەوەیی بزانرابووایە، بەرنامە و پرۆگرامەکانی خوێندن لە ڕووی ڕێزمان و ڕێنووسەوە بە شێوەیەک ئامادە بکرابووایە، کە لە داهاتوودا بتوانرا بووایە لە پارچەکانی دیکەش سوودی لێوەربگیرێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانرا هەر لەسەرەتاوە ئەم هەنگاوانە هەڵ بهێنرێت.

لە هەنگاوی یەکەمدا: هەموو سەرچاوە پێویستەکان بۆ فێرخوازانی زانکۆ لە زمانەکانی دیکەوە بۆ زمانی کوردی وەربگێڕدرابووایە، تا خوێنکاری کورد، کاری بەسەرچاوە بیانییەکان نەمابووایە، یان ئەوەندە کەم ببووایەوە، کە ناچار نەبووایە هۆگری زمانی دیکە ببێت، بەمەش ئەوەندە پێویستی بە زمانەکانی دی نەدەبوو، بەڵکوو زیاتر پەیوەستی زمانە زگماکەکەی خۆی دەبوو.

لە هەنگاوی دووەمدا: دەسەڵات پاڵپشتی دەزگایەکی فەرمی بکردابووایە، تا فەرهەنگەکی گشتییان دروست بکردابووایە، کە وشەی هەموو شێوەزارەکانی لەخۆ بگرتابووایە، چونکە ئەم جۆرە فەرهەنگە دەبووە سەرچاوەیەکی بەردەست بۆ هەر توێژەرەک، ئەگەر لە هەر پارچەیەکدابووایە، کە لە زمانی کوردی بکۆڵیبووایەوە، ئەمەش کارئاسانی بۆ توێژەران دەکرد، لەو کاتەی کە توێژینەوەیان لەسەر زمانی کوردی بە گشتی و هەرشێوەزارەکی دەکرد، لە هەمان کاتدا سوودی بۆ زانستی وشەسازی و ریشەناسی دەستەواژەکان و بەراوردی بنەما ڕێزمانییەکانیش دەبوو، چونکە وشەی هەموو شێوەزارەکان و بنەمایەکانی دەخستە بەرچاوی لێکۆڵەرەوان، تا بتوانن بەراوردی دروستبوونی بنەما ڕێزمانییەکان و بناغەی دروستبوونی وشەکان لەنێوان شێوەزارەکاندا بکەن.

لە هەنگاوی سێیەمدا: پرۆگرامەکانی خوێندن لەڕووی ڕێنووس و ڕێزمانەوە بە شێوەیەک ڕێک بخرابووایە، کە بتوانرابووایە لە داهاتوودا وەک بناغە بۆ دروستکردنی ستاندارد لێی بڕوانرێت، بۆ ئەم مەبەستەش رەچاوی ئەم دوو خاڵە بکرابووایە.

١-لەڕێکخستنی ڕێنووسدا، نووسین بە هەردوو ئەلفبێی عارەبی و لاتینی هاوتای یەکتر بکرابووایە، بە واتای ئەوەی لە هەردوو ئەلفبێدا هەمان بنەما دیاربخرابووایە، تەنیا جیاوازی نیگاری پیتەکان لەنێوان هەردوو ئەلفبێ بمابووایە، لەم حاڵەتەشدا نووسین و خوێندنەوە بەهەردوو ئەلفبێ ئاسانتر دەبوو، چونکە تەنیا ناسینەوەی پیتەکانیان لەنێواندا دەمایەوە، ئەمەش وای دەکرد ئەگەر نووسەر بەهەر ئەلفبێیەکی بنووسیبووایە،

خوێنەری ئەلفبییەکەی تر دەیتوانی نووسینەکە ئاسانتر بخوێنێتەوە، چونکە تەنیا زانین و ناسینەوەی نیگاری پیتەکانی پێویستبوو، فێربوونی ئەمەش بۆ فێرخواز کارەکی ئاسانە، ئەگەر مەبەستی فێربوونی هەبێت.

٢-لەهەڵبژاردنی دەستەواژەو لەدانانی بابەتە ڕێزمانییەکاندا، دوو شێوەزار بە بناغە وەربگیرابووایە، ئینجا بە بەراوردکراوی پرۆگرامەکانی خوێندنیان لەسەر ڕێک بخستابووایە، تا لە داهاتوودا ئەم دوو شێوەزارە بناغەی ستانداردیان لەسەر دروست بکرابووایە، ئەم دوو شێوەزارەش بابانی و بۆتانی بوونایە، چونکە هەریەکە لەم دوو شێوەزارە، گەشەسەندووترین شێوەزارن لەنێو شێوە ئاخاوتنی خۆیاندا، بەپێی ئەو کەتوارەی کە لە ئێستاشدا زمانی کوردی تێدایە، دروستکردنی دوو ستانداردی بەراوردکراو بەشیاوترین چارەسەر دەزانرێت، چونکە لە مەودای دوور و نزیک و لە ئێستاشدا زۆر زەحمەتە بتوانرێت یەک ستانداردی قبووڵکراو دروست بکرێت و بەسەر هەموو پارچەکانی کوردستاندا بسەپێنرێت، بۆیە ئەگەر بۆ هەر شێوە گفتوگۆیەک شێوەزارەک بە بناغەی ستاندارد وەربگیرێت، کارەکە ئاسانتر دەبێت، بە مەرجەک بابەت و پرۆگرامەکانی هەردوو ستانداردەکە بەراوردی یەکتر بکرێت، بە واتای ئەوەی بەکارهێنانی دەستەواژە و بنەما ڕێزمانییەکان لە هەردوو ستانداردا وەکوو یەکتر بێت، تا ئەوەی کە بە ستانداردەکیان دەخوێنێت، لە ستانداردەکەی تریش شارەزابێت و ئاشنایی پەیدا بکات، بەمەش تێگەیشتنیان بۆ یەکتر ئاسان و ڕەوانتر دەبێت.

**ڕوونکردنەوەیەکی پێویست.**

ڕاستییەکەی زمانی کوردی لە سێ شێوە گفتوگۆی (کرمانجی سەرووـ کرمانجی ناوەڕاست ـ کرمانجی کۆن و ڕەسەن) پێک دەهێت، ئینجا هەر شێوە گفتوگۆیەک لەمانە لە چەندان شێوەزار و هەر شێوەزارەک لەچەند بنزار و دەڤۆکەکی بچووکتر دروست دەبێت، لەم حالەتەشدا ناکرێت بۆ هەر شێوەزارەک، ستانداردەک دروست بکرێت، چونکە هیچ زمانەک نییە لە دنیادا هەر شێوەزارەکی ستانداردەکی هەبێت، بۆیە وا ڕاستترە بۆ هەر شێوە گفتوگۆیەک ستانداردەک دروست بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش شێوەزاری بابانی بۆ شێوە گفتوگۆی کرمانجی ناوەڕاست، شێوەزاری بۆتانی بۆ کرمانجی سەروو، بە بناغەی ئەم ستانداردە هەڵبژێردرێن، ئینجا بە دەستەواژەی شێوەزارەکانی دیکە مووتوربە و دەوڵەمەند بکرێن، چونکە هەریەکە لەم دوو شێوەزارە، نوێترین شێوەزارن لە نێو شێوە گفتوگۆی خۆیدا کە لە ئێستادا هەبێت، بەڵام شێوەئاخاوتنی کۆن و ڕەسەنی کوردی،

کە لە شێوەزارەکانی گۆران(هەورامی و زازاکی) لەگەڵ لوڕ و کەلهووڕ و لەکی........ تاد پێکدێت، بەکۆنترین شێوە ئاخاوتنی کوردی دەزانرێن، بۆیە بە بناغەی زمانی کوردی ئێستا دادەنرێن، بەڵام ئەم شێوەزارانە گۆڕانی زۆریان بەسەرداهاتووە، کە لەلایەکەوە لەنێوان شێوەزارەکانی خۆیدا ڕوویداوە، لەلایەکی ترەوە لە شێوەزارەکانی کرمانجی ناوەڕاست و سەڕوو ڕەنگ دەداتەوە، چونکە ڕەگ و ریشەی بنەما ڕێزمانییەکان و دروستبوونی وشەکانیان تێدا دەردەکەوێتەوە، ئەمەش وا دەکات بە بناغەی ستاندارد و هەموو شێوەزارەکانی کرمانجی ناوەڕاست و سەڕوو بزانرێن، شایانی ئەوەبن، بەسەرچاوەی گەڕانەوە سەیر بکرێن، بۆ گرفت و کێشەکان لە نێوان ئەو دوو ستانداردەی کە لە شێوەزارەکانی بابانی و بۆتانی دروست دەکرێت، بە یەکلاییکەرەوە هەژمار بکرێن.

لە هەنگاوی چوارەمدا: بەرنامەکانی کۆمپیوتەر بەشێوەزارەکانی (بابانی، بۆتانی) ڕێک بخرابوونایە، تاوەکو لە هەموو ئەو بوارانەی کە کۆمپیوتەری تێدا بەکار دەهێنرا، زمانی کوردی فەرامۆش نەکرابووایە، بەمەش لە لایەکەوە زمانی کوردی بایەخی پەیدا دەکرد و هاوتای زمانان دەبوو، لە لایەکی دیکەوە بازاڕی کار بەم شێوەزارانەوە پەیوەست دەبوو.

بە باوەڕی ئێمە، جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە بە دەسەڵاتەک دەکرێت، کە شارەزابێت و بتوانێت بیانسەپێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەمخۆرانی زمانیش دەتوانن ڕێگەچارەی گرفتەکان دەستنیشان بکەن، بۆ ئەو ڕۆژەی کە دادێت، تا ئەو مەبەست و توانایە بەردەست دەبێت و پاڵپشتی دەسەڵات لە خزمەتی ئەم هەنگاوانەدا بەکار دەهێنرێت.

## پوختە

گومان لەوەدا نییە، ئەگەر ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکرابوونایە، بە دڵنیایی ئێستاکە زمانی کوردی قۆناغی زۆر پێشکەوتووتری بڕیبوو، بناغەیەکی بۆ دروستکردنی ڕێزمان و ڕێنووسەکی یەکگرتوو دامەزراندبوو، کە ستانداردی لێ دروست بکرێت، هەروەها گرفتەکانی زمانی کوردیش وەک گرفتی زمانانی دیکە دەکەوتە سەر ئەو ڕێڕەوە راستەی کە بتوانرێت بەلایەکدا ساغ بکرێتەوە، نەک وەکوو لە ئێشتادا دەبینرێت، کە لە ڕووی ڕێنووسەوە هەموو جۆرە نووسینەک بەڕاست دەزانرێت، لە ڕێزمانیشدا هەر شێوەزارەک خۆی بە شایستە و شیاوتر دەزانێت تا بە بناغەی ستاندارد دابنرێت.

ئەگەر ئەم هەنگاوانە پەیڕەو بکرابوونایە، شێوەزارە جیاوازەکان بە خێرایی تێکەڵ و ئاشنای یەکتر دەبوون و نەیدەهێشت زیاتر لێک دووربکەونەوەو هەرشێوەیەک بە ئاڕاستەیەک گەشەبکات، لەگەڵیدا زمانیش سووری پێگەیشتن و یەک ئاڕاستەیی

وەردەگرت، ئینجا لە ئەنجامدا لە هەموو بوارەکاندا، نەوەیەکی تەندروست لە ڕووی پەروەردە و فێربوونەوە دروست دەبوو، لەمەشدا دوارۆژەکی ڕوون بۆ نەتەوەکەمان بەرهەم دەهات، کە بەقازانجی زمان و دۆزەکەمان بێت، بەڵام بەداخەوە کە ئەم هەنگاوانە جێبەجێ نەکران، لەجیاتی ئەمانە لە پلەی یەکەمدا پشت بەزمانی بیانی بەسترا، فێرخوازی کورد وا ڕاهێنرا، کە بەرژەوەندی لە فێربوونی زمانی تردا هەبێت، لە پلەی دووەمدا شێوەزارپەرستی برەوی پێدرا، بەمەش هەموو شێوەزارەکان بوونە هاوتای یەکتر، کەچی لەبەرانبەر زمانی بیانی خۆیان بەکەمتر دەزانی، ئەمەش وایکرد جۆرە ڕۆشنبیرییەکی هەڵە لە نێو بەخێوەکەران و فێرخوازانی کورد بڵاو ببێتەوە، کە زمانەکەی خۆیان لەلا بێ بایەخ ببێت، لە شێوەزارەکدا بچووکی بکەنەوەو بەهاوتای زمانە زاڵەکانی نەزانن، وا بزانن زمانی کوردی بەکەڵکی ئەوە ناهێت، تا بژێوی ژیانی پێ ببەسترێتەوە.

پەیڕەو نەکردنی ئەم هەنگاوانە کاریگەرییان لەسەر رەوشی زمانی کوردی لە پرۆسەی پەروەردە بە گشتی و لە سەر کەرتی پەروەردە و فێرکردنی حکوومی لە هەرێمی کوردستاندا هەبوو، هەروەها تێڕوانینی کۆمەڵگەشی بۆ پرۆسەکە گۆڕی، چونکە پەروەردەیەکی نەگونجاو و زمانەکی بێ بایەخی بەرهەمهێنا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر پرۆگرام و بابەتە خوێنراوەکانی پەروەردەی ناحکومی و ئەهلییەکان، هەروەها وەزارەتی ئەوقاف و دەڤەری بادینان و ناوچە دابڕێنراوەکان و پەروەردەی ناوەڕاست و باشووری عێراق تا دەگاتە پەروەردەی دیاسپۆڕا........ هەبوو، چونکە بووە هۆی ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە زمانی جێگرەوە لە خوێندن و بۆ هەلی کار بەکار بهێنن، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەمەش دەبێت بەخۆدا چوونەوەیەکی قووڵ بکرێت، کە پرۆسەی پەروەردە بەشێوەیەکی دیکە بەڕێوە ببردرێت، لەگەڵیدا سیستەم بە خۆماڵی بکرێت و بابەت و پرۆگرامەکانی خوێندنی تێدا تایبەت بە بەرژەوەندی زمان و بەنەتەوەی کورد بێت، چونکە ئەم جۆرە ڕێڕەو و بیرکردنەوەیەی کە لە ئێستادا کاری پێ دەکرێت، بۆ زمان و نەتەوەی کورد، ئەو سوودەی نابێت، کە دەمانەوێت.

# وەدەرنانی زمانی کوردی: ڕێگری لە ناسینی زمانەوانیی مێژوو

ئەحمەد غولامی

ڕۆژی جیهانی زمانی دایک ئەم دەرفەتە بەنرخە بە زمانە پەراوێزخراوەکان دەبەخشێت، کە کەمێک لە دەرەوەی هەموو پێکهاتە زمانەوانییە باڵادەستەکان، کە لە شێوەی لێدوانی باڵادەستدا لە دامەزراوە پەروەردەیی، ئایینی، هەواڵ، سیاسی، کۆمەڵایەتی و هتد...دا دەبینرێن، بیر لە جیهان و مێژوو بکەنەوە. بەو پێیەی زمانی دایکی دەتوانێت جۆرێکی جیاواز و ناکۆکی پەیوەندی و کارلێک لە زمانی باڵادەست دابین بکات، کەناڵێکە بۆ بیرکردنەوە لە بوون–بوونی مرۆڤ لە جیهاندا. لە نێو هەموو زمانە پەراوێزخراوەکاندا، زمانی کوردی دەتوانێت شوێنەواری بنیاتنانی مێژوویی حەقیقەت و مانای ئەفسانەیی ژیانی کۆن و مێژوویی ئەم خاکە دابین بکات. ئەمە شتێک بوو کە حکومەتەکانی پەهلەوی و ئەتاتورک و بەعسی باش ئاگاداری بوون، هەربۆیە هەموو هەوڵەکانی ئەم حکومەتانە لە ئێرانی سەردەمی پەهلەوی و تورکیای مۆدێرن و عێراق و سووریادا بۆ نەهێشتنی زمانی کوردی بوو. ئەم هەوڵە بەشێک بوو لە سیاسەتی شێواندنی حەقیقەت و دامەزراندنەوەی فۆرمێکی نوێی حەقیقەتی مێژوویی کە ڕەگ و ریشەی لە واقیعە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکاندا نەبووە. دروستکردنی ناوی ساختەی مێژوویی و سیاسی و هتد... دەکرا زۆر کاریگەر بێت لە دامەزراندنی حکومەتە مۆدێرنەکانی پەهلەوی و تورکیای غەیرە عوسمانی و بەعسیزمدا. هەر لەم قۆناغەوە بوو کە لە غیابی هیچ جۆرە لێکۆڵینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی کوردیدا، پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەفسانە و لێکۆڵینەوەی مێژووی ساختە لەو وڵاتانە دەستی پێکرد.

لە سەردەمی پەهلەویدا تەنانەت ئەو کتێبانەی کە لە ڕابردووەوە بە زمانی کوردی بە جێمابوون، وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی و بەرهەمی ڕەسەن لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی دوورخرایەوە، دیوانەکەی بابا تاهیر هەمەدانی نموونەیەکی ڕوونی ئەم بانگەشەیە، ئەم هەوڵانە لە تورکیادا بە فراوانی دەبینرێن، بە جۆرێک ناو و گێڕانەوەی پەیوەندیدار بە کوردستانەوە لە بەرهەمە مێژووییەکاندا سڕدرانەوە، ئێستا مشتومڕ لەسەر ئەوەیە کە نەهێشتنی زمان و وشەسازی کوردی تا چەند دوورمان دەخاتەوە لە ناسینی ڕاستی و واقیعی مێژوویی و سیاسی، ئەم بانگەشەیە لەبەر ئەوەیە کە بایەخدان بە زمانی کوردی تەنانەت بۆ خوێندنەوەی بەرهەمە کۆنەکانیش کە لە سەردەمی هیتییەکانەوە تا ئێستا ماون، ئەوەندە پێویستە کە شارەزا نەبوونی زمانی کوردی و لقەکانی لە واقیعە مێژوویی و دێرینەکان

دوورمان دەخاتەوە، بۆ نمونە بایەخ نەدان بەم زمانە وای کردووە کتێبی درەختی ئاشوورییەکان کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پارتییەکان و لە زمانی کوردیی کەڵهۆریدایە، هێندە چەقۆکێشانە بخوێنرێتەوە کە مانای ڕەسەنی تێدا ون بێت. لە یەکێک لە ڕستەکانی ناو کتێبەکەدا، بزنەکە بە درەختی خورما دەڵێت، «بێژنەت مانیدە دیڤ»، ئەم ڕستەیە بە کوردی مۆدێرن مانای ئەوەیە کە تۆ باڵا بەرز و دروستکراوی وەک جنۆکە، لە کاتێکدا سەرنووسەری کتێبەکە، دکتۆر مەحیار تەوابی، بە «گیسڤانت وەک قژی جنۆکە، رەش» وەریگێڕاوە. هەمان کێشە لە خوێندنەوەی ناوی شارەکان و ناوی تایبەتیشدا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لە زمانی تورکی و عەرەبیدا کە کەمتر پەیوەندی زمانەوانییان لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە. بۆ خوێندنەوەی وشەی «مێر» یان «مار» بە ناوی ماردین، مەراس، ئیزمیر، مێرسین، مەرەش، ئۆرامار و چەندان وشەی تر کە لە تورکیادا هەن، زۆرێک لە زمانزانان و دەوڵەتمەدارەکان بە ئاسانی پشتگوێیان خستووە و بە وشەی کۆنی بێ مانایان زانیوە. لە کاتێکدا خوێندنەوەی ئەم وشانە کە هەموویان ڕەگ و ریشەیان لە زمانی کوردیدا هەیە، دەتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ کردنەوەی تۆڕێکی زمانەوانی کە ئێمە، لە ڕێگەی زمانی کوردییەوە، بە مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفسانەی ئەو خاکانە دەبەستێتەوە. لە هەموو ئەم وشانەدا مار یان مێر بە واتای دەرکەوتنی خودا وەک خۆر دێت. ئەم وشەیە لە زمانی فارسیدا بە مێهر دەبینرێت، هەروەها ماری پەلەوەر گیاندارێکە کە دەرکەوتنی زەمینی خودایە، خۆریش دەرکەوتنی ئاسمانی ئەوە. هەردووکیان شێوەی بازنەییان هەیە و خەزانن، و هێمای سەرهەڵدان و دەرکەوتنی خودان لە جەوهەری مرۆڤایەتی و جیهاندا، تا ئێستاش مار وەک ئاژەڵێکی پیرۆز و هێمای دەرکەوتنی خودا لە ئایینی ئێزیدی لە ناوچە کوردنشینەکاندا سەیر دەکرێت. تێگەیشتنی زمانەوانی لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا کاتێک بەدی دێت کە لە ڕێگەی زمانی کوردییەوە بیر لە مێژوو بکەینەوە. تا ڕێگای مەعریفەی مێژوویی لە ڕێگەی زمانی کوردییەوە خۆش نەکرێ، خوێندنەوەی دەق و ناو و بەرهەمە فیکری و زانستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەحاڵ دەبێت و هەموو ئەوەی لە مێژوو بۆ نەوەکانی داهاتوو دەمێنێتەوە جۆرێک لە مەعریفەی مێژوویی شێواو و ساختە دەبێت. زمانی کوردی، چ وەک نزیکترین زمان لە دەقەکانی پەهلەویی سەردەمی کۆن یان وەک زمانی ئەو کەسانەی کە

بەشێکی زۆر لە مێژوو و جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان ئەزموون کردووە، لە هەر حاڵەتێکدا، تاکە پەیوەندی زمانەوانییە لە نێوان ئێمە و جیهانی کۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەم شێوەیە پێویستە بانگەشەی ئەوە بکرێت کە تەنیا لە ڕێگەی نێوەندگیری زمانی کوردی و بە گەڕانەوە بۆ وشەسازی و زاراوە کۆنەکانی پێش ساختەکردنی عەرەب و تورک و پەهلەوی، دەتوانین هیوای زانینێکی دروست و نەشێواوی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخوازین.

# پێویستییەکانی زمانی کوردی لە سەردەمی مۆدێرندا

نامدار جابری
لە فارسییەوە/ زمان و زار

زمانەکان پێویستیان بە نوێکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بن و هاوسەنگ بن لەگەڵ پێشکەوتنە زانستییەکان، بۆ ئەوەی مەترسی مردنی بەکاوەخۆ نەبن، بەڵام هەندێکیان هێشتا لە ڕابردوودا گیریان خواردووە و بە شێوازێکی نازانستی و بەبێ بایەخدان بە پێویستییەکانی نوێکردنەوەی زمانی دایک، گیرۆدەی وەهمی فۆنت دروستکردنن. زمانی کوردی وەک زمانی دایک، بە شێوەزارە جۆراوجۆرەکانی و لق و پۆپی بێژمار، دەوڵەمەندی مێژوویی و شارستانی خۆی نیشان دەدات، ئەم فرەچەشنییە کە ڕەگ و ریشەی لە کەلتوور و مێژووی کۆنی ئەم زمانەدا داکوتاوە، بە سەرمایەیەکی بەنرخ دادەنرێت. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا، هەندێک کەس بە بایەخدان بە جیاوازییە بچووکەکانی فۆنێتیک یان فۆنۆلۆژی، بەبێ ئەوەی ئەنجامە زیانبەخشەکانی لەبەرچاو بگرن، هەوڵی بەرهەمهێنانی فۆنتی ناستاندارد و نازانستی دەدەن، کە زیانەکانی زۆر لە سوودەکانیان زیاترە. ئەم کردەوانە دەتوانێت زیانێکی گەورە بە زمانی کوردی بگەیەنێت.

ئەم گرووپە یان لە وەهمی فۆنتسازیدان، واتە بە هەڵە پێیان وایە بەم کردارانە خزمەت بە زمانی دایکی دەکەن، لە کاتێکدا خەریکە زیانێکی قەرەبوو نەکراوەی پێدەگەیەنن، یان بە ئاگاییەوە لەسەر ڕێبازی فۆنتسازیی وەهمی دەڕۆن. لە حاڵەتی دووەمدا، ئەم کەسانە بە زانینی گرنگی زمان و تاکە ئەلفوبێ، بە هەوڵی تێکدەرانە و هەندێکجار لایەنگریانە مامەڵە دەکەن بۆ لاوازکردنی زمانی دایک و لە ئەنجامدا کەلتوور و مێژوو و ناسنامەی گەلەکەی. لە دنیای هاوچەرخدا کە زانست بە خێراییەکی بێوێنە پێشڕەوی دەکات و بەردەوام وشە و زاراوەی نوێ دروست دەبێت، زمانی کوردیش لە دنیای ئەمڕۆدا پێویستی بە وەهمی فۆنتسازی یان فۆنتسازی وەهم نییە. ئەوەی ئەم زمانە پێویستی پێیەتی، نوێکردنەوە و ستانداردکردنی زانستییە لەسەر بنەمای پرەنسیپی زمانەوانی تا بتوانێت هەنگاو بنێت لەسەر ڕێگای پێشکەوتنی جیهانی.

زمانی کوردی لەبری ئەوەی بە میتۆدە کۆنەکانەوە بچەسپێت، پێویستی بە عەقڵی ئاگادار و ڕۆشنگەر هەیە کە بە کەڵک وەرگرتن لە زانستی سەردەم، ڕێگا بۆ پاراستن و پێشخستنی ئەو میراتە بەنرخە خۆش دەکات.

### سوودەکانی نوێکردنەوەی زمانی کوردی

نوێکردنەوەی زانستی زمانی کوردی نەک هەر یارمەتیدەرە بۆ پاراستن و بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە جیهانی هاوچەرخدا، بەڵکو ڕێگە بە پەیوەندی کاریگەرتر

لەگەڵ زانست و تەکنۆلۆژیا و کولتوورە مۆدێرنەکان دەدات، ستانداردکردنی ئەلفوبێ و وشەسازی کوردی ئاسانکاری دەکات بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی پەروەردەیی و زانستی و یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی ئەدەب و میدیا و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی بەم زمانە، هەروەها ئەمەش ناسنامەی کەلتووری و مێژوویی گەلی کورد بەهێز دەکات لە بەرانبەر بەجیهانییەتی هاوشێوەیی و ڕێگەش بە نەوەکانی داهاتوو دەدات بە شانازییەوە بە زمانی زگماکی خۆیان قسە بکەن و لە بوارە جیاجیاکاندا سوودی لێ وەربگرن.

**ئەنجامەکانی فۆنتیزەکردنی نازانستی و ناپێویست**

فۆنتیزەکردنی نازانستی و ناپێویست، کە زۆرجار بەبێ پشتیوانی زمانەوانی و بەبێ ڕەچاوکردنی بنەماکانی ستانداردکردن ئەنجام دەدرێت، دەتوانێت ببێتە هۆی پارچەبوون لە زمانی کوردیدا. ئەم ڕێوشوێنانە نەک هەر مەترسی لەسەر یەکپارچەیی زمانەکە دروست ناکەن، بەڵکو ڕێگری لە گەشەسەندنی یەکگرتووی زمانەکە دەکەن بە دروستکردنی سەرلێشێواوی لە نێوان بەکارهێنەران، بەتایبەتی لە بواری پەروەردەیی و دیجیتاڵیدا. لە درێژخایەندا ئەم ڕەوتە ڕەنگە ببێتە هۆی لاوازبوونی پێگەی زمانی کوردی بەرانبەر بە زمانە باڵادەستەکان و کەمبوونەوەی بەکارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانە و بازنەی ئەکادیمیدا، کە تەنیا لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لاوازبوونی ناسنامەی کولتووری و مێژوویی کورد.

**پێویستی ستانداردکردنی ڕێنووسی کوردی**

ستانداردکردنی ڕێنووسی کوردی یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکان بۆ پاراستن و بەهێزکردنی ئەم زمانە لە سەردەمی مۆدێرن. سەرەڕای هەمەچەشنی زاراوە و شێوازی نووسین لە ناوچە جیاجیاکاندا، ڕێنووسی کوردی پێویستی بە سیستەمی نووسینی تاک و زانستی هەیە بۆ ڕێگریکردن لە پارچەبوون و بڵاوبوونەوە. ستانداردکردنی سیناریۆکە نەک هەر یەکپارچەیی زمانەکە مسۆگەر دەکات، بەڵکو ئاسانکاری دەکات بۆ بەکارهێنانی لە بواری پەروەردە و میدیا و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵیدا. نەبوونی سکریپتی ستاندارد دەتوانێت ببێتە هۆی سەرلێشێواوی لە نێوان بەکارهێنەران و کەمبوونەوەی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە نووسراوەکان و تەنانەت دابڕانی زمانەکە

لە زمانە باڵادەستەکان. بە دروستکردنی ئەلفوبێی ستاندارد لەسەر بنەمای پرەنسیپی زمانەوانی، دەکرێت سەکۆیەکی گونجاو بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی دیجیتاڵی و پەرەپێدانی نەرمەکاڵا و فراوانکردنی ئەدەبی کوردی دابین بکرێت. هەروەها ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی شوناسی کولتووری کورد لە بەرانبەر فشارەکانی جیهانگیری و گواستنەوەی زمان بۆ نەوەکانی داهاتوو ئاسانتر دەکات.

زمانی کوردی بە دەوڵەمەندی مێژوویی و فرەچەشنی زاراوە، بۆ مانەوە و پێشکەوتن لە جیهانی هاوچەرخدا پێویستی بە ستانداردکردن هەیە. ستانداردکردنی زمانی کوردی بریتییە لە پەرەپێدانی ڕێسای ڕێزمانی هاوبەش و وشەسازی و سیستەمێکی نووسین کە ڕێگە بدات بە پەیوەندییەکی کاریگەرتر لە نێوان قسەکەرانی جیاوازدا. ئەم پرۆسەیە ڕێگە بە زمانی کوردی دەدات لەگەڵ پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژییەکاندا هاوسەنگ بێت و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بەکاری بهێنرێت، لەوانە پەروەردە، توێژینەوە و میدیا. ستانداردکردن ڕێگری دەکات لە بڵاوبوونەوەی وشە و ڕێساکان و یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی پێگەی زمان لە بەرانبەر زمانە باڵادەستەکان. جگە لەوەش، بە ستانداردکردن، زمانی کوردی دەتوانێت وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ پاراستنی شوناسی کولتووری و مێژوویی کورد مامەڵە بکات و ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی زانستی و ئەدەبی دەوڵەمەندتر. بەبێ ستانداردکردن، مەترسی بەسەرچوونی زمانەکە و بەکارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانەدا زیاتر دەبێت.

پێویستی دروستکردنی وشە نەک دروستکردنی فۆنت

لە زمانی کوردیدا لەبری ئەوەی تیشک بخرێتە سەر پێکهاتە فۆنتە نازانستی و ناپێویستەکان کە زۆرجار دەبێتە هۆی پارچەپارچەبوون و سەرلێشێواوی لە زمانی کوردیدا، دروستکردنی وشەی زانستی لەسەر بنەمای پێداویستییە مۆدێرنەکان ئەولەویەتی باڵاترە. دروستبوونی وشە، واتە دروستکردنی وشەی نوێ یان بنیاتنانەوەی وشەی هەبوو بۆ دابینکردنی پێداویستییە زانستی و تەکنیکی و کولتوورییەکانی ئەو ڕۆژە، ڕێگە بە زمانی کوردی دەدات لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا چالاکی بمێنێتەوە، لەوانەش تەکنەلۆجیا، زانست و میدیا. دروستکردنی فۆنتێکی ناستاندارد کە هەندێکجار بە بایەخدان بە جیاوازییە بچووکەکانی فۆنێتیک ئەنجام دەدرێت، نەک تەنیا زیان بە یەکپارچەیی زمانەکە دەگەیەنێت، بەڵکو سەرچاوە و وزە لە هەوڵە بەرهەمدارترەکانی وەک دروستکردنی وشە لادەبات.

# قەیرانی زمانی کوردیی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان

## زمانی خوێندنی زانستی بە نموونە

سەروەر پێنجوێنی

زمانی دایک بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکان دادەنرێت کە خوێندکار بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکان بەکاری دەهێنێت، بەتایبەتی لە بابەتە زانستییەکاندا کە پێویستییان بە وردبینیی زمانەوانی و زاراوەی ڕوون و جێگیر هەیە، لە هەرێمی کوردستاندا، کوردی وەک زمانی فەرمی ناسراوە و لە خوێندندا بەکاردێت، بەڵام کاتێک وەک زمانی خوێندنی زانستی بەکاردەهێنرێت؛ کەلێن و ئاڵنگاریی درێژخایەن هەن، ئەم وتارە تیشک دەخاتە سەر ئەم ئاڵنگارییانە و کاریگەری و شوێنەواریان و پێشنیارەکان بۆ چارەسەرکردنیان دەخاتەڕوو.

لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان، زمانی کوردی لە زۆربەی بابەتە سەرەکییەکاندا دەخوێنرێت، بەڵام ئاست و بڕشتی خوێندن و ناوەڕۆک لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر جیاوازە. لە پارێزگا تێکەڵەکان یان لە دەرەوەی هەرێمدا، پشتگوێ خستنێک لە خوێندنی کوردیدا هەیە، یان بە شێوەیەکی سیمبۆلی بەبێ ناوەڕۆکی ڕاستەقینە دەخوێنرێت، یان لە هەڵسەنگاندن یان ئەرک و تاقیکردنەوەکاندا پەراوێز دەخرێت. لە ئاستی زانکۆیشدا، بەتایبەتی لە هەندێک پسپۆڕیی زانستیدا، زۆرجار ئینگلیزی یان عەرەبی وەک ئامڕازی خوێندن بەکاردێت، یان تێکەڵەیەک لە کوردی لەگەڵ زاراوەی بیانی، کە ئاڵنگاریی تایبەت دەهێنێتە ئاراوە، بەلای کەمەوە دەبێتە هۆی گەشەنەکردنی تێرمینۆلۆجیا و زاراوەسازیی زانستیی کوردی. سەرباری ئەوەی خوێندن لە کوردستاندا بە زۆری بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە ئینگلیزی، و ئەمە دەتوانێت بە تەواوی زمانی کوردی لە بواری خوێندن و زانستدا بباتە دواوە.

## ئاڵنگارییەکان

لێرەوە دیارترینی ئەو کێشانە دەخەینە ڕوو کە ڕووبەڕووی زمانی کوردی دەبنەوە وەک زمانی زانست و پرۆگرامەکانی خوێندن:

### ١. زاراوەی زانستی و وەرگێڕانی ورد:

زۆرێک لە زاراوە زانستیەکان وەرگێڕانێکی یەکگرتوو و پەسەندکراویان نییە، یان وەرگێڕانی جۆراوجۆر بەپێی کتێب یان زانکۆکان بەکاردەهێنرێن. ئەمە دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی لای خوێندکاران، و کێشە و ناڕەحەتی لە بەستنەوەی نێوان ئەوەی دەیخوێنن یان دەیبیستن و لەگەڵ چەمکەکان و تێرمەکان خۆیان.

**٢. کەمیی سەرچاوە تایبەتمەندەکانی خوێندن:**

کتێبی زانستی و سەرچاوە (تێکستبوک، فەرهەنگ، ئینسایکلۆپیدیا)، و ئامرازەکانی خوێندن (وەکوو وێنە نەخشە، تاقیگە) کە بە زمانی کوردی و هاوتای سەرچاوە و ئامرازە جیهانییەکان بن؛ بن هەمیشە بەردەست نین یان کوالیتییان باش نییە. ئەمە وا دەکات پشت بە وەرگێڕان یان ماددە بە زمانی ئینگلیزی یان عەرەبی ببەسترێت لە زۆر حاڵەتدا.

**٣. ئامادەکردن و شیاوکردنی مامۆستایان:**

هەندێک لە مامۆستایان وەکوو پێویست ڕاهێنراو نین بۆ خوێندنی زانستەکان بە زمانی کوردی، وەکوو لە ڕووی زانینی زاراوەکانەوە، و وانای ڕوونکردنەوە راڤە، یان بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بوارگەلی تەکنیکی و زانستی. ئەمەش راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر تێگەیشتنی خوێندکار دەبێت.

٤. نەبوونی فەرهەنگی زانستیی یەکگرتوو:

کۆکردنەوەی زاراوە زانستییەکان لە بوارەکانی فیزیا، کیمیا، زیندەوەرناسی، بیرکاری... بە شێوەیەکی یەکگرتوو کە بەفەرمی پەسەند بکرێت، بە بەشداری و هاوکاریی زانایانی زمانەوانی و مامۆستایان و ئەکادیمیاییان. هەڵبەتە کۆمەڵێک فەرهەنگ هەن، بەڵام فەرهەنگی یەکخراو و ستاندارد نین، زاراوەکانیان جیاوازن لەوانەی لە پەیڕەو و پڕۆگرامی خوێندندا پشتیان پێ دەبەسرێت.

**٤. نەبوونی لیستە وشەی پەسەندکراوی بوارە زانستییەکان:**

لیستە وشە ستانداردە پەسەندکراوەکان بۆ یەکخستنی زاراوەکانی بوارە زانستییە جۆراوجۆرەکان هێشتا وەکوو پێویست نین یان کەموکورتن. لەم لایەنەوە ئەکادیمیای کوردی کەمتەرخەمیی زۆری هەیە، لەگەڵ ئەوەی بۆ هەندێک بواری زانستی فەرهەنگی دەرکردووە.

**٥. کەلێنی زمانەوانی لەگەڵ زمانە بیانییەکان:**

لە زانکۆکان یان لە پسپۆڕییە زانستییەکاندا، زۆرجار داوا لە خوێندکاران دەکرێت زمانی ئینگلیزی و (هەندێکیان عەرەبی) بزانن بۆ تێگەیشتن لە ئەدەبیاتی زانستی یان کارلێککردن لەگەڵ توێژینەوەکان. ئەگەر خوێندکار لە پاشخانێکی خوێندنی کوردییەوە بێت بەبێ پشتگیریی پێویست لە زاراوە بیانییەکاندا، ئەم کەلێنە دەبێتە ئاستەنگێکی گەورە بۆی.

**٦. کێشەکانی وەرگێڕان:**

سەرباری ئەو کێشە بنەڕەتیانەش؛ پەیڕەو و پڕۆگرامی خوێندن، لە سەرەتاوە هەتاکوو ئێستەش، بەشی زۆری بە وەرگێڕان بەرهەم دەهێنرێت، و هەموو کێشەکانی وەرگێڕانی لە پەیڕەو و پڕۆگرامی خوێندندا ڕەنگ دەدەنەوە. کە زمانی وەرگێڕانی ئەم کتێبە مەنهەجیانە بەزوویی دەبنە زمانی فێرکردن و زانست و زاراوەسازی، و دەبنە بەشێک لە زمانی ستانداردی کوردی. ئەو وەرگێڕانەش لە هەرێمدا بە شێوەیەکی سەرەکی لە عەرەبییەوە دەکرێت. هەتا ئەگەر بەڕوونییش نەنووسرێت لە عەرەبییەوە وەرگێڕراوە؛ هێشتا هەست بەوە دەکرێت کتێبێکی خوێندنی عەرەبی لە پشت دەقەکەوە هەیە، و ئاڵۆزییەک لە داڕشتنی دەقەکەدا هەیە کە لە دەقی نووسراوی سروشتیدا نیە. هەندێک جار وشە و ناو و زاراوە عەرەبییەکانیش بە گواستنەوەی ڕاستەوخۆ، بەبێ خوێندنەوە و نووسینەوەی کوردی، یان بە هەڵە، یان بە وەرگێڕانی هەڵە، دەگوێزرێنەوە.

من لێرەدا زیاتر لەسەر ئەم کێشەیە دەڕۆم، لە ڕێگەی دوو نموونەوە، کە لەگەڵ ئەوەی هەڵەی گەورەن؛ چوونەتە ناو زمانی فێرکردنی زانستی و زمانی ستانداردەوە.

بۆهێڵ!

«بۆهێڵ» وەرگێڕانێکی دەستکردی بێتامی ناو کتێبە وەرگێڕراوەکانی ڕێبازی خوێندنە بۆ وانەی زیندەوەرزانی، کە وشەی «مورثة»ی عەرەبییان پێ وەرگێڕاوە، کە پێشتر لە عەرەبیدا بەرانبەر geneی ئینگلیزی دانراوە.

«مورثة» |مووەرریثەت-|ە عەرەبییەکە؛ ناوێکە لە عەرەبیدا لە ئاوەڵناوێکەوە داڕێژراوە کە «مورث» |مووەرریث-|ە، ئەمەش لە چاوگی «توریث»ەوە هاتووە (لە ماددەی «ورث» کە وشەی «میراث»یشی لێوە هاتووە) بە واتای ‹بۆهێشتنەوە› و ‹میراتبەجێهێشتن›؛ بۆیە واتای ‹بۆهێڵەرەوە› دەدات (ئیتر «بۆهێڵ» شێوەی کورتکراوەی «بۆهێڵەرەوە»یە). ئەمەش بەو واتایەی کە ئەم جینە کار و فرمانی ئەوەیە سیفەتە بۆماوەیی «وراثي»ەکان لە باوانەوە بهێڵێتەوە و بگوازێتەوە بۆ نەوەی نوێ. هەر بۆیە سەرپاکی بابەتەکە لە عەرەبیدا پێشتر کراوە بە «وراثة» و «علم الوراثة»، و ئەمەش لە کوردیدا پوخت وەرگێڕانی دەقاودەقی بۆ کراوە و کراوە بە «بۆماوەیی» و «بۆماوەزانی»! لە کاتێکدا دەکرێت شتی تریش لەبری «بۆماوەیی» پێشنیار بکرێت، وەکوو «جینی» یان «زگماکی» یان «نەژادی». هەر زۆر بەئاسانییش دەتوانین هەمان وشەی «جین» دابنێینەوە لە بەرانبەری gene،

زۆربەی زمانەکانی دنیا وایان کردووە. ئیتر پێویست ناکات «مورثة»ی عەرەبی وەربگێڕین کە خۆی دەستی دووە! بۆچی ئێمە ناچار بین بە وەرگێڕانی وەرگێڕانە عەرەبیە نوێیە دەستکردەکان زاراوە دروست بکەین؟ بۆ نەگەڕێینەوە بۆ زمانە زانستیە جیهانیەکان و پێشینە گریکی و لاتینیەکان!؟

لە ڕاستیدا ئەو زاراوە و تێرمانەی کە لە ڕابردوودا کۆمەڵێک وەرگێڕی ئاسایی و ڕۆتینکاری کتێبەکانی خوێندن دایانناون و بە هۆی ئەوەوە کە بۆ خوێندن دانراون چەسپاویشن؛ پێویستییان بە پێداچوونەوەی جیددی هەیە. و لەبەر ئەوەی ئەو وەرگێڕانانە ڕاستەوخۆ لە عەرەبیەوە دەکران؛ بەتەواوی کاریگەری و بۆن و بەرامی عەرەبیەکەیان پێوەیە. ئیتر یان وەرگێڕانی دەقاودەق و بێتامی زاراوە عەرەبیەکانن، یان جاری وا هەیە گواستنەوەیەکی دەقاودەقی وشە عەرەبیەکان خۆیانن، و هەندێک جار بە خوێندنەوەی هەڵەیشەوە.

مەعین!

نموونەیەکی تر: لەو کتێبانەی خوێندندا بۆ وانەی بیرکاری/ئەندازە؛ وشەیەک هەیە کە بە گواستنەوەیەکی پیت-بە-پیتی هەڵە لە عەرەبیەوە گوێزراوەتەوە، و جێی خۆیشی گرتووە. هەر لە پەیڕەو و پرۆگرامی خوێندنی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی پێشووەوە، هەتاکوو ئێستەش، بۆ نموونە لە کتێبە مەنهەجیەکانی «بیرکاری بۆ هەمووان»ی ئێستەشدا، بەردەوام دووبارە بووەتەوە.

شێوەیەکی ئەندازەیی چوارلای تایبەت هەیە پێی دەوترێت Rhombus. ئەم شێوەیە هەر جۆرێکە لە «لاتەریب»، واتە بریتیە لە چوارلایەک کە هەر دولایەکی تەریبی یەکترن، بەڵام جیاوازیەکەی ئەوەیە هەمو لاکانی یەکسانی یەکترن لە درێژیدا. و وەکو دو سێگۆشەی دولایەکسان دەردەکەوێت کە یەک بنکەی هاوبەشیان هەیە.

لە زمانی خوێندنی ئەندازە لە کوردستاندا وشەی «مەعین»ی بۆ دانراوە، و جێیشی گرتووە و بووەتە زاراوەیەکی جێگیر. کە گواستنەوەی «معين»ـە عەرەبیەکەیە بە خوێندنەوەی هەڵە و بەبێ وەرگێڕانیش. «معين»ی عەرەبی بەم واتایە بۆ خۆی بە |موعەییەن-| دەخوێنرێتەوە، ئەمەش ناوێکە بە واتای ناوی بەرکار و بە مانای ئەوەی ‹خراوەتە سەر شێوەی چاو›، یانی لە وشەی «عين»ـەوە داتاشراوە بە واتای ‹چاو›. کەواتە دەکرا وەکوو وەرگێڕانی دەقاودەقیش بکرێت بە «چاوشێوە». ئەوەش چونکە ئەم شێوە ئەندازەییە لە شێوەی چاو (ی بادامی)ـەوە نزیکە. هەر بۆیە دەکرا وەکوو

چۆن ئەو شێوەیە لە فارسیدا پێی دەوترێت «لوزی»؛ ئێمەش بە کوردی پێی بڵێین «بادامی». بەڵام ئێستە مامۆستا و خوێندکار هەموویان دەڵێن «مەعین» بەبێ ئەوەی بزانن وشەکە یانی چی! هەر خوێندنەوەکەیشی هەڵەیە، «مەعین» بەم خوێندنەوەیە لە عەرەبیدا دەکاتە ‹کانی› یان ‹سەرچاوەی ئاو›.

پێم وا بێت هەندێک سەرچاوەی کوردی کردوویانە بە «لەبزینەیی». ئەمە برێتییەکی باشە بۆ «مەعین»ـە ئابڕووبەرەکە.

هەرچەند «لەبزینەیی»یش هەندێک کێشەی تێدایە:

هەرچەند وا دیارە «لەبزینە» بۆ خۆیشی لە «لوزینە» |لەڤزیینە=لەڤزیینێ|ی فارسیەوە ماوەتەوە، کە ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ «لۆزێنەگ» |لۆوزێیینەگ| یان «لەوزێنەگ» |لەوزێیینەگ|ی پەهلەوی (کە لە عەرەبییشدا بووەتە «لوزینج»)، و ئێستە فارسیەکە بە شێوەی |لۆوزینێ|یش دەوترێت.

ناوەکە لەوەوە هاتووە کە ئەم شیرینیە لە شەکر و لە بادەم سازدەکرێت، جا بە فارسی بە بادەم وتراوە «لوز» |لۆوز=لووز|، پێشتریش لە پەهلەویدا پێی وتراوە «لۆز» |لۆوز|.

بۆیە لەبزینە ناوەکەی لەبەر ئەوە نییە کە شێوەکەی وایە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە لە بادەم دروست دەکرێت. وەکوو چۆن «گۆزینە»یش هەیە کە لە پەهلەویدا «گۆزێنەگ» بووە و بە شێوەی «جوزینج» عەرەبیێنراوە، لەبەر ئەوە نا کە شێوەی گوێزی هەیە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی لە گوێز و شەکر دروستکراوە.

بۆیە مەگەر لەبەر ئەوەی شیرینیی لەبزینەی نموونەیی ئەو شێوە ئەندازەییەی هەیە، و لێرەوە بە شێوەکەی بڵێین «لەبزینەیی». ئەگەرنا وا باشترە بڵێین «لۆزی»، یان «بادەمی» یان «باوی». کێشەی «لۆزی» ئەوەیە «لۆز» ئێستە لە کوردیدا بەکارنایەت و «بادەم» و «باوی» و شتی لەم شێوەیە جێی گرتووەتەوە.

هەر چۆنێک بێت؛ دڵنیاین کە «لەبزینەیی» هەزار جار باشترە لە «مەعین».

ئەمانە تەنیا دوو نموونە بوون، بەڵام نیشاندەری ئەو ڕاستیەن کە لە ڕابردوودا چەند کەمتەرخەمی و کەموکووڕی لە داڕشتنی کتێبەکانی خوێندنی زانستیدا کراون.

هیوادارین کاری پێویست بکرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە، و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زاراوەسازیی کوردی لە زمانی خوێندنی زانستیدا لە کوردستان، بە هاوکاریی هەموو لایەک لە مامۆستایان و پسپۆڕانی زمان و زاراوەسازی.

# ڕەوشی زمانی کوردی لە پەروەردەی هەرێمی کوردستان

دلۆڤان کەڵهوڕی

پەیوەندی نێوان زمان و کایەی پەروەردە پەیوەندییەکی دوولایەنەیە، واتا هەر وەکوو چۆن پەروەردە سوود لە زمان وەردەگرێت و زمان بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانی، بەهەمان شێوە زمانیش سوود لە کایەی پەروەردە وەردەگرێت و لەنێو کایەی پەروەردەدا زیاتر گەشە دەکات و درێژە بە تەمەنی خۆی دەدات، ئێمە دەزانین کە نەوەکانمان لەنێو ناوەندەکانی خوێندندا زمانی شیرینی دایک بەکاردەهێنن و هەر لەوێوەش شارەزای زیاتری کەرەستەکانی زمانەکە دەبن، هەر بەم هۆیەوەش زمان زیاتر گەشەدەکات و لە لەناوچوون دەپارێزرێت و تەمەنی درێژتر دەبێت، بە پێچەوانەوەش ئەو زمانەی لە کایەی پەروەردە بەکارنەهێنرێت ئەوە مەترسی لەناوچوونی لەسەرە و داهاتوویێکی باشی نییە و لەوانیە ببێتە زمانێکی مردوو.

زمانی پەروەردە یان پێداگۆجی نابێت زمانی زمانێکی زۆر بەرز و باڵا بێت و خوێندکاران تێینەگەن، بەڵکو دەبێت زمانی پەروەردە زمانێکی مامناوەند بێت، تاکوو خوێندکاران بە ئاسانی لە وشە و دەستەواژە بەکارهاتووەکانی نێو پەرتووکەکانیان بگەن و پێویستە زیاتر وشە و دەستەواژەی کوردی رەسەن بەکاربهێنرێت و خۆیان بە دووربگرن لە بەکارهێنانی وشەی بیانی، ئەوەی ئێمە لێرەدا جەختی لەسەر دەکەینەوە باسکردنە لە رەوشی زمانی کوردی لە پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا (لەنێو خوێندنگە حکومی و ناحکومییەکان)، پرسیارەکە ئەوەیە ئایە زمانی کوردی وەکوو پێویست گرینگی پێدەدرێت لەنێو ناوەندەکانی خوێندندا؟

سەرەتا باسی رەوشی زمانی کوردی دەکەین لە نێو خوێندنگەکانی کەرتی گشتیدا، ئێمە سەرەتا ئەوەمان باسکرد کە زمان میکانیزمێکی سەرەکییە پەروەردە سوودی لێ دەبینێت و بەهۆیەوە پەیامەکانی خۆی دەگەیەنێت، هەر بۆیە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زمانی کوردی وەکوو زمانێکی سەرەکی بەکاردێنێت لە نێو خوێندنگە حکومییەکان و ئەو زمانە بووە بە زمانی خوێندن و نووسین، بەم هۆیەوەش رەوشی زمانی کوردی لە ئاستێکی زۆرباشدایە لە نێو خوێندنگە حکومییەکاندا، کە ئەمەش بووەتە مایەی گەشەکردنی زمانەکە بەشێوەیەکی گشتی و بە دیارکراویش رێگە خۆشکردن و نزیکبوونەوەیە لە زمانی ستاندارد، چونکە زمانی پەروەردە (ئەو زمانەی پرۆگرامەکانی خوێندنگەی پێ نووسراوە)، زمانێکی ئاست بەرزە و خۆی نزیکە لە زمانی ستاندارد، هەروەها لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە زۆربەی قۆناغەکانی خوێندندا توانراوە جگە لە زاری کوردی ناوەڕاست کە لە ئێستادا زمانی خوێندن و نووسینە شێوەزارەکانیتریش جێگەیان بکرێتەوە و بخوێندرێن، بۆ نموونە لە بازنەی دووەمدا (پۆلەکانی چوار و پێنج و

شەش) لە پەرتووکی خوێندنەوە، بێجگە لە شێوەزاری ناوەڕاست چەندان بابەتی دیکەی خوێندنەوە و هۆنراوە بە زاری کرمانجی سەڕوو نووسراوە.

هەروەها لە بازنەی سێیەمدا(پۆلەکانی حەفت و هەشت و نۆ) لە بابەتە ڕێزمانییەکاندا لەگەڵ ئەوەی زیاتر باسی بابەتە ڕێزمانییەکانی شێوەزاری ناوەڕاست کراوە، بەڵام شێوەزاری سەڕووش فەرامۆش نەکراوە و چەندان بابەتی ڕێزمانی ئەم شێوەزارەی تێدایە و خوێندکاران لەڕووی ڕێزمانییەوە شارەزای ئەم شێوەزارەی زمانی کوردی دەکرێن. هەروەها هەر لەم بازنەیەدا بێجگە لەوەی لە ڕووی ڕێزمانی و خوێندنەوە و شیعر و ئەدەبەوە شێوەزارەکانی دی پشتگوێ نەخراون، لە ڕووی ڕێنووسەوەش بایەخ بە هەردوو ڕێنووسە بەرکارەکەی زمانی کوردی دراوە، بۆ نموونە لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی زمانی کوردیدا لە پاڵ ڕێنووسی ئەلفبای عەرەبی یان (ئارامی) باسی ڕێنووسی ئەلفبای لاتینیش کراوە و مامۆستایانی پسپۆڕی زمانی کوردی فێرخوازان فێری پیت و دەنگ و فۆنیمەکانی ئەم ڕێنووسەش دەکەن. ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی مامۆستای پسپۆڕی زمانی کوردی دابین بکات بۆ خوێندنگەکان، تاکوو بابەتی زمانی کوردی بە خوێندکاران بڵێنەوە، وەکوو لە پێشووتر ئاماژەمان پێکرد ڕەوشی زمانی کوردی لەنێو خوێندنگە حکومییەکاندا لە ئاستێکی زۆرباشدایە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و پێشنیارە ئەوەیە کە لە هیچ پەرتووکێکی قۆناغەکانی خوێندنی خوێندنگە حکومییەکاندا باسی شێوەزاری هەورامی نەکراوە، کە سەر بە زاری گۆرانە) کە ئەمەش مایەی سەرنج و پێشنیارە، بۆیە بە تایبەتی باسی ئەم شێوەزارە دەکەم، چونکە لەگەڵ ئەوەی پێویستە ڕۆڵەکانمان شارەزاییەکییان هەبێت لەبارەی ئەم شێوەزارەی زمانی کوردی، هەروەها ئەم شێوەزارە بریتییە لە مێژووی ئەدەبیاتی زمانەکەمان، چونکە یەکەم دەقی نووسینی دۆزراوەی زمانی کوردی نوسینێکی ئەم شێوەزارە بووە، کە بە فەرامۆشکردن و باسنەکردنی ئەم شێوەزارەی زمانی کوردی مێژوویەکی دێرینی زمانەکەمان لەناودەچێت، بۆیە ئەمە پێشنیارێکە بۆ بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە کە بتوانن لە داهاتوودا چەند لایەنێکی ئەم شێوەزارە بخرێتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن، چونکە مێژووی زمانی کوردی بریتییە لە مێژووی ئەم شێوەزارە، هەروەها سەرنج و نیگەرانییەکی دیکەمان لەبارەی ڕەوشی زمانی کوردی لە نێو خوێندنگە حکومییەکاندا بریتییە لە فەرامۆشکردن و بە لاوەکی سەیرکردنی زمانی کوردی لە خوێندنگە عەرەبییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە لە خوێندنگە عەرەبییەکانی وەزارەتی پەروەردەدا بابەتی زمانی

کوردی زۆر پشتگوێ خراوە و بە بابەتێکی لاوەکی سەیر دەکرێت و هیچ گرینگییەکی پێنادرێت، من ئاگادارم لەم قوتابخانانەدا مامۆستای پسپۆڕی زمانی کوردی وانەکان ناڵێنەوە بەڵکو وەکوو بابەتێکی لاوەکی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و مامۆستایەکی لابەلا و تەنانەت زمانی کوردیش وەکوو پێویست نازانێت و تایبەت دەکەن بۆ گوتنەوەی بابەتی زمانی کوردی، هەروەها من ساڵی پار بە دواداچوونم بۆ ئەو بابەتە کرد لە شاری هەولێر لە یەکێک لە خوێندنگە عەرەبییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بابەتی زمانی کوردی لە پۆلی حەوتەم بەشێوەیەک پشتگوێخرابوو لەگەڵ ئەوەی بابەتەکە لەلایەن مامۆستایەک دەوتراوە کە پسپۆڕی زمانی کوردی نەبوو، هەروەها تا کۆتایی ساڵیش لە کۆی بابەتە ڕێزمانییەکانی نێو پەرتووکەکە تەنها دوو بابەت خوێندرابوون، ئەوە رەوشی زمانی کوردییە لە نێو خوێندنگە عەرەبییەکانی هەرێمی کوردستاندا، کە ئەم قوتابخانانە ناسراون بە (خوێندنگە عەرەبییەکانی مەنهەجی هەرێم)، چونکە بێجگە لەم خوێندنگە عەرەبییانە لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا خوێندنگەی دیکەی عەرەبیش هەن کە حکومەتینە و سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی فیدراڵی عێراقن، ئەوانیش بە(خوێندنگە عەرەبییەکانی مەنهەجی بەغدا) ناسراون.

ئەم قوتابخانانە هەمان مەنهەجی خوێندنگەی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەخوێنن، کە لەگەڵ ئەوەی زمانی پەروەردە لەوێدا زمانی عەرەبییە، بەڵام بابەتی زمانی کوردیش لە هەندێک لە قۆناغەکاندا بوونی هەیە، بەڵام لەوێش بە هەمان شێوەی ئێرە بابەتی زمانی کوردی فەرامۆشکراوە و مامۆستای پسپۆڕی زمانی کوردی وانەکە ناڵێتەوە، بەڵکو مامۆستای پسپۆڕییەکی دیکە وانەی کوردی دەڵێتەوە و بابەتەکانی زمانی کوردی وەکوو پێویست بە خوێندکاران ئاشنا ناکەن، تەنانەت ئەگەر قوتابییەکە هیچیش نەزانێت لە بابەتی زمانی کوردی کەوتن و دەرنەچوون لە بابەتی زمانی کوردی بوونی نییە،.

بێجگە لەو قوتابخانانە لە هەرێمی کوردستاندا چەند جۆرێک خوێندنگەی دیکە بوونیان هەیە، کە ئەوانیش خوێندنگە ناحکومی و نێودەوڵەتییەکانن کە زمانی خوێندنیان زمانی بیانییە (زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی...) ئەوەی منی نیگەران و دووچاری ناسۆر و ئازار کردووە رەوشی زمانی کوردییە لەم قوتابخانانەدا، بەداخەوە وەزارەتی پەروەردە و لایەنی پەیوەندیدار لێرەدا بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستاون و وەکوو پێویست هەوڵیان نەداوە لەم کایە پەروەردەییانەدا خزمەت بە زمانی کوردی بکەن، چونکە لەم قوتابخانانەدا بە شێوەیەکی بەرچاو زمانی کوردی فەرامۆشکراوە و بووە بە زمانێکی لاوەکی، لە بەرانبەریشدا زمانە بیانییەکە گرینگی پێدراوە و بووە بە زمانی سەرەکی، ئەمە هۆکارە بۆ

ئەوەی زمانی کوردی لاواز بێت و لە ڕەوشێکی خراپدا بێت، چونکە خوێندکارانی باخچەی ساوایان و قۆناغی بنەڕەتی بە تایبەتی بازنەی یەکەم، کە لەو تەمەنەوە زمانێکی بیانی بخوێنن و زمانی دایکیان فەرامۆش بکرێت و ببێتە زمانێکی لاوەکی، ئەوە کاریگەری زۆر نەرێنی دەبێت لەسەر زمانەکە و لەسەر خودی قوتابییەکەش.

لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە منداڵان لە تەمەنی زووەوە زمانی بیانی بخوێنن دەبێتە هۆی لەبیرچوونەوەی زمانی دایک.(( هانسن ـ سترین) لە ساڵی ١٩٩٠ لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر چوار منداڵی ئەمریکی ئەنجامدا، کە تەمەنی منداڵەکان(٣ ـــ ٤ ـ ٧ ـــ ٩)سالان بوون، ئەم منداڵانە بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو لەبری زمانی ئینگلیزی کە زمانی دایکیان بوو زمانی یابانییان خوێند. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەوەی دەرخست کە منداڵەکان زمانی دایکیان لەبیرکرد. لێکۆڵینەوەکە زیاتر ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە چەندەی منداڵەکە تەمەنی بچووکتر بێت خێراتر زمانی دایک لەبیر دەکات)(١)، هەروەها لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەکوو بەریتانیا فێربوونی زمانی بیانیان لە خوێندکاران قەدەغەکردووە بۆ دوای تەمەنی(١١)ساڵی، چونکە ئەوان پێیان وایە زمانی دایک گرینگترە و ناسنامەی کلتووری و نەتەوەییە.(٢)

منداڵ لەو تەمەنەدا لە ڕووی دەروونی و عەقڵی و کۆمەڵایەتییەوە تەواو پێنەگەیشتووە، بۆیە زۆر پێویستە بە زمانی دایک بخوێنێت و بنووسێت و زانستەکان فێربێت، چونکە زمانی دایک زمانی بیرکردنەوە و فێربوونی زانستە. لە ڕووی زانستییەوە ئەوە سەلمێندراوە پەیوەندی زمان و بیرکردنەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵە، چونکە مرۆڤ لەکاتی بیرکردنەوەدا پێویستی بە زمانە و قسە دەکات، بەڵام بە بێدەنگی و وتەکان دەرنابڕێت، واتا زمان میکانیزمی بیرکردنەوەیە، بەتایبەتیش زمانی دایک.

واتا کە منداڵ لە تەمەنێکی بچووکەوە بە زمانێکی دیکەی بێجگە لە زمانی دایک دەخوێنێت و بیردەکاتەوە زمانی بیرکردنەوەی خۆی بەکارناهێنێت کە زمانی دایکە ئەوە لەڕووی بیرکردنەوە و زیرەکییەوەش دوادەکەوێت و وەکوو ئەو منداڵانە زیرەک نابێت کە بە زمانی دایکیان دەخوێنن و بیردەکەنەوە، چونکە زمان کاردەکاتە سەر بیرۆکەکانمان و ئەوەی بیرکردنەوەکانمان دیار دەکات زمانە.هەروەها ئەو منداڵانەی کە بە زمانی بیانی بیردەکەنەوە ئەوە لە داهاتوودا ناتوانن بە زمانێکی کوردی ڕەوان قسە بکەن و بخوێننەوە، چونکە خوێندن بە زمانی بیانی لە تەمەنێکی بچووکدا(پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم) دەبێتە هۆی شێواندنی زمانی دایک، چونکە کە منداڵ لەو تەمەنەوە بە زمانی بیانی دەخوێنێت وشە و چەمکەکانی زمانە بیانییەکە بە تەواوی فێرنابێت و تێکەڵیان دەکات

لەگەڵ وشە و چەمکەکانی زمانی دایک، کە ئەمەش لە داهاتوودا ناتوانێت بە تەواوەتی کۆنترۆڵی هەردوو زمانەکە بکات و لە ئەنجامدا وشە و چەمکە بیانییەکان دێنە ناو زمانی دایک و کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانی دایک دروست دەکەن.

لایەنێکی دیکەی فەرامۆشکردنی زمانی دایک لە خوێندنگە ناحکومییەکان ئەوەیە کە مەرجی وەرگرتنی مامۆستایان لەو قوتابخانانە ئەوەیە کە زمانی بیانی بزانێت هیچ مەرجێک دانەندراوە، کە دەبێت زمانی کوردی بزانێت، ئەمەش دووبارە مایەی نیگەرانی و تەنانەت کارەساتە لە وڵاتێکدا مەرجی بوون بە مامۆستا زانینی زمانیکی دیکەی وڵاتێکی دیکەیە، نەک زمانی وڵاتەکەی خۆت.

(١)پ.د.عبدالواحید مشیر دزەیی، پ.د.شێرزاد صبری عەلی سلێڤانەیی.زمانەوانی سیاسی.چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٢٤ل٢٠٢

(٢) هەمان سەرچاوە.ل٢٠٤

لە کۆتایدا لە پێناو باشتربوونی رەوشی زمانی کوردی لە کایەی پەروەردەدا چەند پێشنیارێک ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار دەکەین:

١ ـ زمانی پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەموو خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستاندا(خوێندنگە حکومییەکان)بە یەک شێوەزاری زمانی کوردی بێت، کە زاری کوردی ناوەڕاستە.

٢ ـ لە پاڵ زاری کوردی ناوەڕاست کە زمانی خوێندن و نووسینە، هەندێک بابەتیش بە شێوەزارەکانیتریش بوونی هەبێت لە نێو پرۆگرامەکانی خوێندندا.

٣ ـ دابینکردنی مامۆستای پسپۆڕی زمانی کوردی بۆ گوتنەوەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە خوێندنگە حکومی و ناحکومییەکاندا.

٤ ـ زمانی سەرەکی بۆ خوێندن زمانی کوردی بێت بە تایبەتی لە قۆناغی باخچەی ساوایان و بازنەی یەکەم لە خوێندنگە ناحکومی و بیانیەکاندا.

٥ ـ مەرجی سەرەکی دامەزراندنی مامۆستایان زانینی زمانی کوردی بێت، نەک زمانی بیانی.

٦ـ بەدواداچوون هەبێت لە خوێندنگە عەرەبی و بیانییەکان بۆ بابەتی زمانی کوردی، تاکوو بزانرێت وەکوو پێویست وانەی زمانی کوردی دەخوێندرێت لەم قوتابخانانەدا.

٧ـ هەبوونی پسپۆڕی زمانی کوردی لە لیژنەی دانانی پرۆگرامەکانی خوێندندا بۆ لابردنی وشە و چەمک و دەستەواژەی بیانی و نامۆ بە زمانی کوردی و هەروەها چارەسەرکردنی هەڵەی ڕێزمانی و ڕێنووسی لەنێو پەرتووکی خوێندکاراندا.

٨ ـ لە نووسینی پەرتووکەکانی خوێندنگە پێویستە رەچاوی ئەوە بکرێت بە زمانێکی مامناوەند و نزیک لە زمانی ستاندارد بنووسرێت، هەروەها خۆ بە دوورگر بگیرێت لە بەکارهێنانی وشەی بیانی.

**سەرچاوەکان:**

١–پ.د.عبدالواحید مشیر دزەیی، پ.د.شێرزاد صبری عەلی سلێڤانەیی. زمانەوانی سیاسی. چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٢٤

٢ـد.محمد کەمال، فەلسەفەی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٤

# فێربوونی زمانێکی نوێ

و/ د. سەرکەوت عەبدوڵڵا حاجی پیرە

فێربوونی زمانێکی نوێ بە یەکێک لە گەورەترین ئاڵنگارییەکان دادەنرێت، کە لە ژیاندا ڕووبەڕووی زۆرێکمان دەبێتەوە، قسەکردن بە زمانێکی نوێ تەنها یارمەتیدەری پەیوەندیەکانمان نابێت لەگەڵ کەسانی تر، کە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی جیاوازن، بەڵکو یارمەتیدەری باشکردنی توانا هزری و کارامەیەکانمان دەبێت، ئەمە لەگەڵ زیادکردنی سەرنج و تێڕامان، هەڵبەت لەگەڵ بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆجیا و جیهانگیری سەردەم، فێربوونی زمانەکان بووەتە کارێکی لە پێشینە بۆ بوارەکانی کارکردن و خوێندن و گەشتکردن، ئەمەش لە میانەی کۆمەڵێک ڕێککاری بەرنامە داڕێژراو و کارا دەبێت، کە دەکرێ هەر کەسێ پەیڕەوی لێبکات بۆ فێربوونی زمانێکی نوێ بە شێوازێکی خێرا و توانادار. لەم وتارەدا ١٠ خاڵی سەرەکی دەخەینەڕوو بۆ فێربوونی زمانێکی نوێ.

**١ -دانانی ئامانجێکی ڕوون؛**

• بەر لە فێربوونی زمان، ئامانجەکەت بە ڕوونی دیار بکە، ئایا حەزت بە گەشتکردن هەیە؟ یان لە ژینگەی کارکردن بە شێوەیەکی پاراو قسە بکەیت؟ یاخود دەتەوێت فێری زمان بیت بە ئامانجی ناسینی کلتور و ڕۆشنبیرییەکی نوێ.

• ئامانجەکە یارمەتیت دەدات لە دیارکردنی چۆنیەتی فێربوونی زمانەکە (قسەکردنی ڕۆژانە، خوێندنەوە و نووسین، گوێگرتن، یان خوێندنی ئەکادیمی).

**٢ -کارکردنی بەردەوام لەسە زمانەکە؛**

• گوێگرتنی بەردەوام لە زمانەکە بەشێوەیەکی ڕێکی ڕۆژانە، هێزی تێگەیشتنی وشەکان زیاد دەکات و گۆکردنێکی دروستمان پێدەدات. هەوڵدان بۆ گوێگرتن لە بەرنامەیەکی ڕادیۆیی، پارچە ڤیدیۆکان، فیلمەکان، و پۆدکاستەکانی ئەو زمانەی هەوڵی فێربوونی دەدرێت زۆر گرنگە.

• زمانەکە بکە بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەت، سەیرکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنەکان بەو زمانە، و گوێگرتن لە میوزیکێک کە یارمەتیدەری فێربوون بێت.

**٣ -فێربوونی وشە و زاراوە سەرەکییەکان؛**

• دەست بکە بە فێربوونی وشە و دەستەواژە زۆر بەکارهاتووەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا. وشە سەرەکییەکان بە کلیلێکی کارا و کارلێکی خێرا و سادە دادەنرێت لەگەڵ ئەوانیتردا.

• هەوڵدە ڕۆژانە ١٠ وشەی نوێ لەبەر بکەیت.

**٤ -پڕاکتیزەکردنی گۆکردنی دروست؛**

• گۆکردنی راست و دروست بە خاڵێکی باشی فێربوونی زمانێکی نوێ دادەنرێت. ئەگەر تۆ نەتوانیت بە شێوەیەکی دروست وشەکان دەربڕیت ئەوا ئەوانەی لەگەڵیان دەدوێیت دووچاری قورسی تێگەیشتن دەکەیتەوە.

• بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی گوێگرتن لە وشە و دەستەواژەی قسەکەرانی زمانە رەسەنەکە، و هەوڵدانی لاساییکردنەوەیان.

**٥ -بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکان و سەکۆی ژمارەیی؛**

• زۆرێک لە ئەپڵیکەیشنەکان و سەکۆکانی فێربوون یارمەتی فێربوونی زمانەکان دەدەن بەشێوەیەکی نەرمکار وەکو؛ Duolingo، Babble... هتد.

• ئەم ئەپڵیکەیشنانە شێوازی فێرکاری جۆراوجۆر بەکاردەهێنن لە وێنەی یارییەکان و راهێنان و شیکاری پرسیارەکان.

**٦ -قسەکردن لەگەڵ خەڵکانی خاوەن زمانە رەسەنەکە؛**

• پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بە زمانی دایکیان قسە دەکەن، بە یەکێک لە رێگا باشەکان دادەنرێت بۆ فێربوونی زمان. دەکرێ سەکۆکانی وەکو: Hello Talk و Tandem بەکاربهێنرێن بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خاوەن زمانە رەسەنەکە.

• ئەگەر دەتوانی، هەوڵدە هاوبەشێکی زمانی ناوەخۆیی بدۆزیتەوە بۆ قسەکردنی رۆژانە لەگەڵیدا.

**٧ -بەرەو پێشبردنی کارامەیی گوێگرتن؛**

• گوێگرتن بە بەشێکی سەرەکی لە تێگەیشتی زمان دادەنرێت بە شێوەیەکی دروست. واباشترە هەوڵی گوێگرتنی گفتوگۆی واقیعی بدرێ، جا چ لە فیلم و دراماکان بێ یان لە پارچە ڤیدیۆکان، و دووبارەکردنەوەی گوێگرتنیان.

• سەرنج بخەرە سەر ناسینی دەنگەکان و شێوازەکانی دەنگ، هەرچەندە لەسەرەتاوە بەلاتەوە نامۆیە.

**٨ -بەکارهێنانی نووسینی رۆژانە؛**

• بە نووسینی رستەی سادە دەست پێبکە پاشان بەرە بەرە هەنگاو بنێ بەرەو دەستەواژە و برگەی ئاڵۆزتر، نووسینی رۆژانە بە زمانێکی نوێ یارمەتیت دەدات بۆ باشکردنی کارامەیی نووسین بە شێوەیەکی گشتی.

• هەوڵی نووسینی ٥ ڕستەی ڕۆژانە بدە کە ئەو وشە نوێیانە لەخۆوە بگرێت کە فێریان بوویت.

**٩ -نەرمکاری لە فێربووندا؛**

• فێربوونی زمان کردارێکە پشوودرێژی دەوێ، و پێویستی بە ئارامگری باش هەیە. پێشبینی پاراویەکی بەهێز مەکە لە ماوەیەکی کەمدا، ئارامت هەبێ و لەگەڵ هەڵەکردن رابێ.

• هەوڵی بەکارهێنانی ڕێگای جۆراوجۆر بدە بۆ فێربوون وەکو: کتێبەکان، دەنگەکان، ڤیدیۆکان، خولی ڕاهێنان.

**١٠-قووڵبوونەوەی تەواوەتی لە ژینگەی زمانەکە؛**

• باشترین ڕێگا بۆ فێربوونی هەر زمانێک ژیانکردنە لە ژینگەی قسەکردنی خەڵکی ئەو زمانە، گەشتکردنە بۆ دەوڵەتی قسەکەرانی. تەنانەت بەسەربردنی ژیان تێیدا، ئەمەش کرداری فێرکردن زیاتر ئاسانکار و کارلێکار دەکات.

• ئەگەر گەشتکردن نەکرا، دەکرێ خۆت قووڵبیتەوە لە ژینگەی ژمارەیی، وەکو بەشداری کردن لە گفتوگۆی کۆمەڵانی زمانەکە (گرووپات)، یانیش بەشداری کردن لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی کە تێیدا قسە بەو زمانە دەکرێت.

**لە کۆتاییدا؛**

فێربوونی زمانێکی نوێ لەسەرەتادا ئاسان دەرناکەوێ، بەڵام لە میانەی دانانی ئامانجێکی ڕوون و پڕاکتیزەکردنی بەردەوام، کارەکە زۆر ئاسان دەبێ. لە یادت بێ کە ئارامگری و کار لەسەرکردنی بەردەوام، قۆستنەوەی هەموو هەلێکی قسەکردن لەگەڵ قسەکەرانی زمانە رەسەنەکە. هەروەها لە هەڵەکانت فێربە لە جیاتی ترس لێیان. پێ بە پێی کات تێبینی هەستکردن بە باشبوونێکی گەورە دەکەیت بە کارامەیی فێربوونی زمانەکە. لە سەرەتا بە وشە سەرەکییەکان و دواتر گەیشتن بە قسە پێکردن و نووسین، لە کۆتاییدا ئەوەت بۆ دەردەکەوێ

کە فێربوونی زمانێکی نوێ تەنها پێویستیەک نییە، بەڵکو ئەزموونێکی نوێ و خۆشییەکە کە بەڕووی جیهاندا دەرگای نوێت بۆ دەکاتەوە.

# پرۆژە پێشنیازێك بۆ سەپاندنی ڕێنووس و خاڵبەندی لە زمانی کوردیدا

سۆران تاودەر

**سەرەتا**

بۆ نەتەوەیەک کە خاوەنی وڵات نەبێت و سنوورەکەی دیارنەکرابێت، زمانەکەی بەهێزترین هۆکارە بۆ ماناوەی، کەواتە «زمان دەرفەتێکی باشە بۆ مانەوەی نەتەوەکەمان لە نێو ململانێی مانەوەدا».

سەرەڕای بوونی ئەکادیمیایەک، بە ناوی ئەکادیمیای کوردی، بەڵام تا ئێستا راجیایی لەسەر ڕێنووسی کوردی هەیە؛ هێشتا تابلۆ حکومییەکان بە ڕێنووسی خراپ دەنووسرێن، هەر ئەمەیش نا، تەنانەت چەندان کتێب چاپ دەکرێن کە لە ڕووی ڕێنووسەوە پڕخەوشن! چەندان کەسیش بەناوی هەڵەچنییەوە (بە شارەزاییەکی کەمەوە کەوتوونەتە هەڵەگریی لە ڕێنووس و خاڵبەندی کوردی)دا، لە ئەنجامدا بازاڕ پڕ بووە لەو کتێبانەی کە بە ڕێنووسێکی چەوت و خراپ چاپ دەکرێن. ئەمانە مەترسین بۆ سەر دوارۆژی زمانەکەمان کە پێویستە پێداچوونەوە بەو شێوازە کارکردنە بکرێت و ڕێڕەوە راستەکە کە ئەم پرۆژەیە گەرەنتی تەواوی دەکات. بۆیە ئێمە وەک کەسێک کە شارەزایی زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ کارکردن لە بەشەکانی چاپخانە کە زۆرترینیان سەرپەرشتی چاپ و بەڕێوەبردنی چاپخانە بووە، گەیشتین بەم ئەنجامە کە دەکرێت و دەشێت ئێمەش وەک نەتەوەی کورد بە نۆڕین لە میللەت و نەتەوەکانی تری ئەم جیهانە پان و بەرینە ببین بە خاوەن ڕێنووسێکی بێگەرد، کە لە ئەنجامدا بە تەواوی سوود لە تەکنەلۆژیای زانیاری و تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەسکرد وەرگرین و لێی بەهرەمەند بین.

**پێویستیی سەرەکیی پرۆژەکە:**

بۆ ئەوەی پرۆژە پێشنیازەکەی ئێمە بتوانێت ئامانجەکەی بە ڕوونی بپێکێت چی پێویستە هەبێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین:

تەنیا پێویستمان بە ڕێنووسێکی بڕیار لەسەردراو دەبێت لەلایەن دەزگایەکی تایبەتمەند کە ئێمە (ئەکادیمیای کوردی) دەخەینە بەرپرسیارییەتییەوە کە ئەرکی ئەوە، ئەو ڕێنووسە ئامادە بکات، کە بەشێوەیەکی ڕوون بتوانرێت لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا کاری پێ بکرێت، کە هاوشێوەی دەستوورێک بخرێتە بەردەستی هەموو لایەک.

**ناوەڕۆکی پرۆژەکە:**

دوای ئەوەی ڕێنووسە یەکگرتووەکە ئامادەکرا، ئەوجا ئەم پرۆژەیە پێشنیازە دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، بۆ ئەمەش پێویستە ئەکادیما وەکوو ناوەندێکی رەسمی لیژنەیەکی پسپۆر بە سوود وەرگرتن لە پێگەی یەکێک لە زانکۆیەکان کە بەشی زمانی کوردییان هەیە

(کە دەکرێت لە ڕێگەی کەمکردنەوەی نرخەوە) گرێبەستیان لەگەڵدا بکرێت، ئەم کارەش بەگوێرەی (ب٨ ماددەی٤ / یاسای ئەکادیمیای کوردی) بە ڕوونی دیارکراوە.

**پاش ئەوەی گرێبەست کرا**

لەسەر زانکۆیەکە پێویست دەبێت کە (پڕۆگرام - میتۆد)ێک دابنێت بۆ ئەوەی فێرخواز و ئەوەی دەیەوێت بڕوانامەی پسپۆڕی لە بواری (هەڵەگریی)دا بەدەست بهێنێت لە ڕێگای بانگەوازێکەوە (کە دەکرێت بانگەوازەکە وردەکاری تێدابێت بۆ نموونە ئەوانەی لەو بوارەدا بڕوانامە بەدەست دێنن نابێت تەنیا پسپۆڕانی زمانی کوردی بن، دەکرێت ئارەزوومەندانی سەرجەم بوارەکان: ئابووری، کیمیا، فیزیا، زانست، پزیشکی، ئەندازیاری.. تد) هەوڵی بەدەستهێنانی بڕوانامەکە بدەن لە بواری ڕێنووس و ڕێزمان و خاڵبەندیی بۆ بژاردەکردنی ئەو کەسانەی کە خواستی کارەکە (هەڵەچنی)یان هەیە، پاشان هەریەک لە دەرچووان بڕوانامەی تایبەت بە ئاکادیمیا وەرگرن.

**میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژە پێشنیازە:**

پاش ئەوەی یەکەم خولی دەرچووان لە ئەکادیمیای کوردی دەرچوون ئەنجا فەرمانگەکانی تری پەیوەندیدار هەر یەک لە شوێنی خۆیەوەو بە گوێرەی گشتاندنێک ئەرک و بەرپرسیارییەتیان دیار بکرێت، کە بە مەزەندەی ئێمە لایەنی پەیوەندیدار ئەم فەرمانگانەی خوارەوە دەبن:

-وەزارەتی ڕۆشنبیریی: بەرپرسیارییەتی جێبەجێکردنی کۆی پڕۆسەکەی بکەویتە ئەستۆ.

-بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان: ئەم بەڕێوەبەرایەتییەش لە ڕێگەی پێدانی ژمارەی سپاردنەوە ئەرکی ڕێکخستنی کارەکەی پێ بدرێت و هەر بڵاوکراوەیەکیش پشتگیری یەکێک لە دەرچووانی ئەکادیمیای نەبوو ژمارەی سپاردنی پێ نەدات.

-قایقمایەتی پارێزگاکان: لە ڕێی ڕێنماییەوە گشتاندن بۆ سەرجەم چاپخانەکانی دەربکات کە بەبێ بوونی ژمارەی سپاردن هیچ بڵاوکراوەیەک چاپ نەکەن، ئەم ڕێنماییە بۆ جەختکردنەوەیە لەوەی کە هیچ کەسێک بەبێ ژمارەی سپاردن هیچ بڵاوکراوەیەک چاپ نەکات.

-وەزارەتی ناوخۆ: جەخت لە مەرزەکان بکاتەوە کە هیچ کتێب یان بڵاوکراوە داخیلی ناو وڵات نەکرێتەوە بەبێ بوونی ژمارەی سپاردن.

-وەزارەتی ناوخۆ + وەزارەتی ڕۆشنبیریی: ڕێنمایی دەربکەن بەوەی کە هەموو دامەزراوە میدیاییەکان دەبێت کەسێک لە دەرچووانی ئەو ئەکادیمیایە دابمەزرێنن بەو

مەرجەی ئەو کەسە بخرێتە ژێر بەرپرسیارییەتی یاسایی کە لەو دەزگایەی کە کاری تێدا دەکات هیچ دەقێک پەخش و بڵاو نەکرێتەوە بەبێ ئاگاداری ئەو کەسە مۆڵەتپێدراوە، لە هەمان کاتدا سەرجەم چاپخانەکانیش ناچار بکرێن تا کەسێک لەو دەرچووانە لای خۆیان دابمەزرێنن تا بۆ ئەو کارانەی لە شێوەی (تابلۆی دووکانەکان، پسوولەکانی ژمێریاری و هەر بڵاوکراوەیەکی تر) تا بە فلتەری ئەو کەسەدا نەڕوات چاپ نەکرێت.

-وەزارەتی پەروەردە: وەزارەتی پەروەردەش یان لە ڕێگەی پێگەیاندنی کارمەندی خۆی یان لە ڕێگەی دەرچووانی ئەو ئەکادیمیایە سەرجەم کتێبەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن فلتەر بکەنەوە و لە هەڵە پاکیان بکەنەوە.

**ئەنجام**

دەکرێت لە ئەنجامی ئەم کارە زۆر شت بچنینەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا هەندێکیان دەخەینە بەر دیدی بەڕێزتان:

١. یەکخستنی ڕێنووسی کوردی و ڕێکخستنەوەی لەژێر چەترێکی فەرمیی ئەکادیمیدا.

٢. ڕێگری کردن لەو بێسەروبەرییەی بەناوی هەڵەچنییەوە دەکرێت.

٣. لەم ڕێگەیەوە کارەکە دەبێت بە پیشەیەکی زانستی و تۆکمە.

٤. دڵنیابوونەوەی دەزگەکان، نووسەران و وەرگێڕان لە هەڵبژاردنی کەسی هەڵەچندا.

٥. پاکژکردنەوەی تابلۆ فەرمییەکانی حکوومەت و کتێبەکانی سیستەمی خوێندن لەو هەڵە ڕێنووسییانەی کە تێیدایە.

٦. کەسی خاوەن بڕوانامە دەبێتە خاوەن بەڵگەیەکی رەسمی کە ئەمیش بەرپرسیارییەتییەکی یاسایی زانستی و مێژوویی و نەتەوەیی دەخاتە ئەستۆی.

٥. کەسی خاوەن بڕوانامە لەبری ئەو داهاتەی دەستی دەکەوێت لەم کارە، زیاتر و زیاتر گرنگی بە کارەکەی دەدات و دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی لەو بوارەدا داهێنان بکات.

٧. سەرجەم فەرمانگە و وەزارەت و دەزگە حکوومی و ناحکوومییەکان دەخرێنە ژێر ئەو بەرپرسیارییەتییەوە، کە نابێت هیچ کەسێک بەبێ ئەو پێداچوونەوەیە کارەکانی بخاتە چاپخانە.

**لە کۆتاییدا:**

لە ئەنجامی ئەو ڕێوشوێنە وردەی کە لەم پڕۆژەیەدا باشکراوە ڕێنووس و خاڵبەندی لە زمانی کوردیدا دەکەوێتە دەستێکی پاک و بڕوا پێکراو و لە هەمان کات دەکەوێتە ژێر بەرپرسیارییەتێکی یاسایی و لە هەمانکاتیشدا دەبێتە سەرچاوەی بژێوی بۆ ئەو کەسانەی کە لەو بوارەدا بەهرەمەندن...

# بایۆسایکۆلۆژیای زمان

د. نەسرەدین ئیبراهیم گۆلی

**پێشەکی:**

پێکهاتەی فیزیکی- کیمیاویی سیستەمی کۆئەندامی دەماریی مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی رەفتارەکانی تاکی، لە پێناو ئامانجی سەرەکیی ژیان، ئەو لایەنەی لە نێوان گیانەوەرانی زیندوو بە مرۆڤیشەوە هاوبەشە، و بریتییە لە مانەوە، کاریگەرییەکی بەرچاو و چارەنووسسازی هەیە. ئەم لایەنە هاوبەشە بەشێکی کۆنتری ئەو کۆئەندامەیە، بەڵام وەک زانایان بۆی دەچن سیستەمی دروستکەری رەفتارەکانی ئالۆزتری مرۆڤەکان، ئەگەرچی رەگ و ریشەی بۆ سروشت دەگەڕێتەوە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی پێشووتری خۆی بەرهەمێکی نوێتری سیستەمی ژیانە، لەم گوتارەدا دەبینین کە فاکتەرە بایۆلۆجییەکان شان بە شانی فاکتەرە ژینگەیی و مێتاجێنێتیکییەکان رۆڵێکی بەرچاو لە پرۆسەی دروستکردنی رەفتارە جیاواز و فرەچەشنەکانی مرۆڤ بە زمانیشەوە، دەگێڕن و ئەوەیان بابەتی سایکۆلۆژیای پێشەوەچوون-کامڵبوونی داروینی (Darwinism Evolutionary psychology) یە، کە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی شرۆڤەیەکی فیزیۆلۆژیی رەفتارەکانی مرۆڤ، و لەوانەشە دیاردە و رەفتاری ناوازەی ئاخاوتن و زمان دەدات. ئەو لقەی سایکۆلۆژی و لەسەر بنەمای بیروباوەرە بە پێزەکانی زانای مەزنی بەریتانی، چارلز داروین (Charles Darwin, ١٨٠٩-١٨٨٢)، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ کە هەموو رەفتارەکانی مرۆڤ، بە ئاخاوتن و زمانیشەوە، بەرهەمی ئەو بەشەی جەستەن کە بەناوی مێشک ناسراوە، و هاوکات لەگەڵ پرۆسە کیمیاوی-ئەلکترۆنی- فیزیکییەکانی نێوخۆیی، لە پرۆسەیەکی بەردەوامی کار و کاردانەوەیە لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی و دەرەوەی جەستەی مرۆڤ، بەشێوازی جیاواز و لە ڕێگەی ئامرازی جیاوازی مادی، و هیچ پەیوەندییەکی بە هیچ هێز و لایەنێکی مێتافیزیکییەوە نییە لەو هەموو پرۆسێسە مادی و ئالۆزانەی گرێدراو و بە ئاخاوتن و زمان و پەیدابوون و گەشەیان، و هەموو ئەو شتانەی لەو بوارەدا دەگۆترێت هیچ بنەمایەکی زانستی نییە و تەنها و تەنها وەهمێکی خەیاڵپلاوییانەن کە دەرخواردی مرۆڤایەتی دەدرێن.

**مێشک و بایۆلۆجییەکەی:**

کۆئەندامی دەماری، و لەوانەشە مێشک (cerebrum) بەرپرسە لە زۆرێک لەو تایبەتمەندییانەی کە تاکێک لە یەکتر جیا دەکاتەوە، و ئەو تایبەتمەندییانە

بریتین لە بیرکردنەوە، و هەست و سۆز، بیرهێنانەوە، و بەهرەمەندی، و... هتد، کە هەموویان راستەوخۆ پەیوەندییان بە یەکێک لە ناوازەترین تواناییەکانی مرۆڤەو هەیە کە ئەویش زمانە. ئاخاوتن کە ڕەنگدانەوەی زمانە وەک پێگەی دەکەوێتە بەشی نێوچاوانە پل (frontal lobe) ی مێشک، و دەکەوێتە نزیک شوێنی بیرکردنەوەی مێشک، و هەر لەم سۆنگەیەوەیە کە دەبینین پەیوەندییەکی راستەوخۆیان لەگەڵ یەکتری هەیە و بە بڕوای بەشێک لە زانایانی دەروونناسیی زمانەوانی تەواوکەری یەکتری و دوو ڕووی دراوێکن، و یەکێکیان بەبێ ئەوەیتر کارەکانی تەواو نابێ.

هەر لەم سۆنگەیەشەوە زانایان پێیانوایە کە نیوەی گۆی زاڵی مێشک خاوەن هەندێ تایبەتمەندیی خۆیە کە دەتوانرێ ئاماژە بە ئەوانەیان بکرێ: ئەم نێوە گۆیە سوود لە لۆژیک وەردەگرێ، کە خۆی لە خۆیدا پەیوەست و گرێدراوە بەو بەشە و زمان، چونکە وەک زانایان وای بۆدەچن مرۆڤ لە ڕێگەی وشەکانەوە بیر دەکاتەوە، و تەنانەت هەندێ لەو زانایانە دەڵێن کە بیرکردنەوە خۆی لە خۆیدا جۆرێکی ئاخاوتنە بەڵام بە بێدەنگی. هەروەها لە نیوەی گۆی زاڵی مێشکدا وشەکان و گۆتار و ئاخاوتن بەرهەمە ڕەسەنەکانییەتی، بەپێچەوانەی نیوەی گۆی بەزێوی مێشک کە بەرهەمەکانی هزر و خەیاڵەکانی مرۆڤن.

بە پێی وتەکانی پرۆفیسۆر دکتۆر حێسام نۆزەری، پسپۆری بواری بایۆلۆجی لە زانکۆکانی فرەنسا و تایوان، بەر لە ٥٢٠ ملیۆن ساڵ پێش ئێستا مێشک و لەگەڵیشیدا سیناپسەکان (synapse) سەریان هەوڵداوە و لە جیهانی زیندوودا جێگەی خۆی کردووەتەوە و ئەمەش وەک بەشێک لەو گۆڕانکارییە بەردەوامانەی کە لە جیهانی سروشتدا ڕوودەدەن و هەر لە سەردەمی ڕووداوی بەناوبانگی بیگ بەنگ، کە بە دەستپێکی دروستبوونی جیهان و ٢٠٠ ملیار گەردوونەکانی ئەم جیهانە لەبن نەهاتووە دەزانرێ و ماوەیەکەی بۆ نزیکەی ١٤ ملیار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، و ئەرکی سەرەکیی سەرهەڵدانی مێشک بە بڕوای د. نۆزەری ڕێکخستنی کار و ئەرکە ئاڵۆزەکانی گیانەوەرانی زیندوویە. یەکێک لەو لایەنانەی کە راستەوخۆ بەندە بە مێشکەوە، ئەو ئامرازەیە کە ئاخاوتن دروست دەکات و ئەویش خۆدی زمانە. وەک دیارە ئەندامی زمان لە چەند شوێنێک بەستراوەتەوە بە ئێسکەکانی سەر و قۆرگ و لە چەند شوێنێک ئازاد و وێڵە، و هەمان ئەو

شوێنە ئازادانەن کە توانایی جووڵانەوەیان داوەتە زمانی مرۆڤ، و ئەو جووڵانەوانە ئەوەندە ئاڵۆزن کە تەنها بە بڕیار و هاوکاریی مێشکەوە ڕێکدەخرێن و کۆنترۆڵ دەکرێن. ئەو کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئامرازێکی مادی-بایۆلۆجی وەک زمان بتوانێ وشە و دەنگ دروست بکات و ئەو دەنگ و وشانە لە تەنیشت یەکتر دەبن بە ڕستە و ئێمەی مرۆڤەکان دەتوانین لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندی جۆراوجۆر دروست بکەین. لەو پڕۆسەیەدا مێشک لە ڕێگەی ڕێکخستن و کۆنتڕۆڵ و ئاراستەکردنی ئەو هەموو ئەرک و جووڵەیە، بۆ ماوەی نزیکەی ٥٢٠ ملیۆن ساڵ بەردەوام بێ و ساڵ بە ساڵیش توانایی و شارەزایی زیاتر دەبێ. تاڕادەیەک کە ئەو کەسانەی نیو گۆی زاڵیان لە پڕۆسەی پرۆسێسکردنی زانیارییەکانی مرۆیی دا بەسەر نیوە گۆی دیکە، واتە بەزێودا، زاڵە، زۆر بە ئاسانی و راشکاوانە دەربڕین لە بیروباوەڕەکانی خۆی دەکات، لە کاتێکدا کە نیوەی گۆی بەزێو، کە گرنگی بە یاسا و ڕێنماییەکان نادات، نیو گۆی زاڵ بەدوای ئەو یاسا و ڕێنماییانەدا دەگەڕێ تاکو جێبەجێیان بکات، تەنانەت ئەگەر بوونیشیان نەبێ هەوڵی داهێنانیان دەدات و لەبەرچاویان دەگرێ. هەر ئەم تواناییەی مێشکە کە دەبێتە ئەگەر کە کەسانی جیاواز لە ڕووی توانایی زمانەوانییەوە وەک یەک نەبن

.

**مێشک و مێژوو:**

وەک ئاماژەمان پێدا پرۆسەکانی کارکردنی مێشک گرنگیی خۆی هەیە، بەتایبەت لەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە بڕیاردانێک لە سەر وروژێنەرێکی تایبەتی دەرەکی، کە ئەو کارەش بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێ. ئەو تواناییە لە مرۆڤ، تەنانەت گیانەوەرانی جیاواز وەک یەک نیە. بەپێچەوانەی زمانەوانی کە لە لای مرۆڤ گەشەیەکی بەرچاوی هەبووە، هەندێ توانایی دیکەی مێشک لە هەندێ گیانەوەردا زۆر لە مرۆڤ زیاتر گەشەی کردووە و بەهێزترن. کاتێک تاکێکی کورد لە شاخ و کوێستانێکی کوردستان تەماشەی ئەو دیمەنە جوانانە دەکات و بەچاوی خۆی هەڵدەستێ بە لێکدانەوەی ئەو شاکارە سروشتیانەی سروشت، هەموو ئەمانە کاریگەرییان بەسەر مێشکی دەبێ و دوای پرۆسێسکردنی دەربڕین لە هەست و سۆزەکانی دەکات سەبارەت بەو دیمەنە جوان و دڵرفێنە و ئەو دەربڕینە خۆی لە شێوەی وشە و ڕستەدا دەبینێ، کە پڕن لە جوانی و هەماهەنگی، و ئەو کارە ئاڵۆزە لە ڕێگەی کۆنترۆڵی مێشک بەسەر زماندا ڕوودەدات.

بەر لە ٢٠٠ هزار ساڵ کە مرۆڤ وەک دوایترین بوونەوەری داری ژیان (Tree of Life) سەریهەڵداوە، لە چاو هەموو بوونەوەرەکانیتری ئەم گەردوونە گەنجتر بوو. بەڵام بەر لە بوونی مرۆڤ زۆرێک لەو خەسڵەت و هەست و سۆزانەی کە ئەمڕۆ هەندێ کەس بە بەرهەمی بوونی مرۆڤی دەزانن، بوونیان هەبووە و لە نێو گیانەوەرانیتری پێش مرۆڤ هەبووە. ئەو بیرۆکەیەی مرۆڤ ئەنجامی تاڵی خۆ بە پیرۆززانینی مرۆڤ و لووتبەرزییەکەی بووە، کە لە دوای تیۆری و بیروباوەرەکانی دارویناوە نیشانەی پرسیاریان هاتووەتە سەری. بەر لە بوونی مرۆڤ زۆرێک لەو خەسڵەت و رەفتارانەی وەک خۆشەویستی، دایکایەتی، هاوسۆزی، فیداکاری، ڕێبەرایەتی، و... هتد، کە هەموویان رەهەندێکی بایۆلۆجیان هەیە و بە مێشکەوە بەستراون، بوونیان هەبووە و لە نێو گیانەوەرانی دیکەی وەک شەمپانزێ، دۆلفین، گورگ، فیل و... هتد، کە بە سروشتی خۆیان گیانەوەری کۆمەڵایەتین، هەبووە. بێگۆمان ئەم گیانەوەرانە بە ملیۆنان ساڵ بەر لە مرۆڤ ژیاون و ئەوانەی ئیدیعا و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو خەسڵەت و رەفتارانە لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤی خۆبەزلزان و لەخۆباییبوو هاتوونەتە نێو چەرخەی ژیان، لە لووتکەی خۆپەرستیدان. ئەگەر گیانەوەرانیتر ئەم کارانەیان بە شێوازی جیاوازی جووڵەیی و جەستەیی ئەنجامدەدا، تەنها مرۆڤ ئێستا و دوای چەندین ملیۆن ساڵ لە هەبوونی ئەو رەفتارانە بە زمان و ڕستە و وشە و پیت دەربڕینیان لێدەکات. بۆ نموونە ڕێبەرایەتی لە نێو فیل و نەهەنگەکانی جۆری ئۆرکا، کە کۆمەڵگەی دایکسالاریان هەیە، بە ملیۆنان ساڵ بەر لە مرۆڤ هەبووە.

مرۆڤ بە سروشتی خۆڕسکیی خۆی مەحکومە بە بەکۆمەڵایەتیبوون (socialization)، و خانە دەمارییەکانی مێشکی ئێمە، کە ژمارەیان ٨٦ ملیارە، نەک تەنها لەگەڵ یەکتری بە ڕێژەی ١٠-١٥ هزار دانەیی پەیوەندیی ئەلێکترۆنی و کیمیاوی و بایۆلۆجی دروست دەکەن، بەڵکو هەوڵدەدەن کە لەگەڵ کەسانیتریش لە پەیوەندی دروست دەکەن. ئا لێرەدایە کە نهێنی هێزی هاوسۆزی لە نێوان مرۆڤەکان بەدەردەکەوێ. هاوسۆزی نهێنیی سەرکەوتنی باب و باپیرانمانە. کاتێک بەر لە سەد هزار ساڵ پێش ئێستا تەنها گرووپێکی ٥٠٠ تا ٢٠٠٠ کەسی، و لە هەندێ سەرچوەدا گۆتراوە تەنها ١٥٠ کەس بوونە، باب و باپیرانمان لە ئەفریقاوە لە ڕێگەی دەریاوە هاتوونەتە ڕۆژهەڵاتی نێوراست و دواتر لە بەردەوامیی ئەم گەشتە بەر لە ٦٥ هزار ساڵ گەیشتوونەتە کرمانشا و لوڕستان و شاخەکانی زاگرۆس، و وێرای ئەوەی کە

هیچ خزمەتگۆزارییەک و کەرەستەیەکی خۆپارێزییان لەبەردەست نەبووە، توانیویانە لە ڕێگەی هاوسۆزی و یەکگرتن و هاوپەیمانی و هاودەردی دەستی یارمەتی بۆ یەکتری درێژ بکەن و هەموو ئەمانە بە بێ بوونی زمان ئەستەم دەبوو، توانیان بەردەوامی بە ژیانی خۆیان بدەن و سەرەتای شارستانیەت دابنێن و دوای ماوەیەک بۆ شوێنەکانیتر و کیشوەری دیکەی جیهان کۆچ بکەن و بەردەوامی بە مرۆڤایەتی بدەن و لە گشت مەترسییەکانی ژینگەیی و سروشتی خۆیان بپارێزن.

دکتۆر نۆزەری، نهێنیی ئەو سەرکەوتنەیان بۆ داهێنانی زمان دەگەڕێنێتەوە، کە ماوەی ٥٠ هزار ساڵ بە لە ئێستا ڕوویداوە. ئەو پێیوایە ئەگەر ئەوان زمانیان دانەهێنابایە ئەو توانایییە دەگمەنەی مرۆڤ لە ناخ و دەروونیدا نەدەچەسپا، چونکە هیچ گۆڕانێک خۆبەخۆ و ئۆتۆماتیکی ڕوونادات، بەڵکو لە سایەی هەوڵ و کۆششی ئەوان وشەکان داهێنران و دواتر بوون بە زمان و ئامرازی پەیوەندی و ژیانیان. و بناغەی هەموو ئەم داهینانەش تەنها و تەنها مێشکی مرۆڤە، کە لە بواری زمانەوانیدا گەشەیەکی بەرچاوی هەبووە و ئەوەش سەدان هزار ساڵی پێچووە.

### زمان و قۆناغی ئێستا و داهاتوو:

پرۆفیسۆر دکتۆر تەقی کیمیایی ئەسەدی، پسپۆری مێشک و دەمارەکان لە زانکۆکانی ئەمریکا پێیوایە لە سۆنگەی ئەوەی کە شێوازی پرۆسێسکردنی هزر و بیرکردنەوە لە بارەی کێش و گرفتەکانی مرۆڤ یەکێکە لە بناغە ڕەسەنەکانی کەسایەتی هەر تاکێک، بۆیە جۆری تێڕوانین و بەهێزترکردنی روانگەی تاک بۆ ئەم کێشە و گرفتانە کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر ئاستی بەختەوەریی تاکەکانی دەگێڕێ. هەر بۆیەش دەبینین لە ماوەی سەدەکانی دواییدا ئەنجامی توێژینەوەکانی زانستی و بەتایبەت دەروونناسیی تاقیگەیی دەریانخستووە کە بەرهەمی شێوازە زانستییەکان، کە لە هەمانکاتدا ئەنجامی پرۆسێسی نیوە گۆی زاڵی مێشکە، زیاتر لە بەرهەمی شێوازەکانی فەلسەفی و مێتافیزیکی ڕۆڵیان لە چارەسەرییەکاندا هەبووە، بۆیە ئەم پسپۆرە داکۆکی لەوە دەکات کە لە سەنتەرەکانی پەروەردەیی و فێرکردندا گرنگی بە بەهێزترکردنی شێوازی کاری نیوەی گۆی زاڵی قوتابییان بدرێت. چونکە وەک ئەو دەڵێ سیستەمی بڕیاردان و دادبینیی مێشکی مرۆڤەکان بۆ هەڵسەنگاندنی رەفتارە کۆمەڵایەتییەکان، وەک داروینیش بڕوای پێیەتی، جۆرێک هەڵبژارتنی چاکترینییە (

الانتخاب الاپلح)، و ئەو ڕەفتارانەی کە کاریگەرن لە مانەوە و بەردەوامیدان بە ژیان و بەختەوەریی مرۆڤەکان، بە پێی یاساکانی بایۆلۆجی دەرفەتی زیاتری مانەوە و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو دەبێ.

کاتێک کە ئێمە لەبارەی تووڕەبوون دەدوێین، لە وشە و ڕستە و زمان سوود وەردەگرین. ڕاستە تووڕەبوون وەک هەڵچوونێکی سایکۆلۆژی چەندەها جۆرە، بە جۆرێک کە تووڕەبوونی بکۆژێکی سایکۆپات (دژە کۆمەڵایەتی) لەگەڵ تووڕەبوونی پێشمەرگەیەک کە لە خەمی میللەت و نەتەوە و کەس و کاری و شارەکەی خۆیدایە جیاوازە، بەڵام تووڕەبوون بە زمان و جەستە دەربڕینی لێ‌دەکرێت. پێدەچێ کە مرۆڤەکان هەمیشە بەدوای بەهانەیەکدا دەگەڕێن تا بەهۆیەوە پەلاماری یەکتری بدەن و یەکتری لەنێوبەرن، بۆ نموونە بەهانەی ئایدیۆلۆگی و... هتد. تەنانەت گیانەوەرانیش، بۆ نموونە مەیموونەکان و شەمپانزێ، کاتێک لە شەڕ و پێکدادانێکی سەختدا ماندوو و بێزار دەبن، لە کۆتاییدا دەستی دۆستایەتی بۆ یەکتری درێژ دەکەن. لە سایکۆلۆژیای داروینیدا تیۆرێک هەیە بەناوی پەیوەندیی بەبەها (valuable relationship) کە پێیوایە کاتێک لە نێوان دوو کەس بە هەر هۆکارێک پێکدادان دروست دەبێ، دوای دەگاتە ئاستی پێکهاتن و ئاشتەوایی، و بەتایبەت ئەگەر ئەو دوو لایەنە لە ڕووی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان پێویستیان بە یەکەوە هەبێ. بەواتایەکیتر پێویستی بە یەکتر هۆکار و ئامرازی دروستبوونی ڕەفتارێکی ڕەوشتییە، کە ئەویش ئاشتەوایی و پێکهاتنە، کە تیایدا پشکی شێر بەر زمان دەکەوێ، واتە زمان دەبێتە ئامرازێک بۆ دەربڕین لەو ئاشتییە. ئەم بیردۆزە چ لە سەر ئاستی تاکی و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و نێونەتەوەیش ڕوودەدات. نموونەکانیشی دەرکەوتنی یەکێتی ئەورۆپا، و پەیوەندییەکانی ژاپۆن لەگەڵ ئەمریکا، و ئەڵمانیا لەگەڵ ڕۆسیا لە دوای جەنگەماڵوێرانکەرەکەی دووەمی جیهانی، کە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لە چارەسەری کێشەکانیان. و ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە پێویستدارکردنی وڵاتان و نەتەوەکان بە یەکتری گەرەنتیگەری پەیوەندیی لۆژیکانە و سیاسی و ئابووری، و لە ئاکامدا بەختەوەریی ئەو کۆمەڵگەیانە، کە لە جەنگ و کۆشتار دوور دەکەون. ئەوە لە ڕێگەی دەستوەردانی هیچ هێزێکی مێتافیزیکی بەدەست نایێت، مەگەر لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ بەکاربەستنی بەشە ئاست باڵاکانی مێشک و عەقڵانیەت و لۆژیک و زانست، و لە سەروبنەمای بەکارهێنانی تواناییەکانی دەربڕینی زمانەوانی، و دوور کەوتنەوە لە خورافات.

پرۆفیسۆر نۆزەری پێیوایە کاتێک مرۆڤ تازە لەدایک دەبێ زۆر لاواز و بێ دەسەڵاتە، و ئەگەر ئەو منداڵە لە پەروەردە و فێربوون، خۆشەویستی، بەزەیی، نیشتمانپەروەری، کولتوور و فەرهەنگ، زمان، و... بەها جوانەکانی کەسێتی و کۆمەڵایەتی بێبەش بکرێت، گەشە ناکات و پاشەکشەیەکی دیار لەو بابەتانەدا لە ناخیدا ڕوودەدات. چونکە ئەو خەسڵەت و بەها جوانانە گەردیلەیەک یان جینێک یان پرۆتئینێک نین کە لە یەک چرکەساتدا دروست ببێ و ئێمە بتوانین بە دەرزییەک بۆ منداڵانمان بیگوازینەوە تا ئەویش فێریان ببێ، بەڵکۆ ئەو بەهایانە پێویستیان بە کەسانی خەمخۆرە تا لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردن بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازرێنەوە. و مێشکی مرۆڤ هەمیشە ئامادەیی وەرگرتنی ئەو بەها و گۆڕانکارییان تیایدا هەیە، تەنها دەبێ بە وەبەرهێنان، ژینگەیەکی گونجاویان بۆ دابین بکرێت.

لە ئێستادا لەم جیهانەماندا نزیکەی ٦٠٠٠ زمان بوونیان هەیە، کە هەندێ لەو زمانانە تەنها ٨ پیتن، بەڵام مرۆڤایەتی بە داهێنانی زمان، لە پاڵ ئەویشدا ئاگر توانیان لە ئەشکەوتەکانی زاگرۆس دەستی یەکتری بگرن و بەردەوامی بە ژیانی سەختی ئەو کات بدەن، و ئەوە خۆی لە خۆیدا سەرەتای پەروەردە و فێرکردن بوو. دەبێ ئێمە ڕێز لەو کەسانە بگرین کە ئێمەیان گەیاندووە ئەمڕۆکە. دەبێ هەر نەوەیەک کۆڵ نەدات و نەوەی دوای خۆی پێبگەینێ. هیچ نەوەیەک بە تەنیا ناتوانێ باری قورسی ژیان هەڵگرێ. نابێ کەمترخەمی بکرێت. کولتوور و فەرهەنگ و لە سەروشیانەوە زمان پرۆسەیەکی بەردەوام لە جووڵە و دینامیکییە، و دەبێ فێری ببین و فێری بکەین. بێگومان مرۆڤ ناتوانێ بە بێ زمان بژیت. مرۆڤ لەگەڵ زمان هزر و بیر دەکات. ئەزموون پێشانیداوە مرۆڤ بە بێ زمان ناتوانرێ زۆر بژیت. لە دوای ڕووخانی سۆڤیەتی جاران، لە وڵاتی ڕۆمانیا و دوای ڕووخانی دیکتاتۆریەتی چائۆشیێسکۆ، خانەیەکی منداڵانی بێسەرپەرشت لەو وڵاتە دۆزرایەوە کە کۆمەڵێک منداڵی پەراوێزخراوی تێدا بوو کە فێری هیچ زمانێک نەکرابوون، دوای ماوەیەک زۆربەیان تووشی کێشەی دەروونی و جەستەیی بوون و لەنێوچوون. وەک نۆزەری بۆی دەچێ ئێمە لە ڕێگەی زمان هەڵسەنگاندن بۆ بابەت و شتەکان و ڕووداوەکان دەکەین، تەنانەت بە بێ ئەوەی قسە بکەین دەتوانین پەیوەندی لەگەڵ هەندێ کەس دروست بکەین و دواتر و دوای ئەوەی کە بیرمان کردەوە سوود لە وشە و ڕستەکان وەردەگرین. چونکە لە پرۆسەی چەندین ملیۆن ساڵەی بەرەوەپێشچوون و کامڵبوون

(Evolution) و هەروەها پاشداچوون (Coevolution) ی داروینی گۆڕانکاری سەرسوڕهێنەر لە کۆئەندامی دەم و زمانمان ڕوویانداوە، چونکە بوونی دەم و لووت و زمان نیە کە توانایی ئەوەمان دەداتێ کە قسە بکەین، بەڵکو دەبێ وەرگرێکیش هەبێ، کە ئەویش گوێیە، کە لە مرۆڤ و گیانەوەر و باڵندەکاندا زۆر لە یەکتر جیاوازە و لە مرۆڤاندا زۆر گەشەی کردووە. فیزیۆلۆجیی گەشەسەندووی گوێمان و ئەو نۆ سینووس (sinus) و کونانەی دەم و چاومان بووەتە هۆکاری ئەوەی کە کوالیتی دەنگی مرۆڤ بەرزتر بێ. زانایان ئەناتۆمی گۆڕانکاریی گوێ و زمانی مرۆڤ و گیانەوەرانیان خستووەتە ژێر توێژینەوەی ورد و بۆیان دەرکەوتووە کە زمان بەرهەمی ڕووداوێکی لەناکاو نیە بەڵکو هزاران ساڵی پێچووە تا گەیشتووەتە قۆناخی ئێستای خۆی. بۆیە دەبێ داکۆکی لەوە بکرێت کە نابێ نکوڵی لە لایەنی بایۆلۆجی زمان بکرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا نابێ ئەوەش لە یاد بکەین کە زمان بەرهەمی پرۆسەیەکی درێژخایەنی سایکۆسۆسیۆلۆژییە، و دەبێ نرخی بزانین و بیکەین بە دەرفەتێک بۆ بەختەوەریی مرۆڤایەتی و نەیکەین بە قوربانیی هزرە مێتافیزیکییەکان، بەڵکو بخرێتە خزمەتی مرۆڤایەتی، و واتا و رامان بەخشینی ئەو جیهانەی کە بە بڕوای فەیلەسوفانی مەزنی وەک بارۆخ سپینۆزا (Baruch Spinoza, ١٦٣٢-١٦٧٧)، هیچ ئامانج و دادپەروەری و واتایەکی نیە، بەڵکو دەبێ مرۆڤەکان و نەتەوە جیاوازەکان بەو پەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارەتی و ڕێزگرتن لە یەکتری و قبووڵکردنی یەکتری واتا و رامانی پێببەخشن و ئامانداری بکەن و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی بچەسپێنن، و هیچ کاتێک وەک ئێستا زووتر نیە و بۆ ئەم کارە هیچ ئامرازێک کاراتر لە زمان نیە بۆ ئەم مەبەستە.

**سەرچاوەکان:**

١-د.تقی کیمیایی اسدی (٢٠١٩): زیست شناسی مغز و اخلاقیات. رمریکا.

٢- د.تقی کیمیایی اسدی (٢٠١٤): سیر تفکری دربارەی افریدگار، افرینش، و افریدەها، از متافیزیک تا فیزیک. رمریکا.

٣-حسام نوزری(٢٠٢٥): معمای ژهن-زبان و اهمیت و کیفیت آن
https://www.youtube.com/watch?v=k_oh٧١٣٣NcE

*پرۆفیسۆری یاریدەدەر/ پسپۆری سایکۆلۆژیای پێداگۆگی/زانکۆی زاخۆ

# ڕۆڵی دەزگە فەرهەنگییەکانی کوردستان لە پەرەپێدانی زمانی کوردیدا

شوکر سلێمان

## پێشەکی

زمان توانای وەرگرتن و بەکارهێنانی سیستەمە ئاڵۆزەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندنە لەنێوان مرۆڤەکاندا، هەروەها توانای مرۆڤە لە بەکارهێنانی ئەو سیستەمە ئاڵۆزانە لە پەیوەندیکردندا، مەبەست لەم سیستەمە زمانی قسەکردن و نووسینە. لێکۆڵینەوەی زانستی زمان بە زمانزانی ناودەبرێت، زمان وەک سیستەمێک هاتووەتە ئاراوە بۆ یارمەتیدانی مرۆڤ لە دەربڕین و گواستنەوەی بیرۆکە و هەستەکان و نیگەرانییەکانی بۆ کەسانی تر، کەواتە زمان ڕێگەیەکی بەهێز و کاریگەرە بۆ خزمەتکردنی پەیوەندییەکان.(١)

لەم بابەتەدا مەبەستمانە شرۆڤەی ڕۆڵی دەزگە فەرهەنگییەکانی کوردستان وەکو قوتابخانە و زانکۆ و دەزگە ڕۆشنبیرییەکان بکەین لە پەرەپێدانی زمان و ئەو کایە ئەبستمۆلۆژییەی دواجار پێگەکانی نەتەوەیی بوون و فەراهەمکردنی ڕێگەکانی بوون بە دەوڵەتی لەسەر چێ دەبێت، ئایا ئەو دەزگەیانەی ئێمە ڕۆڵیان چ بووە لە پەرەپێدان و گەشەپێدانی زمانەکەمان، ئایا بە کردار ئەو دەزگەیانە بوونەتە جێگەی متمانەی تاکی کوردی؟ ئایا توانیومانە پشت بەوانەوە ببەستین و ئەنجامەکانی لە بواری کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی دیکەی ژیاندا بچنینەوە؟ هەر ئەوەندەش نا، ئایا لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی ئەو بابەتە زانستییانە چی بووە کە وای کردووە زمانەکەمان ببێتە دەروازەیەکی کراوە لە خستنەڕووی زانیارییەکان و بتەوکردنی کۆڵەگەی زمانەکەمان و کارکردن بۆ زیاتر پێشخستنی زمانەکەمان و بەدەستهێنانی متمانەی زیاتر لەلایەن نەوەی ئایندەی میللەتەکەمان، وەکو ئەوەی ئێستا دەیبینین لە کوردستان کە ڕێک پێچەوانەی ئەو بۆچوونەمانە، لە جیاتی کارکردن لەسەر زمانەکەمان و قووڵکردنەوەی لایەنە فەرهەنگییەکان و زیندووکردنەوەی ئەو چەمکانەی خەریکە کاڵ دەبنەوە، دەستمان کردووە بە قووڵکردنەوە و بانگەشەکردن بۆ زمانەکانی دیکەی بێگانە، بە شانازیشەوە ڕیکلام بۆ ئەو نەریتە نەخوازراوە دەکرێت و هیچ جۆرە ڕێگریەکیش نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زیاتر ڕۆڵدراوە بەو نەریتە و لەنێو خەڵکیش ئەمە بۆتە ترێند و یەکێک لە خاڵە گەش و سەرکەوتووەکانی ئەم دەزگەیە و زۆر شانازیشی پێوە دەکات و تا ڕادەیەکیش لەلایەن دەزگە و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پشتیوانی دەکرێت و برەویشی پێ دراوە.

لەم بابەتەدا من تەنیا تیشک دەخەمە سەر ڕۆڵی دەزگەیەکی فەرهەنگی وەک

قوتابخانە، لەو کات و ساتەدا هەتا ئێستا چی کردووە و چی نەکردووە؟ دەبوایە چی بکات و بۆ نەیکردووە؟ لە دووتۆی ئەم بابەتەدا وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە وەردەگرینەوە و بەهیوای سوودبینین و کار لەسەر کردن، بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئەو دەزگەیانە نادیدە نەگیرێت و بتوانین لە داهاتوودا هەم لە باشکردنی ڕۆڵی ئەو دەزگەیانە لە زیاتر پەرەدان بە لایەنی زمانەکەمان پشتیوانیان بین و، هەمیش ئەو دەزگەیانە بەتایبەتی قوتابخانەکان بکەینە یەکەم ویستگەی ناسین و شیرینکردنی زیاتری زمانەکەمان لە لای نەوەکانمان و، بەخشینەوەی متمانە بە زمانەکەمان، کە ئەگەر لەسەرەتای ئەلف و بێی فێربوونەوە زمانی دایک لەلای مرۆڤ نەچەسپێنرێت، ئەوا دواجار ئەو زانستە هیچ بەهایەکی نابێت و ئیشکردن لە کایەکانی دیکەی وەکو ئەدەب و ڕۆشنبیری و لایەنەکانی دیکە ناتوانێ بە دروستی لە ڕاستەشەقامی ژیان ڕێبکات.

**زمان و مرۆڤ**

زمان دۆخێکی تایبەتە بۆ مرۆڤ، زمانی مرۆڤ یەکتایە لە جۆری خۆیدا بە بەراورد بە شێوەکانی تری پەیوەندی کە لە نێوان جۆرەکانی تری زیندەوەراندا هەیە؛ سیستەمی پەیوەندی کە ئاژەڵی تر وەک هەنگ یان ئاژەڵان بەکاری دەهێنن سیستەمی سنووردارن کە پێکهاتوون لە ژمارەیەکی کەم -زۆرجار زۆر سنووردارن- لە بیرۆکە و ئەگەرەکان کە دەتوانرێت دەربڕین بکرێن. لەبەرامبەردا زمانی مرۆڤ زمانێکی کراوە و بەرهەمهێنەرە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە ڕێگە بە مرۆڤ دەدات کە کۆمەڵێکی فراوان لە قسە بەرهەم بهێنێت لە کۆمەڵێکی سنووردار لە توخمەکان لە پیتەکانەوە، توانای دروستکردنی وشە و ڕستەی نوێی پێدەدات، ئەمەش ئەگەرە لەبەر ئەوەی زمانی مرۆڤ لەسەر سیستەمی «نەخشە دووانەکان» بنیادنراوە، واتای ئەوەیە کە دەتوانرێت ژمارەیەکی سنووردار لە توخمەکان کە واتایان نییە بە خۆیان (وەک دەنگ و پیت یان ئاماژە) تێکەڵ کرێن بۆ دروستکردنی ژمارەیەکی بێ کۆتایی -لە ڕووی تیۆرییەوە- لە واتاکان (وشە و ڕستەکان). سەرەڕای ئەوەش نیشانە و یاسا ڕێزمانییەکان ئاڵۆزن بە ڕادەیەکی زۆرەوە لە هەر زمانێک کە لە ئاژەڵی تردا هەیە، بەجۆرێک کە ئەم سیستەمە نەتوانرێت وەربگیرێت تەنها لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە نەبێت، بەڵام سیستەمەکانی پەیوەندی کە ئاژەڵان بەکاری دەهێنن تەنها ژمارەیەکی سنووردار لە نیشانە و واتاکان دەردەبڕن کە زۆربەیان دیارکراون.

زمان سیستەمێکە لە هێما و ئاماژەکان کە لە کۆتاییدا دەبنە یەکێک لە ئامرازەکانی زانیاری. زمان یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی پەیوەندی و تێگەیشتن و گفتوگۆ لە نێوان تاکەکان لە کۆمەڵگەدا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بەبێ ئەو چالاکییە زانیاریی تاکەکان ئەستەم دەبێت.(٢)

هەر زمانێک لە جیهاندا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ بیرکردنەوەدا هەیە، چونکە هەمیشە هزر و بیری مرۆڤ لە ڕێگەی قاڵبێکی زمانییەوە دادەڕێژرێت، تەنانەت لە حاڵەتی بیرکردنەوەی خودی یان ناخەکی.

**پێناسەی زمان**

زمان لە کۆندا وەک کۆمەڵێک دەنگ پێناسە کراوە کە تاک بەهۆیانەوە دەتوانێت گوزارشت لە ئامانج و پێداویستییەکانی خۆی بکات. سەرەڕای ئەوەی ئەم پێناسەیە زۆر کۆنە، بەڵام پێناسە هاوچەرخەکانی دیکە نەیانتوانیوە بەسەر ڕاستگۆیی ئەم زاراوەیـەدا تێپەڕن. زمان یەکەم نیشتمانی مرۆڤە، زمان بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتییە، هەر ئەوەشە کە توانای مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە، چونکە زمان بەرهەمی مێشکە، ئەو مێشکەی کە کاریگەری هەیە و خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی، چونکە هەموو مێشکێک ناتوانێت زمان بەرهەم بهێنێت.

گومانی تێدانییە ئەگەر بڵێین بەو وەسفەی کە بۆ زمان کراوە، بریتیە لە ئامرازەکانی پەیوەندی کە دەتوانێ ئارەزووەکانی مرۆڤ دیار بکات و بیرۆکەکانی بۆ کەسانی دیکە بگوازێتەوە، بە گواستنەوەی دنیای زەینی بۆ دنیای گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵگە، بە گوزارشتکردن لە پاشماوەی ڕۆشنبیری نەک داهێنانی کەسێک لە کەسەکان، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ڕۆشنبیری گروپێکی دیارکراوە لە ماوەی چەندان قۆناغی جۆراوجۆر لە تەمەنی شارستانیەتیەکەدا.(٣)

زانایانی دەروونناسی زمانیان وەک کۆمەڵێک ئاماژەی گونجاو بۆ گوزارشتکردن لە بارودۆخەکانی مرۆڤ – لە ڕووی هزر و بیر، ئیرادە و سۆزداری پێناسە کردووە، یان وەک ئەو ئامرازەی کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت وێنە و بیرۆکە ئاوەزییەکان بۆ تایبەتمەندی یان بەشەکانیان شی بکرێتەوە.

پێناسەی تیۆری پێکهاتەیی: ئەم پێناسەیە زمان وەکو سیستەمێکی فەرمی دەبینێت –واتە خاوەن پێکهاتەیەکی دیارکراو و جێگیرە– بۆ نیشانەکان کە خودی ئەو پیتانەن کە لە زماندا بەکاردەهێنرێن، بەجۆرێک یاسا ڕێزمانییەکان فەرمانڕەوایەتییان دەکەن

بۆ گەیاندنی واتایەکی دیارکراو، ئەم پێناسەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە زمانەکانی مرۆڤ دەتوانرێت وەک سیستەمی پێکهاتەیی وەسف بکرێن کە پێکهاتوون لە یاساکان کە هەندێک نیشانەی تایبەت لە وشە و ڕستە بە واتا دیارکراوەکانەوە دەبەستنەوە، ئەم بینینە پێکهاتەییەی زمان لە سەرەتادا فێردیناند دێ سۆسیر خستیەڕوو، تیۆری پێکهاتەیی زمان هێشتا بە بنەمایەکی مکوم دادەنرێت لای زۆربەی کەس بۆ دەستپێکردن بە بیرۆکەی نوێ بۆ وەسفکردنی زمان.

پێناسەی تیۆری کارکردەییەکان: ئەمە پێناسەیەکی دیکەیە کە زمان وەک سیستەمێک بۆ پەیوەندی و ڕاگەیاندن دەبینێت، کە مرۆڤ وا لێ دەکات قسەی زارەکی یان ئاماژەکان ئاڵوگۆڕ بکەن بۆ گواستنەوەی ئەو واتایانەی کە دەربڕی ئەو ئامانجانەن کە دەیانەوێت، ئەم پێناسەیە جەخت لە کارەکانی کۆمەڵایەتی زمان دەکاتەوە، ڕاستییەکەی ئەوەی کە مرۆڤ بەکاری هێناوە بۆ دەربڕینی خۆیان و گواستنەوەی هەواڵەکانیان، هەروەها بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شتەکان لە ژینگەکەیاندا، لێرەدا تیۆرە کارکردەییەکانی یاسا ڕێزمانییەکان پێکهاتە ڕێزمانییەکان لە ڕوانگەی کارەکانی پەیوەندیکردنیانەوە ڕوون دەکەنەوە، ئەم تیۆرە تێگەیشتنێک دەخاتەڕوو بۆ دروستکردنە ڕێزمانییەکانی زمان وەک ئەوەی کە ئەنجامی پڕۆسەکانی گونجاندن بوون کە یاسا ڕێزمانییەکان تێیدا دیزاین کرابوون بۆ دابینکردنی پێداویستییە پەیوەندی و ڕاگەیاندنەکانی بەکارهێنەران.

**تایبەتمەندیەکانی زمان**

زمان خاوەنی تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی خۆیەتی لەوانە:

سروشتی سیستەماتیکی زمان:

زمان بە سروشتی خۆیەوە سیستەماتیکە، واتە سیستەمێکی پەیوەندیکردنە کە بەکاردێت بۆ گەیاندنی زانیاری بە پشتبەستن بە هێماکانی دەنگی و نادەنگی، سیستەمە لاوەکییەکانی وەک مانا زانی و دەنگ زانی لێوە دەردەکەون.

زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی:

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتیە لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، چونکە ئامرازی پەیوەندیکردنی ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراوە لەگەڵ یەکتری، هەروەها ئامرازە بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکان، بەرزکردنەوەی ڕۆشنبیری و

بابەتانی تری کە کاریگەری ئەرێنییان لەسەر کۆمەڵگاکان هەیە.

**زمان بەدەستهاتووە نەک غەریزەیی بێت:**

زمان بەدەستهاتووە و غەریزیی/ سروشتی نییە، بەدەستهێنانی زمان لە قۆناغی منداڵیدا دەستپێدەکات، و هۆکارە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان کاریگەری لەسەر هەیە، کە شێوەی زمانی بەدەستهاتوو دیاری دەکەن.

**زمان بەرهەمهێنەر و داهێنەرە:**

زمان بەرهەمهێنەر و داهێنەرە، ئەمەش لە ڕێگەی ڕێگەدان بە بەکارهێنانی توخمەکانی بۆ دروستکردنی دەربڕینی نوێ کە بۆ قسەکەر یان گوێگری زمانەکە نامۆ بن.

**جۆراوجۆری زمان:**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمان جۆراوجۆرییە، چونکە دەکرێت زمان بەکاربهێنرێت بۆ دەربڕینی هەمان شت/هەمان مانا بە بەکارهێنانی وشەی جیاواز.

**سروشتی زمان دینامیکییە:**

زمان دینامیکییە، بەردەوام لە گەشەکردن و گۆڕان و گونجاندنە بە گوێرەی پێداویستیەکانی قسەکەرانی، بۆیە وشەی نوێ بۆ فەرهەنگەکان زیاددەکرێت بۆ ئەوەی گونجاو بێت لەگەڵ شێوەی ژیان و گۆڕانکارییە خێراکان.

**تایبەت بوونی زمان:**

زمان تایبەتە، چونکە هەر زمانێک لە جیهاندا بە تایبەتمەندی و خاسیەتی جیاواز و بێهاوتا تایبەتمەندە کە لە زمانەکانی تر جیاوازە، هەروەها کاریگەری گەشەکردنەکانی سەردەمە جیاوازەکان و گۆڕانکارییە ڕۆشنبیرییەکان کاری تێ دەکات.

**بەکارهێنانی زمان بۆ گوزارشتکردن:**

زمان بە گرنگترین و خێراترین ڕێگا دادەنرێت بۆ دەربڕینی هەست و بیرکردنەوەکان، یارمەتی قسەکەر دەدات کە کەسانی تر بزانن چی دەوێت پێیان بگەیەنێت، بەبێ گرنگیدان بە کۆنتێکستەکەی، واتە زمان ئامرازێکی ڕوونکەرەوەیە بۆ بیرکردنەوە و زانیارییەکانی تایبەت بە تاکەکان.

**بەکارهێنانی زمان بۆ ڕێنمایی:**

زمان بەکاردێت بۆ پێدانی ڕێنمایی، ڕێنوێنی، فەرمانەکان، گرنگە بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنیان بە شێوەی دروست، بەکاردێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی پێویستە

جێبەجێ بکرێت، هەروەها دەکرێت بە شێواز و دەنگێکی دیاریکراو بەکاربهێنرێت کە لەگەڵ کۆنتێکستە جیاوازەکاندا بگونجێت.

**بەکارهێنانی زمان بۆ گەیاندنی زانیارییە:**

زمان ئامرازێکی جیهانییە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان، هەروەها ئامرازێکی میدیاییە کە مەبەست لێی گەیاندنی زانیارییە بە شێوەیەکی تێگەیشتوو و گونجاو بە تاکەکان کە لەگەڵ سروشتی ناوەڕۆکەکەی بگونجێت.

**دابەشکردنی زمان**

زمانەکانی جیهان دابـەش دەکرێن بۆ خێزانە زمانییەکان وەک زمانە هیندی ئەوروپییەکان و زمانە ئەفریقی و ئاسیاییەکان، کە هەریەکەیان ژمارەیەک زمانی هەیە بە تایبەتمەندی و ڕەگەزە هاوشێوەکان.

**گرنگترین زمانەکان**

لە جیهاندا زیاتر لە شەش هەزار زمانی بەکارهاتوو هەیە لە سەرانسەری دنیادا. سی لە سەدی ئەو زمانانە ژمارەی قسەکەرەکانیان لە هەزار کەس تێناپەڕێت.

لە گرنگترین زمانەکانی سەر زەوی بەگوێرەی چەندین پێوەر وەک گرنگی و کاریگەرییان لە مامەڵە بازرگانییەکان و پێگەی جیهانیان: ئینگلیزی، عەرەبی، ئیتالی، فەڕەنسی، ژاپۆنی، چینی، کۆری، کانتۆنی، تایلەندی، پەنجابی، هیندی، جاوی، پۆڵەندی، تورکی، ڤێتنامی، فارسی و هیتر.

**گەشەسەندنی زمان**

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات زمانەکان جۆراوجۆر بوون و بەردەوام گەشە دەکەن. دەتوانرێت بگەڕێینەوە بۆ مێژووی گەشەسەندن و بونیادنانیان لە ڕێگەی بەراوردکردنی نێوان زمانە هاوچەرخەکانەوە.

هەموو زمانناسەکان لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون کە هەموو زمانەکان لە بەرخودانێکی هاوبەش هاتوونەتە خـوارەوە، وەک یەک خێزان دادەنرێن، وەک خێزانی هیندی ئەوروپی کە زۆرترین بڵاوبوونەوەی هەیە و چەندین زمانی تێدایە وەک زمانی هیندی و ڕووسی و ئینگلیزی.

هەروەها خێزانی زمانی چینی-تبتی هەیە کە زمانە چینییەکان و زمانی فەرمی و تبتی دەگرێتەوە و سەر بە خێزانی ئەفرۆ-ئاسیاییە کە زمانی عەرەبی و عیبری و

سۆمالی دەگرێتەوە.

زمانەکانی بانتوو هەن کە زمانی زوولوو و سواحیلی دەگرنەوە، کە سەدان زمانی تری بەکارهاتوو لە تەواوی کیشوەری ئەفریقیادا.

لە خێزانە زمانییەکانیش زمانەکانی مالایی پۆلینیزی هەیە کە زمانی مالیزی و ئیندۆنیزی و تەگالۆگ دەگرێتەوە و سەدان زمانی تری بەکارهاتوو لە دەوروبەری زەریای هادی لەخۆ دەگرێت.

هەروەها خێزانی زمانەکانی دراڤیدی هەیە کە لە باشووری هیندستان بەکاردێن و زمانی تێلوگوو و تامیل دەگرنەوە.(٥)

## ڕۆڵی دەزگە فەرهەنگییەکان لە پەرەپێدانی زمانی دایک

زمان وەک ناسنامە و بنەمایەکی سەرەکی بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگە دادەنرێت. زمانی دایک بەشێکی دانەبڕاوە لە بوونی هەر نەتەوەیەک و میراتێکی فەرهەنگی بەنرخە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە. لەم نێوەندەدا، دەزگە فەرهەنگییەکان خاوەنی ڕۆڵێکی گەلێک گرنگ و کاریگەرن لە پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایک، بەتایبەتی لە سەردەمی گلۆبالیزم و زاڵبوونی زمانە جیهانییەکان.

**١. پاراستنی زمان لە فەوتان:**

یەکێک لە گرنگترین ڕۆڵەکانی دەزگە فەرهەنگییەکان بریتییە لە پاراستنی زمانی دایک لە فەوتان و کەمبوونەوەی بەکارهێنانی. ئەم دەزگایانە دەتوانن لە ڕێگەی کۆکردنەوەی دەستنووسە کۆنەکان، تۆمارکردنی زاراوە و شێوەزارە جیاوازەکان و ئەرشیفکردنی بەرهەمە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان، میراتی زمانەوانی بپارێزن.

**٢. هاندانی خوێندنەوە و نووسین:**

دەزگە فەرهەنگییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن لە هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ خوێندنەوە و نووسین بە زمانی دایک. ئەمەش لە ڕێگەی دامەزراندنی کتێبخانەی گشتی، سەنتەری خوێندنەوە و ڕێکخستنی پێشبڕکێی خوێندنەوە و نووسین بۆ قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن دەکرێت.

**٣. بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی زمانەوانی:**

پەرەپێدانی زمانی دایک پێویستی بە بەرهەمهێنانی بەردەوامی ناوەڕۆکی نوێ و

دەوڵەمەند هەیە لە بوارە جیاجیاکاندا. دەزگە فەرهەنگییەکان دەتوانن پشتگیری لە نووسەران، وەرگێڕان، شاعیران، لێکۆڵەران بکەن بۆ ئەوەی بەرهەمی نوێ بە زمانی دایک بنووسن. ئەمەش بریتییە لە بڵاوکردنەوەی کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، وێبسایت و، بەرهەمی دیجیتاڵی.

**٤. پێگەیاندنی نەوەی نوێ:**

فێرکردنی نەوەی نوێ بە زمانی دایک و بە شێوەیەکی دروست و زانستی، بنەمایەکی پتەوە بۆ پاراستنی زمان. دەزگە فەرهەنگییەکان دەتوانن هاوکاری قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکان بن لە پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن، دابینکردنی سەرچاوەی فێرکاری، ڕاهێنانی مامۆستایان بۆ باشترکردنی پرۆسەی فێربوونی زمانی دایک.

**٥. بەکارهێنانی زمان لە تەکنەلۆژیا و ژیانی ڕۆژانە:**

لە سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکاندا، گرنگە زمانی دایک لە بوارە تەکنەلۆژییە جیاوازەکاندا بەکاربهێنرێت. دەزگە فەرهەنگییەکان دەتوانن هانی گەشەپێدەران بدەن بۆ دروستکردنی ئەپلیکەیشن، یاری و پلاتفۆرمی دیجیتاڵی بە زمانی دایک. هەروەها هاندانی دامودەزگە حکوومی و تایبەتەکان بۆ بەکارهێنانی زمانی دایک لە نووسراوە فەرمییەکان، ڕێنوێنییەکان و تێبینییەکاندا، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بەهێزکردنی پێگەی زمان.

**٦. برەودان بە فەرهەنگی گفتوگۆ و چالنجە فەرهەنگییەکان:**

سازدانی کۆڕ و سیمینار، وۆرکشۆپ، فیستیڤاڵی فەرهەنگی لە ڕۆژانی تایبەت بە زمانی دایک، دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆری هەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی گشتی سەبارەت بە گرنگیی زمانی دایک و هاندانی خەڵک بۆ بەکارهێنانی.

بە گشتی، دەزگە فەرهەنگییەکان وەک قەڵغانێک وان بۆ پاراستنی زمانی دایک لە هەڕەشە دەرەکی و ناوخۆییەکان. ئەرکی هەمووانە کە پشتگیری لەم دەزگایانە بکەین و بەشداری لە چالاکییەکانیاندا بکەین بۆ ئەوەی زمانی دایک وەک سامانێکی نەتەوەیی بە زیندوویی بمێنێتەوە و گەشە بکات.

**دەزگە فەرهەنگییەکان (قوتابخانەکان)ی ئێمە لە کوێی ئەو پەرەپێدانەن؟**

لەسەرەتاوە دەڵێم بەداخەوە دەزگە فەرهەنگییەکانی ئێمە خاڵین لە پرۆژە و

داهێنانی تازە، بە پێچەوانەوە مامۆستایانی ئێمە ئەوەندەی خەریکی زمانی دووەمن، نیو ئەوەندە خەریکی زمانە نەتەوەییەکە کە کوردییە نین، یان راستتر بڵێم ئەوان هەمیشە کاردەکەن بۆ دوورکەوتنەوە لە زمانە زگماکییەکەی دایک، ئەوان خەریکن چەمک و زاراوە زانستی و ئەدەبییەکانیش بە زمانی بێگانە گۆدەکەن، بۆیە ئەگەرچی میتۆد و پرۆگرامەکانی خوێندن بە کوردین، وەلێ راستنووسی و راست خوێندن لە قوتابخانەکان باریکردووە، مامۆستای کوردییە کوردی نەزانە، ئەمە چجای مامۆستای بابەتەکانی دیکە.

لێرەدا من ناڵێم وەزارەتی پەروەردە کەمتەرخەمە، نەخێر مامۆستایان خۆیان سەلیقەی کوردی نووسین و کوردی خوێندنەوە نیین، ئەمەش بە خوول و راهێنان ناکرێت، بەڵکو بە جۆراوجۆرکردنی وانە و بۆنە و چالاکی و فیستڤاڵی هەمەچەشن دەبێت، قوتابخانەکان پابەند بکەن و لەو بارەیەوە رۆڵی خۆیان وازی بکەن و قوتابیان هانبدەن بەشداری لەو چالاکیانەدا بکەن.

*سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

**سەرچاوەکان:**

١- سایتی ویکیپیدیا، رۆژی دووشەممەی ٢٠٢٠٥/٨/٥.
٢- سایتی (اللسانیات واللغە العربیە) بەورازی ٢٠٢٥/٨/٧.
٣- لێکۆڵینەوە کوردستانییەکان لە وڵاتی سۆبارتۆ، دکتۆر جەمال رەشید، وەرگێڕانی شوکر سلێمان، ل١٧٧.
٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# ڕۆڵی خوێندنگە لە پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایك

هەمزە عەباس فەقێ *

ئەم نووسینە هەڵسەنگاندن بۆ پەیوەندییە ئاڵۆز و گرنگەکەی نێوان پەروەردە و ناسنامەی زمان دەکات، بە تیشک خستنە سەر ڕۆڵی ستراتیژی و بنەڕەتی خوێندنگە لە پاراستن و پەرەپێدان و زیندووڕاگرتنی زمانی دایک. ئەم بابەتە باس لە چۆنییەتی کاریگەریی زمانی دایک لەسەر گەشەی هزری، سۆزداری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت فەلسەفی منداڵ دەکات، هاوکات ئاماژە بە گرنگی زمان وەک هەڵگری سەرەکی ناسنامەی کەلتووری، مێژوویی و نەتەوەیی دەکات. بەشێکی ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ ڕەخنەگرتن لەو دامەزراوە پەروەردەییانەی کە بە مەبەست و بێ مەبەست گرنگی پێویست بە زمانی دایک نادەن، بەتایبەت ئەو باخچە و قوتابخانانەی کە بە زمانی بێگانە وانە دەڵێنەوە لەسەر حسابی زمانی دایک، بە شیکردنەوەیەکی هەمەلایەنەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر تاک و خێزان و کۆمەڵگە، تەنانەت لەسەر ئاسایشی نەتەوەییدا.

ئەم نووسینە لەشێوەی توێژینەوەیەکە تیشک دەخاتە سەر نموونەی خوێندنگە ناحکومییە ئینگلیزییەکان لە هەرێمی کوردستان و شیکارییەک بۆ ئەو زیانە کەلتووری، دەروونی و کۆمەڵایەتییانە دەکات کە ئەم جۆرە دامەزراوە و قوتابخانانە دەیانخوڵقێنن. لە کۆتاییدا، کۆمەڵێک پێشنیاری پێویست، ستراتیژی و درێژخایەن پێشکەش دەکرێن بۆ بەهێزکردنی زمانی دایک لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا.

زمان هەر تەنها کۆمەڵێک وشە و ڕستە نییە بۆ گەیاندنی پەیام، بەڵکو دەروون و بیرکردنەوەی مرۆڤە، ئامێری سەرەکییە بۆ دروستکردنی بیرۆکە و تێگەیشتن لە جیهان. لە ئاستێکی فراوانتریشدا، زمان پردی سەرەکی پەیوەندی نێوان نەوەکان و گەل و نەتەوەکانە، هەڵگری سەرەکی ناسنامە، کەلتوور، مێژوو و بەها کۆمەڵایەتییەکانە. لە نێو هەموو زمانەکاندا، زمانی دایک خاڵێکی ناوەندی و بنەڕەتییە؛ یەکەمین زمانێکە کە مرۆڤ فێری دەبێت، ئەو زمانەیە منداڵ لە ڕێگەیەوە یەکەم تێگەیشتنەکانی سەبارەت بە ژیان و دەوروبەر وەردەگرێت. وەک بناغەی گەشەی هزری، سۆزداری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕۆحیش دادەنرێت. دەروونناسان و زماناناسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە زمانی دایک کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر دروستبوونی شێوازی بیرکردنەوە، درکپێکردن و پەرەپێدانی توانای شیکردنەوە و داهێنان لە منداڵدا هەیە. لە ڕاستیدا، زمانی دایک قوڵاییەکی کەلتووری و مێژوویی هەیە کە تەنها بە زمانێک یان چەمکێک ناتوانرێت وەسف بکرێت، بەڵکو دەکرێت وەک ئۆکسجین بۆ هەناسەی

کەلتوری گەلێک سەیر بکرێت. لەم سۆنگەیەوە، پەروەردە و بە تایبەتیش دامەزراوە پەروەردەییە فەرمییەکان وەک خوێندنگە، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە و ستراتیژی دەبینن لە پاراستن و پەرەپێدان و گەشە و مانەوەی ئەم سامانە نەتەوەییە گرنگە لە داهاتوودا. هەڵبەت خوێندنگە تەنها شوێنی فێربوونی خوێندن و نووسین نییە، بەڵکو ناوەندێکی شیاو و باڵایە بۆ دروستکردنی هاووڵاتی و شوێنێکە بۆ فۆرمەڵەکردنی کەسایەتی و ناسنامەی تاک. سیستەمی پەروەردەیی لەسەر بنەمای گەشەدان بە زمانی دایک، نەوەیەک دروست دەکات کە نەک تەنها لە ڕووی زانستی و ئەکادیمییەوە بەهێزە، بەڵکو لە ڕووی کەلتووری و نەتەوەییەوەش خۆی دەناسێت و شانازی بە بوونی خۆیەوە دەکات، بێگومان ئەو خۆناسین و شانازییە لەهەرە پێویستییەکانی تاکی کوردە بەتایبەت لەم ڕۆژگارەماندا.

لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەم ئەم پەیوەندییە ئاڵۆز و گرنگە شیبکەمەوە، تیشک بخەمە سەر ئاستەنگ و دەرفەتەکانی بەردەم زمانی دایک لە سیستەمی پەروەردەییدا، بە ئامانجی پێشکەشکردنی دیدگایەکی گشتگیر، شیکردنەوەیەکی گونجاو و کۆمەڵێک پێشنیاری سوودبەخش بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی زمانی دایک وەک پایەیەکی پتەوی ناسنامەی نەتەوەیی لە سەدەی بیست و یەکەمدا. بەتایبەت لە سەردەمی جیهانگیری و زاڵبوونی زمانە باڵادەستەکاندا زۆر گرنگتر دەبێت، چونکە پاراستنی زمانی دایک نەک تەنها ئەرکێکی پەروەردەیی، بەڵکو ئەرکێکی نەتەوەیی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەییەوەیە. هاوکات بە ئاماژەکردن بە کاریگەریی نەرێنی خوێندنگە ئینگلیزییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

**بایەخی زمانی دایک**

ئەو بناخەیەیە کە گەشەی مرۆڤی لەسەر بنیات دەنرێت و شێوە دەدات بە ناسنامەی تاک و کۆمەڵگە. گرنگییەکەی لە چەندان ڕەهەندەوە دەردەکەوێت کە بناخەی گەشەی هزری و فیکری و تێگەیشتنە، زانستی مێشک و زمانناسی دەروونی بە ڕوونی دەریانخستووە کە منداڵان کاتێک بە زمانی دایکی خۆیان فێردەبن، توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و چارەسەرکردنی کێشە و داڕشتنی چەمکەکان بە شێوەیەکی قووڵتر و بەهێزتر گەشە پێدەدەن. زمانی دایک، ئەو ئامرازەیە کە منداڵ بە هۆیەوە یەکەمین تێگەیشتنەکانی سەبارەت بە جیهان وەردەگرێت و بیرۆکەکانی ڕێکدەخات.

پرۆسەی بیرکردنەوە بە زمانی دایک زۆر خێراتر و کاراترە، چونکە پێویستی بە وەرگێڕانی ناوەکی نییە. ئەمەش وا دەکات منداڵ وزەی مێشکی زیاتر تەرخان بکات بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکان و شیکردنەوەی زانیارییەکان، نەک بۆ تێگەیشتن لە زمانەکە خۆی. کاتێک منداڵ ناچار دەکرێت بە زمانی دووەم فێر بێت، مێشکی کات و وزەیەکی زیاتر بەکاردەهێنێت بۆ پڕۆسێسکردنی زمانەکە، ئەمەش کەمتر جێگا بۆ پڕۆسێسکردنی زانیارییەکان و تێگەیشتنی قوڵ دەهێڵێتەوە. فێربوون بە زمانی دایک یارمەتی منداڵ دەدات کە چەمکە ئاڵۆزەکانی زانست، فەلسەفە، بیرکاری، لۆژیک و بابەتی ئەبستراکت بە باشی هەرس بکات، چونکە هیچ بەربەستێکی زمانەوانی لە نێوان چەمکەکە و توانای تێگەیشتنی منداڵەکەدا نابێت. ئەمەش بناخەیەکی پتەو و تۆکمە بۆ فێربوونی زمانەکانی دیکە و بابەتەکانی دیکە دادەنێت. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئەو خوێندکارانەی کە بناخەیەکی بەهێزیان لە زمانی دایکدا هەیە، زۆر ئاسانتر دەتوانن زمانەکانی دیکەش فێر ببن و لە بابەتی زانستی و فەلسەفیدا قوڵتر ببنەوە، چونکە توانای گواستنەوەی تێگەیشتنیان زیاترە. کاتێک بابەتە زانستی و فەلسەفییەکان بە زمانی دایک دەخوێنرێن و شیدەکرێنەوە، خوێندکار توانای شیکردنەوە و پۆلێنکردن و بەستنەوەی زانیارییەکان بە واقیعەوەی باشتر دەبێت. ئەمەش وا دەکات فێربوونەکە تەنها لەبەرکردن نەبێت بەڵکو تێگەیشتنێکی قوڵ و بنیاتنەر بێت، کە لە توانای خوێندکار دێت زانیارییەکان بە کار بهێنێت، شیکاریان بکات و سەرچاوەی بیرۆکەی نوێ بن بۆیان. ئەمە بنەمای داهێنان و پێشکەوتنە زانستییەکانە هەر وەک ئەوەی لە هەرەمی بلوم ئاماژە بە پێگەی تێگەیشتن کراوە، کاتێک منداڵ بە زمانی دایک فێردەبێت، بە ئاسانی دەتوانێت بیرۆکەکانی دەربڕێت، نووسینێکی ڕوون و ڕێک بنووسێت و گفتوگۆیەکی واتادار بکات. ئەم توانایانە دەبنە بناغەی سەرکەوتن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و ژیانی پیشەییدا.

### زمان هەڵگری ناسنامەی کەلتووری و نەتەوەیی و مێژووییە

چۆمسکی دەڵێت: (زمانی مرۆڤ پێگەی بیری مرۆڤە)، زمان گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی کەلتووری، مێژوویی و ڕاستییە. مێژوو، ئەدەب، هونەر، مۆسیقا، بەها کۆمەڵایەتییەکان، ئەخلاق، ڕەسەنایەتی و تەنانەت ئایینەکانی گەل و نەتەوەیەک، هەموویان لە ڕێگەی زمانەوە دەگوازرێنەوە و دەپارێزرێن، دەوڵەمەند دەکرێن و

لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوێزرێنەوە. کاتێک منداڵ بە زمانی دایکی خۆی فێردەبێت، بە شێوەیەکی سروشتی و قوڵتر پەیوەست دەبێت بە ڕەگ و ڕیشەی کەلتووری و نەتەوەیی خۆیەوە. ئەمەش یارمەتی دەدات هەستێکی بەهێزی خاوەنداریێتی، شانازی و خۆشەویستی بۆ ناسنامەی خۆی هەبێت. ئەم هەستە لە تێگەیشتنی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان، ئەفسانەکان، شیعرە نەتەوەییەکان، ئاوازە ڕەسەنەکان، پەندی پێشینان و ئەو گەنجینە ئەدەبی و هونەرییانەدا قوڵتر دەبێتەوە کە بە زمانی دایک نووسراون. زمانی دایک ئەرشیفی سەرەکی میراتی کەلتوورییە. فەرامۆشکردنی لە خوێندنگەدا واتای ئەوەیە کە نەوەی نوێ ناتوانێت پەیوەندی بەو میراتەوە دروست بکات و لە دەستی دەدات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و گۆشەگیربوونی نەوەی نوێ لە ڕابردووی خۆیاندا. بۆ زۆرێک لە نەتەوەکان، بە تایبەت ئەوانەی کە مێژوویەکی پڕ لە خەبات و قوربانییان هەیە بۆ پاراستنی بوون و مانەوەیان، زمان هێمایە بۆ بوون، سەروەری، خۆڕاگری و ناسنامەیەکی جیاواز. پاراستنی زمان واتای پاراستنی بوونی نەتەوەیی، ڕێزگرتنە لە خۆ و داننانە بە مافی ژیان و ئازادی. لێرەدا زمان هۆکاری مانەوە و زامنی بەردەوامییە. زمانی دایک هەر چۆنییەتی قسەکردنی ئێمە دیار ناکات، بەڵکو چۆنییەتی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی ئێمەش لە جیهان دیار دەکات. زۆرێک لە چەمکە کەلتوورییەکان و دەربڕینە ناوازەکان تەنها لە چوارچێوەی زمانی دایکدا مانای قوڵیان هەیە و ناتوانرێن بە تەواوی بۆ زمانێکی دیکە وەربگێڕدرێن.

### زمان و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان

زمانی دایک، زمانی ماڵ و خێزانە، زمانی خۆشەویستی و دڵدارییە، زمانی قسەکردنە لەگەڵ دایک و باوک و ماڵبات و کەسە نزیکەکان. ئەمە کاریگەریی قوڵی لەسەر گەشەی دەروونی منداڵ هەیە. قسەکردن بە زمانی دایک لەگەڵ ئەندامانی خێزان، پەیوەندییە سۆزدارییەکان بەهێز دەکات و هەستی سەر بە خێزان و ئینتیما بۆ کۆمەڵگەیەکی دیارکراو گەشە پێدەدات. ئەمەش بۆ دەروونددروستی و سەقامگیریی کەسایەتی منداڵ زۆر گرنگە. ئەو منداڵانەی کە بە زمانی دایک لەگەڵ خێزانەکانیان پەیوەندی دەکەن، هەست بە دڵنیایی زیاتر و خۆشەویستی قوڵتر دەکەن. ئەوە لەکاتێکدا کە منداڵان بە زمانی بێگانە فێردەبن و زمانی دایکیان لاواز

دەبێت، ڕەنگە تووشی دوورییەکی زمانەوانی و سۆزداری ببنەوە لەگەڵ کەسانی بەتەمەنی خێزانەکەیان، وەک نەنک و باپیر، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییە خێزانییەکان و گواستنەوەی میراتی کەلتووری دەبێت. کاتێک منداڵێک بە زمانی دایکی خۆی قسە نەزانێت یان بە باشی نەیزانێت، دابڕانێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاوتەمەن و گەورەکانی کۆمەڵگەکەیدا دروست دەبێت، چونکە ناتوانێت بەشداریی لە گفتوگۆ و بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا بکات بە شێوەیەکی سروشتی، یان تەنانەت لە نوکتە و قسە خۆشەکانی کۆمەڵگە تێبگات. ئەم دابڕانە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵەکە هەبێت. هەروەها توێژینەوەکان دەریانخستووە منداڵانێک کە لە خوێندندا  بە تایبەت لە باخچە و قۆناغی سەرەتایی پشتیان بە زمانی دایک نەبەستووە یان لەماڵەوەش بەباشی قسەی پێناکەن، ڕەنگە تووشی کێشەی دەروونی وەک هەستی نامۆیی، دابڕان، نائومێدی و کەمبوونەوەی متمانە بە خۆبوون ببنەوە. زمانی دایک سەرچاوەیەکی دڵنیایی و سەقامگیری سۆزدارییە؛ کاتێک ئەم سەرچاوەیە لاواز دەبێت، منداڵەکە هەست دەکات کە بناخەیەکی پتەوی نییە. هەروەها زۆرجار هەستێکی شڵەژان دروست دەبێت کاتێک منداڵ هەست دەکات لە نێوان دوو جیهانی زمانەوانیدا گیرساوەتەوە و بە تەواوی هی هیچ کامیان نییە.

لە ئەزموونی مامۆستایەتی خۆم دۆخێک ئەم ڕاستییەی زیاتر بۆ پشتڕاستکردمەوە، کە پشتگوێ خستنی زمانی دایک و لاوازی پەیوەندی و هاوسۆزیی چ گرفتێکی گەورە دەخولقێنێ، دایکێک منداڵەکەی لە خوێندنگەیەکی نێودەوڵەتییەوە هێنا بۆ خوێندنگەکەمان کە خوێندنگەیەکی حکومی ئاسایی بوو، هاوکات نزیک ماڵی ئەوان بوو، بۆ من جێی سەرنج بوو، دوای گفتوگۆ، دایکەکە باسی لە ئازاری ئەو دابڕان و ناهاوسۆزییە کرد کە منداڵەکەی بەهۆی ئەو خوێندنگەیە و ژینگەکەیەوە دووچاری بووە، ئەو گوتی من چیتر بەرگەی ئەو سارد و سڕییەی کوڕەکەم ناگرم، هەرچی من دەچمە پێش و سۆزی پێدەبەخشم و نازی هەڵدەگرم ئەو وەڵامی نییە یان خەمساردانە و بە تەنها وشەیەکی نا یان بەڵێ هەڵبەت ئەویش بە ئینگلیزی و بە زەردەخەنەیەکی تاڵی مردوو، کاردانەوەی دەبێت، من بەدرێژایی ڕۆژ چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەوم، کەچی کە دێتەوە بە ئاماژەی سەر سڵاوێک دەکات و بێباکانە دەچێتە ژوورەکەی خۆی! جا بۆیە گەیشتمە ئەو بڕیارەی تا زووە ئەویش و خۆشم ڕزگار بکەم.

**خەمی پاراستنی زمانی دایک لای زانایانی کورد**

پیتۆڵ و هەڵکەوتەکانی کورد لە هەر سەردەم و ڕۆژگارێکدا بووبن، هەموو هەوڵ و تەقەلایان بۆ هۆشیاریی گەلەکەیان و پاراستنی زمان و کەلتوور و ڕەسەنایەتییەکەی بووە، لەم پێناوەدا ئەوەی توانیویانە و زانیویانە لە دووتوێی هۆکارە بەردەستەکانی ئەو ڕۆژگارەیاندا پەنایان بۆ بردووە تا بانگ و هاواری خۆیانی پێبگەیەنن. هاوارێک بەنێو شادەمارەکانی ژیانی نەتەوەیەکدا شەپۆل بدات و بەدرێژایی تەمەن دەنگ و سەدای هەبێت و هەر کەبیسترا گوێ کاس بکات و دڵ ڕاچڵەکێنێ و ئاگایی بداتەوە بە هۆش و بیر. نەوەکانی هەر نەتەوەیەک ئەگەر دەستبەرداری زانست و پەیام و بانگەوازی زانا و دانا و هەڵکەوتە دڵسۆزەکانی نێو مێژووی خۆیان بن ئەوە بەرباد دەبن، بێگومان دەستبەرداربوون پچڕانی ڕەگ و ڕیشەی بەدوادا دێت و باشترین دەرفەت بۆ دوژمنانی نەتەوەکە دەڕەخسێنێ تا لە نزیکترین کاتدا تەخت و بەختیان وەرگەڕێنن و تاراجیان بکەن یان ناسنامەی تاک و شوناسیان بشێوێنن.

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی مانەوەی کورد وەک نەتەوە بەگشتی و بەتایبەتیش گەلی کورد لە باشوری کوردستان، جگە لە خەبات و بەرخودان، لە ڕێگەی زمانەکەیەوە بووە، واتە پاراستنی زمانەکەی کە بووە بە سەرچاوەی پاراستنی کەلتور و ڕەسەنایەتی و نەریت و بەها بەرز و باڵاکانی. بووە بە زامنی مانەوە و بەردەوامی. بۆیە پاراستن و خزمەتکردنی زمان یەکێکە لە ئەرکە سەرەکی و بنچینەییەکانی هەر نەتەوەیەک بە تایبەت نەتەوەی کورد کە تا ئێستا لە بوونی دەوڵەت و سەربەخۆییدا بێبەش کراوە. سەبارەت بە بایەخی زمان گوتراوە: (( ئەگەر نەتەوەیەک ژێردەستیش بێت، بەڵام توانیبێتی زمانی خۆی بپارێزێ، وەک ئەوە وایە لە گرتووخانەدا بن و کلیلی گرتووخانەیش لای خۆیان بێت. نەتەوەیەک زیندوو دەبێ کە زمانی زیندوو بێت)).

ڕێگاکانی پاراستن و گەشەی زمان زۆرن بەڵام سەرەکیترینیان بە سیستەم و سیاسەتی پەروەردەیی سپێردراوە، یان دروستتر بڵێین پەروەردە لێی بەرپرسیارە، واتە پەروەردە جگە لە پێگەیاندن و ئامادەکردنی تاک بۆ ژیان بە جۆرێک کە وەڵامگۆی داخوازییەکانی سەردەمی خۆی بێت و بە متمانەوە بەرامبەر ئاڵنگاریەکان بووەستێت، هەروەها هەموو کلیلەکانی سەرکەوتن و ژیانێکی شکۆمەندانەی بەدەستخستبێت و ئیلهامی پێشەنگی و کێبڕکێ و داهێنانی لە پرۆسە پەروەردەییە

درێژخایەنەکەیەوە وەرگرتبێت. هاوکات تایەکەی تری تەرازووی پەروەردە پاراستن و گەشەی زمان و پاراوی و بایەخپێدانی زمان دەبێت. چونکە بوون و مانەوەمان وابەستەی بوون و مانەوەی زمانەکەمانە، ئەم بایەخ و گرنگیپێدانە لە چوارچێوەی داڕشتنی پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەموو ئاستەکاندا و بە تایبەت باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتیدا ڕەنگ دەداتەوە.

ڕۆشنبیر و خوێندەواری دەستەبژێری کورد بە ئاواتی ئەو رۆژە بوون قوتابخانە بکرێتەوە و خوێندەواری پەرەبسێنێت تا ڕۆڵەکانی کوردیش خوێندەوار و چاوکراوەبن، وەک موفتی پێنجوێنی دەڵێت: (من دەزانم سێبەری مەکتەب ئەساسی ژینمە.. حورمەتی خاکی وەتەن ڕوکن و حەساری دینمە) بەڵام ئەوەتا مامۆستا و زانای پایەداری کورد مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە پێشەکییەکەی ڕشتەی مرواری لە ساڵی ١٩٥٣ گومان و ترس و خەمی خۆی لەبەرامبەر ئەو ئاواتە لە مێژینەیەی کوردان ناشارێتەوە کە هەمیشە خۆزگەیان بۆ خوێندەواری خواستووە کەچی جێی دڵخۆشی نییە چونکە خوێندنەکە بە زمانی کوردی نییە! لێرە ئاماژە بە دەقی نووسینەکەی مامۆستا سەجادی دەکەم کە پێویستبوو خوێندەواری کورد، پسپۆڕانی زمان، سیاسی و دەسەڵاتداران و داڕێژەرانی سیاسەتی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان ئەم دەقەیان وەک ناوی خۆیان لەبەر بکردایە و تەمەنیان بۆ هێنانەدی تەرخان بکردایە و بکرایە بە ستراتیژ و دەسپێک و کاری لەپێشینە.

((ناتوانی قەومێک ناو بنێی بە قەوم تا زمانی نەبێ، بۆیە بە ئینگلیز وەیا جەرمەن وەیا عەرەب ئەوترێ ئینگلیز، جەرمەن، عەرەب، چونکە زمانیان هەیە، کە زمان نەبوو قەومییەت نییە، کوردیش بۆیە تا ئێستا ماوەتەوە، چونکە زمانی هەبووە، ئەگەر زمانەکەی نەبێ، مەفهوومی کورد لە فەرهەنگا نامێنێ. لە سەرەتای ئەم سەدەی بیستەمەوە، وردە وردە خوێندەواری لە ناو ڕەمەکی کورددا پەرەی سەندووە و ئەستێنێ. ئینکار ناکرێ خوێندەواری چرای ژیانە، بەڵام لە لایەکی ترەوە، من هەست بە زیانێکی گەورە ئەکەم لەم ڕووەوە؛ هەست بەوە ئەکەم چونکە خوێندەوارییەکە بە زمانی کورد نییە، هەتا سەدەی بیستەم بەسەر ئەچێ و قەومی کوردیش نەمێنێ. بۆیە ئەڵێم نەمێنێ، چونکە منداڵەکە لە خوێندنگەی غەیری کوردی لەباتی وشەیەکی کوردی فێر بێ، وشەیەکی غەیری کوردی فێر ئەبێ. ئەو وشەیە دێنێتەوە ماڵەوە و قسەی پێ ئەکا، برا بچکۆلەکە و خوشکە نەشمیلەکەی لێوە فێر ئەبن، باوکی منداڵەش

ئەڵێ: کۆرپەلەم فێری زمانی نان پەیداکردن بووە، ئەویش وەری ئەگرێ، دایکیشی ئەڵێ: لە دەورت گەڕێم چەند قسەکانت جوانە؟! ئەویش فێری ئەبێ! بەرە بەرە زمانی خوێندنگەی غەیری کوردی منداڵەکە، شوێن هەوارێکی خۆش بۆ خۆی لە ماڵی باوکی منداڵەدا دروست ئەکا و زمانی مادەرزادی کوردییەکەی لە ژێریا دەست ئەکا بە نقەنق! کە پشتێک بەم جۆرە ڕۆیشت، پشتی دووەم و سێهەم ئەڵێن: باب و باپیری ئێمە بە ڕەحمەت بن - بە زمانێک قسەیان ئەکرد کە پێیان ئەوت زمانی کوردی! ئەوانەی هەست بە قەومییەتی کوردی ئەکەن و هەست بەوە ئەکەن کە «بڤە»یەکی گەورە ئابلۆقەی زمانەکەیانی داوە، ئەگەر تەنها ئەم قسەیە بخوێننەوە ئەکەونە سەر ئەو باوەڕەی کە زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی زمانی کوردی لەسەر قاقەز، چ کارێکی گەورە ئەکاتە سەر مانەوەی قەومییەتی نەتەوەی کورد.))

بۆ خستنەڕووی دۆخی زمانی کوردی دوای حەفتا ساڵ لەم نووسینەی مامۆستا سەجادی کە سی ساڵیان لەنێو حوکمڕانی خۆماڵیدایە؛ ئاماژە بە وتەی پسپۆڕ و مامۆستایەکی زانکۆ( مزەفەر مستەفا) دەکەین، مامۆستای بەشی کوردییە لە فاکەڵتی پەروەردەی زانکۆی سۆران بۆ ڕۆژنیوز وتوویەتی : ((لە بناغەوە مەترسی لەسەر زمانیی کوردی هەیە، لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەوە بایەخ بە زمان و نوسینی کوردی نادرێت، لە زانکۆکانیش زمانی کوردی بێ بایەخ بووە، بەجۆرێک زانکۆکان پڕن لە مامۆستای عەرەب و ئینگلیز کە مامۆستای عەرەب هەیە دە ساڵە لە زانکۆی سۆران دەوام دەکات، بەڵام خۆی فێری زمانی کوردی نەکردووە. لەڕووی پەروەردەییەوە زمانی کوردی وێران بووە، بەجۆرێک ئێستا لە پرۆسەی خوێندن لە قوتابخانەکان نوسین و خوێندنەوە نەماوە، کاتێکیش خوێندکاران دێنە زانکۆ کەس نازانێت چۆن گەیشتوون بەم ئاستە، چونکە نە ڕێنوسیان تەواوە نە خوێندنەوە و خاڵبەندیان هەیە، هەروەک دەڵێت زمانی کوردی نە کیانی هەبووە نە کتێبێکی ئاسمانی کە خزمەتی بکات، بە پێچەوانەوە زمانی عەرەبی بەهۆی بوونی قورئانی پیرۆزەوە خزمەتێکی زۆری کراوە، بەڵام زمانی کوردی وەک پێکهاتەی نەتەوەیی و خاکەکەشی پارچەپارچە کراوە و تووشی ئاستەنگ و دابڕان بووە))

لێرەوە جارێکی تر هاواری دڵسۆزان دەدەینەوە بە گوێچکەی خەمخۆرانی زمانی کوردی و بەرپرسان و کاربەدەستانی وڵات؛ دۆخی زمانەکەمان لە بارێکی سەخت و دژواری بێ پێشینەدایە. پێویستە هەرچی زووە دەست و برد بکرێت و هەنگاوی

کرداری بۆ پاراستن و بەهێزکردنی بگرینەبەر، پشتگوێ خستنی زمان پشتگوێخستنی نەتەوە و ئامانجە باڵاکانییەتی کە لە پێناویاندا دەریایەک لە خوێنی بەخشیوە. ئیدی پێویستە خەمی خەمخۆرانمان خەوی شیرینمان لێبزڕێنێ. د. نەجمەدین جەباری لە زانکۆی کوردستان- سنە دەڵێت: (چاوگ لە زماندا کارگەی دروستکردنی وشەیە،زمانی کوردی خاوەنی زیاتر لە ٢٥٠٠ چاوگە، ئەمە لە کاتێکدا زمانێکی وەک زمانی فارسی خاوەنی نزیکەی ٢٢٠چاوگە!) هەر بەڕاستی پێویستە لەسەرمان خزمەتی ئەم زمانە دەوڵەمەندەمان بکەین و لە لاوازی و فەوتان بیپارێزین چونکە مەرگی ئەو مەرگی ئێمەیە.

**ڕۆڵی خوێندنگە، لە پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایک**

خوێندنگە، وەک دووەم دامەزراوەی پەروەردەیی فەرمی دوای خێزان، ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی هەیە لە پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایکدا. خوێندنگە دەتوانێ لە ڕێگەی پڕۆگرامی خوێندنی گونجاو، ژینگەیەکی فێربوونی دەوڵەمەند و سیاسەتێکی زمانەوانی تۆکمەدا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت بەم جۆرە:

**یەکەم: پڕۆگرامی خوێندن**

پێویستە پڕۆگرامی خوێندن دەوڵەمەند بێت بە بابەتەکانی زمان، ئەدەب، مێژوو، جوگرافیا، فەلسەفە، هونەر و کەلتووری نەتەوەیی. ئەم پڕۆگرامە دەبێت بە شێوەیەکی زانستی، هاوچەرخ و گشتگیر داڕێژرێت، بە جۆرێک کە ڕەچاوی گەشەی هەر چوار تواناکەی زمان (خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن ، گوێگرتن) بکات. دەبێت دووربێت لە ئاڵۆزی و بەردەوام نوێ بکرێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پێشکەوتنە زانستی و پەروەردەییەکاندا بگونجێت و وەڵامگۆی داخوازییەکانی سەردەم بێت. گرنگە هەمەچەشن بن و ڕێگە بە منداڵ بدەن لە ڕێگەی خوێندنەوە، نووسین، گفتوگۆ، لێکۆڵینەوە، پڕۆژەی زانستی و چالاکییە جیاوازەکانەوە، توانستی زمانەوانی خۆیان بەهێز بکەن. ئەمەش واتای ئەوەیە کە تەنها وانەی زمان و ئەدەب نابێت بە زمانی دایک بێت، بەڵکو زانست، بیرکاری، کۆمەڵایەتی و بابەتەکانی دیکەش. هەر لەم سۆنگەوە ئاماژە بە ڕا و بۆچوونی پڕۆفیسۆری کورد (کۆچەر بیرکار) دەکەین کە لە چەند چاوپێکەوتنێکدا ئەوەی دووپات کردەوە کە پێویستە بنەڕەتی بابەتی زانست و بیرکاری  بە زمانی دایک بخوێندرێت، بۆ ئەوەی قوتابییان توانای بیرکردنەوە

و تێگەیشتنی قوڵیان هەبێت، دواتر لە قۆناغەکانی باڵاتردا دەتوانرێت زمانی بیانی فێر ببن بۆ گەیشتن بە زانست و توێژینەوە و داهێنان. هاوکات ئەم بۆچوونە لە هەرێمی کوردستان کرایە بنەما بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری بە ئینگلیزی کردنی وانەکانی بیرکاری و زانست لە قۆناغی سەرەتایی. لە کاتی پەیڕەوکردنی خوێندنی وانەکانی زانست و بیرکاری بە ئینگلیزی چەند حاڵەتی نامۆ بەدیکران کە ئاماژەبوون بۆ لاوازبوونی زمانی دایک! وەک یەکێک لە مامۆستایانی ئەلف و بێیی کوردی لە بازنەی یەکەم دەگێڕێتەوە کە چووەتە پۆل و پێش ئەو وانەی بیرکاریان هەبووەو مامۆستا دوای نووسینی ناونیشانەی وانەکە پرسیویەتی ئەمڕۆ چەند شەممەیە تا لە گۆشەیەکی تەختەڕەشەکەدا بینوسێ تێکڕا گوتویانە فۆڕشەممە! وەڵامێکی ڕاست بەڵام بزمارێکی کوشندە لە ڕۆحی زمانی دایک! پێویستە کتێبەکانی خوێندن کوالیتیان بەرزبێت، سەرنجڕاکێش و خاوەن دیزاینێکی مۆدێرن و بەرزبن، کە وێنە و ناوەڕۆکی پەیوەست بە کەلتووری کۆمەڵگەی کوردی تێدابێت، ئەم کتێبانە دەبێت دووربن لە بیرۆکەی دووبارە و کۆن و چوارچێوەی باو تێبپەڕێنن، داهێنەرانە بن لە پێشکەشکردنی زانیارییەکاندا.

**دووەم: مامۆستا**

ئامادەکردنی مامۆستای لێهاتوو، کە شارەزایی تەواوی لە زمانی دایکدا هەیە (لە ڕووی ڕێزمان، وشەسازی، ئەدەب و میتۆدەکانی وانەوتنەوە) و لەسەر نوێترین میتۆدەکانی وانەوتنەوە ڕاهێنراون، زۆر گرنگە. مامۆستاکان دەبێت خۆشەویستی و شانازی بە زمانی دایکەوە بۆ قوتابییان بگوازنەوە و ببنە پێشەنگ بۆیان، ئەو شارەزاییەی زمان جگە لە دەربڕین و ئاخاوتن بابەتی ئەدەب و ڕێنووس و خاڵبەندیش بگرێتەوە. پێویستە لە ڕێی مامۆستاکانەوە خوێندنگە ژینگەیەکی زمانەوانی دەوڵەمەند بۆ قوتابییان دەستەبەر بکات، کە تێیدا هەلی قسەکردن و خوێندنەوە و نووسین بە زمانی دایک زۆر و زۆرتر بێت، نەک تەنها لە کاتی وانەکاندا، بەڵکو لە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلیشدا وەک: گفتوگۆ، گرووپکاری و یارییەکان. هاوکات سود لە تەکنەلۆژیا وەربگیرێت لە ڕێگەی پەرەپێدانی بەرنامەی خوێندن و یاری پەروەردەیی ئەلیکترۆنی، ئەپڵیکەیشنی فێربوونی زمان، ماڵپەڕی پەروەردەیی و سەرچاوەی دەنگی و بینراو بە زمانی دایک، بۆ ئەوەی فێربوون سەرنجڕاکێشتر بێت بۆ منداڵان و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمدا بێت. ئەمە دەتوانێت فێربوون بکاتە پرۆسەیەکی چێژبەخش

و کارا و کاریگەر، لە کاتێکدا پەیڕەوکردنی شێوازی هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەکاندا لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی نەرێنی و ناحەزی گێڕاوە لە لاوازی زمانی دایک و جۆرێکی تایبەت و سەرسوڕهێنەری لە نەخوێندەواری هێناوەتە ئاراوە، بووە بە تونێلێکی لاوەکی بۆ پەڕینەوەی قوتابییان بۆ قۆناغەکانی دواتر لە کاتێکدا لە خوێندنەوە و نووسین و ڕێنووس و خاڵبەندی لاواز یان دەستەوستانن.

**سێیەم: خێزان و کۆمەڵگە**

خوێندنگە دەبێت سیاسەتێکی زمانەوانی ڕوونی هەبێت کە پشتیوانی لە بەکارهێنانی زمانی دایک بکات لە هەموو بوارەکاندا، لە پڕۆگرامی خوێندن، نامەنووسین، گفتوگۆی کارگێڕی و قوتابییان هانبدات کە بە شانازییەوە بە زمانی دایکیان بدوێن و بنووسن. هاوکات هانی دایک و باوکانیش بدات و گەشە بە پەیوەندی نێوان خوێندنگە و خێزان بدات. خوێندنگە دەتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت لە هاندانی دایک و باوکان بۆ قسەکردن بە زمانی دایک لەماڵەوە و خوێندنەوەی کتێب بە منداڵەکانیان بەم زمانە، لە ڕێگەی سیمینار، وۆرک شۆپ و دابینکردنی سەرچاوەی خوێندنەوە بۆ ماڵەوە و کاتی ئامادەبوونیشیان لە خوێندنگە لە ڕێگەی کتێبخانەی خوێندنگەکانەوە. پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان خوێندنگە و خێزاندا زۆر گرنگە بۆ پشتیوانیکردنی یەکتر. خوێندنگە دەبێت لەگەڵ کۆمەڵگەدا کار بکات لە ڕێگەی خێزانەوە بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی گشتی کە پشتیوانی لە زمانی دایک بکات، نەک وەک ئەوەی ئێستا لە وڵاتی خۆمان دەگوزەرێ خوێندنگەش شوێن داخوازییەکانی دایباب کەوتووە لە بابەتی زیاد لە پێویست بایەخدان بە نمرە لەسەر حسابی ئاست و توانادا و هاوکات بایەخدانی زیاد لە پێویست بە زمانی ئینگلیزی ئەویش لەسەر حسابی زمانی دایک!

پێویستە خوێندنگە لە ڕێگەی چەندین چالاکییەوە کار بۆ پشتیوانی و بایەخدان بە زمانی دایک بکات، وەک ڕێکخستنی فیستیڤاڵی خوێندنەوە و نووسین، پێشانگای کتێب، پێشبڕکێ و چالاکییە کەلتوورییەکان و بۆنە نەتەوەییەکان کە زمانی دایک تێیدا ئامادەیی هەبێت. بێگومان دەبێت خوێندنگە ڕۆڵی هەبێت لە هاندانی دامودەزگا حکومی و ناحکومییەکانی بۆ بەکارهێنانی ڕاست و دروستی زمانی دایک لە تابلۆ، ڕیکلام، نووسراوی فەرمی و ناوەکانیان.

**ئەرکی خوێندنگە لەبەرامبەر پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایک**

**یەکەم:** ڕێکخستنی چالاکییە کەلتووری و زمانەوانییەکان لە خوێندنگەدا وەک

شانۆ، گۆرانی، پێشبڕکێی خوێندنەوە و نووسین، فێستیڤاڵی شیعری ، کولتووریی، بە زمانی دایک. دەبێت ژینگەی خوێندنگە ژینگەیەکی هاندەر بێت بۆ قسەکردن بە زمانی دایک و شانازیکردن پێیەوە.

**دووەم:** خوێندنگە دەتوانێت ڕۆڵی پێشەنگ بگێڕێت لە هاندانی دایک و باوکان بۆ قسەکردن بە زمانی دایک لە ماڵەوە و خوێندنەوەی کتێب بە منداڵەکانیان بەم زمانە، لە ڕێگەی سیمینار، ۆرک شۆپ و دابینکردنی سەرچاوەی خوێندنەوە بۆ ماڵەوە. پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان خوێندنگە و خێزاندا زۆر گرنگە بۆ پشتیوانیکردنی یەکتر و دروستکردنی هاوپەیمانییەک لەسەر ئەم پرسە کە ناکرێت خوێندنگە تیایدا دەستبەرداری ڕۆڵی پێشەنگیی خۆی بێت و ببێت بە شوێنکەوتە.

**سێیەم:** سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و میدیا، پەرەپێدانی بەرنامەی خوێندن و یاری پەروەردەیی ئەلیکترۆنی، ئەپڵیکەیشنی فێربوونی زمان، ماڵپەڕی پەروەردەیی و سەرچاوەی دەنگی و بینراو بە زمانی دایک. هاندانی دروستکردنی کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی تایبەت بە منداڵان بە زمانی دایک و بەرهەمهێنانی فیلمی کارتۆنی و پرۆگرامی پەروەردەیی و زانستی بە زمانی دایک. میدیا دەبێت ڕۆڵێکی چالاک بگێڕێت لە پەرەپێدانی زمانی دایک و ڕێزگرتن لە یاساکانی نووسین و ڕێزمان و پرۆگرامی تایبەت بە گرنگی زمانی دایک پێشکەش بکات. ناکرێ ڕۆڵی بەشێک لە دۆبلاژی فیلم کارتۆنەکانی کۆتایی نەوەتەکان و سەرەتای دووهەزارەکان نادیدە بگرین لەسەر گەشەدان بە زمانی دایک هەڵبەت لەگەڵ تێبینی لەسەر بەشێک لەو بەرهەمانەی کە نازانستیانە دۆبلاژ دەکران.

**چوارەم:** پێویستە خوێندنگە لەگەڵ دامودەزگا حکومی و ناحکومییەکانی تردا کار بکات بۆ بەکارهێنانی ڕاست و دروستی زمانی دایک لە تابلۆ، ڕیکلام، نووسراوی فەرمی و ناوەکانیان. هەروەها، هاندانی نووسەران، شاعیران و هونەرمەندان بۆ بەرهەمهێنانی کاری جوان و بەسوود بە زمانی دایک هەروەها زەمینە بسازێنێ بۆ دۆزینەوە و گەشەپێدانی بەهرەی ئەدەبی قوتابییان وەک بوارەکانی شیعر و نووسین و وتاربێژی..هتد .

**پێنجەم:** لە خوێندنگە زۆرترین هەل بڕەخسێنرێ بۆ گفتوگۆکردن تا منداڵەکان زۆرترین قسە بکەن ئەگەرچی تا ئێستاش هەر مامۆستا زۆرترین قسە دەکات.

**شەشەم:** بەهۆی پەیڕەوکردنی شێوازی مامۆستای قسەکەر، منداڵی ئێمە بە

زۆرداری ناچار بە زۆرترین گوێگرتن دەبێت، بەجۆرێک لە گەورەبوونیدا وەک کاردانەوە سەلیقەی گوێگرتنی لاواز دەبێت یان هەر لەدەستدەدات و ئیدی کە پێویستە گوێ بگرێ گوێ ناگرێ ... گوێ لە باوکی لە خێزانی لە منداڵەکەی... هتد.

**حەوتەم:** خوێندنگە کار بکات بۆ دروستکردنی بڕیاری پۆشینی جلی کوردی کە بە شێوەیەکی گونجاو دیزاین بکرێت، چونکە هەر ئەم هەنگاوە وا دەکات هەستی شانازی بۆ منداڵەکانمان بگێڕێتەوە و دیمەنەکان یارمەتیدەردەبن بۆ بیرکردنەوە لە گفتوگۆ و ئاخاوتن بە زمانی ڕەسەن و پاراوی کوردی.

**هەشتەم:** خوێندنگە هەوڵ بدات بۆ بوونی بڵاوکراوەی تایبەت بەخۆی تا ببێتە هاندەر بۆ بایەخدانی قوتابییان بە نووسین و لە ڕێگەی بابەتەکانیانەوە بەشداری بکەن. نووسەری بەهرەمەند (ئارام سدیق) لە ژمارە٥٧ی گۆڤاری ژیار لە بابەتێکدا بەناوی (ڕانانێکی کورت بۆ کتێبی «پەروەردە و ئاڵنگاری»ی ڕزگار خدر) لە باسی مامۆستا ڕزگاردا دەڵێ: (یەکێکی دیکە لەو خاڵانە کە لێرەشدا ئاماژەی بۆ کردووە بایەخدانە بە توانای نووسین لە ناوەندەکانی خوێندندا. من یەکێکم لەو فێرخوازانەی کە شایەتی بۆ ئەم مامۆستایە دەدەم کە نزیکەی ٢٥ ساڵ لەمەوبەر لە ئامادەیی ئەحمەدی خانی لە شاری سلێمانی هەوڵی لەگەڵ زۆرێک لە فێرخوازەکاندا کە توانای نووسینیان هەبوو و من یەکێک بووم لەو کەسانە، کە بە هەوڵی ئەم مامۆستایە یەکەم نووسینەکانم لە گۆڤارێکی تایبەتی خوێندنگەکەماندا بەناوی «خانی» بڵاوکردەوە. ئەم خاڵە یەکێکە لە خاڵە جەوهەرییە فەرامۆشکراوەکانی نێو سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان. هەموو ئەوانەی لەو بڵاوکراوەی نزیکەی ٢٥ ساڵ لەمەوبەر نووسییان ئێستا زۆربەیان نووسەر و میدیاکارن، کە دەتوانم بڵێم دەرخستن و بایەخپێدانی ئەو توانایانە لەلایەن ئەم پەروەردەکارە ڕاستەقینەیەوە جێگەی خۆی گرت).

### زیانەکانی پشتگوێخستنی زمانی دایک

بەداخەوە، لە وڵاتی خۆمان بە مەبەست یان بێ مەبەست گرنگی جەوهەریی و پێویست بە زمانی دایک نادرێت یان لە ئاستی پێویست نییە، بەتایبەت ئەو باخچە و قوتابخانانەی کە بە شێوەیەکی سەرەکی یان تەواو بە زمانە بێگانەکان وانە دەڵێنەوە و زمانی دایک فەرامۆش دەکەن. ئەم دیاردەیە کاریگەرییەکی نەرێنی قووڵ و هەمەلایەنەی لەسەر تاک، خێزان و کۆمەڵگە دروست دەکات، کە دەکرێت بەم خاڵانە شیبکرێنەوە:

**یەکەم: دابڕانی کەلتووری**

منداڵان لە ناسنامەی ڕەسەنی خۆیان دوور دەکەونەوە و هەست بە نامۆیی دەکەن بەرامبەر بە مێژوو، کەلتوور، ئەدەب، هونەر و بەها نەتەوەییەکانیان. کاتێک منداڵ بە زمانی کەسانی دیکە بیر دەکاتەوە و دەدوێت، بەشێک لە ڕووبەری بیرکردنەوەی خۆی دەگوازێتەوە بۆ چوارچێوەی کەلتووری ئەو زمانە، کە ئەمەش ناسنامەی خۆی کاڵ دەکاتەوە و دەبێتە هۆی دروستبوونی قەیرانی ناسنامە، زمانی دایک، ئەرشیفی سەرەکی میراتی کەلتووری و مێژوویی نەتەوەیەکە. فەرامۆشکردنی لە خوێندنگەدا واتای ئەوەیە کە نەوەی نوێ ناتوانێت پەیوەندی بەو میراتەوە دروست بکات و لەدەستی دەدات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و گۆشەگیربوونی نەوەی نوێ لە ڕابردووی خۆیان و نەزانینی قوڵی مێژووی خۆیان، بەمەش هەستی نزمبوونەوە و دۆڕان دێتەئاراوە، کاتێک زمانی دایک بە زمانی پلە دوو دادەنرێت لە سیستەمی پەروەردەییدا، یان بە تەواوی فەرامۆش دەکرێت، منداڵان هەست دەکەن کە زمانەکەیان و بە دوایدا ناسنامەکەیان کەمترە لە زمانی بێگانە، کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر متمانە بەخۆبوونیان دەبێت و هەستی خۆ بەدۆڕاوبینین و خۆ بەکەمبینینیان لا دروست دەکات.

**دووەم: لاوازبوونی گەشەی فیکری و توانای داهێنان**

سەرەڕای فێربوونی زمانی بیانی، گەشەی هزری منداڵ لە قوڵی و فراوانییەکەیدا سنووردار دەبێت، چونکە بناغەی تێگەیشتنی چەمکە ئاڵۆزەکان بە زمانی دایک لاواز دەبێت. کاتێک منداڵ ناچار دەکرێت بە زمانی بێگانە فێر بێت، وزەیەکی زۆری مێشکی تەرخان دەکات بۆ پرۆسێسکردنی زمانەکە، نەک بۆ ناوەڕۆکە زانستییەکە. ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی توانای شیکردنەوەی قوڵ و دروستکردنی پەیوەندیی نێوان چەمکەکان، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی سنووردارکردنی بیرکردنەوە و پرۆسێسکردنی زانیاری. هەروەها توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و داهێنان کەم دەکاتەوە، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان توانای دەربڕین بە زمانی دایک و گەشەی ئەم توانایانەدا هەیە. زمانی دایک ئازادییەکی زیاتر دەبەخشێت بۆ بیرکردنەوەی قوڵ، ناوازە و ڕاستەقینە. هاوکات لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئەو منداڵانەی کە لە سەرەتای ژیانیانەوە بە زمانی بێگانە فێردەکرێن، لەوانەیە سستتر فێر ببن لە چاو ئەو منداڵانەی کە بە زمانی دایکیان فێر دەبن، چونکە هەڕەشەی

دوو زمان و ڕێزمان بەشێوەیەکی نادروست کاریگەریی لەسەر گەشەی دەروونیان دادەنێت و دەستکەوتی ئەکادیمییان لاوازتر دەبێت، بە تایبەت لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا.

**سێیەم: تێکچوونی پەیوەندییەکان**

دابڕانێکی سۆزداری لەگەڵ خێزان و بەتەمەنەکانی کۆمەڵگەدا دروست دەبێت، ئەم دابڕان و تێکچونەی پەیوەندییەکان هەر یەک لە تێکچوونی پەیوەندییە (سۆزداری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و دەروونییەکان) دەگرێتەوە، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی پەیوەندییەکی زمانەوانیی بەهێز لە نێوانیاندا نامێنێت. کەواتە کاریگەریی لەسەر دروستکردنی کەسایەتییەکی تەواو و هاوسەنگ دەبێت، هەستی سەر بە خێزان و کۆمەڵگە لاواز دەکات. منداڵ هەست بە نامۆیی دەکات لەناو خێزانەکەی خۆیدا ئەمەش سەردەکێشێت بۆ تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆشەگیری، ناتوانێت بەشداریی لە گفتوگۆ و بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا بکات بە شێوەیەکی سروشتی و هاوسۆزبێت، یان تەنانەت لە نوکتە و قسە خۆشەکانی کۆمەڵگە تێبگات. ئەم دابڕانە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵەکە هەبێت و دوچاری گۆشەگیری بکات یان کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەروونوندروستی و متمانە بە خۆبوونی دروست بکات، وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، فەرامۆشکردنی زمانی دایک دەتوانێت ببێتە هۆی هەستی نامۆیی، دابڕان، نائومێدی و کەمبوونەوەی متمانە بە خۆبوون. منداڵ هەست دەکات کە بناغەیەکی پتەوی نییە. هەروەها، زۆرجار هەستێکی شڵەژان دروست دەبێت کاتێک منداڵ هەست دەکات لە نێوان دوو جیهانی زمانەوانیدا گیرساوەتەوە و بە تەواوی هی هیچ کامیان نییە.

**چوارەم: مەترسی لەسەر زمان**

فەرامۆشکردنی زمانی دایک لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا و درێژەدان بە وەها سیاسەتێک دەبێتە هۆی لاوازبوونی زمانەکە و لە کۆتاییشدا لەناوچوونی ئەو زمانە، بەواتایەکی تر لەدەستدانی گەنجینەیەکی گەورەی نەتەوەیی، کەلتووری و فیکری دێت. لەناوچوونی زمان بە واتای لەناوچوونی بەشێکی گەورەی ناسنامە دێت و نەتەوەکە ڕووبەڕووی مەترسی لەناوچوونی زمان و ناسنامە دەبێت، هەروەها کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی دروستدەکات چونکە زمانی دایک یەکێکە لە گرنگترین توخمەکانی یەکڕیزی نەتەوەیی و بنیاتنانی گەل.

لاوازبوونی یان لەناوچوونی زمانی دایک دەتوانێت ببێتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگە، کاڵبوونەوەی هەستی نەتەوەیی و لە کۆتاییدا جگە لە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، کۆمەڵگە تووشی بێسەروبەری زمانەوانی دەکات، لە کاتێکدا زۆرێک لە زانیاریی و تەکنیکە خۆماڵییەکان، زانستە سروشتییەکان و بە تایبەت ئەزموونە مێژووییەکان لە دوتوێی زمانی دایکدا پارێزراون. لەناوچوونی زمان بە واتای لەدەستدانی ئەم سەرچاوانەش دێت و کۆمەڵگەکە بێبەش دەکات لەوەی بە زمانی خۆی گەشە بە زانست و تەکنەلۆژیا بدات.

**زیانی خوێندنگە ناحکومییە ئینگلیزییەکان لەسەر زمانی کوردی**

لە هەرێمی کوردستاندا، لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، دیاردەی بڵاوبوونەوەی خوێندنگەی ناحکومی و بەتایبەت خوێندنگە ناحکومییە ئینگلیزییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە، بەجۆرێک ئێستا خوێندنگەی ناحکومی کوردی بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن بە تایبەت قۆناغی بنەڕەتی و هاوکات باخچەی منداڵان. ئەم قوتابخانانە، کە زۆربەیان لە باخچەی منداڵانەوە تا ئامادەیی بە زمانی ئینگلیزی وانە دەڵێنەوە و پرۆگرامی خوێندنی بیانی پەیڕەو دەکەن، بوونەتە جێگەی سەرنجی چینی دەوڵەمەند و ئەو خێزانانەی کە خەونی ناردنی منداڵەکانیان بۆ دەرەوەی وڵات یان بەدەستهێنانی هەلی کار لە کەرتی تایبەت دەبینن. لە کاتێکدا فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەک زمانی دووەم یان سێیەم گرنگە، بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەم قوتابخانانە و فەرامۆشکردنی زمانی دایک کاریگەرییەکی نەرێنی قوڵی لەسەر کۆمەڵگەکەمان دروست کردووە. گرفتەکە بوونی خوێندنگەی حکومی و ناحکومی ئینگلیزی نییە وەک ئەوەی کێشەکە لە زیادبوونی نائاسایی ئەو قوتابخانانە لەسەر حسابی خوێندنگەی حکومی **بەزمانی** کوردی و هاوکات لەسەر حسابی خودی زمانی کوردییە!

**یەکەم: کاریگەریی نەرێنی**

قوتابییانی ئەم قوتابخانانە لە قۆناغی سەرەتایی ژیانیانەوە تێکەڵ بە ژینگەیەکی زمانەوانی بیانی دەکرێن، کە دەبێتە هۆی لاوازبوونی بنەماکانی زمانی کوردییان. زۆرجار ئەم قوتابییانە توانای قسەکردن، خوێندنەوە و نووسینیان بە زمانی کوردی زۆر سستە و لە ئاستی پێویستدا نییە، ئەمە بەجۆرێک بووە بە واقع کە وەزارەتی پەروەردەی ناچار بە بڕیارێک کردووە کە پێویستە ساڵانە ئەو قوتابخانانە لە

بازنەی دووەم و سێیەمدا تاقیکردنەوەی زمانی کوردی بکەن بۆ دڵنیایی وەزارەت لە بایەخدانیان بە زمانی دایک و زانینی ئاستی زمانی کوردی قوتابییان. پرۆگرامی خوێندنی ئەم قوتابخانانە زۆرجار پڕۆگرامگەلی بیانیین کە پڕن لە چەمک و بەهای کەلتووری جیاواز لە کەلتووری کوردی. ئەمە وا دەکات قوتابییان هەست بە دابڕانێک بکەن لە کەلتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان و زیاتر پەیوەست بن بە کەلتووری ڕۆژئاوا. ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی قەیرانی ناسنامە، منداڵان لە نێوان دوو کەلتوور و دوو زماندا گەورە دەبن، ئەمەش وادەکات ببێتە هۆی دروستبوونی ئاڵۆزی و قەیرانی ناسنامە، ناتوانن بە تەواوی هەست بکەن سەر بە هیچ کام لەو دوو جیهانە و هەستێکی نامۆییان لا دروست دەبێت.

**دووەم: کاریگەری لەسەر گەشەی هزری و پەروەردەیی**

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە فێربوون بە زمانی دووەم لە تەمەنێکی زۆر بچووکەوە، دەتوانێت بارگرانییەکی گەورە بخاتە سەر مێشکی منداڵ، چونکە بەشێکی زۆری وزەی مێشکی بۆ پڕۆسێسکردنی زمانەکە تەرخان دەکرێت نەک بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆک ئەوەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی توانای بیرکردنەوەی قوڵ، وەک پێشوتر ئاماژەمان پێکرد، زمانی دایک بناغەی بیرکردنەوەی قوڵ و ڕەخنەییە. کاتێک ئەم بناغەیە لاواز دەبێت، توانای شیکردنەوە، داهێنان و چارەسەرکردنی کێشە لە منداڵدا کەم دەبێتەوە، ئەم کەمبوونەوەیەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەستکەوتی ئەکادیمی، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم قوتابییانە لە زمانی ئینگلیزیدا باش دەبن، بەڵام لەوانەیە لە تێگەیشتنی چەمکە قوڵەکانی بیرکاری، زانست و بابەتەکانی دیکەدا کێشەیان هەبێت، چونکە بناغەی تێگەیشتنیان بە زمانی دایک لاواز بووە. لە ئەزموونی کارکردنی خۆم وەک بەڕێوەبەری کەناڵێکی پەروەردەیی کە وانەکانی پڕۆگرامی خوێندن تۆمار دەکەین لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا ئەوەمان بەدیکردووە نەک قوتابی بەڵکو ئەو مامۆستا کوردانەی کە بە زمانی ئینگلیزی وانە تۆمار دەکەن لە ژێر فشارێکی زیاتردان و خۆیان باس لەوەدەکەن هاوکات لەگەڵ دڵنیابوون لە دروستی زانیارییەکان سەرنجی زۆرمان لای دروست دەربڕین و گۆکردنی وشەکانە نەوەک دووچاری هەڵەببین ئەوەش وادەکات فشاری زۆرترمان بکەوێتەسەر زیاتر و زیاتر دوودڵ بین. بۆیە زۆر جار وانەکان بۆ چەند جارێک دوبارە دەکرێنەوە هەڵبەت ئەوەش لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە.

### سێیەم: کاریگەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری

بڵاوبوونەوەی خوێندنگە ئینگلیزییەکان و تێچووی زۆریان، دەبێتە هۆی دروستکردنی جۆرێک لە چینایەتی، چینێک کە خواپێداون و توانای خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزی هەیە و چینێکی دیکە کە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەتن تەنها دەتوانن بە زمانی کوردی بخوێنن. ئەمە دەبێتە هۆی زیاترکردنی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دابڕانی کۆمەڵایەتی، قوتابییانی ئەم قوتابخانانە زۆرجار لەناو چینێکی دیاریکراودا دەژین و لەگەڵ هاوڕێ و خێزانەکانیاندا بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، کە ئەمەش دابڕانێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ زۆربەی کۆمەڵگەدا دروست دەکات و کاریگەریی لەسەر کەرتی پەروەردەی حکومی جێدەهێڵێت و دەبێتە هۆی لاوازکردنی، چونکە زۆرجار سەرچاوە مرۆیی و ماددییە باشەکان بەرەو خوێندنگە تایبەتەکان دەڕۆن ئەوە جگە لە دروستکردن و گەشەدان بە هەستی خۆبەکەمزانینی ئاخێوەران بە زمانی دایک. بێگومان لە داهاتوشدا لە میانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان کێشەی هاوسۆزیی دروست دەبێت و ئاخێوەری زمانی کوردی بە دەربڕینی هەست و سۆزی کەسی بەرامبەر کە ناتوانێت بە باشی زمانی کوردی بەکاربێنێت بڕی ناشکێت و لە خۆشی و ناخۆشیدا دڵنەوایی نابێت هاوکات ئەمەش درزێکی تر دەخاتە نێو یەکڕیزییەوە.

### پێشنیارەکان بۆ چارەسەرکردن

١- **بەهێزکردنی خوێندنگە حکومییەکان:** پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی زیاتر تەرخان بکات بۆ بەهێزکردنی خوێندنگە حکومییەکان لە ڕووی پرۆگرامی خوێندن، ڕاهێنانی مامۆستایان و دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاوی خوێندن، هەروەها بایەخدانی تایبەت و زیاتربە زمان و ئەدەبی کوردی، نەک وەک ئەو هەنگاوەی لەسالانی ڕابردوو نرا بۆ هەژمارنەکردنی نمرەی بابەتی زمانی کوردی کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا کاریگەری زۆر نەرێنی دروستکرد لەسەر پشتگوێخستن و گرنگینەدان بە زمان و ئەدەبی کوردی ئەوە لە کاتێکدابوو کە چارەنووس و بایەخی هەموو بابەتەکان بەسترابوونەوە بە نمرە! بەڵام قوتابی سەرپشک کرابوو لە هەژمارکردنی نمرەی زمانی کوردی. خۆشبەختانە لەم ساڵی نوێی خوێندنەوە

ئەم بڕیارە کاری پێناکرێت و هەژمارکردنی نمرەی زمانی کوردی چیتر نابێت بە ئارەزوومەندانە.

**٢- چاکسازیکردن لە پرۆگرامی زمانی کوردی** : پێویستە پڕۆگرامی زمانی کوردی لە خوێندنگەکاندا نوێ بکرێتەوە و سەرنجڕاکێشتر بێت، بە جۆرێک کە گەشە بە هەموو تواناکانی زمان بدات و خۆشەویستی زمانی کوردی لە دڵی قوتابییاندا بچێنێت و پەیڕەو لە ڕێگەی سادە و ئاسانی دوور لە ئاڵۆزی بکرێت. جەخت لەسەر پاراوی زمان و شێوازی پێشکەوتووی گفتوگۆ بکرێت تاوەکو ڕێزمان.

**٣- دانانی یاسا و ڕێسای نوێ**: پێویستە ڕێسای نوێ دابنرێت بۆ چۆنییەتی فێربوون و خوێندنی زمانە بیانییەکان لە خوێندنگە تایبەتەکاندا، بە جۆرێک کە فێربوونی ئینگلیزی یان هەر زمانێکی تر لەسەر حسابی زمانی کوردی نەبێت و بە زیانی ئەو نەشکێتەوە. نموونە، دانانی مەرجێک کە تا پۆلێکی دیاریکراو وەک لە ڕابردوودا هەبوو کە تا پۆلی (پێنجەمی سەرەتایی) یان تەمەنی یانزە ساڵی زمانی دایک زمانی سەرەکی خوێندن بێت و دواتر زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی وەک زمانی دووەم و سێیەم بخوێنرێت.

**٤- ڕێنمایی و چاودێری**: دامەزراوە میدیاییەکان، ڕێکلام و بازاڕ و تابلۆکان، بخرێنە بەردەم بەرپرسیارێتی ڕاست و دروست بەکارهێنانی زمانی کوردی و دروستکردنی ژینگەیەکی گشتی سەرنجڕاکێش کە زمانی کوردی تێیدا باڵادەست بێت و ڕێگە بە تێپەڕبوونی هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانی و واتایی نەدرێت.

**٥- سیاسەتی زمانەوانی**: دانانی سیاسەتێکی نەتەوەیی زمانەوانی کە پارێزگاری لە زمانی کوردی بکات وەک زمانی فەرمی و سەرەکی خوێندن و فەرمانڕەوایی، لە هەمان کاتدا ڕێز لە مافی فێربوونی زمانەکانی دیکەش بگرێت بە بێ ئەوەی هەڕەشە لەسەر زمانی کوردی دروست بکات.

**٦- چاودێری خوێندنگە ناحکومییەکان**: پێویستە وەزارەتی پەروەردە چاودێرییەکی توندی خوێندنگە ناحکومییەکان بکات، بەتایبەت نێودەوڵەتییەکان پابەندیان بکات بە پەیڕەوکردنی ستانداردە پەروەردەییەکانی وڵات و گرنگیدان بە زمانی دایک.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی ناتانەوێ فێری زمانی کوردی ببن؟ هەندێک لە بیانییەکان بەتایبەت عەرەب و ئینگلیزەکان گوتویانە کە هۆکاری فێرنەبوونی زمانی کوردی لەلایەن ئەوانەوە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە زمانەکە بە گرنگ و پڕبایەخ

وەرنەگرن یان فێربوونی گران و سەخت بێت! بەڵکو هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە کوردەکان بە بەردەوامی بەزمانی ئەوان لەگەڵیان دەدوێن نەک بە زمانی کوردی، هەڵبەت بەشێکی ئەوەش بۆ ئەو هەستی شانازیکردنە بە زانینی زمانی بێگانە و لەبەرامبەریشدا بۆ هەستی خۆ بەکەمزانین و بێ بایەخی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە لەلایەن ئاخێوەرانی خودی زمانەکە.

**٧- دروستکردنی لیژنەی هاوبەش:** پێویستە لیژنەی هاوبەش دابمەزرێت لە نێوان وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و پەروەردە و خوێندنی باڵا و ئەکادیمای کوردی بۆ چاودێری و پاراستنی زمانی کوردی لە شێواندن، ڕێگە بە هەر دەزگا و دامەزراوەیەک نەدرێت بە ئارەزووی خۆیان وشە دابتاشن و زیاد و کەمی بکەن.

**٨- یەکخستنی پڕۆگرام،** پێویستە وەزارەتی پەروەردە پڕۆگرامێکی خوێندنی یەکگرتوو و بەهێز و بەشێوەی زنجیرە و تەواوکاریی بۆ پڕۆگرامی زمانی دایک دابڕێژێت بە شێوەیەک لە کۆتا قۆناغی خوێندنی ئامادەیی قوتابییەکی بەئاگا لە ڕێزمان و یاسای کارکردنی زمانەکەی و شارەزا لە ئەدەب و وێژەی کوردی و ئاگادار لە ژیان و بەرهەمی شاعیران و خاوەن سەلیقەیەکی ئەدەبیی بەهێزی زمانی کوردی، دەوڵەمەند بە وشە و فەرهەنگی زمانی دایکی بەرهەم هاتبێت. ئەم پڕۆگرامە بەردەوام نوێ بکرێتەوە و لەگەڵ پێشکەوتنە زانستی و پەروەردەییەکاندا بگونجێت و سەرنجڕاکێش بێت.

**٩- دانانی یاسا بۆ پاراستنی زمان،** جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسای پێویست بۆ پاراستنی زمانی دایک لە ناوەندە پەروەردەییەکان و قەدەغەکردنی گرنگی پێنەدان و پشتگوێخستنی. ئەم یاسایانە دەبێت بە شێوەیەکی ڕوون ماف و ئەرکەکانی خوێندنگە و خێزان دیاری بکەن، هەروەها سزای یاسایی بۆ سەرپێچیکاران دابنێت.

**١٠- پشتیوانیکردنی لە فرەزمانی بە شێوەیەکی دروست و هاوسەنگ،** لە کاتێکدا زمانی دایک بناغەیەکی بنەڕەتییە، دەبێت سیاسەتێک هەبێت کە هاندەر بێت بۆ فێربوونی زمانەکانی دیکەش وەک زمانی دووەم یان سێیەم (بە تایبەت زمانی ئینگلیزی و عەرەبی)، بەڵام بەو مەرجەی کە فێربوونی زمانە بیانییەکان بە زیانی زمانی دایک نەشکێتەوە و شوێنی خۆی لە پڕۆگرامەکەدا هەبێت دوای بەهێزکردنی زمانی دایک.

**١١- ڕاهێنانی پیشەیی و بەردەوامی مامۆستایان،** ڕاهێنانی بەردەوام و سەردەمیانە بۆ مامۆستایان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پەروەردەییان لە وانەوتنەوەی

زمانی دایک و بابەتەکانی دیکە بە زمانی دایک. ئەم ڕاهێنانە دەبێت نوێترین میتۆدەکانی پەروەردە و دەروونناسی لەخۆ بگرێت و مامۆستایان شارەزای بوارەکانی تەکنەلۆژیاش بکات.

**١٢- دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەکان و کتێبخانەی خوێندنگەکان،** دابینکردنی سەرچاوەی خوێندن و کتێبی هەمەچەشن بە زمانی دایک، بە تایبەت کتێبی چیرۆک و شیعری تایبەت بە منداڵان و لاوان، لەگەڵ کتێبی زانستی و فەلسەفی و کتێبی مێژوویی. دامەزراندنی کتێبخانەی مۆبایل و گەیاندنی کتێب بۆ گوند و ناوچە دوورەدەستەکان. هەروەها، دابینکردنی سەرچاوەی دەنگی و بینراو و ئەلیکترۆنی و کارکردن بۆ بەکلتوورکردنی خوێندنەوە لە خوێندنگەکانەوە بێگومان بە هاوکاری کتێبخانەکان.

**١٣- پەرەپێدانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و ئەکادیمیای کوردی،** پەرەپێدانی ئەکادیمیای کوردی و دامەزراندنی ناوەندی تایبەت بە زمانی دایک بۆ لێکۆڵینەوە، ستانداردکردنی زمان (ڕێزمان، وشەسازی، دەستەواژەی نوێ) و نوێکردنەوەی وشەکان. ئەم ناوەندانە دەبێت ببنە سەرچاوەی زانستی بۆ وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و ڕۆشنبیری.

**١٤- بایەخدان بە لێکۆڵینەوەی زانستی،** هاندانی توێژەران و زانکۆکان بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر زمانی دایک، کاریگەرییەکانی لەسەر گەشەی منداڵ و باشترین میتۆدەکانی فێربوونی. بڵاوکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکان بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ ڕای گشتی، بۆ ئەوەی خەڵک لە گرنگی زمانی دایک تێبگەن و ئەم هەنگاوە ئەکادیمیانە ببنە سەرچاوەی هۆشیاریی کۆمەڵگە. خۆزگە مەرجی ئینگلیزی بۆ خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان دەگۆڕدرا بۆ ئاگاداری و شارەزایی زۆر باش لە زمانی دایک.

**١٥- پاراستنی تایبەتمەندییەکان،** لە شێوەزاری کوردیی ناوەڕاست نیشانەی تایبەت نییە بۆ لێکجیاکردنەوەی نێر و مێ، بەڵکو لەبری ئەوە ناوەکان بۆ نێر و مێ دابەشکراون، بەڵام لە ئێستا تێکەڵکردنی ناوەکان و نەمانی تایبەتمەندییەکانی ناوی نێر و ناوی مێ چاوەڕوانی دروستبوونی گرفتی لێدەکرێت. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هۆشیاری و چاودێری. ئەگەر لە ڕابردوودا بگوترایە (وا ئاراس هات) بێگومان گوێگر چاوەڕوانی دەرکەوتنی کوڕێک یان پیاوێکی دەکرد بەڵام ئێستا لەوانەیە ئافرەتێک بێت!

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا بە شێوەیەکی ورد و گشتگیر دووپاتی دەکەینەوە کە زمانی دایک تەنها ئامرازێکی پەیوەندی و گەیاندنی سادە نییە، بەڵکو بناغەی گەشەی هزری، سۆزداری، کۆمەڵایەتی و فەلسەفی تاکە و هەڵگری سەرەکی ناسنامەی کەلتووری، مێژوویی و نەتەوەییە. خوێندنگە وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەیی فەرمی، ڕۆڵێکی چارەنووسساز و ستراتیژی دەبینێت لە پاراستن، پەرەپێدان و چارەنووسی ئەم سامانە نەتەوەییە گرنگەدا.

فەرامۆشکردنی زمانی دایک یان وەک پێویست بایەخ پێنەدانی لە سیستەمی پەروەردەییدا، بە هەر بیانوویەک بێت، کاریگەرییەکی نەرێنی قوڵ و درێژخایەنی دەبێت لەسەر گەشەی هەمەلایەنەی منداڵان، دەبێتە هۆی دابڕانی کەلتووری و ناسنامەیی، لاوازبوونی توانای فیکری و داهێنان و تێکچوونی پەیوەندییە سۆزداری و کۆمەڵایەتییەکان. نموونەی بەشێک لە خوێندنگە ناحکومییە ئینگلیزییەکان لە هەرێمی کوردستان بە ڕوونی ئەم زیانانەمان نیشان دەدات و جەخت لەسەر ئەو مەترسییانە دەکاتەوە کە لەسەر زمانی کوردی و ناسنامەی نەتەوەیی دروست دەبن. لە ئاستێکی فراوانتریشدا، ئەم فەرامۆشکردنە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر مانەوەی زمانەکە خۆی و لە کۆتاییدا لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست دەکات، چونکە زمان پایەیەکی سەرەکی یەکڕیزی و خۆبەڕێوەبردنی نەتەوەیەکە.

بۆیە پێویستە هەوڵێکی گشتگیر و هاوبەش لە لایەن وەزارەتی پەروەردە، پەروەردەکاران، مامۆستایان، دایک و باوکان و هەموو تاکێکی کۆمەڵگەوە بدرێت بۆ بەهێزکردنەوەی زمانی دایک لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و ژیانی ڕۆژانەدا. داڕشتنی سیاسەتی زمانەوانی تۆکمە، پەرەپێدانی پرۆگرام و سەرچاوەی خوێندنی کوالیتی بەرز، ڕاهێنانی مامۆستایان، هاندانی بەکارهێنانی زمان لە تەکنەلۆژیا و میدیادا و دروستکردنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی کە ڕێز لە زمانی دایک بگرێت و شانازی پێوە بکات، هەنگاوی بنەڕەتین بۆ ئەم ئامانجە. پاراستنی زمانی دایک تەنها ئەرکێکی ئاسایی نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتییەکی نەتەوەیی و مرۆییە بۆ داهاتووی نەوەکانمان. دەبێت وێنەیەکی گشتی لەمبارەوە دروست بکرێت.

**سەرچاوە:**

١- مێژووی زمان کنەکردن بەناو کات و شوێندا- نووسینی توورە یانسۆن- وەرگێڕانی نوری کەریم
٢- سیمیناری (زمانی کوردی وەک سامانێکی نەتەوەیی) د. نەجمەدین جەباری – زانکۆی کوردستان، سنە
٣- پۆدکاستی (زار و زمان) مامۆستا ماجد مەردۆخ ڕووحانی- ڕوودار
٤- وانەکانی د. عیرفان مستەفا تایبەت بە زمان و فەلسەفە
٥- کۆڕی دکتۆر فریاد فازل (گرفتەکانی زمان و پەروەردە و خوێندنی باڵا) لە ئەنیستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان
٦- دیبەیتی زمانی ستانداردی کوردی، دامەزراوەی ڤیم – سلێمانی
٧- زیرەکیی دەستکرد.

* **نووسەر و پەروەردەکار**

## ڕانانی کتێب




# (سیاسەتو پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا)ا

**ناساندنی: فازیل شەورۆ – دوبلن**

مخابن زۆرجار لەسەر زاری عەوام و ڕۆشنبیرانیش، ئەوەمان دێتە بەر گوێ کە ساڵانە دەیان بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان وەدەستدێن، کە هیچ کەلێنێک لە بوارەکانی زانستی و ئەدەبی و مەعریفی پڕناکەنەوە و پتر خەریکی سووینەوە و کاوێژکردن و خواستنەوەی کاڵای دەستی دووی نووسەرانی دیکەن و لە خەمی داهێنان و ئەفراندن و گەشکردنی زمان و ئەدەب و زانست و مەعریفە دانین و ئاستەکانیان بەڕوواداچوون. بە گشتی ئەمە ستەمێکی گەورە و ناهەقییەکی جەرگبڕە هەم لە زانکۆکان و هەم لە وەدەستهێنەرانی بڕوانامە باڵاکاندا دەکرێت. لە نێو خەرمانی ئەم بڕوانامانەدا، چەندان بەرهەمی مەزن و بایەخدار و پیرۆز وەبەرهاتوون، کە ناوەڕۆک و دەوڵەمەندی و داهێنانیان لە ئاست، ئەوانەن کە لە زانکۆ جیهانییە ناودارەکاندا پەسند دەکرێن.

کتێبی (سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا)، تێزی دکتۆرای قادر وریا (٦٢ساڵ)ە کە لە زانکۆی کۆیە بە پلەی نایاب لە ساڵی ٢٠٢٤ پەسند کرا و لە ٢٠٢٥ ، ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک لە بۆن – ئەڵمانیا، لە کتێبێکی ٢٥٠ لاپەڕەی جوان دیزاینکراو و تەکنیک سەردەمیانە چاپی کردوە، جگە لە دەیان کانگە و سەرچاوە بە زمانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی و سوودوەرگرن لە ئینتەرنێت، نووسەر بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی ڕوونتر لە سیاسەتی زمان لە ئێران و ئاستی خوێندنی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیوەندی بە ٥١ لایەنی چالاکیی زمانەوانی، شاعیر، نووسەر، هونەرمەند، مامۆستا، و توێژەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردووە و ئەوانەی نوێنەرایەتیی شار و نەتەوە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەکەن فەرامۆش نەکراون.

نووسەر دەنووسێت:» لە سەرەتای سەدەی بیستەم و بەردەوامی تا ئێستا، تاکە سیاسەتی بواری پەروەردە لە ئێراندا بەکارهێنانی زمانی فارسی وەک ئامرازێک بۆ خزمەتکردنی پاوانخوازی ناسیۆنالیستی و دامەزراوە دەسەڵاتدارەکانی بووە. ئەم سیاسەتەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر زمانەکانی دیکەی غەیرە فارسی هەبووە؛ هەندێک لەو زمانانە بە تەواوی لەناوچوون. بەشێک لەو زمانانە لە

لێواری لەناوچووندان، وەک مازینی و گیلەکی، هەندێکی تریش مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، وەک کوردی و بەلوچی. ئەم ترسە لە لەناوچوونی زمان بۆتە هۆی بانگەوازی نوێنەرانی کەمە نەتەوەیەکانی تر کە زمانی دایکیان لە پەروەردەی ئەکادیمیدا بەکاربهێنن و زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاربهێنن. ئەم تێزە هەوڵ دەدات بۆچوونی وەڵامدەرەوەکان کۆبکاتەوە بە مەبەستی وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە سەرەکییە:

– بۆ ئایندەیەکی باشتر بۆ ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە چ سیاسەتێکی زمانی جێبەجێ بکرێت کە هاوتەریب بێت لەگەڵ واقیعی فرەچەشنی نەتەوەیی و زمانەوانی لە نێو دانیشتوانی ئێراندا، هەروەها لەگەڵ خواستەکانی مافی نەتەوەیی دانیشتوانی ئەم بەشەی کوردستان؟

**- چ میکانیزمێک بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە زمانییە دابنرێت؟»**

کتێبەکە ١٢٧ ناونیشان – جگە لە ١٥خشتە و پاشکۆی بەڵگەنامە و پووختە ناوەڕۆکەکەی بە دوو زمان لە خۆدەگرێت، ئەمانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر شەش بەشدا پۆلین کراون:

**بەشی یەکەم**: چەمکە سەرەکییەکان و بنەما تیۆرییەکانی گرتووەتە خۆ: چییەتیی زمان، پێوەندیی زمان بە هەر یەک لە چەمکەکانی ناسنامە، پەروەردە، ماف، ئایدۆلۆژیا و دەسەڵات. زمان وەک سەرچاوە نەک گرفت، تەوەرێکی دیکەی ئەم بەشەیە و تیشک خراوەتە سەر جیاوازیی پێگەکانی زمانی زۆرینە و زمانی کەمینە.

**بەشی دووەم**: بۆ باسکردنی ڕۆڵی زمان و پەروەردە لە دەوڵەتسازی و نەتەوەسازیدا تەرخان کراوە:

بایەخی سیاسەتی زمانی بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەک کورد چۆن دەتوانێت پەروەردە و سیاسەتی زمانی بکات بە دەروویەک بۆ پاراستنی زمان و ناسنامەکەی.

**بەشی سێیەم**: تایبەتە بە سیاسەتی زمانی لە کوردستان و ئێراندا، بە ئاوەڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە لێکۆڵینەوە زمانییەکانی ئێران، ڕوانگەکانی

دەسەڵات و دامودەزگە پێوەندیدارەکانی، بۆچوونی لێکۆڵەران و ڕووناکبیرانی ئێرانی لەبارەی زمان و ناسنامەی نەتەوە نافارسەکانی ئێران و پرسی پەروەردە بە زمانی دایک.

**بەشی چوارەم**: باسکردن لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەو میتۆدۆلۆژیی تێزەکە: چۆنیەتیی کۆکردنەوەی داتاکان، شێوازی دەستنیشان کردنی پرسیارلێکراوان، چۆنیەتیی ئامادەکردنی پرسیارنامە و گەیاندنی بە پرسیارلێکراوان و وەرگرتنەوەی وەڵامەکان. میتۆدی شیکردنەوەی داتاکان (میتۆدی شیکاریی بابەتیانە/ تێماتیک) ڕۆشناییەتیان خراوەتە سەر.

**بەشی پێنجەم**: تایبەتە بە ناساندنی پرسیارەکانی لێکۆڵینەوە لە پرسیارلێکراوان و سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

**بەشی شەشەم**: تایبەتە بە دۆزراوەکان، ئەنجامەکان، پێشنیازو ڕاسپاردەکانی لێکۆڵینەوەکە.

لەم بەشەدا لێکۆڵەر وێڕای باسێکی کورت لەسەر پڕۆسەی لێکۆڵینەوەکەی، بە گەڕانەوە بۆ سەر چەمکە سەرەکییەکانی پێوەندیدار بە ڕوانگە وبۆچوونی پرسیارلێکراوان، دۆزراوەکانو ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی خستوەتەڕوو.

لە برگەی ئامانجەکاندا، چەندان خاڵی بایەخدار خراونەتەڕوو وەک:

– ئەو سیاسەتەی بە ناوی سیاسەتی کولتووری و زمانی و پەروەردەیی لە کۆنەوە تا ئێستا لە ئێراندا هەیە، لەگەڵ باری ڕاستەقینەی وڵات و کۆمەڵگەی ئێران کە پێکهاتەیەکی فرەنەتەوەیی و فرەزمانییان هەیە، ناتەبا و نەگونجاوە.

– بەکارهێنانی سیستەمی پەروەردەی سەرانسەریی وڵات بە ئامانجی دروستکردنی یەک نەتەوە و کردنی زمان فارسی بە زمانی سەرەکی و یەکەمی هەمووان، لە تواندنەوەی نەتەوە نافارسەکاندا لە زمانی فارسی و ناسنامەی ئێرانیدا هاتووە، زیاتر ڕووبەڕووی بەرهەڵستبوونەوە بووە و ئاکامی پێچەوانەی لێکەوتووەتەوە. نەتەوەی کورد لە ئێران، هەر لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ڕەزاشاوە تا ئەمڕۆ، بۆ داکۆکی لە ناسنامەی نەتەوەیی و خەبات دژی

ئاسمیلاسیۆنی نەتەوەیی و کولتووری، بۆ داواکردنی مافە نەتەوەیی و زمانییەکان پێشەنگی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بووە.

– تاکزمانی لە پەروەردەی ئێران و بێبەشکردنی نەتەوە نافارسەکانی ئەو وڵاتە لە پەروەردە بە زمانی خۆیان، چەند ڕەهەندی گرنگی هەیە کە بریتین لە: سەپاندنی پێگەیەکی نایەکسان و نزم بەسەر زمانە نافارسییەکاندا و داخستنی دەرگای گەشەکردن و پێشکەوتن بە ڕوویاندا بەهۆی ڕێگەپێنەدانیان لە پەروەردە و فێرکردنی فەرمیدا / پێکهاتنی کێشە و گرفتی جۆراوجۆر بۆ فێرخوازانی نافارس لە ڕەوتی پەروەردە و فێربوون بە تایبەتی لە ساڵانی یەکەمی خوێندنگەدا. ئەو فێرخوازانەی لە پەروەردە بە زمانی دایک بێبەشن، دەگەڵ فێرخوازانێک کە بە زمانی خۆیان دەخوێنن. بێبەشبوون لە پەروەردە بە زمانی دایک و خوێندن بە زمانێکی داسەپاو، لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر فێرخوازان هەیە. یەکێک لەو کاریگەرییانە لاوازبوونی متمانە بەخۆیانە. لێکەوتەیەکی دیکەی پەروەردەی تاکزمانی بۆ فێرخوازانێک کە لە مافی پەروەردە بە زمانی دایک بێبەشن، قەیرانی ناسنامەیە، هەستکردن بە پێشێلکرانی سەرەتاییترین ماف و بایەخنەدران بە زمان و ناسنامە، دەبێتە هاندەر و ڕێخۆشکەری تاک بۆ ئەوەی هەستی نامۆیی و دووری کردن لەو دەسەڵات و سیستەم و کۆمەڵەی تێداپێک بێت کە ئەم دۆخەیان بەسەردا سەپاندووە.

– سیاسەتی زمانیی ئێستای ئێران لە ئاستی چاوەڕوانی و ویستەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی خەڵکی ئەو وڵاتەدا نین و پێویستیان بە گۆڕانی بنەڕەتی هەیە؛ پێویستە جێگایان بە سیاسەت و پلاندانانێکی گونجاو و وەڵامدەر پڕبکرێتەوە. گۆڕانی بنەڕەتی لەو سیاسەتەدا بە پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی ئێران و ئێرانیبوون، دانان بە فرەنەتەوە و فرەزمانبوونی دانیشتووانی ئەو وڵاتە، وەلانانی ئایدۆلۆژیای «یەک نەتەوە و یەک زمان»، بەفەرمی ناسینی زمانە نافارسییەکان و قبووڵکردنی مافی پەروەردە بەو زمانانە پێکدێت.

لە ڕاسپاردە و پێشنیارەکانیشدا، د. قادر وریا، کە خاوەنی ١٥کتێبی ئەدەبی زمانەوانی و سیاسی و سەدان وتار و لێکۆڵینەوە، زۆر بە لێزانانە ئەوەی بۆ ئەم بوارە پێویستە تۆماری کردوە.

کتێبی (سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا)، جگە لەوەی کە سەرچاوەیەکی زانیاری بەخشە بۆ خوێنەران و بە زمانێکی جوان و ڕەوان و ڕەسەن داڕشتراوە. پێویستیشە بۆ ئەوانەی کە لێکۆڵەر و توێژەرن لە بوارەکانی وەک:

(ناسنامە، مافی زمان، نەتەوە، پاراستنی زمان، پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، داهێنان لە زمانی کوردیدا، دادپەروەری زمانەوانی، هۆشیاریی زمانەوانی، دەرفەتی زمانەوانی، فرە زمانی لە پەروەردەدا، و سیاسەتی زمانی هاوتەریب).




# لە نێوان ئاوات و واقیعدا:

## خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ «سیاسەت و پلاندانانی زمانی کوردی» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئالان عومەرزادە

**بابەت: پێداچوونەوەی کتێب / سیاسەتی زمانی**

**پوختە**

ئەم وتارە هەوڵ دەدات هەڵسەنگاندنێکی ئەکادیمی بۆ کتێبی «سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا» لە نووسینی د. قادر وریا بکات. کتێبەکە هەوڵێکی جددی و مەیدانییە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی «پەروەردە بە زمانی دایک» لە ئێراندا. ئەم خوێندنەوەیە وێڕای بەرزنرخاندنی میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە (کە پشتی بە ڕاپرسیی بژاردەکان بەستووە)، هەوڵ دەدات لە ڕوانگەی «پڕاکتیک» و «کۆمەڵناسیی زمان»ـەوە پرسیار لەسەر ئەگەری جێبەجێکردنی ئەم پلانە، کێشەی «زمانی ستاندارد» و «ئابووریی زمان» بورووژێنێت، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی گوتاری زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**١. پێشەکی**

زمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنها ئامرازێکی پەیوەندی نییە، بەڵکو گۆڕەپانی ململانێی دەسەڵات و ناسنامەیە. لە ئێراندا، سیاسەتی «تاکزمانی» (Monolingualism) کە لە سەردەمی پەهلەوییەوە وەک کۆڵەکەی نەتەوەسازیی ئێرانی جێگیر کراوە، بووەتە هۆی پەراوێزخستنی زمانە نایەکسانەکانی وەک کوردی. کتێبەکەی د. قادر وریا هەوڵ دەدات لە قاڵبی توێژینەوەیەکی مەیدانیدا، نەخشەڕێگایەک بۆ داهاتووی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا پێشکەش بکات. بایەخی ئەم کتێبە لەوەدایە کە لە دروشم تێپەڕی کردووە و چووەتە ناو وردەکارییەکانی «پلاندانان» (Planning). بەڵام پرسیارە جەوهەرییەکان لێرەدا سەرهەڵدەدەن: ئایا ئەم پلانە لە سایەی هەژموونی سیاسیی ئێستادا جێبەجێ دەکرێت؟ وە ئایا کۆدەنگیی نێو «بژاردەکان» ڕەنگدانەوەی واقیعی شەقامە؟

**٢. خاڵە بەهێزەکانی توێژینەوەکە**

پێش ئەوەی بچینە سەر لایەنە ڕەخنەییەکان، دەبێت دان بە چەند خاڵێکی بەهێزی کتێبەکەدا بنێین:

میتۆدۆلۆژیای چۆنایەتی (Qualitative): نووسەر پشتی بە ڕاپرسی و چاوپێکەوتن لەگەڵ ٥١ کەسایەتیی پسپۆڕ و بژاردە (Elites) بەستووە. ئەمەش وایکردووە داتاکان قوڵ بن و تەنها لەسەر بنەمای تیۆریی ڕووت نەبن.

جیاکردنەوەی چەمکەکان: کتێبەکە بە ڕوونی جیاوازی دەکات لە نێوان «خوێندنی زمانی کوردی وەک وانەیەک» (Subject) و «پەروەردە بە زمانی کوردی» (Medium of Instruction). دەرەنجامەکان دەردەخەن کە بژاردەی کورد تەنها بە وانەیەک ڕازی نین و داوای بەکارهێنانی کوردی وەک زمانی زانست و خوێندن دەکەن. دیالێکتی نێوان ناوەند و پەراوێز: نووسەر بە وردی شیکاری بۆ ئەو دیدگا ئەمنییە دەکات کە دەوڵەتی ئێران بەرامبەر فرەزمانی هەیەتی و وەک هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی خاک دەیبینێت.

**٣. خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە و دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە**

بۆ ئەوەی بابەتەکە لە چوارچێوەی «وەسفکردن» دەربچێت و بەرەو «شیکاریی ڕەخنەگرانە» بڕوات، دەکرێت لەم چەند تەوەرەدا گفتوگۆکە فراوانتر بکرێت:

**ئ. : بژاردە بەرامبەر بە جەماوەر** (Elites vs. Masses)

توێژینەوەکە پشتی بە بۆچوونی «بژاردەکان» (نووسەران، مامۆستایان، چالاکوانان) بەستووە. ئەم گرووپە بە سروشتی خۆیان خاوەنی «وشیاریی نەتەوەیی» بەرزن و ئامادەن باج بۆ زمانەکەیان بدەن.

پرسیاری ڕەخنەیی: ئایا ئەگەر ئەم ڕاپرسییە لەگەڵ دایک و باوکانی چینی مامناوەند و هەژار بکرایە، هەمان ئەنجامی دەبوو؟ لە زانستی «کۆمەڵناسیی زمان»دا، زۆرجار خەڵکی ئاسایی «بەرزبوونەوەی کۆمەڵایەتی» (Social Mobility) لە ڕێگەی زمانی باڵادەستەوە (فارسی یان ئینگلیزی) بەلاوە گرنگترە. دەوڵەمەندکردنی ئەم توێژینەوەیە پێویستی بەوەیە لێکۆڵینەوە لەسەر ئامادەیی خەڵکی ئاسایی بکرێت بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بنێرنە خوێندنی کوردی، ئەگەر بزانن لە داهاتوودا لە بازاڕی کاردا کێشەیان بۆ دروست دەبێت.

**ب. کێشەی «زمانی ستاندارد» و دیالێکتیکەکان**

کتێبەکە باس لەوە دەکات کە زۆرینەی بەشداربووان لەگەڵ بوونی «زمانی ستاندارد»دان بۆ پەروەردە، بەڵام بە مەرجی پاراستنی زاراوەکان.

لێکدانەوەی ڕەخنەیی: ئەمە یەکێکە لە ئاڵۆزترین خاڵەکان. لە پڕاکتیکدا، دروستکردنی کتێبی قوتابخانە بە «ستانداردێک» کە هەمووان ڕازی بکات (سۆرانی، کرمانجی، کەڵهوڕی، هەورامی) زۆر سەختە. ئەزموونی باشووری کوردستان (کە زۆرێک لە بەشداربووان وەک نموونە هێناویانەتەوە) دەریدەخات کە هێشتا کێشەی گەورە لە نێوان زاراوەکاندا هەیە (بۆ نموونە لە بادینان). کتێبەکە دەیتوانی زیاتر

لەسەر «میکانیزمی تەکنیکی» ئەم پرۆسەیە بوەستێت: ئایا سەرەتا بە زاراوەی ناوچەیی دەست پێ بکرێت و دواتر بچنە سەر ستاندارد؟ یان ستانداردێکی فرەناوەند (Polycentric) پەیڕەو بکرێت؟

**ج. ئابووریی زمان** (Language Economy)

یەکێک لەو لایەنانەی لە توێژینەوەکەدا کەمتر ڕەنگی داوەتەوە، پەیوەندیی نێوان «زمان» و «بازاڕ»ە.

خاڵی ڕەخنەیی: زمان کاتێک دەمێنێتەوە و گەشە دەکات کە «بەهای ئاڵوگۆڕ»ی هەبێت. تا کاتێک ئابووریی ئێران و بازاڕی کار و بیرۆکراسی بە زمانی فارسی بێت، خوێندن بە کوردی تەنها وەک «مافێکی کولتووری» دەمێنێتەوە نەک پێداویستییەکی ژیانی. بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە، پێویستە باس لەوە بکرێت: چۆن دەکرێت زمانی کوردی بکرێتە زمانی بازاڕ و کارگێڕی لە ناوچەکەدا؟ بەبێ دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی سەربەخۆ، ئایا پەروەردە بە تەنها دەتوانێت زمانەکە بپارێزێت؟

**د. گونجانی سیاسی** (Political Feasibility)

کتێبەکە پێشنیاری گۆڕانکاری لە یاسا و سیاسەتی دەوڵەت دەکات.

خوێندنەوەی واقیعی: بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی «ئەمنی»ی سیستەمی سیاسیی ئێران (کە لە کتێبەکەشدا ئاماژەی پێدراوە)، ئەگەری جێبەجێکردنی ئەم پێشنیازانە لەم دۆخەدا زۆر کەمە. لێرەدا توێژینەوەکە دەیتوانی زیاتر جەخت لەسەر «پەروەردەی هاوتەریب» (Parallel Education) یان «پەروەردەی نافەرمی» بکاتەوە. واتە، لە سایەی ڕەتکردنەوەی دەوڵەتدا، کورد دەبێت چی بکات؟ چۆن تەکنەلۆژیا و ژیریی دەستکرد (AI) و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەکرێت ببنە جێگرەوەی قوتابخانە فەرمییەکان؟

**٤. ئەنجامگیری**

کتێبەکەی د. قادر وریا بەڵگەنامەیەکی زانستیی گرنگە و قۆناغێکە لە تێپەڕین لە «سۆزداریی زمانی» بەرەو «ڕاسیۆنالیزمی پلاندانان». بەڵام بۆ ئەوەی ئەم پڕۆژەیە ببێتە واقیع، پێویستمان بەوەیە لە بازنەی «داواکاری لە حکومەت» بێینە دەرەوە و بیر لە «بەهێزکردنی ناوخۆیی زمانەکە» بکەینەوە.

ڕەخنەگرتن لەم کتێبە بە مانای کەمکردنەوەی نییە، بەڵکو بەو مانایەیە کە پرسی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات پێویستی بە تێپەڕاندنی قۆناغی «سەلماندنی ماف» هەیە بەرەو قۆناغی «دۆزینەوەی میکانیزمی مانەوە لە دەرەوەی ویستی دەسەڵات».